زنجیرەی ئیسلامی سیاسی ( 2 )

# ڕابوونی مەرگ

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە
## بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و جیهاندا

نوسینی: محەمەد هەریری
توێژەر لە فکری ئیسلامی



چاپی یەکەمی ئیلیکترۆنی
2018

زنجیرەی ئیسلامی سیاسی (٢)

# ڕابوونی مەرگ

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و جیهان دا

نووسینی

محەمەد هەریری

توێژەر لە فکری ئیسلامی

چاپی یەکەمی ئیلکترۆنی 2018

لە بڵاوکراوەکانی: دەزگای توێژینەوەی بوێری بیری

**خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی**

**لە وتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و جیهان**

**نووسینی: محەمەد هەریری  توێژەر لە فکری ئیسلامی**

**نەخشەسازی بەرگ و تێکستەکان: هادی هونەر**

**ساڵی چاپی یەکەمی ئیلکترۆنی تەموزی 2018**

**لە بڵاوکراوەکانی: دەزگای توێژینەوەی بیری بوێر**

## پێشەکی نوسەر

## ڕابوونی مەرگ یانی چی؟

ئەو رابوونەی کە ناویان ناوە بە ڕابوونی ئیسلامی، لە ١٩٢٨ وە مێژووی سەرهەڵدانی ئیخوان و دامەزراندنی لەسەر دەستی حەسەن بەنا، لە کاتێکدا هات کە تازە خەریک بوو ئومەتی ئیسلام لە تونێلی ئەزمونێکی مێژوویی شکستخواردووی دوور و درێژ دەردەچوو، هێشتا برینەکانی باش تیمار نەکردبوو، کە زوو بە زوو، کەسانێک پەیدا بوون بۆ زیندووکردنەوەی میراتی دینی بەناوی سەحوە یان ڕابوون، هەرچەندە ئەو زاراوەیە لە بنەڕەتدا نوێیە، ولە هیچ سەردەمێکی حوکمی ئیسلامدا گەڕانەوە بۆ بەها دینییەکان ناوی سەحوەی لێ نەنراوە!

سەحوە لە عەرەبی بۆ هوشیار بوونەوەیە لە سەرخۆشی یان خەوتن، لە هەردوو ماناکەیدا پێیوایە ئەو خەڵکە خەوتوو وسەرخۆشن ئاگایان لە ئیسلام نەماوە و دەبێت هوشیار بکرێنەوە، ئەو سەرخۆشیە بەریان بدا!

بەڵام چونکە سروشتی دینەکە جەنگاوەرانە هەڵکەوتوە، و لە سەردەمی داگیرکردنی کۆلۆنیالی دروست بوو، ئەو ڕابوونە هەمیشە وەک جەنەڕاڵێکی گۆڕەپانی شەڕ بیری دەکردەوە! بۆیە زۆری نەبرد خزایە ناو شەڕ و توندوتیژی. چونکە سەحوە دژی ڕۆژئاوای بەڕەڵلا و مولحید و بێ ڕەوشت وەک کاردانەوەیەک هاتە بوون، بەرامبەر خۆرهەڵاتی بە ڕەوشت ودین و بەها، ڕابوون هەموو میراتی سێکسی مێژوو و دەق و فیقهی بەلادا، ویستی ئسلامێکی ئەخلاقی توند دروست کات، هێندە توندگیر لە بواری سێکسییەوە کە هیچ سەردەمێکی ئیسلامی بەخۆیەوە نەیدیتبێت!

چاکترین بواری ڕەوشتیش لای ئەو ئیسلامە ڕەوشتی سێکسیە کە بە پلە یەک ئافرەت دەگرێتەوە، بۆیە ئافرەتان یەکەم قوربانی دەستی ئەو سەحوەیەن، ئینجا گەنجان بە گشتی.

دەرهاوێشتە نێگەتیڤەکانی ڕابوونی ئیسلامی لە زۆر لاوە خۆی بەیان دەکات، لە خوێن ڕشتن و هەرزانکردنی خوێنی مرۆڤ، دزێوکردن و شێواندنی سەرتاپای موسڵمانان بە هۆی کارە بەدەکانیان، دوژمن زۆرکردن بۆ موسڵمانان، کوشتنی داهێنان و تۆقاندنی ئازادبیران و گەلێ شتیتر! بۆیە ناوم لەو سەحوەیە نا بە ڕابوونی مەرگ، چونکە زیاتر لە حاڵەتی ئەو کەسانە دەچێ کە لەسەرە مەرگن، بۆ ماوەی چەند سەعاتێ زۆر وریا و ساغ دەردەکەون، خەڵکی دەوروبەری وادەزانن چاک بوەتەوە، بەڵام حالەتێکی کاتییە، زانایانی ئیسلامی دەڵێن ئەو ڕابوونە ڕەحمی خوایە بۆ ئەوەیە بەرلەوەی مرۆڤەکە بمرێ، وەسیەت بکات. یانی ڕابوونی مەرگە، و ناکرێ ئەو هەموو میللەتانەی ئیسلام مەحکومی گەڕانەوەی ڕابردوێکی شکستخواردوو بکەین کە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بەزۆر زیندووی کاتەوە.

ئەو وتار و لێکۆڵینەوانە بەشێکن لەو نووسینانەی بەندە لەسەر ئەو دیاردەیە گرنگەی ئیسلامی سیاسی نووسراوە، و بە هەوڵ و کۆششی تاقە کەسی نوسەر کۆکراوەتەوە و ڕیزبەندی بابەتەکان و بەشەکان کراوە لە دوو توێی ئەو کتێبە..

ئەو بەرهەمانە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کرداری لەگەڵ ئەدەبیات و جوڵانەوە ئیسلامیەکان هاتۆتە ئارا. یانی سەرەڕای ئەزموونی کرداری، ئەزموونێکی زۆری تیۆری و خوێندنەوە و بەدواداچوون بۆ وتار وکرداری ئیسلامییە سیاسیەکان لە گروپ و حزب و تاکەکان لە پشت بیروڕاکاندایە.

ئیسلامی سیاسی لەو ٣٠ ساڵەی ڕابردوو بەشێکی گەورەی ڕووبەری چالاکی دینی وسیاسی کوردستانی داگیرکردوە، لەگەڵ شکانی ئیسلامی سیاسی لە هەردوو نوسخەکەی، نوسخەی بانگخوازی ئیخوان لە میسر، و شکانی نوسخەی سەلەفی توندڕەوی داعش کەمێک پاشەکشەیان کردوە، هەرچەندە هێشتا لە کوردستان لە سعودیە گەرمترن، و مەلاکان جەوێکیان دروست کردوە لە ئەنجامی نەبوونی یاسا و ڕێکاری توند وتۆڵ، لە لایەک چەندین نەوەی نەخوێندەوار بە عەرەبی و بە دینیان دروست کردوە کە ئامادەن بەدترین تاوانیش

ئەنجام دەن بە هاندانی مەلا و بانگخوازەکان بە بیانووی لە پێناوی خوادا! لە لایەکی تریش خەڵک و ڕۆشنبیران چاوترسێن دەکەن بە وتنی هەر بیرۆکەیەکی نوێ یان ڕەخنە ئامێز، چەندین سکاڵای لە دژدا دەکەن، تا کەسی تر نەوێرێت دەم بکاتەوە!

ڕیفۆرمەکانی شازادە محمد بن سلمانی شای سعودیەش ئەگەر بەردەوام بێت، کاریگەریەکی بەهێزی دەبێت لەسەر بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە و گەڕانەوەی دین بۆ باوەشی خەڵک دوور لە یاریە چەپەڵەکانی سیاسەت!

ئێمە لەو ماوەیەدا شەڕەفی بەرەنگاربوونەوەی ئەو فیکرە نەخۆشە توندڕەومان هەبووە، لە لوتکەی بەهێزیدا بەرەنگاری بووینەتەوە، نەک وەک کەسانێک کە ناوێرن لەسەر دیاردەیەک بنووسن و بدوێن تا خودی فیکرەکە دەکەوێت و لاواز دەبێت، هۆپ لە پڕێکدا دیاردەکەون خۆیان دەکەنە پاڵەوانی مەیدانی بێ پاڵەپەستۆ!

من لە پاش تەمەنی هەرزەکاریەوە دووچاری ئیسلامی سیاسی بووم لەگەڵ فیکر وئایدیا و ئایدیۆلۆژیای گەورە بووم، بۆی هەبوو تا مردنیش لەو زۆنگاوە دەرنەهاتبام، بەڵام ئەوەی ڕزگاری کردم کرانەوەم بوو بەسەر هەموو ڕەخنە و بەخۆداچوونەوەکان لە هەر لایەک بێت. لەو ڕێگایەوە سوودم لە ڕەخنەی ئیسلامیەکان و سێکیولارەکان و چەپڕەوەکانیش وەردەگرت، ئەگەر بەپێی ڕاسپاردەکانی ئیسلامی سیاسیم کردبا خۆم لە خوێندنەوەی ڕەخنەکان ببواردبا، دوور نەبوو ئیستا تا چەناگەم نوقمی ئەو ئیسلامە سیاسیە ماڵوێرانکەر و تێکدەرە بووبایەوە، زۆر دڵخۆش بووم کە پاش ساڵانێکی زۆر لە خوێندنەوە و هاوژیانی لەگەڵیدا بۆم دەرکەوت ئەو ئیسلامە سیاسیە چ وەهم و درۆیەکی گەورەیە بەرۆکی میللەتانی موسڵمانی گرتووە وەک شێرپەنجە بە جەستەی بڵاوبۆتەوە بە خشپەیی لە پەل وپۆی کەوتاندوە.

لەو ڕۆژەوە گەیشتووم بەو قەناعەتە، بڕیارم داوە تا بۆم بکرێت، هاوڕێ و دۆست و برادەران و کەس وکار و لاوانی میللەتەکەم ئاگادار کەمەوە لەو مەترسیە کوشندەیە. هەموو نووسین و

بیرکردنەوە و هزرم بخەمە خزمەتیان بەبێ بەرامبەر، چونکە نە بانگەشە بۆ خۆم دەکەم ونە بۆ حزبێک کە من حزبی نیم، نە بۆ شوێن کەوتنی شەخسی.

ئەو وتارانە لە ڕێگای ڕۆژنامە وسایتەکان پەیامی خۆیان گەیاندوە، لە کات و ڕۆژی جیا جیا نووسراون، و لە قۆناغی فیکری جیاواز نووسراون، بۆیە لەوانەیە جاروبار دوو ڕای تاڕادەیەک جیاواز لەسەر بابەتێک ببینرێت، بەڵام مێژووی وتارەکان ئاماژە بۆ قۆناغە فیکریەکان دەکەن، چونکە مرۆڤ نابێت کائینێکی نەگۆڕ بێت! من وەک وتارنووس زۆر ناسراوترم نەک خاوەن کتێب، بەڵام تا بتوانین ئەو وتارانە لە لەناوچوون و پەرش و بڵاوبوون ڕزگاریان کەین، بڕیارمان دا لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان کەینەوە، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم کردبێت بەو بوارە، تەنها ئامانجم خۆشبەختی وپێشکەوتنی میللەتەکەمە وهیچی تر...

محەمەد هەریری

٢٠١٨/٦/٢٦

# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم : ئیسلامی سیاسی  لە تیۆردا


- **ئیسلامی سیاسی چییە؟ ........................................................ 9**
- **جیاوازیی ئیسلامی سیاسیو ئیسلاحی........................................................ 13**
- **هەڵوێستی ڕابەرانی ئیسلامی سیاسی لەو ئیسلامە ناسیاسیە! ........................ 15**
- **چۆن رزگارمان دەبێت لە توندڕەویی ئیسلامی سیاسیو سێکیولاری؟ .........................17**
- **نموونەی حزبی دادو گەشەپێدان ..........................................................17**
- **هەولێک بۆ دۆزینەوەی رێگای سێیەم ........................................................ 21**
- **کەوابوو  دەرکەوت ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە ! ........................................ 22**
- بۆیە ئەردۆگان دوواهەمین سەرۆکی ئیسلامی دەبێت لە تورکیا! ............................ 25
- **مێژووی جیاوازی موسڵمان و ئیسلامی! ........................................................ 27**
- یاسای کاری ڕۆژنامەگەری وفۆبیای ڕەخنە ........................................................ 29
- هاوکێشەی موسڵمانان و تاوانباران [ مسلمین و مجرمین ] ................................ 31
- هاوکێشەی لاسەنگی میانڕەوان بەرامبەر توندڕەوان ........................................ 32
- قیامەت دۆستی ودەرەنجامی نەبوونی ڕیفۆرمی هەقیقی ........................................ 33

# ئیسلامی سیاسی چییە؟

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیو گەیشتنی چەندین دەسەڵاتداری ئیسلامی بۆ سەر حوکم وەک لە میسرو تونس، نزیکبوونەوەشیان لە دەسەڵاتوەرگرتن لە شوێنێکی وەک لیبیاو سوریا، ئەو دیاردەیەی، کە ناویدەنێن ئیسلامی سیاسی کەوتەوە پیشەنگی بایەخەکانی نێوەندە سیاسیو توێژەرەکانی جیهانی، نەک وەک حاڵەتێکی دینیو سیاسی رووت وەک چۆن باوبوو، بەڵکو وەک دیاردەیەکی سۆسیۆلۆجیی ئاڵۆزو تێکەڵەیەک لە دینیو رۆشنبیریو سیاسیو سۆسیۆلۆجی، چونکە ئەوەی روویدا دوورو چاوەڕوانکراو نەبووە لە لایەن ئەو نێوەندانەی، کە حزبی ئیسلامی سیاسی وا لەو چوارچێوەیە دەربچن، کە دیمەنی سیاسی داگیربکەن بەو خێراییە.

کێشەیەکی زۆر هەیە لە پێناسەکردنی ئیسلامی سیاسیدا. لەبەر جیاوازیی تێڕوانینو باگراوندی ئەوانەی ئەو پێناسەیە دەکەن. لێرەدا جۆری جیاوازییەکان زۆرن لە نێوان تیگەیشتنی خۆرئاوایی بۆ خۆرهەڵاتیو لە نێوان خودی خۆرهەڵاتییەکان بە پێی ئینتیماو جیاوازی ئایدیۆلۆجیی کەسەکان لە نێوان ئیسلامیو سیکیولارو ئیماندارو ئیتییستو خەڵکە پسپۆڕەکانو خەڵکە گشتییەکان.

هەتا لە نێو ئیسلامییەکانیشدا چەمکەکان جیاوازییان هەیە، بە پێی جیاوازیی جۆری ئەو ئیسلامەی پەیڕەو دەکرێت، یان سروشتی تێڕوانینی ئیسلامیی ئەو بەرانبەر بە ئیسلام، یان جیاوازی، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازییانەش دەربارەی پیناسەی ئیسلامیی سیاسی، واتای ئەوە نییە چەندین هاوبەشی سەرەکی نەبێت لە نێوانیاندا، کە دەکرێت یاریدەدەر بن بۆ دیاریکردنی ماهییەتی دیاردەی ئیسلامی سیاسی.

لیرەدا ئیمە بە باشی نازانین سەر لە خوێنەر بشێوێنینو بچینە نێو وردەکاریی جیاوازیی پیناسەکان لە نێو چوارچێوەی ئیسلامی، یان لە نێو چوارچێوەی خۆرئاواییو جیاوازیی نیوان ئەمو ئەویش، هەرچەندە چەند نموونەیەک لە سەرەکیترین لایەنەکان نیشاندەدەین، بەڵام هەوڵدەدەین زیاتر جەخت لە سەر ئەو خاڵە هاوبەشانە بکەینەوە، کە دەتوانن دیاردەی ئیسلامی سیاسیمان بۆ روونبکەنەوە.

لەوەی خوێندومەتەوە لە پێناسەی سێکیولارەکانی عەرەب ئەو پێناسەیەم زۆر بە گونجاو دیت لە نێو پێناسەکانیتر:

زاراوەی ئیسلامی سیاسی بریتییە لە زاراوەیەکی سیاسیو میدیاییو ئەکادیمی، بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی بزاڤە ئیسلامییە گۆڕانخوازەکان، کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە وەک سیستمی سیاسیی دەسەڵات. دەکرێت پێناسەشی بکرێت وەک کۆمەڵێک بیرو ئامانجی سیاسی هەڵقوڵاو لە شەریعەتی ئیسلامی، کە لەلایەن

کۆمەڵێک موسوڵمانی ئسوڵیو فەندەمێنتالیست بەکاردەهێنرێت، کە لەو باوەڕەدان ئیسلام بریتی نییە لە تەنها ئایینێک، بەڵکو بریتییە لە سیستمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو یاساییو ئابووری، کە دەشێت بۆ بونیادنانی دەوڵەتو دەزگاکانی.

راشد غەنوشی، کە بیرمەندێکی ناسراوی بزووتنەوەی نەهزەی تونسییەو کەسێکە زۆربەی ژیانی لە نێو بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بەسەربردووە، ئێستا وەک رابەرێکی دەسەلاتی تونسییە. هەرچەندە بەراورد ناکرێت بە رابەرێتی خومەینی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، چونکە نەهزە بە پێچەوانەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، نەیارانی لە نێو نەبردو چووە هەڵبژاردنەوەو تا ئەم ساتەش ئەگەر هۆکاری ناوەوەی جولاو بە هۆکاری دەرەکی واز لە موشاکەسەی سیاسی بهێنێت، ئەوا لەوانەیە تونس بەرەو کۆمەڵگایەکی هێمنو دیمۆکراتی هەنگاو بنێت. غەنوشی لە پیناسەی ئیسلامی سیاسیدا وتوویەتی:

مەبەستمان لە بزووتنەوەی ئیسلامی کۆی ئەو چالاکییانەیە، کە ئیسلام پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانیان. بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیو هێنانەدی نوێکردنەوەی بەردەوام لە پێناو رێکخستنو ئاراستەکردنی واقیع بۆ هەتایی. لەبەر ئەوەی ئیسلام بۆ هەموو کاتو شوێنێک هاتووە. بۆیە پەیامەکەی لە نوێبوونەوەی حەتمی دایە بە پێی گۆڕانی باری کاتو شوێن، بە پێشکەوتنی زانستو زانیاریو هونەر وا پێویست دەکات ئامانجەکانی بزاڤی ئیسلامیو ستراتیجییەتو ئامرازی کاری بگۆڕێت بە پێی گۆڕانی کاتو شوێن.

د. عەبدوللا ئەبو عزە لە پێناسەی بزاڤی ئیسلامیدا وتوویەتی: کۆمەڵێک رێکخراوی ئیسلامینو ئینتیمای ئیسلامیان هەیە، کە لە مەیدانی کاری ئیسلامیدا کاردەکەن لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ ژیانی مرۆڤایەتیو لە کۆششدان بۆ رێکخستنەوەو گونجانی لەگەڵ ئاراستەکانی ئیسلامداو بە هیوای ئەنجامدانی رابوونێکی سەرتاسەرین بۆ هەموو گەلانی موسوڵمانو هەوڵدەدەن کاربکەنە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ لە پیناو چاکسازیداو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی بە پێی پرنسیپە ئیسلامییەکان.

زۆربەی زاراوەسازیو ناولێنانەکان لە خۆرئاواوە دێت. لە پاش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ زیاتر زاراوەی ئسولییەکانو فەندەمێنتالیزمو ئیسلامییە سەختگیرەکان بەکاردەهاتن بۆ وەسفکردنی بزاڤە ئیسلامییەکان. لە پاش ١١ی سێپتەمبەر ناویان لینا ئیسلامی سیاسی. هەرچەندە ئەو دیاردەیە جێگای قبوڵکردن نییە لە لای ئیسلامییەکان. شێخ یوسف قەرەزاوی وتوویەتی: ئەوە جیاکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامە بۆ سیاسیو عیبادەتی، راستە وشەی سیاسەتو رەگەکانی لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە قورئان

سیاسەتی تێدا نییە، بۆ نموونە وشەی عەقیدە لە قورئاندا نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا قورئان هەمووی عەقیدەیەو قورئان لە ڕێگای وشەگەلێکی‌تری وەک (ملک)و (استخلاف)و ستایشکردنی حوکمی عادیل:

(فقد آتينا آل إبراهيم الكتاب والحكمة وآتيناهم ملكا عظيما) النساء: 54.

لە وەسفی حوکمی ستەمکاری فیرعەونییشدا وتوویەتی: ومثل ملك فرعون الذي (علا فى الارض وجعل أهلها شيعا يستضعف طائفه منهم يذبح أبناوهم ويستحيي نساوهم أنه كان من المفسدين) القصص: 4.

بە ڕای شێخ قەرەزاوی ئەوە هەموو باسی سیاسەتە بێ بەکارهێانی وشەی سیاسەت.

لەو سەریشەوە هەندێک لە لێکۆلەرە خۆرئاواییەکان هەمان بیروڕای ئیسلامییەکان دەسەلمێنن، ئەگەرچیش بۆ ئامانجێکی جیاوازو نێگەتیڤ لە ئامانجی ئیسلامییەکانە. ئیسلامییەکان دەیانەوێت بیسەلمێنن هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئیسلامی دین‌و عیبادەت‌و سیاسەت. کەچی بەشێک لە لێکۆڵەرانی خۆرئاوا هەمان شت دەسەلمێنن بە ئامانجی تاوانبارکردنی هەموو موسوڵمانان‌و ئیسلام بە هەر کارێکی خراپ‌و نێگەتیڤ، کە بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێت لە لایەن بزاڤە ئیسلامییە سیاسیەکانەوە.

لێکۆڵەری بەناوبانگ روبیرت سپێنسەری ناسراو بە دژایەتیکەری ئیسلام وتوویەتی: هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسیدا، هیچ کارێکی لۆجیکانەش نییە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەیت، چونکە ئیسلام تێڕوانینێکە لە هەناوی پرنسیپەکانیدا ئامانجی سیاسی هەڵگرتووە. ئیسلام تەنها ئایینی موسڵمانان نییە، بەڵکو بریتییە لە ڕێگاو شێوازێکی ژیان، کە فەرمایشت‌و تەعلیماتی تێدایە لە سادەترین کارەوە وەک خواردن‌و خواردنەوە تا کاروبارە ئاڵۆزە روحییەکان، بەڵام لێرەدا کیشەیەکی‌تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە چۆن جیاوازی بکەین لە نێوان بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکانی وەک ئیخوان‌و دەستە خوشکەکانی، لەگەڵ بزاڤە بانگخوازەکانی‌تر وەک کۆمەڵی تەبلیغ‌و سۆڤیەتەکان‌و خەڵکی موسوڵمانی گشتی؟

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بزاڤی سیاسی ئیسلامی بریتیین:

١ـ سروشتی گۆڕانی ڕەگو ریشەیی لە جیهانبینیدا:

مەبەست لە ئامانجی گۆڕانی ڕەگو ریشەییە بۆ تێڕوانینی گشتیی خەڵک بۆ ژیان، کە تێکەڵەیەکە لە چەمکە دینی و گەلێری و خۆرئاوایی و داب و نەریتی بۆ تێڕوانینێکی ئیسلامی ڕەها، کە جێگای هیچ چەمکیکی‌تری کۆمەلایەتی‌و ئایینی‌و ئابووری تێدا نابێتەوە، بە مەبەستی گۆڕان لە ڕەگو ریشەوە.

٢ـ دروستکردنی کۆمەڵێکی ڕێکخراو.

٣ـ جەختکردنەوە لە سەر کاری سیاسی.

تیگەیشتنی گشتگیر بۆ ئیسلام وەک حەسەن بەننا وتوویەتی: ئیسلام بریتییە لە عەقیدەو عیبادەت‌و نیشتمان‌و ڕەگەزنامەو دین‌و دەوڵەت‌و ڕوحانییەت‌و کارو قورئان‌و شمشێر (مجموعة رسائل الإمام حسن البنا).

هەرچەندە زۆربەی زۆری بزاڤە ئیسلامییە مەدەنی‌و سیاسییەکان دژی بەکارهێنانی توندی‌و تیژیین بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، بەڵام ئەو تێڕوانینە ڕەگو ریشەییانە خەڵکانی‌تری خاوەن مەرجەعیات‌و ئایدیۆلۆجی‌تر دەتۆقێنێت، کە دەبینن ئەنجامی کۆتایی ئیسلامی سیاسی واتای باڵکێشانی یەک ڕەنگی‌و یەک ئایدیایی‌و هەوڵی گۆڕینی هەموو کەسەکانی‌ترە بەرەو پابەندبوون بە ئیسلام. واتا تۆقان لە جێگا نەبوونەوەی خاوەنی ئایدیۆلۆجییەکانی‌تر لە سێکیولارو ئیتێیست‌و ڕاڕاو بێ ئایینی لە نێو ئەو کۆمەڵگایەی، کە شەوو ڕۆژ بارگاوی دەکرێت بە ئاڕاستەی ئایینی عاتیفی. بۆیە زۆر کەس لە نێو بازنەی ئیسلامیشدا وەک چاکسازەکان ناسراون دژی ئەو تێزە گشتگیرانەی ئیسلامی سیاسی وەستانەوەو پێیانوایە ئەو جۆرە تێزانە زیانی زۆر زیاترە لە قازانج.

# جیاوازیی ئیسلامی سیاسیو ئیسڵاحی

لە ئەنجامی ئەو هەموو ئەزموونە تاڵو سەرنەکەوتووانەی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا، ئاڕاستەیەک لە نێو زانایان دروستبووەو نەیارن بە ئیسلامی سیاسیو بە مایەی زیانو زەرەری موسوڵمانانی دەزانن. ئەگەرچی زۆربەی کارەکتەرەکانی ئەو ئاڕاستەیە بیروڕایەکی روونو ئاشکراشیان نییە بۆ ئەلتەرناتیڤی ئیسلامی سیاسی، بۆ نموونە محەمەد عەبدولحەلیم ئەبو شقە وتوویەتی:

"پێویستە رۆڵی بزاڤی ئیسلامی کورتبکرێتەوە لە سروشتێکی رۆحیو فیکریو ئاڕاستەکاریی پەروەردەیی، کە هەموو کەرتەکان وەک یەک ئاڕاستەبکات. ئەو دەبێت زۆر لەوە گەورەتر بێت لە مونافەسەکردنی حزبەکانیتر لە سەر پایەو دەستکەوتو ئەو کارە سەرقاڵی بکات لە ئەرکی سەرەکی، کە بانگەوازکردنە بۆ خواو ئاڕاستەکردنی فەرمانڕەواو گەلە، بێ ئەوەی خۆی بۆ حزبێکی تایبەت مەیلدار بکاتو لایەنگیری لێبکات، یان سەرقاڵ بێت بە دنیا لە ئاخیرەت، یان بە بەشێک لە هەموو."

شێخ محەمەد سەعید رەمەزان ئەلبوتی (رەحمەتی خوای لێ بێت) وتوویەتی:

"حزبیبوونی ئیسلامی موناف‌ەسەکردنی فەرمانڕەوایانە لە سەر دەسەڵات و پێشبڕکێیە بۆ بردنەوەی سۆزی خەڵک و بەربەستیشە لە بەردەم پەیوەندیی سروشتی و ئاسان لە نێوان بانگخوازی ئیسلامیو فەرمانڕەوادا."

ئەگەر ئەو قسانەی بوتی راستیش بن، بەڵام ماقوڵیش نییە زانایان و بانگخوازانی ئیسلام تا رۆژی مردنیان رەخنەیەکیان لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نامرۆیی نەبێت، کە راستو چەپ خەڵک بگرنو بکوژنو راوبنێن، ئەو پەیوەندیە بەلایەنی کەم دەبێت زانای ئایینی بەرگری لە بەرژەوەندی ئیماندارەکانی مزگەوتەکەی بکات.

ساڵح کرکر وتوویەتی: حزبایەتی ئیسلامی جیاوازیی خستەوە نێو ئۆمەت وەک چۆن جیاوازی خستە نێو کۆمەڵ، دەبوایە ببوایە مایەی یەکگرتوویی ئومەت و کۆمەڵ.

مستەفا مەحمودیش باس لە خەباتێکی سیاسی جەماوەری دەکات بۆ بونیادنانی رایەکی گشتی بەهێز لە جیاتی دروستکردنی حزبێکی ئیسلامی سیاسی، کە لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵاتدا شەڕی خوێناوی بکات. مستەفا مەحمود لە کتێبی (الاسلام السیاسي والمعركة القادمة)دا وتوویەتی: "ئیسلامی سیاسی بریتییە لە دروستکردنی رای گشتی ئیسلامیی بەهێزو کاریگەر نەک دروستکردنی کودەتا. ئامانجیشی دەبێت ئەوە بێت، کە ئەو رایە گشتییە ئیسلامییە هێندە بەهێز بێت بە رادەیەک مولزەم بێت بۆ فەرمانڕەواو ئاڕاستەکەری بێت لە دەرکردنی هەموو بڕیارەکانی.

جووەکانیش هەروا دەکەن لە ئەمەریکا، هەرگیز هەوڵی لادانی فەرمانڕەوایەک ناکەن، بەڵکو تەنها کۆمەڵو گرووپی فشار، لۆبی دروست دەکەن لە کۆنگریسو لە رۆژنامەگەریو رادیۆو تەلەفزیۆن. بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێت لە سەر رای گشتیو لە دواییشدا لە سەر فەرمانڕەوا هەر کەسێک بێت، هیچ فەرمانڕەوایەکیش نییە هەزار حیساب بۆ رای گشتی نەکات.

غەڵەتی بزاڤە ئیسلامییەکان لە رابردوودا ئەوە بوو دەیانویست لە فەرمانڕەوا بدەنو رژێمەکەی سەرو ژێر بکەن. لەبەر ئەوە چوونە زیندان لە جیاتی پەرلەمان. بەو کارەش دوو جار هەڵەیان کرد. هەڵەیان کرد بەرانبەر فەرمانڕەواو هەڵەیان کرد بەرانبەر ئیسلامیش، چونکە چەکی دەستی ئیسلام قەناعەت پێهێنانە، نەک تۆقاندن. ئەوەشی دەکەوێتە خانەی تۆقاندن ئیسلام نییە شتیکیترە، ئەو شتەش نێوی تاوانە."

## هەڵوێستی ڕابەرانی ئیسلامی سیاسی لەو ئیسلامە ناسیاسیە!

ئەو هەڵوێستانەش لە رای زۆر لە رابەرانی بزاڤی ئیسلامی سیاسی جۆرە هەڵوێستێکن، کە ناگونجین لەگەڵ گشتگیری و شمولییەتی ئیسلام، کە هاتووە بۆ چاکسازی و ئاڕاستەکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی عەقیدیو سیاسیو پەروەردەیی.

راشد غەنوشی لە کتێبی (الحركة الإسلامية ومسألة التغيير) پێیوایە ئەو هەڵوێستانە خۆی لە ئاستی ئەو گۆڕانە ترسناکانە کوێر دەکات، کە ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی و کرێگرتە زەبر بەدەستەکانیان ئەنجامیانداوە لە واقیعی ئوممەت و کۆمەڵ لە رێگای دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا. وتوویەتی: "ئەو دیکتاتۆرییەتە سێکیولارەی ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی لە جەستەی ئوممەتدا چاندوویەتی، (رووەکێکی گوژالکی [شجرة الزقوم] زەقومی هاوردەیە) ستەمکارو داخراوە بە جۆرێک هیچ رێگایەک ناهێڵێتەوە بۆ کارکردن لە نێوەوەیدا."

هەروا غەنوشی پێیوایە لە سایەی ئەو رژێمە سێکیولارە گەندەڵانەدا، کە دەستنێژی داگیرکەری بیانیین و درێژکراوەی هەیمەنەت و بەرژەوەندیی ئەوانن و داردەستێکی ئەون بۆ ئەنجامدانی دابڕانێکی رەگ و ریشەیی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵداو بەخۆرئاواییکردنی کۆمەڵو پەراویزخستنێتی. بۆیە ئەرکی ئازادکردنی ویستی کۆمەڵ لە ئیستبداد ئەرکی یەکەمی یەکەمەکانە لە پرۆژەی چاکسازی ئیسلامیدا. ئەو جۆرە لێدوانە رادیکاڵیانەیە کەسانێکی سێکیولار باوەڕی بە میانڕەوی کەسانێکی وەک غەنووشیش نییە و دەڵێن وەک ئەردۆگان تەنها چاوەڕێی هەلێک دەکات تا بیروباوەڕە ڕادیکاڵەکانی جێبەجێ بکات!

لەگەڵ ئەوەشدا غەنوشی پێیوانییە، کە هۆکاری نوشستی بزاڤی ئیسلامی بە تەنها لەبەر هۆکاری دەرەکی بێت لە رێگای ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی و دەستنێژەکانییەوە، بەڵکو بۆ هۆکاری نێوەکی بزاڤە ئیسلامییەکانیش دەگەڕێتەوە، کە شێوازی بیرکردنەوەی باو تێیدا هێشتا تەژییە بە ئایدیالییەتی چاخەکانی تێکشکاوی (عصور الانحطاط) ئەوەش بەربەستە لەبەر دەمیدا لە ئیستیعابکردنی واقیع و وزە بزوێنەرەکانی و بەرهەمهێنانی فیکرێکی ئیسلامی، کە هۆشیارییەکی دروست پێشکەشبکات بە موسوڵمان بۆ تێگەیشتن لەو واقیعەو خستنەگەڕی لە بەرژەوەندیی پرۆژەی ژیاریی ئیسلامیدا.

زۆر لە بیرمەندانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان پێیان وانییە کێشەکە لە نێوان ئەوانو عەلمانییەتدا بێت، بەڵکو لە نێوان خۆیانو سێکیولارییەتی فاشیستییە، کە لە سەر شێوازی سێکیولارییەتی فەرەنسی فاشی بونیادنراون، کە تا ئەوپەڕی ریشەکێش و رادیکاڵییە و لە سەر بناغەی دابڕانی سەرتاسەری نیوان رابردوو ـ ئێستادا

بونیادنراوەو لە پێناو لەنێوبردنی بەهاو دین و دەرەبەگایەتی سێدارەی بەرزکردەوە بۆ نەیارانی و بە دڕەندەترین شێوە راوینانو لەنێوبردن.

"ئەو دەوڵەتە سێکیولارە فاشیستانە هێندە زەبەلاح بووەو دەستی بە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتووەو هیچ بوارێکی نەهێشتۆتەوە بۆ خەڵکی‌تر. بۆیە لەو جەوەدا زۆر قورسە هیچ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروستی ئیسلامیو غەیرە ئیسلامی سەرهەڵبدات." وەک غەنووشی دەڵێت.

## چۆن رزگارمان دەبێت لە توندڕەویی ئیسلامی سیاسیو سێکیولاری؟

## نموونەی حزبی دادو گەشەپێدان

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام هەمان جیهانە یەکڕەنگ و ئاساییەکەی پیش هاتنی ئیمپریالیزم و پاش ئەو گەشەکردنە زانستی و تێکنۆلۆژی ومەعریفییە نییە. بمانەوێت، یان نا ئەمڕۆ چەندین بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆجیا و ئایین و ئاڕاستەی جۆراوجۆر لەو جیهانە پان و بەرینەی ئیسلامدا دەژین. دەبێت بزانین چۆن سەرکەوتوو دەبین لە هونەری لەگەڵ یەکتر ژیاندا، نەک هەر خەریکی فریودانی یەکترو کودەتا لە یەکتر کردن و چەوساندنەوەو دەمکوتکردنی یەکتر بین.

ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامدا چەندین بزاڤی ئیسلامی لە ئارادان لەوپەڕی توندڕەویی جیهادییەوە بۆ ئەوپەڕی میانڕەوەوە، ئەگەر میانڕەوی مانای ون نەکردبێت! هەموو لایەک دەزانن بزاڤە توندڕەوەکان چ گورزێکیان لە ئیسلام و موسوڵمانانو ئاسایشی تاک و کۆمەڵ داوە.

لە بەرانبەریشدا رژێمە سێکیولارەکان، تەنها بە عەقڵییەتی ئەمنی دەیانەوێت چارەسەری قەیرانەکە بکەن، بێ ئەوەی ماندوو بن لە بەکارهێنان و بەکارهێنانەوەی ئەو چارەسەرە ئەمنییەو بێ ئەوەی سەریشبکەون تیایدا! لەو نێوە ئەوەی زەرەرمەندە کۆی گەلانی موسوڵمانە، کە لەبەر ئەو کێشە نەزۆکەی دوژمنایەتی نیوان دەسەڵاتی بەنێو سێکیولارو گرووپو حزبە ئیسلامییەکان، گەورەترین باج دەدەن لە ژیانو وزەو تواناو دەرفەتی پێشکەوتنیانو لە دواکەوتنی ژیاریدا.

لەو بارەیەوە بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکان سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدەن بیسەلمێنن کە ئەوان نزیکترن لە چەمکە دیمۆکراسییەکان و هەردەم نمونە بە ئەزموونی وەک ئەزموونی میسرو تونسی بەهاری عەرەبی و بەرلەوەش بە ئەزموونی دادو گەشەپێدان لە تورکیادا دەهێننەوە، و دەڵێن کە سەرانیان کە باگراوندێکی ئیسلامیان هەیە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنیان بەدەستهینا لە پاراستنی یەکڕیزیو ئاسایشی نەتەوەییو ریزگرتن لە رەنگە جیاوازەکان!

کەچی لە ژێر دەسەڵاتی سوپادا، تورکیا ببووە کێڵگەی کودەتاو سڕینەوەی نەیارو هەڵوەشاندنەوەی حزبەکانو زیندانیکردنی کەسایەتییەکانو قەدەغەکردنی رواڵەتە دینییەکانی وەک حیجاب و ریش و گەلێک شتیتریش، هەروەها لە پاش کودەتاکەی میسریش بە سەر دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی سەرۆک مورسی و بە سەر ئیخواندا، ئەو دەسەڵاتە بەنێو سێکیولارەی سیسی رووی فاشسترین ڕژێمی سپی کردەوە لەوەی بە میللەتەکەی دەکات.

لەو نێوە حزبی دادو گەشەپێدان، لە نێو ئەزموونی ئەو هەموو کودەتا سەربازییەو ئەو هەموو چەوساندنەوەو قەدەغەکردنی ئازادی دەربڕینو پۆشیندا، لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەریهەڵدا پاش جیابوونەوە لە حزبی فەزیلە، بە ڕابەرێتی ئەردۆگانو گویلو ئەحمەد داود ئۆغلۆ بە ئایدیۆلۆجییەتێکی دیمۆکراسی موحافیزکارانە، کە بە پێی خۆناساندنیان لە سەر بیرۆکەی یەکتر قبوڵکردنو تەبایی دامەزراوە، نەک لە سەر بنچینەی کیشمەکێشو بەگژیەکترداچووندا، و دەشیانگووت سیاسەت دەکەن بێ ئەوەی دینیش بەکاربهێنن لە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. بەڵام ئەو ئەزموونانەی ئیسلامییەکان وەک نمونە دەیانهێننەوە هەموویان پشتیان پێ نابەسترێ یان لەبەر کورتی تەمەنی دەسەڵاتیان و هەروەها لەبەر هەڵگەڕانەوە لە دیموکراسیەت.

لە سەرەتادا ئاکەپە توانی جۆرێک لە تەوافوقیو تەبایی پیشکەشی کۆمەڵ بکات لە سەر بنچینەی چارەسەری مام ناوەندی مێژوویی، لە نیوان توندڕەوی سێکیولاریستو توندڕەوی ئایینیدا. توانی خۆی وا دەرخات کە ڕێز لە بیروباوەری ئیسلامییەکان دەگرێت و مافیان لە ئازادی دەربڕین و پۆشیندا دەگرێت. و لە هەمان کاتیشدا ریز بگرێت لە بنچینەکانی دیمۆکراسییەت و پلورالیزم. ئەو ریزگرتنە لە پلورالیزمییە لە سەرەتای دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان دەگەیشتە مافی کوردیش، بە جۆرێک لە سەردەمی هیچ حکومەتێکی تورکیدا کێشەی کورد هێندە بایەخی میدیایی وسیاسی بە خۆییەوە نەدیتبوو.

بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەردۆگان بە نۆرە خەریکی سەرکوتکردنی هێزەکانی تورکیا بوو، هێشتا نۆرەی کورد نەهاتبوو، بۆیە ئێمە فریومان پێی خواردبوو! ئاک پارتی لەو سیاسەتە بەراییەیدا سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە ببوە هۆی قەڵسبوونی هەندێک نوخبەی سێکیولارو بەڵکو دینیش لە ناوەوە، وەک کۆمەڵی (خزمەتی) گوڵەنەکان، دیارە گوڵەنیەکان زووتر هەستیان بەو نەزعەیە دیکتاتۆریەی ئەردۆگان کردبوو، بۆیە وردە وردە لێی دووردەکەوتنەوە.

ئەردۆگانیش گوڵەن و جەماعەتەکەی تاوانبار کرد بە دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوتەریب لە نێو دەوڵەتدا، کە تەحەدای دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژێردراوی ئەوان دەکەن، و ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک لە دژیدا. حزبی دادو گەشەپێدان هەر لە یەکەم ڕۆژییەوە جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە هەرگیز نابێتە بەدیلی حزبە ئیسلامییە ئایدیۆلۆژیە کلاسیکییەکان، پشت ئەستوور بوون بە ئەزموونی خزمەتکردنیان لە شارەوانییەکانی ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکانیتر.

ئیدیعای دەکرد کە چارەسەری ئەو قەیرانە توندڕەوییە لە هەردوولا (ئیسلامیو سێکیولار) لە پێناو تەبایی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، دەبێت بە ڕوحیەتێکی نوێی تەواو دیمۆکراتی و بێ هەڵاوێردن کاری سیاسی بکەن و تا بکرێت لە شەڕی ئایدیۆلۆجی دووربکەونەوەو ڕێز لە جیاوازییەکان بگرن. ئەو وتانە ڕاست وجوانن بەڵام ئایە هاتنە جێبەجێکردن؟! ئایە حزبی دادو گەشەپێدان دەرچوو لە ژێر کەوای ئیسلامی سیاسی؟!

حزبی دادو گەشەپێدان لە یەکەم ڕۆژی هاتنیدا بۆ سەر دەسەڵات ٢٠٠٢و پاش جیابوونەوەی لە حزبی فەزیلەی ئەربەکان هەوڵیدەدا بە هیچ جۆرێک وتاری تەقلیدی ئیسلامی سیاسی عەرەبی پەیڕەو نەکات. هەر لە یەکەمین ڕۆژەکاندا ئەردۆگان دەیگووت: "زۆر هەڵەیە حزب یەکسان بکەین بە ئایین و ئایین بە سیاسەت.

ئێمە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە، حزبێکی تیۆکراسیش نین، بەڵام لە حاڵەتی هاتنە ناوەوەی خەڵکی دیندار بۆ نێو ژیانی سیاسی، و لەگەڵ نەکردنە پێوەری ئایینی بە مەرجەعیەتی خۆیان، ئێمە پێشوازیان لێدەکەین. ناکرێت لەو حاڵەتەدا باسی ئیسلامی سیاسی بکەین"، هەروەها عەبدوللا گویل لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (شرق الاوسط)دا گووتی: "ناومان مەنێن ئیسلامی، ئێمە حزبێکی ئەوروپی موحافیزکاری نوێین.

دەکرێت وەسفمان بکەن وەک دیمۆکراسە موسوڵمانەکان، بە هەمان شێوەی دیمۆکراسە مەسیحییەکان لە وڵاتانی‌تری ئەوروپا. تێکەڵکردنی ئایین بە سیاسەت زیان بە هەردووکیان دەگەیەنێت، چونکە پرنسیپی ئایینی پارێزراوە بە سروشتی خۆی بەرانبەر هەر گۆڕانێک، بەڵام سیاسەت بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، وەک وەڵامدانەوە بۆ واقیع

."حزبی دادو گەشەپێدان وەک خاوەن درێژترین ماوەی دەسەڵات لە تورکیادا بێ مونافیسێکی وەها، زۆرجار لە لایەن نوخبەی فەرهەنگی سێکیولاری تورکی و دەرەوەی تورکیاش، گومانی دەخرایە سەر نیازی، بە هۆی بە سوک رووانینە خواردنەوە کهولییەکان و برەودان بە خوێندن و پەروەردەی دینی و چەندین سیاسەتی دینی تر. بۆیە پرسیاردەکرێت، ئایا بڵێی ڕۆژێک ئەو حزبە دەسەڵات و باڵادەستی خۆی بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و هەڵگەڕانەوە لە پەیمانە دیموکراتیەکان لە ژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسی تەقلیدی لە تورکیادا؟ جەیمس جیفری و سۆنەر کاگپاتی James F. Jeffrey و Soner Cagaptay لە پەیمانگای واشنۆتن دەڵێن: "وەڵامی ئەو پرسیارە نەخێرە، چونکە ئەدگاری مێژوویی‌و سیاسی دەگمەنی تورکیا، دەیکاتە خاکێکی نەگونجاو بۆ پیادەکردنی شەریعەت، یان دەرکەوتنی ئیسلامێکی رادیکاڵی."

جیاواز لە وڵاتانی‌تری عەرەبی‌و هەتا کوردیش وشەی پیادەی شەریعەت ئەو شەوق و زەوقەی نییە لە نێو خەڵکی تورکیادا هەتا دیندارەکانیش، چونکە لە ڕێگای میراتی سێکیولاری تورکیا و ئاوێتەبوونیان بە شێوازی ژیانی خۆرئاوایی لە سەردەمی کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەو دەستەواژەیە (پیادەکردنی شەریعەت) ئیحائێکی نیگەتیڤی وەرگرتووە وەک هاکان یافوز، پسپۆر لە کاروباری تورکیا ئاماژەی پێکردووەو وتوویەتی: پرۆسەی بەئیسلامیکردن لە سەر چەقی پیادەکردنی شەریعەت ناسوڕێتەوە، بەڵکو زیاتر لە سەر ئیسلامی ئەخلاقی‌و ڕەوشتی دەخولێتەوە.

لە کاتێکدا بە پێی راپرسییەک، کە پرۆژەی پیو بۆ توێژینەوەکانی ئاراستەی جیهانی Pew Research Global Attitudes Project زیاتر لە ٨٠% پاکستانیو میسری پشتگیری لە پیادەکردنی شەریعەت دەکەن بەوپەڕی توندییەوە، بەڵام ئەو رێژەیە لە تورکیا لە ١٦% تێناپەڕێت بەر لە هاتنی حزبی دادو گەشەپێدان بۆ دەسەڵاتو تا ئەمڕۆش ئەو حزبە لە ٢٠٠٢ هەتا ئەمڕۆ لە سەر دەسەڵاتە.

زۆرجار کەسانێک کاتی خۆی وەسفی ئەردۆگانیان دەکرد بە ئیخوانی، یان دەرچووی قوتابخانەی ئیخوان، یان دەیانگووت کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تێزەکانی راشد غەنوشی، بەڵام وەک چاودێرێکی بەردەوامی گۆڕەپانی ئیسلامی سیاسی و مێژووەکەی، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەردۆگان و حزبی دادو گەشەپێدان لە رووی بونیادی فیکریو سیاسییەوە لە بەراییدا، بە تەواوی جیابوو لە ئیخوان و چەندین قۆناغ پێش ئیخوان کەوتبوەوە لە خوێندنەوەی واقیع و تێگەیشتنیو رەفتار لەگەڵ کردنیدا، ئینجا راشد غەنوشیش بە چەند قۆناغێکی کەم لە پێش ئیخوانی تەقلیدییەکە بوو لەو بوارەدا، بەڵام دەبوایە غەنوشی و ئیخوان وەک قوتابی دابنیشن بۆ فێربوون لە ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان، ئەگەر هەڵنەگەرابایەوە و نەیگۆڕیبا!

حەیفە ئەردۆگان و ئاک پارتی پاش ئەو هەموو دەسکەوتە سیاسیانەی لە تورکیا بەدەستیان هێنا، خیانەت لە پرنسیپی دەوڵەتی یاسا و دیموکراتیەت بکات، و بکەوێتەوە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدا. ئەوەی زیاتر بە روونی ئاماژەی دەکرد بەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان عەقڵییەتی ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان لەگەڵ عەقڵییەتی ئیخوان لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٢ کاتێک ئەردوگان سەردانی میسری کرد، هەر بەو وەهمە جەماوەری ئیخوان بە گەرمی پێشوازییان لە ئەردۆگان کرد بە دروشمی ئایینیو هیتافی پڕ لە جۆشو خرۆشی دینییەوە، بەڵام کاتێک ئەردۆگان وتاری بۆ دان، گوتی: "زۆر پێویستە حکومەتێکی سیکیولاری دیمۆکراسی پێکبهێنن، کە ئازادییە دینییەکان دەستەبەر بکات بۆ هەمووان" جەماوەری ئیخوان زۆر توڕەبوون لێیو دەیانگووت پێویستمان بە ئەردۆگان نییە ئێمە فێری چۆنییەتی سیاسەتکردن بکات.

بەڵام بەڕاستی پێویستیان بوو، کەچی بەداخەوە لە جیاتی ئەوان لە ئەردۆگان فێری حوکمی دیموکراسی بن، بە پێچەوانەوە ئەردۆگان پەتای ئیسلامی سیاسی مێژوویی زەفەری پێ برد، بە قەرەزاوی و قەرەداغی و ستایشەکانی ئیخوان، بە تایبەتی پاش لادانیان لە حوکمی میسر، فریوی خوارد، هەنگاوی خێرای بۆ دواوە نا، بۆ دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دزێوترین فۆرمی ئیسلامی سیاسی وەک داعش و توندڕەوانیتر!

# هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم

هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم بەر لەو گۆڕانکاریە نێگەتیڤە کارەسات ئامێزانە، ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان نەدەکرا لە خانەی ئیسلامی سیاسی حسێب بکرێن، بە رای ئێمە ئەردۆگانو حزبی دادو گەشەپێدان توانیبوویان تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر عەبای ئیسلامی سیاسی بە هەموو مەقولاتە تەقلیدییەکانیو تا ڕادەیەکی باشیش لە ژێر چەتری سێکیولاریەتی توندڕەوی شەرقی، بە هەموو بۆچوونو رەفتارە ناقۆلاکانی دەربچن، و هەوڵێک بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەو شەڕە دوانییەکانن وەک ئیسلام و سیکیولاریزم. هەقو ناهەقو تاریکیو رووناکی، تورک و کورد و.. هتد .

بە رای من ئەو ڕێگایەی سێیەم، گوزارش لە ئامانج و ئاواتی زۆربەی هەرەزۆری گەلانی موسڵمانی جیهانی ئیسلام دەکات، هەر بۆیەش ئەردۆگان بەردەوام ئەو هەموو دەنگەی دەهێنا، چونکە خۆی وەک هەڵگری ئەو پڕۆژەیە نیشان دەدا! بەڵام بەداخەوە دەرکەوت کە ئەو پیاوە لە ئاستی ئەو پڕۆژە مەزنەدا نەبوو، و ئەو ڕێگایە کەسایەتییەکی بوێرو بلیمەت و ساغ و بێ فرت وفێڵ و مێژوویی و دامەزراوی، هاوسەنگی دەویست بۆ بە دامەزراوکردنی و هێنانەدی، نەک بەستنەوەی بە کەسێکی هەڵگری هەموو ڤایرۆسی نەتەوەپەرستی ئەتاتۆرک و تۆرانیەت و سەرەڕای تێزە نوشوست هێنەرەکانی ئیسلامی سیاسی، کە دەرکەوت ئەردۆگان لێی ڕزگاری نەبووە، بەڵکو چاوەڕێی قۆناغی تەمکینی دەکرد بۆ دەرکەوتنی!

ئەردۆگان، لەبەر ئەو هۆکارە فیکریانە بوو نەیتوانی لەگەڵ پرنسیپە دیموکراتیەکانی هەتا سەر بێت، و نمونەیەکی زیندوو بداتە جیهان بۆ ئەوەی قەت لە کەسایەتیە ئیسلامییە سیاسیەکان نەترسێن، وەک هەر سەرۆکێکی دیموکرات واز لە دەسەڵات بهێنێت و پاش ئەو هەموو ساڵەی حوکم، کەسێکی تری نەدۆزیەوە درێژە بە کاروانەکە بدات، وبەو ئەنجامە گەیشت بەو شێوەیە هەڵگەڕێتەوە لە بەهاکانی دیموکراسیەت و جەوێکی پڕ لە توندوتیژی وتۆقاندن و دیکتاتۆریەت و گەندەڵی لە تورکیا دروست بکات ! ئەو ڕێگایەی سێیەمەش چاکترین چارەسەرە بۆ دەربازبوونی ئیسلامی سیاسی لەو چاڵە مێژووییەی، کە تێیکەوتووە و بە سەدان هەزار قوربانی دەبەخشێت لە پێناو بیروڕایە کێشەدارەکانی و بێ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی جیدی بکات بە کۆی میراتی دینی و سیاسیدا .

دەکرا ئەزموونی داد و گەشەپێدان ئەگەر هەڵنەگەڕابایەوە لە پەیمانەکانی، ببێتە نموونەی ئەو حزب و دەسەڵاتەی کە دەیەوێت خزمەت بکات بە دەوڵەتو بە میللەتان، رابەرانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و عەقلانی رەفتار لەگەڵ دینو دەوڵەتو ئازادییەکاندا بکەن. خەونو درۆنگی بە خەڵک نەفرۆشنەوەو دەست بە توێکڵەکان نەگرن لە بری کرۆک، و ئیلهام لە رۆحی سەردەم وەرگرێت.

# کەوابوو دەرکەوت ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە!

ئەو پێست گۆڕینەی ئەردۆگان و ئیسلامیەکان بەو خێراییە پێوانەییە لە ئیسلامی سیاسی ئەربەکانیەوە بۆ دیموکراتیەکی هاوسەنگی ئەنگلۆساکسۆنی بۆ فاشستی دینی، وا لە نێوەندی سیاسی و مرۆڤی دیموکرات و مەدەنیخواز دەکات، هیچ هەست بە ئەمان نەکەن لەگەڵ هەر فیگەرێکی ئیسلامی سیاسی، هەتا ئیدیعای ئەوپەڕی دیموکراتیەتیش بکات. چونکە ئەزموونی ئەردۆگان و ئاک پارتی هەموو هۆکارێکی مێژوویی و بابەتی و جوگرافیشی لەبار بوو، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت!

بەڵام لەبارچوونی ئەو ئەزموونە لە لوتکەی هێزیدا، و پاشگەزبوونەوەی لە پاراستنی بەها دیموکراتیەکانی کۆمەڵگای تورکیا، دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دڕندەترین و تیرۆرسترین هێزی دینی ئیسلامیدا، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئەستەمە متمانە بکەیت بە کەسێکی ناو بازنەی ئیسلامی سیاسی یان لە ژێر کاریگەری ئەو بازنەیە، بتوانێت کۆمەڵگایەکی دیموکراتیت بۆ بنیات بنێت.

من چاوەڕوان بووم لەگەڵ قۆناغی ئاک پارتی و دیاردەی ئەردۆگان، قۆناغی پۆست ئیسلامی سیاسی [ما بعد الاسلام السیاسي] دەست پێبکات و زۆربەی مەقولات و پرنسیپە نامرۆیی و نائینسانیەکانی ئیسلامی سیاسی تێپەڕێنێت، نەک پاش بڕینی نیوەی ڕێگا هەڵگەڕێتەوە بۆ ختوکەدانی هەستی شۆفێنیزمی دینی و نەتەوەیی! سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلام هەردەم بە گومان بوون لە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامیەکانەوە، بۆیە هەموو شتێکیان دەکرد بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەمیان!

هەرچەندە ئەوانیش فریشتە نەبوون، بەڵام دەرکەوت ڕاستیان دەکرد لە گومانەکانیان! کاتی خۆی ئێمە زۆر پەست دەبووین بەو بەدگومانی و ستەمانەی لە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرا، هەر لە سۆنگەی ئەو ستەمانەوەش، باوەڕمان بە دیموکراتیان نەبوو .کاتێک بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیر لە دیسەمبەری ١٩٩١ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە ڕێژەیەکی بەرز بردیەوە، کە دوایی نوخبەی عەلمانی و جەنەراڵەکان ئەنجامەکەیان بەتاڵ کردەوە و بەرەی ئینقازیشیان هەڵوەشاندەوە .لە بیرمە خەڵکانێکی سێکیولاری زۆر خۆشحاڵیان نیشان دەدا بەو کودەتایە، ئێمە وەک حالەتێکی نا دیموکراتی و نا تەندروست سەیری ئەو کەسانەمان دەکردن، کە چەندە دژی دیموکراتیەتن!

لە بیرمە لە ساڵی ٢٠٠١ بوو لە کەناڵی میدیا لە بروکسڵ لە بەرنامەیەکی کاک جەبار قادر میوان بووم، لەسەر کێشەی عەلمانیەت وئیسلامیەت، کاتێ من ئاماژەم بە ساختەیی دیموکراتیەت کرد و نمونەی بەرەی ئینقازم هێنایەوە، کاک جەبار گووتی: بەڵام خەڵکانێک دەڵێن ئەگەر دەسەڵاتیان گرتە دەست جارێکیتر بەری نادەن، و دیموکراسیەت دەسڕنەوە! من گووتم ئێوە بۆ گومانی خراپ دەکەن بەرلە ڕوودانی؟!

ئەو کاتە زۆر قەناعەتم بەو ڕایەم هەبوو! بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا تا دەهات باوەڕم بەو وەڵامەم کز دەبوو، چونکە چەندە زیاتر شارەزای دید ومەزاجی ئیسلامی سیاسی دەبووم زیاتر باوەڕم بەو ڕایەم لاواز دەبوو، کە زەحمەتە ئیسلامیەکان لە ڕێگای دیموکراسیەت دەسەڵات وەرگرن، ئاواش ئەگەر لە ڕێگای دیموکراسیەتەوە ئەگەر سەرنەکەوتن دەسەڵات ڕادەستی سەرکەوتوو بکەنەوە!

ئەوەش لەسەر هێزە سێکیولارەکانی جیهانی ئیسلامیش جێبەجێ دەبێت، بەڵام قۆرخکردنی دەسەڵات بە هێزی وتار و ئاڕاستەی دینی زۆر ترسناکتر و درێژخایەنتر و بەزیانترە لە دەسەڵاتێکی نادینی نا موقەدەسکراودا .

ئەوەشی قەناعەتی پتەوکردم بەو تێزە، ئەگەر کەسێکی وەک ئەردۆگان لە وڵاتێکی نیمچە ئەورووپی و ڕابەری حزبێکی نیمچە سێکیولار و دیموکەاتخواز، کە ڕۆژێکیش داوای حوکمی ئیسلامی نەکردبێت، وا دوچاری هەڵاوسانی گرێی خۆپەرستی و دیکتاتۆریەتی دینی ببێت لە کار و ڕەفتارەکانی، کەوابوو سێکیولارەکان و دیموکراتخوازەکان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر هەق بوون، کە ترسێکی هەمیشەییان هەبوو وهەیە لە هەر کەسێک لە بازنەی ئیسلامی سیاسیدا بێت، یان هەتا تەنها باگراوندێکی ئیسلامی سیاسی هەبوو بێت وەک ئەردۆگان، هەرچەند هەوڵیشیدا دیکۆرێکی سێکیولاری و دیموکراسی بۆ خۆی چێ بکات.

حاڵەتی ئەردۆگان گومانەکانی من و خەڵکیتریشی زیاتر بەهێزتر کرد، چونکە بەر لە چەندین ساڵ وتارێکی محەمەد عەلی پیراندی ڕەحمەتیم خوێندەوە، کە باسی دیاردەی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا و دام ودەزگاکانی دەوڵەتی تورکیای دەکرد، دەیگووت هەموو ڕوخسارەکان و ڕەفتارەکان وردە وردە ڕۆژانە دەگۆڕێن، هەتا ئەو بۆن و پێرفیومەی لێشی دەدەن جیایە لەوەی پێشوو! ئەمڕۆ ئەو ئیسلامیانە و ڕەفتار داعشیانە پڕبوونەتە ناو دامودەزگا مەدەنی و دادگاکان و پۆلیس و ئاسایش و سەربازیەکانی دەوڵەت، هەتا ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی ئەردۆگان ڕەوانەی کوردستانی باکووری کردوە هەمووی ڕیشنی داعشین، بە ڕوحیەتی بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئیسلامی سوڵتان، دژی کوردی پلانگێڕی بێ ئیمان دەجەنگن، وبەو پەڕی قەسوەتی داعشیەوە دەست لە منداڵ و پیر و ژنیش ناپارێزن !

ئەو ئیسلامیزەکردنەی کۆمەڵ میزاجی شەقامی تورکی گۆڕیوە لە میزاجێکی کەمالیستی شۆڤێنی، بۆ مەزاجێکی ئیسلامی شۆڤێنی تێکهەڵکێشراو بە شۆڤێنیەتی کەمالی تۆرانی. ئێستا دەزانم کاتی خۆی دەسەڵاتی جەزائیر لەو بۆ چوونەیان ڕاست بوون، کە مەترسیە دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئیسلامیەکان، کە دوایی چەندین وتار و سمینارەکانی پیاوانی بەرەی ئینقازم بیستەوە کە چۆن هەڕەشە لە سوپا وهێزەکانی تر دەکەن بە سڕینەوە، و دەڵێن جارێکیتر چاوتان بە دەسەڵات ناکەوێتەوە، ئێمە دینی خوا ناخەینە بواری هەڵبژاردن و ڕای خەڵکەوە !بۆم دەرکەوت کە ناهەقیان نەبوو نەیان هێشت دەسەڵات بکەوێتە دەستیان، چونکە دیار بوو دەیانویست دیموکراسی بۆ تەنها جارێک بەکاری بهێنن، ئەویش تا پێی دەگەن بە دەسەڵات.

دەترسم ڕۆژگار ڕاستی سیسی یشمان بۆ بسەلمێنێت، کێ نالێت ئیخوان لە حوکمی ئێرانی شیعی و لە ئەردۆگانی خراپتر نەدەکرد؟! باوەڕناکەم لە ئەردۆگان دیموکراتیتر بن لە هیچ ئەحوالێک؟! چونکە ئەردۆگان کە کوڕی وڵاتێکی سێکیولاری دیموکرات وا بکات، کە داب ونەریتی سێکیولاری دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکای دەوڵەتی عوسمانی، و ئەوەی کە ئامۆژگاری ئیخوانەکانی دەکرد میانڕەو و دیموکرات بن ئەو دراگۆلایەی لێ دەربچێت، دەبێت ئیخوانەکان چییان لێ دەرچووبا؟!

باشە ئەگەر ئیخوانێک بەو بیرە داخراوەی حەسەن بەنا کە لە بنەڕەتدا سەرسام بوو بە شۆڤێنیزم و ستایشی مۆسۆلینی دەکردا و بەو فەرهەنگە هەژارەی دوور لە دیموکراتیەت و تۆلەرانسەوە، بە تەواوی دەستی بەسەر حوکم داگرتبا دەبوایە چ وەحشێکی لێ پەیدا ببا و چی کردبا؟ !

چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و هێما پەنهانەکانی وەک ئەردۆگان لەگەڵ دەسەڵاتە تورکچیە بەناو سێکیولارە گەندەڵە و دیکتاتۆر و ستەمکارەکان؟! دەبێت جیاوازی ئەردۆگان چ بێت بۆ کورد لەگەڵ هەر حکومەتێکی تری تورکی تۆڕانی؟! لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی سەلماندیان کە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کاڵترین و میانڕەوترین فۆرمیدا نەیتوانی چارەسەریەکی جیاواز بۆ کێشەکانی خەڵک و میللەتان پێشکەش بکات، ئەوەش ئەگەر هیچ سودێکی نەبێت، سوودی ئەوەیە کە سیحری ئیسلامی سیاسیش بەتاڵ بوەوە، هیچیتر ناتوانێت خەڵک فریوبدات بە دروشمی ئیسلام چارەسەری هەموو دەردانە، و سێکیولاریزم بنچینەی دەردەکانە، چونکە لێک دەچن لە ڕووی گەندەڵی و نشوستی و تۆتالیرزمی و خوێن هەڕاج و هەرزانکردنی ئادەمیزاد.

بەڵام سێکیولاریزم هەر تای تەرازووی سەردەکات بەسەر ئیسلامیزمی سیاسی، چونکە چاکترین نمونەی ئیسلامی سیاسی ئەردۆگانی لێکەوتەوە، بەڵام چاکترین نمونەی سێکیولاریزم سیستمە پێشکەوتوەکانی خۆرئاوا و ئەوروپا و ئەمریکای لێکەوتەوە، کە مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازی دینی و ڕەگەزیان، بە درێژایی مێژووی هێندە ڕیز و کەرامەت و ئازادی و مافی نەپارێزراوە .مستەفا مەحمود دەڵێت: "دوژمنان لە پێناو بردنەوەی جەنگەکەیان پێش دەستپێکردنی، ئیسلامی سیاسییان کردە دوژمنو ناحەز بە دیمۆکراسیەت. کەسانی سادەو ساویلکە لە موسوڵمانان کەوتنە تەڵەکەوە، لەگەڵ ئەوان وتیانەوە دیمۆکراسییەت کوفرە، ئەوەش ئەوپەڕی ئاواتی ئەوانە ".بەڕای من ئەگەر ئەوە ئاواتی دوژمنانی ئیسلام بێت ئیسلامی سیاسی بکاتە دژی دیموکراسی، ئەوە ئەردۆگان گەورەترین خزمەتی مێژوویی بە دوژمنانی ئیسلام و دیموکراتیەت کردوە !

## بۆیە ئەردۆگان دوواهەمین سەرۆکی ئیسلامی دەبێت لە تورکیا!

ئەو ئەردۆگانە لەبەر ئەوەی بە فێڵی دیموکراسیەت گەیشتە دەسەلات، ڕۆڵێکی زۆر چەواشەکارانەی یاری کرد، من بەش بە حاڵی خۆم سەردەمانێک گومانم لە دیموکراتیەتی کێ هەبا لە هی ئەردۆگان نەبوو. بەڵام پاش ئەوەی پێگەی خۆی بەهێزکرد ئیتر کاری بە دیموکراتیەت نەما. ئەو کوردەی کە وەک مانگا دەنگی دەدۆشی، و فریویان پێخواردبوو پاش ئەوەی کاری پێیان نەما پشتی لێکردن، و لە جیاتی نزیک کەوێتەوە لە هێزە دیموکراتیەکانی کورد و تورک، گەڕایەوە بۆ ئەسڵی خۆی، وەک ئەو مەیمونەی لە پێستی شێردا خۆی حەشاردابوو، لەگەڵ یەکەمین ترساندا گەڕایەوە سەر ئەسڵی خۆی.

هەر زۆری پێ نەچوو دەستی کردە موغازەلەی شەقامی ئیسلامی شەعبی و سیاسی، تورکیای کردە شوێنی بەستنی کۆنگرە و چالاکیەکانی ئیسلامییەکان، ڕۆژ بە رۆژ هەنگاوی زیاتر لە دیموکراتیەت دوور دەکەوێتەوە و هەنگاوی زیاتر لە ئیسلامی سیاسی توندڕەو نزیک دەبێتەوە، تا گەیشتە ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ داعش و تیرۆرستەکانیتر بکات، لە دژی کورد بە تایبەتی.

ئەمڕۆ هەزارەها ئیسلامی ئیخوانی و غەوغائی و سۆفی وخورافاتی تێکڕا پێکەوە بانگەشەی ئیسلامەتی و سەحابەیی بۆ ئەردۆگان دەکەن. دەیان ڤیدیۆی ئەو ئیسلامییە خوڕافاتچییانەم بینیوە کە خەونیان بە ئەردۆگان دیوە دەست لەناو دەستی پێغەمبەر بە ڕێگادا ڕۆیشتوون، وپێغەمبەر بە خەونبینەکەی گوتوە، نەکەن پشتی ئەو کابرایە بەردەن ئەوە لە جێی منە! ئینجا بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە خەونانە لەناو ئومەتی خەون خۆش کاریگەری ئاگری هەیە لەناو کادا!

یاسای سووکایەتی کردن بە سەرۆک هیچ سەرۆکێکی تورکیا بەکاری نەهیناوە، ئەو تا ئیستا ٢٠٠٠ داوای دژی سیاسی و هەنەرمەند و نووسەر تۆمار کردوە، هەتا لەسەر پۆستێکی فەیسبوک شاجوانی تورکیای پێشوو Merve Büyüksaraç بە ١٤ مانگ ڕاگرتن لە کار سزا دا!

ئیستا دەزانێت شەڕ و شۆڕی زۆری لە پێشە دژی کورد و وڵاتانیتر، داوا لە ژنانی تورکیا دەکات منداڵی زۆریان بێت، هیچیتر بەدوای قسەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەکەون، دەبێت بزانن بەپیی شەریعەت نابیت منداڵبوون سنوردار بکریت، دەبێت ژمارەی نەوەکانمان زیاد بکەین، ڕێکخستنی خێزان و سنوردانکردنی منداڵبوون نابێت هیچ خێزانیکی موسڵمان کاری پی بکات!و دەبێت بشزانن ئافرەت یەکسان نییە بە پیاو! وەک ئیندیپیندەنت و گاردیانی بەریتانی باسیان کردبوو.

هێزە سێکیولارەکان و دیموکراتەکانی جیهان و ناوخۆی تورکیا زۆر قەڵسە بەو خیانەتەی ئەردۆگان لەو پرنسیپانەی کە بەناوی خەباتی دەکرد، خەڵک پێی وبوو، دەکرێت کەسێک بە باگراواندی ئیسلامیەکی سیاسیەوە بتوانێت ببیتە دیموکراتخوازێکی هەقیقی، چونکە کەس بەقەد ئیسلامیەکان خەمی ئایدیۆلۆژیان نییە، و کاتی دەگۆڕێن لە ئیسلامییەوە بۆ دیمەکراتخواز، ئەوە دەیان ساڵی پێویست بووە لە کار و هەڵەکردن و ئەزموون و ڕۆژگار بۆ دەرخستندا. بەڵام ئەردۆگان بۆ هەموو جیهانی سەلماند وەک ئەو مارە سڕبووە جووڵە و بیری ئیسلامی سیاسی شاردبوەوە، تا گوڕ و گەرمی بە جەستەی داهاتەوە، یەکسەر بە جەستەی دیموکراتی وەدا. بۆیە لە پاش ڕووخانی ئەردۆگان بە هەر هۆکارێک کە من زۆر دووری نابینم، جارێکیتر هیزە سێکیولار و دیموکراتەکانی تورکیا متمانە بە هیچ کەسێکی باگراوندی ئیسلامی سیاسی ناکات، هەتا مەولانا ڕۆمیش بیت!

٢٠١٦/٦/٢

# مێژووی جیاوازی موسڵمان و ئیسلامی!

موسڵمان هەردەم وشەیەکی گشتگیر و پڕ مانای گشتی تر بووە لە هەر ناوێکیتری مەزهەبی و سیاسی و تایفی دینی. ئیسلامی هەرچەندە وەک زاراوە کۆنە ئیمام ابو الحسن الاشعري لە سەدەی سێیەمی کۆچیەوە بەکاریی هێناوە لە کتێبی [مقالات الاسلاميين]، بەڵام بەو ناوەرۆکە سیاسییە نوییەی ئێستا بەکاری نەهێناوە. ئەشعەری هەموو کەسێکی پێ ئیسلامی بووە بە چاک و خراپەوە! هەتا ئەوانەی کە ئەو تۆمەتباریان دەکات بە لادانی عەقیدی و هەر لادانێکیتری فیکری و دینی! بۆ نمونە باسی وتەکانی گروپێکی شیعەی پەڕگیر دەکات بەناوی [الجناحية] کە پێیان وایە ڕوحی خوا لە ئادەم بەرجەستە بووە و دۆناودۆن گوازتراوەتەوە تا گەیشتۆتە بەدەنی ئیمامەکەیان و، ئیمامەکەیان ئیستا خوایە، و باوەڕیشیان بە ڕۆژی قیامەت نییە.!

کەوابوو ئیسلامی لای ئەشعەری هەموو کەسێکی دەگرتەوە، هەتا ئەشعەری پیی موسڵمانیش نەبێت! نەخوێندەواری ئیسلامیەکان لەوەدایە شارەزاییان لە توراسی خۆشیان نییە، هاتوون ئەو زاراوەی ئیسلامییەیان بە پێچەوانەوە بەکارهیناوە بۆ هەر موسڵمانێک کە لای ئەوان موسڵمانی چاک و هەڵبژاردەن! واتە وشەی موسڵمان لای ئیمامی ئەشعەری بەرزتر و تایبەتتر بوو، بەڵام وشەی ئیسلامی وشەیەکی کۆکەرەوە بوو بۆ هەموو مەزهەب و تیرە و گروپێک لەناو ئیسلامدا هەڵقولابن.

ئیسلامی لەو سەردەمە بە هەرکەسێک دەگوترێت کە هەوڵی بە سیاسی کردنی دین دەدەن، دەیانەوێت دین و سیاسەت ببنە یەک شت، شەریعەت حوکمی خۆیان و جیهانیش بکات!

خۆیان دەڵێن جیاوازی نییە لە نیوان موسڵمان و ئیسلامی، بەڵام ئەوەی باوەڕی بە جیاوازی نییە لە نێوان موسڵمان و ئیسلامی، وەک ئەو کەسەیە باوەڕی بە جیاوازی نییە لە نێوان جووێک و زایۆنزمێک. چونکە زایۆنیزم و ئیسلامی هەردووکیان پرۆژەی بە سیاسیکردنی دینن. محمد ماغوتیش دەڵێت: کێشەمان قەت لەگەڵ خودادا نەبووە، بەڵکو کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەوانەن خۆیان خستۆتە پاش خوا و خۆیان بە دەمڕاستی دەزانن!

تا ئێستا ئەوەندە جیاوازیەم دۆزیوەتەوە، هەندێکیان هی خۆمن و هەندێکیتر لە وتە و وتاری خەڵکانیترم گوێ لێبوو، لە نێوان موسڵمان و ئیسلامی کە ئەوانەی خوارەوەن:

- موسڵمان پێی وایە خوا دەیپارێزێت. ئیسلامی پێیوایە ئەو خوا دەپارێزێت!
- موسڵمان گرنگی بە باوەڕی خۆی دەدات، ئیسلامی بایەخ و گرنگی بە باوەڕی هاوسێی دەدات!

•موسڵمان دینداری دەکات تا پایەکی لە بەهەشت دەست کەوێت. ئیسلامی هەوڵ دەدات تا پایەکی لە پەرلەمان و دەوڵەت دەست کەوێت!

• موسڵمان دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا. ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ لای مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی شورا!

•موسڵمان دەیەوێت دڵنیا بێت کە دەچێتە بەهەشت. ئیسلامی دەیەوێت دڵنیا بێت خەڵکیتر دەچنە دۆزەخ!

•موسڵمان کارێک بە خراپ بزانێت هەوڵ دەدات نەیکات. ئیسلامی کارێک بە خراپ بزانێت، ناهێڵێت و قەدەغەی دەکات خەڵکیتر بیکەن!

•مزگەوت لای موسڵمان شوێنێکە بۆ عیبادەت و بەس. مزگەوت لای ئیسلامی شوێنێکە بۆ عیبادەتی سیاسی و بانگەشەی سیاسی و خاکێکە بۆ دەستبەسەر داگرتن!

•موسلمان هەوڵ دەدات تا بکرێت وێنەی جوان بێت لەبەر چاوی خەڵکانی تر. ئیسلامی گوێ بەڕای خەڵکانیتر نادات، تا بۆی بکرێت خۆی و دین و موسڵمانانیش دزێو دەکات لەبەرچاوی خەڵک!

•موسڵمان حەزی لێیە منداڵەکانی وەک مندالانی خەڵک بخوینن و کار بکەن و سەرکەوتوو بن، دوور لە بەلا بن. ئیسلامی حەز دەکات منالی خەڵک لە خەمی دین و جیهاد و شەڕ و لیدانی دوژمنە زۆرەکانیان ژیان بەنە سەر!

•موسڵمان کە خێر دەکات بەنهێنی دەیکات و بیر لە پاداشتی خوا دەکاتەوەو، لای گرنگ نییە ئەو هەژارە کێیە و کێ نییە، مولتەزیمە یان جاهیلە! ئیسلامی کە خێر دەکات بە کامێراوە دەیکات و، بیر لە ڕاکێشانی دڵی هەژارەکە دەکاتەوە بۆ ناو حزبەکەی یا گروپەکەی، هەتا حزبی خۆشی هەبێت خێر بە هەژاریتر ناکات.

•موسڵمان کە کچەکەی دەداتە شوو، لە پیناو پێکهینانی خێزانێکی بەختەوەر دەیداتە کەسێکی باش لە رووی ڕەوشت و دینداریەکی ئاسایی وەک خۆی. گرنگ ڕەوشت ودینە. ئیسلامی بەشوودانی کچەکەشی پڕۆژەیەکی سیاسییە، ئەو کوڕەی دێتە پێش چەندە بە ڕەوشت و دینیش بێت، ئەگەر سەر بە حزبەکە و گروپەکەی ئەو نەبوو ڕەتی دەکاتەوە، با کچەکەشی پێی ڕازی بێت! گرنگ سیاسەتە!

دەکرێت جیاوازیتریش ببیندرێتەوە تا ئێستا بیری کەسی بۆ نەچوو بێت.

یاسای کاری ڕۆژنامەگەری وفۆبیای ڕەخنە

لە پاش پەسندکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە پەرلەمانی کوردستان، وادیارە خەڵکێکی رۆشنبیری زۆر توشی دڵەڕاوکآ بوون لەترسی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی یە رۆژنامەییەکان. لەپاش موتابەعە کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان تا ڕادەیەک، وئەو نیگەرانییە گشتیی یەی بواری ڕۆژنامەگەری، وەک نووسەرێکی

کوردی ئەو بوارە دەنگی ناڕەزایی خۆم دەخەمە پاڵ هەموو ئەو دەنگانەی لە پێناو ئازادی وشە ودەربڕین بەرزبۆتەوە.

بەڕاستی وا پێویست دەکات لەسەر هەموو کەسێکی ڕۆشنبیر وسیاسی لەهەر ئاراستە ورەوتێکی سیاسی وفیکریدا بێت لە کوردستان هەرگیز وا بە ئاسانی پشتگیری خۆیان بۆ ئەو یاسایە دەرنەبڕن لە ژێر فشاری هیچ بروبیانوێک دا. چونکە هەر پشتگیریەک بۆ کارگەلێکی دژی ئازادی ودیموکراسی ئەوە ئەو پەلیکە دارە چەماوەیە (بۆمیرەنگەیە) a boomerang کە کاتێک یەکێک دەیهاوێژیت بۆلای خۆی دەگەڕێتەوە.

من نازانم بۆچی کەسانێکی ئیسلامی یان هەر شتێکی تر دەبێت بە حەمەساتێکی لەڕادەبەدەر پێشوازی لەو یاسایە بکەن کە چەندین بەندی دەکرێت زۆر بە ئاسانی لە لایەن حکومەتەوە یان دوو زل حزبەکەوە لە دژی هەر دەنگێکی ڕەخنە ئامێز وبوێر بەکار بهێنرێت، بە داخستن وغەرامە کردن وتا زیندانی کردنیش؟! لەوانەیە ترس لە ڕەخنە ئەو فۆبیایەی لای کەسانێک دروست کردبێت، وحەز بکات کەس لە گول نەرمتر بە ئایدیۆلۆژیا یان فیکر یان مێژوو یان هەر موقەدەساتێکی نەڵێت. بەڵام پێویستە قۆناغی فۆبیای ڕەخنە ببڕین، وهیچی تر هەرای گەورە نەنێنەوە لەبەر ڕەخنەی ئەم وئەو. با چی دەنووسن بنووسن، تۆش چی دەنووسیت بنووسە بۆ وەڵامدانەوەی!

هەموو لایەنێکیش وبەتایبەتی گروپ وحزبە ئیسلامیەکان، بەر لە هەموو لایەکی تر پێویستە هەڵوێستێکی وا نیشان نەدەن لە بەرامبەر یاسای کاری ڕۆژنامەگەری کە بۆنی ئەوەی لێبکرێت پشتگیری لە بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ودیموکراسی دەکەن لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەمیان: ئەو لایەنانە لە هەموو لایەنەکانی ت،ر زیاتر تاوانی توندڕەوی وبەڵکو تیرۆریان دەخرێتە پاڵ. بۆیە بۆی هەیە زۆر بە ئاسانی تۆمەتبار بکرێن بە چەند تۆمەتێکی هولامی وەک (تێکدانی ئاسایش)، یان (هاندانی تیرۆر)، وەک یاسایەکە لە چەند برگەیەکی باسی لێوە دەکات.

دوەمیان: ئەزموونی ئەو لایەنە ئیسلامیانەی سەرتەختی حوکم یان سەر شۆستەی ئۆپۆزسیۆنیش بە ڕاشکاوییەوە دەیڵێین دڵ خۆشکەر نین لە بواری ئازادییە گشتییەکان، ئەوە سودان، یان ئێران یان تالیبان یان حەماس کە هیچ پۆلیسێکی وڵاتە تۆتالیتاریزمەکان بە قەد حەماسەتی هێزی تەنفیزی ئەوان لە خۆپیشاندەران نادەن. وابزانم ئەزموونی ئەردۆغان وحزبی AKP چاکترینیانە کەچی ئەوە بە چاوی خۆمان دەبینین چۆن لەو پەڕی عونجوهیەت ولوت بەرزی ڕەفتار لەگەڵ نەتەوەیەکی موسڵمانی 40 ملیۆن کەسی دەکەن، لە خوا

یاخی دەبن بۆ وەگیرهێنانی ڕەزامەندەی نەتەوەی تورکی سەقەت بوو بە ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمی ودەزگای عەسکەری!

سێیەم: مێژووی کۆنمان چەند سەردەم وماوەیەکی کورتی لێ دەرچێت، ئەوی تر بۆ ئەوە ناشێن ببن بە هەوێنێک بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی، تا ئێستاش باجی ئەو ئیستبدادە درێژ خایەنە لە ڕۆح وفیکر ومێژوومان دەدەین. لە مێژووی نزیکیش هەر کە توێژینەوەیەک بەسەر هەڵوێستی ئیسلامیەکان لەمەڕ دیموکراتی وئازادی تێدەپەڕێت ئەوە باسی هەڵوێستی ئیخوان یان شێخ حەسەن بەننا دەکرێت لەمەڕ پلورالیزمی حیزبی، کە بەداخەوە هەڵوێستێکی هەڵە وسەلبی بوو تا ئێستاش کاریگەری خۆی لەسەر تاکی ئیخوانی بەجێ هێشتوە، چونکە ئەو پێی وابوو دەبێت هەموو حیزبەکان حەل بکرێن ولەیەک حزبدا کۆ ببنەوە، حەسەن بەنا لە (مجموعە الرسائل)دەڵێت: " ئەی ئیخوانەکان ئێستا کاتی هاتوە دەنگەکان بەرزبنەوە بۆ لەناوبردنی سیستمی حیزبی لە میسر...ئەو کارە هیچی تر بەرگەی چارەسەری نیوەچڵی ناگرێت، هیچ چارەیەک نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەموو حیزبانە، تا هەموو هێزی ئومەت کۆکەینەوە لە یەک حیزبدا کە کار بۆ تەواوکردنی سەربەخۆیی وئازادی بکات..هتد.

٢٠٠٧/١٢/١٥

## هاوکێشەی موسڵمانان و تاوانباران [ مسلمين و مجرمين ]

هەر لە سەرەتای ئایەتەکانی سورەتێکی مەککیدا، بەلکو لە یەکەم سورەتەکانی قورئاندا کە سورەتی القلم ئایەتی ٣٥ دەفەرموێت: ( **أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ** ) دەتانەوێ موسڵمانان وەک تاوانباران لێبکەین؟!!!وەک دیارە ناسنامەی موسڵمانانی خستۆتە بەرامبەر تاوانباران، نەک کافران موشریکان.

چونکە چەندین کافر و موشریک هەبوون تاوانبار نەبوون، بەڵکو چەندین کافر و موشریک یارمەتی پێغەمبەر و یارانیانیان داوە، وەک عبدالمطلب ی باپیری و ابو طالب ی مامی کە کافر بوون، هەروەها نەجاشی پاشای حەبەشە کە مەسیحی بوو، پێغەمبەر (د.خ) وسفی دەکات وەک کەسێکی خێرخواز، وەک پاشایەک کە کەس لای ئەو ستەمی لێناکرێت! کەوابوو تاوانبار و مجرم نەبوو، سەرەڕای ئەوەی غەیرە دین بوو و ئەهلی کیتاب بوو بە تەفسیری سەلەفی ساڵح نەجاشی وەک عبدالمطلب و ابو طالب یش کافر و موشریک بوو!

کەوابوو موسڵمانان لە یەکەمین وەسفی قورئاندا بە کەسانێکی پێچەوانەی تاوانباران ناویان هاتووە، و وەک کەسانێکی خێرخوازی ڕەوشت بەرزی شارستانی ناویان هاتووە کە دژایەتی تاوانباران و تاوانکاری دەکەن، نەک دژایەتی کەسانیک بکەن لەبەر بێ ئیمانی یان جیاوازیی دینی، یان ئەوەی فەقیهەکانی کەڕاهیەت ناویان ناوە بە: الحب في الله و البغض في الله، کە دژی هەموو ناموسلمانەکانی جێبەجێی دەکەن.

ئەوەیە ناسنامەی هەقیقی خێرخوازیانەی موسڵمانان کە لەیەکەم ڕۆژی وەحی یدا بڕیاری لەسەر دراوە. کەچی بداخەوە ئەمرۆ لە سایەی توند و تیژی تیۆری سەلەفییەکان و توندوتیژیی پراکتیکی جێبەجێکاری وەک داعش و قاعیدە و بوکۆ حەرام و شباب محمد و تالیبان وهتد، ناسنامەی موسڵمان گۆڕاوە لە مسلمين بۆ مجرمين!

ئەمڕۆ هەزاران سەر دەبردرێت وناموس هەتک دەیێت بەناوی ئیسلام، هەزاران ژن دەکوژرێن و شوێنە گشتیەکان دەتەقێنرێتەوە هەر بە ناوی ئیسلام، هەر بۆیەش هەموو موسڵمانان ئەمڕۆ باجی ئەو کار و بچوونانە دەدەن، با بەس بەناویش ئیسلام بن، ئیسلامییە سەلەفییەکان بە پلە یەک تاوانبارن لە گۆڕینی ناسنامەی مسلمانان بۆ تاوانباران، چونکە ئەو کارە توند وتیژ و بۆچوونە توندوتیژیانەی پێشکەشی دەکەن بە جیهان زادەی بیروای منهەج و بۆچونگەلێکی نەخۆشانەی موجریمانە، نەک بەرهەمی خوایەکی بە بەزەیی وڕەحم و پێغەمبەرایەتی ناردراو بێت وەک ڕەحمەت بۆ جیهان و عالەمین.

# هاوکێشەی لاسەنگی میانڕەوان بەرامبەر توندڕەوان

ئەو کۆمەڵگایانەی لە ژێر کاریگەری ئایینیدان، هەرچەندە میانڕەو بن، جێگای ئەمان نین، لە ساتێکدا ڕەنجی دەیان ساڵەی میانرەوی بەبادا بدەن و پارێزگاری موود ومیزاجی ئایینی میانرەوی خۆیان بکەن بۆ هەتا هەتایی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار لەوانە کاتێک توندڕەوان تا دێن توندرەوتر دەبن، رەخنە و گاڵتە و تەوس ئاڕاستەی میانڕەوان دەکەن، زۆرجار لەبەر بی بناغەیی و میانڕەوی شیعاراتی ودروشمی بەبی قوڵبوونەوە لە لۆژیکی میانرەوی و کارکردن لەسەر ڕووتکردنەوەی بنەما و لۆژیکی توندڕەوی بە شیوەیەکی زانستی، ئەو کەسە زۆر بێ هێز دەکات بەرامبەر لاقرتێی توندڕەوان وهەوڵی پوچەڵکردنەوەی ئەو رەخنانەی توندڕەوان لێانەوە دەگرن، نەک بە تێکشکاندنی بنەماکانی توندڕەوی، بەڵکو بە موسابەقە لەگەڵ کردنیان و نزیک کردنەوەی وتاریان لە وتاری توندرەوان، تا بڵێ ئەوە نیە منی میانڕەویش وەک ئێوەی توندڕەو بانگەوازی ئەو کار وبیرانەی ئیوە دەکەم، کەوابوو منیش موسلمانی ڕاستەقینەم وەک ئێوە، تاکەی پیرۆزیم پێ نادەن؟!!

ئەو لۆژیکە هەر لە کۆنەوە لەناو مێژووی ئسلامدا هەبووە، هەر لەپاش سەرکەوتنی مدرسەی سەلەفیەتی ئەهلی حەدیس بەسەر گۆڕەپانی ئیسلامی زۆر لە زانا و شوێنکەوتووانی مەزاهیب و ڕێچکە بەهیزە نا سەلەفیەکان تووشی جۆریک لە توانەوە بوون لەناو مەقولات و جیهانبینی تەسکی سەلەفیەت، کەزۆرجار بوەتە هۆی لەناوچوونی مەزاهیبی زۆر گەورە ومەزن ومرۆدۆست، وەک مەزهەبی ئیمامی ئازادیخوازان ئەبو حەنیفە، کە لەبەر ڕێچکە گۆڕینی قوتابیانی، هەموو بیرورا ناوازەکانی ئەو ئیمامە بەدەستی قوتابیانی خۆی سەرەنگووم بوو، بەڕادەیەک گومان لە هەموو ئەو قسانە دەکەیت کە لە کتێبەکانی پاشە خۆی دراوەتە پاڵی، و وەک ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و شافیعی وێنا دەکرێت، کە کەسێک بووە بە موو جیاوازی نەبووە لە سەلەفیەکانی ئەهلی حەدیس!

بۆ نمونە قوتابی یەکەمی ابو یوسف القاضي هێشتا ابو حنیفە لە ژیاندا بوو کە خەریکی حەدیس و بایەخدان بوو بە حەدیس تا وای لێهات بوو بە حافظ و ثقة ی ناو ئەهلی حەدیس، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دابڕانێکی مەعریفیەلەگەڵ مەنهەجی ئەبو حەنیفە کە دەڵێن تا مردیش باوەڕی بە بیست حەدیس نەبوو لەو بەحرە بێ سەربنەی حەدیسدا، هەرچەندە هێشتا تۆمارکردنی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستی پێ نەکردبوو، ئەبو حەنیفە پەیڕەوی ئیسلامیکی قورئانی و عەقڵ ولۆژیکی دەکرد وەک دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەهلی رەئی.

قوتابیەکەیتری حاڵی لە ابو یوسف باشتر نەبوو، محمد بن الحسن الشیباني وەک ئەهلی حەدیس بەدوای کۆکردنەوەی حەدیس گەشتی دەکرد و بوە یەکێک لەوان، هەر بۆیە فیقهـ و بیروڕاکانی ابو حنیفە لە قۆناغی نوسینەوەیدا گۆڕانکاریەکی ڕەگ وڕیشەیی بەسەرداهات و دابڕانێکی مەعریفی لێی ڕوودا، و حەنەفیەکانی پاش ئەو دوو میراتگرەی ئەبو حەنیفە هەر خەریکی بەرگری کردن بوون لە ئەبو حەنیفە کە لەلایەن ئەهلی حەدیس بە توندترین شێوە سەرکۆنە دەکرا تا ڕادەی تەکفیرکردنی، بەڵام بەرگری حەنەفیەکان لە ئیمامی ئەبو حەنیفە لە هەمان کاتدا سەرکەوتن بوو بۆ سەلەفیەکان و شکست بوو بۆ ئەبو حەنیفە، چونکە هەموو بەرگریەکە بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنن کە ئەبو حەنیفەش فەرمودەپەروەر بوو وەک سفیان الثوري و ابن معین و الاعمش و احمدی کوڕی حەنبەل وهتد..

بەو شێوەیە هەموو کەلەپوری ئازادیخوازانەی ئەبو حەنیفە بەدەستی قوتابیەکانی خۆی زیندەبەچاڵ کرا وتەحریف کرا، ومن گومانم نیە لەوەی زۆربەی بیروباوەڕەکانی کە لە پێناویاندا ئەبو حەنیفە حەشری پێکرا لەلایەن قوتابخانەی ئەهلی حەدیس ، هەر بەدەستی قوتابیانی دوورخرایەوە لە تۆمارکردنی، ئەوەندەشی پێمان گەیشتوە لەلایەن نەیارانی پێمان گەیشتوە کە دوور نیە جەندین موبالەغات و درۆشیان خستبێتە سەر، لەگەڵ ئەوشدا لە نیو ئەوانەی ناحەزانیشی گواستیتیانەوە دەتوانین جوانی وئازادیخوازی و بلیمەتی ئەبو حەنیفە بەدی بکەین.

هەر دوێنی جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بولنت ئارینج لەژێر کاریگەری توندرەوان دەڵێت: نابیت ئافرەت لە شوێنی گشتیدا پیبکەنێت! من ئاگادارم چۆن توندڕەوان ڕەخنە لە ئەردۆگان و حزبەکەی دەگرن سەبارەت بەمیانرەوییان، تا ڕادەی تەکفیر کردنیان بە توندترین شێوە!! کەچی ئەو حزبەش چونکە لە میانڕەویدا گوزارش لە بیروڕای خەڵکی گشتی میانڕەو دەکات بەردەوام لە سەرکەوتندایە، بەڵام لەوە دەچێت جێگرەکەی ئەردۆگان، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی حزبەکەش، لە ژێر کاریگەری توندڕەوان ئەو شەکرەی شکاند بێت کە ناڕەزاییەکی سەرتاسەری تورکیای لێکەوتەوە، ئەو نازانێت ڕازیکردنی توندڕەوان ئامانجێکە بەدەستنایەت تا نەبنە داعش بیر، و بە دەنگی خەڵکی تەندروست ومیانڕەو چەندین سالە حوکم دەکەن، ئەگەر پشتیان بە دەنگی توندڕەوان بەستبا ئێستا دوو کورسیشیان نەبوو لە پەرلەمانی تورکیا.

نمونەیەکی تریش ئەو هەواڵە شۆک هێنەرەی یەکگرتوو بوو کە لەواڵی هاوڕێم کاک محمود یاسین کوردی گواسترابویەوە کە دەڵێت: " لە چوارچێوەی ئیصلاحاتی فیکری و سیاسی و کرانەوە و تەجدید بە بیانووی دەنگ کەم کردن، چەند کەسێکی دەستڕۆیشتووی بریاریانداوە لە ئایندەیەکی نزیک یان دوور (بێژەری

ئافرەت) لە سەر شاشە قەدەغە بکەن، فەشەلی قیادەکردنی خۆیان دەخەنە سەر (رەگەزی مێ) و دەستی چەوری خۆیان بە لەچکی ئافرەتان دەسڕن" کاک محمود کوڕێکی بە توانا و بوێرە وچەندین جار زۆر زانستیانە ڕەخنەی بوێر دەگرێت لە حزبەکەی، نازانم سینگی ئیخوان ویەکگرتوو چۆن تا ئێستا بەرگەی دەگرن!

دیارە یەکگرتوو لاسایی دڵشاد کەلاری سەلەفی دەکەنەوە لە جیاتی ئەوان ڕەخنە لەو لۆژیکە سەقەتەی دڵشاد بگرن، کە هەتا لەناو کۆمەڵیش لێی بێدەنگ نەبوون کاتێک گووتی: بێژەری بۆ ئافرەت حەڕامە، دیارە ئەو چەند دەستڕۆیشتووانەی ناو یەکگرتوو لە جیاتی گەڕان بە دوای هۆکارە هەقیقیەکانی ئەو نوشوستیە گەورەی هەڵبژاردنیان بەدوای ئاسانترین و لاوازترین قوربانی دەگەڕێن تا تۆڵەی فەشلە سیاسیە گەورەکەی خۆیانی لێ بکەنەوە و دەستی چەوری خۆیان بە لەچکی ئافرەتان دەسڕن، بە گوزارشی کاک محمود؟!

لە جیاتی دانیشن و توێژینەوەیەکی ورد و زانستی هۆکاری فەشەلیان بکەن، لە جیاتی ئەوە پەنایان بۆ هۆکارێکی توندڕەوانە بردووە کە کەسانێک لە سەلەفیەکان پێیان وایە کە یەکگرتوو کەوتوەتە ژێر کاریگەری هێزە عەلمانییەکان و خەریکە وەک ئەوانی لێدێت بۆیە یەکگرتوەکان لەبەر غیابی وەعی وهۆشیاری میانڕەوی جگە لە دروشم وئیدیعادا، بە ئاسانی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو وتارە غەیبیە و غەبیەی سەلەفیەکان وداوا دەکەن یەکگرتووش بەرەو داخراوی ببەن تا خەڵک لێیان ڕازی بێت!!

کە میانڕەو دامەزراو نەبوو ، تەژی بوو لە حزبایەتی و دەمارگیری دەستەگەری، وبەڵگەی مەنهەجی میانرەوی پێ نەبوو، فێری توێژینەوەی زانستی نەکرا لە پوچەڵکردنەوەی بنەماکانی فکری توندڕەوی، زۆر ئاسانە لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا ببێتە توندڕەوێکی تۆبەکار لە میانڕەوی!

## قیامەت دۆستی ودەرەنجامی نەبوونی ڕیفۆرمی هەقیقی

لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین وا پێناسەی خۆیان کردوە: (ئیسلام، پەیام و حکومڕانییە، شمشێرو قورئانە، ئاین و دەوڵەتە....) کەواتە ژیان لەکوێی ئەم مەملەکەتەدایە؟

ئیخوان کوڕی ئەو فەرهەنگە دینیەیە کە هەزاران کتێب و دەستنووسی بۆ [ذم الدنيا] زەمکردنی دنیا تەرخان کردوە، دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان واریسی شەرعیتی تەنها زیندانێکە بۆ ئیماندار و خۆشەویستی دنیا سەری هەموو گوناه وتاوانێکە! بۆ ئەوە کراوە بلیتی ئاخرەتی تێدا مسۆگەر کەیت، باشترین ڕێگاش بۆ مسۆگەرکردنی بلیتی بەهەشت، کارکردنە بۆ [مەنهەجەکەی خوا] و عیبادەتی زۆر و بایەخ نەدانە بە دنیادا. بۆیە ژیان تەنها بریتیە لە قورئانێک هیدایەت دەدات و شمشێرێک سەرت بخات! بۆیە ڕووبەری ژیان زۆر تەسک دەبێتەوە، هەتا لەو بوارەوە قورئانیش تەوزیف دەکەن بە ئایەتگەلێکی وەک: [اعلموا أنما الحياة الدنيا لعب ولهو وزينة] الحديد: 20. [ فأعرض عن من تولى عن ذكرنا ولم يرد إلا الحياة الدنيا ذلک مبلغهم من العلم] [النجم: 29–30].

یان حەدیسی وەک: الدنيا سجن المؤمن وجنة الكافر» رواه مسلم. [دنیا زیندانی ئیمانداره و بەهەشتی کافره]. [لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة ما سقى منها كافراً شربة ماء]. رواه الترمذي وصححه. [ئەگەر دنیا قیمەتی باڵە مێشولەیەکی هەبا خودا یەک قومە ئاویشی تیایدا بە کافر نەدەدا].

[الدنيا ملعونة ملعون ما فيها إلا ما كان لله منها] [دنیا نەفرەتیە و ئەوەشی تێیدایە نەفرەتییە، تەنها ئەوەی بۆ خوا بێت].

ئینجا سەلەف و زانایانی تریش لەسەر ئەو ئەساسە هاتوون هەزاران چیرۆک و قەولیان گوتوە لە دژی دنیا بێ ئەوەی هیچ هاوسەنگیەک بکەن لەگەڵ ئەو ئایەت وحەدیسانەی کە لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤەوە لە دنیادا دەڕوانن! [حب الدنيا رأس كل خطيئة] [خۆشەویستی دنیا سەری هەموو تاوانەکانە!]. [الناس نيام، فإذا ماتوا انتبهوا.]. [خەڵک نووستوون، کاتێ دەمرن بە ئاگا دێن!]!!

سەلەفێک دەیگووت:[رأيت الدنيا في النوم عجوزاً مشوهة الخلقة حدباء]. [دنیام دیت لە خەودا پیرەژنێکی قۆتری شێواوی پشت چەماوە بوو!!]

ئیمامی عەلی دەڵێت: إنما سميت الدنيا دنيا لأنها أدنى من كل شئ [بۆیە ناو نرا دنیا چونکە نزمترین، ادنی لە هەموو شتێک!] هەروەها دەڵێت: أخرجوا من الدنيا قلوبكم قبل أن تخرج منها أبدانكم ، ففيها اختبرتم ولغيرها

خلقتم .[دڵتان لە دنیا دەربکەن، پێش ئەوەی جەستەتان لێی دەرچێت، تیایدا تاقی دەکرێنەوە و بۆ غەیری ئەو دروست کراون!]

هەروەها دەڵێت:الدنیا سوق الخسران [دنیا بازاڕی دۆڕاوە].

مرۆڤی موسڵمانی هاوچەرخ هەر لە منداڵیەوە زەمی دنیا و دزێوکردنی بۆ دەڕازێننەوە، بۆیە ئەگەر لەبەر بژێوی نەبێت، هەر بەو بێت کاریش نەکات، تا لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی سیما قیامەتی دروست دەکەن، کەمترین بایەخ بە دنیا نەدات. ئەگەریش دای تەنها بۆ بەدەستهێنانی بلیتی ئاخیرەت بێت! ئەو ئاڕاستە کردنەش بێگومان بەهای نێگەتیڤی زۆر لە کۆمەڵگا دەچێنیت، هەموو کارێکی هونەری و زانستی ئەگەر ڕاستەوخۆ بەهایەکی دینی تیادا نەبینرێت سەرکۆنە دەکرێت، وەک بۆ نمونە نوسینی ڕۆمانێک، یان سەرکەوتن لە وەرزشێک، یان داهێنانی پارچە مۆسیقایەکی دەگمەن. بۆیەش دەبێتە هۆی سستی و خاوی سەرتاسەری.

لەو سۆنگەیەوە ئەنجام و کاردانەوەی نەبوونی هەولی جیدی ریفۆرمخوازی لە ئیسلامدا کارەساتبارن، چۆن؟ ئەنجامەکانی زۆر گەورە و ڕاشکاون وەک دەبینین: هەڵئاوسانی دین زیاد لە سنور و قەبارەی خۆی لەناو کۆمەڵگاکاندا! بڵاوکردنەوەی نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێ وبێ متمانەیی.. دواکەوتوویی لە بواری ژیاری وسیاسیدا... زۆرکردنی بازنەی دوژمن بە موسڵمانان بە کردەوە دوژمنکارەکانی ئیسلامی سیاسی... ڕێگەدان بە زاڵبوونی وتاری کۆنی تەقلیدی توندڕەو، و دروست نەکردنی وتارێکی بەدیل لەلایەن شارەزایان. وئەنجامی زۆری تریش.

کاردانەوەشی زۆر زۆرە، بۆ نموونە ئێستا شەپۆلێکی ئەتێستی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی گرتیتەوە، لەو باوەڕەدام هەموو یەکێک نەترسابا وەک ئەوروپاییەک بە ئاسایی بڵێت: من باوەڕم بە خوا ودین نییە، یان بە دین ونبوەت ئەوە ژمارەیەکی زۆرمان دەدیت.

لە کاردانەوەکانی لە کۆمەڵگەی کوردی دەبینین چۆن خەڵکانێک بەدوای ئەلتەرناتیڤی دینی ئیسلام دەگەڕێن، کە لەو ڕۆژگارە یان مولحید بوونە یانیش دۆزینەوەی دینیترە وەک مەسیحیەت وبەودوایەش زەردەشتیەت!

هەرچەندە من چارەسەر لە گۆڕینی دیندا نابینمەوە، چونکە جارەسەرێکی واقیعی نیە و سەر ناکەوێت، کێ دەتوانێ میللەتێکی کە خۆشی دنیای گوێدانە وتاری مەلایانە لە میدیای بینراو و بیسراو، بگۆڕیت بۆ دینێکی تر؟! ئەوە سەرەڕای ڕەگ وریشەیی مێژوویی ئیسلام وەک دین لەناو کۆمەڵگادا.

ئینجا تەنگژەی کورد بە زەردەشتیەت چارەسەر نابێت، چونکە ئەویش ئەو سێ وشەیە نییە: بیری چاک و وتەی چاک و کرداری چاک، کەوابزانم زۆربەی ئەوانەی پێی سەرسامن وادەزانن هەر هێندەیە! جارێ زەردەشتیەت دیانەتێکی سەردەمی منداڵکاری مرۆڤە وەک وەرگێڕی ئاڤێستا بۆ عەرەبی دەڵێت: ئاڤێستا ساتی منداڵی گەلانی ئاری: کوردی و ئەرمەنی و فارسی و تاجیکی و ئەفغانییە.. ئینجا دیانەتێکە لە زۆر ڕوەوە لێکچوونیکی ترسناکی هەیە بە ئیسلام، وەک پێنج نوێژ کردن و دەستنوێژ شوستن و پردی سیڕات و ئیسرا ومیعراجی زەردەشت وفەرزکردنی عیبادەتەکان لە ئاسماندا! و هەروەها بڵاوبوونەوەی بە زەبری شمشێر، ئینجا بوونی هەندێک شتی ناماقوڵ ونەخوازراو، وەک نەناشتنی مردوو، و بەکارهینانی میزی گا و گۆلک بۆ پاککردنەوەی زۆر شت! یان وەک سزا، ئینجا بوون قەسوەتیکی زۆر لە هەندێک لە دەقەکانی ئاڤێستا کە دەگاتە رادەی کەوڵکردنی مرۆڤ بە زیندوویی لەبەر ئەنجامدانی کارێکی زۆر سادە وبێ ئەرزش!

من گەڕانەوە بۆ زەردەشتیەت وەک کاردانەوەیەک دەبینم لەسەر ئەو شەپۆڵە گەورەیەی توندوتیژی ئیسلامی سیاسی جیهادی بە دونیادا، بەڕای من زەردەشتیەتیش نەبێت، لەوانەیە خەڵکێکی زۆری کورد بە دوای بەدیلی تر بگەڕێن، لەبەر زامداربوونیان بەدەست دڕندایەتی ئیسلامی سیاسی جیهادی و زەرەرمەندبوونی کورد بە ڕادەیەکی زۆر، هەروەها لەبەر نەبوونی ڕیفۆرمێکی جیدی نە لە جیهانی ئیسلامیدا و نە لە کوردستاندا.

## بەشی دووەم

## ئیسلامی سیاسی و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی لە کوردستان و جیهان دا


- ئیسلامی سیاسی و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی ........ 39
- کێشەی بۆرکینی نییە، کێشەی ڕق وروژاندنە لە فەڕەنسا ........ 41
- فزوڵیەتی ئیسلامیەکان و هاوسێ سەرخۆشەکەی ئەبو حەنیفە ........ 44
- فزوڵیەتی ئیسلامی تا ڕادەی مەرگ! ........ 46
- بانگخوازی یان ژەهراویکردنی خەڵک؟! ........ 48
- دین بوون و شیزۆفرێنای دینی! ........ 51
- ترسناکترین ڕەخنە ڕەخنەی دینیە! ........ 53
- فرەژنی مۆدەی گەندەڵ و ئیسلامیەکان! ........ 55
- ئەو تیرۆرستانە بۆ راستڕەوە ڕەیسستەکان کار دەکەن! ........ 57
- خەڵک هەقیانە لە شەریعەت بتۆقێن! ........ 59
- ئۆپۆزسیۆنی مۆدرن و ئۆپۆزسیۆنی ئاینی ........ 61
- هەڵچوونی دووفاقی! ........ 65
- ئێران و دەستی تیرۆرستی ........ 67
- هاوپەیمانی دوو ئەهریمەن لە دژی کورد ........ 74
- کورد وەک میللەتێکی دوژمن دۆست! ........ 79
- لە پێناو نەوەیەکی دینداری داعشی تورکی داروێنیشی سڕیەوە لە تورکیا! ........ 82
- کاریکاتێرەکان خراپترن یان بڵێیت: پێغەمبەری ئیسلام ئوستادی هونەری تیرۆرە؟! ........ 84
- بکوژەکەی موسڵمانەکەی ئەمریکا لەوەدەچێت هاوڕەگەزبازێکی تۆبەکار بێت! ........ 85
- بە سەرکەوتوویی توانیتان مسلمین بکەنە مجرمین ........ 87
- جیاوازی عەقیدی نێوان سوونە و شیعە! ........ 88

# ئیسلامی سیاسی و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی لە کوردستاندا

حزبی ئیسلامی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەگەر قازانجی بۆ گروپێکیش بێ، بێگومان زیانی هەیە بۆ زۆربە، چونکە کاردەکات لەسەر پۆلێن کردنی خەڵک بۆ ئیسلامی ونا ئیسلامی وبڵاوکردنەوەی فۆرم ودیدو نۆرمی دینی بە سیاسیکراو، هەتا لە زۆر لەو نێوەندانەی حزبە ئیسلامیەکان کار بەوە گەیشتوە پەیوەندیان زۆر سارد وسڕ دەکەن لەگەڵ خەڵکانی نا ئیسلامی و بەڵکو هەتا ژنە ژن خوازیش تەنها لە ناو بازنەکەی خۆیان دەکەن، زۆرجار بازنەی ئیخوانی کچێکی بە ڕوا نابینێت بۆ کوڕێکی کۆمەڵ، یان سەلەفیەک کچێکی ناداتە ئیخوانیەک کەلای ئەو عەقیدەی تەواو نیە!

ئەو بازنە ئیسلامیانە سەردانی خەڵکی ئاسایی موسڵمانیش کەمتر دەکەن لەوەی کە سەردانی یەکتر دەکەن. لە نێوان خۆیان ناو لەو موسڵمانە ئاساییە نا ئیسلامیانە دەنێن بە جاهیل! لە ڕووی سیاسیشەوە بەرای من بە سیاسیکردنی دین لایەنی نیگەتیڤی زۆر زۆرترە لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی، یەکەم هوشیاری مەدەنی وديموکراسی زۆر دوا دەخات، گەنجان لە جیاتی خەریکی خەباتکردن بن بۆ داواکاریە سەرەکیەکانی نەتەوەکەیان ومافی مرۆڤ و چەمکە دیموکراتیەکان، زیاتر خەریکی زیندووکردنەوەی چەمکە دینیەکان و پۆلێن کردنی خەڵک بۆ کافر و موئمین و فاسیق و بیدعەچی و شتی ترن.

یەکێک لە هەڵەکانی دەسەڵاتی کوردیش لە دژی ئەو حزبە ئیسلامیانە، لەباوەش گرتنی گروپێکی سەلەفی توندڕەوە لە رووی فیکری و تێڕوانینی سەردەمەوە، کە ڕەوتی مەدخەلیەتی سەلەفیە، کە لە هەموو وڵاتێک پشتگیری لە دەسەڵاتی گەندەڵ دەکەن تا باڵادەستی بەدەست دەهێنن، وهەموو جۆرە لێپرسینەوەیەک و ئۆپۆزسیۆن بوون و ڕەخنەگرتن وخۆپیشاندانێک بە حەڕام دەزانن وبە دژی بنەماکانی ئەهلی سونە وجەماعەی دەزانن !

ئەو ئیسلامی سیاسیە و سەلەفیە حکومیە بە شێوەیەکی ویستە و نەویستە، دەبنە هۆکارێک بۆ توندڕەوی و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لەفزی و جەستەیی و بیری توندڕەوی. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان پێش وپاشی دروست بوونی ئەو حزبە ئیسلامیانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە ڕوونی هەست بە بوونی توندڕەوی‌ەکی زۆر دەکەیت لە دوای دروست بوونیان. کە تۆ خەڵکت بەس خەریک کرد بە دەقە دینیەکان و وەعزی دینی، کردنی دین بە پێوەر بۆ هەموو کار و چالاکیەکی گەورە و بچوکی کۆمەڵ، هەتا چوونە ئاودەستیشت بەبێ دوعای چونە ئاودەست نەبوارد! لە هەمووی ترسناکتر بڵاوکردنەوەی دید و پرنسیپەکانی ولاء وبراء [سەرپێبوون و بێ بەریبوون] بێگومان خەڵکانیک کە هیچ سەرچاوەیەکی تری فەرهەنگی شک

نابەن، وبەردەوام بۆردومان دەکرێن بەو وتارە ئیسلامیانە، دەبیتە هەڵگری دیدێکی بەرتەسک و توندڕەوانە بۆ ژیان!

بەڕای من ئەگەر ئەو حزبە ئیسلامیانە زیاتر وەک پرۆژەیەکی خێرخوازی و وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریان کردبا بۆ بڵاوکردنەوەی بەها بالاکانی دین وەک خۆشەویستی نیشتیمان، دژایەتی گەندەڵی ودزی وتاڵان، نەخواردنی حەڕام و چاکبوون لەگەل کەس وکار وهاوسێکانت، وەک گروپێکی فشاری مەدەنی وکۆمەڵایەتی کاریان کردبا باشتر ئەنجامی پۆزەتیڤیان دەبوو.

# کێشەی بۆرکینی نییە، کێشەی ڕق وروژاندنە لە فەڕەنسا

بەداخەوە توندڕەوان و تیرۆرستان کاریگەری پڕ لە نێگەتیڤی خۆیان لەسەر بچوکترین تا گەورەترین لایەن و بواری ژیانی خەڵک بە جێ دەهێڵن.

ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ بکەین، ئەوان بوونەتە هۆکاری نائارامی و دروستکردنی دۆزەخەێکی سەردنیا بۆ خەڵکانێک هەموو هیوایان ئەوەیە بە ئاشتی وئارامی ئەو چەند ساڵەی تەمەنی خۆیان و منداڵیان بەڕێ کەن! بوونەتە هۆی ئاوارەبوونی ملیۆنەها کەس، و دەربەدەربوونیان لە زستانی سارد و هاوینی گەرمەسێر! بوونەتە هۆی بێوەژن کردنی ملیۆنەها ئافرەت و بێ ناز و بێ باوک کردنی ملیۆنەها کچ و کوڕ، و خوشک وبرا!

بونەتە هۆی جەرگ سووتاندنی ملیۆنەها دایک... ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو بریندار و سەقەت و نەخۆشیە دەروونی وجەستەییەی بونەتە سەبەبکاری!

لە خۆرئاواشدا، لە بیرمە پێش کردە تیرۆرستیەکانیان، چ دنیایەکی ئارام و بێ کێشە بوو ئەو وڵاتانە، کەچی پاش ئەو کردە تیرۆرستانەیان بوونەتە هۆی:

گومان خستنە هەموو موسلمانێک یان هەتا سیما خۆرهەڵاتیەک...لەبەر ئەوانە وا بێزاری دەردەبرن لە کەسانێکی ئاوارە، کە هیچیان لە ژیاندا نەماوە، جگە لەو پەناگەیەدا! لەبەر بوونی ئەوانە لە دەیان شوێن دەبێت بە سەعات لە سەرە بوەستیت بۆ پشکنین. وەک فڕۆکەخانەکان و شوێنی تریش.

لەبەر ئەوانە ئەوەی سەروسیمایەکی ڕۆژهەڵاتی هەبوو، با لە غاندیش ئاشتیخوازتر بێت، دەبێتە مایەی گومان لیکردن! هەر خۆم بەر لە چەند ڕۆژێک لە لەندەن، لەسەر شۆستەیەکی چۆڵ و فراوان دەڕۆیشتم، پیاوێکی ئینگلیز بە سەگەوە لەو شۆستە پان و بەرینە لە دواوەی مندا بە دەنگێکی دزێوی بەرزی پڕ کەراهیەت دەڵێت: کەمان موووڤ، دەی لاچۆ! من تووشی شۆک هاتم کە دیتم شۆستەیەکی پان وبەرین وچۆڵە کەچی وا شەڕ بە من دەفرۆشێت! تەنها وەڵامم دایەوە: تۆ دەتوانی بەلایەکیتر بجوڵییت، بڕۆ پشکنین بۆ چاوت بکە!

بەس دڵنیام کە ئەو ڕەفتارە لە ڕقێکی ڕەگەزی بوو دژی هەر دەموو چاوێکی خۆرهەڵاتی، ئەو ڕەیسیستە گەمژەیە چووزانێ من شەو و ڕۆژ دژی توندڕەوی دەجەنگم لە فیکر وڕەفتاردا؟! لەبەر ئەوانە خەریکە نەهێڵن ئافرەتی موسڵمانی ئاساییش حیجاب بخاتە سەری، وەک هەڵبژاردەیەکی کەسی خۆی...کوشتنی خەڵکی فەرەنسا بەو وەحشیەتەی کە ڕوویدا لە شانۆکەی پاریس و لۆریەکەی نیس و سەرپەڕاندنی

قەشەیەکی نزیک نەوەت ساڵی، کاردانەوەیەکی گەلی و حکومەتی توندی دروست کردوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر سنووری عەقڵانیەتی سێکیولاری خۆرئاوایی تێپەڕداوە.

ناکرێت تۆ دژی دووکانی گۆشتی حەلال ئیجرائات و ڕێکاری وا بکەیت، کە ماقوڵ نییە بیبەیتە ڕیزی مەترسیەکانی تەشەنەکردنی توندڕەوی ئیسلامی! ناکرێت تۆ ئافرەتێکی موسڵمانی دەورەدراو بە هەزاران مەکە و بکە، لەسەر دەریا هەراسان کەیت، و سزای بدەیت بە ٣٨ یۆرۆ، چونکە بە جلێکی مەلەی ئیسلامی کە پێی دەڵێن بۆرکینی هاتۆتە سەر کەنارەکە!

ئەو ئافرەتە ئەگەر وەک توندڕەوێکی تیرۆرست بیرکاتەوە، لە بنەڕەتدا نایەت بەو ناوە، ئەو هەموو ژن و پیاوە نیمچە ڕووتانە ببینێت! ئێستا لە سایەی سەری توندرەوان و تیرۆرستان کە بەس نەبوو وڵاتانی ئیسلامیان کاوڵ کردوە وپڕاوپڕ کردوە لە کوشتن و خوێنڕژتن و نەهامەتی و کارەسات، لێرەش لە خۆرئاواش هاتوون واز لەو کەسانە ناهێنن کە لە ئەنجامی کارە گڵاوەکانی ئەوان و گەندەڵکاران و فەسادی سیاسی وباقی کارەساتەکانیتر ڕایان کردوە!

ئێستا لە فەرەنسا کە پایتەختی ئازادییەکانیان پی دەگووت، لە زیاتر لە ١٥ شاردا لەبەرکردنی بۆرکینی لەسەر کەناری دەریاکان قەدەغەکراوە! ئەوەیە ئەنجامە تاڵەکانی توندڕەوی و تیرۆرستی، و کوشتنی خەڵکی مەدەنی بەو شێوەیە بێ عەقڵانەی تیرۆرستان، ڕۆژ بە ڕۆژ فشار زیاتر دەبێت لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان وەک ئافرەتێکی سزادراو لەو ڕاپۆرتە هاوپێچەدا دەڵێت:

'Today we are not allowed on the beach. Tomorrow, the street? Tomorrow, we'll be forbidden from practicing our religion at all?

ئەمرۆ ئێمە قەدەغە دەکرێین لەسەر کەنارەکان، بەیانی لەسەر شەقامەکان، دوو بەیانی قەدەغە دەکرێین لە هەر هەموو کارە پەرستشیەکانمان!!

ئەوە کارەساتە، بەڵام کۆمەڵگا ئیسلامیەکانیش بەرپرسیارەتی دەنگ هەڵبڕینیان لەسەرە دژی ئەو تیرۆرستانە، دەبوایە پاش کارەساتەکانی فەرەنسا، ملیۆنیک لەو شەش ملیۆنە موسڵمانەی فەرەنسا بجووبانە سەر شەقام لەدژی تیرۆرستان، تا کەسانێکی ئازادیخوازی فەرەنسا بتوانن بەرگریان لێ بکەن. ئەوە ڕای هەموو بیرمەندانی مەدەنی کۆمەڵگای موسڵمانی فەرەنساشە.

سەرەڕای ئەوەش ئەو قەدەغەکردنانە مشتومرێکی زۆری وروژاندوە لە فەرەنسا، خەڵکێکی زۆری فەرەنسا دژی وەستاونەتەوە.

دەنگدانەوەی سنوری فەرەنسای تێپەڕاند بۆ هەموو خۆرئاوا، جاکترین هەڵوێست تا ئێستا بینیبم، هەڵوێستی جۆستین تروداوی سەرۆک وەزیرانی کەنەدایە کە دژی قەدەغەکردنی بۆرکینی بوو لە وڵاتەکەی، و گووتی: کەنەدیەکان دەبێت لە سەرووی کیشەی مستومڕ لەسەرکراوەکان بن، داوای ڕیزگرتنی کرد لە ماف و بژاردە تاکەکەسیەکان.

٢٠١٦/٨/٢٤

## فزوڵیەتی ئیسلامیەکان و هاوسێ سەرخۆشەکەی ئەبو حەنیفە

ئیمامی گەورە ئەبو حەنیفە کە بە من یەکێکە لەو مەزنانە کە پێش سەردەمی خۆی کەوتبوەوە، لەبەر ئەو هەموو فزوڵیەتەی ئیسلامیەکان کە بەوان بێت لەناو ماڵەوەش چاودێری خەڵک بکەن، نەک تەنها لەناو نووسین و فەیسبوک و دەرەوە! کە بەراورد دەکەیت لە نێوان ئەبو حەنیفەی پێش هەزار و سەد ساڵ زیاتر لەگەڵ ئسلامیەکانی هەزارەی دووەم و سەدەی بیست و یەک، دەزانی ئەو ئیسلامییە سیاسییە چەندە پڕۆژەیەکی فاشیلە و چەند خەڵکیان بۆ دواوە گەڕاندۆتەوە!

دەڵێن هاوسێیەکی پینەچی هەبوو، هەموو شەوێک بەدەم ئارەق خواردنەوە هەر شیعرێکی دەگۆت کە دەڵێت:

اضاعوني وأي فتى اضاعوا لیوم كريهة وسداد ثغر

## منیان فەوتاند ونازانن چۆن کوڕێکیان فەوتاندوە!

شەوێکیان ئیمامی گەورە دەنگی پێک و کاس وشیعر خوێندنەوەی سەرخۆشەکەی گوێ لێنەبوو، نەیگووت الحمد لله انشاڵلا تۆپیوە!، بەڵکو نیگەران بوو و سۆراخی کرد گوتیان لە دوێنی شەوەوە شورتە گرتویەتی، هەر ئەو شەوە پاش نوێژی بەیانی جل وبەرگی خۆی لەبەر کردو چوە لای ئەمیری شار عیسی بن موسی، داوای ئازادکردنی هاوسێیە موزعیجەکەی کرد، ئەویش لەبەر ڕیزی ئیمامی گەورە ئەوەی لە زیندان بوو هەموویانی بەردا، لەکاتی گەرانەوەی ئەبو حەنیفە وهاوسێیە عارەق خۆرەکەی گوت: یافتی، هل اضعناك؟ کوڕە لاو تۆمان فەوتاند؟

کابرای هاوسێی گوتی: بل حفظت ورعيت جزاك الله خيرا. نەخێر، بەڵکو منتان پاراست وریعایەتتان کردم، خوا جەزای خێرت داتەوە!

ئە پینەدۆزە عارەق خۆرە لە دواییدا تۆبەی کرد وبوە یەکێک لە فەقیهەکانی کوفە، بێ ئەوەی ئیمام هەتا پێی بڵێت هیچی تر عارەق مەخۆرەوە!!

ئەو ڕوداوە ڕوداوێکی پێچەوانەی ئەوەمی یاد خستەوە، برایەکی زۆر بەڕێزی سلێمانی بۆی گێڕامەوە لە کەسێکی نزیکی خۆی ڕویدابوو، گوتی خزمێکی هەبوو پیاوێکی کەمێک لە تەمەندا بوو هەموو ماڵ ومناڵەکەی جێیان هێشتبوو وچوبونە دەرەوە، دیارە ئەو نەیویستبوو بچێتە دەرەوە لەو تەمەنە.

ئەو پیاوە وەک باسی دەکەن زۆر بێدەنگ وبێ زیان بوو لە ماڵی خۆی دادەنیشت کەمێک ئارەقی دەخواردەوە ودەخەوت، هاوسێیەکی توندرەوی لێ پەیدا بوو دیواریان بە یەکەوە بوو، ڕۆژێک ئەو هاوسێیە کە دیتی ئارەق دەخواتەوە لەسەر دیوارەکە هاواری بۆ کرد: هەی پیرە سەگ شەرم ناکەیت دەخۆیتەوە، هەی

دەیوس وهتد، نەڕۆژێک ونە دوان، ئەو برادەرە کردیە پیشەیەکی شەوانە هەموو شەوێک جوێنی بەو پیاوە داماوە دەدا کار گەیشتە هەرەشە لێکردن بە کوشتن ئەگەر واز نەهێنێت، ڕۆژێکیان، کابرای بە تەمەن سەرەرای هێمنی ئەتواری تورە بوو گوتی:

باوکم وازم لێ بێنە من لەناو ماڵی خۆم دانیشتوم وکێشەم زۆرە تاقەتی کێشەی ترم نیە، کەچی توندرەوە بەڕێزەکە زیاتر هەرەشەی کرد وهەزار جوێن بە عانەیەک. کابراش ئاگاداری کردەوە ئەجارە بێیتە سەر ئەو دیوارە قسەی ناشیرین بکەیت ئەوەی خراپە دەیکەم، بۆ شەوی داهاتوو توندر بوو جوێن وهەرەشەی زیاتر کرد، کابرای بە تەمەنیش پێی گوتبوو، ئێستا نەڕۆیت قەسەم بەخوا دەتکوژم، کابرای توندرەو: دەی ئەگەر پیاویت بزانم چۆن دەمکوژیت، کابرای بەتەمەن دەمانچەکەی راکێشابوو گوللەیەکی لەناو دەمی دا!

ئەو بەدبەختە پاش لە دەستچونی هەموو خێزانی وبەتەنهایی هێڵانەوە لەو شارە، کابرای توندرەوی چوارپێ وازی لێ نەهێنا وسەبارەت بەو کوشتنە ١٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕیار درا، وتا ئێستاش بەو تەمەنە وبەو پیریە ڕۆژەکانی لە زیندان بەسەر دەبات، خەڵکی گەرەکەکە هەموو شایەدی بۆ بێوەیی وبێ دەخلی ورێزمەندی ئەو پیاوە دەدا..

ئەوەیە جیاوازی لە نێوان ئەو ئیسلامەی ئەبو حەنیفەی گەورە ئیمام تێگەیشتبوو، لەگەڵ ئەو ئیسلامە سەقەتەی توندرەوان کە لە جیاتی موراقەبەی نەفسی خۆیان بکەن موراقەبەی هاوسێیان دەکەن!

هەر بۆیەش ئەو توندڕەوانە لە سەرچاوەوە بەرگەی عەقڵیەتی شارستانی ئەبو حەنیفە ناکەن ولەسەدان کتێبی مل پان تەکفیری دەکەن وپێی دەڵێن ئەبو جیفە، واتە کەلاکی تۆپیو! نازانن مێشکی خۆیان بۆگەنە وەک سیسرکە لە ئاودەست زیاتر هەست بە ئاسودەیی دەکەن تا لە گوڵزاری ئیمامی ئەعزەم رەزاو رەحمەتی خوای لێ بێت.

٢٠١٣/٧/١

# فزوڵیەتی ئیسلامی تا ڕادەی مەرگ!

بەر لە چەند ساڵێ بابەتێکم بڵاوکردەوە بە ناونیشانی [فزوڵیەتی ئیسلامیەکان و هاوسێ سەرخۆشەکەی ئەبو حەنیفە] کە چۆن ئەبو حەنیفە بەوپەڕی ڕەوشت بەرزی و شارستانیەوە مامەڵەی لەگەڵ هاوسێیەکی سەرخۆشی دەکرد شەوانە ئەرەقی دەخواردەوە و گۆرانی و شیعری دەگووت! ئەبو حەنیفە لەو سەردەمە دەیتوانی منداڵە ورتکە و سەرشێتەکانی گەڕەک ومزگەوتی لێ هاندا، تێر شەق و تفی بکەن، یا هەرنەبێ لە هاوسێیەتی ئەبو حەنیفە دەربکرێت! بەڵام ئەو ڕۆژەی هاوسێکەی لە گۆرانی گوتن و زرینگانەوەی پێکی ئەرەق کەوت، ئەبو حەنیفە بەدوای داچوو، کە گیرا بوو لەلایەن والی، هەر خۆی ئازادی کرد لە زیندان!

لەو بابەتە باسی ڕوداوێکم کرد کە چۆن فزوڵیەتی ئیسلامییەکان و چاودێریکردنی خەڵک کارەساتی گەورە دروست دەکەن: " لە ڕوداوێکی هەقیقیدا دۆست و برایەکی زۆر بەڕێزی سلێمانی بۆی گێڕامەوە لە کەسێکی نزیکی خۆی ڕویدابوو، گوتی خزمێکی هەبوو پیاوێکی کەمێک لە تەمەندا بوو هەموو ماڵ ومناڵەکەی چوبونە دەرەوە وڵات، دیارە ئەو نەیویستوە بەو تەمەنەوە بچێتە هەندەران، ئەو پیاوە زۆر بێدەنگ وبێ زیان بوو لە ماڵی خۆی دادەنیشت کەمێک ئارەقی دەخواردەوە ودەخەوت، هاوسێیەکی توندرەوی لێ پەیدا بوو دیواریان بە یەکەوە بوو، ڕۆژێک ئەو هاوسێیە کە دیتی ئارەق دەخواتەوە لەسەر دیوارەکە هاواری بۆ کرد:

هەی پیرە سەگ شەرم ناکەیت دەخۆیتەوە، هەی دەیوس وهتد،، نەڕۆژێک ونە دوان، ئەو برادەرە کردیە پیشەیەکی شەوانە هەموو شەوێک جوێنی بەو پیاوە داماوە دەدا، و کار گەیشتە هەرەشە لێکردن بە کوشتن ئەگەر واز نەهێنێت. ڕۆژێکیان، کابرای بە تەمەن سەرەرای هێمنی ئەتواری تورە بوو گوتی: باوکم وازم لێ بێنە من لەناو ماڵی خۆم دانیشتوم وکێشەم زۆرە تاقەتی کێشەی ترم نیە، کەچی توندرەوە بەڕێزەکە زیاتر هەرەشەی کرد وهەزار جوێن بە عانەیەک. کابراش ئاگاداری کردەوە ئەجارە بێیتە سەر ئەو دیوارە قسەی ناشیرین بکەیت ئەوەی خراپە دەیکەم، بۆ شەوی داهاتوو توندر بوو جوێن وهەرەشەی زیاتر کرد، کابرای بە تەمەنیش پێی گوتبوو، ئێستا نەڕۆیت قەسەم بەخوا دەتکوژم، کابرای توندرەو: دەی ئەگەر پیاویت بزانم چۆن دەمکوژیت، کابرای بەتەمەن دەمانچەکەی راکێشابوو گوللەیەکی خستە دەمییەوە!"

ئەو بەدبەختە پاش دابڕانی لە هەموو خێزانی وبەتەنهایی مانەوەی لە سلێمانی، کابرای توندرەوی فزوڵی وازی لێ نەهێنا وسەبارەت بەو کوشتنە ١٥ ساڵ زیدانی بۆ بڕیار درا و، ٨ ساڵی کێشا لەو زیندانە بەو پیرییەوە کە تەمەنی لە سەرووی ٧٠ سالی بوو کاتێ ئازاد کرا. ئەو پیاوە کە دەڵێن خەڵکی شارەکە هەموو شایەدی بۆ بێوەیی وبێ دەخلی وریزمەندی ئەو پیاوە دەدەن، خەریکی خۆشاردنەوە بوو، دیارە بەو تەمەنە

دڵی پەست دەبێت لە خۆشاردنەوە، لە یەکەم ڕۆژی ئەو جەژنە لە کاتی سەردانی خزم و کەس وکاری سەیارەیەک بە ٣ کەسەوە هەوڵی ڕفاندنی دەدەن، کە بۆیان ناکرێ هەرلەوێ دەیکوژن!

ئەوەیە ئەنجامی ئەو فزوڵیەتەی ئیسلامییەکان، کە لە جیاتی موراقەبەی نەفسی خۆیان بکەن موراقەبەی خەڵک و هاوسێیان دەکەن!

فزوڵیەتی ئیسلامییەکان چەندین دەق و لێکدانەوە پشتگیری دەکات، بۆیە وادەزانن بەرپرسن لە کار وکردەوەی هەموو خەڵک، بۆیە زۆر کێشە و ئیحراج و تاوانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەتا کابرا خۆی پەناهەندەیە لە سوریاوە ڕایکردوە بۆ یۆنان و ئەڵمانیا، کەچی هێشتا خۆی پەناهەندەیە خەڵک دەکوژێ لەناو کەمپی پەناهەندان لەسەرئەوەی بەڕۆژوو نابن!

سەرچاوەکانی مێژوویی ئیسلام پڕاوپڕن لەو فزوڵیەتە قاتیلەی ئەو ئومەتە، کە پێویستی بە جورعە و دۆسێکی گەورە هەیە لە لیبراڵیەت تا واز لە فزوڵیەت و خۆتێ هەڵقورتان لە کاری خەڵکەوە بێنێت!

٢٠١٨/٦/١٧

# بانگخوازی یان ژەهراویکردنی خەڵک؟!

هەر لە سەروبەندی ئەو بە سیاسی کردنەی ئیسلام ژمارەیەک بانگخواز پەیدابوون بەردەوام ژەهر دەڕژێننە کۆمەڵگە و خەڵک بۆ هانی توندوتیژی لەفزی وڕەفتاری وجەستەییش دەدەن .مەلا و بانگخوازە توندڕەو و شەڕانگێژەکان، لە ڕێگای وتارە پڕ جوێن و هەڕەشە و سوک باسکردنی ئەم و ئەوی موخالیف، توانیویانە نەوەیەکی عاتیفی بێ مستەوا و دەمشڕ و هەڕەشەکەری وا دروست بکەن، هەر یەکێکیان بۆ خۆی مەشروعی داعشێکە، ئەگەر لەو ڕێگایە بەردەوام بن، کە ئەو تەرزە مەلا و بانگخوازە شەڕانگێژانە پێیان گرتوون! سەیر لەوەدایە چونکە بازاڕی ئەو فەرهەنگە دینیە عاتیفیەی سەدەکانی ناوەڕاست گەرمە، هەر ڕۆژەی مەلایەک و بانگخوازێکی لەوانەی پێشە خۆی دەمشڕتر و زمان پیستر دەردەکەوێت.

ڕۆژانە گرتە ڤیدیۆکانیان لە سایتەکان و لە تۆڕی فەیسبوک و تویتەر دەبینین کە ژەهر دەڕژێننە ناو کایەکانی کۆمەڵگاوە، بێگومان ئەو جۆرە وتارانە توندوتیژی دەچێنێتەوە، کەتۆ گووتت ئافرەتی بێ سەرپۆش کافرە، ئارەق خۆر کافرە، نوێژنەکەر کافرە، ئەشعەری کافرە، شافیعی کافرە، شیعە کافرە، یەزیدی کافرە، مەسیحی کافرە، هتد... چۆن خەڵک دووچاری توندوتیژی نابێتەوە؟!

کەتۆ گووتت ئەوەی نایەتە نوێژی جەماعەت موستەهەقە ماڵی بسوتێنرێت، بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی کۆمەڵگای ئاسایی و لادێی و سەرەتایی سەردەمی پێغەمبەر [د.خ] و کۆمەڵگای شارنشین و هاوچەرخ وپڕ گرێ وگۆڵی ئەو سەردەمە! بێگومان ئەو جۆرە تێنەگەیشتنە و ئیستیعاب نەکردنی گۆڕانکاریەکان، ئەو تێڕوانینە تەسک و تەنگ و پڕ توندوتیژیەی لێ دەکەوێتەوە. ئەو حالەتە دەبێت بە یاسایەکی تووند ولە ژێر چاودێری کەسانێکی دڵسۆز وپسپۆر لە وتاری دینی کۆنترۆڵ بکرێت، نەک ئەوقافێکی وا سارد وسڕ، کە کەس نازانێت کاری چیە!

دەبێت سزای زۆر توند دەرکەن بۆ داخستنی دەمی وتاربێژە توندڕەوەکان. ئەگەر هەرجاری هەڵەیەکی گەورەی کرد شەش مانگ قەدەغەت کرد لە وتاردان لە جاری یەکەم، جاری دووەم بۆت کردە ساڵێک، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی کە جاری سێیەم بە تەواوی ڕوخسەتی وتاربێژی لێ دەسێنرێتەوە، با جارێکیتر بوێرێت وابکات، بەڵام کە ئەو دەسەڵاتی چاودێری دینی و کایەی ڕەخنەی گشتی وا سارد وسڕ وبی کەڵک دەبینیت، بۆیە ئەویش وتار بۆ وتار زیادەڕەوی دەکات، کەی ڕوویداوە دوو سێ وتاربێژ لەناو پایتەختی کوردستان هەولێر بە ئاشکرا و ڕۆژی ڕووناک داوا لە خەڵک کەن بچێتە ناو داعش، وبە ئاشکرا بڵێن ئەوان هەقن، تەنها ناوی داعش ناهێنن، مانای ئەوە نیە باسی شتێکی تر دەکەن!

ماوەیەکە زۆربەی وتارەکانم تەرخان کردوە بۆ ڕەخنەگرتن لە بیروبۆچونە توندوتیژەکانی مەلا و بانگخوازانی توندڕەو، کە بەڕای من وتارەکانیان مەترسیەکی گەورە دروست دەکەن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای کوردستان. ئەو وتارانە لە هەر وڵاتێکی تریش بێت هەمان مەترسی دروست دەکەن، بەڵام لە کوردستان مەترسی زیاترە لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی، وبە دوژمن تەنراوی چواردەورەمان، بۆیە هەر لاوازکردنێکی ڕیزی نیشتیمانی، نانەوەی هەر پشێویەک لە نێو کۆمەڵگا بە زیانی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە، بڵاوکردنەوەی هەر بیروفیکرەیەکی توندڕەو نامۆ بە پرنسیپەکانی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ زیانێکی گەورە بە کوردستان دەگەیەنێت.

کاتێ مەلا عبدالصمدی سەرپەرشتیاری مەلبەندی بزوتنەوەی ئیسلامی لەهەولێر وا بە ئاشکرا باسی دوو ڕیزی ئیسلام و کوفر دەکاتن لە شارەکانی عێراق و کوردستان، و کە ڕیزی کوفر وئیمانە، بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ڕیزی داعش دەکات، کە لەسەر هەقن، وداوا لە کچ و کوڕانیش دەکات بەبێ پرسکردن بە دایک وباوکیان بچنە ڕیزی جیهادی داعش، و دەسەڵاتی کوردستانیش بە کوفر دەزانێت، ئەو عەقڵ بۆگەنە فاشستە بە ئاشکرا دەڵێت: کوشتنی هەموو عالەمیش لە پێناو لا اله الا الله موستەهەقە وپاکانە بۆ کراوە! نازانم بۆ لای ئەو توندڕەوانە خوا بۆ وا بچووکە لە ئیسلامدا! کە بەس لە پێناو پەرستنی ئەو خوێنی هەموو بەندە لاواز وهەژارەکانی حەڵاڵ دەکات بەدەستی قەسابەکانی بەناوی خوا!؟

کاتێ عەبدلواحید ئەو ڕوئیا توندوتیژانەی دەخاتە ڕوو لە دژی خەڵکانێکی عەلمانی و یەزیدی ومەسیحیەکانی و غەیری ئەوانیش بە ئاشکرا بێگومان زیان لە ڕیزی کورد دەدات بەرامبەر دوژمن !دەسەڵاتی کوردی تەنها شانازیەکی هەبێت لە جیهاندا ئەو لێبوردەییە بەرامبەر فرە نەتەوەو فرە ئاینەکان، عبدالواحید دەیەوێت وەک وڵاتانیتر بێت دژی غەیرە موسڵمان بێت بە ڕیوایەتگەلێک، کە داعشیش پشت بەو ڕیوایەتانە دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی.

ئەو سووک سەیرکردنی ئافرەت بە جۆرەها تەکنیکی دینی، کاتێ هانی باوکەکان دەدات کچانیان لە قوتابخانە دەرکەن وزوو بیاندەن بە شوو، وەک دایک وداپیرەکانیان، کاتێک داوا دەکات لە باوکان و پیاوان هەموو ئامرازێکی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژی لە کچانیان قەدەغە بکەن لە ئینتەرنێت و مۆبایل و هتد..یانی بە عەقڵیەتی زیندانیکەر مامەڵەی ئافرەتەکانمان بکەین، نەک عەقڵیەتی پەروەردەیی و ڕاستگۆیی ومتمانەی ئاڵوگۆڕ! بێگومان ژیانی زۆر لە کچانمان دەکاتە دۆزەخ بەدەستی باوک و برا و مێردەوە بەو هاندانە.

کاتێ هانی باوکان دەدات بۆ تەنها فێرکردنی عەرەبی بۆ منداڵیان، و قێزەون کردنی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، یانی نەوەیەکی نەزان و تەنها شارەزا بەدینێکی تایبەت بەرهەم بهێنین، کوردستان بکەینە شاری قومی موقەدەسە هەمووی ببنە مەلا! ئەوە زیان لە ئایندەی کۆمەڵ ومنداڵەکان دەدات.

کاتێ بەها سەلەفیە دواکەوتوەکان زیندوو دەکاتەوە لە حەڕامکردنی وێنەکێشان و یاری و نیقاب پۆشین و حەرامکردنی هەموو خۆشیەکی بەری، بێگومان مەترسیە بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخ. کاتێک داوا لە باوکان ودایکان دەکات دانیشن وەک قورئان منداڵانیان فێری وانەی جیهاد وغەزاکانی ئیسلام بکەن، بێگومان نەوەیەکی شەڕانگێژ وتوندوتیژ بەرهەم دەهێنێت.

بێگومان هەر عەبدلواحید نیە لەو مەیدانە، لەویش ترسناکتر هەیە، مەترسیەکەش هێندە لە قسەکان نییە، ئەوەندەی لە ساویلکەیی دینی خەڵکی کوردستانە کە زۆر کوێرانە بە گوێی قسەی مەلا و بانگخوازەکان دەکەن.

2015/04/24

# دین بوون و شیزۆفرێنای دینی!

لە ناو کوردەواری زۆر جار گوێم لێدە بوو دەیانگووت فلان ئەوەندە چوویتە ناو دین شێت بووە. بادینی بە شێت بوون دەڵێن دین بوون. لەوانەیە لەبەر زۆر دیتنی دیاردەی شێت و دێوانە دیندارەکان، ناونانی ئەو زاراوەیە لە دینەوە هاتبێت! ئێستا دەروونزانی نوێ کارێکی زۆر دەکات لەسەر توێژینەوە لە نەخۆشیە دەروونیەکانی دین. کە دیارترین ئاماژەکانی خەمۆکی و حیقدێکی ڕەش و دابڕان لە واقع و شێوانی دەروونی و شڵەژانی عەقڵیی و کەسایەتیە.

نەخۆشیەکی سایکۆلۆژی دینی زۆر هەیە وەک Manic-Depressive Psychosis کە هەموویان لە ژێر ناوی شیزۆفرێنای دینی کۆدەبێتەوە. یان ناوی دەنێن نەخۆشیە وەهمە دینیەکان. کە زۆربەی توێژینەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دینداری توند و چڕ مرۆڤ بەرەو شیزۆفرێنای دینی دەبات.

لە نیشانە سەرەکیەکانی ئەو نەخۆشیە، هەستکردنی نەخۆشەکەیە بە گەورەیی خۆی، خۆی لێ دەبێتە پێغەمبەرێک یان مەهدی مونتەزیر یان خوا جاروبار. یان وادەزانێت خوا قسەی لەگەڵ دەکات و ئاڕاستەی دەکات. نەخۆشەکەش لە زۆربەی حالەتەکان هەلوەسەی بیستن و بینین ی هەیە. یانی دەنگ دەبیستێت و وێنە دەبینێت! لە یەک هۆڵی بیست نەخۆشی، دکتۆرێک دەڵێت شەش حەزرەتی مەسیحی تێدا بوو.

من بەخۆم لە کوردستان سێ چوار مەهدی مونتەزیرم دیوە!

لە هەمووی عەنتیکەتر کەسایەتیەکی دینی لە هەولێر هەیە کە تووشی شیزۆفرێنای دینی ببوو بە دەسکە سمێڵێکەوە خۆی لێ ببوە حەزرەتی عائیشە! ئێستاش ئەو برادەرە هەر خەریکی دەعوەی دینیە بەو زهنیەتە نەخۆشەوە!

ڤیدیۆیەکم بینی، کوڕێکی بەستەزمانم بینی چۆن بۆتە قوربانی دینداریەکەی. دەڵێت پەیامی بۆ هاتوە لە خواوە، خۆی لێ بۆتە خەلیفەی هەموو جیهان وبەو زووانە دەگەڕێتەوە حوکمی دنیا هەمووی دەکات!! بابا توازرۆسی مەسیحیەکانیش موسڵمان دەکات و ئۆباما و ناتنیاهۆش موسڵمان دەکات!

لە تەلەفزیۆنی میسریەوە باسی کودەتا و دەستگیرکردنی سیسی و گەندەڵەکان دەکات! سیسی ڕاستە زۆر بێ کەڵک و هیچ لە بارە بەس باشتر نییە، نەخۆشێکی دینی وا حوکمی بکات؟! من کەم دینداری قوڵبوەوەم دیتوە مرۆڤێکی سروشتی بێت!

دەبێت کۆمەڵگا زۆر وریا بێت کاروباری سیاسی و ترسناک و هەستیاری خۆی نەخاتە بەر دەستی ئەو شێزوفرۆنیکە دینیانە، من گومانم نیە کە ٩٠% دینداری قووڵ و توندڕەو شیزۆفرێنای دینی هەیە. ئەو نەخۆشانە دەبێت دەرمانیان بدەیتێ نەک حوکم و سیاسەت و چارەنووس.

ئەردۆگانیش ئاماژەکانی شیزۆفرێنای دینی پێوە دیارە. لە لەبەرکردنی پۆشاکی سوڵتانە عوسمانیەکان و پاسەوانەکانی جلی سەربازی کۆنی عوسمانی، و خۆ تەقدیسکردن تا ڕادەی پێغەمبەرێک هەمووی ئاماژەن، ئاییندەش شەرتە!

محەمەد هەریری

27/7/2016

# ترسناکترین ڕەخنە ڕەخنەی دینیە!

لە دنیادا بوارێکی زۆری ڕەخنە هەیە لەبەردەم ئادەمیزاددا، خەڵکێکی زۆریش خەریکی ڕخنەن لە بوارە جیاجیاکان، کاریگەری و کاردانەوە و پێسوازی ڕەخنەش دەوەستێتە سەر سیستمی سیاسی و کلتوری ئاینی و ئاستی هوشیاری میللەتەکان! لە هەندێک وڵاتادا ڕەخنە لە بچوکترین تا گەورەترین موقەدەسات بگریت هیچ کیشەیەکت بۆ دروست نابێت، بەڵکو زۆر بە وشیارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، وسوودی لێ وەردەگیریت، ئەگەر ڕەخنەکە سوودی تێدا بێت، تەنها ئاستی وشیاری میللەتەکانە و بێ باکی دەسەڵاتدارانە لەبەر ئەستۆ پاکی خۆیاندا گوێ بە هیچ ڕەخنەیەک نادەن، چونکە دەزانن میللەتێکی هوشیار بە قسەی لاواز و ئاشوبگێڕ ناخەڵەتێت.

من دەیان جار دیومە و گوێم لێبوە کە دەزگا میدیاکان پرسی گۆڕینی شانشینی بەریتانی بۆ کۆماری دەوروژێنن، و پرسیار لە خەڵک دەکەن: شوودی چیە ئێمە لە پارەی تاکس وباجەکانمان ئەو هەموو پارە ومەسرەف وخەرجیەی خێزانی شاژنی بەریتانیا بدەین؟! کەچی زۆربەی خەڵک لەبەر ڕۆڵی ڕەمز و گرنگی شاژن هەر پشتگیری لە مانەوەی دەکەن، لە سکوتلەندا ڕاپرسی دەکرێت بۆ سەربەخۆیی، ئینگلیزەکان بە خەیاڵیشیان نایەت، چونکە بوونی سکۆتلاند ئەگەر بارگرانیش نەبێت بەسەر خەزینەی بەریتانی سوودێکی وای نیە، و وەک ئیمپریالیزمی کۆن کەس سکۆتلاند نادۆشێت!

بۆیە چاوەڕوان دەکرێت هەر سکۆتلاندیەکان وەک کیوبیە فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا خۆیان دژی جیابوونەوە بوەستن، لەبەر سوودی یەکێتیەکە. لە ڕووی دینیەوە ئەوە سەدان کتێب و لێکۆڵینەوە لەسەر دینەکان دەردەچێت بێ ئەوەی کەس خۆی تەنگاو کات. ئەوەی وەڵامی هەبێت وەڵامی دەداتەوە و لە یەک بەرنامەدا وەک دوو هاوڕێ دەردەکەوەن بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە و قیرە قیڕ و چاوسوورکردنەوە.

تەنها هێزە بێ زەبت وڕەبتەکان و مافیا سروشتەکانن کە لە هەر شوێنێک هەبن ڕێگا نادەن بە رەخنە و بەهێز بەرەنگاری دەبنەوە. نووسەری بەناوبانگی ئیتاڵی ڕۆبیرتو سافیانۆ کە بەردەوام دژی مافیاکانی ئیتاڵیا دەنووسێت پاش نووسینی کتێبێکی بە ناوبانگ بە ناوی [گۆمۆرا] کە پەردە لەسەر مافیاکانی کامبانیا هەڵدەداتەوە و پاش کردنی بە فیلمیش، دەیان هەڕەشەی کوشتنی بۆ دێت، ولەژێر چاودێریەکی توندی پۆلیسە حەوت ئۆفیسەری پۆلیس و دوو ئۆتۆمبیلی زرێپۆش و ئۆتۆمبیلێکی چاودێری لەگەڵیدان!

هێندە بێزار ببوو دەیگووت: ناتوانم هیچ بکەم، کەمێک پیاسە بکەم، یان بچمە ڕێستورانێک پاروە نانێک بخۆم، یان هەتا دایکم ببینم، دەبێت هەموو شتەکان بە پیلان بێت و ڕێکەوتنی لەسەر بێت! ئەوە لە وڵاتێکی

دیموکراتی خۆرئاوای ئەوروپا! کێشەکەی وڵاتانی تر ئەوەیە دەسەڵات خۆی مافیا بێت! یان سروشتی مافیاوەی بێت، ئەو کاتە کێ ڕەخنەگر رزگار دەکات لەدەستی درێژی دەوڵەتی مافیا؟!

هەر بۆیەش لە وڵاتەکانی ئێمە زۆربەی نووسەران حەزیان لێیە مەلە بکەن بە ئاڕاستەی تەوژم، نەک بە پێچەوانەوە، حەزیان لییە لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری و زانستی سروشتی ئەو شتانە بنووسن کە زیانیان نیە بۆ پەزەکان. یان نووسەر هەن لە بابەتی دینی باو و بی کێشە دەنووسن یان بەرگری لە بۆچوونە ئیمانیە باوەکان دەکەن، کە نە زیان بە دەسەڵات دەگەیەنێت و نە ئیمانی تەقلیدی ئیماندارەکان دەڕووشێنێت، هەر بۆیە دەیبینی زۆر زوو ناو دەردەکات و دەیان ئیمانداری تەقلیدی تەقدیر و ڕیزی بێ پایانی لێدەگرن، و ناو و نازناوی گەورەی بۆ دەتاشن!

هەستیارترین ڕەخنە لە بوارە جیاجیاکان ڕەخنەی دینییە بە پلە یەک و ئینجا سیاسی یە بە پلە دوو. ئەوەشی لە هەردوو بوار کار بکات ئەوە لە هەموو خەلکانی تر زیاتر دووچاری ناڕەحەتی و توندوتیژی و هەڕەشە دەبێتەوە. چونکە لای ئیماندارە تەقلیدیەکان ڕەخنەگرتن لە هەر بابەتێکی پەیوەست بە دین، بە مانای رەخنە لە دژی دین ودژی خوا دێت، کە دواجا سەر دەردەکات لە چەندین تۆمەتی گەورە تا دەگاتە کوفر و هەڵگەڕانەوە و هتد...زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی کە دەبینێت ەو کەسە نەیارە پیی، هاوکاری دەکات لە هاندانی هەستی دینی خەڵک لە دژی ئەو ڕەخنەگرە لە سیاسەت و دیندا، هەرچەندە دەیان گەندەخۆری ڕەخنەگری ئایینی لە پەنای خۆشیدا داڵدە داوە!!

٢٠١٤/٩/١

## فرەژنی مۆدەی گەندەڵ و ئیسلامیەکان!

بۆ ئەوانەی کەلکەلەی فرەژنیان هەیە، یان هەر ژنیان کەمێک کاریگەری زەمەنی کەوتە سەر روخساری بیر لە هێنانی ژنێکی تر دەکەنەوە وەک بڵێیت سیارە بگوڕن!! بە تایبەتی نێوەندی ئیسلامی ئەوەی دەگریت کەمێک خەڵک پیی سەرسام دەبن ودووسێ خوتبەی حەماسی ویەک دوو شەڕی دۆنکیشۆتی دەکەن، یەکسەر دەکەونە چاوگێڕان بۆ مثنی وثلاث ورباع!

زۆر سەیرم پێهات کە ئەو بەیانیە لە کۆمێنتێکدا زۆر سەیرم پێهات بەڕێزێک لەسەر د. عبدالواحدی بانگخواز نوسیبووی: " دەستخۆش ....، کەس وەک من ئەم دکتۆرەو براکەی د.خالید کە ئەویش هەمان بانگخوازی ئیسلامیە نا ناسێت. ئەمانە هێندە جاهیلن، کێبرکێیانە لە گەڵ یەکتریدا کامیان زۆرترین ژن بهێنێت، ئەم دکتۆرە ئیسلامیە، ئێستا ٤ ژنی هەیەو براکەشی کردویەتی بە ٢ دوانو هەڕەشەی ئەوە دەکات کە پێش کاکی واتا عەبدول واحید بکەوێت.هههههە" بەڕاستی لەوە ئاسانتر نیە بۆ کەسێک کە کەمێک ناوبانگی دەرکرد لە ناو ئەو جەماوەرە دینیە سادەیە دوو و سێ وچوار ژن بهێنێت، نەک ئەوە زۆرجاران پاش دەماغشۆری ژنەکانی تری خۆیان بۆی دەچنە داخوازی ژنی دوەم وسییەم وچوارەم!!

لەوەش ئاسانتر نیە ژنێکی بەستەزمانی نیمچە خوێندەواری سەرسامبوو پێت دەماغشۆر کەیت، بەڵام ئەوە هونەر نیە، هونەر ئەوەیە ئەو ژنە هاندەیت لە ڕووی دەرونی وکەسایەتیەوە ئیرتیقا کات وبەرزبێتەوە نەک نزمی کەیتەوە بۆ ئاستی بوونە پاسەوانی ئارەزووەکانت بە زەبری هەڕەشەی ئایەت وحەدیسەکان!!

هونەر ئەوەیە وەک چۆن ژنت بەتۆ ڕازیە وبیر لە کەسێکی جوانتر وگەنجتر ناکاتەوە، تۆش بە هەمان شێوە احترامی هەست ووەفای ئەو بگریت، بیر لە کچێکی جوانتر وبچوکتر نەکەیتەوە تا ئەو هیچ نەنگیەکی نەبێت وبێ کەم وکورتی بێت. کە دەڵێم کەموکورتی ئەوەیە بۆ نمونە منداڵی نەبێت، ئەگەر پێتکرا لەو حاڵەتەش بە شیوەیەکی پڕ وەفا وتقدیر رەفتاری لەگەڵ بکەیت، یان تووشی نەخۆشیەکی وا بوو هیچ ئەرکێکی مرۆیی پێ جێبەجێ نەکرا، ئەگەر نەخۆشیەکەی چاوەڕوانی مردنێکی نزیک خایەنی لێدەکرا، نابێت لە ژیانی ئەودا بەبەرچاوی ئەو ژنێکی تر بهێنیت وتانەیەکی کوشندەی لێدەیت بەرلە چونە ناو قەبرەوە. ئەگەر نەخۆشیەکەش درێژ خایەن بوو دەتوانی پاش تەمهیدێکی جوان وپڕ سۆز ئەو بابەتەی لا بوروژێنیت.

من کە ژیانی فرەژنی پێغەمبران دەخوێنمەوە ولەنێو ئەوانەش پێغەمبەری ئیسلام [د.خ] دەبینم بەردەوام لە کێشەی هەوێییەکاندا خەریکی جارەسەرکردنی کێشەکانیان بوو، بەڕاستی سەیریشم بەوە دێت چۆن دەعوەی ئیسلامی ناجیح بوو سەرەڕای ئەو هەموو ژنەی پێغەمبەر!! چۆن ئەو کێشانەی غیرە ولەیەکتر خوێندن

ومونافەسەیە سێ چارەگی کاتی نەکوشت، ئەوە حاڵی پێغەمبەر بوو بەو هەمووو تایبەتمەندیە کەسایەتیەی کە هەیبوو وەک پێغەمبەر ومرۆڤ، ئەی دەبێت حاڵی ئەو بانگخواز وڕۆشنیرە ئیسلامیانە چۆن بێت بە دەستی کێشەکانی فرە ژنییەوە.

ئینجا ئەگەر فرەژنی بۆ کات وژینگەی مێژوویی خۆی ئاسایی بوو، ئەوە بێگومان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئیقاعی ئەو سەردەمە ناگونجێت، زۆرجار ئەو حاڵەتەی فرەژنیە دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی ئافرەتەکان ولەجیاتی خەریک کردنیان بە بایەخە بەرزەکان وئامانجە گەورەکان، هەرخەریکی داونانەوە دەبن بۆ یەکتر وپلان دانان دەبێتە کاری ڕۆژانەیان ودەیان دەسیسە وئاین وئۆنی تر. فرەژنی هەر نابێتە هۆی بچوک کردنەوەی ژنەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی بچوک کردنەوەی پیاوەکانیش، کە هێڕ وگێژ دەبێت بە دەست ئەو زنجیرە پیلان وداونانەوە وخوهتان هەڵبەستن بۆ یەکتر وتا کۆتایی ئاین وئۆینەکان!!

پێشان هەر نیمچە خێڵەکی وفول عەشایەریەکان خەریکی ئەو بەزمەی فرەژنیە بوون، ولە هەشتاکان ببوە بەزمی سەرەک جاش وموستەشارەکان، ئەمڕۆ بە داخەوە فرەژنی بۆتە بەزمی مەسولە گەندەڵەکان وئیسلامیە نیمچە بوژاوەکان لە گەندەڵیدا، بەڵکو رۆشنبیرەکانش تێی ئالاون، کاتێ بە قسە بریقەدارەکانیان کچانی هەرزەار وبێ ئەزموون دەخەنە داویان.

محمەد هەریری

٢٠١٣/١٢/٢٥

## ئەو تیرۆرستانە بۆ راستڕەوە ڕەیسستەکان کار دەکەن!

هێندەی ئیسلامیە تیرۆرستەکان باسی دوژمنانی ئیسلام دەکەن، کەس باسیان ناکات! بەڵام هەموو کردەوە چەپەڵەکانیان بەناوی ئیسلام و دین دەچێتە بەرژەوەندی ڕاستڕەو و هێزە فاشیست و نازیەکانی ئەوروپا و ئەمریکا!، و ئەوانەی ئەوان ناویان دەنێن دوژمنانی ئیسلام!

ئەوە ئەمریکا کەوتە دەستی ترامپ، مەترسیەکی زۆریش هەیە فەرەنسا و خودی ئەڵمانیاش بکەوێتە دەستی هێزە ڕەیسسستە ڕاستڕەوەکان، وردە وردە ئەو تەنها جیهانەی کە لێبوردەیی ومرۆڤایەتی تێدا بوو کەمێک، خەریکە ئەوەش نەمێنێت!

پاش ئەوەی ئەو تونسییەی کە هێشتا پەناهەندەیە لە ئەڵمانیا بە لۆری هێرشی کردە سەر خەڵک، هیچ ئەنجامێکی نەبوو جگە لەناو زڕاندنی زیاتری موسڵمانان، و زیاتر دەنگ و هاوسۆزی کۆکردنەوە بۆ سیاسیە ڕەیسستەکانی وەک ترامپ و ناجیل فەراجی بەریتانیا و نیونازیەکانی ئەڵمانیا و لۆپانی فەرەنسا.

ئەو پەناهەندە تونسییە، کە چەندین جار لە وڵاتی خۆشی لەسەر دزی و کاری بەدڕەوشتی گیراوە، و لە ئیتاڵیاش چوار ساڵ ژیاوە و ماوەیەکیش گیراوە لەسە تۆمەتبارکردنی بە سوتاندنی قوتابخانەیەک! لە ئەڵمانیاش گومانی لەسەر بووە و گیراوە لەسەر ئەو گومان و لەسەر شەڕیش، نازانم بۆ وا بە ئاسانی بەرەڵڵای دەکەن. تا ژیانی خەڵک بخاتە مەترسی!؟

ئەمرۆ ڕۆژنامەکان بە داواکراوترین پیاوی تاوانبار وێنەیان بڵاوکردبوەوە! چونکە هێشتا ئازادە ونەگیراوە، بۆی هەیە تاوانێکیتریش ئەنجام دا بەر لە گیرانی!

ئەو سەرسەرییە وەک زۆربەی سەرسەریەکانیتری ئومەتی ئیسلام کە تاوان زۆر دەکەن، یەکەم شت بیری لێبکەنەوە گەڕانەوەیە بۆ باوەشی دین، و دینیش کاری جیهادی پێ گەورەترین و پیرۆزترین کارە، لە جیاتی فێری کردەوەی باشی بکەن کەمێک قەرەبووی تاوانەکانی پێشووی بکاتەوە، کە مەفروزە ئەوە کاری دین بێت! کەچی وەک بڵێی ئیلتیحاقی کردبێت بە ڕێکخراوێکی سەربازی نهێنی، هەر باسی جیهاد و شەڕ وخوێنی بۆ دەکەن، چونکە پێشتریش کاریان هەر شەڕ و ئەزیەت وکوشتن بووە بۆ خەڵک، پێویستیان بە خول و دەورەی ڕاهێنانیش نییە، وەستا و مەعلانن لە کوشتندا! بۆیە داعش و ماعش باش شارەزای دەروونی ئەو سەرسەریە بێ مێشکانە بوونە، کە ئامادەن بۆ سڕینەوەی لاپەڕە ڕەشە پڕ تاوانەکانیان هەزاران کەس بسڕنەوە لەسەر زەوی، لە ماوەیەکی کەمدا وەحشێکی بەشەری دینی لێ دروست دەکات، وێنەی نەبێت!

ئەو بەدڕەوشتە تیرۆرستانە بەرەی سیاسیە میانڕەوەکانی ئەوروپاشیان لاواز کرد بە کردارە قێزەونەکانیان، مێرکڵی ئەڵمانیا بەردەوام هێرشی دەکرێتە سەر و ئیحراجی دەکەن، چونکە ڕێگای دا نزیکەی ملیۆنێک پەناهەندەی موسڵمان بیتە ئەڵمانیا، لە جیاتی پاداشتی بدرێتەوە، ئەو کەمینە تیرۆرستانە، ئەو کارانە دەکەن، ئەو ئافرەتە مرۆڤە ئیحراج دەکەن وناوی سەدان هەزاریتریش لەگەڵ خۆیان پیس دەکەن.

ئەوەتە ترامپ بەوپەڕی متمانەوە دەڵێت: قسەکانی من لەسەر ڕێگانەدان بە موسڵمانان بۆ هاتنە ناو وڵاتانی خۆرئاوا، ١٠٠٪ ڕاست دەرچوو!

بەڕاستی ئەو خوێڕی و سەرسەریانەی ناو موسڵمانان هەر لێیان گەڕێن بە خوێڕی و سەرسەری بن، زیانیان کەمتر دەبێت، وەک چۆن ئیبن تەیمیە گووتی واز لە سوپای تەتارەکان بهێنن با ئەرەق بخۆنەوە و دەستیان مەگرن، لە سەرخۆشیدا زیانیان کەمترە بۆ موسڵمانان، منیش دەڵێم ئەو خوێڕی و سەرسەریانەی دەیناسن خەریکی دزی و شەڕی شەقام و ئەو شتانەن، لێیان گەڕێن لەو دەورەدا بن، چونکە زیانیان کەمترە بۆ موسڵمانان و بۆ مرۆڤایەتی!

لە دینەکانیتر کە خوێڕی وسەرسەری دەگەڕێنەوە لە تاوان دەبنە پەپولەیەکی ئاشتیخواز و هەر بەکاری چاکەیان خەریک دەکەن، لە دینی ئێمە بە ناشوکری نەبێ کە سەرسەری و تاوانباران دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی دین، دەیان کەنە وەحشی سێ سەرە و لە خەڵکیان بەردەدەن!

٢٠١٦/١٢/٢٢

سەرچاوەی هەواڵ:

https://www.facebook.com/sharer/sharer.php?u=http://www.dailymail.co.uk/~/article-4056248/index.html

# خەڵک هەقیانە لە شەریعەت بتۆقێن!

هەمووومان دەزانین چۆن هاونیشتمانمان لە خوشک و برا ئێزدیەکان دووچاری چ کارەساتێکی جەرگبڕ بوون لە مانگی ئابی٢٠١٤ لەسەر دەستی داعش. نامانەوێ باسی خیانەت و کەمتەرخەمی کێ وکێ بکەین، چونکە ئەو بابەتە پەیوەندی بە هەڵوێستی دینیەوە هەیە، تا هەڵوێستی سیاسی.

ئەو کارەساتەی بەسەر ئەو ئێزدیانە هات هەموو جیهانی هێنایە دەنگ، و زۆر بە راشکاوی ئیدانەی ئەو بەربەریەتەیان کرد، کە لە دژی ئەو خەڵکەی ئەوێ کرا .جەرگبڕترین خاڵی ئەو دوژمنکاریە بە کۆیلەبردنی ژنانی ئێزدی بوو، کە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتە زلهێزەکان و هەموو جیهانی هێنایە دەنگ دژی ئەو تاوانەی، کە مرۆڤایەتی پیی وابوو جارێکیتر ناگەڕێتەوە، بۆتە لاپەڕەیەکی ڕابردوو!

هەر بۆیەش کچانی ڕزگاربووی ئەو کۆیلایەتییە، بە بوێریەکی بێ وێنەوە قسەیان بۆ هەموو جیهان کرد، تیرۆریزمی ئیسلامی، و لە پەنا ئەویشدا ئیسلامی سیاسی بێ هەڵوێست و ڕاڕای بێ دەنگیان شەرمەزار کرد. دیتمان چۆن نادیە موراد وەک پاڵەوانێکی مرۆڤایەتی لەلایەن سەرۆک و گەورە مرۆڤانی جیهان پێشوازی لێ دەکرا، سەرەرای بەخشینی چەندین خەڵات پێی.

کەچی ئێزدیەکان لەناو میللەتەکەی خۆیان، کەسانێک کە تووشی پەتای سەلەفیەت بوون، تا ئەمڕۆش کە سێ ساڵ بەسەر کارەساتی سەنگال تێپەڕیوە، تاقە پشتگیریەکیان نەکردوە لە قوربانیانی شەنگال، و بە تایبەت دژی بە کۆیلەکردنی ئافرەتانی کوردی ئێزدی نقەیان نەکردوە! من ئەوە چەند ڕۆژە سێرچ و گەڕان دەکەم، کەسێکی سەلەفی یان هەتا ئیسلامیم دەست نەکەوت بڵێ، ئەو کۆیلە کردنە هەڵەیە هەتا ئەگەر لە دینیشدا هاتبێت، یان سەردەمانێک جێبەجێ کرا بێت. ئیسلامییەکانیش کە گوایە میانڕەوترن لە سەلەفیەکان، هەتا ئێستا ڕایەکی دینیان نییە لەو بارەوە، ڕونگەیەکی شەرعیان پێ تەئسیڵ نەبووە لەسەر بابەتێکی وا هەستیار.

ڕاستە دەڵێن داعش هەڵەیە و دژی موسڵمانانە، و ئەو شەڕەیان بە هەڵە کردوە دژی موسڵمانانی کورد، چونکە لە کورد موسڵمانتر نییە لە میللەتانی ناوچەکە !بەڵام هەتا ئەو بەرگریەش دەیسەلمێنێت، کە ئەو ئیسلامی و سەلەفیانە ڕازی دەبوون بەو شەڕەی داعش، ئەگەر کورد موسڵمان نەبا، یان هەتا موسڵمانی باش نەبان! هەر بۆیەش لە ناخەوە ڕازین بەوەی بەسەر خوشکانی ئێزدی هاتووە، چونکە نە موسڵمانی باشن، و نە موسڵمانن لە بنەڕەتدا! ئینجا زامی کوشتنی دوعا یان کردۆتە قەمیسەکەی عوسمان و بیانووی خۆیان! لە یەکەم ساتی کارەساتی ئێزدیەکان هەر باس باسی ئەوە بوو، کە خوا تۆڵەی لە ئێزدیەکان کردۆتەوە لەبەر کوشتنی دادە دوعا، کە کوشتیان چونکە ویستی شوو بە موسڵمانێک بکات! وەک بڵێی کورد

ڕۆژانە چەند دوعا ناکوژێت، لەبەرئەوەی موسڵمانێکی وەک خۆی خۆشویستووە و دەیەوێت شووی پێ بکات، نەک ئێزدیەک!

مەلا لەتیفی سەلەفیش لە چاوپێکەوتنێکا، کە پرسیاری تاوانی داعشیان لێکردبوو، گوتبووی بەڵێ کوشتاری داعش تاوان بوو، بەڵام کوشتنی دوعا ش تاوان بوو! وەک بڵێی دوو ڕووداوی یەکسان بن، تاوانەکەی داعش لەبری تاوانەکەی دژی دوعا ڕوویدا!

ئەگەر هەست و بیری دینی زاڵ بوو بەسەر هەر کۆمەڵێک، ئەوە لێت موحەقەق بیت بە برِی ئەو بڵاوبوونەوەیە، هەستی مرۆڤایەتیتان دەپوکێتەوە، هەزاران مرۆڤ دەکەیتە قوربانی دەقێکی دینی، تێگەیشتنێکی فقهی، تەفسیریکی دەق!

کە مەلا دکتۆر عەبدلواحید ئەو هەموو سوکایەتیە بە ئێزدیەکان بکات و بڵێت کورد نین، و کافر و شەیتان پەرست و موشریکن، پیس و پۆخڵن، لە ناخەوە ڕقیان لە ئێمەی موسڵمانە، ئەها دادە دوعایان چی لیکرد! چەندین قسەی نامرۆیی تر، دەتەوێ شەقامی کوردی موسڵمان چۆن بڕوانیتە ئێزدیەکان؟! ئەگەر دەسەلاتێک لەسەر ئەو لێدوانە نازی و فاشیستیانە تا ئێستا سزایەکی شیاوی ئەو کەسانەی نەدابێت، کەوابوو بۆ هەتا کوردە ئاساییەکەش پشتگیری لەو ڕوانگەیە نەکات؟! چونکە کە دەبینێت سزا نییە، کەوابوو دیارە ڕاست دەکات!

کەسانیک حەز بە کۆیلەکردنی خوشکانی نەتەوەیی خۆیان بکەن، لەبەر خاتری دەقێک ئایەتێک یان حەدیسێک یان بنەمایەکی فیقهی، جورئەتی ئەوە نەکەن بڵێن هەڵەیە سەبی کردن و کۆیلەکردنی مرۆڤ لەو چاخە، مرۆڤە نا موسڵمانەکان و ئیزدی و کاکەیی و مەسیحیەکان و بێ دینیەکانی چۆن نەتۆقێن لە ترسی حوکمی شەریعەت؟!

شەریعەتێک ڕەوایی بداتە سەگوسوارانی جەزائیر و تونس و میسر و پاکستان و شیشان و چین بێن خوشکی ئێزدی من بە کۆیلە ببەن، کە هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین لەسەر خاکیکدا، دەبێت لەو شەریعەتە ترسناکتر هەبێت بۆ مرۆڤ و لەناو مرۆڤایەتیدا؟! من بەش بە حاڵی خۆم دەڵێم شەڕەفی کچە کوردێکی موسڵمان و ئیزدی و مەسیحی و کاکەیی و هەر شتێکیتر، بە هەموو شەریعەتە ئەرزی و ئاسمانیەکان ناگۆڕمەوە، نەک بە ئایەتێک و حەدیسێک، چونکە لەو بڕوایەدام خودا خزمایەتی لەگەڵ کەس نییە، دەبێت ڕێز و بەزەیی بۆ بەندەکانی یەکسان بێت، با دەقەکانیش وانەڵێن .چونکە لە بیرت بێت عەقل گەورەترە لە هەموو دەقێک، دەقیش بە عەقڵ نەبێت کەس تێی ناگات!

٢٠١٧/٢/٢١

# ئۆپۆزسیۆنی مۆدرن و ئۆپۆزسیۆنی ئایینی

بە حوکمی دابەش بوونی کوردستانی باشوور بۆ دوو ناوچەی هێز ودوو ئیدارە وهەندێک پێیان چاکترە ناوی بنێن بە دوو ئیمارەت، وەک دوو ئیمارەتە مێژوییەکەی سۆران و بابان کە زۆر شتیان لەیەک دەچێت لەگەڵ دوو ئیمارەتەکەی هەولێر وسلێمانی، وەک ناکۆکیی بەردەوام وترسی هەڵلوشینی لایەک بۆ لاکەی تر، دابەشبوونیان لە پابەنبوون ووەلا بۆ دەوڵەتی عوسمانی وسەفەوی وچەندین دیاردەی تر، ئۆپۆزسیۆنیس دوو ڕەنگی جیاوازی وەرگرتوە. یەکگرتنەوەیەی دوو ئیدارەکەی هەولێر وسلێمانیش وەک کێشە سواوەکەی فەلەستینیان لێکردوە کە نە چارەسەری دەکەن و نە وازیشی لێدەهێنن، شەو وڕۆژ مێشکمانی پێ ئازار دەدەن.

جیاوازی ئەو دوو ئیدارە وئەو دوو حزبە سەرەڕای چەند خەسڵەتێکی زاتی وتایبەتی دوو ناوچەکە لە ڕووی ئۆپۆزسیۆنەوەش دوو ڕەنگی جیاوازی وەرگرتوە... لە ناوچەی ئیدارەی یەکێتی سەرەڕای بوونی هێزێکی سیاسی گەورەی وەک گۆڕان کە تەکانێکی گەورەی بە کاری ئۆپۆزسیۆن دا، چەندین حزبی تریش وەک دوو حزبە ئیسلامیەکەش یەکگرتوو وکۆمەڵ دەورێکی دیار دەگێڕن لە دەوڵەمەندکردن وجۆراندنی کاری ئۆپۆزسیۆن، لەوەش گرنگتر وکاریگەرتر بوونی میدیایەکی بەهێز وتاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ لەگەڵ بوونی قەڵەمی بە هێز ورۆشنبیری بوێر کە کار و فعلی ئۆپۆزسیۆن بوونی خستۆتە سەر ڕێچکەی دروست وسروشتی خۆی.

لە بەرامبەردا لە هەولێر وتا ڕادەیەکیش دهۆک ناوچەکانی تری ژێر کۆنترۆڵی پارتی وئیدارەی هەولێر کار و فعلی ئۆپۆزسیۆن بوونی ناوچەکە بە مەلا وماмۆستایانی ئایینی سپێردراوە کە وادیارە دەسەلاتیش خۆشی لێ دێت وئەو حاڵەتەی پێ باشترە لە بوونی چەند حزبێکی سیاسی وخاوەن خیتابێکی مۆدرن وسەرەڕای بوونی چەند رۆشنبیرێکی بوێر وشارەزا بە هونەری دواندنی خەڵک وپەردە لادان لەسەر هەموو کەموکورتیەکانی دەسەلات بە شێوەیەکی هەستیاری نەشتەرگەرانە...

هەمو کوردستان جۆرێک لە دینداریەکی پاک و میانرەوانەی تێدایە، هەولێریش بە شایەدی دیندارانی شارەکانی تری کوردستان سەرقافڵەیە لەو دینداریەدا لە ڕۆشنایی ئەو رۆڵە مێژووییەی هەولێر یاریکردوە لە دین پەروەریدا، لە سەرتاسەری کوردستان وجیهانی ئیسلامدا. بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو سروشتە دیندارەی هەولێر کە هەندێ جار دەگاتە رادەی ساویلکەیی لەلایەن هەندێ مەلا زۆر بەخراپی ئیستغلال کراوە ودەکرێت، دەیانەوێت هەموو بیرورا توند وخورافات وشازەکانی خۆیان بەسەر ئەو شارە بسەپێنن،

وەتوانیشیانە برەو بەزۆر بیرورای توند و شاز بدەن، هەر ئەوەش بەداخەوە وایکردوە ئەمرۆ جلەوی سیاسەتکردن و ئۆپۆزسیۆن بوون بکەویتە دەستی چەند مەلایەک لە هەولێر، ودەسەلآتیش لە بەرامبەردا هەر بەمەلا وەلآمی مەلاکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەداتەوە.

زۆر جار وەک هەولێریەک هەست دەکەم شەڕی ئایینی موعتەزیلە وئەهلی حەدیس لە هەولێر دەکرێت لەجیاتی تەرکیز کردن لەسەر کێشە هەقیقی وهەنوکەییەکان، وەک چۆن ئەو شەڕەی ئەوساش لە دەستکردی دەوڵەتی ئەمەوی بوو بۆ دوور خستنەوەی خەڵک لە کێشە هەقیقیەکان، بۆ نمونە لە شەڕی گۆڤاری [چرپە] کە توانیان مەلاکان زۆر بە توندی بوروژێنن لە بەرامبەر نەفرەتکردنی چرپە، چەند مەلایەکی دەسەلآت دەستخۆشیان لە گۆڤاری چرپە کرد ودژی داخستنی بوون چونکە موسڵمانانی گوایە ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە دژی خوا وئیسلامدا نوسراوە!!!

لە ڕاستیشدا نە ئەو وتارەی چرپە کە پڕ لە سوکایەتی کردن بوو بە پیرۆزیەکانی خەڵک کە بە هیچ شێوەیەک ناچێتە پۆلێنی ئازادی دەربڕین شایەنی ئەو شۆڕشە ئایینیە بوو، نە ستایش کردنی کاری گۆڤارەکەش بەو بیانوە پوچانەی مەلای ئەو دیوی مەلاکانی ئۆپۆزسیۆنیش قەناعەت بە هیچ کائینێکی عاقڵ دەکات، خەڵک خەرێک کردنیش بە یاری موعتەزیلە وئەهلی سونە وکێشە ئاینیەکان وکردنیان بە بەرەی دژی خودا ولەگەڵ خودا سەری دەسەلآتی ئەو ناوچەیە سوک ورەحەت دەکات...

ئەوە بە واتای ئەوەش نییە کە هەولێر ڕۆشنبیری ئازا ومیدیای بوێری لێ نەبێت، بۆ نموونە دەزگای ستاندارد وکاک مەسعود عبد الخالق وهاوکارانی تری نمونەی لە خۆبوردن وبوێرین لەو ڕوبەرە تەسکەی ئازادی کە لە هەولێر هەیە، وسەرەڕای هەموو سەر ئێشەکانی دەسەلآت هەر خۆراگرن، پێویستە هەموو لایەنێک دان بەو هەقیقەتە دابنێن.

گومانی تێدا نییە کە مامۆستایانی هەولێر وشارەکانی تری کوردستانیش رۆلێکی خێرخوازی چاکیش دەبینن لە بەرگرتن لە گەندەڵی مۆراڵ و پاراستنی بەها بەرزەکانی کۆمەڵی کوردەواری، دەنا بۆی هەیە کەسانێکی سەرمایە پەرست کوردستان بکەنە مەلهایەکی پڕ لە ئایدز، بۆیە بوونی ئەوانیش لەو گۆڕەپانەدا بە خیتابێکی میانڕەوانەی دوور لە توند وتیژی وتەکفیر کردن و هەڕەشە ئامێز پێویستە، بەڵام بەداخەوە ئەو مەلایانەشی کە وتاریان هێشتا لە ئاستی گەشەکردنی کۆمەلگاکە نین ژمارەیان کەم نییە.

بۆ نمونە مەلایەک پێش ماوەیەک لە وتارێکدا زۆر بە توندی بەرەنگاری هەردو حزبەکەی دەسەلات و پەرلەمان و خودی سەرۆکی هەرێم دەبێتەوە گوایە لەسەر دین و شەرەف و ناموس بە شێوازێکی زۆر

عاتیفیانە لە دژی یاسای ژمارە ٨ سالی ٢٠١١ بەناوی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان(، لەکاتی خوتبەکەدا لەبەر ناشارەزایی بە خیتابی هاوچەرخ وچۆنیەتی دواندنی هەموو تاکێکی کۆمەڵ بە پیاو وژن وفرە ئایین ونەتەوەکانەوە سەرلەبەری خیتابەکەی لە دژی ڕەگەزی مێینە بوو و ئەو شێوازەش خۆی لە خۆیدا هاندانی خەلکێکی سادە و ساویلکەی مزگەوتەکان بوو بۆ زیاتر بەکارهێنانی توند و تیژی لەگەڵ ڕەگەزی مێینە، بۆ نمونە بە شێوازێکی زۆر کۆمیتراژیدیایی دەیگوت " :ئەگەر کچەکەم سبەینێ لە پێش چاومان تەلەفۆنی عاشقایەتی کرد دەبی هیچی لێنەکەم و لە حەیفان یان ئینتیحار کەم یان وەک دەیوسەکان بەدیاریەوە بوەستم "...

لە هەموشیان کارەساتتر بەرگری لە لێدانی ژن دەکرد بە شێوەیەک هەتا زانا و موفەسیرانی بەراییش زاتی ئەوەیان نەکردوە بۆ نمونە گەورە موفەسیرێکی وەک تەبەری لە پێش نزیکەی هەزار سالدا کەباسی تەفسیری ئایەتی: [واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المضاجعِ واضرِبوهن] لەو سەردەمەدا هێندە هەستیارانە وموراعات ئاسایانە باسی دەکات دەیان ریوایەت دەهێنێتەوە بۆ بەلاوەکی کردنی لێدانەکە و سەد شەرت و شروتی بۆ دادەنێت ئینجا کە باسی لێدانەکەش دەکات دەیسەلمێنێت کە لێدانەکە بە مانای وشە لێدان نییە بەلکو ڕەفتارێکی دەرونییە دەنا چۆن لێدان بە سیواکێکی چەند گرامی مانای لێدان دەهێنێتە دی؟!

یان ئەوەندە بە گەرمی دژی قەدەغە کردنی خەتەنەی مێینە بوو دەتگوت دیفاع لە ئایەتێکی ڕاشکاوی قورئان دەکات، ئەوە لە قورئاندا هەر باسیشی لێنەکراوە و لە حەدیسیشدا ئەوەی هاتوە ئاراستەی دەمی لە نێرە، جگە لە چەندین حەدیسی لاوازداو لە سیرەشدا یەک بەلگە نییە کە پێغەمبەر هیچ یەکێک لە کچەکانی خەتەنە کردبێت، ئەوەشی دەڵێت پێغەمبەر لە ڕوی نەهاتوە باسی بکات وەک چۆن بەرچاوم کەوتوە، ئەوە ئەو سەختگیرە نە لە ئیسلام و نە لە پێغەمبەر باش تینەگەیشتوە ئەو کارەش زانایانی ئیسلام بە تاوان دانە پال پێغەمبەری دەژمێرن بە نەگەیاندنی هەموو پەیامەکەی.

لەوەش سەیرتر خەتەنەکردنی مێینە لە مەنزلگای وەحیشدا (دورگەی عەرەب و سعودیەش) بوونی نییە، ئەو وڵاتەی کە فەقیهەکان [عمل اهل المدینة ] کاری خەلکی مەدینە بە سەرچاوەیەکی شەریعەت دادەنێن. ناکرێت ئەو هەموو هەقیقەتە پشتگوێ بخەین هەر لەبەر خاتری قەولێک لە کتێبێکی مەزهەبیدا هاتوە، هەموو ئافرەتانمان لە پێناویدا سەقەت بکەین، با ئەو قەولە نەک هی شوێن کەوتەکانی شافیعی بێت با هی خودی شافیعیش بێت؟! هەتا شێخ یوسفی قەرەزاوی لە سالی ٢٠٠٩ فەتوایەکی دەرکرد بە پشت بەستن بە ئەنجام گەلێکی چەندین توێژینەوەی زانستی کە کەسانی متمانەدار پێی هەستا بوون کەوا خەتەنەکردنی مێینە نە

فەرزێکە تا جێبەجێ بکرێت و سەرباری زیان بەخشیشە بە ئێستا و دوارۆژی ئافرەتان، شێخ قەرەزاوی لە فەتواکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سکاڵا و دادی ئافرەتانی خەتەنەکراو زۆر بوە ،دەناڵێنن بە کاریگەری نێگەتیڤی ئەو خەتەنەکردنە بەسەر ژیانی هاوسەریان...

یان بەو دواییە ئەو هەموو کێشە گەورە وبێ شومارانەی کوردستانیان خستبوە لاوە شەڕی بە کافرکردنی جەژنی نەورۆز وبە خائین کردنی کاوەی ئاسنگەری بەدبەختیان دەکرد کە لە چەند وتاردا وەڵاممان دانەوە...

ئەوەیە جیاوازی نێوان ئۆپۆزسیۆنێک ئاماژە بە گەندەڵیەکان دەکات بە ژمارە وداتا دەسەڵات ڕووت دەکاتەوە، بە خیتابێکی سەردەمانە وبێ ڕوشاندنی دڵی هیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵگاکە، ولە نێوان ئۆپۆزسیۆنێکی ئاینی کە هەموو خۆشین ومۆرکردنەوەکانی لە پێناو بەرگری کردنە لە خوایەکی قادر وبەهێزدا، لە کاتێکدا بەندە زەعیف وبێ دەسەڵاتەکان زیاتر پێویستیان بە بەرگری لێکردن هەیە لە بەرامبەر جەبەروت وگەندەڵی وتاڵان وبڕۆی دەسەڵاتی گەندەڵدا، هەموو کێشەکانیان کورت دەکەنەوە لە بەگری کردن لە خەتەنە کردنی ئافرەتان ومافی لێدانیان یان حەڕامکردنی نەورۆز وهەتا کۆتایی لیستی کێشە ئاسودە بەخشەکان بە دەسەڵات.

ئەو خیتابەی ئۆپۆزسیۆنی ئایینی مەلاکان بەو هەموو کەموکورتیەوە، بەو توندوتیژیەوە وبەو بی مەنتیقیەوە وبەو پەی نەبردن بە زمانی هاوچەرخەوە، وەڵامدانەوە وتەشهیر پێکردن وتاوانبارکردن وسەرکوتکردنیشی زۆر ئاسانترە بۆ دەسەڵاتیک کە خۆی بەرهەمهێنەر وپاڵپشتکەری ئەو جۆرە خیتابە لاوازەی ئۆپۆزسیۆنی ئایینیە.

لەندەن

٢٠١٢/٥/٢٠

# هەڵچوونی دووفاقی!

من ڕاستیەکەی بە وردی موتابەعەی ئەو کۆنفرانسەی دابڕان م نەکرد، لەبەر سەرقاڵی و نەخۆشی، بەڵام لەبەر ئەوەی فەیسبوک یەک پارچە باسی ئەو ڕوداوە و لێدوانەکانی مەلا بەختیار دەکات، منیش بە ناچاری ئاگاداری کەمێکیان بووم .بەڕاستی سەیرم پێ دێت لەو هەموو نووسینە ئیسلامیە هەڵچووانەی دەیبینم لەسەر وتارەکەی مەلا بەختیار! هەیانە بە شەش مانگ جارێک کەس شتێکی نابینێت بنوسێ، کەچی لەو ڕۆژگارە پۆست لەسەر پۆست لەسەر ئەو ڕوداوە دەنووسێت، سەر زمان وبن زمانی دوعا و توک کردن و جوێندانە بە مەلا بەختیار و کۆڕەکە!

من تێناگەم ئەو هەڵچوون و جوێن وتەشهیرە زۆرە لە دژی خودی مەلا بەختیارە یان لە دژی قسەکانیەتی؟! من کە هاوڕای زۆری قسەکانیشی نەبم، بەڵام پێموایە مەلا بەختیار لە وتارەکەیدا بۆ یەکەم جار بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بیروباوەڕی خۆی دەربڕی جا بە دڵمان بێت یان نا، ئەوە بابەتێکی ترە.

دەزانم هەڵچوون وجوێنەکان زیاتر بە لایەنی ئیمانیەوە پاکانەی بۆ دەکەن کە گوایە قسەی لەسەر ڕاستی ودروستی قورئان و حەدیس کردوە، ئایە بەڕاستی تۆمار کراون یان نا؟

ئەوە هەر قسەی مەلا بەختیار نییە، سەدەها نووسەر وبیرمەند و لێکۆڵەر ئەو باسانە ڕۆژانە دەوروژێنن، بەرلەوەی جوێن بە مەلا بەختیار بدەن، بڕۆن ئەو حەدیسانە ڕەتکەنەوە کە گومان دەخەنە ژمارەی ئایەتەکانی قورئان و خوێندنەوە و وشەگۆڕکێی قورئان! خۆ ئەو حەدیسانەش مەلا بەختیار نەیانی نوسیوە؟!

ئەگەر هێندە دڵ ناسکن گوایە مەلا بەختیار سوکایەتی وگاڵتەی بە هەستی خەڵک کردوە، باشە هەر نەبێت من گوێم لەیەک جوێن و هەڕەشەی مەلا بەختیار نەبوو لە خەڵکانی ئیماندار، تەنها ئەو گاڵتەیەی باسی گۆشتی بەراز و حوشتر نەبێت، کە بەڕای من نەپێویست بوو، نە لە شوێنی خۆی دابوو کردنی ئەو قسەیە !بەڵام ئەگەر هێندە هەستتان ناسکە و هەتا نەخۆشەکان وسەرقاڵەکانیش هاتنە وەڵام بەو [سوکایەتی وگاڵتانەی] مەلا بەختیار، ئەی بۆ ڕانەچڵەکین کە مەلا وبانگخوازە دەمشڕەکان بە جوملە خەڵک کافر و مونافیق و پڕ جوێن دەکەن؟! یان ئەگەر جوێن و هەڕەشە و تەکفیر وسوکایەتی بسمیلای لەسەر کرا پاک دەبیتەوە، وەک هینەکانی مەلا بەختیار خراپ نایەنە گوێ؟!

ئەو کاتە باوەڕم بە دادپەروەری ئێوە دێت کە بەر لە تەنگاو بوون بە قسەی نەیارانی ئیسلامیەکان، کەمێکیش نیگەران بوون لە جوێنە بێ ڕەوشتەکانی سەر مینبەر و فەیسبوکەکانی ئیسلامیەکان بە گشتی.

تەنها شتێکی ئەو کۆنفرانسە کە دەتوانم بڵێم سەد دەر سەد ڕاستە، دروشمی کۆنفرانس و ڕێکخراوەکەیە: "ئاین بۆ تاک و دیموکراسی بۆ هەموان" کوردستان و هەر وڵاتێک بیەوێت بە ئاسوودەیی بژیت، دەبێت ئەو دروشمە بە هەقیقی پەیڕەو بکات. ئەو وڵاتانەی کە ئێستا وەک مرۆڤ لە بەهەشتی دنیا دەژین، ئەو وڵاتانەیە کە کەس بۆی نییە موحاسەبەی کەس بکات لەسەر بیروباوەڕ و پیروڕا وچی لەبەر دەکەیت و چی دەپەرستیت و چی دەخۆیەوە.هتد.

کۆمەڵگا بێ نیفاقەکان لەوێن، لەو وڵاتانە ئاین بۆ تاک و دیموکراسی بۆ هەموانە. لەو وڵاتانەشی ئاین بۆ هەمووانە، بە خۆشی و بە ترشی، ئەوە بە شێوەیەکی تۆماتیکی دیموکراسی لەوێ بار دەکات، چونکە حوکمی دینی و دیموکراسیەت قەت کۆ نابنەوە، با ئەو حوکمە دینیە لەسەر دەستی خودی پێغەمبەریش بێت. بینیمان کە ئاین بۆ تاک و دیموکراسیەت بۆ هەموان بوو لە مەکە، لە سایەی لکم دینکم و لی دین یەک تاقە مونافیقێکیش نەبوو، بەڵام کە پایەی دەوڵەت لە مەدینە دامەزرا، ئەو عەرەبانەی کە تێکڕای مێژووی خۆیان نەیاندەزانی نیفاق و دووڕوویی چیە، لایەکیان ببوونە مونافیق ودوو ڕووی سیاسی بەر لە دینی، وەک ئەیاد جەمالەدین وا دەڵێت!

٢٠١٥/١/٢٥

# ئێران و دەستی تیرۆرستی

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە قاعیدە و داعش دەگیرێت بە بەردەوامی ئەوەیە بۆ دەستیان دەگاتە ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستڕالیا، لە پشت حەوت بەحرەوە، بۆ دەستیان ناگات بە ئێرانی هاوسنوور؟! ئەخر قاعیدە و داعش هەزارەها شوێنکەوتەیان لە ئێراندا هەیە، ملیۆنەها سونی چەوساوە و پەراوێزخراو هەن لە ئێران کە وەک هاولاتی پلە دوو و سێ مامەڵە دەکرێن، بۆچی هێندە عاقڵ و بێ زیانن، توندڕەوێکیان لەناو هەڵناکەوێ کە لەو ئەوروپایە یەکسانخوازە خۆ کوژی دەکات، کەچی لەو ئێرانە تائیفیەی پڕ لە جەور و ستەمە کەرێتی نایگرێ و کردەیەکی خۆ کوژی بکەن؟! بۆ عاقڵ عاقڵ لە ئێرانەوە دێن لە عێراق خۆیان دەتەقێننەوە و لە موسڵ پێشمەرگە دەکوژن، کەچی ناتوانن لە ئێران یەکێکیان خۆی بتەقێنەوە یان وەک ئەوروپا بە لۆریەک خەڵک بخاتە ژێریەوە؟! یان دەستڕێژیەک لەو هەموو بۆنە دینیانەی سەر شەقام و مەقام و مەزارەکان بکەن؟! بۆیە چاودێرێکی زۆر گومانیان لە پەیوەندی نێوان ئێران و ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستانە هەیە، وەک بڵێی ڕێکەوتنێکی نهێنی لە نێوانیان دا هەبێت و هەردوولا پابەندی سەلامەتی یەکتر بن. هەتا جوێنی داعش بە قاعیدە بریتیە لە ( ڕۆڵەکانی ئێران !(وەک لە وتاری جیابوونەوەی داعش لە قاعیدە، ی ابو محمد العدنانی لە 2014/5/12 هاتوە و تۆمەتباری ایمن زەواهیری ئەمیری قاعیدە دەکات کە داوای لێیان کردوە توخنی ئێران نەکەون!

بێگومان ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی زۆر هەیە لەسەر پەیوەندی ئێران و قاعیدە و داعش، و بوونی دەیەها سەربازگەی ڕاهێنانی سەلەفیەتی جیهادی لە نێو خاکی ئێراندا! دوو سێ ساڵە ئێران وەک هەوڵێک بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک و ڕەواندنەوەی ئەو تۆمەتانە بە بەردەوامی هەواڵی ئاشکرابوونی گروپی تیرۆرستی داعشی لێرەو لەوێ لە هەواڵەکانی باس دەکات، بەڵام هەواڵەکان وەک فیلمی هیندی بوون، لە دوا ساتی هەوڵێکی تیرۆرستی هێزە ئەمنیەکانی ئێران هەموویان دەگرتن و دەستیان بەسەر چەک و تەقەمەنیەکانیش دادەگرت! یان بەرلەوەی هیچ بکەن یەک دوو لاشەی کوژراوی گوماناوییان نیشانی میدیاکان دەدا !

بێگومان چاودێران گومانیان کەوتە ئەو هەولانەی ئێران بۆ خۆ دەرخستن وەک قوربانیەکی تیروریزمی سوونی، چەندین ڕەخنەیان ئاراستەی ئەو هەولانەی ئێران کرد و بە ساختەکار وەسفیان کردن. ئەوەی ئەمڕۆ لەو هێرشانەی سەر گۆڕستانی خومەینی و پەرلەمانی ئێران ڕویاندا بەڕای من یان لێکترازانی ئێران و ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستانەیە یانیش کەمن زیاتر بیرم بۆ ئەو ئەگەرە دەچێت هەوڵێکی تری ئێرانە و بەرزکردنەوەی ئاستی نمایشە کەیەتی بۆ خۆ نیشان دان وەک قوربانی تیرۆریزم!

محەمەد هەریری ٢٠١٧/٦/٧

# شەڕی سەغیر ومەهدی لە دژی کورد

ئەوەی شێخ جەلالەدین سەغیر باسی کرد دەربارەی بەدیارکەوتنی مەهدی وشەڕی موقەدەسی لەگەڵ ئێران دەکرا وەک شیتەڵکردنێکی سیاسی ئانی کارێکی بلیمەت با بەڵام بەستنەوەی بە زهوری مەهدی وسوفیانی وئەو بەندو باوە خورافیی مەزهەبیە کارەکەی زۆر دزێو کرد، سەیر لەوەدایە کە کورد دەڵێی فرچکی گرتوە بە کەمپین، کەمپینێک بەڕێوەیە لە دژی شێخ جەلالەدین سەغیر، چونکە یەکەم کەسایەتی شیعیە لە بەناو هاوپەیمانەکانمان کە بەڕاستی گوزارش لە دیوی ناوەوەی دڵ وبیروباوەڕیان دەکەن دەربارەی کورد.

من پێشتریش گوتومە ئەوە تەنها کوردە وا بە ساویلکەیی دەڕوانێتە دۆستایەتی کورد وشیعە، ئەگینا شیعە لە ڕووی مێژووییەوە سەلاحودینی ئەیوبی یان لەبیر ناچێتەوە کە دەوڵەتی گەندەڵی فاتیمی ڕوخاند لە میسرو تا ئێستاش شیعەکان نەفرەتی لێدەکەن بە عەقلی خۆیان ئەگەر سەلاحودین نەبوایە ئێستا میسر سەرتاسەری شیعە بوو!

لەڕووی فقهیەوە هەموو دەزانین کە لای شیعە بەپێی ڕیوایەتەکانیان مەکروهە تێکەڵاوی لەگەڵ کورد بکرێت وژن وژن خوازیان لێنەکرێت [باب كراهة معاملة الاكراد ومخالطتهم] ، هەروەها لەگەڵ پێست ڕەشەکانیش، لە هەموی نامرۆیانەتر ڕیوایەتەکان دەڵێن نابێت مامەلە لەگەڵ دەردەدارو کەمئەندامەکان مەکەن، چونکە گەورەتین ستەمە [باب كراهة معاملة ذوي العاهات]!!!!

بیرۆکەی هاتنی مەهدی لە بنچینەدا بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی دێرێنی ئادەمیزادە گوزارش لە خەونی مرۆڤەکان دەکات لە جیهانێکی پڕ لە دادپەروەری ویەکسانی، زۆربەی هەرە زۆری ئاینە کۆنەکان باس لە بیرۆکەی مەهدی یان رزگارکەر وشتی لەو جۆرە دەکەن، هەتا بیرۆکەی سامۆیل پێکتیش لە چاوەڕوانی گۆدۆدا گوزارش لەو بیرۆکەیەی ئادەمیزاد دەکات، کە پێیوایە تاقە مرۆڤێک دێت ودنیا دەگۆڕێت وپڕی دەکات لە عەدل و یەکسانی پاش ئەوەی لێواو لێو بوە لە جەور وستەم. بەڵام کیشەکە لەوەدایە مەهدیەکەی شیعە کە باسی دەکەن لە ڕیوایاتە زۆر وزەبەند وبی سەروبەر وپڕ لە خورافاتەکان کەسێکی پڕاوپڕە لە دڵ رەقی ودڵ رەشی ونا مرۆیی وبێ رەحمی!!

کەسێکە یەکەم کاری کە دێت واز لە مردوەکانیش ناهێنێت، بەڵکو لاشەی ئەبوبەکری سدیق و کچەکەی خێزانی پێغەمبەر عائیشە وعومەری کوڕی خەتاب و حەفسەی کچی لە قەبر دەردەکات ولە خاچیان دەدات!!

بەپێی ڕیوایاتی کتیبە شیعیەکان هەموو عەرەب و قورەیش ئیبادە دەکات، و هیچ مزگەوتێک بە ساغی ناهێڵی و حوکم بە شەریعەتی ئال داود دەکات وجولەکەش پشتگیری دەکەن لە مەهدی!!!

عەلامە النوری الطبرسی لە کتێبی [النجم الثاقب فی احوال الامام الحجة الغائب] شتێکی زۆر سەیر باس دەکات، دەڵێت یەک لە نازناوەکانی ئیمامی زەمان نازناوی پاشای یان ڕزگارکەری مەجوسە [خسرو مجوس] ١/ ١٨٥.!!!

لە [بحار الانوار] المجلسی ئەو بیرۆکەیە ڕوندەکاتەوە کە ڕیوایەت دەکات لە نوشجان کوری البودمردان دەڵێ: کاتێ فارس دۆرا لە شەڕی قادسیە و هەواڵەکە گەیشتە [یزدجرد کوری شەهریار].. ڕای کرد ولە دەرکی دیوانەکەی گوتی: السلام علیک ئەی دیوان، ئەوە من بەجێت دەهێڵم، بەڵام یان بەخۆم دەگەڕێمەوە بۆت یا پیاوێک لە وەچەکانم دێتەوە بۆت هێشتا سەردەم وزەمانی نەهاتوە...سلێمان دەیلەمی دەڵێت: چومە خزمەت ئەبو عبدالله پرسیارم لێیکرد: مەبەستی چییە لە [یا پیاوێک لە وەچەکانم دێتەوە بۆت]؟ گوتی: ئەوە یاحێبی زەمانە لە شەشەم وەچەی منە کە لە پشتی یزدجەرد کەوتۆتەوە وکوری ئەوە. [بحار الانوار٥١/ ١٦٣ -١٦٤] کەوابوو کوڕی پاشای فارس دەگەڕێتەوە بۆ تۆڵەی باوکانی لە عەرەبدا!!!

هەر لە کتێبی [الغیبە] ی محمد بن ابراهیم النعمانی، ێ ٢٣٤، عن ابی عبدالله علیه السلام قال: [اذا خرج القائم لم یکن بینه وبین العرب و قریش الا السیف...] واتە کە مەهدی هات تەنها شمشێری لە نێوان خۆیی وعەرەب وقورەیش لە نێواندایە!!

ئەگەر بچیتە ناو وردەکاری ئەخباری مەهدی دەبێت سەد سەڵاوات لە کتێبەکەی ئەلف لەیلە و لەیلە بدەیت پڕواوپرە لە خورافاتی پێکەنین هێنەر!

کێشەکە لەوەدایە هەرچەندە خورافاتیس بێت شیعەکان وەک قورئان باوەڕیان پێی هەیە، وادیارە تەنگژەکانی نێوان هەرێم وحکومەتی مالیکی مەلا و ئاخوندەکانی شیعەی بەرەو ئەو قەناعەتە بردوە کە هەرگیز ئەو پەیوەندیە نەچێتەوە دۆخی جاران بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگای ریوایاتەکانی مەهدی کە بەر لە ١٣٠٠ ساڵە لە دایک بوە کورد بشێوێنن وشوێنکەوتەکانیان ئامادە بکەن بۆ شەڕی کورد. کەچی کێسەکە هەمووی سیاسیە ولەوە دەردەکەوێت کە کوردی سوریا و تورکیا جیا دەکاتەوە لە هەڵمەتەکەی مەهدی نامونتەزیر بە بیانووی ئەوەی [پ ک ک] قیادەکەی عەلەوییە وەک شێخ جەلالەدین سەغیر دوپاتی دەکاتەوە وعەلەویەکی زۆریش هەن لەناو گەریلاکانی [پ ک ک] دا!! ئەگەر وابێت دەبێت مەهدی هەموو گەریلا سونەکانی سوریا و تورکیا

قەتل وعام بکات! بۆیە هەرچی زوە دەبێت گەریلا سونەکانی ناو [پ ک ک] کودەتایەک بکەن وسەرکردایەتیە عەلەویەکە لە ناوبەرن، نەوەک وەک مەڕ لە دوارۆژدا تەسلیمی چەقۆی مەهدی قەسابیان بکات!

هەوڵدانی ئێران بۆ نانەوەی تەنگژە لە سەرتاسەری جیهان، تەئکید لەسەر ڕاستیەک دەکاتەوە کە ئەو دەوڵەتە لەوەتی هەیە بە پەیڕەوانی ڕێبازی [حوجەتیەکان] بەڕێوە دەچێت، مەبەست لە حوجەتیش کە لە وشەی [الحجة] هاتوە ئاماژەیە بە ئیمام مەهدی، ئەوەش بزوتنەوەیەکە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دامەزرا، لەلایەن ئایەتوڵڵا شیخ محمود الحلبی دامەزا.

حوجەتیش: ئەو تیۆرەیە کە باوەڕی بەوەیە بڵاوبوونەوەی شەڕوگەندەڵی و جەور وستەم چاکترین ڕێگایە بۆ بەدیارکەوتنی مەهدی مونتەزیر . شێوازی ئەحمەد نەژاد لە دواندنی مەهدی ولێدوانەکانی هەتا لەناو کۆڕی نەتەوە یەککگرتوەکان مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە خودی ئەحمەدی نەژادیش حوجەتیە، نەژاد لە نامەیەکدا بۆ خەزوری کورەکەی دەنوسێت:

" ئێمە لە سەردەمی بەدیارکەوتنداین – واتە زهوری مەهدی – تۆش عاشقی ئیمامی زەمانی وباوەڕت پێی هەیە" هەر لەپاش هەڵبژاردنەوەی لە ٢٠٠٥ نەژاد گوتی:" ئیمانداران بە تەعالیمە ئیسلامیەکان هەموو کارێک دەکەن پێیان بکرێت بۆ خێراکردنی بەدیارکەوتنی مەهدی"!! هەتا خەڵکی ئێران بە گاڵتە دەڵێن نەژاد لە دانیشتنەکانیدا کورسیەکی بەتاڵ بۆ ئیمامی زەمان دادەنێت، ولە نان خواردنەکانیشیدا دەفرێکی بەتاڵ بۆ ئیمامی زەمان دادەنێت!

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی شیعەگەرایەتی سەفەوی بۆ خەڵک دەردەکەوت لە ڕێگای بە شیعەکردنی خوێندکارە سونییە سەرسام بوەکان بە شۆڕشی ئیسلامی کە دەچوونە ئێران یان بانگهێشت دەکران بۆ خوێندن لەوێ، یان لە ڕێگای ئەو هەموو کتێبانەی کە باسی لە کەسانێک دەکرد مەزهەبی خۆیان دەگۆڕی لە سونییەوە بۆ شیعە پاش ئەوەی بۆیان دەدەکەوت کە سونەگەرێتی یانی گومڕایی وەک کتێبگەلێکی وەک [لاکون مع الصادقین، ثم اهتدیت، الشیعة هم اهل السنة وهتد...!! لە نوسەرێکی عەرەبیم گوێ لێبوە دەڵێ کاتی خۆی بۆ کۆنگرەی یەکێتی ئیسلامی شیعە وسونە داوەت کرابوو کە سەدان نوسەر وبیرمەندی سونی و شیعی بەژداریان تێدا کردبوو، کەچی هەر لەبەردەمی هۆڵەکە کتێبی شەری مەزهەبی بە خۆڕایی وبەلاش دەدرایە خەڵک!!!

شیعەگەرایەتی ئەمڕۆ بەداخەوە لە چەندین شوێنی گرنگ وهەستیار چەقی گرژی دروست کردوە سەرەڕای خودی ئێران لە لوبنان لە سوریا کە لەو ڕۆژگارە خەریکە شەرەکە دەبێتە شەڕی مەزهەبی شیعە وسونە،

کاتێ میلیشیاکانی حزب الله شیعی وهەزاران پاسداری ئێران بە سەرۆکایەتی ئاغای سلێمانی بەژداری دەکەن لە سەرکوتکردنەوەی خەڵکی سونی سوریا. لە لوبنان حزب الله شیعی دەوڵەتێکە لە نێو دەوڵەتدا وهیچ مانایەکی بۆ دەولەت بوونی لوبنان نەهێشتۆتەوە. لە پاکستان زەبر وەشاندنی مەزهەبی شیعە وسونە لە یەک گەیشتۆتە سنوری بێهودەیی وعەبەسیەت کە تێیدا حورمەتی مزگەوتەکانی یەکتریش ناپارێزن. لە بەحرەین شۆڕشێکی مەزهەبی بەرپاکرا لە ژێر پەردەی بەهاری عەرەبی، بەڵام خەڵک هەر زوو پێیان زانی.

لە یەمەن حوسیەکان خەریکە گڕ لە سەرتاسەری یەمەن بەردەدەن بە پاڵپشتی ڕاشکاوی ئێران، هەرچەندە یەمەن شیعەی زەیدین وزۆر میانڕەون زۆر جار کە سەرنجی بیروڕاکانیان دەدەم دەڵێم دەڵێی هەموو لایەنە چاکەکانی شیعە و سونەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەڵام عەقڵیەتی سەفەوی ئێرانی ڕقی لەو تەباییەیە ئەوەتە تیۆری گەڕانەوە بۆ ئەسڵ لەگەڵ زەیدیەکانیش بەکار دەهێنێت وەک چۆن لەگەڵ عەلەویەکان بەکاری دەهێنێت وخەریکە زەیدیەکانی یەمەن دەکاتە دوازدە ئیمامی کە ئەوەش کارەساتێکە بۆ ئیسلام و خودی شیعەگەریێتیش...

کێشەکە گواستراوەتەوە هەندێک وڵات کە تا دوێنێ یەک تاقە شیعەیشی تێدا نەبوو وەک میسرو تونس وجەزائیر ومۆریتانیا و نەیجێریاش بە ڕادەی جیاواز کێشەی مەزهەبی شیعە وسونەی تێدا دروست بوە، هەرچەندە شیعە لەو وڵاتانە ١% دانیشتوانیش نابن!!

لە تورکیا هەرچەندە ئامارێکی زانستی نییە، بەڵام تەقدیراتەکان باسی نزیکەی ٤ – ١٠ ملیۆن عەلەوی دەکات کە ناسراون بە زۆر دووری لە دین، هەتا مزگەوتیشیان نییە وبەشێکی زۆریشیان کوردن، دەمێکە ئێران لەسەر ئەو تایفەیە ئیش دەکات هەرچەندە شیعەی بەرایی ئیمامی ئەو عەلەوییانەی بە کافر دەزانی، چونکە بەڕاشکاوی عەلی بە خوا دادەنێن لە بیروباوەڕ ودەقەکانیاندا، بەڵام لای شیعە چاکترە عەلی بەخوا دابنێیت، بەڵام سونی نەبیت وپێت وابێت ئەبوبوکر وعومەر وعوسمان لە پێش عەلیدا دێن بە پێی زنجیرەی سونی!!

هەروەها شیعەی جەعفەری باوەڕی بە تیۆری گەڕانەوەی لق هەیە بۆ ئەسڵ، واتە خۆی وەک شیعەی جەعفەری پێ ئەسڵە و عەلەویەکانی پێ لقە وهەوڵی گەڕانەوەیان دەدات بۆ ئەسڵەکە، لە جیاتی تەکفیر کردن و نەفرەت کردنیان، ئەوەش بێگومان زیرەکیان دەردەخات، ئەوە نییە سەلەفیەکانی خۆمان خەریکە هەموو ئۆمەتی سونی وشیعی پێکەوە تەکفیر دەکەن!!

لە سوریاش هەرچندە عەلەویەکان کەمینەن ڕێژەیان لە چاکترین تەقدیردا ناگاتە ١٠% بەڵام لە ڕێگای سوپا وکودەتای سەربازی دەستیان بەسەر چارەنوسی ئەو وڵاتە داگرتوە بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ ودەرگاکانیشیان

بەو دواییە لەسەر پشت کردۆتەوە بۆ چالاکی تەبشیری ودەعەوی شیعەگەرایەتی وپارە وپولێکی زۆریشی تێدا هەلدەرێژن، بەڕای من یەک لە سەرەکیترین هۆکاری شۆڕشی سوریا کە لە شاری دەرعا سەری هەڵدا، وەلامدانەوەی ئەهلی سونەی ئەوێیە لە دژی بەرفراوترین هەڵمەتی شیعەگەرایەتی کە لە دەرعا بەڕێوە دەچێت وبە یارمەتی وموبارەکەی ڕژێمی بەعسی عەلمانی عەلەوی نەتەوەیی وعروبی!!

زۆر جار گوێمان لێ دەبوو کە سونە ترسناکترن لەسەر کورد لە شیعە گوایە تەوژم وتەیاری عروبەت لە ناو شیعەدا لاوازە، بەڵام هەمان تەیار لە ناو سونەدا بە هێزە، بەڵام بە وردبونەوەیەک دەردەکەوێت کە ئەو مەقولەیە بێ کەموکورتی نییە.. ڕاستە نیوەندی سونی زۆر دڵ ڕەشانە هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ کێشەی کورد، بەڵام تەحەدایەکان خەریکە بەرەو گۆڕانی گەورەیان دەبات وەک لە ڕەفتاری تورکیا دەردەکەوێت.

بە نسبەت نا عروبەتی ڕەوتی شیعەگەرایەتی تا ڕادەیەک ڕاستە هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەژداری کەسانێکی نا عەرەب بەتایبەتی لە فارسەکان وعەجەمەکان لە دامەزراندنی پێگەکانی ئەو مەزهەبە، هەروەها لەبەر لەباوەش گرتنی خەڵکی فارس بۆ دەعوەی ئەهلی بەیت کە هەتا عەباسیەکانیش لەسەر شان وپیلی ناعەرەبەکانی وەک کورد وفارس هاتنە سەر سەکۆی خیلافەت...بێگومان کاریگەری فارسی بەسەر جیهانبینی شیعیدا ناکرێت نکوڵی لێ بکرێت تا ڕادەی ئەوەی هەندێک حەدیسیان بەدەوی ئیمامەکانیان دروست کردوە کە گوایە خودی مەهدی لەوەچەی یەزدجەردی فارسەکان وەک باسمان کرد.

عروبەت وناعروبەتی سونە و شیعە لەو چوارچێوەیە دەبێت بخوێندرێتەوە، نەک شیعە وەک مەزهەبێکی ئینسانی و مرۆدۆست وێنا بکرێت، هەموو دەزانین کە لای شیعە بەپێی ڕیوایەتەکانیان مەکروهە تێکەڵاوی لەگەڵ کورد بکرێت وژن وژن خوازیان لێنەکرێت [باب كراهة معاملة الاكراد ومخالطتهم] ، هەروەها لەگەڵ پێست ڕەشەکانیش، لە هەموی نامرۆیانەتر ڕیوایەتەکان دەڵێن نابێت مامەلە لەگەڵ دەردەدار وکەمئەندامەکان مەکەن چونکە گەورەتین ستەمە [باب كراهة معاملة ذوي العاهات]!

سەرەڕای کاریگەری ڕەوتی عروبەتی نەتەوەیی عەرەب کە سەدام گوزاریشی لێدەکرد، ناعروبەتی شیعەی عێراق هیچ مسۆگەریەک نییە بۆ مرۆڤایەتی ڕێبازیان، چونکە تەنها عەرەب فاشیەتی عروبی دروست ناکات، شۆڤێنیەتی مەزهەبی وفارسیش لەئارادایە، ئەوە نییە کوردە فەیلییەکان بە ملیۆن لە بەغدا و خوارووی عێراقن کەچی دەنگێکیان ناچێتە گیرفانی کوردەوە، چونکە وەک چۆن عەرەبی شیعە وەلایان بۆ مەزهەب زیاترە هەرواش کوردی شیعە وەلایان بۆ مەزهەبە زیاتر لە نەتەوەکەی خۆیان.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە لەوە ناچێت ئەو کێشە گەورەیەی نێوان ئێران وسوریا وحزبوڵڵا لە دژی تورکیا وئەمریکا وعەرەبەکانی خەلیج لە بەرژەوەندی ئێران تەواو ببێت... بۆیە خۆبەستنەوەی کورد بەو میحوەرە تەنها زیان وزەرەری بەدواوەیە..

هەرچەندە تەشەیوع وئێران عروبی نییە، بەڵام ترسناکی مەزهەبیەتی سەفەوی کەمتر نییە لە عروبەتی فاشی. هەڕەشەکانی شێخ جەلالەدین سەغیر، کە ناوەکەی پڕ بە پیستیتی، کەمتر نین لە هەڕەشەکانی عروبەتی فاشی!

٢٠١٢/٨/٢٣

# هاوپەیمانی دوو ئەهریمەن لە دژی کورد

## -١-

لە سەروبەندی دووایین ڕۆژەکانی داعش وەک هێزێک لەسەر زەوی، ئەو پەیوەندییەی نێوان داعش و تورکیا هێندە ئاشکرا و زانراو بووە، هەتا خەڵکی ئاساییش وەک هەقیقەتێکی زیندووی ڕۆژانە دەیزانێت، بە تایبەتی خەڵکی سەر سنورەکانی نێوان تورکیا و سوریا. ئەوانەی نکوڵی دەکەن و چاویان ئەو پەیوەندیە نابینن یان درۆ دەکەن نایانەوێ ببینن، یانیش لە ساویلکەیی خۆیان و تێنەگەیشتن لە سروشتی دیکتاتۆریانەی خۆرهەڵاتی ناگەن کە ئەردۆگان ئێستا لە لوتکەی ئەو دیکتاتۆرانەدایە، لە ژێر پەردەی دیموکراسیەت تورکیا و ناوچەکە و گەلی کورد بەرەو شەڕوماڵوێرانیەکی زۆر سەخت دەبا.

بەڕاستی مرۆڤ سەیری بە ساویلکەیی هەندێ نووسەری گەورەی ڕۆژنامە ناودارە گەورەکان دێ، کە باس لە پەیوەندی تورکیا یان ئەردۆگان لەگەڵ داعش دەکەن وەک بڵێی دژایەتی و لێکدانیشی تێ دەکەوێت! جیهان هەمووی ئاگاداری یارمەتیەکانی تورکیا بوو بۆ داعش لە شەڕی کۆبانێ و چۆن سوپای تورکیا بە چنگ ونینۆک یارمەتی ئەو وەحشە بەشەرییانەی دەدا! چۆن دەکرێت لە بنەڕەتدا دەوڵەتێکی بەناو سێکیولار هەتا بێلایەن بێت لە شەڕێک لە نێوان تیرۆرستان و لایەنێکی مەدەنی سێکیولار لە مافی خۆیان زیاتر هیچیان لە جیهان ناوێ؟!

بۆ نمونە پەیامنێری نیۆرک تایمز روکمینی کالیماچی Rukmini Callimachi لە ئەنقەرە دەڵێت :نازانین ئەوەی تورکیا دەیکات تەنها چاوپۆشینە لە داعش یان یارمەتی دانە!

بەڵام هەر خۆشی دەڵێت: ئەوانەی داعش ڕایان دەکێشێتە ناو ڕیزەکانی بەوپەڕی ئازادییەوە بە تورکیا هاتوچۆ دەکەن!

داعش کەل وپەلی خۆی دەهێنێت لە ڕێگای تورکیاوە، هەتا چەک و تفاقیش. زامدار و نەخۆشەکانیان دەچنە تورکیا بۆ وەرگرتنی چارەسەر، پارە و یارمەتیان بۆ دێت لە ڕێگای وێسترن یونیەن لە نووسینگەکانی باشوری تورکیا! ئەگەر بەو هەموو زانیاریەوە هیشتا نەزانی ئەوە یارمەتی دانە نەک چاوپۆشینێکی ئاسایی ئەوە چۆن پەیامنێرێکی ئەو ڕۆژنامەیە ناودارەیت؟! [١]

لە تورکیا شتێکی تریش هەیە کە ئەو نووسەر و پەیامنێرانە درەنگ تێیدەگەن، ئەویش ئەوەیە پێیان باوەڕناکرێت دیکتاتۆرێکی نمایشکاری ئەکتەری فاشیلی وەک ئەردۆگان، خۆی سیناریۆی کاری توونددوتیژی

بە هەماهەنگی لەگەڵ داعش دروست دەکات لە دژی هاوڵاتی خۆیی بە تایبەت دژی کوردەکان! بۆیە هەتا ئەو تەقینەوانەی دژی کوردیش کرا لە سروجی و ئەستانبۆل، بە شەڕی نێوان داعش و تورکیای حسێب دەکەن! ئەردۆگان لە پێناو سەرکەوتنی پلانە چەواشەکارەکانی گوێ ناداتە ئەوەی هەزاران لاوی تورکیش بگرێت و بکوژێت، وەک لە کودەتا شانۆگەریەکەی کردی و سەرباز نەما هەتا دەستدرێژی سێکسیشی نەکرێتە سەر! یان لە تەقینەوەی فڕۆکەخانەی ئەستانبۆڵدا کە بۆ ڕاکیشانی سۆزی جیهانی بوو بۆ ئەردۆگان وەک قوربانیەکی دەستی تیرۆریزمی داعشی خۆی نیشاندەدا.

خەریکە ئەو پەیوەندییە لای خۆرئاواش ئاشکرا دەبێت لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی: بەرپرسێکی خۆرئاوایی گەورە پەیوەندیەکانی تورکیا و داعش ئێستا ناکرێت نکوڵیان لێبکرێت! Senior Western official: Links between Turkey and ISIS are now 'undeniable' دەڵێت: مارتن چۆلۆڤ لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بەو دواییە لە ڕاپۆرتێکدا گووتی لە هەڵمەتێکی سوپای ئەمریکی بۆ سەر نووسینگەکانی بەرپرسە دراویەکانی داعش بەڵگە و دۆکیومنتی وا کەوتنە بەردەست دەیسەلمینن کە بەرپرسانی تورک ڕاستەوخۆ لە پەیوەندی دان لەگەڵ بەرپرسانی بالای داعشی وەک ئەبو سەیاف کە گەورە بەرپرسێکی دراوی داعش بوو ولەو کردەیەش کوژرا! [٢]

لە جانیوەری ٢٠١٤ ڕۆژنامەی جمهوریەت دەیلی Cumhuriyet daily ڕاپۆرتێکی بلاوکردەوە بە بەڵگەی ڤیدیۆیی و وێنە لەسەر ئەو چەکانەی تورکیا بۆ قاعیدە و داعش و باقی گروپە توندڕەوەکانی سوریای ناردبوو، کە لە جیاتی دەستخۆشی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە جان دوندار لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا و سزا درا بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای دژە تیرۆر. لە دوای ئەو ئاشکرا بوونە هەموو ئەوانەی ئەو بارە چەکەیان ئاشکرا کرد ٤ لەو ئۆفیسەرانەی سوپا گیران و سزا دران بە تۆمەتی ئەوەی دەیانەوێت ئارامی وڵات بشێوێنن و پیاوی فەتحوڵلا گولەنن، ٣٠ تریش لە ژێر لێکۆڵینەوەن و دەرکران لە کارەکانیان و تۆمەتی هەوڵی وەرهێرانی ڕژێمی سیاسی تورکیایان خرایە پاڵ! [٣]

یانی ئەوەی یارمەتیدانی تیرۆرستان ئاشکرا دەکات، سزا دەدرێت بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای دژە تیرۆر یان بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی نائارامی لە وڵات و هەوڵی کودەتا!

ئەردۆگان چونکە خۆی لە پشت ئەو کارەوە بوو، ئەو کاتە کە سەرۆک وەزیران بوو گووتی: " ئێوە ناتوانن بارهەڵگری [میت] موخابەراتی تورکی بوەستێنن، بۆتان نییە بیپشکنن، ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان نییە. ئەو بارهەڵگرە یارمەتیە مرۆییەکانی دەگوازتەوە بۆ تورکمانەکان"! [٤]

ئەردۆگان و داود ئۆغلۆی ترۆکراو، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی پڕ چەکی ئەو بارهەڵگرە، زۆر چاوقایمانە لە هەموو بۆنەیەک دەیانگووت: ئەو بارهەڵگرانە یارمەتی مرۆییان بۆ تورکمان دەگواستەوە! دادیاری گشتی عەزیز تاکجی، کە فەرمانی کرد بە پشکنینی بارهەڵگرەکە، لە کارەکەی دەرکرا، درایە دادگا بە تۆمەتی سیخوڕی کردن و کۆمەڵێک تۆمەتی تر کە سزاکانی لەوانەیە بگاتە ٢٠ساڵ زیندانی! [٥]

کەمال کلیچدار ئۆغلۆ سەرۆکی گەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆن حزبی کۆماری خەڵک جەهەپە لە ٢٠١٤/١٠/١٤ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ڕژێمی ئەردۆگان چەکی داوەتە گرووپە تیرۆرستەکان. و گووتی حکومەتی تورکی دەڵێت کە یارمەتی مرۆیی داوەتە تورکمان بەو بارهەڵگرانە کە لێخورەکانیان ئەوەیان پشتڕاست نەکردەوە و تورکمانەکانیش گووتیان هیچ یارمەتیەکیان پێ نەگەیشتوە! [٦]

هەر زوو بەر لەوەش ڕۆژنامەنووس ڕیپۆرتەر و لێکۆڵەری ناودار سیمۆن هێرش، ئاشکرای کرد کە بەکار هێنانی غازی سارین لە سوریا لە غۆتە لەلایەن داعشەوە لە ٢٠١٣/٨/٢١ کە هەزار مەدەنی کوشت بە فەرمانی تورکیا بووە بۆ ئەوەی سوپای سوریای پێ تۆمەتبار کات، و ئەمریکا پەلکێش کاتە ناو شەڕەکە لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد. ئەو کاتە کەس ئامادە نەبوو لێکۆڵینەوەکەی سیمۆن هێرش بڵاوکاتەوە تا ڕۆژنامەی زەمان ی تورکیش بە بەڵگەوە ئەو ڕاستیانەی سەلماند! هێرش دەڵێت ئەوە کاری میتی تورکی بوو بۆ ئەوەی وانیشان بدەن کە ئەسەد لە دوای ئەو هێرشە کیمیاویە بوو، بۆ ئەوەی ئەمریکا بیتە ناو شەڕەوە لە دژی ئەسەدا! [٧]

ژەنەڕاڵ وێڵسی کلارک سەرکردەی هەرە باڵای پێشووی ناتۆ لە چەندین چاوپێکەوتندا دووپاتی کردەوە کە تورکیا یارمەتی داعش دەدات بە هەموو شێوەیەک، و لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ CNN لەبارەی بەردانەوەی فڕۆکە ڕووسیەکە گووتی :ئەوەی ئەو نەوتەی داعش بکڕێت، کە دەچێتە شوێنێک لە شوێنەکان، وابزانم دەچێتە تورکیا" دەبێت یارمەتی داعش بدات.

لە چاوپێکەوتنی تریش بە ڕاشکاوی دەڵێت هەندێ لە نزیکترین دۆستانمان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ]ئاماژەیکرد بۆ تورکیا و هەندێ ولاتی کەنداو] چۆن دەستیان هەبووە لە دروستکردنی داعش، ئەو ڕێکخراوەی کە ئەمریکا بلیۆنەها دۆلار خەرج دەکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی!

تاوانبارکردنی تورکیا و قەتەر و ولاتانی تر بە هاریکاری کردن بۆ سەرهەڵدانی داعش لەسەر زمانی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکاوە هات! بایدن گووتی ئەو ملیۆنەها دۆلارەی کە ئەو ولاتانە ئامادەبوون بیدەن بە هەر کەسێک دژی شیعە و بەشار ئەسەد بجەنگێت، دایان بە بەرەی نوسرە و قاعیدە، کە لە دواییدا داعش لە هەناوی ئەوانەوە سەریهەڵدا.

ڕوێکی تری هاریکاری تورکیا وداعش، چارەسەرکردنی بریندارانی داعیشە و ڕۆژنامەی the Washington Post واشنتن پۆست لە ٢٠١٤/٨/١٢ لەسەر زمانی سەرکردەیەکی داعشی گوازتەوە: " موجاهیدانمان لە پلەی ئاسایی و هەتا پلە بالاکانیش لە تورکیا چارەسەر دەکرێن"

یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاکەپەش دەنگیر میر محەمەد فیرات دەلێت: تورکیا یارمەتی گروپە تیرۆرستەکان دەدات و ئێستاش یارمەتیان دەدات و لە نەخۆشخانەکانی چارەسەریان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی گەشەسەندنەکانی ڕۆژئاوا [کوردستانی سوریا] بوەستێنێت...وەزیری تەندروستی گووتی: پابەندبوونی ئینسانییە یارمەتی چارەسەرکردنی زامدارەکانی داعش بدەین!" ڕۆژنامەی Hurriyet Daily News حورییەت دەیلی نیوز وێنەی سەرکردەیەکی گەورەی داعشی بەناوی ئەبو محمد لە نەخۆشخانەی هەتای حکومی بلاوکردەوە لە ئەپریلی ٢٠١٤ . [٨]

## سەرچاوەکان

[١]https://www.pri.org/…/turkey-s-complicated-relationship-isis

Turkey's complicated relationship with ISIS June 30, 2016 , By Christopher Woolf ,

[٢]http://uk.businessinsider.com/links-between-turkey-and-isis…

Senior Western official: Links between Turkey and ISIS are now 'undeniable' By: Natasha Bertrand

[٣]http://www.ibtimes.co.uk/turkey-newspaper-investigated-publ…

Turkey: Newspaper investigated for publishing 'evidence of weapons shipments to Syrian rebels' by Umberto Bacchi

[٤]http://www.collective-evolution.com/…/the-warm-relations…/ The Warm Relationship Between Turkey and ISIS (Confirmed Facts) November 28, 2015, by Katharine J. Tobal

[٥]http://www.al-monitor.com/…/turkey-syria-intelligence-servi…

Turkish military says MIT shipped weapons to al-Qaeda, by Fehim Tastekin. January 15, 2015.

[٦]http://www.collective-evolution.com/…/the-warm-relationsh…/

[٧]http://www.washingtonsblog.com/…/2-turkish-parliament-membe…

2 Turkish Parliament Members: Turkey Provided Chemical Weapons for Syrian Terrorist Attack Posted on October 23, 2015 by WashingtonsBlog

[٨]http://www.collective-evolution.com/…/the-warm-relations…/ The Warm Relationship Between Turkey and ISIS (Confirmed Facts) November 28, 2015, by Katharine J. Tobal

٢٠١٧/٧/٣٠

# کورد وەک میللەتێکی دوژمن دۆست!

## -1-

مرۆ گوێی لە فەقیردۆست و میوان دۆست و ڕاستی دۆست و شتی تریش بووە، بەڵام لە هیچ مێژوویەک کەس گوێی لە دوژمندۆستی بووە؟! باوەڕناکەم! ئەو دوژمن دۆستییە داهێنانێکی کوردی سەد لە سەدە، گەمژەترین و دواکەوتووترین و سەرەتاییترینی گەلانی جیهانیش، دەستیان نییە لەو دۆزینەوەیە مەزنە! میللەتێکە دەڵیی هەمووی دوچاری نەخۆشی ستۆکهۆلم سیندرۆم بوونە، کە تیایدا قوربانی هاوسۆزی پەیدا دەکات لەگەڵ دوژمنەکەی تا ڕادەی خۆشەویستی! لە ساتی کودەتاکەی سەر ئەردۆگان، هەروەک لە ساتە ناسکەکانی تریشدا، وەک هەڵبژاردنەکان، خەڵکانێکی ئیسلامی زۆری کورد، بەوپەڕی دوژمندۆستیەوە، خەریکی شین وگریان و دوعا کردن بوون بۆ سەرکەوتنی ئەردۆگان بەسەر دوژمنانی، کە کوردیش یەکیکیانە!

وەک بڵییت ئەردۆگان زۆر دۆست بێت؟! کورد بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی ئیسلامی هەمووی سوژدەی شوکریان برد کاتێ، ئەردۆگان ڕزگاری بوو لەو سیناریۆیە کودەتا ساختەیەی، کە وردە وردە نهێنیەکانی ساختەیی دەردەکەون، وەک ئاماژەمان دا بەو وتارەی واشنتن تایمیز کە ٣ێ مانگ بەر لە ئیستا باسی ئەگەر چیکردنی سیناریۆیەکی کودەتا هەیە لەلایەن ئەردۆگان.

ئەو ئیسلامیانە ئەگەر بزانن دیموکراتیەتیکی ئەنگلۆ ساکسۆنی هەقیقیش بیتە دەسەڵات لە پاش ئەردۆگان پێیان خراپە، و هەر پشتگیری لە ئەردۆگان دەکەن. یانی دژایەتی کودەتایان پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژی دینی لەدوایە، نەک لۆژیکیکی مرۆیانە.

-2-

## دەڵێن پ ک ک و هەدەپەش دژی کودەتا بوون!

## دەڵێن سووپا خراپترە لە ئەردۆگان بۆیە پشتگیری ئەردۆگان دەکەین!

منیش دەڵێم:

ڕاستە هەموو حزبەکانی تورکیا دژی کودەتا بوون، ئەوەش هەڵویستێکی سیاسی پێویستە، چونکە زۆرجار کودەتا تا سەرنەکەوێت قبول ناکرێت! کودەتاکەی تورکیاش ئەگەر هەقیقی با، لە ستایلی کودەتای سیسی میسر قبوڵ دەکرا، ئەوە کودەتاکەی سیسی میسر لەبەرچاوە، چۆن خۆی سەپاند بەسەر هەموو جیهان! چونکە ئەردۆگان زۆر مەکروهترە لە مورسی لە نێوەندی سیاسی و میدیایی خۆرئاوا.

بەرای ئێمە پ ک ک و هەدەپە خوێندنەوەی ئامادەیان هەبووە بۆ ئەگەری کودەتا، کە ماوەیەکە میدیای ئاک پارتی دەیوروژاند، و پ ک ک و هەدەپە وەک حزبەکانی باشوور نین، بەس لە نەوتفرۆشی سەریان دەربچێت! بلیمەتیەکی گەورە بوو دژی کودەتا هەڵوێستیان گرت، چونکە ئەگەر وایان نەکردبا، ئێستا ئەردۆگان و بەڵتەچیە گورگە بۆرە و داعشیەکانی هەزاران کوردیان کوشت و زیندان کردبوو! ئەوان دەست لە سەربازی بێ ڕوتبەی هەژاری تورک ناپارێزن، کە لای تورکەکان سەرباز پیرۆزە و نازناوی محەمەدیان لێ دەنێن، بە ئاهەنگ بەڕێ دەکرێن بۆ خزمەتی سەربازی، ئەی چۆن دەستیان لە هەدەپە و کورد دەپاراست؟!

ئەمریکا و ئەوروپاش هەروایان کرد، تا درەنگ چاودێری وەزعەکەیان کرد، دوایی دایەنە پاڵ دەسەڵاتی بەناو شەرعی و هەڵبژێردراو!

-3-

## ئایە سووپا خراپترە لە ئەردۆگان؟!

پێش دەرکەوتنی ئەردۆگان، سووپا خراپتر بوو ڕاستە، بەڵام لە حالی حازردا مەرج نییە سووپا خراپتر بێت، هەتا ئەگەر لە ڕابردووش خراپتر بوو بێت. چونکە هەموو هێزە عەلمانیەکان بە سووپاشەوە کە پارێزەری عەلمانیەتە لە تورکیا، کەوتنە بەر هەڵمەت و فشاری ئەردۆگان، هێدی هێدی مافە دیموکراتیەکان لە خەڵک گڵدەداتەوە. هیزی پارتەکەیی و کەسی خۆی لە هەموو دەزگاکان بڵاوە پێکردوە، بۆیە هێزە عەلمانیەکان بە ڕابەری سووپا گەر بگەڕێنەوە، بەڕای من بە عەقڵیەتی جاران حوکمی تورکیا ناکەن و پێشیان ناکرێ. ڕەفتاریش وەک جاران لەگەڵ دۆزی کورد ناکەن. چونکە دەزانن لایەنگیری کورد و ئیسلامیەکان بوو، ئەردۆگانی فریودەری هێنایە ئەو دەسەڵاتە درێژخایەنە لە سەرەتاکاندا.

ئەگەر سوپا و هێزە عەلمانیەکان خراپیش بن، نەشگۆڕابن، هەر بەڕای من، سووپایەکی کودەتاچی و چەند حزبێکی بەناو عەلمانی، زۆر ئاسانترە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی لە سووپا ومیلیشیا و بەڵتەچی و داعشیەکانی ئەردۆگان، کە بەوپەڕی دڕندایەتی ڕوحی کلتوری خوێناوی تورکی و جیهادی ئیسلامی شەڕی کورد دەکەن. ئینجا سووپایەکی ناحەز و چەند حزبێکی عەلمانی نەناسراو زۆر باشترە، لە ئەردۆگانێک کە دەتوانێت بە فەتوایەکی قەڕەزاوی و قەرەداغی ملیۆنێک گەنجی عەرەبی خەلیجی و میسری و تونسی و سوری وپاکستانی و ئەفغانی لە دژی کورد کۆ بکاتەوە! ئەو گەنجەی خۆی لە ژێر زنجیری تانکێکی کودەتاییەکان درێژ کرد عەرەبێکی مەغریبی بوو! ئەوانەی ئەو مەترسیانە نابینن و هەر دڵیان بەوە خۆشە کە ئەردۆگان باشترە، یان خۆیان لە گێلی دەدەن لەبەر باوەڕی دینیان، یانیش خراپ حاڵی بوون.

وەک گووتم هەرگیز لەگەڵ کودەتا نیم، بەڵام دیموکراسیش چارەی دیکتاتۆریەت ناکات، بە تایبەت ئەو دیکتاتۆریەتە پایەی سەرەکی یاریکردن بێت بە هەستی دینی ئیسلامی و موسڵمانان.

لە حالەتی ئەردۆگان دەزانم دکتاتۆرێکە قەت بە ڕێگای دیموکراتی لاناچێت. کەسێکە تورکیای بردۆتە سەر لێواری ڕژێمێکی تۆتالیتاریزمی شمولی و زۆربەی ئازادیەکانی خەڵکی قۆرخ کردوە و زیاتریش قۆرخی دەکات. جاڕی گەورەترین شەڕی داوە لە دژی کورد لەسەر ئاستی سیاسی و سوپایی. تاوان نەماوە نەیکات دژی منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاوی کورد. وڵاتی پڕی لایەنگری دینی توندوتیژ کردوە. ناوچەکەی پڕی شەڕی تیرۆریزم کردوە. سامانی باشوری کوردستان بە برابەشی دەدزێت.

چ دیموکراتیەک دەتوانێت ئەردۆگان بڕوخێنێت؟!! پاش ئەو سیناریۆ ساختەیەی کودەتا، کە سیناریۆکانی سەردەمی حوکمی شوعیەتم بیردەهێنێتەوە، لە پاکتاوکردنی نەیارانی چاوەڕوانکراویان، ئەردۆگان بازێکی

گەورەتر دەدات لە حوکمی دیکتاتۆریانەی خۆی، کورد و تورکیش زیاتر سەرکووت دەکات، ڕوحی دوژمنایەتی لە دژی [کوردی کافر] بە هێزتر دەکات، لە پەنا دینە داعشیەکەی، ئەو کاتە هەموو کوردە ساویلکە و گەمژە و دوژمندۆستەکان پەشیمان دەبنەوە بۆ سەرنەکەوتنی کودەتاکە، هەرچەندە بەڕای من قەت سەر نەدەکەوت، چونکە ئەردۆگان پلان دانەری بوو.[1]

## لە پێناو نەوەیەکی دینداری داعشی تورکی داروێنیشی سڕیەوە لە تورکیا!

لە یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی ئەردۆگان بۆ باڵادەستی ئیسلامی سیاسی سیما تورکی داعشی و ئەوەی ناوی ناوە بە دروستکردنی [نەوەیەکی دیندار] لە وڵاتدا، بڕیارە تا ماوەیەکی تر خوێندنی تیۆری پەرەسەندنی داروێن لە قوتابخانەکان نەمێنێت. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی پەروەردە و فێرکردن، ئەلب ئەرسەلان دورموش گووتی: " ئەو بابەتە لە مەنهەج و پرۆگرامەکان لابرا لە نێو ئەو بابەتانەی کە [جەدەل و مشت ومڕ وروژێنن]!..ئەگەر قوتابیەکانمان باگراوندی زانستی و زانیاری و مەعریفەتی پێویستیان نەبێت بۆ تێگەیشتنی ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر بابەتە ناکۆکەکان دەکرێت، لامان بردن!"

یانی هەر بابەتێک جێگای مشت ومڕ بوو لە زانست دا دەبێت لا بدرێت؟! ئەگەر وا بێت دەبێت زۆربەی زانست و تیورەکان لاببرێت هیچ نامێنێتەوە لە مەنهەجەکان بۆ خوێندن!

ئەوە چ بیانوێکە بە بیانووی نەبوونی پاشینە و باگراوندی زانستی بۆ تێگەیشتن لە گفتوگۆکان، تیورێکی وا گرنگ لابەریت لە خوێندن!؟ خۆی خوێندنەکە باگراوند دروست دەکات، نەک ڕاکردن لێی!

ئەوانە ڕاستیەکەی هەموو بیانووی ترێیە وەک دەڵێن، تەنها سەپاندنی جیهان بینی ئیسلامی سیاسیە لە جێگای جیهانبینیەکی زانسی بێلایەن، دەنا خۆی باگراوندی زانستی لەوەوە دروست دەبێت کە تیورەکە بە هەموو جەدەلەکانیەوە بخوێنرێت، یانی بەوانەی کە پشتگیری دەکەن و ئەوانەشی ڕەخنەیان لەسەری هەیە، ڕەخنەی زانستی نەک ڕەخنەی هاڕون یەحیای دمبکچی سۆزانیەکان.

ئەو تورکە زۆر عەنتیکەنە، ئەو کابرایەش هاڕون یەحیا ناسراو بە [عەدنان ئۆکتار] بەو تیاترۆخانەوە دژی تیۆری پەرەسەندنە، دەیان موجەلەدی نووسیوە لە دژی! دەڵێت تیۆری پەرەسەندن پیلانێکی خاچپەروەرانی خۆرئاوایی مەسیحیە بۆ فریودانی لاوانی موسڵمان - یانی لاوانی موسلمان بەو تیاترۆخانەیەی هارون یەحیا فریو ناخۆن، بە تیۆری پەرەسەندن دەیخۆن؟! بەڵگەی هارون یەحیاش لەسەر سەڵبیەتی و خاچپەروەری چارلز داروین ئەوەیە لە کەنیسەیەک دەیخوێند تا ببێتە قەشە!

[1] https://www.theguardian.com/commentisfree/2016/jul/18/turkey-failed-coup-president-erdogan-clampdown-media-military?CMP=fb_gu

کینس میللەر زانای ناوداری بایۆلۆژی دەربارەی ئەو موهەریجە تورکە کە هارون یەحیایە، دەڵێت: چەندین ئیمێڵم بۆ دەهات کە پرسیار بوون لەبارەی تیۆری پەرەسەندنەوە، منیش سەیرم پێهات وگووتم بۆ ئەو پرسیارانە دەکەن، لە وەڵامدا منیان ناساند بە بیروڕاکانی کەسێک بەناوی هارون یەحیا، زنجیرە کتێبەکانی هارون یەحیا یان بۆ ناردین دەربارەی تیۆری پەرەسەندن کە بە ئینگلیزی کرابوون! کە خوێندمنەوە دوو شتی خۆشی تێدا بوو، یەکێکیان چاوەڕوانکراو بوو، دووەمیان پێکەنین هێنەر بوو: ئەوەی چاوەڕوانکراو بوو هەموو ئەو قسە و بەڵگانەی دژی تیۆری پەرەسەندن لەو بەشەدا باسکرابوو بەکارهینانەوەی [ڕیسایکلی] ئەو بەڵگە و ئارگیومێنتانەی مەسیحیەتی ئەورووپا بووا!

بەشی دووەم کە زۆر پێکەنین هێنەر بوو: ئەوەیە کە هارون یەحیا دەلیت تیۆری پەرەسەندن پیلانێکی خاچپەرستی خۆرئاوایی مەسیحیە بۆ فریودانی لاوانی موسڵمان!

ئەو هارون یەحیایە یەکێکە لەوانەی عەقڵیەتی ئیسلامی تورکی فۆرمەڵە کردوە دژی تیۆری پەرەسەندن! ئەمرۆ ئەردۆگانیش وەک ئیسلامیەکی خەریج مەعهەدێکی دینی، بێگومان لەسەر کتێبی ئیسلامی نا زانستی و ئەو جۆرە کتێبانەی هارون یەحیا پەروەردە بوە، بۆیە بیروڕای ئەو موهەریجە دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەواڵەکە دەڵێت پرۆگرامی نوێی خوێندن بۆ ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٧-٢٠١٨ ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات، و دورموش گووتی جەخت کرایەوە لەسەر تیشک خستنە سەر دەسکەوت و دۆزینەوەکانی زانایانی تورک و موسڵمانان!

ئیبرۆ ئیجیت، ئەندامی ئەنجوومەنی یەکێتی پەروەردەی سێکیولار "Egitim-Sen" گووتی :ئەوە بیانوێکی بێ بنەمایە بۆ لادانی خوێندنی تیوری پەرەسەندن بە بیانووی کە دەڵێت قوتابیانی پۆلی نۆی دواناوەندی بۆیان قورسە لە تیۆری پەرەسەندن بگەن! هەروەها بە CNN گووت: گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن سیستمی پەروەردە وفێرکردن لە لۆژیکی زانستی دەردەهێنێت و دەیگۆڕێت بۆ سیستمێکی دینی توندڕەو و وشک. لادانی تیۆری پەرەسەندنیش لە خوێندندا گەورەترین نمونەیە بۆ ئەوە![2]

٢٠١٧/٨/٨

---

2 سەرچاوە:https://arabic.cnn.com/…/…/24/turkey-stop-teaching-evolution
ڤیدیۆیەکی وانە سەماییەکانی عەدنان ئۆکتار:

https://www.youtube.com/watch?v=qQ4YNl84Tsc

## کاریکاتێرەکان خراپترن یان بڵێیت:

## پێغەمبەری ئیسلام ئوستادی هونەری تیرۆرە؟!

جەماوەری کەم عەقڵی جیهانی ئیسلام ئەگەر سەدان هەزار موسڵمان بە دەستی موسڵمانیتر بکوژرێت، لەوانەیە موێکیان لێ نەجولێنێت، بەڵام ئەگەر ناموسڵمانان چەند موسڵمانیک بکوژن دنیا پڕ دەکەن لە هەراو هۆریا و خۆپیشاندان و بوکەلە وئالای ئەمریکا وئیسرائیل سوتاندن!

لە مەسەلەی کاریکاتێرەکانیش شتێکی نزیک لەوەیان کردوە، لەبەر چەند کاریکاتێرێک کە بە دەگمەن نەبێ موسڵمانێک نایبینێت و ناکەوێتە ژێر هەژموونی، کەچی هاتن ئەو کوشتارەیان کرد، بابڵێین دوژمنانی ئیسلام وموسڵمانان ئەو تاوانەی شارلی ئیبدۆیان ئەنجام داوە! ئەی بۆ ملیۆنەها خۆپیشاندانی پشتگیری لێدەکەن لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامدا؟!

باشە بۆ ئەو خۆپیشاندانانە ناکەن لە دژی ئەو تیرۆرستانەی ئیسلامیان هێندە قێزەون کردوە لە جیهان، تا ئەو ڕادەیەی کردویانە بە موراديفی تیرۆریزم و توندوتیژی و ناژیاری ونامرۆیی بە کارە قێزەونەکانیان؟! بۆ دژی ئەو بیروڕایە قێزەونانە ڕاناپەڕن بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانیک بەلایەنی کەمەوە؟ بۆ بە کاریکاتێرستێکی گۆڤارێکی کەس نەناسی فەرەنسی دەزانن، بەڵام بەو وتارە بۆگەنانە نازانن کە پێغەمبەر بە مامۆستای ئیرهابیەت لە قەڵەم دەدات؟!

لە وتاری [ئەگەر سەلەفی ساڵح کردبێتیان بۆ ئێمە نەیکەین؟] ئاماژەم بە وتاری تیرۆرستێک کردوە بە ناوی حسین بن محمود، بە ناوی [بل لكم في الحرق سلف] تێیدا بە ئاشکرا پێغەمبەر بە ئوستادی تیرۆریزم لە قەڵەم دەدات! تێیدا هاتووە:" خالید ئوستادی قوتابخانەی هونەری ئیرهابی ئیسلامیە لە دوای پێغەمبەر!!

دوایی چیرۆکی خالیدی کوڕی وەلید دەگێڕێتەوە کە چۆن لە ملی مالک بن نویەرەی داوە و سەری ئەو پیاوەی لەگەڵ دوو بەردیتر کردۆتە سێکوچکەی ئاگردان و مەنجەڵێک گۆشتی لەسەر برژاندوە، و قژی مالک بن النويرة هێندە چڕ بوە تا گۆشتەکەش پیگەیشتووە هەر سوتاوە!

ئەو کارە وەحشیەتە ئەگەر ڕوویدا بێت، دەکاتە بەڵگە بۆخۆی بۆ سوتاندنی خەڵک! ئینجا ستایشی خالید دەکات و دەڵێت :شمشێری خوا باوکی سلێمان [خالیدی کوڕی وەلید] ئوستادی هونەری ئیرهابی ئیسلامیە و سەرپرشتیاری قوتابخانەکەیەتی لە پاش پێغەمبەر [د.خ] و لە ئیرهابدا دەستیکی باڵای هەیە"...

٢٠١٥/١/٢١

## بکوژەکەی ئەمریکا عومەر مەتین لەوەدەچێت هاوڕەگەزبازێکی تۆبەکار بێت!

هەواڵەکانی ئەمڕۆ لە زۆربەی میدیا بەناوبانگەکان دەیسەلمێنن کە عومەر مەتین، ئەو بکوژە بە ڕەچەڵەک ئەفغانییەی کە ٤٩ کەسی کوشت لە ئۆرلادۆ لە یانەیەکی هاوڕەگەزبازان، دەرچوو خۆشی هاوڕەگەزباز [گەی] بووە، دەیەها جار لەو یانەیە دیتراوە، خەریکی خواردنەوە و گەران بەدوای ڕابواردن بووە لەگەڵ پیاوان!

یەکێک لەو هاورەگەزبازانە گووتی کە چەندین جار هەوڵی چاتکردنی لەگەل داوە لە ڕێگای ئەپی تایبەت بە گەییەکان!

پێکەنینم بە هەندێ کوردی داعشی دێت کە لە هەندێ لە کۆمێنت و پۆست ئەو کابرایە گەیەیان بە عومەری کوڕی خەتابی نوێ، و سەلاحەدینی نوێ وەسف کردبوو، پلەی شەهیدیان پێ بەخشیبوو بۆ ئەو کارە دڕندەی!

کەوابوو عومەر مەتین بۆ ئەو تاوانە گەورەیەی کرد دژی هاوڕەگەزبازەکان، ئەگەر خۆشی کۆنە موشتەری هەمان یانە بوو بێت؟!

چەند ئەگەرێک هەن:

١- دەکرێت موسارەحەی هاوڕەگەزبازێکی کردبێت و ڕەفزی وەرگرتبێت، لەبەرئەوەی بیانییە!

٢- یانیش هیلاک بووە لەو ڕێگایەدا، بزانە کێ داوای لێکردوە تۆبە بکات لەناو برادەرە موسڵمانەکانی، ئینجا باسی گەورەیی تاوان و گوناهەکانی بۆی کردوە، کە لە پێناو پاک کردنەوەی دەبێت کارێکی گەورە بۆ خوا بکات!

من لە نووسینێتریش ئاماژەم بەو دیاردەیە گەڕانەوە و تۆبەکردنی ئەو کەسانە کردوە کە نوقمی ناو تاوان و سەرپێچیە دینی و مرۆییەکان دەبن، وەک کوشتن و بڕین و دزین وئەزیەتدانی خەڵک و تلیاک کێشان و خواردنەوەی زۆری مەی و ڕەیپکردنی بە زۆری کچان وهتد...

لە بەدبەختی موسڵمانان زۆربەی ئەوانەی لای خۆمان پێیان دەڵێین خوێڕی یان خۆڕی، لە هەر دینێکیتر کە تۆبە دەکەن، بە هێمنی خەریکی کاری خێرخوازی و عیبادەتیان دەکەن تا لەو هەست بە تاوانباربوونە ڕزگاری دەبێت، بە تایبەتی ئەوەم لە مەسیحیەت زۆر بینیوە، کە چۆن پۆزەتیڤانە هەموو وزە نێگەتیڤەکانی دەگۆڕن بۆ کاری چاک و خێرخوازی. لە ئیسلامیش لای متەسەوفەکان، و پێش دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی خەڵک تۆبەی خۆی دەکرد، و خەریکی عیبادەتی خۆی دەبوو! بەڵام لەو ڕۆژگارە لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوە

جیهادیەکانی وەک قاعیدە و داعش و لق وپۆپە زۆرەکانی کە وەک شێرپەنجە بە جەستەی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە، قوڕبەسەر ئەو [خۆرپەی] بیەوێت تۆبە بکات و تووشی بازرگانێکی دین ببێت، جاریَ هەستی بە گەورەیی تاوانەکانی لەلادا زۆر گەورە دەکات، و ئینجا تاقە ڕێگایەکی کە ببێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی بە زوترین کات جیهاد کردنە وەک ئیبن تەیمیەش دەڵێ ئەگەر تاوانتان زۆر بوو جیهاد بکەن!

ئەو کابرایەش خۆی سروشتێکی شەڕانگێژی هەیە، پێشتر لە ڕای شەیتان بەکاری دەهێنا، ئەوجارەیان لە ڕای خوا هەمان شەڕ و خراپەکاری و کوشتن و تاوانی پێ دەکەن. وای تێدەگەیەنن پیشتر کە دەیکوشت تاوان بوو، پاش گەڕانەوەی بۆ باوەشی ئیسلام کوشتنەکانی هەمووی بە خێری گەورە بۆ دەنوسرێت، هەر تنۆکە خوێنێکی دەڕژێنێت و لیی دەڕژێت خێر وحەسەناتی بەقەد چیای ئوحودە! پێشت دزی دەکرد تاوان بوو، ئێستا دەبێتە غەنیمە و حەڵاڵ وزەلالە، پێشتر دەستدرێژی دەکرد تاوان بوو، ئێستا چەند توند بێت لەگەڵ کافران و بێ دینان خوا پاداشتی زۆرتری دەکات، پێشتر لاقەکردن بوو، ئێستا کەنیزەکە ومولکی یەمینە!

دەکرێت هۆکارێکی تر لەدوای تاوانەکەی عومەر مەتین بوو بێت، بەڵام ئەگەر ڕاست بێت داعش ڕێکیان خستبێت، ئەوە ئەو سیناریۆیەیە کە باسم کرد. ئەو کابرایە زۆر تاوانی ڕەوشتی کردوە کاتێ گەی بووە، ویستیتی زوو بۆی بسڕێتەوە، کورترین ڕێگا وەک بوکە شوشەیەک خۆی داوەتە دەستی داعشیەک، و ئەویش لە پێناو ئامانجە پەنهانیەکانی داعش، لەو ساتە، پاش ریسواییەکەی ئەردۆگان لە ناشتنی تەرمی محمد علی کلایی، ئەو تاوانە گەورەیان پێی ئەنجام داوە، بەناوی تۆبە سەری خۆی و باوکیشیان خستە قوڕەوە!

٢٠١٦/٦/١٤

**بە سەرکەوتوویی توانیتان مسلمین بکەنە مجرمین**

لە سەرەتای ئایەتەکانی سورەتێکی مەککی قورئاندا کە سورەتی القلم ئایەتی ٣٥ : ( أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ ) دەتانەوێ موسڵمانان هاوتاکەن بە موجریم و تاوانباران؟!!!

لەو ئایەتە ناسنامەی موسڵمانانی خستۆتە بەرامبەر تاوانباران، نەک کافران موشریکان.

چونکە مەرج نییە کافر و موشریک تاوانبار بن، بەڵکو چەندین کافر و موشریک یارمەتی پێغەمبەر و یارانیانیان داوە، وەک عبدالمطلب ی باپیری و ابو طالب ی مامی کە کافر بوون بە پێوەری ئیسلام، هەروەها نەجاشی پاشای حەبەشە کە مەسیحی بوو، پێغەمبەر (د.خ) وسفی دەکات وەک کەسێکی خێرخواز، وەک پاشایەک کە کەس لای ئەو ستەمی لێناکرێت!

کەوابوو تاوانبار و مجرم نەبوو، سەرەڕای ئەوەی غەیرە دین بوو و ئەهلی کیتاب بوو، کە بە تەفسیری سەلەفی ساڵح نەجاشی وەک عبدالمطلب و ابو طالب یش کافر و موشریک بووا!

کەوابوو موسڵمانان لە یەکەمین وەسفی قورئاندا بە کەسانێکی پێچەوانەی تاوانباران ناویان هاتووە، دەبێت لەسەر ئەو بنچینەیە کار ورەفتار بکەن و دژایەتی تاوانباران و تاوانکاری دەکەن، نەک دژایەتی لەسەر بنچینەی ئیمان و بیروباوەڕی خەڵک یان ئەوەی فەقیهەکانی کەڕاهیەت ناویان ناوە بە:

الحب في الله و البغض في الله، کە دژی هەموو ناموسلمانەکانی جێبەجێی دەکەن.

دەبێت ئەوە ناسنامەی هەقیقی خێرخوازیانەی موسڵمانان بێت، کە لەیەکەم ڕۆژی وەحی یدا بڕیاری لەسەر دراوە. کەچی بەداخەوە ئەمڕۆ لە سایەی توند و تیژی تیۆری سەلەفییەکان و توندوتیژیی پراکتیکی جێبەجێکاری وەک داعش و قاعیدە و بوکۆ حەرام و شباب محمد و تالیبان وهتد، ناسنامەی موسڵمان گۆڕاوە لە مسلمین بۆ مجرمین!

ئەمڕۆ هەزاران سەر دەبردرێت وهەزاران کەس دەخرێتە بەر ئاگر و تەقینەوە بەناوی ئیسلام، هەزاران ژن دەکوژرێن و شوێنە گشتیەکان دەتەقێنرێتەوە هەر بە ناوی ئیسلام، هەر بۆیەش هەموو موسڵمانان ئەمڕۆ باجی ئەو کار و بچوونانە دەدەن، با بەس بەناویش ئیسلام بن، ئیسلامییە سەلەفییەکان بە پلە یەک تاوانبارن ل گۆڕینی ناسنامەی خەڵک لە موسلمانان بۆ تاوانباران، بەڕاستی توانیتان بە ئیمتیاز ناسنامەی موسڵمانان بگۆڕن بۆ تاوانباران.

٢٠١٦/٣/٢٤

## جیاوازی عەقیدی نێوان سوونە و شیعە!

ئەگەر باسی ناکۆکیەکانی شیعە و سوونە بکەین، دەبێت لە ناکۆکە عەقایدیەکانەوە دەست پێبکەین، کە هەموو بەندەکانی عەقیدە دەگرێتەوە لە خواوە، لە ڕێگادا قورئان و حەدیس ومەهدی وعەدالەتی سەحابە وتادەگاتە بچوکترین بەندیدا.

بۆ نموونە ئەگەر لە [خواوە] دەست پێبکەین، دەبینین هەتا لەسەر خودی خواش ناکۆکن!

شیعە حاڵەتی بەداء [البداء] بۆ خوا بڕیار دەدەن کە بەمانای بە [هەڵەداچوون وپەشیمان بوونەوە پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێت] کە ئەوەی بڕیاری دابوو لەسەری وانەبوو. وەک نموونە دەردەکەوێت کە عەقیدەی ئیمامەتی دوازدە ئیمامی هەتا پاش مەرگی حەسەن العسکری دانەمەزرابوو، شیعەکان دوای هەر یەکێک دەکەوتن لە ناودارانی ئەهل البیت بەبێ ئەوەی لیستێکی دوازدە کەسیان هەبێت، بۆیە لە پاش مردنی العسکری بۆ چەندەها گروپ دابەش بوون و دیارترینیان ئیسماعیلیەکان و ئیمامیەکان بوون کە لە دواییدا دەبنە دوازدە ئیمامیەکان.

وشەی [البداء] بەمانای بۆ بەدیارکەوتن لە پاش شاردنەوەی دێت! لە قورئاندا تەنها بۆ حالەتێک دا هاتوە، کە بەسەر ئادەمیزادان جێبەجێ دەبێت وەک: [ولو أن للذين ظلموا ما في الأرض جميعا ومثله معه لافتدوا به من سوء العذاب يوم القيامة وبدا لهم من الله ما لم يكونوا يحتسبون 47 )[ الزمر ]خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەوانەی کەستەمیان کردووە، خاوەنی هەر هەموو زەوی بن، ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بێت، ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا هەر هەمووی دەکەنە قوربانی خۆیان، و هەمووی دەبەخشن لە پێناوی ڕزگاریی خۆیاندا، کاتێک کە دەبینن سزاو ئازاری دۆزەخ زۆرسەختە، و لەلایەن خواوە سزاو ئازار و ئەشکەنجەی وایان بۆ دەردەکەوێت کە هەرگیز بە تەمای نەبوون.]

یان دروست بوونی ڕایەکی نوێ وەک : [ثم بدا لهم بعد ما رأوا الايات ليسجننه حتى حين] يوسف [پاشان، لە دوای ئەوەی کە بەڵگەی زۆریان بینی لەسەر یوسف، بۆیان دەرکەوت و وایان بە چاک زانی تا ماوەیەک هەر بەندی بکەن.]

بە هەردوو ماناکەشی، بەمانای نەزانی بەرایی دێت، واتە بەر لە بەدیارکەوتن ودروست بوونی ڕای نوێ نەزانی و نەزانراو هەبوو.

شیعە نەک بەشەرمەوە باسی ئەو نەزانییە ناکەن، بەڵکو وەک هەر توخمێکی گرنگی تری عەقایدەکانیان سەیری دەکەن، و گەورەترین پاداشت وئەفسانە درۆیان بۆ داتاشیوە! وەک ئەو حەدیسەی "أصول الكافي" : (عن زرارة بن أعين عن أحدهما عليهما السلام قال: ما عبد الله بشيء مثل البداء، وفي رواية ابن أبي عمير عن هشام ابن سالم عن أبي عبدالله عليه السلام: ما عظم الله بمثل البداء).**[خودا بەهیچ نەپەرستراوە گەورەتر لە البداء، خوا بە هیچ تەعظیم و مەزن نەکراوە وەک البداء]**

-٢-

ئەوە لەکاتێکدا لە قورئاندا لە وەسفی خوادا دەڵێت: (وعنده مفاتح الغيب لا يعلمها إلا هو ويعلم ما في البر والبحر وما تسقط من ورقة إلا يعلمها ولا حبة في ظلمات الأرض ولا رطب ولا يابس إلا في كتاب مبين) **[کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایانزانێت جگە لەو زاتە هەرچی لەسەر وشکانیە (لە گیاندارو بێ گیان و گیاو دارو زیندەوەرانی وردو درشت لەسەر زەوی و لە توێی خاکدا) خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاکانیشدا هەیە (لە زیندەوەری هەمەجۆرو ماسی سە یرو سەمەرە) ئاگای لێیەتی و هیچ گەڵایەک ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دەنکێک یان تۆوێک لە تاریکایەکانی زەویدا نیە، ئەو دەنکە چ شێدار بێت یان وشک بێت، هیچ شتێک نیە لە خوا پەنهان بێت و لە (لوح المحفوظ) دا، یاخود لە دۆسیە و دەزگای تایبەتیدا تۆمار نەکرابێت.]**

ئەوە گەورەترین جیا کەرەوەی عەقایدیە کە دەرهەق بە زاتی خودا دێتە پێشەوە لە نێوان سونە و شیعە دا.

دووەم قورئان، سەدەها ڕیوایەتی شیعی جەخت لەسەر دەستێوەردانی قورئان دەکەنەوە، حەز ناکەم بیانهێنمەوە چونکە زۆر لەوە بێ ئەرزشترن کە گرنگیان پێ بدرێت...

ئەو قورئانەی بەردەستیشمان بە تەواوی شێوێندراوە بە تەفسیری پەنهانی ودوور لە واقیعەوە...بەڵکو دیاردەی گرنگی نەدان بە قورئان هەتا لە حەوزە عیلمیەکانی شیعەش باوە بە دان پێدانانی خوی رەهبەر خامینەئی.! کەوابوو لەسەر قورئانیش ڕێک ناکەون، لەبەر جێگرتنەوەی تەفسیرەکانی قورئان، یان ریوایەتی وا کە باسی قورئانی تر دەکەن، وەک [مصحف فاطمة] کە موعتەبەرترین کتێبی حەدیسی شیعی باسی کراوە.

لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر بەپێی ڕیوایەتی شیعی، هەموویان هەڵگەڕاونەتەوە لەپاش کۆچی دوایی پێغەمبەر تەنها سێ یان حەوت کەس نەبێت لەوپەڕی!!

بەنسبەت کەعبەوەش، گومانم نییە کە کەربەلا لای شیعە لەو کەعبەیە پیرۆزترە، کە لە ژێر دەستی وەهابیەکاندایە!!

ئەوە باسی مەهدی مونتەزیر هەر مەکە، لای سونەکان پیاوێکە لە نەسلی پێغەمبەرە وبە ئاسایی لە دایک دەبێت، وحوکمی قورئان وئیسلام دەگەڕێنێتەوە. جیهان پڕدەکات لە داد وعەدل پاش ئەوەی پڕاوپڕ دەبێت لە جەور وستەم! کەچی مەهدی یەکەی شیعە ئەوە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە لە ئەشکەوتەکەی یان چاڵەکەی سامەرا چاوەڕی دەکات، وکوڕی حەسەن العسکری یە وبەڵام دایکی ناوی نەرجسە لە نەوەی [شمعون الصفا] یە، کە حەواریەکی حەزرەتی مەسیح بوو، وکچی قەیسەری ڕۆم بوو لە سەردەمی حەسەن العسکری دا!

ئینجا بەشی هەرە گەورەی گەڕانەوەکەی تەرخان دەکات بۆ رق وقینە وتۆڵە سەندنەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر [د.خ]، کە گوایە هەقی ئیلاهی عەلی یان خواردوە، لە بوونە خەلیفە وئیمامی موسڵمانان!! یەکەم کەسانێکیش کە لە قەبر دەریان دەهێنێت حەزرەتی ئەبوبەکر وعومەر ودایکی موسڵمانان عائیشەیە، کە لە سێدارەیان دەدات بە مردوویی!!

لای سونەکان مەهدی نە بەشێکە لە عەقیدە، نە ئەو گرنگیەی هەیە، وکەسیش بە شەو ورۆژ چاوەڕێی ناکات دەرکەوێت، وهیچ کارێکیانیش نەوەستاندوە تا دێت وەک نوێژی هەینی وجیهاد وهەر کارێکی تر! کەچی مەهدی یەکەی شیعە بەشێکی هەرە گرنگی عەقیدەیە، شەو رۆژ دوعای [عجل الله فرجه] واتە خوا هەرچی زوو ە ئازادی بکات، بۆ دەکەن!

بێگومان خاڵی جیاوازی تریش هەیە بەڵام بەوەندە بەس دەکەین، چونکە سەروزیادن کە بیسەلمێنن جیاوازی نێوان شیعە وسونە وەک جیاوازی نێوان دوو ئایینە نەک دوو مەزهەب...

# بەشی سێیەم

# ئیسلامی سیاسی و ئیخوان


- **ئایا ئیخوان دەزانێت میانڕەو بێت تا میانڕەوی دروست بکات؟! ............................................. 92**
- قەرەداغی: سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! ............................................. **94**
- یەکێتی زانایانی قەڕزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟! ............................. **97**
- **بۆچی یەکگرتوو و ئیسلامیەکان بۆ عەبدللەتیفی دەپۆشن؟! ................................................ 100**
- **زاوا ڕاسپۆتینەکەی حەسەن بەنای ئیخوان عبدالحکیم عابدین ............................................. 103**
- **کەناڵی سپێدە وپەتای داعشیەت! دیاردەی بەسەلەفی بوونی ئیخوان ................................. 105**
- **هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانەی وەک سەعدت نیشان دابا! ................................................ 107**
- **یەکگرتوو لە نێوان پیرۆزی مرۆڤ وپیرۆزییەکانی خەڵک ..................................................... 109**
- **یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئایینیەکان بەرگری نییە لە خوا، بەرگریە لە ئادەمیزاد!! ............. 113**
- **نەهزە و غەنوشی لە سێ ڕیاندا .............................................................................. 115**
- **مورسی وشەهوەتی دیکتاتۆریەت ............................................................................... 119**
- **خەریکە خۆپەرستی ئیخوان شۆڕشی میسر دەفەوتێنێ ........................................................ 121**
- **ئیخوانی میسر بەرەو کوێ؟! لەخۆگۆڕان پاش سەرکەوتنی یەکەم ......................................... 124**
- **ئەردۆگان لە ئەفریقیا یاری دەکات! ............................................................................... 128**

**ئایا ئیخوان دەزانێت میانڕەو بێت تا میانڕەوی دروست بکات؟!**

ئەو چەند سەرنجەم لەسەر بەرنامەی تاوتوێی ئێن. ئار. تی یە، کە کاک موسەنا و م عالایی وکاک خورشید لەباسی میانڕەویدا تێیدا بەشداربوون.

سەیر لەوەدایە کاک موسەنا بانگ دەکرێت بۆ بەرامبەر عبداللطیفی سەلەفی وەک میانڕەوێک، ئێستاش دەیهێنن بەرامبەر میانڕەوێک و سێکیولارێک، ئەگەر بەڕاستی میانڕەوە دەبوایە هەر نەهاتبایە، و بیگوتبا من کێشەم نیە لەگەڵ میانڕەوێکی متەسەوف یان هەر ڕێچکەیەکی تر. بەڵام سەرنجم داوە هەردوو بەرنامەکەی بە هەمان نەفەس ئیجرا کرد لە شیوازی بەکەم سەیرکردن و تەوسبازی و تەرکیز کردنە سەر شکلیات.

ئەندامانی ئیخوان تا فەرمانی سەرەوەی خۆیان بۆ نەیەت ناچنە ناو کۆڕێکەوە با مەبەستیان زیندووکردنەوەی دەوڵەتی پێغەمبەر یش بێت. ئینجا ئەو کۆڕە وەک مانگی چواردە دیارە بڵنگۆیەکی ئیخوانی یە، و زۆربەی ئەوانەشی وێنەیان دەرکەوتوە فریان بەسەر فیکرەوە نییە و دەزگایەکی ئیخوانی حزبییە بە ئیمتیاز.

یەکێک لە بەژداربوان باش وەسفی کردن کە هەردەم هەست بە خۆگەورەتر و ئیستیعلایی دەکەن بەسەر موسڵمانان، بەڵام ئیستیعلایەکەیان لە ئیستیعلای برسی بەگەکان دەچێت. چونکە خۆیان نەدارن و ئیستیعلایش بەسەر خەڵک دەکەن. با میانڕەوی جارێ لە خۆیانەوە بکەن کە هێشتا موسڵمانێکی دینداریشیان پێ قبوڵ نیە کە ئیخوان نەبێت، نە وەک برادەر نە وەک زاوا ونە وەک شەریک و نەوەک شاگرد و نە وەک کرێکار و کارمەندێکیش لە پڕۆژەیەکی کار و ئابووری ئیخوان دا.

ئاگادارم زەواجی دەیەها کوڕی موسڵمانی پاک و ڕێزداریان تێکداوە تەنها لەبەرئەوەی ئیخوان نەبووە! لە ئەڵمانیا ئیخوانیەک بەمنی گووت دوو سێ کەسی نائیخوانیان. دەرکردوە لە سوپەرمارکێتیکی ئیخوانی، سەرەرای دینداریشیان!!!

من خۆم لە هوتێلێک کارم دەکرد، بە سودفە کە وەرگیرام لەوێ دوو برای ئیخوانی لەوێ نەبوون، هەرکە لە هۆلیدەی هاتنەوە چەند مانگێک بە گەرمی هەوڵیان لەگەڵم دا ببمە ئیخوانی، کە سوودی نەبوو گووتیان نۆژەنکردنەوە دەکەین تۆ برۆ ماڵەوە دوایی دەنێرین بەدواتدا، پاشان هیچ!

بەڕاستی پێویستیان بە میانڕەوی هەیە بۆ خۆیان ئەو ئیخوانیانە، لەگەڵ موسڵمانان ی پابەند ناتوانن میانڕەو بن چۆن لەگەڵ سێکیولار ومولحیدێک دەتوانن میانڕەو بن؟! دوایێ کە تۆ خۆت نەخۆش بیت، چۆن دەتوانیت چارەی هەمان دەردی خەڵکی دیکە بکەی؟! یانی کە میانڕەو نیت چۆن دەتوانیت میانڕەوی بڵاوکەیتەوە؟![3]

[3] ٢٠١٥/١٠/٤

## قەرەداغی: سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان!

## بروسکەکانی پیرۆزبایی لە ئەردۆگان!

ئێستا نێچیرڤان و قیاداتی پارتی بروسکە دەنێرن بۆ بەرازێکی وەک ئەردۆگان، و خاکی وڵات بۆ سەربازە داگیرکەرەکانیان دەکەنەوە، بە سینیە یاپراخ و دۆڵمە پێشوازیان لێدەکەن، خەڵکیان بۆ دەگرن دەکوژن کێشە نییە، چونکە کاسبی و مانەوەی بەرژەوەندی خۆیان بە ئەردۆگان گرێداوە. من هەر پێویست ناکات ئاماژە بەو بروسکەیە بکەم، چونکە دەزانم بە چ ڕوحیەتێکەوە دەوترێ!

فوئاد مەعسومیش قەیناکا کابرا دەیەوێ بڵێ منیش هەم، ئەگەر ئەو بروسکانەش نەنێری، هەر خەڵک لەبیری دەچێتەوە سەرۆک کۆمارێک هەیە ناوی فوئاد مەعسومە… جارەکی لە بروسکە ناردنیش فەشەلی هێنابوو، کاتێ بروسکەیەکی بۆ ماڵی هونەرمەندێ ناردبوو لە فەیسبوک باسی کرابوو کەوا مردوە! خێزانەکەی هونەرمەندەکە شۆک ببوون بەو بروسکەیە خێرایەی سید الرئیس بە پڕوپاگەندەی فەیسبوک!

عەلی قەرەداغیش ناسراوە هەر کە گەیشتە دەروەی سنووری کوردستان، کوردیەکەی دەچێتە دەرەوەی بازنەی خزمەت، وەک عەرەبێک و تورکێکی ئیخوانی قسە دەکات. تەبەناکردنی زمانی داگیرکەران و بەکارهێنانی هەمان موفرەداتەکانیان زۆر ئاسانە بۆ مرۆڤ کە ڕەنگە سەدان دەرگای داخراوی لەناو تورک وعەرەب لێ بکاتەوە، بەڵام بەڕاستی دەرونێکی نزمی دۆراوی ناچیزی دەوێ بە ئەردۆگان بڵێی:

سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! [أن نصر تركيا هو نصر لأمتنا الإسلامية]، ئینجا لەبیری ناچێ زاراوە ئیخوانیەکانی وەک الوسطية و الاعتدال یش بەکار بێنێت و دەڵێت: سەرکەوتنەکەتان سەرکەوتنە بۆ پڕۆژەی میانڕەوی و نەرمگیری! [ونصر لمشروع الاعتدال والوسطية]

ئینجا ئیسلامی عروبیشی لەبیرناچێت و دەڵێت: هەروەها سەرکەوتنیشە بۆ دۆزەکانی ئومەتەکەمان لە سەرووی هەموویانەوە دۆزی قودس و فەڵەستینە! [ونصر لقضايا الأمة التي تقع على قمتها قضية القدس وفلسطين.] ئەوەی بەسەر کورد هاتووە وەک میللەتێکی سەرووی چل ملیۆنی بە دەستی چوار دەوڵەتی ئیسلامی هەر بەراورد ناکرێ بەوەی بەسەر چوار پێنج ملیۆن فەڵەستینی هاتوە بەدەست یەک دەوڵەتی وەک ئیسرائیل! کەچی بڕیاری عروبەت وئیخوانە هەر دۆزی فەڵەستین لە ترۆپکی دۆزەکانەوە دەبێت، دۆزی کورد لە لقەکانیش ناوی نایەتە سەر زمانی ئیسلامی سیاسی هەتا بە جەستەش کوردبن وەک قەرەداغی!

**یەکێکی تر لەو بروسکانە بروسکەی سەلاحەدین بەهائەدینی یەکگرتووە!**

بروسکەیەک کە ناکرێ خۆی لێ بدزێتەوە نەوەکو سکاڵای لێ بکرێ لای قەرەزاوی و عەلی قەرەداغیش خراپتر موزایەدەی بەسەر بکات و بۆی تێ بچێنێ!

ئەو پیاوە لە کوردستانیش دەژێ و یانی لە دەرەوەی بازنەش نییە، کەچی زۆر عەرەبانە یان ناکوردانە بروسکەکەی نووسیوە!

ئەخر ناکرێ ئێوە جارێک هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانە نیشان بدەن؟ !

بەو ئاسانیە عەفرین و کۆبانێ و وێرانکردنی دەیان شارو گوندی کورد وا بە ئاسان لە سفر بدەن و لەبیر بکەن؟! ناڵێم بەرگری لە پەکەکە بکە یان هەدەپە. ئێوە هەر بە سروشت کەیفتان بە کوردبوونی خۆشتان نایە و لێتان بەڵایە، چ جای ئەوەی ئەو حزبە کوردیەش عەلمانی بێت و چەپڕەویش بێت. بەڵام هەر بەرگری لە دانیشتوانی کوردی ئەو شارانە بکەن!

سەلاحەدین بەهائەدینیش بە هەمان زمانێکی ئیخوانی بروسکەکەی نووسیوە، دەڵێی سەرۆکی ئیخوانی میسرییە یان سورییە، بێ خەم بە شان وباڵی ئەو دوژمنە گەورەیەی هەموو خەونەکانی کورد هەڵدەدا:

"بەبۆنەی سەرکەوتنی بەرچاوتان لە خوولی نوێی سەرۆکایەتیی کۆماردا، بەناوی خۆم و سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و وڵاتی تورکیا دەکەم بە گەل و سەرکردایەتییەوە. دیارە سەرکەوتنی ئەم کاروانەی ئێوە لە کاتێکدایە کە وڵاتەکەتان و ئوممەت ڕووبەڕووی تەحەدیاتی گەورە دەبنەوە، دەستنیشانکردنی ئێوە بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم کاروانە لە ئیرادەی گەلانی تورکیا بەرجەستە دەبێ بە هەموو ڕەنگ و شەبەنگەکانییەوە.."

تۆ بڕوانە ئەو زمانە ئیخوانییە ئیسلامییەی کە وادەزانێ هەموو دنیا کاری نییە تەنها موئامەرات لەسەر وڵاتانی ئیسلام دەگێڕێت!

ئەو زمانە سواوە لە سەردەمی حەسەن بەناوە تا ئەمڕۆ هەر بەکارە [دیارە سەرکەوتنی ئەم کاروانەی ئێوە لە کاتێکدایە کە وڵاتەکەتان و ئوممەت ڕووبەڕووی تەحەدییاتی گەورە دەبنەوە] کام تەحەدیات تورکیا ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟! موئامەراتی سەلیبی وسەهیۆنی؟! تەحەدیاتی هەرە گەورەی تورکیا درۆکردنیەتی لەگەڵ کورد و خیانەتکردنیەتی لە پرۆژەی ئاشتی ، پاش ساڵانێک دەسی دەسی پێکردن!

دوایێ توخواکەی شەرم نییە بۆ مرۆڤێک بروسکەی ئاشتی بۆ یەکیک بنێرێ کە هاوپەیمانی حزبێکی ڕەگەزپەرستی فاشیستی تێنوو بە خوێنی کوردی وەک مەهەپەیە؟! ئەخر عەرەبێک کێشەی عەرەبی نییە لە

تورکیا ئاساییە ڕەچاوی ئەوە نەکات، بەڵام قەرەداغی و تۆی ئەمینداری حزبێکی کوردستان چۆن فەزیحەیەکی وا نا ئەخلاقی دەکەن؟!

هەشە هەر حەزی لەو بروسکە و مروسکەیەیە، نەشینێرێ نە کەس گلەیی لێ دەکات، و نە کەس سزای دەدات وەک کۆسرەت!

لە بڕگەیەکی بروسکەکەی بۆ ئەردۆگان دەڵێ: "ئیدارەدانی وڵاتێکی گەورەی وەکو تورکیا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بۆ جەنابتان کە توانیوتانە بە دەست و بازووی خۆتان بگەنە ئەو پۆستە چاوەڕوانی زۆرتان لێدەکرێت"

کاکە تۆ لەسەر ئۆکسجینی ئێران دەژیت، خۆ وەک پارتی بۆڕی هەناسەت لە ئەنقەرەوە نییە، چ پێویست بە بروسکە ناردن دەکات بۆ ئەو ستەمکارە کە دوێنێ عەفرینی خەڵتانی خوێن کرد؟! یانی نابێ خۆتی لێ بدزیەوە؟ !دوایێ کێ لە تۆ دەگرێ خۆ تەندروستیت هێندە خراپە، سەلامیش جواب نەدەیەوە کەس لێت ناگرێ!

ئەو بڕگەیەی [کە توانیوتانە بە دەست و بازووی خۆتان بگەنە ئەو پۆستە ] ئەو ئامۆژگاریەی بیرهێنامەوە: نازانم بۆ بۆخۆت دانانیشی و کەمێک چێژ وەرگریت بەو هەموو سەروەت وسامانەی کە توانیوتانە بە دەست و بازووی خۆتان و ڕەنجی شانی خۆت کۆیکەنەوە؟!

بەس مرۆڤ بۆ خوا بیڵێ، هەرچەندە ئەردۆگان گوێشی پێ نادا، بەڵام کاک کۆسرەت ئەلهەقی ئامۆژگاری باشیشی کردوە وەک: "هەر بۆیە پێویستە هەموومان بەخۆماندا بچینەوە و چارەسەری کێشەکان بکەین، ئەوەی بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەردەکرێت هیچ ڕێگایەکی تری نییە بۆ گەیشتن بە دیموکراسیەت."

یانی هەر بەراورد ناکرێ بەو زمانە عەرەبیە تورکیە ئیخوانیەی کە قەرەداغی و سەلاحەدین بەهائەدین پێیان نووسیوە! بەس هەر پێویستی ناکرد کاک کۆسرەت خۆت وا سەخڵەت کردبا![4]

٢٠١٨/٦/٢٧

[4] - سەرچاوەی نامەکەی قەرەداغی:
http://www.alarab.qa/story/1317487/

## یەکێتی زانایانی قەڕزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟!

بەڕاستی شورەییە کەسانێک پاش قسەکانی عەلی قەتەری وسەید ئەحمەدی دەمگەرم، هێشتا لەبەر جووتبوونی دەماری حزبی بەرگریان لێدەکەن!! ئەو برادەرانە یان وادەزانن ئێمە تێناگەین لە کوردی و عەرەبی، یانیش خۆیان لە گێلی دەدەن و تێناگەن !

عەلی قەرەداغی قەتەری بە ئاشکرا جاڕی دوژمنایەتی خۆی بۆ پەیەدە و پەکەکە دەدات وداوا دەکات سوپای بێ ڕەوشتی ئەردۆگان مولحید وبێ باوەڕەکان لەناو بەرن، کە مەبەستی پەیەدە و پەکەکەیە !

ودەڵێت: من لەگەڵ یەکێتی ئومەتی ئیسلامم و دژی بیری ئیلحادی و تیرۆرستیم لە هەر نەتەوەیەک بێت!

" :أنا مع وحدة الأمة الإسلامية، وضد الأفكار الإلحادية والإرهابية، من أي قوم كانت."

ئەوە ئەگەر تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی با و شەریعەتی جێبەجێ کردبا، خۆ عەلە قەتەری و سەید ئەحمەدی ئیخوان فەتوای قەتلۆعامی کوردانیان بە ڕاشکاوی دەردەکرد!

وەک بڵێی تورکیا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە، سەدان هەزار مەلها و نایت کڵەب و یانەی ڕووتی سەر دەریا و گەورەترین پایتەختی هۆمۆسیکچواڵیتی نییە؟!! قەرەداغی نازانێ دوور نییە ئەو پارەیەی لە تورکیا وەریدەگرێ، و ئەو نانەی لەوێ دەیخوا ڕەنجی دامێنی سۆزانیەکانی ئەستاتبۆڵ و قەرەکۆی و ئەنقەرە بێت!

ئەوانەی بەرگری لەو دوو ڕوو ڕەشە دەکەن، دەسەلمێنن تەنها کەسانێکی حزبین وبەس، ئیرادەی ئەوەیان نییە بە هەڵە بڵێن هەڵە و بە ڕاست بڵێن ڕاست.

**یەکێتی زانایانی قەرزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟!**

ئەو ڕێکخراوەی مەلاکانی ئیسلامی سیاسی کە ناوی الاتحاد العالمی لعلما المسلمین، کە لە ٢٠٠٤ لەلایەن قەرەزاوییەوە دامەزرا وەک یەکێتییەک هەموو مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی ئیخوانی لە جیهان کۆبکاتەوە، لەوە دەچێت لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی قەتەری و ئەردۆگانی بێت، چونکە زۆر بێ شەرمانە خزمەت بە سیاسەتی ورد و درشتی قەتەر و تورکیای ئەردۆگان دەکات.

ئینجا وەک الجزیرە، بۆتە ئامرازێک لە دەستی قەتەر و دەیخاتە خزمەت هەر سیاسەت و کەسێ بیەوێ !

ئێستا قەتەر ترۆکراوە لەلایەن سعودیە و ئیمارات وبەحرەین و میسر، بۆیە تاکە پەناگەی بۆتە ئەردۆگان، هەر بۆیەش کەناڵی الجزیرە زۆر شێلگیرانە خزمەتی سیاسەتەکانی ئەردۆگان دەکات، لەو شەڕەی تورکیا فەرزی کردوە بەسەر عەفرین، الجزیرە وەک کەناڵێکی تورکی بەوپەڕی لایەنگریەوە ڕوماڵی دەکات!

ئەردۆگان وایدەزانی کە ئەو مەرجەعیەتە دینییە ئیخوانیە و تیرۆرستانی لەسەر زەوی بە هانای دێن بۆ هێنانە دی خەونەکانی!

چاکترین کارێک بەودواییە کە کرا ئەو یەکێتییە قەتەریە تورکییە خرایە لیستی تیرۆری ئەو چوار دەوڵەتەی باسمان کردن لەسەرەوە. ئەو یەکێتییە تەنها ڕەپۆشێکی حزبی و سیاسیە هیچ وجودێکی شەعبی نییە، بۆیە ناتوانێت ببێتە مەرجەعیەتێکی ڕێزداری جیهانی ئیسلامی .

ئەو یەکێتییە خۆفرۆشەی قەرزاوی و قەرەداغی هێندە بوونەتە کلکی سیاسەتەکانی تورکیا و ئەردۆگان، خۆیان لە ناو کاروباری ناوخۆیی تورکیاش هەڵدەقورتێنن!

تۆ وەرە هێندە سووک بن لەسەر نەهێشتنی نیشتنوەی فرۆکەی چاوش ئۆغلۆ و دەرکردنی وەزیرێکی ئافرەتی ئەکەپەی تورک، لە هۆڵەندا ئەو یەکێتییە ساختەچییە بێتە دەنگ و ئیدانەی هۆڵەندا بکات وبەیاننامە دەربکات!

لەوەش سەیرتر لە بۆ گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی، ئەو ڕێکخراوە سووکەی قەرەزاوی و قەرەداغی بەیانامە دەردەکات تێیدا هاتووە: کە ئەو ڕژێمەی ئەردۆگان داوەتی بۆ دەکات، لەگەڵ تەعالیمی ئیسلامی دەگونجێت، کە سەرۆک یان میری ئیمانداران دەکاتە ژمارە یەک لە دەوڵەتدا! لە هەڵوێستێکی تردا قەرەداغی قەرزاوی فەتوایان دەرکرد لە دژی هەوڵە ساختەکەی کودەتا، و گووتیان کودەتا حەرامە و لە کەبائیرە بەسەر ئەردۆگان!

هەر ئەو یەکێتییە سووک و ڕیسوایە بۆ بچوکترین هۆ هەڵوێست وەردەگرێت بۆ تورکیا بۆ نمونە ئیدانەی تەقینەوەکانی تورکیا دەکات هەر جارەی ڕووبدات، بەڵام کاتێ گەلێکی گەمارۆدراو بە قورسترین چەک دەکەونە ژێر هەڕەشەی تورکیا، نقەیان لێ نایەت لە پێناو موسڵمانی کوردی مەزڵومدا، لەجیاتی ئەوە پشتگیری لە دوژمنی زاڵم و ستەمکار دەکەن!

بەڕاستی ئەو ڕێکخراوە تەنها واجیهەیەکی حزبیە و خزمەت بە حزبایەتی ئیسلامی سیاسی دەکات، بە هیچ جۆرێک خزمەت بە موسڵمانانی گشتی ناکات !

٢٠١٨/١/٢٩

## بۆچی یەکگرتوو و ئیسلامیەکان بۆ عەبدللەتیفی دەپۆشن؟!

## سیاسەتی مێژوویی ئیخوان بۆ سەترکردنی ڕاسپۆتینەکان!

من تێناگەم کە تۆ بڕیار دەدەیت بێیتە ناو سیاسەت بۆ هەوڵنادەیت لە سیاسەت تێبگەیت؟! چۆن دەکرێت بە عەقڵیەتی الاحکام السلطانیة بێیتە ناو سیاسەت؟ وەک هەمیشە یەکگرتوو و کۆمەڵ و باقی ئیسلامییەکان هێشتا لە جیاوازی نێوان ئەخلاقیاتە فەردییەکان و ڕێکارە ڕەوشتییە گشتیەکان تێناگەن ، لە هەمووش سەیرتر خۆیان خستۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، بە چەمکگەلێکی کۆن و تەقلیدی دەیانەوێت سیاسەت بکەن!

زۆر چەمک و ڕەوشتی دینی هەیە بۆ سنوورێکی تاکی تەسک گونجاوە و لەوانەیە سودمەند بێت، بەڵام بۆ فەزای گشتی نەک سوودی نییە، بەڵکو کارەساتیشە بۆ خۆیان بەتایبەتی و جەماوەر بەگشتی. سەیر لەوەدایە ئەو برادەرانەی ئیخوان لەسەر ئاستی سەرکردەکانیشیان تۆزقاڵێک سوود لە هەڵە مێژووییەکانیشیان وەرناگرن، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هەڵەیە حەسەن بەنای پێشەوایان کردبێتی!

ئەوەی کە ڕوویدا لە پێشلکاری یاسا و پرنسیپی ڕەوشتی وئەکادیمی، ئینجا ئیسلامی لەلایەن شێخ عەبدللەتیفی سەلەفی، لەو هەموو مامۆستایە ئیخوانە یەکگرتووەی لەو پەیمانگایە کاردەکەن، و ئاگاداری ورد و درشتی ڕوداوەکەن، هەتا ئاگادارم کە چواریان، ناوەکانیشیان دەزانم بەڵگەی دەنگی و ڤیدیۆیشیان لایە، ئەگەر تەنها یەکێکیان خاوەنی دیدێکی سەردەمیانە بان بۆ سیاسەت و جەماوەر و ڕێزی یاسا، هەرگیز وا بێ هەڵوێست و ترسنۆکانە ڕەفتاریان نەدەکرد. یەکێکیان لەوانە سوڵحیشیان بۆ عەبدللەتیف کردوە!

کاتی خۆی کە ڕەخنەیەکم گرت لە ڕابەرێکی ناوداری حزبێکی ئیسلامی، داکۆکیکەرێک بۆی نووسیبووم: " مامۆستا شتی بۆ تۆ نەنوسیوە، تۆش ئەندامی حزبەکەی ئێمە نیت ورۆژێک لە رۆژان لەگەل ئێمە کارت نەکردووە! ئێمەش ئەندامانی ....ڕەخنەی تۆمان قبوڵ نییە...وبە نوێنەرایەتی ووەکیلایەتی ئێمە قسە مەکە..." چەند کەسێکی تریش پێیان گوتم دەبوایە ئەو ڕەخنانە بە نهێنی بە ئەمیرت وتبا لە ڕێگای ئیمێل یان نامەیەک، چونکە شەرع بەو شێوەیە ڕێگامان پێ نادات ئامۆژگاریی هیچ کەسێک بکەین"

منیش گووتم: ئەگەر سەرکردەکەتان نوسینەکانی بەس بۆ حزبەکەی بنووسێ، ئەی بۆ ئەو کتێبانەی تەنها لە نێو بارەگاکانی خۆتان بڵاوناکەنەوە، ولەسەریان نانوسن (للتداول الحزبی فقط)؟ تا ئێمەی غەیرە وەڵامی نەدەینەوە.

جارێ ئەو شێوازەی نهێنی ڕەخنە کە باسی دەکەیت هیچ پەیوەندی بە شەرعەوە نیە، نازانم لە ئەخبارە توراسیەکان وئەدەبیاتی ئیستبدادی زیاتر کەی شەرع باسی وایکردوە؟!، ئەی خۆتان نالێن ئافرەتێک لەسەر مینبەر ڕەخنەی لە عومەری کوڕی خەتاب گرتووە؟!

من بڕوام بەو شێوازە تەقلیدی ونهێنییەی ڕەخنە نییە، چونکە دەمێکە بێ هودەیی خۆی ئیسپات کردووە، ئەوەی ئاگاداریشم ئەوەیە دەیان جار سەرکردە و ئەمیرەکان و کادیرەکان بە نهێنی ئامۆژگاری کراون بەڵام سوودێکی وای نەبووە، پێویستە هەموو کۆمەڵگاکەمان فێری ڕەخنە گرتن بکەین. ئەو کۆمەڵگا بەهێزانەی ڕۆژئاوا بە ڕەخنەی ئاشکراو بێ سڵەمینەوە وایان کردووە وەزیرەکان وسەرۆک وەزیران و سەرۆکیش لە ترسی وڵاتیانی زیندوو و هوشیار بکەونە لەرزە!!

یەکگرتووش وەک هەر کۆمەڵێکیتری ئیسلامی ناحاڵی لە سیاسەت، لەسەر ئاستی سەرکردایەتیەوە تاوتوێی ئەو بابەتەی شێخ عەبدللەتیفی سەلەفیان کردوە، و بڕیاری داپۆشین و چەواشەکردنی خەڵکیان داوە، لە پەنای چەمکێکی دینی تەسک کە پیی دەڵین سەتر! چەند کەسێک لە یەکگرتوو و ئیسلامیەکانیش هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام لە ژێر فشاری حزبەکەیان بێ دەنگیان کردون و وازیان پێ لێ هێناون.

من دەمێکە ئەو ڕاڕاییە و بێ هەڵوێستیە و تێنەگەیشتن لە ئەبجەدیاتی سیاسەت کردنەی ئیخوان تێدەگەم، بۆیەش هیچ لام سەیر نەبوو کە زۆربەی مامۆستاکانی پەیمانگاکەی عەبدللەتیف ئیخوانی ویەکگرتوون، هەموو زانیاریەکیشیان پێیە بە بەڵگەی زۆرەوەش، کەچی وا پەردەپۆشی ئەو لادانە ڕەوشتیە و دینییە و ئەکادیمییەی بۆ دەکەن!

هەروەها تووشی شۆک نەهاتم کە دکتۆر محەمەد ئەحمەد یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە روونکردنەوەیەکدا بڵێت "نەمویست لەوبارەیەوە هیچ بڵێم بەڵام زۆر زیاد لەقەبارەی خۆی تیشک خستنەسەر ئەو پرسە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندن و سۆشیال میدیاوە ناچاری کردم."

یانی تەنها لەبەر فشاری سۆشیال میدیا هاتۆتە سەرخەت، دەنا هەر باسیش نەبووە لای ئەندامانی یەکگرتوو و سەرکردایەتیەکەشیان! باشە ئەگەر پرسێکی دینی و ڕەوشتی پەیوەندی بە ئێوە نەبێت، لە سیاسەتیش هێشتا گاگۆڵە بکەن، ئەی کاری ئێوە چییە؟

یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بۆ ئەندامانی حزبەکەی ئەوەی خستووەتەڕوو کە "واباشە ئەندامان و دۆستانی ئێمە نەبنە بڵندگۆی بڵاوەپێکردنی و گشتاندن، چونکە ئەسڵ (ستر)ە لەم جۆرە ئاریشانەدا ."

جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە "نابێت ڕێگا بدرێت بە خراپ بەکارهێنانی بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام و تەواوی ئیسلامییەکان و ناشیرینکردنی هەموو باوەڕدارانی پابەند[5]."

یانی ئەگەر کەسێکی ڕیزی یەکەم و کەسی پلە یەکی ڕەوتێک کە کۆڵەکەی دینی دەسەڵاتی سیاسیە، و خاوەن پرۆژەیەکی سەلەفی مەدخەلی ترسناک، کە هەموو مەلا وبانگخوازانی یەکگرتوو وکۆمەڵەشی پێ موبتەدیع و گومرا بێت، خیانەت بکات لە پەیامە دینی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیەکەی، هێشتا " ئەسڵ (ستر)ە لەم جۆرە ئاریشانەدا"؟! ئەی ئەوە خیانەت نییە یارمەتی کەسێک بدەیت شوێن وپایەکەی بەکاردەهێنێت بۆ ماڵوێرانکردنی گەنجێک کە لە مناڵەکانی خۆی کەم تەمەنترە؟! ئەی ئەوە ترسناک نییە ژنێک لە مێردەکەی هەڵگێڕێتەوە بە بیانووی ئەوەی مێردەکەی مادام نوێژ ناکات، کەوابوو جائیز نییە لەگەڵی بمێنێتەوە؟!

سەرەڕای نەشارەزایی ئیخوان لە سیاسەتکردن بچوک کردنەوەی چەمکی ڕەخنە بۆ غەیبەت، و پێویستی کەشف بۆ سەتر، مێژووی ئیخوانیش هەروای فێرکردوون.

---

5 http://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=12934

## زاوا ڕاسپۆتینەکەی حەسەن بەنای ئیخوان عبدالحکیم عابدین

عبدالحکیم عابدین گەنجێک بوو چالاک لەناو ئیخواندا، زۆر نزیکبوەوە لە حەسەن بەننا تا بوە زاوای (مێردی خوشکی). ئەو پیاوە خاوەنی بیرۆکەی سیستمی سەردانی خێزانی بوو لەناو ئیخواندا، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ئەندامانی ئیخوان. پاش ماوەیەک چەندین شکایەت وسکالاَ گەیشتە ئۆفیسی مورشیدی ئیخوان حەسەن بەننا، سەبارەت بە داوێن پیسی وبێ ڕەوشتی عبدالحکیم عابدین، کە بەردەوام سەردانی ئەو ژنانەی ئیخوانی دەکرد کە مێردەکانیان لە زیندان بوون!

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بوو بە سەرۆکایەتی احمد السكري ( بە دامەزرێنەری هەقیقی ئیخوان دادەندرێت لە ساڵی ١٩٢٠، خۆی بەننای پێگەیاند، و کردیە پێشەوای خۆشی!) ئەو لیژنەیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە عبدالحکیم عابدین چەندین داوێم پیسی وای کردوە لەگەڵ خێزانی ئیخوانەکان، و دانیشی پێدا ناوە، وەک منداڵ دەگرییێت و خۆی لەسەر زەوی دەگەوزێنێ، داوای لێبوردن دەکات!

لە نووسراوی لیژنەکە هاتبوو: [ لیژنەکە قەناعەتی تەواوی هەیە کە عبدالحکیم عابدین –تاوانبارە-. بەتایبەتی ئەگەر دانپێداهێنانی خۆی بۆ هەندێ ئەندامانی لیژنەشی بخەینە سەر بەڵگەکانیتر. ئەو تاوانەش وەک سەرکردەیەکی دەعوەکە، زۆر گەورەیە دەرهەق بە دەعوە و هەقی ئەو کەسانە بریندارى کردوون لە عیرز وناموسیان، بۆیە وا پێویست دەکات قورترین سزا بدرێت، بۆیە لیژنەکە بە کۆی دەنگ دوای فەسڵکردنی بەرێز عبدالحکیم عابدین دەکات لە ئەندامێتی جەماعەت. و بڵاوکردنەوەی ئەو بڕیارەش، و کارکردن بۆ سارێژکردنی زامەکان، لە ١٩٤٦/١/٩. ئیمزای ئەندامانی لیژنە:

[(1) –أحمد السكرى ، (2) – صالح عشماوى ، (3) – حسين بدر ، (4) – الدكتور إبراهيم حسن ، (5) – حسين عبدالرازق. (6)أمين إسماعيل.]

حەسەن بەننا سەرەڕای بڕیاری لیژنە و ئەو ئەندامە باڵایانەی ئیخوان، کە یەکێکیان وەک ئەحمەد السکری لە ١٤ ساڵیدا حەسەن بەننای پێگەیاند ویارمەتیدا و هێنایە ناو ڕێکخراوەکەی خۆی، بە گوێی ڕاسپاردەی لیژنەکەی نەکرد، و مامۆستای خۆی احمد السکری و هەموو ئەندامەکانیتری لیژنەشی فەسڵ کرد، لە پێناو پەردەپۆشکردنی زاواکەی عبدالحکیم عابدین!

هەتا شێخ محمد الغزالي و خالد محمد خالیدیشی فەسڵ کرد لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە زاواکەی بەننا گرتبوو! کەوابوو یەکگرتوو لە ڕێگای ڤایرۆسی مێژوویی ئیخوانەوە ڕەفتاری پەردەپۆشکردنی فەزیحەت و داوێن پیسی و خیانەتیان لە حەسەن بەناوە بۆ ماوەتەوە. هەر ئەو بێ باکی وتەسەیوبەیە، کە ئەندامانی باڵای

یەکگرتوو و مەلای ناوداریان دەیان فەزائیحی ڕەوشتییان لێ ڕوو دەدات، و بۆیانیشیان پەردەپۆش دەکەن، بەناوی سیاسەتی سەتر کردن!

لێیان ناگیرێت کە ئەمڕۆش وا بە دڵسۆزی خیانەت و داوێنپیسی شێخی مەدخەلیەت دادەپۆشن، چونکە خۆیان پاشەڵیان پیسە، من چەندین ناوی زل و ناوداریانم پێیە لە ئەندامانی یەکگرتوو کە دووچاری ئەو جۆرە سکانداڵە هەرزەکارانە هاتوون، خۆزگە بەڵگەکانم بەدەست دەگەیشتن، تا فێری سیاسەتی ئەنتی سەتریان کەین، و فێری ئەوەیان بکەین سیاسەتکردن بەو چەمکە تەقلیدیانەی غەیبەت و سەتر و قسە قۆرانە ناکرێت! خەڵک چۆن دەتوانێت متمانە بداتە هێزێکی سەتربازی وەک ئەو ئیسلامیانە، بەیانی تاوان و گەندەڵی و دزیش بکەن بۆیان سەتر دەکەن!

٢٠١٦/٥/١٧

# کەناڵی سپێدە وپەتای داعشیەت!

## دیاردەی بەسەلەفی بوونی ئیخوان

لە سەرچاوەیەکی ناو یەکگرتووی ئیسلامیەوە پێم گەیشتووە کە پاش فشارێکی لەفزی ودەروونی سەلەفیانەی زۆری بەرپرسانی یەکگرتوو و بەڕیوەبەرانی کەناڵی سپێدە، خانمە بێژەری ناودار وسەرکەوتوو، ڤیان محمود یان ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کردوە، گوایە تەنها لەبەر ئەوەی ئەو خانمە ڕوخساری جوانە وگوناهە لەسەر تەلەفزیۆن بێت!!! ئەو سەرچاوەیە دەڵێت محمد فەرەج ی سکرتێری یەکگرتوو کەوتۆتە ژێر فشاری عەقڵیەت سەلەفیەکانی [ئەو دەڵێت داعشیەکانی!] ناو بەرپرسانی یەکگرتوو، کە ئەوانیش کەوتوونەتە ژێر فشاری دیندارە سەلەفی مەشرەبەکان کە پێیان وایە ژن نابێت بە پەچە ونیقابیشەوە لەسەر تەلەفزیۆن بیت!

کەناڵێکی میسری سەلەفی هەبوو ئافرەتەکان ڕەش ڕەش دەردەکەوتن هەتا دەموچاویشیان دادەپۆشی، بەڵام لەبەر ئەوەی ژن دەنگی عەورەیە، ناوەڵڵا هەر خۆی هەمووی عەورەیە، سەدان ڕەخنەیان بۆ هات سەبارەت بەو شتە ڕەشانەی سەر شاشە! کەناڵێک ناودارترین واعیزی مەلا شێرزاد بێت و لەنێو بەرنامە پێشکەشکارەکان لە سەری مەجلیس ڕەسمی دابنێن، مەلا شێرزادێک بە تێڕوانینی شەعبی وبازاڕی، کە زۆربەی زانیاریەکانی لە سایتە سواوە سەلەفیەکان دەردەهێنێت، وخەلک ئاڕاستە دەکات بۆئیسلامیکی داخراوی وەک ئەو ژنە مونەقەبەی لە ڕوسیا پاسپۆرتی بەبێ وێنە دەرکرد بە زەبری دوعا و شەونوێژان !! دەبێت یەکگرتوو چ پرۆژەیەکی کرانەوەی هەبێت بە پێچەوانەی ئەو هەموو توندڕەوییەی وڵاتی داپۆشیوە؟!

بەر لەماوەیەک هەر سەبارەت بەو کێشەیە ئەو وشانەم نووسی وامزانی کەسیک گوێی لێدەگرێت، بەڵام دیارە پەتای داعشیەت لە یەکگرتوو ومحمد فەرەج و هەندێک لە قیاداتی یەکگرتووی داوە، گوێ بەس لە توندڕەوان دەگرن، ئەوە ئەو بەشە وتارەیە کە ئەوکاتە نووسیم، هێشتا سەلاحیەت پێنج ساڵیتری یەکگرتووی ماوە:

"بێ هەڵوێستی حزبە ئیسلامیە میانڕەوەکان داعشیەت دروست دەکات کە میانڕەو دامەزراو نەبوو ، تەژی بوو لە حزبایەتی و دەمارگیری دەستەگەری، وبەڵگەی مەنهەجی میانرەوی پێ نەبوو، فێری توێژینەوەی زانستی نەکرا لە پوچەڵکردنەوەی بنەماکانی فکری توندڕەوی، زۆر ئاسانە لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا ببێتە توندڕەوێکی تۆبەکار لە میانڕەوی!

داعشیەت بە لەرزەلەرزی ئیخوان و بەناو وەسەتیەکان دروست دەبێت، کاتێک شەو و ڕۆژ باس باسی میانڕەویی دەکەن، بێ ئەوەی چالاکیەکی کاریگەریان هەبێت بۆ پوچەڵکردنەوەی بنەماکانی سەلەفیەت! بێ ئەوەی بنەمای شەرعی هەقیقی دانابێت بۆ میانرەوی! نەک هێندە بەڵکو زۆرجار ژمارەیەکی زۆری ئەو وەسەتیانە لە ژێر کاریگەری مەنهەجی سەلەفیەتدان، و زۆرجار پێت جیا ناکرێنەوە!

نیوەی ئیخوانی عەرەب سەلەفین، لە کوردستانیش سەرەڕای ئەو ئازادیەی هەیانبوو بۆ لیکۆڵینەوە و دامەزراندنی بنەماکانی میانڕەوی، کەرتێکی گەورەیان لە ژێر هەڕیشە وکاردانەوەی سەلەفیەکان هەنگاو بەرەو سەلەفیەت دەنێن، ئەوە نەبوو پاش ئەوەی دڵشاد کەلاری دژی دەرکەوتنی ئافرەت بوو لە تەلەفزیۆن، زۆری نەبرد کەسانیکی پلەدار لەناو یەکگرتووش دۆڕاندنیان لە هەڵبژاردن گەڕاندەوە بۆ بوونی ئافرەت لەسەر تەلەفزیۆنەکەیاندا!!

وەک ڕۆژنامەنووسێکی ناوداری یەکگرتوو کاک محمود یاسین لە فەیسبوکەکەی نووسیبووی: " لە چوارچێوەی ئیصلاحاتی فیکری و سیاسی و کرانەوە و تەجدید بە بیانووی دەنگ کەم کردن، چەند کەسێکی دەستڕۆیشتوو بڕیاریانداوە لە ئایندەیەکی نزیک یان دوور (بێژەری خوشک) لە سەر شاشە قەدەغە بکەن، فەشەلی قیادەکردنی خۆیان دەخەنە سەر (ڕەگەزی مێ) و دەستی چەوری خۆیان بە لەچکی ئافرەتان دەسڕن."

دیارە یەکگرتوو لاسایی دڵشاد کەلاری سەلەفی دەکردەوە، کە ئەویش پێش ئەوان وتی حەرامە کچی بێژەر لەسەر تەلەفزیۆنی کۆمەڵ بێت! لە جیاتی دانیشن و توێژینەوەیەکی ورد و زانستی هۆکاری فەشەلیان بکەن، ختووکەی هەستی دینداری سەلەفی دەکەن، وژن دەکەنە هۆکار وەک لاوازترین ئەڵقەی کۆمەڵی دواکەوتوو!

ئەوەش لە ترسی قسەی سەلەفیەکان کە دەڵێن یەکگرتوو کەوتوەتە ژێر کاریگەری هێزە عەلمانییەکان و خەریکە وەک ئەوانی لێدێت، بۆیە یەکگرتوەکان لەبەر غیابی وەعی وهۆشیاری میانڕەوی جگە لە دروشم وئیدیعادا، بە ئاسانی کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو وتارە غەیبیە و غەبیەی سەلەفیەکان وداوا دەکەن یەکگرتووش بەرەو داخراوی ببەن تا خەڵک لێیان ڕازی بێت!!"

٢٠١٥/١٠/٤

## هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانەی وەک سەعدت نیشان دابا!

چەندین ساڵە لەوەتی ئیخوان و یەکگرتوو دەناسم چاوەڕوانی یەک هەڵوێستی مرۆڤانە و کوردانە و هەتا ئیسلامانەیان لێدەکەم، ئیسلامانە نەک ئیسلامیانە، چونکە جیاوازی زۆرە لە نێوان ئیسلام و ئیسلامی! ئەخر ئاساییە بۆ ئیخوانیەکی میسری، سودانی، کوێتی بێ ئاگا و عرووبە زاڵ بەسەر کە هەست بە دەرد و ناسۆری کورد نەکات، لەبەر بێ سەوادی و عروبەتی و پێشداوەریەکانی دژی کورد، و لەبەر تێزە سەقەتەکانی ئیسلامیزم، بەڵام بۆ کەسێکی وەک تۆ کە هەزاران کوردی موسڵمانت بەخۆت سەرسام کردوە، زۆر جار کوردایەتی بەسەر کوردترینی ئەو میللەتە دەفرۆشیتەوە لە ئاخاوتنەکانت، شەرمە وەک ئیخوانەکی میسری و کوێ و کوێ چاو بنوقێنیت لەو هەموو کارەساتەی کە ئەردۆگان بەسەر کوردانی باکوری هێناوە!

تەنها باسی مووچەی کوردانی باشوری بۆ بکەیت کە ڕاستەوخۆ کاری ئەو نییە، ئەگەرچی ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارەتی بەر دەکەوێت لە دادۆشینی سامانی هەرێمی باشوور بە یارمەتی دەسەڵاتی پارتی کە وەک والی خەلیفە ئەردۆگان ڕەفتار دەکەن لە هەولێر! موسەنا دەڵێت: " داوام لێکرد ئاگای لە گەلی کورد بێت و بۆماوەی ٦ مانگە فەرمانبەران موچەیان وەرنەگرتووە"

لەو کاتەیدا کە سەربازەکانی ئەردۆگان تاوان نەماوە نەیکەن دژی کورد و خەڵکی مەدەنی بە وێنەیەک هەتا ئیسرائیل بەرامبەری عەرەبی نەکردوە، تۆ لەو کاتەدا وەک موراهیقێکی سیاسی دڵخۆش بووی وروژاو باسی دیتنی ئەردۆگان دەکەیت؟!دەبوایە تۆ خۆت بایکۆتی ئەو دیتنەت کردبا نەک وا بە شانازیەوە باسی بکەیت. بەڵام کوا هەڵوێست لەناو سیاسی و میدیاکاران و ڕۆشنبیران؟! بەرلە ماوەیەک دەیان میدیاکاری کوردی حزبی باشور بە گۆڕانیشەوە، وەک هەرزەکارێک نەچوونە خزمەت داودئۆغلۆ بۆی داچەمانەوە؟!

ئێوە سوود لە ئیسلامیش وەرناگرن کە شەو و ڕۆژ خۆتان پێیەوە هەڵواسیوە، دەنا نمونەی زۆر باشت لەوێش دەست دەکەوێت لە بایکۆتی ستەمکاران و نزیک نەبوونەوە لێیان، نەک شانازی کردن بە بینینیان! ژیانی شافیعی و ابو حنیفە وسعیدی کوڕی جوبەیر بخوێنیتەوە بەسە بۆ تێگەیشتن لە ترسناکی نزیک بوونەوە لەو تاغوتانە!

بێگومان لە سیرەی پێغەمبەر خوێندوتەوە کاتێک پێغەمبەر [د.خ] هەموو غەنیمەکانی جەنگی حنین بەسەر قوڕەیش بە ئیسلام و مؤلفە قلوبهمەوە دابەش دەکات، هیچ بە ئەنسار نادات، ئەنسارِ هەست بە نا عەدالەتی دەکات و مقۆمقۆ دەکەوێتە ناویان، پێغەمبەر کە پێی دەگاتەوە وەک لە دوو سەحیحەکە هاتوە "لە أنس ، لە هەندێ ڕیوایات ئەنسارەکان وتوویانە: خودا لە پێغەمبەر خۆش بێت، ئەوەی هەیە دەیداتە قوڕەیش و ئێمەش

فەرامۆش دەکات، لە کاتێکدا شمشێرەکانمان خوێنی دوژمنانی لێ دەتکێ! " **يغفر الله لرسول الله ، يعطي قريشًا** ويتركنا، وسيوفنا تقطر من دمائهم."

دیارە سعد بن عبادەش لایەنگیری ئەو ڕایە بووە، سەرەڕای گەورەیی پێغەمبەر لە دڵیدا، هەر لەگەڵ هەست وئازاری میللەتەکەی خۆی بوو، لە کاتێکدا ئێوە لە حزور ئەردۆگانێکی ستەمکار و کورد کوژ وا شەرمنن ناوێرن باسی کوشتنی خوشک وبراکانی خۆتانیان بۆ بکەن، باسی هەتک کردنی کچی کورد بکەن پاش کوشتنی کە ڕووتیان دەکەنەوە لەسەر شەقام، سوکایەتی بە جەستەی پیرۆزیان دەکەن سەربازەکانی ئەردۆگان!

بۆیە سەعد هەر خۆی چووە لای پێغەمبەر، بۆ ماستاوکردن نا، تا بڵێت من لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتیەی قەومەکەم نیم، بەڵکو بۆ گەیاندنی ناڕەزاییەکان بوو و پیی گووت: پێغەمبەر ئەو لقەی ئەنسارِ دڵیان ئێشا لێت لەبەر ئەوەی کردت بەو غەنیمانەی دەست کەوتن لەو جەنگە، کە دابەشت کردن بەسەر قەوم و قیلەت، و بەشی گەورە گەورەت بەخشیە هۆزەکانی عەرەب، هیچت نەدایە ئەو ئەنسارانە. پێغەمبەر پێی گووت: ئەی تۆ هەڵوێستت چییە لەو باس و خوازە؟! " :وَأَيْنَ أَنْتَ يَا سَعْدُ؟

سەعدیش وەک پیاو و مرۆڤ و لایەنگری دەرد و نیگەرانی میللەتەکەی خۆی، نە خۆشەویستی پیغەمبەر و نە هەیبەتی لە دڵیدا لاواز و بێ شەخسیەتی نەکرد و بە پێغەمبەری گووت: منیش یەکێکم لە قەوم و قیلەکەم! ما أنا إلا امرؤ من قومي! یانی هەمان ڕام هەیە!

دەی کاکی ئیسلامی هەڵوێستەکی وەک سەعدی کوڕی عیبادەت نواندبا، خۆ ئەردۆگانەکەی تۆ لە پێغەمبەر بە هەیبەت تر نەبوو؟!

من بەرلە تۆ قەرەداغیم دیتووە نەک لەبەر دەمی ئەردۆگان، بەڵکو لەبەردەمی چەند قیادەیەکی ئیخوانی عەرەبی میسری و سوری و فەلەستینی ماستاوێکی دەکرد بەقەد دەریایەک کەفی دەکرد ماستاوەکە، تۆ هێشتا باشیشی لە حزۆر سەرۆکێکی ئیخوانی سیفەت، کاکە دکتۆر موسەنا!

٢٠١٦/٢/١٦

## یەکگرتوو لە نێوان پیرۆزی مرۆڤ وپیرۆزییەکانی خەڵک

کاک مەریوان قانیع لە دژایەتی کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزییەکان، تەنها ڕەچاوی قەدەغەکردنی کردەی گوتار و کرداری کردوە، بەبێ گوێدانە جۆری ئەو کردە وگوفتانە. لە ئەوروپا کە کاک مەریوان لەوێ دەژیەت، یەکێک پێی بڵێ سەر ڕەشی دزێو یان بە پێست ڕەشێک بوترێ هەی ڕەشی پیس یان بە ئافرەتێک بڵێیت : ئەخر ژنی چیت پێ بڵێم؟!

یان لە کاتی شەڕ وەک پیاوە عەنتەرە کوردیەکان بڵێی: لە ژن کەمتر بم ئەگەر نەتکوژم!! یان هەر ئاماژەیەک بکرێت بۆ توخم وڕەگەزی کەسیکی تر بە تەوس وگاڵتە پێکردنەوە توشی دەیان سزای یاسایی وەک racism و discrimination و sexism دەبێتەوە، ئەوە لەو جیهانە پێشکەوتوەی مۆدێلی نوسەران وبیرمەندان ئەو جۆرە ئازادیە قەدەغە کراوە بۆ سوکایەتی تاکە کەسی، ئەگەر گاڵتە وتەوسەکە دژی ئاینێک وگروپێکی ئاینی یان رەگەزی بێت ئەوە سزاکە قوڵتر دەبێت. لە پێناو پاراستنی ئاشتی کۆمەڵگا لەو بابەتە هەستیارانە کە زۆرجار فیتنە وئاشوبی گەورەی لێدەکەوێتەوە تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێ.

وادیارە سەقفی تەوەقوعاتی کاک مەریوان وکەسانی تریش لە کوردستانی گیرۆدە بە سەدان وهەزاران کێشەی ڕەوشتی وبەهایی وسیاسی وکۆمەڵایەتی لایان بەرزترە لە ئەوروپا وجیهانی خۆرئاوای پێشکەوتوو لە هەموو بوارە مرۆییەکانەوە.

ئەو تێکەڵ وپێکەڵ کردنەی کە دەکرێت لەسەر بابەتی پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزییەکان زۆر سەیرە، هەندێک دەڵێن ئەوە پرۆژەی پارتیە بۆ پیرۆزکردنی رەمز وسەرکردەکانی خۆیان، یان دەڵێن بۆ قەرەبوکردنەوەی شکستەکانی خۆیەتی وقسەی تر کە زیاتر شیکاری سیاسی سەقەتمان بەبیردەهێنێتەوە.

ئەوەی زیاتر باری ئەو پرۆژە یاسایەی قورس کرد وگومانی تێخست لێدوانە نا مەسولەکەی سەرۆکی داواکاری گشتی بوو کە چەندین شتی تری خستبوە سەر پیرۆزیەکان، کاتێ گشتاندنێکی بۆ هەموو لایەن و وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردبوو، و داوای کردبوو هەر بابەتێک سووکایەتی بە ئایین و مێژووی نەتەوەی کوردو سیمبولی نەتەوایەتیی تێدابێت، ئاگاداری سەرۆکایەتی و فەرمانگەکانی داواکاری گشتی بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی ئەنجام بدەن.

بێگومان ئەو گشتاندنەش نە لە کاتی خۆیدا بوو، نە ئەو تێکەڵ پێکەڵ کردنە لە بەرژەوەندی پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزییەکان بوو، کە دوای ئەوە ناڕەزای بەشێک لە رۆشنبیران وڕێکخراوە مەدەنیەکانی لێ کە وتەوە، منیش دژی ئەو گشتاندنەی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێمم و بەو تێکەڵ وپێکەڵ کردنە ڕازی نیم

لە نێوان پیرۆزیەکان وسیمبول ومێژووی نەتەوەیی، هەرچەندە هەموو کەسێک بە سەرکردە وکرێکارێکی سەر شەقام مافی تەواوی هەیە یاسا کەرامەت ومرۆڤایەتی بپارێزێت لە هەر سوکایەتیەک، بەڵام ئەوە باسێکی ترە وبابێکی ترە هەرگیز نابێت تێکەڵ وپێکەڵ بکرێت.

ئێمە وەک تاکە کەس وەک نوسەرێک کاتێ کەسێکی دەبەنگ بەبێ خوێندنەوەی نوسینەکەت بێ تێگەیشتنی، لە ژێرەوە جوێن و سوکایەتیت بۆ دەنوسێت پێی قەڵس دەبین، ئەی چۆن خەڵکی قەڵس نابن جوێن وسوکایەتی بە پیرۆزیەکانیان بدەن وبکەن؟!

تافیهێکی هیچ لەبارنەبوو لە فلاتێکی پۆخەڵ لە ناوچەرگەی ئەوروپا دێت ڤیدیۆیەک تۆمار دەکات بەدەم دراندنی قورئانەوە یان سوتاندنی یان بە خۆیی وکۆمپیوتەرێکی شڕەوە دێت جنێونامەیەک دەنوسێ لە دژی خوا یان پێغەمبەر یان هەر پیرۆزیەکی تری خەڵک یان هەر شتێکی تر قێزەوەن دەکات، دەبێت چۆن ئەو کەسە جیاوازی نەبێت لەگەڵ کارێکی فیکری وەک نوسینەکانی مەریوان وفاروق رەفیق وهتد..؟!

لە هەمووی سەیرتر هێزێکی موحافیزخوازی تەقلیدی وەک یەکگرتوو بەبیانوویەکی پڕوپوچ بێ ئەوەی بیری لێبکاتەوە کە بە چەند لەسەری دەکەوێت لە نێو ئەو توێژەی ئەو موخاتەبەیان دەکات، دێت وبەو پەڕی جورئەتەوە وئازاییەوە –وەک بەرێز مەریوان وەسفی دەکات – پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزییەکان رەت دەکاتەوە گوایە وەک کاک مەریوان دەڵێت:" .نوێنەرەکەی یەکگرتو دەڵێت ئەوەی لە قورئاندا پیرۆزە مرۆڤە، بۆیە خودا سنووردارکردنی ئازادییەکانی مرۆڤی پێناخۆشە."!!!

ئەوەیە دەڵێن عوزر لە قەباحەت گەورەترە. ڕاستە مرۆڤ لە قورئاندا بەڕێزترین کائینە [ولقد كرمنا بني آدم] بەڵام ئایە ئازادیە بێ قەید وشەرتەکانی مرۆڤ لە قورئاندا بەپێی تێگەیشتنی یەکگرتوو لە خوا وپێغەمبەر و قورئانیش پیرۆزترە؟! ڕاستە قورئان ئازادی رادەربڕینی بە ئادەمیزاد ڕەوا بینیوە هەتا حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ ئەوەی فەرمانی خواشی بۆ هاتوە سەبارەت بە سەربڕینی کورەکەی، بەڵام زۆر بە ئەدەب وحورمەتەوە بە کوڕەکەی دەڵێت: ڕۆڵە من لە خەو فەرمانم پیکرا بۆ سەربرینت، تۆ دەڵێی چی؟!! وەک بڵێی فەرمانی خواش بکاتە بابەتێکی بژاردەیی وئیختیاری: تۆ ڕات چیە وچۆنێ دەبینی؟!!

**(قال ی‌ا بنيّ إني أرى في المنام أني أذبحك فانظر ماذا ترى قال ی‌ا أبت افعل ما تؤمر ستجدني إن شاء الله من الصابری‌ن) سورة الصافات** ١٠٢

بەڵام قورئان لە دەیەها شوێندا سەرکۆنەی سوکایەتی وگاڵتەجاری کردوە دژی ئیمانداران وهانی موسڵمانانیش دەدات رێز لە خاوەن بیروباوەڕەکانی تر بگرن تا ڕادەی ئەوەی نابیت سوکایەتی یان جوێن بە

پیرۆزیەکانیان بدەن. وادیارە یەکگرتوو لە لیبڕاڵە سەرەڕۆکان سەرەڕۆ ترە کاتێ بە بیانوێکی پوچی ڕیز لێنانی قورئان لە مرۆڤ وپێ ناخۆش بوونی خوا بۆ سنورردارکردنی ئازادیەکانی مرۆڤ دژی قەدەغەکردنی سوکایەتی سوکەکان دەوەستێتەوە لە کاتێکدا خۆی پێ حزبێکی ئیسلامیە، ئەو بێ ئاگاییە لە ئیسلام وقورئان لە بێ ئاگایی سیکیولارە پەڕگیرەکان وکۆمەنستەکان دەچێت کە کاتێ ئایەتێک دەخوێننەوە منداڵیش دەخەنە پێکەنین!

ئەی ئەوە قورئان نییە سەرکۆنەی سوکایەتی کەران دەکات کاتێ بە موسڵمانان دەڵێن کەم عەقڵ وسەفیهـ قورئان پێیان دەڵێتەوە بە خۆیان سەفیهن :( قالوا أَنؤمن كما آمن السفهاء أَلا إنهم هم السفهاء ولـكن لا يعلمـون)، (الذين يلمزون المطوعين من المؤمنين في الصدقات والـذين لا يجدون إلا جهدهم فيسخرون منهم سـخر الله مـنهم ولهـم عـذاب أَلـيم) گاڵتەیان پێدەکەن، خوا گاڵتەی بەوان دێت وئەشکەنجەیەکی گەورەش چاوەڕوانیانە!

ئەمەو چەندین ئایەتی تر کە ئاساییە بۆ نوسەرێکی سێکیولاریستی وەک مەریوان هیچی لە بارەوە نەزانێت، بەڵام شورەییە بۆ ئەندام پەرلەمانێکی یەکگرتوو [لە خودی مەلیک مەلیکتر بێت] وبچێتە بەرەی پشتگیری لێکردن لە سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکانی خەڵک... لەوەش سەیرتر هێندە دڵیان خۆش بێت بە ستایشی مەریوان بۆ ئەو هەڵوێستە ولە سایتی خۆیان بە شەرمەوە وبە قرتاندنەوە بڵاوی کەنەوە، کە بە هیچ پێوەرێک نە هەڵوێستێکی ئیسلامیە ونە دیموکراسیە، چونکە هیچ کامێکیان لەگەڵ سوکایەتی کردن نین بە پیرۆزیەکانی خەڵک وتەجریمی دەکەن.

سایتی یەکگرتوو  هەواڵەکەی بە تەحریفەوە گواستۆتەوە، نوسینەکەی مەریوان لە ئێن ئار تی دەڵێت: " ڕەتکردنەوەی یەکگرتوو بۆ ئیمزاکردنی ئەو پرۆژە یاسایە کارێکی ئازایانە و گرنگە، لەوەش گرنگتر ئەو لێکدانەوەیەیە بۆ ئیمزانەکردنی یاسەکەیان کردوە . نوێنەرەکەی یەکگرتو دەڵێت ئەوەی لە قورئاندا پیرۆزە مرۆڤە، بۆیە خودا سنووردارکردنی ئازادییەکانی مرۆڤی پێناخۆشە. ئەم بەستنەوەیەی دین بە ئازادی ئینسانەوە هەنگاوێکی گرنگی لێکدانەوەیەکی دیموکراسیانە و مۆدێرنی دینە .سەرەتایەکی گرنگی کردنی دینە بە بەبەشێک لە دونیایەکی نوێ، بەڵام کراوە و دیموکراس ."

هەواڵەکەی سایتی یەکگرتوو دەزانێت ئەو ڕستەیەی سەمیر سەلیم، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو هەرس کردنی ئاسان نیە لای ئەندامە ئیماندارەکانیان بۆیە بەو قرتاویە قسە وستایشەکانی مەریوان دەگوێزنەوە " مەریوان وریا قانیع نوسیویەتیشی "ڕەتکردنەوەی یەکگرتوو بۆ ئیمزاکردنی ئەو پرۆژە یاسایە کارێکی ئازایانە و گرنگە، لەوەش گرنگتر ئەو لێکدانەوەیەیە بۆ ئیمزانەکردنی یاسەکەیان کردوە, ئەم

بەستنەوەیەی دین بە ئازادی ئینسانەوە هەنگاوێکی گرنگی لێکدانەوەیەکی دیموکراسیانە و مۆدێرنی دینە. سەرەتایەکی گرنگی کردنی دینە بە بەبەشێک لە دونیایەکی نوێ، بەڵام کراوە و دیموکراس." [6]

جا خۆزگە ئەو قسە لەلایەن هێزێکی لیبڕالتر کرابایە تا باوەڕ بکەین، چونکە نە مێژوو ونە تێکستە حزبی ومێژوویيەکانی وەک [اصول العشرين] و [التعاليم] ی حسن البنا، کە پێی وابوو ئەندامی ئیخوان دەبێت وەک مردوو بێت لە ژێر دەستی مردوو شۆر، ئەو مەقولەیەشی لە تێرمی شێخ وموریدی سۆفیەکانەوە گویزابوەوە بۆ ناو ئیخوان، و نە رۆژمێر وممارەسەی دەعەوی ئیخوان بۆ ئەو جۆرە دەرەنجامانەمان نابات، کەیەکگرتوو هێندە ئازادیەکانی مرۆڤی لا پیرۆز بێت تا ڕادەی ئازادی سوکایەتی کردنیش بە هەموو پیرۆزیەکان.! چونکە ئەگەر وایە بۆ هەر کەسێک وکەسایەتیەک کەمێک ئازاد دەبێت ودەبێتە خاوەن بیروڕا وکەسایەتی خۆی، یەکسەر باڵی تێدەڕوێنن و لە ناو یەکگرتوو دەیفرێنن یان خۆی زوو لە شەقەی باڵ دەدات وبۆی دەفڕێ؟!

بۆ ئەوەی کەمێک بیرکردنەوەی جیا بێت لە نەهجی ئیمام بەننا وتەعالیم وبیست ئسوڵەکە و ڕاسپاردە پیرۆزەکانی هەر بەپاڵە سوان دەری دەکەنە دەرەوە؟! نمونەش زۆرە لەو فڕیوانە وهەڵفڕیوانە. بۆ ئەوەی موسڵمانیش بێت ومولتەزیمیش بێت بە ئیسلام بەڵام کاتێ داوای لێدەکەن بێت بەیعە بدات، کە بەیعە دژی ئازادی مرۆڤە وناشەرعیشە لەو سەردەمە، هێندەی لێ دەهری دەبن هەتا سەلامەکانیشیان لەگەڵی ساردتر وبێ ڕوحتر دەکەنەوە.

بۆ ئەوەی لە چەمکی سەمع وتاعە [گوێڕادێری وگوێڕایەڵی] تەقلیدی ئێوە لادەدات هێندەی نامێنێ لە دینیش دەری کەن؟! گەر بیروڕای مرۆڤ هێندە پیرۆزە بۆ پێتان ناخۆشە کتێبی غەیری ئیخوان بە دەستی ئەندامانی ئیخوان ببینن؟

من زۆرم پێ خۆشە هەموو حزبە سیاسەکانی کوردستان بە حزبە ئیسلامیەکانەوەش تا ئەوپەڕی ڕیز لە ئازادی وبیروڕای جیاوازی خەڵک بگرن، بەڵام کار بگاتە ئەوەی دژی یاسایەک بوەستیتەوە لە دژی سوکایەتی داڕێژراوە بە بیانووی ڕیزگرتن لە مرۆڤ وئازادیەکان ئەوە لەوانەیە بۆ مەریوان وکەسانی تری نەشارەزا لە ئیسلام وئەدەبیاتی ئیخوان قوت بدرێ، بەڵام بۆ کەس قوت نادرێ ڕۆژێک ئیخوانی ناسیبێت وئاگادار بێت بە سمع وطاعە وتەعەسوبی حزبی و ئەدەبیات ومێژوویان.

2012/10/23

---

[6] بڕوانە ئەو لینکەی خوارەوە:
http://www.kurdiu.org/hawal/?pageid=112287

# یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئایینیەکان بەرگری نییە لە خوا، بەرگریە لە ئادەمیزاد!!

کاک مەریوان وریا قانیع لە وتارێکدا بە ناوی [یاسای پاراستنی پیرۆزییەکان کێ دەپارێزێت؟] سەرەتای نوسینەکەی بەو جۆرە دەست پێدەکات: "ئایا بەڕاست خودا پێویستی بەوەیە ئینسان بە یاسا بیپارێزێت؟ ئایا کاری یاساکان ئەوەیە ئینسانەکان لەیەکتری بپارێزێت، یان خودا لە ئینسان بپارێزێت؟" لەڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە پرسیارە سەرەکیەکە بە هەڵە دارێژراوە، بۆیە لەسەر خەتی خواری پرسیارەکە درێژە بە گریمانەکانی دەدات ودەڵێت: " لە بیرکردنەوەی دینیدا خودا بۆیە خودایە چونکە نە لەکەس بووە و نە کەسی لێدەبێت و نە پێویستی بەکەسیشە، خودا بۆیە خودایە چونکە هەمووکەس پێویستی بەوە بۆ پاراستن، نەک بە پێچەوانەوە. لە فیکری دینیدا خودا پێویستی بەوە نییە کەس بیپارێزێت، چونکە خۆی چۆنی بوێت بەوجۆرە دونیا دەباتبەڕێوە و بەوجۆرە شتەکان و پەیوەندییەکان ڕێکدەخات" .

دەقی پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستانم خوێندەوە، من وەک دەڵێن قەلبەن وقالبەن لە گەڵی دام، ئەوانەی کەمپین ونازانم شتگەلێکی وا ڕێکدەخەن لە دژیدا دەبێت شەرم لەو هەڵوێستەیان بکەنەوە، چونکە ئەگەر کەسانێکی رۆشنبیر بن، نابێ خۆیان دابەزێنن بۆ ئەو ئاستەی بەرگری لە سوکایەتی کردن بکەن لە دژی خوا وپێغەمبەران وپیرۆزیەکانی خەڵک بە هەموو ئایین وتایفەکانەوە. هەندێک لە برگەکانی پرۆژە یاسایەکە ئەمانەن:

**ماددەی یەکەم:**

سوکایەتی بە خوا وپیغەمبەران (سەلامی خودایان لەسەر ) وە قورئانی پیرۆزو کتێبە ئاسمانیەکان تاوانە لەلایەن هەر کەس و لایەن و دەزگایەکەوە بێت ، و بە ئازادی رادەربڕین دانانرێت.

**ماددەی دووەم:**

ئەم کردەوانە بە سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکان دادەنرێن:

١- جوێندان و گاڵتەکردن بە خودای گەورە.

٢- جوێندان و گاڵتەکردن و سووک باسکردن و وێنەی ناشایستەکردنی پێغەمبەران.

٣- سوتاندن و دڕاندن و فرێدانی قورئان و کتێبە ئاسمانیەکان بەکارهێنانی ناوەرۆکەکانیان بە ناشیاوی.

٤- بەکارهێنانی پەڕەکانی قورئان و ناوەرۆکەکەی بە مەبەستی خراپ بۆ کاڵا بازرگانیەکان.

٥- هاوردەکردن و فرۆشتنی کاڵای بازرگانی کە بێڕێزی بەرامبەر خوا و پێغەمبەران وکتێبە ئاسمانیەکان تێدابێت.

٦- هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر شوێنێک تایبەت کرا بێت بە خواپەرستی یەکێک لە ئایینەکان.

٧- هەر کەسێک گاڵتە یان جوێن بدات بە یەکێک لە دروشمە ئایینیەکان".

من تێ ناگەم کام مرۆڤی ڕێزدار و ڕۆشنبیر با مولحید وئێتیستیش بێت، با کافری هەر سێ دینیش بێت، ڕازی دەبێت بە: جوێندان و دراندن وگاڵتە کردن وسووک باسکردن بە پیرۆزیەکانی خەڵک؟!!

نوسەرێکی بەڕێزی جیدی وەک کاک مەریوان وریا قانیع پێیوایە ئەو یاسایە کارەکەی پێچەوانەوە کردۆتەوە، لەجیاتی خوا پارێزگاری لە مرۆڤ بکات، ئەوە مرۆڤە بەو یاسایە پارێزگاری لە خوا دەکات، کە خوا هیچ پێویستیەکی پێی نییە؟!

وابزانم کاک مەریوان ئەو جارەیان بە هەڵە تێگەیشتوە لە مەنتیقی کارەکە، کاتێ موسڵمان یان هەر ئیماندارێک دەوروژێت لەبەر سوکایەتی کردن بە ئاینەکەی یان خواکەی یان شوێنی پەرستکاریەکەی یان کتێبی پیرۆزی، لەبەر ئەوەی نییە کە مرۆڤەکان دەتوانن زیان بگەیەنن بە زاتێکی باڵای هێز لە سنوور نە هاتووی وەک خوا، بەڵکو لە خۆشەویستی وباوەڕی ئەوانە بۆ ئەو زاتە باڵایە کە حەز ناکەن کەس لە پێش ئەوان وا بە ئاشکرایی جوێنی پێ بدەن یان سوکایەتی بە ناو و هێما پیرۆزەکانی بکەن. هەر بۆیە قورئان داوا لە موسڵمانان دەکات جوێن بە خوداوەندی کەسانی تری غەیرە موسڵمان نەدەن، نەوەک ئەوانیش لە بەرامبەردا جوێن بە خودای موسڵمانان دەدەن، کە لە ئەنجامدا فیتنە وئاشوبی لێدەکەوێتەوە.

کەوابوو یاساکە بۆ مرۆڤەکانە وبۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی ومەدەنیە، نەک بۆ بەرگری کردن لە خوا کە خوا هیچ پێویستی بە بەرگری بەندە لاوازەکانی نییە، وەک لە پرۆژەی یاساکەشدا هاتوە: " لە پێناو پاراستنی ڕێز لە بەها ئایینیەکان لە سوکایەتی پێکردن و پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی وخراپ بەکارنەهێنانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی رادەربڕین ، ئەم یاسایە دەرچوێنرا".

بۆ ئەوەی جیاوازی بە روونی بکرێت لە نیوان لێکۆڵینەوەی جیدی وگاڵتەجاڕی بە پیرۆزیەکان، ئەو یاسایە زۆر پێویستە ولە کاتی خۆی دەرچوە بۆ پێش گرتن لە کەسانێکی کەم عەقڵ و سەرەڕۆ و شوهرەت تەڵەب کە ریزی هیچ ناگرن و وادەزانن ئازادن لە سوکایەتی کردن بە هەموو بەهایەک وهەموو شتێک.

هەلێکی زێڕینیشە بۆ خۆ جیاکردنەوەی نووسەرە جیدیەکان لەوانەی دەیانەوێت لەسەر پردی ئەو کارانەدا بۆ دنیای ناوبانگ وشوهرەت بپەڕنەوە، چونکە دەزانن ڕۆشنبیرانی کورد ئامادەن بۆیان کامپین بکەن هەرچیان کردبێت، چونکە کامپین کردن بۆتە خویێکی ڕۆژانەی گۆرەپانی فەرهەنگی کوردی، بۆ بچوکترین وبێ ماناترین هۆ کامپین دەگرن!

سوکایەتی کردنی لەو جۆرە کاری کەسانێکی هیچ لەبارنەبوو ونەناسراوە، کە نایانەوێ بە پرۆسەی سروشتی ناوبانگ بوون وناو دەرکردن تێپەڕن وهەڵپەیانە زوو خەڵک باسیان بکەن، هیشتا دوو وتاری پێنج سەد وشەیی نەنوسیوە، کەچی دەیەوێت لە لوتکەی نوسەرانی کوردستان هەژماربکرێت.

لە وڵاتانی هۆشیار هەزارانی وا کە شتێک دەنوسن پڕ لە سوکایەتی خەڵک فەرامۆشیان دەکات وتەنها ئەگەر شتێکی دژە یاسای گوتبێت، ئەوە دەدرێتە دادگا وسزای دیاریکراوی وەردەگرێت، بەڵام لای ئێمە، مەبەستم هەموو جیهانی ئیسلامییە، هەر نەناسێک وشوهرەت تەڵەبێک دەتوانی بە دوو قسەی سوک وڕیسوا یان بە

کارێکی دزێو وبێ سەلیقەی وەک فیلمە فاشیلەکەی خاوەنە فاشیلەکەی لە دژی حەزرەتی محەمەد [د.خ] لە شەو وڕۆژێکدا هێندەی ناودار بکەن کە خۆشی خەونی پێوە نەدیبێت!

ئەوەی کرا لە خۆپیشاندانی توند وتیژ وپەلاماردانی باڵوێزخانەکان وکوشتنی باڵوێزی ئەمریکی لە لیبیا وچەندین کارمەندی تر، کاردانەوەیەک بوو زیاتر بە نێگەتیڤ بەسەر موسڵمانان وجیهانی ئیسلامدا شکایەوە، چونکە بۆم دەرکەوت سروشتی مرۆڤی هیچ وپوچ وایە، ئەگەر بزانیت بەشتێک زۆر تورە دەبیت، ناڵێ با ئەو شتە نەکەم تا تورە نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر دووبارەی دەکاتەوە، وەک چۆن خەڵکی بازاڕی سەر دەنێنە سەر هەر کەسێکی فەقیر وسادە ئەگەر بزانن بە شتێک تورە دەبێت تا کار بەوە دەگات شێتی دەکەن.

لە هەولێر وسلێمانی ودهۆک کەس هەیە ئاگاداری چیرۆکی شێت کردنی چەند کەس نەبێت کە خەڵکی بازاڕی وبێ ڕیز بەردەوام دەیانوروژێنن لە کەسێکی سروشتی ونۆرماڵ دەیانکەنە شێتێکی تەواو؟! من خۆم لە بیرمە هەندێک لەو شێتانە کەسانێکی هەژار وبێ گوناح بوون، بەڵام چونکە خەڵک خاڵی لاوازیان زانیبوون، تورەیان دەکردن تا وای لێدەهات هەر جارێ دەمدیتنەوە لە جاری پێشتر خراپتر ببوون.

ئەو هەموو تورەییەی موسڵمانانیش کە نیشان دەدرێت تا ڕادەی پارانۆیی بوون، وەک ئەو خەڵکە نۆرماڵەیە کە کاتی خۆی کەسانێک پێیان زانی زوو تورە دەبن، بۆیە قۆزتویانەتەوە بۆ زیاتر وروژاندنی موسڵمانان وزیاتر سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکانی.

پەیامم بۆ هەموو نوسەرێکی ڕیزدار ئەوەیە خۆتان مەخەنە بەرەی سوکایەتی کەران، ئایین بوارێکی پان وپۆڕی تێدایە بۆ نوسین لەسەری، بە مەرجێک نوسینی بابەتی وزانستی بن، چونکە ئەو یاسایە باسی قەدەغەکردنی ئەو جۆرە نوسینە ڕەخنەیی وجیدیانە ناکات، بەڵکو تەرکیزەکە لەسەر ئەو هیچ لەباردانەبووانەیە کە دەیانەوێت لە ڕێگای سوکایەتی کردن بەرژەوەندی مادی ومەعنەوییان دەست کەوێت. من کە نیەتی سوکایەتی کردنم نەبێت بە هیچ ئایین ومەزهەبێک، دەتوانم بابەتی ئایینی ڕەخنەییش بنوسم، وە زۆریشم نوسیوە، بەڵام هەرگیزیش ناچمە ئەو بەرەیە و ئەو کەمپینانەی کە لە پێناو بەرگری کردن لە سوکایەتی کەران دەکرێن، با حەفتا جار دواکەوتو خواز بم، چونکە لەوە سوکایەتی تر نییە بۆ مرۆڤ کە سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی خەڵک بکات، با ئەو خەلکە هەر کێ بن: موسڵمان یا مەسیحی یا یەزیدی یا بودایی یا هەر شتێکی تر بن.

٢٠١٢/١٠/١١

# نەهزە و غەنوشی لە سێ ڕیاندا

کەس نییە کەمێک مەیلی سیاسەتی هەبێت نەزانێت تونس سەرەڕای دووچار بوون بە توندترین دیکتاتۆریەتی سیاسی لە هەمان کاتدا ئەو دکتاتۆریەتەش توندترین فۆرمی نادینی سەپاند بوو بەسەر خەڵکی تونس، خاڵکیش ئەگەر هەر شتێکی لێ قەدەغە بکرێت هەتا چاکیش نەبێت هەوڵی بۆ دەدات، کە سەدام ئەو شین وشەپۆڕەی شیعەکانی بۆ حەزرەتی حوسێن قەدەغە کرد کە بەڕای من ئەگەر بە شێوازێکی تر بیکردبایە، دەبوە یەکێک لە کارە چاکەکانی هێندەی تر شیعەی تامەزرۆتر کرد بۆ شین گێڕان و لە ڕوخانی سە ێدامەوە تا ئەو ساتانەش ئەو خەڵکە بەستەزمانە لەو شینە تەواو دەبن تا بچنە ناو شینێکی تر..

ئەوە بە نسبەت تەقسێکی خراپی وا، ئەی کە کار گەیشتە سەر قەدەغەکردن یان بەرتەسک کردنەوەی پێکهاتەکانی خودی ئیسلام و ئەزیەت دانی ئەو خەڵکەی هەندێک لە مەزاهیرەکانی جێبەجێ دەکەن وەک حیجاب یان ڕیش بەردان کە هەردووکیان لە تونس قەدەغە کرا بوون سەرەڕای عەلمەنەتکردنی بەخورتی کۆمەڵگا لە غیابی بچوکترین ئاستی دادگەری کۆمەڵایەتیدا، ئەوە لە حالەتی تونس دا ڕەهەندێکی تری جیا لە وڵاتانی تری ئیسلامی وەردەگرێت، چونکە ئیسلام لە یادوەری کۆمەڵایەتی گەلانی ئیسلام پایەکی زۆر گەورە وپاک و بێ وێنەی هەیە هێشتا خەڵک چاوێکی لەو ڕابردوە پاکە ئایدیالیەیە کە بە قسەی خۆیان گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە!

بێگومان خەڵکی گشتی چەندە هەستیارن بۆ ئیسلام هێندەش بە پەلەن بۆ لەبەرچاو کەوتنی ئەوانەی ئیدیعای نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن، ئەگەر کردار وگوفتاریان دژەیەک بوون، بۆیە ئەوەی خەڵکی دەنگی پێدا چونکە حزبێکی یا گروپێکی یان کەسایەتیەکی ئیسلامییە دەبێت زۆر وریا بێت ئەو متمانەیە لەدەست نەدات، چونکە ئاستی ڕادیتنەکانیان (تەوەقوعات) لە ئەوانەی بەناوی ئیسلام کاردەکەن و بانگەشە دەکەن زۆر بەرزە، هەر بەد بەکارهێنانێک یان گەندەڵیەک ئەنجامی زۆر خراپی دەبێت.

خەڵکی تونس جیاوازیەکی وایان نییە لەگەڵ خەڵکی تامەزرۆی ئاینی پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، بۆیە دەبێت نەهزە بەوە بوغرا نەبێت کە دەنگی یەکەمی هێنا و ئەو دەنگانە بەو شێوەیە هاتوە کە ئافرەتێک گووتی: "دەنگمان دایە نەهزە چونکە لێیان ڕادەبینین کە تۆزێک لە خوا بترسن، وەک ئەوانی تر نەبن، هیوادارین لە ئاستی ڕادیتنەکانمان دابن" ئینجا خەڵک چۆن هەموو ڕەنگە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانیان تاقی کردەوە، بە هەمان شێوە نەهزە یان هەر گروپێکی تری ئیسلامی تاقی دەکەنەوە، خەڵک هێندە دەبەنگ نییە ئەو حزبە

ئیسلامیانە یەکسان بکات بە خودی ئیسلام، بۆیە متمانە سەندنەوە لێیان کارێکی سەخت نابێت لە دوای پەتای شۆڕش کە خەریکە ئەمریکاش دەگرێتەوە.

لەسەر ئاستی کەسایەتی غەنوشیدا جگە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی، لە دوو سێ موناسەبەش لە لەندەن دیومە وچەندین پرسیاری هەستیاریشم لێکردوە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم وەڵامەکانی لە ئاست ناو و شوهرەتی نەبوو وەک بیرمەندێکی ئیسلامی نیمچە لیبڕاڵ، کە ڕەخنەشم لە ڕوانگەکانی گرت لەبارەی دۆزی کورد، هەستم کرد دڵی زۆر پێ تەنگ بوو بە دڵ فراوانی وەری نەگرت کە لایق بێت بە کەسێک پێی دەڵێن بیرمەند، سەرەڕای کەمی زانیاری دەربارەی کورد کە زیاتر لە زانیاری توریستەکان (گەشتیاران) دەچوو !چونکە دوور بوو لە وەسفی (پیاوێک لەگەڵ کتێبدا دەژی) کە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی جارێک وای وەسف کرد بوو.

هیوادارم ئەو خیتابەی ئێستا نەهزە تەبەنای کردوە کە زۆر گشتی و لیبڕاڵە ونزیکە لە خیتابی حزبی داد وگەشەپێدانی ئەردۆگان هەر ئەوە بێت، هەر وەک غەنوشی خۆشی لە چەندین لێدواندا ستایشی ئەزموونی ئەردۆگانی کردوە وبەچاوێکی بەرز هەڵیسەنگاندوە، چونکە گەڕانەوە بۆ بەرنامەی ئیخوان بە هەموو میراتە فیکری و ئایدیۆلۆژی ومێژووییەکەی، کە غەنوشی هێشتا مەحسوبە لەسەر ئەوان لەوە ناچێت ڕێی نەجات بێت بۆ نەهزە و غەنوشی یان بۆ میسر و هەر شوێنێکی تریش، هەروەها گەڕانەوەش بۆ ئەزموونی ئێرانیش کە غەنوشی بە بێ وێنەی وەسف دەکات چارەسەر نییە بۆ بارودۆخی تونس.

هەر لەو بوارەدا کەسایەتی ئۆپۆزسیۆنی ناودار وکۆنە وەزیری دەرەوەی ئێران ئیبراهیم یەزدی چەند ئامۆژگاریەکی زێڕینی ئاڕاستەی غەنوشی کرد بە حوکمی نزیکی ئەو لە ئێران وگووتی:" پێویستە غەنوشی لە دەرس و پەندەکانی ئێران وجەزائیر باش تێبگات، و ڕیز لە پلورالیزمی سیاسی بگرێت، دڵ فراوان بێت لە ڕەفتاری لەگەڵ لایەن و حزبەکانی تردا، چونکە موسڵمانان ئەزموونی تەواو و کافیان نییە لە دیموکراسیەتدا...!"

هەوەها گووتی: " هیوادارم نەگزە هەڵەکانی ئێران دوبارە نەکاتەوە، وسەرکردەکانی ریزی فرەخوازی (تعددیە) بگرن... چونکە ئێمەی موسڵمان ڕژێمە دکتاتۆریەکان دەڕوخێنین بۆ هێنانی ڕژێمێکی تری دیکتاتۆریەت وەک ئاماژە بۆ ڕژێمی مەزهەبی و دیکتاتۆری ئێران ئێمە شا مان ڕوخاند بۆ چارەسەرکردنی ڕەفتارەکانی، بەڵام لەبیرمان کرد ڕەفتارەکانی خۆمان چارەسەر بکەین"

کەس گومانی نییە ئەگەر ئێستا لە وڵاتێکی وەک ئێران هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێت دوور لە کۆت وپێوەندە سیاسی و بیرۆکراتیەکان بە شەو ڕۆژێک ڕژێمی ئێستا دەگۆڕدرێت، لەبەر ئەو هەموو دەردەسەریەی خەڵکی

ئێران دیویەتی بە دەست ئەو رژێمەی کە ئیدیعای ئیسلام دەکات، کەچی زۆر دوورە لە پرنسیپەکانی، و هەموو ناوچەکەش بە دەست کردەوە خراپەکانی دەناڵێنێت بە کوردستانیشەوە کە بۆتە گۆڕەپانی تەراتێنی دەزگا ئاشکراو نەهێنیەکانی ئێران سەرەڕای بۆردومانی نامرۆییانەی بەردەوام بۆ سنورەکانمان بە بیانووی پژاک.

ئەو ئامۆژگاریانە لە کاتێکی چاک هاتن لە ئێرانەوە چونکە غەنوشی زۆر سەرسامە بە ئەزموونی دیموکراتی ئێران و دەڵێت ئەزموونێکی بێ وێنەیە لە ناوچەکە و کەس تانەی لێ نەداوە(یا ئیلاەی) !!!

هەروەها ئیعجابێکی لە ڕادەبەدەر دەردەبڕێت بە ئیمام خومەینی دەگاتە ڕادەی ئیرتزاقی سیاسی لە کتێبی (شۆڕشی ئیسلامی و ئیمام خومەینی و کێشەی فەلەستین وزایۆنیزم، حوکمی عولەما یان رۆشبیران( بۆ ئەوەی نەهزە سوود لەو ئەزموونە وەرگرێت پێویستە غەنوشی ئەو قسانە دووبارە نەکاتەوە کە لە ڕۆژانی نەفی و (قۆناغی استضعاف) دا دەیوتن، ڕیز لە فرە ڕەنگی و دەنگی کۆمەڵگای تونس بگرێت و ڕیز لەو شۆڕشە مەزنە بێ ساحێبە بگرێت کە ئەگەر ساحێبی هەبوایە ئەکید نەهزە نەدەبوو، چونکە هەموو خەڵک ساحێبی ئەو شۆڕشەن. بۆ ئەوەی ئەزموونی نەهزە سەرکەوێت دەبێت نەهزە و غەنوشی لە نێوان ئەزموونەکانی ئیخوان و ئێران و ئەردۆگانیزم بەباشی هەڵبژێرێت، دەنا زۆر ئاسانە بۆ گەلێکی چاو کراوەی وەک تونس وەک چۆن سەرقافڵەی شۆرشەکان بوون بە هەمان شێوە سەرقافڵەی متمانە سەندنەوە بن لە نەهزە و غەنوشی.

11.02.2011

## مورسی وشەهوەتی دیکتاتۆریەت

هەرجارەی بابەتێک دەنوسم لەسەر هەر باسێکی پەیوەست بە ئیخوان، هەستێکی ناخۆش دامدەگرێت، چونکە سەرەڕای هەموو کەموکورتیەکانی ئیخوان کە زۆرن، بەڵام لە بەراوردا لەگەڵ هێزە توندوتیژە سەلەفیەکانی تر بە حەوت ئاوان شۆردراونەتەوە. ئەوە بەو مانایە نایەت کە رۆژێک لەڕۆژان جێگای ئاوات بن لە روانگەی تایبەتیم دا، بەڵام وەک سوکترین شەڕ [اخف الشرین ] یان [اخف الضررين] دەیان بینم ڕای من دەرباری ئەوان ئەویە کە: "لەوەتی من ئیخوان دەناسم سەرەڕای چەند لایەنێکی ئیجابی کەم، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلویستێکی جوامێرانە ولەخۆ بوردوانە وئیسارم [إيثار] لێیان نەدیوە..هێزێکن تا بینەقاقایان خۆپەرست وهەل پەرست وبەرژەوەند خوازن لەسەر حیسابی هەموو پرنسیپێک هەتا جاروبار ئاییینیش، ڕۆژێک نەمدیتن لە هەڵوێستێکدا ناوازە بن، داهێنەر بن، نایاب کار بن، بەڵکو وەکو حەربا لەسەر سەحنەی هەر شوێنێک بن ڕەنگی ئەویٚ دەگرن.

ئەوەتە لەجیاتی پێشکەش کردنی نمونەیەکی باڵا لە سەماحەت وعەدالەتی ئیسلام ولە ئامێزکردنی هەموو هێزەکانی سەر گۆڕەپانەکە ورەواندنەوەی ترس ودڵەڕاوکێیان، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو ترس ونیگەرانیانە دەسەلمێنن وزیاتری دەکەن، بەو هەنگاوە دیکتاتۆریانە وتاکڕەویانەی سەرۆک مورسی کە خەریکە گڕ لە سەرتاسەری میسر بەردەدات.

ناوی چی لە هێزیک دەنێیت کە شەو وڕۆژ بانگەشەی بەهای ڕەوشتی وئاینی دەکات کەچی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پەیمان وبەڵێنی دەشکێنێت وزۆر پراگماتیانە ومیکیاڤیلیانە قسەکانیان وکارەکانیان دەگۆڕن؟! لەسەرەتادا پاش ئەوەی شۆڕشی میسر لەسەر دەستی لاوە شۆڕشگێرەکانی دەرەوەی بازنەی زیهنیەتی خۆپارێزی ئیخوان هەڵگیرسا پاش ماوەیەک لە دوو دڵی وترس ولەرز هاتنە ناو شۆڕشەکە، بەڵام هەر لە پاش سەرکەوتنی شۆڕش هێشتا خەڵک خەریکی خۆشی ڕوخاندنی موبارەک بوون، کەچی ئەوان لەبەر ئەوەی هێزێکی ڕێکخراو بوون بە پێچەوانەی لاوانی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی میسری، خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو بۆ چنینەوەی بەرهەمی شۆڕشی میسر...

" گوتیان نایانەوێ گۆڕەپانی سیاسی قۆرخ بکەن بەڵام چونکە ئەوان تەنها هێزێکی ڕێکخراو بوون لەسەردەمی حەسەن بەنناوە هەر خەریکی پەروەردە و پەروەردە وپاشان پەروەردە بوون، بۆیە زیاتر لە هێزەکانی تر دەنگیان هێنا، پاش پەرلەمان سەرۆکایەتیشیان قۆرخ کرد، هەرچەندە گوتیان ئەگەر زۆربەی پەرلەمان بێنن واز لە سەرۆکایەتی دەهێنن .زۆربەیان هێنا لەگەڵ هێزە سەلەفیەکان پەرلەمانیان کردە

شوێنی تاوتوێکردنی مەسەلەگەلێکی هامیشی، تا ئەو ڕادەیەی خەڵکەکە لێیان نائومێد بوون کە دیتیان جیاوازی ناکەن لە نێوان ئەرکی مزگەوت وئەرکی پەرلەمان، وئەنجامەکەشی لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی بە ڕوونی دیار کەوت کە کاندیدی ئیخوان مورسی تەنها ٢٥% دەنگەکانی هێنا بە ئیخوان ونا ئیخوانەوە. گریمان ئەو ڕێژەیە هەمووی ئیخوانن، کەوابوو تەنها ٢٥% میسر ئیخوانن!. ئیخوان مورسی وەک کاندیدێکی ئیحتیاتی ئیخوان هێنایە پێشەوە، پاش دەرکردنی کاندیدی سەرەکیان خەیرەت شاتر، چونکە فەرق نیە لە نێوان خەیرەت شاتر ومحەمەد مورسی ئەگەر ئیخوانیەکان بە پێی پرەنسیپی سەمع وتاعە وگوێڕایەڵی ڕەها دەنگ بە هەر کەسێک بدەن بە ئەوامری مەرکەزی جەماعەت.

زۆربەی گەلی میسر دوچاری تەنگژەیەکی گەورە هاتن لە نێوان دەنگدان بە کاندیدی ژەنەڕاڵەکان ئەحمەد شەفیق یان دەنگدان بە هێزێکی هەلپەرستی، بێ هەستی، یەکاخورەی وەک ئیخوان کە دەیەوێت هەموو هێزەکان لە دەستی خۆیدا کۆکاتەوە. زۆربەی هێزە شۆڕشگێڕەکانیش سەرەڕای تاڵاو نۆشینیان بە دەستی ئیخوان وبێ پەیمانی ئیخوان هەرچەندە زۆر داوایان کرد مورسی بکێشێتەوە بۆ کاندیدێکی شۆڕش، بەڵام ئیخوان درکی بە ترسناکی ئەو ساتە هەستیارە نەکرد بەردەوام بوو تا خەڵکی نا ئیخوان وشۆڕشگێڕی میسری ناچار کرد بە دەنگ دان بە مورسی لە ترسی گەرانەوە وبەرهەمهێنانەوەی ڕژێمی موبارەک. کە لە خولی یەکەم تەنها ٢٥% دەنگەکانی هێنا، وبە هەزار دەردەسەری لە خولی دوبارە کردنەوەدا مورسی ٥٢% هێنا.

ئێستاش لە جیاتی پاداشت دانەوەی خەڵک لە بری دەنگدان بە مورسی، ئیخوان ومورسی پاڵدەنێن بەرەو تاکرەوی ودیکتاتۆریەتیکی ئایینی بەبێ ڕەچاوکردنی فرەیی شەقامی میسری. هێشتا تەنگژەی جاڕی دەستوری چارەسەر نەکردبوو، کەچی کێشەیەکی لەو گەورەتری هێنایە پێشەوە ئەویش خێرا نوسینەوەی دەستور بوو ودیارکردنی ١٥ دیسەمبەر بۆ دەنگ لەسەر دانی!!! ئینگلیز دەڵێ: ئیزی کەم ئیزی گۆ [بە ئاسان هاتوو بە ئاسانیش دەڕوات] ڕاستە ئیخوان بە ئاسانی دەستی بەسەر حوکمی میسر داگرت، بەڵام ئەگەر لەو زهنیەتە خۆپەرستە وفیئەویەتە دەرنەچێت وخۆی نەگۆڕێت هەر بەو ئاسانیەش دەڕوات، تازە ئەو میللەتە مەیدانی تەحریری دیتوە وتامی ئازادی تێیدا کردوە، ئاسان نییە بۆ ئیخوان ولە ئیخوانیش بە تواناتر دەستەمۆیان بکات.

٢٠١٢/١٢/٦

## خەریکە خۆپەرستی ئیخوان شۆڕشی میسر دەفەوتێنێ

لەوەتی من ئیخوان دەناسم سەرەڕای چەند لایەنێکی ئیجابی کەم، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵویستێکی جوامێرانە ولەخۆ بوردوانە وئیسارم [إیثار] لێیان نەدیوە..هێزێکن تا بینەقاقایان خۆپەرست وهەلپەرست وبەرژەوەند خوازن لەسەر حیسابی هەموو پرنسیپێک هەتا جاروبار ئاییینیش، ڕۆژێک نەمدیتن لە هەڵویستێکدا ناوازە بن، داهێنەر بن، نایاب کار بن، بەڵکو وەکو حەربا لەسەر سەحنەی هەر شوێنێک بن ڕەنگی ئەوێ دەگرن. ئەگەربازاڕی دواکەتووی گەرم بێت، دەهۆڵی دواکەوتوویی دەکوتن، ئەگەر بازاڕی پێشکەوتن خوازی بە برەو بێت، ئەوانیش سرودی پێشکەوتنخوازی دەچڕن! نمونە زۆرن دەکرێت ئاماژە بە زۆریان بکەین بەڵام دەرفەتی هەمویمان نییە.

سەبارەت بە کوردستان کە یەکگرتوو بوو بە حزب هەمان سیما وڕوخساری حزبایەتی کوردستانی گرت، وبە شایەدی خۆشیان نەیانتوانی بە ١٨ ساڵ چارەگی ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان کردی  بە ساڵێک بیکەن. هەتا ئەو هەڵویستەی ئەمینداری یەکگرتوو لە خۆ کاندید نەکردنەوەی بۆ پۆستەکەی، کە زیادەڕەوی کرا لە وەسفکردنی بە زەماوەندی دیموکراسی، بەڕای زۆربەی چاودێران کۆتایی هات بە هەڵبژاردنێکی ئاڕاستەکراو لەلایەن خودی ئەمیندار وهەڵبژاردنی کەسێکی ناکاریگەر ودۆست وخزمی خودی ئەمیندار کە لە بەرەی موحافیزکارەکانە، بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵبژاردنی کەسێک کە لەکاتە سەختەکان دەنگی ناڕەزایی هەقیقی هەڵبڕی لە دژی هەڵبژاردنەوەی ئەمیندار وکێشەگەلێکی تریش، لەوانەش هادی عەلی بەرپرسی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە لە شەشەمین کۆنگرەی حیزبەکەیدا یەکێکبوو لە پاڵێوراوانی پۆستی ئەمینداری، بەڵام نەیتوانی دەنگی پێویست بێنێ.

دیارە ڕاپۆرتەکەی ئەمینداریش وشەی نهێنی بوو بۆ ئەندامەکان تا دەنگ نەدەن بە هادی عەلی کاتێک وەک شکست باسی کۆنفرانسی ٢٠١٠ی کرد، وەک هادی عەلی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕوداو ٢٠١٢/٥/١٠ دەڵێت:"من لە کۆنفرانسی ٢٠١٠ کۆمەڵێک پێشنیازم پێشکەشکرد، ئەویش ئەوەبوو یەکگرتوو لەم حاڵەتە نەهامەتییەی کە هەیە لە حیزبایەتی کوردستان دەربچێ‌و پۆستەکان هەموو خولیان بۆ دابنرێ‌و ئەمینداری گشتی ئامادەیی هەبێ خۆی کاندید نەکات‌و هەندێ گۆڕانکاری لە هەیکەلییەتی حیزبدا بکرێ "

سەبارەت بە خۆ کاندید کردنیشی دەڵێت تەحەفوزی هەبوو ئەگەر کەسانێک لەناو سەرکردایەتی داوایان لێنەکردایە هەرگیز ئەوکارەی نەدەکرد: "کاتێک کۆنگرەی شەشەم نزیکبووەوە، مامۆستا سەلاحەدین ڕایگەیاند کە خۆی کاندید ناکاتەوە، ئەوە هاتە کایەوە کە کێ خۆی کاندید دەکات‌و کێ خۆی کاندید ناکات‌و کێ دەگرێتەوەو بەو ئاراستەیە ڕۆیشت کە منیش مافی ئەوەم هەبوو خۆم بپاڵێوم، خۆم هەندێ تەحەفوزم هەبوو

کە ڕەنگە بۆ من واباشبێ بیر لەو مەسەلەیە نەکەمەوە ".لە قسەکانی دیارە شارەزایە بە شێوازی تەعبئەو وئاڕاستەکردن لەناو حزبێکدا تاعەت وگوێڕایەڵی ڕەها بەندی یەکەمی ئەندام بوونە.

لە کوێتیش خەڵکی دواکەوتوی ئەوێ دژی دەنگدان‌و خۆکاندید کردنی ئافرەتان بوون بۆ ساڵانێکی زۆر، ئیخوان خراپتر لە هێزە دواکەوتوو وعەشایرەکانی کوێت دژایەتی ئافرەتانیان دەکرد، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە نەوێران بە بەیانامەیەکیش پشتگیری ئافرەتان بکەن، بڵێن ئەو کارە لە ئیسلامدا نییە. لە سعودیە نقەیان نییە گوایە ڕژمێکی ئیسلامیە لەوێش سەرەڕای ئەو هەموو سوکایەتیەی بەناوی ئیسلام بە خەڵک دەکرێت تاڕادەی قەدەغەکردنی ئافرەتان لە لێخوڕینی سەیارە، کەچی ڕۆژێک ئیدانەی ئەو عەقڵیەتە بۆگەنەی نەکرد کە ئەو جۆرە فەتوایەی لێوە دەرچوە. بەڵام لە میسر کە خەڵکەکەی ڕۆشنبیرترن لە خەلیج وئافرەتانی چاوکراوەترن وقبوڵی ئەو سوکایەتیانە ناکەن ئیخوان ڕەنگی ئەوییان گرتوە ڕێگا بەئافرەت دەدەن بۆ دەنگدان‌و کاندید کردن وهەتا بونە سەرۆکی وڵاتیش ومەسیحیەکیش دەکەن بە جێگری سەرۆکی حزب!

نمونە زۆرن، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە باسکردنی چۆنیەتی ڕفاندنی ئەو شۆڕشە مەزنەی میسرە کە لەسەر شانی لاوانی میسر بەرپاکرا، ئەگەر خەڵکی میسر بەتەمای ئیخوان بونایە تاڕۆژی قیامەتیش توانای بەدیهێنانی شۆڕشێکی وا مەزنیان نەبوو، هەر خەریکی تەنازولات ومواداهەنات بوون لەگەڵ ڕژێمی موبارەکدا، شۆڕش دەستیشی پێکرد بوو کەچی ئەوان زاتی ئەوەیان نەبوو واژۆ بکەن لەسەر بەیانامەیەک داوای ڕوخان ولادانی ڕژێمی موبارەکی دەکرد، هەموو نوێنەرانی بەشداربووی شۆڕشی میسر ئەو هەقیقەتە دەزانن‌و دەزانن چۆن پاش ترس شکاندنی لاوەکان ئەو کاتە هاتنە ناو شۆڕشەکە.

هەر لەسەرەتای ڕوخانی ڕژێمی موبارەک گوتیان نایانەوێ گۆڕەپانی سیاسی قۆرخ کەن، چونکە ئەوان تەنها هێزێکی ڕێکخراو بوون لەسەردەمی حەسەن بەنناوە هەر خەریکی پەروەردە ئینجا پەروەردە ئینجا پەروەردە بوون، بۆیە تەوقوع دەکرا چاکتر لە هێزەکانی تر دەنگ بێنن. گوتیان ئەگەر زۆربەی پەرلەمان بێنن واز لە سەرۆکایەتی دەهێنن. زۆربەیان هێنا لەگەڵ هێزە سەلەفیەکان پەرلەمانیان کردە حەڵقەی زیکرو بانگدان‌و تاوتوێکردنی مەسەلەگەلێکی هامیشی، تا ئەو ڕادەیەی خەڵکەکە لێیان نائومێد بوون کە دیتیان جیاوازی ناکەن لە نێوان ئەرکی مزگەوت‌و ئەرکی پەرلەمان، وئەنجامەکەشی لەو هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی بە ڕوونی دیار کەوت.

سەرەڕای ئەوەش هێندەی نەبرد کورسی لەلایان شیرین بوو، پەشیمان بونەوە بۆ سەرۆکایەتی، لەجیاتی ڕاکێشانی هێزە شۆڕشگێڕەکان بە هەڵبژاردنی یەکێک لەوان بۆ ڕێگرتن لە پیاوانی ڕژێمی پێشوو، هاتن بەو پەڕی خۆپەرستی وئەنانیەتەوە ئەندازیار خەیرەت شاتر یان هەڵبژارد، بێ گوێدانە ترس ودڵەڕاوکێی

هێزەکانی گۆڕەپانەکە، هەموو چڕنوکو کەڵبەی شەهیەتی قۆرخکردنی دەسەلاتیان خستە ڕوو. عەسکەرەکانیش زۆر زیرەکانە توانیان یاری بکەن لەسەر کار وڕەفتاری ناشیانە ونا سیاسیانەی ئیخوان.

دەنگی بەرەی لەگەڵ شۆڕش پەرت وبڵاو بوەوە، عەسکەرەکانی ڕۆڵەو وخەلیفەکانی ڕژێمی موبارەک ئەحمەد شەفیقی ژەنەڕاڵیان کاندید کردو هەموو هەوڵە درەنگ وەختەکانی ئیخوانیان پوچ کردەوە بە یاسایەک کە ئیخوان وەک نامەی مەرگی خۆی دەنگی لەسەر دابوو وەک چەکێکی کوشندە دایە دەستی عەسکەرەکان کە ترسناکترینیان مادەی ٢٨ لە یاسای جاڕی دەستوری بوو کە دەڵێت بڕیارەکانی لیژنەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مافی ناڕەزایەتیو تێهەڵچونەوەیان لەسەر نیە وەک دەقێکی پیرۆز وایە، کە هەر بەو چەکە کاندیدی سەرەکی ئیخوانیان دەرکردە دەرەوە، وهەر بەو شێوەیەش ئەحمەد شەفیقی عەسکەرەکانیان پاراست.

لەو هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی خەڵکو هێزە شۆڕشگێڕەکان توانیان قەڵای لەخۆبایی بوونی ئیخوان بخەنە لەرزە وهێزی هەقیقی خۆیانیان نیشاندەن کە بە دەنگی ئیخوان ونا ئیخوانەوە نزیکەی لە سەدا ٢٥ بوون، وایاندەزانی وەک هەڵبژاردنەکەی پێشوو زۆربەی دەنگەکان دەهێنن کە بەوەهمی خۆیان هەمووی دەنگی بنکەکانی خۆیان بوون.

سەیر لەوەدایە کەسێکی ڕۆشنفیکری وەک عبد المنعم ابو الفتوح یان دەرکرد لە ڕیزەکانیان پاش خزمەتی نزیکەی چل ساڵ بەس چونکە گوتی وەک سەربەخۆیەک خۆی کاندید دەکات لە هەڵژاردنی سەرۆکایەتی، کەچی هێندەی نەبرد خۆشیان هاتنە ناو کێشمە کێشمەکەوە وبەبێ دانانی کەمترین ریز وئیعتبار بۆ پەیمانەکەیان لە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی. ئێستاش لەوە دەچێت کاندیدی ژەنەڕاڵەکان ئەحمەد شەفیقو کاندیدی ئیخوانەکان محەمەد مرسی بەڕێژەیەکی نزیک لەیەکدا دەچنە خولی دوەمی هەڵبژاردنەکە زۆربەی دەنگی بەرەی دژە موبارەک کە درا بە حەمدین صباحیو عبد المنعم ابو الفتوح کە زیاتر لە ٤٥% دەنگەکانە بە هەدەر چوو، ئێستا بارەکە زۆر ترسناکە ژەنەڕاڵەکانی ئەنجومەنی عەسکەری دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت ڕژێمی موبارەک بەرهەم بهێننەوە ولەو پێناوەش زۆریان کرد تا شەفیقیان گەیاندە ئەو قۆناغە.

زۆربەی گەلی میسر دوچاری تەنگژەیەکی گەورە هاتوون لە نێوان دەنگدان بە هێزێکی هەلپەرستی، بێ هەستی، یەکاخوڕەی وەک ئیخوان کە دەیەوێت هەموو هێزەکان لە دەستی خۆیدا کۆکاتەوە، ولە نێوان کاندیدی ژەنەڕاڵەکان ئەحمەد شەفیق؟! زۆربەی هێزە شۆڕشگێڕەکانیش لە ئێستاوە دەڵێن دەنگ نادەنە کاندیدی ئیخوان، بەڵکو داوای کشانەوەی دەکەن لەبەرژەوەندی حمدین صباحی کە دیارترین نوێنەری شۆڕشگێڕانە. لەوە ناچێت ئیخوان درک بە ترسناکی ئەو ساتە هەستیارە بکەن وهەنگاوێکی وا بنێن، چونکە لە باڵەخانەیەک کەسێکی عیناد وسەرەڕۆ ئاگری لە فلاتێک بەردا، هەموو خەڵکی ناو باڵەخانەکە ناچار دەکات ئاگری دەستی ئەو بکوژێننەوە، هەرچەندە ڕقیان لەویش بێت وچارەیان نەوێت.

# ئیخوانی میسر بەرەو کوێ؟!

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی میسری لە دژی موبارەک هەر زوو هەستم بە خاوە خاو لێکردنی ئیخوان کرد، و تا دەستیان پێکرد، بوونە شوێنکەوتووی جەماوەر لە جیاتی ببنە پێشەنگیان، کە هاتنە ناو سیاسەتی ڕۆژانە بە عەقڵیەتێکی ساویلکەی بێ ئەزموون هاتن، دیتمانن چۆن ئەو خەڵک وجەماوەرە لە خۆیان دەتۆرێنن وپەیمان شکینیان و درۆیان لەگەڵ دەکەن، ولە بەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوە زانیمان ڕووخانیان بۆتە حەتمی، ولەو ماوەیەدا چەندین وتاری ڕەخنەئامێزامان نووسی دەربارەی ئەو نیگەرانیانەمان.

سەرانی ئیخوانی میسر گوێ ناگرن لە دەنگە دڵسۆزەکانی خەڵکانی سەربەخۆ، یان هەتا چاو لەو ئەزموونانەش ناکەن کە پیش ئەزموونی ئەوان کەوتبووبۆ سوود وەرگرتن لە خاڵە پۆزەتیڤەکان و خۆلادان لە نێگەتیڤەکان. قیادەی ئیخوان و سیاسەتەکانیان هەر لە سەرەتاوە پەشۆکاو و هەڕەمەکی و یاخی ومنداڵکارانە بوو، ئەزموونی ئیخوان لە میسر لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی میسر و لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشدا، سەرکردایەتی دووچاری پەشۆکانێکی گەورە و دوو دڵیەکی قووڵ هاتبوون، بەشێک لە سەرکردایەتی داوای بەشداری کردنی دەکرد لە شۆڕش، بەشێکی تر داوای چاوەڕوانی و چاودێری دەکرد، ئەوە لە کاتێکدا تێکڕای گەلی میسر دابەزیبوو بۆ سەر شەقامەکان لە دەست ستەمکاران، خەڵک لە میدیاوە دەیزانی سەرکەوتنی گەلی میسر حەتمیە کەچی ئەوان لە جیاتی پشتگرتنی گەل، خەریکی گفتوگۆ ودانوستان بوون لەگەڵ رژێمدا، لەسەر مانەوەی ڕژێم!!

ڕژیم روخا بەرامبەر خۆڕاگری گەلی میسر، هەرچەندە هەموو حزبەکان، لە سەرووی هەموویانەوە ئیخوان سازشیان لەگەڵ ڕژێم دەکرد لەسەر گۆڕانکاری  توێکڵی نەک جەوهەر وکاکڵی. ئینجا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل دەستی پێکرد لە مانگی ١١ی ٢٠١١، لە ساتی یەکەمدا ئیخوان گووتیان لەو قۆناغەدا تەنها مونافەسە لەسەر دەنگەکانی ئەنجومەن دەکەن، و ئەوان هەرگیز بیر لە مونافەسە لەسەر سەرۆکایەتی دەوڵەت ناکەنەوە، دوایی گووتیان ئێمە نامانەوێ زۆربەی ئەنجوومەنی گەلیش بەدەست بهێنین، بەڵکو بەشداری دەکەین لەگەڵ حزبەکانی تر لە ئەنجوومەندا بە ڕێژەیەکی ماقوڵ!

بەڵام بەداخەوە ئەوەی کردیان ڕێک پێچەوانەی قسە وپەیمانەکانیان بوو، هەڵبژاردن کرا وبەتەواوی دەستیان بەسەر ئەنجوومەن داگرت لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان [سەلەفیەکان] ئەنجوومەنیان داگیر کرد ولیژنەکانیان پێک هێنا بە بەپێی حەز و ویستی خۆیان، بۆ یەک ساتیش ڕەچاوی چین وتوێژەکانی تری گەلی میسریان نەکرد، کە شۆرشەکەیان کردبوو، بۆیە هاوڵاتی میسری زۆر هەستیان بە جیاوازی نەدەکرد لەگەل ڕژێمی پێشوودا.

بەڕاستی نزیک نەبوون لە ترپەی دڵی شەقام وهیچ شتێکیان نەهێنایە دی لەوەی گەلی میسر خەباتی بۆ کردبوو، خۆپەرستی خۆیان سەپاند وغرور وغەڕایی سەرتاپای داگیرکردبوون! دانیان بە کەمی ونەبوونی ئەزموونی خۆیان نەدەهینا لە هەڵسوڕاندنی دەوڵەتدا، دەیانتوانی سوود لە تواناکان وئەزموونی زۆری خەڵکتری نائیخوان وەرگرن، کە ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی ئەواندا دەشکایەوە. متمانەیان بە هیچ لایەنێک نەکرد و لە جەوی پیلان وموئامەرەدا دەژیان، چوبوونەوە ناو قاوغی خۆیان وخۆیان دابڕاندبوو وزۆر دوورکەوتبوونەوە لە خەڵک.

## لەخۆگۆڕان پاش سەرکەوتنی هەڵبژاردنی یەکەم

بە پێچەوانەی بەڵینەکانیان سەرەڕای ساویلکەیی و کۆڵەواریان بڕیاریان دا لە ژێر کاریگەری بوغڕابوون کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی میسر لە مانگی شەشی ٢٠١١ بەو هەنگاوە بڕیاری خێرایی کۆتایی خۆیان و ئەزموونەکەیان دا ونەیاندەزانی چەند لەسەریان دەکەوێت، هەتا قاعیدەی خۆشیان بەو بڕیارە رازی نەبوو چونکە کاتەکە لەبار نەبوو نە دەبوایە ریسکیان بە چارەنووسی خۆیان کردبا بە هەڵگرتنی هەموو بەرپرسیارەتەکە، چونکە بەرپرسیارەتیەکە گەورە بوو، کاندیدی خۆیان دیاری کرد ودەیان گووت هیندە دەنگ دەهێنیت هەر لە خولی یەکەمدا سەردەکەوێت، لە جیاتی پاڵپشتکردنی کەسێکی قاڵبووی ناو ئیخوانی تازە دەرکراو لە ڕیزەکانیان، وئاشتکردنەوەی وەک عبدالمنعم ابو الفتوح، یان هەتا پاڵپشتیکردنی حەمدین سەباحی لەو قۆناغەدا بەردەوام بوون لەسەر برەودان بە کاندیدکردنی خیرت الشاطر، دوایی کە خەیرەت ڕەتکرایەوە مورسی یان کاندید کرد، وایان دەزانی ٣٠ ملیۆن دەنگ دەهێنن بە ئاسانی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەل.

نەیاندەزانی لەو هەڵبژاردنە درۆیان لەگەل گەل و هێزە سیاسیەکانی تر کردوە، ئەوەبوو تووشی شۆکێکی گەورە هاتن کاتێ نەیانتوانی لە پێنج ملیۆن دەنگ زیاتر کۆبکەنەوە، ئەوەش بیگوومان جۆرێک بوو لە سزادانی شەقام وگەل دەنا ماقوڵ نیە کاندیدی رژێم بەقەد کاندیدی دوژمنی ڕژیم بهێنیت! بەڵام بەبێ گوێدان بە کەس بەردەوام بوون لەسەر هەڵبژاردنەکە و سەرکەوتنێکی شەرمنانەی لاوازیان بەدەست هێنا لە خولی دووەم لە هەمان مانگی ٦ ی ٢٠١٢ بەڵام بۆشایی نێوان خۆیان وگەل تادەهات زیاتر دەبوو، سەرۆکێکی ئیخوانی هاتە دەسەلات راستە دەست پاک وبی فیز و سەری بچووبا نوێژی بە جەماعەتی نەدەجوو، بەڵام کەڵکی سیاسەت و دەوڵەتداری نەبوو، زیاتر بە کەسایەتیە زاهیدەکانی ناو کتێبەکانی چیرۆکی زاهیدان دەچوو.

غرور و لە خۆبایی و تاکرەوی ئیخوان بەردەوام بوون لەسەر کارکردنیان لە سەرۆکایەتی وحکومەت بە کەسانێک کە هەموو گرنگیان بریتی بوو لە ئیخوانی بوون، کە هیچ ئەزموونێکیان نەبوو لە سیاسەت وهەڵسوڕاندنی دەوڵەت، وگەلیش تا دەهات بێزارتر دەبوو لێیان بێئەوەی سەرانی ئیخوانیش کەمترین بایەخیان پێ بدەن، چونکە بوغڕایی ئیخوانی کۆنترۆلی کردبوون گوێیان لەکەس نەگرت وهیچ پەندێکیان وەرنەدەگرت!!

ئەوە بوو ئیرادەی ناوخۆ لەگەڵ ئیرادەی دەرەوەی وڵاتانی دەوروبەر وەک ئیسرائیل وکەنداو وئیران وسوریا یەکیان گرت وپارەیەکی زۆر هەڵڕژێنرا بۆ زیاتر هاندانی خەڵک، چونکە درۆیە ئەگەر بڵێین چیرۆکەکە هەموو پیلانی دەرەکی بوو، سەرەنجام گەل دابەزی بۆ ناو سەقام بە ملیۆنەها لە ٣٠ یۆنیۆ، کودەتایەکی سەربازی بە پاڵپشتی جەماوەرێکی زۆری میسر ڕوویدا، ئەوە بوو خەونی هەشتا ساڵەی ئیخوان لە گۆڕنرا، وهەموو سەرکردەکانیان خرانە زیندانەوە، ودەیان هەزاریشیان لێ کوشتن. بەڕای من ڕزگاربوونی ئیخوان لەو چاڵەی تێی کەوتووە زۆر قورسە، چونکە لەبەرامبەر ستەمی دەسەڵاتی کودەتا گەنجیکی زۆریان دەگیرێن ودەکوژرێن ونازانن پەنا بۆ چی ببەن، نە دەسەڵاتی کودەتا ڕەحمیان پی دەکەن، نە ئیخوانیش ڕێگا چارەیەکیان نیشان دەدەن بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە، بۆیە دەڵێن گەنجێکی زۆری ئیخوان دەچنە ناو ڕێکخراوە دینیە توندرەوەکان، ئەوەش مەترسیە بۆ سەر خودی ئایندەی ئیخوان!

# ئەردۆگان لە ئەفریقیا یاری دەکات!

لەبەر بێ دەسەلاتی عەرەب و هیچ لەباریاندا، خەریکە ئەردۆگان دەبێتە ئەفسانەی وڵاتە عەرەبی و ئەفریقییە هەژارەکان!

سۆماڵ ئەوە دەیان ساڵە لە ناکۆکی و پاشاگەردانی دەژێت، عەرەب تەنها لێی دەروانن، هەرچەندە ئەو وڵاتە کە هەرچی بێت عەرەب نین، خۆشیان بە عەرەب لە قەڵەم داوە تا بەڵکو خێر وبێری عەرەبی بێ خێریان پێ دەگات!

بەڵام خێری عەرەب تەنها بۆ فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانە، کە زۆربەی لە ڕابواردن و سۆزانیەکانی پایتەختە خۆرئاواییەکانی خەرج دەکەن!

تورکیای ئەردۆگان ئێستا وەک زلهێزێکی ئیسلامی ڕەفتار دەکات، ئێستا خەریکی هەڵسانەوەی سۆماڵە، و لە کۆتایی ٢٠١٧ سەردانی سێ دەوڵەتی ئەفریقی کرد، تونس و چاد و سودان!

هەناردەی تورکیا بۆ ئەفریقیا لە نێوان ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٦ زیاتر لە ٦٥ ملیار دۆلار بووە، و قەبارەی بازرگانی زیاترە لە ٩٣ ملیار دۆلار، ولەو ماوەیە بە ڕێژەی ٢٠٠٪ زیادی کردوە!

ئەوەش بێ گومان لە تێڕوانینێکی ئابووری سیاسی تورکیەوە سەرچاوە دەگرێت! ئەردۆگان بە تەمایە ببێتە یاریکەرێکی سەرەکی لە ئەفریقیا، بۆ بەرژەوەندی خۆیی و تورکیا.

سەردانەکانی بۆ ئەفریقیا بە هاوەڵی سەدان بزنسمانی تورکی و کۆمپانیا تورکیەکان ئەنجام درا، سەدان گرێبەستی بازرگانی و هەتا سەربازیش واژۆ کرا! تورکیا دەیەوێت سودانیش ببوژێنێتەوە لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵی و سیاسیشدا!

سودان لە زۆربەی لوتکە عەرەبیەکان باسی توانایی پێدانی خۆراکی هەموو ئەفریقیا و وڵاتانی عەرەبی دەکرێت، بەڵام تا ئێستا دارێکیان بۆی نەخستۆتە سەر بەرد، چونکە عەرەب هەر زمان و دەنگن!

تورکیا لە یەکەم چوونی بۆ سودان، ٢٢ڕێککەوتنی بازرگانی و سیاسی و پیشەسازی واژۆ کرد !کۆمپانیا تورکیەکان یەک ملیۆن فەدان زەوی لە سودان وەرگرتوە بۆ چاندنی پەمۆ و دانەوێڵەی بەرهەمهێنانی ڕۆن!

یەک دوورگەی بە ناوی [سەواکن] پێشکەش ئەردۆگان کرد بۆ بوژاندنەوەی وەک شوێنی ئاسەواری عوسمانیەکان و دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی کە لەناو دەریای سوورە!

بەو کارانەش عەرەبی میسر و سعودیە و ئیماراتی وروژاندوە، کە هێندە بێ کەڵکن نە بە خۆیان هیچ بۆ سودان دەکەن، پێشیان ناخۆشە کەسیتر هیچیان بۆ بکات، ئەردۆگانیش تاکە براوەی ئەو یارییە ئەفریقیەیە، و هەرەشەیەکیشە بۆ هەژموونی ئیسرائیل لە ئەفریقیا.

بێگومان ئێرانیش قەڵسە بەو سەردان و پەیوەندییە، چونکە ئێرانیش سودانی بەکاردەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەرێتی !و ئەردۆگان بەو کارەی جێپێی ئێران لەق دەکات لەو وڵاتە!

خۆی نەریتێکی هاوبەش هەیە لە نێوان دکتاتۆرە دەوڵەمەندەکان، ئەوەش ئەوەیە کاتێ بەهێز دەبن لە ناوەوە، پەل بۆ دەرەوە داوێن، بۆ خۆ تەسویق کردن لەسەر ئاستی جیهانی. سەدام دەوڵەتی ئەفریقی نەما پارەی بۆ نەنێرێ، قەزافی خۆی بە زۆر کردبوە شاهەنشاهی ئەفریقیا !

ئەردۆگان لە سەدام و قەزافی باشتر یاریەکە دەکات، لەلایەک خۆی دەکاتە پاڵەوانیک لە ئەفریقیا، ولەلایەکی تر وەک سەدام و قەزافی هەر پارەی وشکە نابەشێتەوە، بەڵکو وەبەرهێنان دەکات بە ملیارەها دۆلار، کە خێری وڵاتەکەی خۆی بە پلە یەک تێدایە، وئینجا خێری وڵاتە ئەفریقاییەکە!

مافیاکانی کوردیش لەبەر دزی و گزی نەیانتوانی ئەو قەوارۆکەش بپارێزن، ئەو قەوارۆکە کە بە قەد سێ یەکی دانیشتوانی ئیستانبۆل خەڵکی تێدایە، نەیانتوانی خزمەتگوزاری و ژیانێکی کەرامەتئامێزی بۆ دابین بکەن، لە جیاتی وەک ئەردۆگانی خەریکی دەوڵەمەندکردنی تورک و تورکیایە، و ئەوانیش کورد و کوردستان دەوڵەمەند کەن، بەو هەموو سەروەت وسامان و ئاو و خاکە، نەک ئەوەیان نەکرد، بەڵکو خەڵکی کوردستانیان لە خەڵکی سودان برسیتر کردوە، ئەو بێ کەڵکانە!

٢٠١٨/١/٢

# بەشی چوارەم

## ئیسلامی سیاسی و ئیحراجیەکانی


- ئەگەر دینی خوایە بۆچی ئیحراج دەبن؟! ........................................................................ 131
- بۆ بانگەوازە دینیەکانی پێش ئیسلام بە جیهاد نەگەیشتن؟! ..................................................... 135
- هەر لە بەرەبەیاندا ریزیان بەستوە بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ! .................................... 138
- ترس لە دەستبڕین هەر لای دز نییە! ........................................................................... 139
- ڕاکردنی زانایانی ئەزهەر لە وەڵامی ما ملکت ایمانکم!! ........................................................ 141
- ئایە جنۆکە بەس دەچێتە لەشی فەقیرحاڵ و موغەفەلەکان .................................................... 144
- ورچەکەی سودان وبە غەوغاکردنی سیاسی ........................................................................ 148
- خودا وڵات بە شیرک و کوفر کاوڵ ناکات گەر خەڵکەکەی چاکەکار بن! ............................. 150

## ئەگەر دینی خوایە بۆچی ئیحراج دەبن؟!

کێ هەیە لە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیحراج بوونی زانایانی دینی ئیسلامی و خەڵکی ئاسایی دینداری نەبینیبێت کاتێ بەروەڕووی پرسیارگەلێکی ئیحراجکەر دەبنەوە؟! کێ هەیە شپرزەیی و تورەبوونی ئەو شێخ و مەشایخانەی نەدیتبێت، کە لە جیاتی وەڵامێکی روون و ئاشکرا پەنا دەبەنە بەر هەڕەشە و جوێن و وروژاندنی دیندارە عاتیفی و نەزانەکان؟!

بابەتەکانی ئیحراجکەریش زۆرن لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ! لە سەردەمی کۆن ئیحراجیەکان کەمتر بوونە، بە پێی سەردەم و پێگەیشتنی عەقڵی پرسیارگەلی ئیحراجیش کەم بوون..

لەو سەردەمە کەس پرسیاری لە مەشروعیەتی ڕەجمکردنی زیناکەر و بڕینی دەستی دزیکەر، و بە کۆیلەکردنی مرۆڤی نێر ومێ نەدەکردەوە، چونکە سەردەمەکە گونجاو بوو لەگەڵ بوونی ئەو حوکمانەدا.

بەڵام هێشتا ئەو سەردەمەش خالی نەبوو لە شتی ئیحراجکەر، بۆ نمونە کاتێ وەکیعی کوڕی جەراح، کە بە ئیمامی سونە بوو و ئیمام ئەحمەد دەڵێت: ئیمامی موسڵمانانی کاتی خۆی بوو، و ابن معين دەڵێت: وەکیع ئەوزاعی زەمانی خۆی بوو ، الذهبي لە سير الاعلام دەربارەی دەڵێت: " وكان من بحور العلم وأئمة الحفظ . " ئەو زەریایەکی زانست و ئیمامێکی حافز بوو لە حەدیس، مامۆستای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و شافیعی و اسحاق بن راهويه و عبدالله بن المبارك و وعلى المديني بوو.

ئەو وەکیعە لە ئیسماعیلی کوڕی ئەبو خالید لە البهي یەوە لە ساڵی ١٨٥ هیجری لە مەککە حەدیسێکی گێرایەوە کە پاش وەفاتی پێغەمبەر ولەبەر نەناشتنی بۆ شەو و ڕۆژێک، جەستەی ئاوسابوو وپەنجەکانی چەمابوونەوە، قورەیش هەستیان بە ئیحراجیەکی زۆر کرد و سێدارەیان ئامادەکرد بۆ لە سێدارەدانی وکیع، ئەگەر سفيان بن عيينة نەبوایە کە بەرگری لێکرد وگووتی: الله، الله ئەوە فەقیهی خەڵکی عێراق و کوڕی فەقیهی عێراقیشە، دەنا دەیان کوشت!

لە مەککەش عبد المجيد بـْن عـَبـْد العزيز ابـْن أَبـِي رواد فەتوای کوشتنی دەرکرد، گووتی ئەوە دڵی پڕی بوغزە لە پێغەمبەر! تاوانی گێرانەوەی حەدیسێک بوو کە لەگەڵ وێنەی ئیمانی عاتیفی موسڵمانانی ئەو کاتە زوەش نەدەگونجا و هەستیان بە ئیحراجی کرد، چۆن دەبێت جەستەی پێغەمبەریش پاش مردن بئاوسێ وەک مرۆڤی تر؟ !وەکیع دەڵێت: بۆیە خوا لاشەی پیغەمبەری وا لێکرد، چونکە هەندێک لە ئەسحابەکان دەیان گووت نامرێت، خوا حەزی کرد ئایەتی مەرگیان نیشان بدات، لەوانەش عومەری کوڕی خەتاب! کە سکاڵای لێدەکەن لای هارون ڕەشید، ئەویش پرسیار لە سفيان دەکات ئایە موستەهەقی کوشتنە؟

سفیان دەڵێت: نەخێر کوشتنی لەسەر نییە، حەدیسێکی گوێ لیبوە و گێڕاویەتیەوە، مەدینە شارێکی زۆر گەرمە، پیغمبەر د.خ دووشەممە مرد، لاشەکەی مایەوە تا شەوی چوارشەم...لەبەر ئەوە لاشەی گۆڕانی بەسەرداهاتوە! یانی سوفیانیش باوەڕی بە ڕوداوەکە بوە.

**حَدَّثنا وَكِيعٌ ، عَنْ إِسْمَاعِيلَ ابْنِ أَبِي خَالِدٍ ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ الْبَهِيِّ : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمَّا مَاتَ لَمْ يُدْفَنْ ، حَتَّى رَبَا بَطْنُهُ وَانْثَنَتْ خَنْصَرَاهُ ، قَالَ قتيبة : حدث بهذا الحديث وكيع ، وهو بمكة ، وكانت سنة حج فيها الرشيد ، فقدموه إليه ، فدعا الرشيد سفيان بْن عيينة ، وعبد المجيد بْن عَبْد العزيز ابْن أَبِي رواد ، فأما عَبْد المجيد ، فقال : يجب أن يقتل هذا ، فإنه لم يرو هذا إلا وفي قلبه غش للنبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فسأل الرشيد سفيان بْن عيينة ، فقال : لا يجب عليه القتل ، رجل سمع حديثا فرواه ، لا يجب عليه القتل ، إن المدينة أرض شديدة الحر ، توفي النَّبِيّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يوم الاثنين ، فترك إلى ليلة الأربعاء " لأن القوم كانوا في صلاح أمر أمة مُحَمَّد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، واختلفت قريش والأنصار ، فمن ذلك تغير.**

**تاریخ دمشق ابن عساکر**

ئەو حەدیسە لە زۆر سەرچاوە ی ئیسلامیدا هاتووە، دوایی هەر لەبەر ئەو ئیحراجیە، موحەدیسەکان تێی کەوتن بە تەزعیف کردنی و دیتنەوەی دەیان عیللەت تێیدا!

لە سەردەمی نوێدا پاش ئەوەی مرۆڤایەتی گەشەیەکی زانستی و فیکری وعەقڵی زۆر گەورە و بێ شوماری بە خۆیەوە دیت، ڕوبەری پرس و پرسیارە ئیحراجەکان فراوانتر بوون، رووبەری تەساموح و زانیاری دینی شێخ ومەشایخەکانیش هەر وەک بەر لە هەزار ساڵ مایەوە بۆیە، کاتێ ڕوو بە ڕووی پرسیارێکی موحریج دەکرێنەوە، نازانن وەک مرۆڤێکی ئاسایی بابەتیانە وەڵامی دەنەوە.

لە جیاتی ئەوەی چارەسەری گونجاو و ئالیات و میکانیزمی نوێ بۆ ئەو کێشە نوێیانە ببیننەوە، پەنا دەبەنە بەر جوێن وهاوارکردن و جەماوەری عاتیفی وروژاندن، ودابەزاندنی عەزاب و خەشمی خوایی. دەربارەی بابەتێکی وەک کۆیلایەتی و [ما ملکت ایمانکم] بۆ نمونە بە چەندین شێوە گوزارش لەو ئیحراج بوونە دەکرێت لەلایەن شێخ ومەشایخی ئیسلام، و دیندارانی ئاسایی.

لە ڤیدیۆیەکی بەسمە وەهبە دەربارەی [ما ملکت ایمانکم!!] پێشکەشکاری بەرنامەکە بەسمە وەهبە بابەتەکەی تایبەت کردبوو بە کۆیلایەتی و کەنیزە لە ئیسلامدا، هەر لە سەرەتاوە دەپرسێت ئەو بابەتە چۆنە، ئیسلام تاوانبار دەکرێت بە هاندانی کۆیلایەتی و ئەسحابەکان خەریکی کەنیزە ورابواردنی سێکسی بوون لە گەڵیان، ئێوە دەڵێن چی؟! شێخ موبارەک بە تورەیی دەڵێت ئینشاڵلا خوا تەمەنمان دەداتێ ئەو ڕۆژە دەبینین موسڵمان یەک ژن و پێنج، شەش، حەوت، هەشت ، نۆ کەنیزەی دەبێت!

شێخ جەمال قوتب گوایە زانایەکی ئەزهەرییە هەر لە سەرەتاوە نارازییە لە باسکردنی بابەتەکە ودەڵێت: ئەوە بابەتی باس کردن نییە؟! و بابەتی وەڵامدانەوە نییە؟! تانەدانە لە پێغەبەر،دوایی بە بیانووی کەمی کات دەڵێت ناکرێت لە یەک ئەڵقە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە! پێشکەشکاری بەرنامەکە دەڵێت: ٩٠% لە ڕۆڵەی موسڵمانان بە منیشەوە لە هۆکاری حەڵالکردنی کەنیزە تێناگەین، وناشتوانین هەرسی کەین بە راشکاوانە پێت بڵێم! شێخ جەمال قوتب ئیحراج بوونی دەگاتە لوتکە و دەڵێت: هیچ پێویست ناکات تێبگەن و هەرسی کەن[7]!

هەتا شێخ محمد رمضان البوطي، کە لەناو شێخانی دین، لوتکەیەکە لە عەقڵانیەت و میانڕەوی، کە زنجیرەی [ما ملكت ايمانكم] دەرکەوت لە تەلەفزیۆن، گووتی: پەتایەکی ترسناکی بینی سەبارەت بەو زنجیرەیە لە ئاسماندا دابەزی، وەک پنتی شیرپەنجەی پیس و قێزەون، ئاژەڵێکی زۆری لێ جیادەبوەوە باڵەفڕکییان دەکرد و بەخێرایی بڵاودەبونەوە لەسەر دیمەشق، من زانیم میکرۆبی پەتایەکی ترسناکن لە وڵات بڵاودەبنەوە!"

من خۆم زنجیرەکەم دیت، تەنها ڕۆژمێری جیهادیەکی تیرۆرست بوو، نازانم بوتی، بۆ وەک کاهینێکی سەردەمی عەقلیەتی منالکارانەی ئادەمیزاد خەڵکی دەترساند پێی؟! یانی خوا ڕازیە پەنجا ساڵ دیکتاتۆریەتی ئەسەد خەڵک داپلۆسێت، بەڵام لەبەر دەستەواژەی ماملکت ایمانکم عەزابی گەورەی خۆی ڕەواندەکاتە سەر خەڵک؟! ئەوە چ وێنەیەکی خۆپەرستانەی دزێوە بۆ خوا؟! دەزانم کێشەکەی بوتی هەمووی ئیحراج بوون بوو لە خودی ما ملکت ایمانکم[8]!

کاتێ لە حزبە ئیسلامیەکان دەپرسیت: ئەگەر دەسەڵاتتان گرت چی دەکەن؟! لە وەڵامدا دەڵێن: بێگومان شەریعەت جێبەجێ دەکەین، کە دەپرسیت هەموو شەریعەت دەڵێن بەڵێ نابێت [نؤمن ببعض و نكفر بعض] بکەین. دەیباشە یانی هەموو سزاکانیش دەکەن وەک دەستبڕین و ڕەجمی زیناکەران، و کوشتنی هەڵگەڕاوەکان، شەلاق لیدان و دەست وپێ بڕینی دوژمنانی خوا! و جەلدە لێدانی عەرەق خۆر و لە بینایەی بەرز تێهەڵدانی هاوڕەگەزبازان و هتد؟ یەک وەڵامی ڕاشکاوت نادەنەوە لەبەر ئیحراج بوون، نە دەوێرن بڵێن نەخێر لەبەر جەماوەریان، نە دەوێرن بڵێن بەڵێ لەبەر ئەو ئیحراجیەی ئەو ئەحکامانە دروستیان دەکات لە کۆنتێستی ژیاری سەردەمی نوێدا!

دەستەیەکیتر هەر لەبەر هەمان ئیحراجیدا، هاتوون دەریچەیەکی سەیریان دۆزیوەتەوە، ئەویش پەنا بردنە بۆ نکوڵی لێکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی زاراوەکان و ماناکان! ئەوانە زیاتر قورئانیەکان و کەسانیتریشن، هێندە متمانە نیشان دەدەن بەڵام لەبەرامبەر گفتوگۆی جیدی خۆیان پیناگیرێت، دەزانم خەڵکی

[7] https://www.facebook.com/hariri66/videos/vb.592866807/10153840717131808/?type=2&theater

[8] http://www.aksalser.com/?page=view_news&id=cd8fdf2730b11f65ca915353d84bc7b8

باش و نیەت پاکن، دەیانەوێت دین دوورخەنەوە لە هەموو شتێکی دژ بە مرۆڤایەتی و نالایق، هاتوون وێنەیەکی زیهنی زۆر میسالیان بۆ دین داتاشیوە، ئەوەی بەدەر لە قورئانە لەو هەموو حەدیس و تەفسیر و فیقە و سیرە و مێژوو و علومی قورئانیش نکوڵی لێدەکەن، هەر ڕوداوێکی هەتا متواتر بێت ڕەتی دەکەنەوە و دەڵێن لە قورئاندا نەهاتووە.

باشە قەیناکا، بەڵام کە دێنە سەر قورئانیش. لەبەرئەوەی قورسە قورئان ڕەتکردنەوە، ئەوجارە سەرلەنوێ چەمک وزاراوە و ماناکانی کە هەزار و چوارسەد ساڵە ئومەت لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوان نکوڵی لە ماناکانی دەکەن هەتا بەدیهیترین ماناش بێت وەک بۆ نمونە دەڵێن: اقطعوا ایدیهما، مانای دەستیان ببڕن نییە! ماملکت ایمانکم، ملک الیمین کە هەتا ساڵانی ١٩٤٥ یش لە هەموو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان هەبوو، دەڵێن بە مانای کۆیلەکردن نایەت!

کە دێنە سەر ئایەتی: [والذین هم لفروجهم حافظون الا علی ازواجهم او ماملکت ایمانهم فانهم غیر ملومین] ئەوانەی دامێنیان دەپارێزن تەنها لە ژن و کەنیزەکانیان نەبێت] دەڵێن نەخێر وانیە دەبێت بە زەواج و هاوسەرگیری لەگەڵی بخەوێت، سەرەڕای یەک چیا لە توراسی کۆیلایەتی و دەستور وئادابی کۆیلەداری!

بەو شێوەیە بۆ هەموو باسێکی ئیحراجکەر وەڵامێکیان پێیە، بەشێوەیەکی نا ئیرادی پاکسازی دین دەکەن، لەبەر ئیحڕاج بوون. سەیرم بەو کەسانە دێت لە جیاتی خوا ئیحراج دەبن؟! ئەگەر ئەو دەقاەی لێی ئیحراج دەبن دینی خوایە، بۆ ئیحراج دەبن لە جیاتی خوا؟! کە ئیحراج دەبن مانای ئەوەیە یان دینی خوا نییە، یانیش ئێوە نازانن چۆن ڕەفتار بکەن لەگەڵ دینی خوا.

٢٠١٥/٩/٤

## بۆ بانگەوازە دینیەکانی پێش ئیسلام بە جیهاد نەگەیشتن؟!

ئەگەر ویستت میللەتێک لەبەر چاوی جیهان ڕەش بکەیت جیهادیان پێ بکە! چونکە ئەو میراتە فیکری و دەقە زۆر و زەبەندانەی لەو بوارەدا بۆمان جێماوەتەوە تێکەڵی کەیت بە ئاوی زەریاش ڕەشی دەکات. لە ئەدەبیاتی ئیسلامی دا، بە هەموو سەرچاوەکانیەوە، یەک پارچە ستایش و پیاهەڵدانە بە جیهاد وموجاهیدان و پلەی گەورەی ئەوان لای خوا و ئەو پاداشتە گەورانەی بۆیانی ئامادە کردوە، و زۆر بە شێوازێکی لە ڕادەبەدەر وەسف وسەنای موجاهیدان کراوە.

باشە ئەگەر وابێت و جیهاد ویستی خوای لەسەر بێت و هێندە کارێکی پیرۆز و بەرز بێت، بۆ ئەمرۆ ئەو میللەتانەی کە خوا غەزەبیان لێ دەگرێت و کۆمەڵێک موجاهیدی ڕیشن و ڕیقن و بێ عەقڵیان بۆ دەنێرێت لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتدا دەبنە یەکێک لە میللەتە هەرە قێزەونەکانی دونیا؟! بڵێی کێشەکە هەر لە خودی جیهادەکە بێت یان لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنیدا؟!

لە ڕاستیدا کاتی خۆی کە جیهاد سەپێنرایە سەر موسڵمانان وەزیفەیەکی کاتی رادەپەڕاند، ئەویش پاراستنی دەعوە و پێغەمبەر و خودی دینەکە بوو، هەتا سەقامگیربوونی قەوارەی موسڵمانان لە پاش شەڕی هەڵگەڕاوەکان، دەکرا لە پاش ئەو شەڕە کۆتایی پێ بێت، بەڵام تێوەگلانی ئیسلام لە مەسەلەی فتوحات، کە بەڕای من سەد دەر سەد ئیجتیهادێکی هەڵە بوو، وای لەو ڕوحیەتە جیهادیە کرد، کە من لە وتارێکی تردا ناوم ناوە بە ڕوحی جەنگاوەری، هەموو دینەکە بە بۆیەی جەنگاوەرێتی ڕەنگ بکات. نیچە گاڵتە بە مەسیحیەت دەکات و بە دینێکی مێینە وەسفی دەکات، لە هەمان کاتدا ئیسلام بە دیانەتێکی نێرینە و جەنگاوەر وەسفی دەکرد! کە بەڕای من ئەو جەنگاوەرێتیە پەیامی ڕوحی ئیسلامی خستۆتە ژێر سێبەری تۆخی لایەنە جەنگاوەریەکە.

خوا ئەبو سوفیان و ئەبو جەهل و باقی سەرانی قوڕەیش بگرێت، ئەگەر لییان گەڕابا پێغەمبەر بە ئازادی دەعوەی خۆی بکات، بەو شێوەیە شەڕیان نەکردبا و شوێنکەوتوانیان نەچەوساند بایەوە، هەرگیز پێغەمبەریش ناچار نەدەبوو هیجرەت بکات و عەشایر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و نیوەی زیاتری پەیامەکەی بۆ جەنگ و جیهاد تەرخان بکات!

خۆ بەر لە پەیامی پێغەمبەر محەمەد کەسانێکیتر هەبوون خاوەن پەیام بوون، پێیان دەوتن حەنەفیەکان یان حونەفاکان، هەندێ کەس دەڵێن پێغەمبەریش بوون! وەک (زید بن عمرو بن نفیل)، کە دژی پەرستنی بت وسەنەم بوو، گۆشتی ئاژەڵێکی نەدەخوارد بۆ بت وسەنەم سەربڕابان، کچی لە زیندەبەچاڵکردن ڕزگاردەکرد،

ئەرەق و گۆشتی بەراز و مردووی لە خۆی حەڕام کردبوو.[9] یەکیکیتر ناوی [قس بن ساعده] کە بە وتاربێژی عەرەب ناسراو بوو، یەکەم کەس بووە باوەڕی بە زیندووبوونەوە و حیساب و کیتاب کردوە لە ناو عەرەب. قەسی کوڕی ساعیدە شەو و ڕۆژ خەڵکی بانگ دەکرد بۆ دەعوەتەکەی هەتا لە بازاڕی عوکاز بە ئاشکرا بانگەوازی دەکرد بۆ دینەکەی، هەتا دەڵێن پێغەمبەر دەربارەی وتوە: "رحم الله قساً، إني لأرجو أن يبعثه الله أمه وحده".. ڕەحمەتی خوا لە قەس بێت، هیوادارم خودا وەک ئومەتێک بە تەنیا زیندووی کاتەوە![10] یەکێکیتر لەوانە [أميه بن أبی الصلت] ورغم کە خاوەن شوهرەتێکی زۆر بەرفراوانە، ئەویش لە زۆربەی بیروباوەڕەکانی وەک ئیسلام گوزارش لە خۆی دەکات، وهەموو حەڕامەکانی حەرام کردوە لە خۆی! لە هەندێک دەقدا خاوەن پەنجەمۆری تایبەتی خۆیەتی، بۆ نمونە لە وەسفی مەلایکەتدا، بۆیە ناتوانین بڵێین هەموو شیعرەکانی دراوەتە پاڵی هەڵبەستراون.

ئەو ئەزموونە دینیانە کە دەشێت هەندێکیان نبوەت و پێغەمبەرایەتی بوبن، زۆربەی زۆری بیروباوەڕی ئیسلامیان لە خۆدا گرتوە بەپیی هەواڵەکان! هەموو حەرام و حەڵاڵەکانی ئیسلامیان تێدا بووە، یەکتا پەرستی خوا خاڵی هاوبەشیان بووە لەگەڵ ئیسلام، زیندوبوونەوە و رۆژی حیساب و دۆزەخ و بەهەشتیش، و هەموو وردەکاریەکانیتریان تێدا بووە، کەوابوو ئەزموونی دینی زۆر هەبوون پێش پێغەمبەر، هەڵگری هەمان ڕوئیا و پەیام بوون، بەلام بۆ بەو ئەنجامە نەگەیشتن کە تێوەگلێن لە کوشت و کوشتار وجیهادا؟!

دەکرێت سەرانی قورەیش لەسەردەمی ئەواندا زۆر حەکیمتر بووبن لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بانگەوازی ئەوان، و هێندە تەنگیان پێ هەڵنەچنیون وەک دەرهەق پێغەمبەر محەمەدیان کرد، نازانم قورەیش بۆ هێندە نەرم بوون لە تەک بانگەوازی ئەواندا، وهێندە توندوتیژ بەربەرەکانێی ئیسلامیان کرد؟! لەوانەیە کەسانێک بڵێن چونکە ئیسلامیش توند بوو لە هەڵسوکەوت دەرهەقی قورەیشدا و خستنیە بەردەم دووڕیانیکی سەخت: یان شەڕ یان موسلمان بوون! ڕاستە ئەوە پەیامی ئیسلامی مەدەنی بوو، بەڵام لە مەکەدا وانەبوو، ئایەتە مەککیەکان زۆر ڕوونن کە ڕێزی لە هەڵبژاردەی عەقیدەیی دەگرێت، وەک بۆ نمونە: (**وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاء فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاء فَلْيَكْفُرْ**) (**الكهف: ٢٩**)...

بڵێ هەق لە لایەن پەروەردگارەوەیە، ئەوەی بیەوێت با ئیمان بهێنێت و ئەوەی بیەوێت بابروا نەهێنێت.

---

9 (بلوغ الارب للبغدادى ج 2 ف، زيد بن عمرو).

10 (بلوع الارب 2:246 - السيره الحلبيه 1:318) (السيره النبويه - ابن كثير - 1:146)

[قل يا ايها الكافرون لا اعبد ما تعبدون، ولا انتم عابدون ما اعبد، ولا انا عابد ما عبدتم، لكم دينكم ولى دين.] (الكافرون: ١-٦) بڵێ ئەی بێباوەڕان، ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن، ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من دەیپەرستم، منیش ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن، ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من دەیپەرستم، ئێوە دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆم.

دەکرێت بڵێین هەردوو لای هاوکێشەکە سەرانی قورەیش و خودی پێغەمبەر ، یەکەمیان بە چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەریان و دووەمیشیان بە کاردانەوە و هەڵچوونی لە ڕادەبەدەردا ئەو حاڵەتەیان گەیاندبێتە ئەو ڕادەیەی کە بە تەنها بە شمشێر کێشەکانیان یەک لایی بکەنەوە. گوومانم نییە ئەگەر لێیان گەڕابایە ئیسلام بە ئازادی بانگەواز و پەرستشەکانی کردبا، ناچار نەدەبوو هەموو دینەکە بەرگی ئاسنینی جەنگاوەران بپۆشێت، ئەو باجە گەورەیە لە مێژوو و گیان و ڕوحی ئومەتدا بدات، بەڵکو دیانەتێکی ڕووحی زۆر نەرمونیان دەبوو.

## هەر لە بەرەبەیاندا ریزیان بەستوە بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ!

ئەو خەڵکەی فەرەنسا ببینە چۆن لەو بەرەبەیانە لەو کاتە بۆ نوێژی کەنیسەش دەرناکەون، بەڵام بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ دەرکەوتوون و زۆریان لەوەو پێش هەرگیز ئەو گۆڤارەیان نەکڕیوە، هەندێکیانیش هەر ناویان نەبیستوە! خەڵکەکە تەنها لە ترسی لە دەستدانی بەهای یازادی ڕادەربڕین دەرکەوتوون، هەرچەندە لەوانەیە کەسانێک لە ژێر کاریگەری هەستی دینی بڵێت ئەوانە لە دژی ئیسلام دەرکەوتوون! نەخێر ئەوان لە گۆشەیەکیتر دەروانننە بابەتەکە.

من ناڵێم ئەوان واتە گۆڤاری چارلی ئیبدۆ ڕاست بوو، بەڵکو دەبوایە کەمیک هەستیاررانەتر مامەڵەی لەگەل بابەتەکە کردبا، لە وجودی چوار پینج ملیۆن موسڵمان لە فەرەنسا، چونکە بتەوێ نەتەوێ جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان فەرەنسی و کۆمەڵگا موسڵمانەکان لە خۆرهەلات و هەتا لە کۆمەڵگا موسڵمانەکانی خۆرئاواش، کە زۆربەیان هەمان بەها و داب ونەریت لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ئەوێ، لەبەر نەزانینی زمان و تێکەڵ نەبوون و بێکاری و خۆ دوورگرتنی خەڵکی ڕەسەنی ولاتە خانەخوێکان لە تێکەلاوبوون لەگەڵ خەڵکە کۆچبەرەکان، سەرەڕای جیاوازی ئاستی ژیاری، هەمووی وایکردوە ئەو گاپ و بۆشاییە بەرچاوە هەبێت لە نێوان ئەو دوو لایەنە.

دەتوانین بڵێین هەردوو لا هەڵەن، نە ئەوان ڕێگایان پێدراوە شتێک بکەن هەستی ملیۆنەها بوروژێنن، سەرەڕای عەقلانیەت ونا عەقلانیەتی ئەو وروژاندنە، نەکەسیش ڕێگای پێدراوە خەڵکانێک بکوژێت بە بەناوی کۆی موسڵمانان، دەبێت بەر لە هەر موسڵمانێک بیروڕای موسڵمانی فەرەنسا و ئەوروپای زانیبا، ناکرێت فەرمان لە خەلیفە دعسیەکەی داعش، یان شێتەکەی بۆکۆحەڕام یان تەرەسە منداڵ کوژەکەی تالیبانی پاکستان وەربگریت، کە مردن ومەرگ وەە هەناسەیە بۆیان!

هەرچۆنێکی بێت دوا بابەتی کاریکاتیری گۆڤاری چارلی ئیبدۆ، جۆرێکە لە بەرگری لە پێغەمبەر من وای دەبینم، چونکە وێنەیان کردوە بە خەم وپەژارەیەوە دەڵێت: من چارلیم "Je suis Charlie" ("I am Charlie"). من وا هەست دەکەم ئەو کاریکاتێرە بە ناڕاستەوخۆ بە ئەو موسڵمانانەی ڕازی بوون بەو تاوانە تیرۆریستیە دەڵێت: هەتا پێغەمبەریش رازی نیە لەو کارەی ئێوە، ئەگەر لێرەبا هاودەردی و سۆلیداریتی بۆ چارلی دەردەبری ودەیگووت: من چارلیم!

## ترس لە دەستبڕین هەر لای دز نییە!

ئەو ڕستەیەی کە لە دەمی کاک خلیل ئیبراهیم، دەرچوو وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، کە باسی دەستبڕین کرا وەک سزایەکی توند وناگونجاو، لە جیاتی ڕەواندنەوەی گومانەکان و ترسەکان وەک هەر سەلەفیەکی دەقپەرست رەپ وڕەق گووتی: دەستبڕین سزایەکی خودایە، تەنها ئەو کەسانە دەترسن لە دەستبڕین کە دز بن! لە دەیان کتێبی ئیسلامی و وتار گوێم لێبوە، هێندە داهێنەرانە نەبوو. کێشەکە ئەوە نیە لای کەسانێک نابێت دەستبڕین هەبێت چونکە دەسەلاتدارەکان ڕزگاریان دەبێت و دەستی هەزارەکان بەبردرێت! کێشەکە پرەنسیپە. بە واتایەکی تر کێشەکە هەر پەیوەست نییە بە دەستبڕین، بەڵکو هەموو سزاکانی ئیسلام و قورئان دەگرێتەوە. یانی ئەگەر دەستبڕین هەبوو، دەبێت دەست وپێش پیکەوە لە بن هەنگڵەوە ببڕین وەک سزای موحارەبەی خوا و پێغەمبەر، و سزای جەڵدە لێدان لە زیناکەر لە بەرچاوی خەڵک و چەندین سای تر بەپێی قورئان. ئەگەر بێینە سەر سونە، ئەوە دەبێت زیناکەرانی ژندار و مێردار ڕەجم بکرێن، دەبێت کاری نیربازی بکوژرێن و بسوتێنرێن، یان لە بەرزترین بینایەی شار فرێدەرێنە خوارەوە و سوتان بە زندی و خنکاندن و چەندین سزای تر هاتوە لە سونە وفیقهدا.

جارێکیتریش باسی ئەوەم کردوە، ئیخوان بە گشتی لە ژێر وتاری تەشریعی و عەقیدی سەلەفیەت رزگاری نەبووە، بەردەوام چارەسەرەکانی ئەوان دەبینن بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخ، کاتێکیش ڕەخنەیان لێدەگریت بە خۆیان دێنەوە و دەزانن چ هەڵەیەکیان کردوە، دیسان هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدەن لە هەڵەکان، بە هێنانەوەی عوزر و بیانوو. بەڵام کە بە بێ خۆ ئامادەکردن قسە دەکەن، ئەو شتە دەڵێن کە لە دڵیاندایە. ئەوەش لەبەر نەبوونی خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیانە بۆ مەنهەجی عەقیدی تەشریعی.

بە نیسبەت ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەو دەقانەی سزادان کە ئاماژەمان پێکرد، هەر کەسە و بە جۆرێک دەیەوێت خۆی لە ئیحراجی ئەو سزایانە رزگار بکات. تەنها سەلەفیەکان بەبێ گوێدانە هیچ ئیعتیباراتێکی سەردەم دەست بەو سزا و دەقانە دەگرن، بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە جێبەجێ دەکەن، بێ گوێدانە سەردەم و زەمەن و گۆڕانی ژینگەی سارستانی و عەقڵی. کەسانێکیش هەن وەک قورئانیەکان [کە تەنها باوەڕیان بە دەقەکانی قورئانە بە تەئویلی خۆیان] وەک پێشەی هەمیشەییان نکوڵی دەکەن لەوەی ئەو ئایەتە بە مانای دەستبڕین بێتەوە:

(السَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (38) )" ألمائده (ەەر لەو وشەیەش واناکەن، بەڵکو لە مەسەلەی ملك الیمین و شتیتریش بە پێچەوانەی ەەموو زانستی تەفسیر و حەدیس و عەرەبی دەڵین اَقْطَعُواْ

**أَيْدِيَهُمَا** **مانای دەستیان ببڕن نییە، گـوایە وشەی القطع بە مانای تری زۆر هاتوە، بە مانای ڕێگـەگـرتن و نەهێشتن! بەوە خەنی بوونە کـە لە سورەتی یوسف دا هاتوە:﴿ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ (یوسف:31)**

کاتێ خانمەکان یوسف یان دیت دەستیان بڕی لەبەر جوانی یوسف، گووتیان ناشێت ئەوە مرۆڤ بێت...! دەڵێن خۆ ژنەکان دەستیان لێنەکردەوە بە دیتنی یوسف؟! کەوابوو قطع مانای بڕینی لێکجوداکەرەوە ناگەیەنێ! ئەو بەڵگەیە وبەڵگەی تریش زۆر لەوە لاوازترن خۆیان بگرن بەرامبەر ئەو ئایەتە ڕاشکاوەی دەستبڕین. لە کوردیش بە بڕینی لێک جوداکەرەوە و بڕینی دەست وەک زامدار کردن هەر دەڵێن دەستبڕین. لە عەرەبیش هەروایە..بێگومان وشە زۆرجار لە سیاقی قسە مانای دەگۆڕێت، بەڵام زانایانی زمانی عەرەبی هەر خۆیان ئاماژەیان بۆ ئەو مانایانە کردوە.

هەروەها دەڵێن زانایانی وەک بوخاری و موسلیم و زمەخشەری و ترمذي و ابو داود و النسائي عەرەب نەبوون و لە مانای **اَقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا** تینەگەیشتوون وەک عەرەبێک؟!

باشە ئەی شافیعی و مالیک و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل خۆ عەرەب بوون هەر واش تێگەیشتوون؟ ! ڕاستیەکەی من هەموو ئیجتیهادێکی قورئانیەکان ڕەت ناکەمەوە، زۆر بیروڕای جوانیشیان هەیە لە دووبارە تێگەیشتنەوە لە قورئاندا، بەڵام ڕەتکردنەوەی مانای بەدیهی و کە هەموو سەرچاوە و مێژوو و واقیع کە لەسەری ڕێککەوتوون ئاسان نییە. من تێیان دەگەم ئەو ئیحراجیە لەبەر ڕوحی سەردەم، پێشان موسڵمانان بەر لە سەد ساڵیش هەستیان بە هیچ ئیحراجیەک نەدەکرد وەک داعشیەکانی ئیستاش چونکە لە دەرەوەی مێژوون، باسی دەستبڕین وسەربڕین و ڕەجمکردنی زیناکەر و ئەو سزا توندانە بکەن، چونکە سەردەمەکە لێیانی قبوڵ دەکرد.!

بەڵام هیچیتر زۆر لەو ئەحکامانەی کە بەڕای من لە ئەساسدا وەک مەرحەلی هاتوون و وەک وەڵامدانەوەی داخوازیەکانی ئەو کات و سەردەمە، وەڵامی دروست نین بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەو سەردەمە. لە وڵاتان ئەوەی دەستێکی براو بێت یان پێیەک، دەوڵەت هەموو مەسروفاتی خۆیی ومنداڵەکانی دەکێشێت، با لە کاتی دزینیش وای بەسەر هاتبێت! ئەگەر دەستی دز ببرابایە بەخێرایی، ئەوە دەستی زەرقاوی و عەنتەر زەوابری و حەتاب و زۆر لە سەرکردەکانی جیهادی سەلەفی دەبوایە ببرایە، چونکە ڕابردوویان زۆر پیس بوو لە تاواندا! بەڵکو لەو باوەڕەدا بووم زۆر لە شەڕکەرانی داعشیش دەبوایە بێ دەست بان، کە کاتی خۆی خەڵکی دز و جەردە وبێ ڕەوشت بوون، بە کاریگەری سۆزداری هاتونەتە ناو ئیسلامێکی گونجاو لەگەڵ ئاڕاستەی توندوتیژیان!

جاریکیتر دووبارەی دەکەینەوە وەک دەزانین قورئان لە ٢٣ساڵدا دابەزیوە، ١٣ ساڵی لە مەککە، و ١٠ ساڵی مەدینە، لەو دەساڵەی مەدینەدا کە ئایەتەکانی ئەحکام و معاملات دابەزیوە، چەندین ئایەت بە ڕای زۆربەی زانایانی ئیسلام نەسخ کراوەتەوە لە پێناو گۆڕانی واقیعدا و هێنانەدی بەرژەوەندی موسڵمانان، ماقوڵ نییە بە درێژایی هەزار وچوارسەد ساڵ هەموو ئەحکامەکان وەک خۆی بمێنێتەوە! ئایە مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئایەتانەی کە باس لە نەسخبوونی دەکرێت، دەقێکی ڕوون وئاشکرای لەسەردا نەهاتووە کە لە زەمەنی پێغەمبەر [د.خ] نەسخ کراوەتەوە، زیاتر ڕای ئەسحابە و ئیمام و فەقیهە گەورەکانی پاش وەفاتی پیغەمبەرە؟! کە نەسخ پاش وەفاتی پێغەمبەر [د.خ] بڕیاری لەسەر دراوە، ئەی بۆ تەنها کە نۆرەی سەردەمی ئیمە هات گووتیان نابیت دەست بۆ نەسخ ببرێت؟!

بەڕای ئیمە هێشتنەوەی هەندێک کێشەی زۆر هەستیار بەبێ چارەسەرێکی برەر و یەکلایی کەرەوە، ئەگەر باوەڕمان بە بێ سنووری زانستی خوا هەبێت بە رابردوو وئێستا وئاییندە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە خودا پرسگەلێکی وەک بۆ نموونە کۆیلایەتی و سزا توندەکانی وەک ڕەجم و دەستبرین و هتد، بۆ بژاردە و هەل ومەرجی موسڵمانانی جێهێشتووە بە پێی میکانیزمی جۆراوجۆری وەک، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان، کە نەجمەدین تۆفی دۆزیەوە، هەروەها بۆ نەسخی زەمەنی کە ئێمە لە وتارێکی سەربەخۆدا باسمان کردوە. دەنا ماقول نییە موسڵمانانی جیهان شەرم لە باسی دەستبڕین و کۆیلایەتی وڕەجمکردن بکەن، خودا نەزانێت ڕۆژێکی وا بەسەر جیهاندا دێت کە ئەو چەند ئەحکامە مەرحەلیانە ئیحراج بۆ موسلمانان دروست دەکات!

ئیخوان و هەر جەماعەت و گروپێکی ئیسلامی سیاسی دەبێ بزانن، کە دەسەڵاتیان بەسەر شوێنێک شکا، و ئەو ڕۆژەی بەبێ منەت ئەو سزایانەیان جێبەجێ کرد، ئەوە جیهانیش هەمووی بە زۆربەی موسڵمانانیشەوە لێیان بێ منەت دەبن و دژایەتیان دەکرێت. بۆیە چاکترە ئەو باسانە بۆ سورپرایز و شەقی بەخت بەجێ نەهێڵن، باشترە توێژینەوەی وردی لەسەر بکەن. ترسی خەڵک لە دەستبڕین و سەربڕین و پێ بڕین لەبەر ئەوە نیە ئەوەی لەو سزایانە دەترسێت دزە یان تاوانبارە، بەڵکو لەبەر توندی سزاکانە، کە هیچ جانسێکیتر نادەنە تاوانبارەکە بۆ گەڕانەوە لەو ڕێگایە خراپەدا. ملیۆنەها یاسازان و ڕۆشنبیر و بیرمەند لە دنیادا دژی ئەو جۆرە سزایانەن، ماقوڵە هەمووی دژ بن؟!

## ڕاکردنی زانایانی ئەزهەر لە وەڵامی ما ملکت ایمانکم!!

پێشکەشکاری بەرنامەکە بەسمە وەهبە بابەتەکەی تایبەت کردوە بە کۆیلایەتی و کەنیزە لە ئیسلامدا، هەر لەسە سەرەتاوە دەپرسێت ئەو بابەتە چۆنە، ئیسلام تاوانبار دەکرێت بە هاندانی کۆیلایەتی و ئەسحابەکان خەریکی کەنیزە وڕابواردنی سێکسی بوون لە گەڵیان، ئێوە دەڵێن چی؟!

جارێ دکتۆر مەبروک [کە چاکەت وپانتۆڵی لەبەرە] دەرویشێکە بۆ خۆی، هەر ڕادەکات لە بابەتەکە، وقورئان تەجوید دەکات، لەلایەک دەڵێت چاکترین کەسی ئیماندار ئەوەیە کە مل ئازاد دەکات [فک الرقبة] لە لایەکی تر کە پێشکەشکاری بەرنامەکە بەسمە وەهبە دەڵێت: چی دەڵیی دەربارەی ماملکت ایمانکم ]کەنیزەکانتان] کە لە قورئاندا هاتووە؟!

دەڵێت ئینشاڵلا خوا تەمەنمان دەداتێ ئەو ڕۆژە دەبینین موسڵمان یەک ژن و پێنج، شەش، حەوت، هەشت ، نۆ کەنیزەی دەبێت! پێشکەشکاری بەرنامەکە دەڵێت: قسەی وا ئەگەری ڕوودانی هەیە [بە ناڕەحەتی وسەرسامیەوە، نازانی ئەو ڕۆژانە بوون ئەمڕۆیان درۆست کرد!]؟

شێخ جەمال قوتب گوایە زانایەکی ئەزهەرییە هەر لە سەرەتاوە ناڕازییە لە باسکردنی بابەتەکە ودەڵێت: ئەوە بابەتی باس کردن نییە؟! و بابەتی وەڵامدانەوە نییە؟! دوایی بە بیانووی کەمی کات دەڵێت ناکرێت لە یەک ئەڵقە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە! پێشکەشکاری بەرنامەکە دەڵێت: بەڵام ئەوە پرسیاری لاوانە، چۆن دەڵێیت نابێت وەڵامی دەینەوە؟! قەشەیەک لە تەلەفزیۆندا بیست بەرنامەی لەسەر کۆیلایەتی لە ئیسلامدا کرد یەکێک لە ئێوە زاتی ئەوەی نەکرد وەڵامی دەنەوە!!

تۆ دەبێت قەناعەتم پێ بهێنی ئێمە لە سەردەمی جیهانگیری و ئینتەرنێت و چاتین – هێشتا فەیسبوکی مەلعون ناوی لەناواندا نەبوو! – گەنجانمان فریودەخۆن ودەکەونە ژێر کاریگەریان! شێخ جەمال قوتب بە تورەیی دەڵێت ئەوەی گوێ لە قەشەیەک دەگرێت بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، چی لێ بەسەر دێت موستەهەقی بێت!!!

پێشکەشکاری بەرنامەکە: ٩٠% لە ڕۆڵەی موسڵمانان بە منیشەوە لە هۆکاری حەڵاڵکردنی کەنیزە تێناگەین، وناشتوانین هەرسی کەین بە ڕاشکاوانە پێت بڵێم! شێخ جەمال قوتب: هیچ پێویست ناکات تێبگەن و هەرسی کەن! پێشکەشکاری بەرنامەکە: ماقوڵە ئەوە وەڵامە بە ئێمەی دەدەیتەوە؟! من بە دووری نازانم کە یەکێک لەو هۆیانەی وازهێنانی بەسمە وەهبەی پێشکەشکار لە حیجاب ونێوەندی دینی وچوونی بۆ ناو نێوەندی هونەری وەک ناودارترین گفتوگۆکار ئەو کەللە پوتییەی زانایانی ئیسلام بێت. دکتۆر مەبروک پاش تەجویدی چەندین ئایەتان کە دەگاتە وان خفتم الا تعدلوا، فواحدة او ما ملكت ايمانكم، دەڵێت چی لەو ئایەتە بکەم بە لاستیکی

کوژاندنەوە بیکوژێنمەوە؟! بۆ ئەوەی دینم لای خەڵک جوان بکەم بیانسڕمەوە؟! دەڵێم ئەوە دینمە دەتانەوێ ناتانەوێ!

شێوازی دکتۆر مەبروک زۆر لەو کاهینانەی قەبایلی ئەفریقی دەچێت، کە بە خویندنەوەی ئایەتەکان بە دەنگی ئاوازدار دەیەوێت کار بکاتە سەر پێشکەشکاری بەرنامەکە، بەڵام ناتوانن چونکە کەسایەتی بەهێزە، ودەڵێت: بە کوورتی ئیوە وەڵامتان نییە! پێشکەشکاری بەرنامەکە دەڵێت ئێستا ئەو ئایەتانەی کۆیلە و ماملکت ایمانکم مەوجودە لە ڕووی شەرعەوە، بەڵام لە ڕووی واقیعەوە مەوجود نیە، یانی چی بکەین؟!

کچەکە دەیەوێت بزانێت چارەسەری ئەوان بۆ چییە بۆ دەقگەلێک کە لە واقیعدا کاری نەماوە، هێندە هەستیارن بابەتەکە، هەتا ئەو دوو شێخە پێیان شەرمە لەسەری بدوێن؟![11]

ئایە دەق واقیع ئاڕاستە دەکات بۆ هەتاهەتایی؟! کە واقیع دابڕا لە دەق، کاری ئێمە هێنانەوەی واقیعە مێژوویەکەیە وەک دیکۆری فیلمی ئیمپڕاتۆریەتە کۆنەکان؟! کە واقیعێک نەما، بۆ دەبێت دەقگەلێکی لە واقیع دابراودا زیندووکەینەوە!

٢٠١٥/٢/٢٤

[11] https://video.xx.fbcdn.net/hvideo-xpa1/v/t42.1790-2/10997013_10153840732596808_1239198433_n.mp4?efg=eyJybHIiOjQwNSwicmxhIjo0MDk2fQ%3D%3D&rl=405&vabr=225&oh=0bbdcbdef380eb8154c7f5d2da36fcb2&oe=55ECC3BA

## ئایە جنۆکە بەس دەچێتە لەشی فەقیرحاڵ و موغەفەلەکان

شیخ علي بن مشرف العمري یەکێکە لە گەورەترین شێخی تایبەت و پسپۆر لە -زانستی!!- دەرکردنی جنۆکە لە سعودیە و قوتابی بن بازە، زیاتر لە بیست ساڵ بەس خەریکی دەرکردنی جنۆکە بووە لە لەشی فەقیرحاڵەکان، پاش ئەو تەمەنە درێژە تۆبەی کرد لەو پیشەیە فریودەرەی خەڵکی ئاسایی، و لە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت:[12]

ئەوەی دەگووترێت لەو بابەتە هیچ بەڵگەیەکی دینی قورئانی و سونەی لەسەر نییە، تەنها فریودانی خەڵکە، لە هەمووی خۆشتر دەڵێت: بەڵگەی سەرەکی لەسەر درۆیی ئەو شتە ئەوەیە، ئەگەر نەخۆشیەک بۆ نمونە وەک شەکرە هەبێت، دەبینین زۆر بڵاوە خەڵکی هەمووی لە جۆرەها چین وتوێژ تووشی دەبن، بە زانا و نەزان ودەوڵەمەند وهەژار ونێر ومێ و گەورەو بچووک، کەوابوو سوکەری وشەکرە ڕاستە، بەڵام جنۆکە چوونە جەستەی مرۆڤ، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانەی کە کارم چارەسەری دەرکردنی جنۆکە بوو، تەنها دەچووە لەشی دەبەنگ و گێل و فەقیرحاڵەکان!

ڕۆژێک نەمدیت بچێتە جەستەی زانایەک یان دکتۆرێک یان عەلمانیەک کە باوەری بە دینیس نەبێت!! سبحان الله تەنها دەچێتە جەستەی دەبەنگان؟! دەڵێت ژنێک هاتە لام ٢٠ ساڵ فریویان دابوو بەوەی کە جنۆکە چۆتە لەشی و تووشی مەس هاتوە! دەڵێت: پێمگووت: تۆ چووزانی مەست هەیە؟ دەڵیت گووتی کە قورئانم لەسەر دەخوێنن یەکسەر تووشی سەرع و هاوارکردن دەبم و جنۆکە لەسەر زمانم قسە دەکات!

ئەگەر باوەر ناکەیت قورئانم لەسەر بخوێنە !دەڵێ شیعرێکی عەرەبیم لەسەر خوێند یەکسەر تووشی هات وهاوار بوو! دەڵێ گووتم: دایە ئەوە شیعر بوو، قورئان نەبوو!!! گووتی: توخوا بە ڕاستیتە، خودا ئەو دەجالانە بگرێت کە منیان فریودا بوو! دەڵێت یەکسەر جارێکی تر قورئانم لەسەر خوێند هەر هیچ کێشەی نەما، و هەر لەوێ چاک بوەوە و عەیبی تێدا نەما!

دەجال و قۆڵبڕەکانی وەک مەلا علی و شێخ لوقمان و حاجی لێزەر -هههەه- ئەمرۆ هەزاران کەسی فەقیرحاڵ و نەخوێندەواریان فریوداوە بە ناوی جنۆکە و قسەی قۆڕ، کە بەس بەو جۆرە خەڵکە فەقیرحاڵانە دەوێرێت، لە جیاتی کۆمەڵگا یارمەتیان بدات بۆ چاکبوونەوە لەسەر شێوازێکی زانستی وجوان، لە جیاتی ئەوە، لەبەر نەزانیان بە دەستی خۆیان دەیانبەنە لای ئەو دەجال وجادووکەرانە تا زیاتر شێتیان کەن! ئەو خەڵکە

[12] https://www.youtube.com/watch?v=3ON0SB0kGpw

فەقیرحاڵەی تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت بە شێوازی ئیحاء، چرپاندنە دڵ وەک لە سایکۆلۆژیا باسی دەکرێت، قەناعەتیان پێ دەهێنن کە جنۆکە چۆتە لەشیان، کە باوەڕیان کرد، تازە زۆر قورسە بتوانیت قەناعەتی پی بهێنیت کە ئەو شتە ڕاست نیە، زۆربەی ئەوانەی ئەو پیاوە چارەسەری کردوون ئێستا جوێنی پێ دەدەن دەڵێن درۆ دەکات ئیتیفاقی کردوە لەگەڵ پاشای جنۆکەکان (!)هیچیتر ئەزیەتیان نەدات، ئەوانیش هیچیتر ئەزیەتی مناڵەکانی نادەن یەعنی توازن الرعب و حرب الباردة یە لە نێوان ئەو شێخە وجنۆکەکان هەیە!!

گەورەترین بەڵگەی ئەو دەجالانە ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت : ﴿**الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِ**﴾ ﴿البقرة : 275]  ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوکەوت ناکەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن) بێگومان موفەسەریکان عادەتێکی زۆر خراپیان هەیە، کە ئەویش کۆپی پێست کردنی بیروڕای موفەسیرانی پێش خۆیانە، بێ بیرکردنەوە لە لێکدانەوەیەکی تایبەت بەخۆیان لە زۆربەی تەفسیرەکان ئەو دیاردەیە باوە!

ئیمامی الرازي دەڵێت: قال الإمام الرازي: "التخبط مانای لێدانی ڕەمەکیە، بەو پیاوەی کە کارێکی دێتە پیش و نازانیت چی بکات دەڵێن: بەڕەمەکی ڕەفتار دەکات [إنه يخبط خبط عشواء[، شەیتان خەبتی دەکات، ئەگەر دەستی لێوەشاند بۆ شێت کردنی، کە وەک لێدانیکی ڕەمەکییە سەرسوڕهێنەرە!

"**التخبط معناه الضرب على غير استواء، ويقال للرجل الذي يتصرف في أمرٍ ولا يهتدي فيه: إنه يخبط خبط عشواء، ..... وتخبطه الشيطان: إذا مسّه بخبل أو جنون، لأنه كالضرب على غير الاستواء في الإدهاش.**" لە مەسەلەی دەست لێدان و دەست لێوەشاندیش [مس] ئەو کارە دەکەن و زۆربەیان ئەو دەست لێوەشاندنە دەسەلمنە دەسەلمێنن لە دووبارەکردنەوەی رای پێشووی خۆیان، لە کۆتایشدا دەڵێن ئەوە ئیجماعی موفەسیرینی لەسەرە!

بەڕای ئیمە ئەو تەفسیر کردنە ڕاست نییە و ئەسڵ و ئەساسی نییە، لەبەر چەندین هۆ: لە قورئاندا دەربارەی شەیتان دا هاتووە کە بە خەڵک دەڵیت: {**وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مّن سلطان إلاَّ أن دَعَوْتُكُمْ فاستجبتم لِي**} ﴿ **إبراهيم : ٢٢**﴾

"شەیتان  دێتە قسە و بە پەیڕەوانی دەڵێت: وەنەبێت من هیچ زۆرو دەسەلاتێکم بەسەر ئێوەدا هەبووبێت، جگە لەوەی (بەوەسوە سەوخەتەرەو خەیاڵ) بانگم کردن ئێوەش بەدەممەوە هاتن و بەقسەتان کردم... "

کەوابوو هیچ دەسەڵاتیکی نییە بەسەر خەڵک، چ جای بجێتە لاشەیانەوە، و کاری خراپشیان پی بکات"! بە ڕاشکاوی لەو ئایەتە هاتووە کە شەیتان توانای لێدان وفێکردن و ئەزیەتدانی کەسی نییە. هەروەها لە ئایەتێکیتر هاتووە:

الثالث :أنه مأخوذ من قوله تعالى: ﴿إِنَّ الذين اتقوا إِذَا مَسَّهُمْ طَئِفٌ مِّنَ الشيطان تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴾ ﴿الأعراف : 201﴾

"بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزکار و تەقوادار بوون، کاتێک خەتەرەو خەیاڵێک لەلایەن شەیتانەوە تووشیان بێت، ئەوە خێرا بێدار دەبنەوە و خوای خۆیان بیر دەکەوێتەوە و هۆشیار دەبنەوە، ئیتر دەستبەجێ بینا دەبن و بەرچاویان ڕوون دەبێت" یانی مەسەکە تەنها تەشبیهێکە لە حاڵی ئەو کەسەی لەرەلەر و کێشمەکێشیەتی لە نیوان خاتیرە و وەسوەسەی شەیتان و بانگی ویژدانی و ئیمانی.

ئەگەر شەیتان توانای لێدانی مرۆڤی هەبوایە دەیتوانی هەموو موسڵمانان بکوژێت، و هەموویان لەناو خوێنی خۆیان بگەوزێنێت، پارەو سامانیان لێ بفەوتێنێت، عەقڵیان لێ تێک بدات =هەرچەندە تێکیس چووە بەڵام بە دەستی خودی ئیمسانەکانە- مزگەوتەکانیان بۆ لێ ناڕوخێنێت، ئەگەر گەورەترین دوژمنی موسڵمانانە؟! ئەوە هەرگیز لەگەڵ عەدالەتی خوادا ناگونجێت شەیتان زاڵ بکات بە کەیف خۆی لەم ولەو بدات!

ڕاستیەکەی نمونە هێنانەوەی قورئان بۆ سووخۆران بە کەسێک کە وەک فێی گرتوو هەڵدەپەریت لەبەر مەس ودەسلێوەشاندنی شەیتان، مانای هەقیقەتی ئەو زانیاریاە نییە، بەڵکو قورئان موجاراتی عەقڵیەتی عەرەبی دەکات نەک بۆ سەلماندنی بیروڕایان لەبارەی کەسی فێ گرتوو و شێت، بەڵکو بۆ زانینی گەورەیی تاوانی سووخواردن، و کە چۆن ڕۆژی قیامەت لە کاتی زیندووکردنەوەی وەک فێدار و شێت هەڵدەستێتەوە!!

خاوەنی تەفسیری المنار، شێخ محمد رشید رضا تەفسیرێکی نزیک لەو چەمکەی کردوە کە دەڵێت" :ثم إن التشبيه مبني على أن المصروع الذي يعبر عنه بالممسوس يتخبطه الشيطان ، أي أنه يصرع بمس الشيطان له وهو ما كان معروفا عند العرب وجاريا في كلامهم مجرى المثل . قال البيضاوي في التشبيه : " وهو وارد على ما يزعمون أن الشيطان يخبط الإنسان فيصرع ، ......وقد ثبت عند أطباء هذا العصر أن الصرع من الأمراض العصبية التي تعالج كأمثالها بالعقاقير وغيرها من طرق العلاج الحديثة"

"ئەو تەشبیهە لەسەر بنچینەی ئەوە کراوە کە فێدارەکە، کە پێی دەڵێن مەسکراوە شەیتان دەستی لیوەدەشێنێت ولێی دەدات، یانی لەبەر مەسی شەیتان فێی گرتووە، ئەوە بیروباوەڕێکی باو بوو لەلای عەرەب، لە کاتی قسەدا وەک نمونە دەیانهێنایەوە.

البيضاوي لەو تەشبيهەدا دەڵێت؛ " ئەوە هاتووە لەبارەی ئەو زەعمەی [داوایەی] کە شەیتان دەست لە مرۆڤ دەوەشێنێت وخەبتی دەکات و تووشی فێی دەکات، ،،، ئایەتەکە نا یسەلمێنێت کە ئەو فێ یەی تووشی ئادەمیزاد دەبێت لە هەقیقتدا بە کاری شەیتانەوە تووشی دەبیت ، وهەروەها ڕەتیشی ناکاتەوە!...لەلایەن پزیشکانی ئەو سەردەمە سەلمێندراوە کە فێ لە نەخۆشیە دەماریەکانە، وەک نە خۆشیەکانی تر بە داو دەرمان چارەسەر دەکرێت و بە ڕێگای چارەسەری تری سەردەم."

هیوادارم ئەو وتارە ببیتە هۆکارێک بۆ هەڵسوکەوتێکی زانستی و سەردەمیانە لەگەڵ هەر کەسێکی تووش بوو بە نە خۆشیە عەقڵیەکان، و هیچیتر نەیانکەنە نیچیری دەجالەکان.

# ورچەکەی سودان وبە غەوغاکردنی سیاسی

پاش ئەوەی جیلیان گیبۆنز کە مامۆستایەکی بەریتانی بوو لە سودان کاری دەکرد، لەسەر پێشنیاری منداڵێکی پۆلەکەی لە قوتابخانەیەک ناوی لە بوکەڵە ورچێک نا (محەمەد)، ئەو کارە لەلایەن ئافرەتێکی سودانی – کە مامۆستایە لە هەمان قوتابخانە – بۆ تەسفیەی حیساباتی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕاپۆرت کرا بۆ لایەنە دەسەڵاتدارەکان، هەرایەکی زۆر گەورەی نایەوە لە شەقامی سودانی، وخەڵکێکی زۆری وروژاند تا ڕادەی بەو پەڕی تورەیییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان ودەست بە شمشێر وچەقۆ وتێلا داوای سزادانی ئافرەتەکەیان دەکرد.

بەد بەکار هێنانی هەست وسۆزی ئایینی لەو وڵاتانەی جیهانی عەرەبی بە تایبەتی وئیسلامی بە گشتی بۆتە پیشەی ئەو سیاسیانەی کە لە ئەساسدا خۆیان هیچ ئەهەمیەتێکی ئەوتۆ بۆ ئاین وهەستی ئاینی دانانێن. هەمووومان لە بیرمانە چۆن مێردەزمەیەکی بآ دینی وەک یدام حسێن چی بۆ دەکرا لەسەر شەقامی ئیسلامی وعەرەبی، وچۆن وەک خەلیفەی جیهانی ئیسلامی ئاماژەی بۆ دەکرا، کەچی ئە شەقامە غەوغائیەت وساویلکەیە نقەی لێوە نەهات کاتێک سەدام هەزاران کەسی لە موسڵمانانی کورد وعێراق دەکوشت بە دڕەندەترین شێوە.

هەمان شت لە سوریا هەمومان دەزانین ئەو ڕژێمە لەلایەن تایفەکی عەلەوی توندڕۆ حوکم دەکرێت کە لەلایەن زانایانی سونە وشیعە تەکفیر کراوە، ئەگەرچی ئێستا شیعەکانی ئێران لەبەر ئەو ئەڤینە سیاسیەی نیوانیان فەتوای نوێیان دەرکردوە کە ئەوان بە کەسانێک لەسەر مەزهەبی ئەهل البیت حسێب دەکەن، ئەو ڕژێمە مەسەلەی کاریکاتێرەکانی کە لەسەر پێغەمبەر (د.خ) بە خراپترین شێوە قۆزتەوە لەبەر مەرامی سیاسی وسوک کردنی ئەو فشارانەی کە لەسەری بوون لەلایەن ئەمریکا وڕۆژهەڵات بە گشتی.

وا دیارە ئەو شەقامە ئیسلامی وعەرەبیە غەوغائیە بەس بۆ مەسەلەکانی دەسەڵاتداران تاپۆ کراوە، ڕۆژێک ئەو شەقامەمان نەدیت بۆ مەسەلەیەکی مرۆیانە خۆپیشاندان بکات، بۆ نمونە بۆ کیمیا بارانی موسڵمانانی کورد وئەنفال کردنیان، یان بۆ جەنگی حکومەت ومیلیشیاکانی جەنجەوید لە دژی خەڵکی دارفۆر، ئەوە باسی غەیرە موسڵمان هەر ناکەین!

لە سودانیش ئەمڕۆ لەسەر دەستی ئەو رژێمە نیمچە ئیسلامی وعروبییە مەسەلەی دین بە دزێوترین شێوە ئیستیغلال دەکرێت بۆ لە ناو بردنی غەیرە موسڵمان وموسڵمانیش، حکومەتی دیکتاتۆری عەسکەری لە دژی خەڵکی باشور فەتوای جیهاد وقڕکردن دەردەکات، ولە دژی خەڵکی دارفۆریش کە تا سەر ئێسقان موسڵمانن

میلیشیای جەنجەویدی بەرداوەتە گیانیان، ئەو میلیشیایە عەرەبەی کە دەست ناپارێزن لە کوشتن وسوتاندن وتەجاوزی سێکسی وهەر تاوانێکی تر، ڕادەی قوربانیەکانی گەلی دارفۆر لە ملیۆن ونیوێک تێپەڕیوە. سەیر لەوەدایە هەر کە لایەنێکی ئەفریقایی یان ڕۆژهەلاتی یان نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر دارفۆر هاتنە وەلام، ئەوە ڕژێمی سودان هاواری لێ هەڵدەستآ گوایە سەهیۆنیەت وسەلیبیەتی جیهانی پیلان لە دژی سودان دەگێڕن.

هەرچەندە ئەو کارەی مامۆستا بەریتانیە جیلیان گیبۆنز کارێکی هەڵەیە لە نێو ولاتێکی ئیسلامیدا، بەلام گومانم لەوە نیە کە کارێکی بآ ئەنقەست بوە، چونکە ئەو ئافرەتە پاش بەربونیشی ئەو پەڕی ڕیز وحورمەتی بۆ ئایینی ئیسلام نیشاندا وگوتی ئەو هەرگیز مەبەستی تانە لێدان لە ئیسلام نەبوە. جیاوازی کەلچەر وعەقلیەتی عەرەبی وئیسلامی زۆرە لەگەلڕ کەلچەر وعەقڵیەتی یەکێکی بەریتانی یان ڕۆژئاوایی بە گشتی، بۆ نموونە کاتێک مێرد منداڵێکی کورد ئیاهەنەیکی بە ئالای تورکیا کرد، خەڵکی تورکیا سەرتاسەری وروژان وزیاتر لە 50 ملیۆن ئالای تورکیایان لە تایوان وچین کڕی ولەسەر ماڵەکانیان بەرزیان کردەوە، کەچی لە بەریتانیا هیچ بازاڕێک نیە نەعلی لێ نەبێت کە ئالای بەریتانی لەسەر کێشراوە، کەسیش نە بای دیوە ونەبۆران.

چاکترین سەرنج لەو تەنگژەیەدا ئەوە بوو ئەو ڕوداوە دەنگدانەوەیەکی زۆری نەبوو لەلایەن ولاتانی تری ئیسلامی ئەوەش بەڵگەیە کە خەڵکێکی زۆر بەو یاریە سیاسیەی زانیوە کە دەمێکە پێیان دەکرێت.

## خودا وڵات بە شیرک و کوفر کاوڵ ناکات گەر خەڵکەکەی چاکەکار بن!

بەپیی قورئان بێت کۆمەڵگایەکانی موسڵمانان و وڵاتە موسڵمانەکان بۆیە خودا ڕۆژ بە ڕۆژ کاولی دەکات، و بەرەو دواوەی دەبات، چونکە وڵاتەکان تەژین لە ستەمکاری ودزی و تاڵانی گەلان و بە کۆیلەکردنیان! لەو جۆرە کۆمەڵگایانە تا بۆیان بکرێت مرۆڤەکان سەرکووت دەکەن و کەرامەتیان دەڕژێنن بۆ مووچە و بۆ پاروە نانێک، و زۆربەی سامانی نیشتیمان بە تاڵان دەبەن، خۆیان بە ملیۆنەها خەرج دەکەن، کەچی پییان ئاساییە کارمەند ومامۆستایان چوار مانگ موچە وەرنەگرن، نەک هێندە پێشمەرگەش دەنێرنە هێڵی مەرگی ڕووبەڕوو بوونەوە بە گیرفانی خاڵی، ودڵی پڕ نیگەرانی ماڵ ومنداڵی و ترسی کرێچی، وبەبێ مووچە!

کە بەدوای سامانی ئەو سەرۆک و وەزیر و بەرپرسە حزبیانە دادەچیت، بۆت دەردەکەوێت کە بەملیارەها دۆلاریان لە هەژمارە بانکیەکانی خۆیان داناوە، بەوەندەش بەس ناکەن، بەڵکو لەو ڕۆژگارە سەختانەش دەست ناپارێزن لە بەتاڵانبردنی پارەی نەوت فرۆشتن، ومووچەی کارمەندانی حکومی لێ نادەن!

لە ڕۆشنایی تەفسیری دوو ئایەتی قورئان لەلایەن ئیمامی فخرالدين الرازي خوێندنەوەیەک بۆ وەزعی کوردستان و وڵاتانیتری هاوشیوەی گەندەڵی وفەسادی سیاسی وئەخلاقی و ستەمکاری دەکەین، و ئیمامی رازی زۆر بەوردی گوزارش لەو زوڵم وستەمە دەکات کە کۆمەڵگای ئێمەی تێکەوتووە.

لە تەفسیری ئایەتی ( والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم ) پاش ئەوەی چەند جۆرێ تەفسیری باس دەکات و دەڵێت:

" چوارەم: خوای تەعالا پارە وسامانی دروست کردوە بۆ دابینکردنی پێویستیەکان، ئەگەر مرۆڤ هێندەی بە دەست هێنا بتوانێت پێداویستیەکانی دابین بکات، وئینجا پارەی زیاتریشی لە پیداویستیەکانی کۆکردەوە، ئەو سوودی لێ ناکات چونکە زیادەیە لە پێویستیەکانی، و قەدەغەکردنی لە خەڵکیتر کە دەتوانیت پێداویستیەکان خۆیان پێ دابین بکەن، ئەو مرۆڤە بەو مەنع کردنە مانیعی دەرکەوتنی حیکمەتی خوا بوو، مانیع بوو لە گەیشتنی چاکە و ئیحسانی خوا بە بەندەکانی"

والرابع : أنه تعالى إنما خلق الأموال ليتوسل بها إلى دفع الحاجات ، فإذا حصل للإنسان قدر ما يدفع به حاجته ، ثم جمع الأموال الزائدة عليه فهو لا ينتفع بها لكونها زائدة على قدر حاجته ]ص [ 37 :ومنعها من الغير الذي يمكنه أن يدفع حاجته بها ، فكان هذا الإنسان بهذا المنع مانعا من ظهور حكمته ، ومانعا من وصول إحسان الله إلى عبيده .

لە ئایەتی دەەومدا باسی هۆکاری کاوڵ کردن و لەناوبردنی خودا دەبات بۆ تاوانبارانێک لەبەر ستەم کردنیان لە ئادەمیزاد و خواردن و دزینی مافەکانیان و زەوت کردنیان!

ئیمامی فەخری ڕازی لە تەفسیری ئایەتی: ( وما كان ربك ليهلك القرى بظلم وأهلها مصلحون ولو شاء ربك لجعل الناس أمة واحدة ولا يزالون مختلفين إلا من رحم ربك ولذلك خلقهم وتمت كلمة ربك لأملأن جهنم من الجنة والناس أجمعين )

بزانە خودا دیاری کردوە کە هیچ [گوندێک و شارێک و وڵاتیک ] کاوڵ ناکات تەنها بە ستەمکاری نەبێت، ئەوەش چەند ڕوێکی هەیە:

ڕووی یەکەم: مەبەست لە ظلم  هاوبەشی وشیرکە، خودا دەفەرموێ: إن الشرك لظلم عظيم

واتە خوای تەعالا خەڵکی شارێک لەناو نابات تەنها ئەگەر موشریک بن، ئەگەر چاکخواز و لە مامەڵەکردنی یەک باش بن، ، لە ئەنجامدا شکەنجەی ڕیشەکێش کردن بەسەر کەسانێک دانایەت لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە لە ڕووی باوەڕوە کافر وموشریکن، ئەو عەزابە ئەو کاتە دادەبەزێت ئەگەر خراپ بوون لە مامەڵەکردنی یەکتر و هەوڵی ئەزیەتدانی یەکتر و ستەم لە یەکتر کردن.

هەر بۆیەش فەقیهەکان دەڵێن حەق ومافی خودای تەعالا لەسەر بنچینەی لێخۆش بوون و ئاسانگیری بنیات نراوە، و مافي بەندەکانیش لەسەر توندی و سەختی بنیات نراوە. لە ئەسەردا هاتوە: دەسەڵات لەگەڵ کوفر دەوام دەکات لەگەڵ ستەم دەوام ناکات، کەوابوو مانای ئایەتی: وما كان ربك ليهلك القرى بظلم واتە [ لەناویان نابات تەنها بە هاوبەشی بڕیاردانیان ئەگەر چاکخواز بن، و مامەڵەی یەکتریان کرد لەسەر چاکەکاری وڕاست ودروستی. ئەوەش لێکدانەوەی ئەهلی سونەیە بۆ ئەو ئایەتە، و دەڵێن: بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە کە قەومی نوح و هود و ساڵح و لوت و شوعەیب سزا وعەزابی ڕیشەکێشکردنیان بەسەردا دابەزی لەبەر ئەو ئەزیەتدانەی خەڵک و ستەم کردنیان لەیەکتر وەک خودا لییان دەگێڕێتەوە.

ڕووی دووەم: لە تەئویل و لێکدانەوەی هەڵبژاردەی موعتەزیلەیە کە دەڵێن: ئەگەر خوای باڵا لەناویان بەرێت لە کاتێکدا کە چاکخوازن، کەوابوو خودا دوور لە ستەم کردن نابێت، بیگومان وا ناکات، بەڵکو کاتێک لەبەر بەدکاریان لەناویان دەبات.

اعلم أنه تعالى بين أنه ما أهلك أهل القرى إلا بظلم وفيه وجوه :

الوجه الأول : أن المراد من الظلم ههنا الشرك ، قال تعالى : ( إن الشرك لظلم عظيم) [ لقمان 13 ] والمعنى أنه تعالى لا يهلك أهل القرى بمجرد كونهم مشركين إذا كانوا مصلحين في المعاملات فيما بينهم ، والحاصل أن

عذاب الاستئصال لا ينزل لأجل كون القوم معتقدين للشرك والكفر، بل إنما ينزل ذلك العذاب إذا أساءوا في المعاملات وسعوا في الإيذاء والظلم. ولهذا قال الفقهاء إن حقوق الله تعالى مبناها على المسامحة والمساهلة، وحقوق العباد مبناها على الضيق والشح . ويقال في الأثر : الملك يبقى مع الكفر ولا يبقى مع الظلم ، فمعنى الآية:

( وما كان ربک ليهلک القرى بظلم ) أي لا يهلكهم بمجرد شركهم إذا كانوا مصلحين ، يعامل بعضهم بعضا على الصلاح والسداد. وهذا تأويل أهل السنة لهذه الآية، قالوا : والدليل عليه أن قوم نوح وهود وصالح ولوط وشعيب إنما نزل عليهم عذاب الاستئصال لما حكى الله تعالى عنهم من إيذاء الناس وظلم الخلق.

والوجه الثاني : في التأويل وهو الذي تختاره المعتزلة :هو أنه تعالى لو أهلكهم حال كونهم مصلحين لما كان متعاليا عن الظلم فلا جرم لا يفعل ذلک بل إنما يهلكهم لأجل سوء أفعالهم[13].

٢٠١٥/١٠/١٨

[13]- سەرچاوە: التفسير الكبير، الإمام فخر الدين الرازي أبو عبد الله محمد بن عمر بن حسين القرشي الطبرستاني الأصل دار الكتب العلمية ببيروت، سنة النشر: 2004م – 1425هـ

## بەشی پێنجەم

## ئیسلامی سیاسی عروبی و کێشەی فەڵەستین


- چۆن کورد ڕزگاری دەبێت لە ژێر کاریگەری فۆرمی عەرەبی بۆ ئیسلام؟ .......................... 154
- کورد و شەڕی سایکۆلۆژی ئیسلامیەکان .................................................................. 159
- بەردەوام نابم لە وڵاتێک سەرکوتم کات بەناوی ئیسلام و عروبەت!! ................................. 162
- دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو لەسەر فەلەستین! ...................................................... 164
- ئیسڕائیل پشتگیری لە کورد دەکات یان کورد بەکار دەهێنێ؟! ........................................... 171
- کوردستان وفەڵەستین: دوو دۆزی قابیلی بەراورد کردن نین! ............................................ 173
- پیلانی سێنترالیزمکردنی کێشەی فەلەستین هەڵوێستی پڕ میهرەبانانەی تورک ................. 176
- غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان ............................................................... 177
- ئیخوانیەت و هەڵوێستی هەقیقی فەلەستینیەکان و عەرەب لە کێشەی کورد ...................... 181
- سەربەخۆیی کوردستان لە ڕونگەی ئێران وحەماس وئیسرائیل ........................................... 185
- تورکیا وئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەک! ..................................................................... 188
- کەناڵی جەزیرە و هاندانی تیرۆر ..................................................................................... 191
- مەسیحیەک بە زمانی عروبە و ئیسلامی سیاسی دەدوێت! ................................................ 192
- نەفرەت لە دۆزی فەڵەستین و حەماس و قودسیشت! ....................................................... 194

# چۆن کورد ڕزگاری دەبێت لە ژێر کاریگەری فۆرمی عەرەبی بۆ ئیسلام؟[14]

## بەشی یەکەم

بەڕای من سۆفیەت لە بنەڕەتدا کە دروست بوو، هەوڵێک بوو بۆ قووڵبوونەوە لە لایەنی ڕووحی و مەعنەویات، و جۆرێک لە یاخیبوونی بێ دەنگانە بوو لەو ڕوحیەتە جەنگاوەرەی کە زاڵە بەسەر کۆی دەقەکانی ئیسلامدا، وەک لە زنجیرەیەک وتار باسم کردوە بە ناوی: **ئیسلام وەک ئاینێکی جەنگاوەر!** هەروەها ئەنجامی کارلێکەری عەقڵیەتی میللەتانی نا عەرەبی و عەرەب بوون. بۆیە کە دەڕوانیتە کەسە هەڵکەوتوەکانی تەسەوف لە زۆربەی هەرە زۆریاندا عەرەب نین. میللەتانی ناعەرەب تووشی شۆک هاتن کە بینیان هەڵمەتی سوپایی گەورە وەک گەردەلوولەی بیابان دێت بۆ سەریان بە ناوی دین و لە ژێر دروشمی دینیدا!

چونکە بەرلەوە هێرشەکان هەر بە ناوی ئیمپراتۆریەت و دەوڵەت و سیاسەتی داگیرکردن و ڕووتاندنەوە دەهاتن، وەک هەڵمەتەکان و شەڕەکانی دەوڵەتی ڕۆم وفارس، هەرچەندە قورئان دەیەوێت ڕەهەندێکی دینی بداتە ئەو شەڕانە، وەک شەڕی مەجوسیەت و ئەهلی کیتاب باسی دەکات، و دەڵێت موسڵمانان حەزیان بە سەرکەوتنی ڕۆمەکانی ئەهلی کیتاب دەکرد! بەڵام لە هەقیقەتدا ئەوە تەنها شعوری موسڵمانان بوە کە لە زووەوە تەفسیری دینیان بۆ هەموو ڕووداو و دیاردەیەک کردوە، دەنا ئەو شەڕانە لە ژێر هیچ دروشمێکی دینیدا نەدەکرا، وەک شەڕ و غەزای موسڵمانان.

سۆفیەت هەر بۆیە زۆر زوو دەرکەوت لە گۆڕەپانی ئیسلامدا، ویەکەم کەس کە ناونرابێت سۆفی وەک لە قسەکانی ابن تیمیة و"کشف الظنون" هاتوە [ أبو هاشم الصوفي] کە لە ساڵی سەد و پەنجای کۆچی ١٥٠ هـ وەفاتی کردوە. بێگومان کوردیش ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە دەرکەوتنی سۆفیەت وگەشەکردنی، شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مەولانا خالیدی نەقشەبەندی وسوهرەوەردی کوردبوون ، کە ئەوانە بە کەسە هەرە دیارەکانی ئەو مەیدانە دادەنرێن، جگە لەو کەسایەتیە سۆفیانەی کە سەرەرای مەزنایەتیان، بەڵام شوهرەتیان هەر لە ناو کوردستان مایەوە، وەک مەلای جزیری و مەحوی و ئەحمەدی خانی وگەلێکیتر.

تەریقەتی سۆفی دیاردەیەکی ئیسلامی گشتی بووە، بەڕای من تەنها شێوازی دینداری کورد نەبووە، بەڵکو زۆر لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی عەرەبی و فارسی وئەفغانی وهیندستانی وئەفریقایی و مەغریبی وئەندەلوسی تەریقەت لە ناویاندا باو بووە. ئینجا دوو تەریقەتی تەسەوف کە هەبووبێت لە ناو کورددا، تەریقەتی قادری و

[14] http://www.nuche.net/?p=28102

نەقشەبەندی بوون، یەکەمیان هەتا ئەگەر خاوەنەکەشی کورد بێت، بەڵام لە کوردستان لە دایک نەبوو، بەڵکو لە بەغداوە دەرکەوت وبڵاوبۆوە وگەیشتەوە کوردستان لەوێوە!

نەقشەبەندیش هەر لە بوخارا وهیند دەرکەوت، مەولانا بەپێی خۆی چوو بۆ هیندستان و لە شاە عبدالله ی دهلەوی وەریگرت و هێنای بۆ کوردستان، هەرچەندە مەولانا خالید ئیزافاتی خۆشی خستە سەر تەریقەتەکە و سەرلەنوێ بنیاتی نایەوە، و ئەو قۆناغەی تەریقەتەکە بە ناوی ئەو ناونرا: نەقشەبەندی خالیدی!

لەبەر ئەو هۆیانە من بە ڕەهایی لەو باوەڕە نیم کە دینداریەکی تایبەت بە کورد بێت، بەڵام دەکریت بڵێین کە تەسەوف نزیکترین شێوازی دینداریە بۆ دەروون و نەزعەی دینداری کوردی، لە سوودەکانی تەریقەتی نەقشەبەندیدا: نووسەری کتێبی النقشبندية نشأتها وتطورها لدي الترک،[15] دەڵێت: بە دەرکەوتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گیانی زوهد ودینداری زۆر بڵاوبوەوە و ڕێژەی تاوان و دزی و راوەڕووت و ڕێگری زۆر کەم بوەوە لە ناوچە کوردیەکان، ودەڵێت کاریگەری ڕابیتەی سۆفی ڕۆڵێکی گرنگی بووە لە هێورکردنەوەی ئەعسابی خەڵک و دوورکەوتنەوە لە خاتیرەی شەڕ و دووژمنکاری لە دەروونی مرۆڤایەتی! لە ژێر کاریگەری ڕێنوێنی وتەعالیمەکانی مەولانا.

ئینجا تەریقەت توانی خەڵک بپارێزێت لە هیرشی مەزاهیبی توندرەوی سەلەفی، چونکە ئەگەر سەلەفیەت بگەیشتبا کۆمەڵگای کوردی، کوردیش خۆی سروشتێکی جەنگاوەرانەی هەڵچووی هەیە، ئەو کاتە کۆمەڵگای کوردی دەبووە داخراوترین و توندڕەوترین کۆمەڵگای ئیسلامی، ودەبوایە سعودیە بێت لە ئێمەی کورد فێری توندڕەوی بووایە، وەک چۆن ئێستا کەسانێکی توندڕەوی خۆمان لەوێوە تووندرەویمان بۆ هاوردە دەکەن، تازە بە تازە باسی حەڕامێتی سەیارە لێخوڕین و ناردنی کچ بۆ خوێندنی زانکۆ، ودەم وچاو دەرکەوتنی ئافرەت دەکەن!

سەرەڕای ئەوەش ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی کوردی زیرەک بوایە، کە قەت نەبووە، دەیتوانی سەرەڕای ئەمن وئاسایشی کۆمەڵگا کە ئەو تەریقەتە دابینی دەکرد، سوودێکی زۆری لەو گوێڕایەڵی سەرتاسەریەی بۆ قسەی مەولانا خالید بکردبایە بۆ یەک دەنگی کورد و پڕۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فراوانی هەموو کوردستان بگرێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە وەک شێخ عەبدولکەریم مودەریس ئاماژەی پیدەکات، کە دەسەڵاتی بابانەکان تۆقیبوون لەبەر گوێڕایەڵی خەڵک و خۆشەویستی خەڵک بۆ مەولانا خالید، هەر بۆیەش ئاگری دووبەرەکێی هەردوو تەریقەتی قادری ونەقشەبەندیان گەرمتر دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی مولانا بە ڕاکردن ڕای کرد لە

15 النقشبندية نشأتها وتطورها لدي الترك، الدكتورة بديعة محمد عبد العال، الطبعة الأولى القاهرة ، الدار الثقافية للنشر، 2009، ص22: 28،

سلێمانی، بۆ ئەوەی هیچیتر کێشەکان پەرەنەستێنن، وپاشاکانی بابان یش تەنها وەک تەماشاکەرێک دویانڕوانییە ئەو هەموو کێشە وبیشەیە بێ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن!

مەولانا وادەردەکەوێت وەک کوردە هەڵکەوتوەکانیتر نەبوو، کە گەیشتە بەغداد، کوردستانی لە بیربچێتەوە، بۆیە سەرەڕای ئەو ناوناوبانگەی لە بەغدا دەریکرد و هەزاران موریدی لە دەورە کۆبوونەوە، بەڵام لە یەکەم دەرفەتدا کاتێ محمود پاشای کوری عبدولڕەحمان پاشای بابان داوای گەڕانەوەی کرد بۆ سولێمانی، یەکسەر گەڕایەوە لە دەوروبەر ١٢٣٠ هـ دا.

دوایێ جارێکیتر هەمان بەزمی پێدەکەن تا لە ١٢٣٦ هـ جارێکیتر ڕادەکاتەوە بەغدا و دوایش بۆ دیمەشق، کە هێندە شوهرەت وڕیزدار وپایەدار دەبێت لەناو خەڵکدا، هەتا خەلیفەی عوسمانی لیی دەکەوێتە گوومان ونامە بۆ والی بەغدا دەنێرێت دەربارەی نیازی سیاسی مەولانا خالید!! خوا خێری والی بەغدا بنوسێت کە بەرگریەکی جوانی لێدەکات لای خەلیفە، دەنا لە بەغداشیان وەدەر دەنا! کەوابوو هۆکاری سیاسی و جیاوازی تەریقەتی نێوان قادری ونەقشەبەندی ببوە مایەی نارەحەتی وپشێویەکی زۆر لەناو کۆمەڵگای کوردی! ئەگەر لەسەر دەستی مەولانا خالید ئەو یەکێتیەی چین وتوێژەکانی کورد لەسەر ڕێڕەوی تەریقەت دانەمەزرێت، ئەوە لە نەبوونی

ئەوە ڕاستە تا ڕادەیەکی زۆ کە تەریقەت لایەنی پۆزەتیڤی زۆری هەبووە بۆ کۆمەڵگای کوردی، بەڵام وەک هەر شتێک تەریقەتی سۆفیەت لە ناو کوردا لایەنی نێگەتیڤیشی هەبووە، لەبەر خەلک مەشغولکردن بە زیکر وئەوراد و عیبادەتی زۆر، زیاتر ئەو شێوازە دینداریە گونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگای کشتوکاڵی کوردی، ئاسان نییە گونجانی لە ژیانی هاوچەرخدا، دووەم ڕۆڵێکی ترسناکی گێڕاوە لە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەوار و جەهل لە کاتی خۆیدا، چونکە هەموو بایەخەکان بۆ لایەنی رووحی ودەروونی بوو، لایەنی فێرکاری بە تەواوی فەرامۆشکرا بوو لەو تەریقەتانە. تەنها بۆ نوخبەیەک نەبێت.

یەکێکیتریش لە لایەنە نێگەتیڤەکانی تەریقتی تەسەوف لە ناو کوردا، خراپ بەکارهێنانی شێخەکانی تەریقەتە بۆ تەعالیمەکانی تەریقەت کە دەڵێت مورید لەگەڵ شێخەکەی یان لەگەڵ مورشید دەبێت هێندە گوێڕایەڵ و مل کەچ بێت، وەک مردوو بێت لە ژێر دەستی مردوو شۆر!! یانی هیچ  بیرورا و کەسایەتی و کەرامەتی نە بێت، چی پێگووترا جێبەجیی کات، ئەو شتەش زیاتر قوڵدەکرێتەوە لە ڕێگای جۆری زیکرەکانی تەریقەت وەک لە نەقشەبەندیدا دەبێت مورید ڕوحی مورشید بهێنێتە بیری خۆی کاتێ زیکر دەکات، مورشیدیش ڕوحی پێغەمبەر [د.خ] و پێغەمبەریش خوا!!

هەموو کەسێکیش مەولانا نییە ئیستیغلالی ئەو ملکەچیە و لاشە مردوە وبێ دەسەڵات وبێ ئیرادەیە نەکات بۆ مەرامە کەسێتیەکانی خۆی، بۆیە شێخەکانی تەریقەتە جیاوازیەکان بە خراپترین شێوە کەرامەتی مرۆڤە شوێن کەوتوەکانی خۆیان دەسڕنەوە، ومرۆڤێکی ترسنۆک وبێ ڕەئی و دەمارگرژی بودەڵە بنیات دەنێن، کە هەموو ئاواتی ئەوەیە دەست وپێ و کەوشەکانی شێخەکەی ماچ بکات! ئەوە لە کاتێکدا لە ئیسلامدا ئەو مرۆڤ پەرستیە نییە، وپێغەمبەر پەرستیش نییە، بەڵکو نابێت زیادەڕۆیش لە خۆشەویستی بکرێت، وهەتا قورئان لە چەندین جێگادا جەخت لەسەر بەشەریەتی پێغەمبەر [د.خ] دەکاتەوە، و پیی دەڵێت: قل انما انا بشر مثلکم! واتە بڵێ من تەنها مرۆڤێکم وەک ئێوە! ئەوەش بۆ ئاسایی کردنەوەی وێنەی پێغەمبەرە لە زهنیەتی ئیمانداران.

بۆیە بەڕای من تەریقەتەکان ئەگەر بیانەوێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لەناو کۆمەڵگای کوردی، دەبێت چاکسازی زۆر گەورە بکەن لە ڕێنوێنیەکانی و جۆرێتی کەسەکانی، و هەوڵی خۆ گونجاندن بدات لەگەڵ ڕۆژگاری هاوچەرخدا، دەنا بەو شێوەیەی ئێستا زۆر زەحمەتە سەرنجی مرۆڤی کوردی دیندار بۆ خۆی ڕاکیشێت. هەرچەندە بەڕای من تەریقەت ناتوانێت بەربەستیەکی تەواو و کاریگەر بکات لە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی سەلەفی، چونکە چەندە تەریقەت داوای ملکەچی دەکات لە موریدان وشوێن کەوتووانی بۆ شێخەکان ومورشیدەکان، هێندەش سەلەفیەت دژایەتی ملکەچی دەکات بۆ شێخ و مەشایخەکان، مرۆڤی کوردیش بە سروشت یاخییە زیاتر، هەرچەندە خەڵکی ئاسایی تێناگەن کە سەلەفیەتیش جۆرێکە لە چەپاندن و کۆیلایەتی کردن بۆ دەقگەلێک بە ناوی دەقی پیرۆزی حەدیس و کۆیلەی دەقە زۆروبۆرەکان، وکۆیلەی قال فلان و حدثنا فلان، بە ناوی گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر [د.خ] !!

بەڕایی من کورد لە کۆنەوە گوزارشی کردوە لە زەرورەتی وجودی مەزهەبێکی سەربەخۆی خۆی، هەستی بە پێویستی هەبوونی مەزهەبێکی تایبەت بە کورد کردوە دوور لە سوونە و دوور لە شیعە، وەک چۆن یەمەنیەکان مەزهەبیکی مامناوەندی نێوان شیعە و سوونەیان دروستکردوە بە ناوی زەیدی، بەڵام لەبەر نەبوونی متمانە بە خۆ، ئەو پرۆژە تا ئەمڕۆش دواخراوە. خۆزگە زانایانی دینی ئەو سەردەمە بە قەد نیوەی یەمەنیەکان و فارسەکان هەستیار دەبوون، چونکە بەڕاستی جێگای ئەسەفە زانای گەورەی وامان هەبووە هەموو ژیانی لە ناو زانستە ئیسلامیەکان سەرف کردوە، کەچی هەر شوێن کەوتەی مەزاهیبە باوەکانی بست بە بست کردوە!

ئەمرۆ خۆشبەختانە ئەو بابەتە زۆر بە شێوەیەکی بەهێز لەناو رۆشنبیرانی دینداری کورد دەوروژێنرێت، بەڕای من دەبێت ئەو کارە بە منەوەر و ڕۆشنبیرانی دینداری ناو جەماوەر بسپێردرێت، نەک بە مەلای تەقلیدی کە ناوێرێت قسە لە قسەی فەقیهێکی شافیعیش بکات، نەک ئیمام شافیعی خۆی!

موسڵمانی کورد هەر لە ئێستادا زۆر خاسیەتی عەمەلی وئیعتیقادی تایبەت بە خۆی تێدایە کە دەکرێت کار و توێژینەوەی دەربارە بکرێت، کورد پێویستی بە مەزهەبێکی دینییە:

- کە دوور بێت لەو ناکۆکیە مێژوویە بێ مانایانەی نێوان شیعە وسونە، لە بواری عەمەلیش هەر وایە، کورد هێندە دەربەست بەو مێژووە نیە.

- نزیکتر بێت لە قورئان و هیچ حەدیسێک و قسەیەکی توراسی دینی وەرنەگرێت کە پێچەوانەی قورئان دەکات.

- ئیسلام دابڕێنێت لە ڕوحی جەنگاوەری و بیباتەوە سەر ئەسڵی دینی عیبادەت کردن، و ڕوانینە ئەو دەقانەی کە لەسەر جەنگ وجیهاد هاتوون وەک ئەحکامێکی مەرحەڵی وتایبەت بە قۆناغی چەسپاندنی دین.

- جەختکردنەوە لەسەر تەوجیهاتە مەدەنی ومرۆییەکانی ئیسلام، ڕاگرتنی هەر ئەحکامێکی مێژوویی کە مەشروعیەتی نەماوە وەک کۆیلایەتی و دەستبڕینی دز، وستیتر، چونکە کە دەستت بڕی دەبێتە کەمئەندام، کەمئەندامیش ئەمڕۆ لە وڵاتانی دونیا دەوڵەت ناچارە هەموو نەفەقاتی ژیانی بکێشێت!

- هەڵگرتنی سزا توندەکانی کە لە قورئاندا نەهاتوە وەک بەردباران کردنی زیناکەران و سزای هەڵگەڕانەوە.

ئەوە چەند سەرباسێک بوون دەکرێت زیاتر تێیدا فراونتر باس بکرێت، هیوادارم بەرچاو ڕوونیەکم کردبێت لەسەر چۆنیەتی ڕزگار بوونی کورد لە کەوتنە ژێر کاریگەری نەتەوەکانی تر.

٢٠١٥/٢/١٥

# کورد و شەڕی سایکۆلۆژی ئیسلامیەکان

گەورەترین کێشە کە ئێمەی کورد، وەک نەتەوە پێیەوە دەناڵێنین، لەو جوگرافیا جەهەنەمییەی نێوان سێ چوار نەتەوەی موسڵمانی وەک عەرەب وتورک وفارس وعەجەم، کێشەی چەوساندنەوەی مێژوویی وجوگرافی وسیاسی وسایکۆلۆژییە. ئەگەر هەموومان دەربارەی کێشە وچەوساندنەوەی مێژوویی وجوگرافی وسیاسی بزانین، دەبێت چەوساندنەوەی دەروونی چی بێت؟

ئێمەی کورد لە ئەدەبیاتی مێژوویی وسیاسی وکۆمەلایەتی ئەو نەتەوانە لە وەتی مێژوو هەیە بە دەگمەن وشەیەکی چاکمان دەربارە نەگوتراوە، زۆربەی کتێبە مێژووییەکانی ئەو نەتەوە بەتەوسەوە باسی کورد دەکەن لەچاکترین حالەتدا، هەیانە بە ئاشکرا کوردی تەکفیر کردوە وبە نەتەوەیەک لە دز وجەردە نیشاندراوە، نمونە زۆرن لەو بابەتانە، هەتا ئەو حاڵەتە پەڕیوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵ وگروپە ئیسلامیەکان وهەتا نوسەرە ئیسلامیەکانیش، چونکە ئەوانیش زادەی ئەو ئیسلامە مێژووییە وڕابردو وتوراسیەن کە ئەمڕۆ لە خراپترین فۆرمی سەلەفیەتدا پەیڕەو دەکرێت.

ئەو کوردە ناشیرینەی کە چوە خزمەتی پێغەمبەر، وئەویش گوایە لەبەر ناحەزی بچم وسەروسیمای ئەو کوردە دوعای لە هەموو کوردان کردوە، ئەگەر ئەسڵی مێژووییشی نەبێت ئەوە گوزارشە لەو دڵە ڕەشە تورکەی کە ئەو چیرۆکەی هەڵبەستوە بۆ کورد، هەتا پەندێکی ناوداریشی هەیە لەسەر کورد، کە دەڵێت: کورد تەنها بە بەراورد لەگەڵ کافراندا موسڵمانن!

ئەوە جۆرێکە لە شەڕی سایکۆلۆژی، لە توراسی عەرەبیدا هاتوە کە رۆژێک پێشنوێژێکی عەرەب ئەو ئایەتەی {عليها ملائكه غلاظ شداد لا يعصون الله ما أمرهم ويفعلون ما يؤمرون} بەغەڵەت خوێندەوە بەو جۆرە: {عليها ملائكه غلاظ شداد يعصون الله ما أمرهم ولايفعلون ما يؤمرون} نوێژکەرێک لە دواوە گووتی: (ئەگەر وابن ئەوانە کوردن مەلائیکەت نین !!!(جابزانە ئەو قسەیە کە بۆ نوکتە وگاڵتە گوتراوە لە کەلەپوری عەرەبدا چۆن گوزارش دەکات لە تێڕوانینیان لە میللەتی کورد؟!

ئەوەش جۆرێکە لە شەڕی سایکۆلۆژی. نەک ئەوەندە هەتا ناسراوترین مولحید لە مێژووی عەرەبی ئیسلامیدا (ئیبن راوەندی) کە ڕەخنە لە خودی قورئان دەگرێت یەک بە یەک لەسەر ئایەتەکانی قورئان دەدوێ لە یەکێک لە کۆمێنتە سەرەنجڕاکێشەکانیدا دەربارەی ئەو ئایەتە (أولئک لهم جنات عدن تجري من تحتهم الأنهار يحلون فيها من أساور من ذهب ويلبسون ثيابا خضرا من سندس متكئين فيها على الأرائک (دەڵێت ئەگەر

بەهەشتیەکان جلی سندس کە ئاوریشمی تەنکە وئیستەبرەق قوماشێکی زبر و ئەستورە لەبەر بکەن ئەوە لە بوکی کورد دەکەن!!

لە ڕۆمانێکی مێژوویی ڕۆمانوسی بەناوبانگی ئیسلامی میسری (علی باکثیر) لەسەر قەرامیتەکان باسی کورد وەک دز وجەردە دەکات وهەر خەریکن خەڵک دەفڕێنن لە ڕێگا وباندا!!

ئەو توراسە سەلبیەیە کاری کردۆتە سەر دیدی زۆربەی زۆری گەلانی موسلمان، و ئیسلامیەکان بە تایبەتی، پیسان بەس کاریکردبوە سەر میللەتانی دەوروبەر، بەڵام ئەمرۆ پاکستانی و هیندی و مەغریبی و تونسیەک هەمان تێڕوانینیان هەیە. پێیان وایە کورد میللەتێکی بێ عەقڵ و نەزان بە ئیسلامن، و دۆستی دوژمنانی ئیسلامن! هەتا لەسەر مینبەرەکاندا ناوی هەموو گەلانی موسڵمان دێت، بەڵام بە دەگمەن نەبێت ناوی کورد نایەت!

کە کوردێک قورئانی سوتاندبوو لە یادی ئەنفالدا، لە ٢٠١٠ زانایەکی گەورەی سەلەفیەتی جیهادی بەناوی ابو بصیر الطرطوسي، بەیانێکی هێندە سەیر وپڕ لە حیقدی لەسەر کورد بڵاوکردەوە، وەک بڵێی هەموو کورد ئەو کارەیان کردبێت، وەک فلمێکی ئەمریکی فڕۆکەیەکیان لە کوردستان کەوتبوە خوارە، لەو شوێنە شاخایە بە پەرەشوت دابەزین، و سەربازێک بڵندگۆیەکی لەدەست بوو هاواری دەکرد، ئەی گەلی کوردستانی عێڕاق ! بەس ئەو دەرهێنەرە کورد نەناسێ ئاساییە، بەڵام ئەو تیرۆرستە خەڵکی سوریایە، کە ڕۆژانە کورد دەبینن و تێکەڵاوی دەبن، کەچی وەک ئەمریکیەکە قسە ئاڕاستەی هەموو گەلی کوردستانی هەر چوار پارچە دەکات، عێڕاق و سوریا بە تایبەتی!

و دەڵێت: بەیاننامەیەک بۆ ئەکراد بە گشتی، و ئەکرادی عێڕاق و سوریە بە تایبەتی، السلام علی من اتبع الهدی منکم، وبعد

دەستدرێژی بەردەوای ئێوە بۆ سەر کتێبی خوامان پێگەیشتووە، بە سوکایەتی پێکردن و سوتاندنی لەبەرچاوی خەڵکی گشتی و تایبەتیدا!... هەروەها ئێمە لە بەیانات و وتارە ڕەگەزپەرست و نەتەوەپەرستەکانتان بێ ئاگا نین، کە لەسەر بنچینەی ئیلحاد و جیاوازی نانەوە و، دوژمنایەتی ئیسلام و خەڵکەکەی بنیات نراوە!

ئینجا دەڵێت: ئێوە بێ ئیسلام... یەکسانن بە هیچ..وەک منالێکی خراپن کە خۆی لە دایک و باوکی بەری بکات.. وەک گەلایەکی وشکن کە کرم بیخوات..لە دارێکی گەورە وبەرز لێدەبێتەوە، کە ڕەگی بە قولایی زەوی و مێژوودا چووە، و لق و پۆپیشی بە ئاسماندا هەڵچووە!" [1]

## بابەتێکی تایبەتم دەبیت لەسەر ئەو بەیانە و ئەو گەورە تیرۆرستە داعشییە.

هەر ئەو تەڕتوسیە بەیانێکی تایبەت لەسەر سەدام دەردەکات، بە ناوی: **فَصْلُ الكَلامِ في الحُكمِ على صَدَّام!** بە سەد بەڵگەی دینی سەدام دەکاتە وەلیەک لە ئەولیای خوا! یانی بە کورتیەکەی وەک جوجکە ڕەشەکەی ناو جوجکە زەردەکان لە کورد دەڕوانن، یان دەبێت وەک میللەتانی ئەوان دوای ئیسلامی سیاسی و جیهادی و داعشی بکەوین، یانیش قەت بە چاوی ڕیز لێت ناڕوانن.

کورد نابێت بەرامبەر ئەو لیشاوە لاواز بێت، پێویستە ڕەتی هەموو تەرحێکی ئیسلامی سیاسی بکاتەوە، و فێر بیت چۆن لەگەل موسڵمانە ئاساییەکانیان قسە بکات، و پێیان بڵێت کە ئیسلامی سیاسی ئەوانی لە چ زۆنگاوێکدا نقوم کردوە! نەک هەر خەریکی پاساو هێنانەوە بێت، وەک میدیای ئیسلامی و هەتا حزبەکانیش، کە زوو زوو دەچنە ناو پێشمەرگە، نوێژ و ڕۆژوویان ڤیدیۆ دەکەن، وەک میسەجێک بۆ داعش و هاوبیرانیان، ئەها ئێمەش موسلمانین، نوێژ دەکەین و ڕۆژووش دەگرین!

هەتا دەڵین زۆر لە عەرەبەکانی ئاوارەی کوردستانیش، ئەوەی ئیلتیزامی ئیسلامیشی نییە، بەو تێڕوانینە نێگەتیڤە دەڕوانێتە موسڵمانی کورد! زۆر گرنگە کورد زوو ببێتە خاوەنی سنووری خۆی، ئەگەر کورد سەربەخۆیی وەرنەگرێت لەو چەند ساڵانەدا، ئاییندەیەکی زۆر مەترسی چاوەڕوانی دەکات، لەناو دەریایەک لە موسڵمانانی نەیار و ناحەز! [1]

**إلى الأكراد بعامَّة، وأكراد العراق وسورية بخاصَّة، السَّلام على من اتبع الهدى منكم، وبعد . فقد تناهى إلى علمنا اعتداءاتكم المتكررة على كتاب الله تعالى .. إهانة وحرقاً .. وعلى مرأى ومسمع من العامة والخاصة .. ومن قياداتكم في حزبي "الطالباني، والبرزاني" .. كما أننا لا نجهل خطاباتكم وبياناتكم القومية والعنصرية الحاقدة .. والمتكررة .. التي تقوم على الإلحاد ، وبث الفرقة .. واستعداء الإسلام وأهله! أنتم من دون الإسلام .. لا تساوون شيئاً .. كولد عاق يتبرأ من أمه وأبيه .. وكورقة يابسة تآكلها الدود .. تسقط من على شجرة أصلها ثابت في أعماق الأرض والتاريخ .. وفرعها في السماء.**

25/06/2016

## بەردەوام نابم لە وڵاتێک سەرکوتم کات بەناوی ئیسلام و عروبەت!!

ئەو ڕستەیەی سەرەوە دەبوایە دە میک با لە زاری سەرکردەیەکی کورد دەرچووبا، بەڵام بەو پەڕی بوێرییەوە لە دەمی وەزیری دەرەوەی سودانی (دینق ئەلور) ئەندامی بیرۆی سیاسی بزوتنەوەی گەلێری باشوری دەرچوو، پاش ئەوەی عەرەبەکانی سودان درێغیان نەکرد لە شەڕ و کوشتار وماف زەوت کردنی باشوریەکان . ئەوەی لەو ڕۆژانە لە پەرلەمانی عێراق ڕودەدات بەڕاستی دڵی دەوێت بەرگەی بگرێت، ئەو حقده شۆڤێنیستەی زۆربەی لایەنە عەرەبیەکان وتورکمانەکان هێندە سەرەتایی ونامرۆیانەن مرۆچ بەخێرایی رۆکێت دەباتە سەر ئەندێشەی سەربەخۆیی.

بەڕاستی پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراقی مایەی شانازی وڕێزن کە بەوپەڕی چاونەترسیەوە شەڕی سیاسی دەکەن وبەرگەی ئەو پان شۆڤێنیزمیە دەگرن، بۆیە وادەڵێم چونکە ئێمە لە کۆڕێکی ئاسایی نەمانتوانی تا دوا سات گوێ لە قسە پڕ عونسیریەت وشۆڤێنیستەکانی عەرەب وتورکمانەکان بگرین، نازانم چۆن ئەو پەرلەمانتارانە دەتوانن بەرخورد لەگەڵ ئەو جۆرە عەقڵییەتە ئیستبدادەی عێراقیەکان بکەن؟!

ئەمرۆ شەممەیە لەکاتی نوسینی ئەو ستونە و کە ئەمرۆش پەرلەمان نەگەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر یاسای هەڵبژاردن وکێشەی کەرکوک وباسەکە خرایە بەیانی یەک شەممە وەک دوا چانس، هەرچەندە ئێمە گەشبین نین لەوەی بەیانیش بگەینە ڕێککەوتن بەڵام ئەگەر ئەیاد سامەرائی هەڕەشەی کودەتایەکی وەک کودەتاکەی 22ی تەموزی 2008 دەکات کە لەچاوتروکانێک هەموو عەرەبەکان لە کۆی 140 کەس 127 کەس دەنگی دا لە دژی کورد وسەلماندیان کە بەهیچ ئاوێک پاک نابنەوە! ئەی کەوا بێت، دەبێت بۆ کورد کارتێکی وایان نیشان نەدات وەک کارتی مەرگ ونەمانی عێڕاق، بەڵکو ڕازی دەبن بە تا؟!

پێویستە کورد لەو قۆناغە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هەموو ئەو لێشاوە شۆڤێنیستیە ئەگەر لۆ فشەش بێت تەنها بۆ جارێک باسی سەربەخۆیی بکەن، خۆزگە گەلێکی خوڵقاوی سەر هەمەلایا یان ناو تاریکستانی جەنگەڵەکانی ئەفریقیا باین نەوەک هاوسێی عەرەب وتورک وعەجەم باین. بەڕاستی ئەوەی لە مێژوو دەگوترێت لە باسی برایەتی ئێمە وئەوان لەسەر بنچینەی ئایینی هاوبەش تەنها درۆیەکی ڕووتە وهیچی تر. پێویستە لە قۆناغی فیدرالیەت دەچین وبەلایەنی کەمەوە باسی کۆنفیدرالیەت بکەین وبەڵکو هەلومەرجێک دەرەخسێ بۆ سەربەخۆیی.

ئەگەر وەزیری دەرەوەی سودان دەڵێت:" بۆچی بەردەوام بم لە وڵاتێک سەرکوتم کات بەناوی ئیسلام و عروبەت!!" کە مەسیحییە ولەوانەیە ستەمی ئایینی زۆری چەشتبێت، خۆ ئێمەی کورد موسڵمانین ئەوجا ئەو

بەزمەمان پێدەکەن، یان خەڵکە دارفۆر زۆر لە خەڵکی عەرەبی سودان موسڵمانترن ئینجا وا هەوڵی قەلاچۆکردنیان دەدەن، وادیارە جیناتێک هەیە لە ناو جەستە وزیهنیەتی عەرەبی وئیسلامی ڕێی لێدەگرێت ئیرتیقا کات بۆ ئاستی مرۆڤایەتی. ئەگەر هەر زوو بیر لە سەربەخۆیی نەکەینەوە ئەوە وەزعمان لە عێراق و وەزعی کورد بە گشتی لە وڵاتەکانی تریش هەر بەرەو خراپترە، وبەقەناعەتی ئێمە شەیتان بگۆڕێت ئەو شۆڤێنیستانە ناگۆڕێن.

٢٠٠٩/١١/٨

# دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو لەسەر فەلەستین!*

بێگومان هەمووومان ومنیش یەکێکم لەوانەی دڵم بەوشیعرە جوانەی شاعیری مەزن پەشێو خۆش بوو لە بارەی کیشەی فەلەستین، چونکە دەیسەلمێنێت، کورد نەک هەر ئیسلامیەکانی، بەڵکو نەتەوەیی وچەپەکانیشی زۆر لە مێژە سەر بە هەر فیکر وئایدیا ودینێک بن پشتگیری تەواویان لە کێشەی فەلەستین کردوە.

بەڵام لەگەڵ بڵاوکردنەوەی شیعرەکە هەستم دەکرد تەواوی شیعرەکە نیە، وبەشێکی لێقرتاوە لەبەر هەر هۆیەک بێت، نەزانی یا چەواشەکاری یان هەرشتێکی تر. چونکە دیوانەکەیشم لا نەبوو، نەمتوانی ڕاستەوخۆ بگەڕێمەوە سەر شیعرەکە. بەڵام پاش ناردنی بابەتەکەم بە ناونیشانی: "غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان" بە ئیمێلێک بۆ شاعیری مەزن پەشێو، سەرەڕای دەستخۆشی بابەتەکەم، دەڵێت کە ئەو شیعرە کۆنە لە ١٩٦٩ نوسراوە، کە لەو سەردەمەش وەک عادەتی هەمیشەیی کورد، کورد لە فەلەستینی فەلەستینیتر بوون!

ئەوەی زۆر جێگای سەرسوڕمانم بوو کە پەشێوە ئاماژەی بەوە کردبوو کە کاتی خۆی سەرەڕای ئەو شیعرە بەرزەش کەسانێکی شۆڤێنیستی عەرەب هێرشێکی زۆریان کردوتە سەر!! بەڕاستی سەیرم پێهات، چۆن کەسێک وا فەلەستین بلاوێنێتەوە و ئەو هەموو هاسۆزیەی بۆ دەربڕێت، کەچی هێشتا ببێتە ئامانجی تانە و تەشەری عەرەبە شۆڤێنیستەکان؟!!! چۆن یەکێک بڵێت:

چەند حەز دەکەم
منی کوردیش
ئادەمزادێکی سەربەست بم،
بە چەلین و کەوشی کوردی
لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛
هێرش بەرم
بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،
بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی
گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،
مزگەوتەکان،

کڵێسەکان...

بە خوێن دەشۆن.

* * *

چەند حەز دەکەم

بژیێنمەوە

داستانەکەی سەلاحەددین،

دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،

ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین؛

تاو بسێنم وەک فەرتەنە،

لەسەر لێوی خاچپەرستان

ڕیشەکێش کەم زەردەخەنە.

بەڵام، چبکەم!

خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،

داگیرکەران لە چوارلاوە

ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.

من کوردێکم...

هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم،

دەنگم نییە.

ئەو فەلەستینیانە بە حەماس وفەتحەوە هێندە بوغرابوون بە پاڵپشتی سەدان دەوڵەتی عەرەبی وئیسلامی بە گەلەکانیانەوەو سەرەڕای پاڵپشتی سەدان وڵاتی تری نا ئیسلامیش وهەزاران حزب و ڕێکخراو ودامەزراوەکانەوە، تا ڕادەیەک غیرەیەکی هەوێ یانیان هەیە بەرامبەر هەر گەلێکی تر کەسانێک پاڵپشتیان بکات، بۆیە لە بیرمە لە کاتی کارەساتەکانی کورد کە میدیا جیهان بایەخی بە کێشەی کورد دەدا، دەیان وتاری فەلەستینی لە دژی ئەو بایەخە دەنووسرا تا جارێکیان من وەڵامی وتارێکی شۆڤێستێکم داوە کە وتارێکی نووسیبوو بە ناوی: ناشێت بەراوردی دۆزی فەلەستین بکرێت بە دۆزی کوردی!!! کە تیایدا ئەوەی خراپ بوو دەرهەق بە کوردی گووتبوو!

دوایی کە تێکستی تەواوی شیعرەکەم پێگەیشت لەلایەن پەشێوی خۆشەویست ئەو کاتە دوو ڕاستیم بۆ بەدیارکەوت:

١- چەواشەکاری ئیسلامیە کوردەکانی خۆمان لە قرتاندنی نیوەی دووەمی شیعرەکە، چونکە پەشێوە تیایدا یارمەتی دانی گەلانی دنیا لەلایەن کورد بە ڕزگاربوونی گەلی کورد دەبەستێتەوە، ئەوەش هیچ تەفسیرێکی بۆ ناکرێت تەنها سروشت دەروێشی تاکی کورد نەبێت کاتێ دەبێتە دەروێشی هەر فیکرەیەک جا مارکسی بێت یان ئیسلامی یان هەر شتێک، ئامادەیە بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆی بکاتە قوربانی بەرژەوەندی فەلەستین وهەر نیکاراگوا وڤیەتنام وئەفغانستان! دەنا بۆ ئەو بەشە گرنگەی دەقرتێنێت، کە هانی تاکی کورد دەدات جارێ هەولی ڕزگارکردنی خۆی بدات، دوایێ بیر لە یارمەتی کەسانێک بکەوە کە ماشەڵڵا هەموو جیهان یارمەتیانە!

٢- کاتی خۆشی کە عەرەب هێرشی کردۆتە سەر ئەو شیعرە لەبەر ئەو بەشەی دووەمە بووە، چونکە عەرەب حەز ناکات باسی ڕزگاربوونی خۆت بکەیت، دەبێت هەر شیعارات ودروشمگەلی ئومەی عەرەبی دووبارەکەیتەوە تا لێت ڕازی بێت، چۆن باسی ڕزگاربوون دەکەیت، ئەگەر ئەو ڕزگار بوونە ببێتە هۆی نەخشە تێکچوونی دوو وڵاتی عەرەبی؟!!

بەشی دووەمە قرتاوەکەی شیعرەکە ئەوەیە:

کوردستانی گەورە و مەزن،

وەک خەرمانی جوتیاری کورد، بەش کراوە...

باستیلێکە،

توند کوردی تێ ئاخنراوە.

بەڵام پەیمان...

هەزار پەیمان...

لە دواڕۆژا،

کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بە گژا،

کە خۆم بینی،

لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،

لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما-

ئەوسا منیش،

وەک کوردێکی خاوەن کیان،

چەک هەڵگرم

بۆ هەر کەسێک بڵێ: ژیان!

پەیمان...

پەیمان...

هەزار پەیمان،

کە ڕزگار بووم

لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم،

ئەوسا بڕۆم،

تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،

نەک هەر لەوێ،

لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،

لە ئەفریکای قولەڕەشا،

لە ئێرتیریای بێ بەهارا،

لە هەر خاکێک دۆلار بژی،

بژیێنمەوە سەد گیڤارا!

ئێستا دەزانن ئەو چەواشەکارییە چەند ئاشکرا وبێ پەردەیە بە دەستی خودی کورد دەکرێت، من گومانم نییە ئەوانەی ئەو شیعرەیان بە قرتاوی بڵاوکردەوە، ئامادەنین بە تەواوی بڵاویکەنەوە، چونکە ئامانجە ئایدیۆلۆژیەکەی ئیسلامی عرووبی شینگێڕ بۆ فەلەستین ناپێکێت.

٢٠١٤/٧/٢٥

سەرچاوە

ئەوەش تەواوی شیعرەکەیە:

دەنگێک لە کوردستانەوە ❊

چەند حەز دەکەم

منی کوردیش

ئادەمزادێکی سەربەست بم،

بە چەلین و کەوشی کوردی

لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛

هێرش بەرم

بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،

بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی

گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،

مزگەوتەکان،

کڵێسەکان...

بە خوێن دەشۆن.

❊ ❊ ❊

چەند حەز دەکەم

بژیێنمەوە

داستانەکەی سەلاحەددین،

دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،

ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین؛

تاو بسێنم وەک فەرتەنە،

لەسەر لێوی خاچپەرستان

ڕیشەکێش کەم زەردەخەنە.

بەڵام، چبکەم!

خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،

داگیرکەران لە چوارلاوە

ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.

من کوردێکم...

هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم

دەنگم نییە.

من کوردێکم...

هەرچەند ئەمڕۆ خۆم نیشان دەم،

ڕەنگم نییە.

کوردستانی گەورە و مەزن،

وەک خەرمانی جوتیاری کورد، بەش کراوە...

باستیلێکە،

توند کوردی تێ ئاخنراوە.

بەڵام پەیمان...

هەزار پەیمان...

لە دوارۆژا،

کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بە گژا،

کە خۆم بینی،

لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،

لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما-

ئەوسا منیش،

وەک کوردێکی خاوەن کیان،

چەک هەڵگرم

بۆ هەر کەسێک بڵێ: ژیان!

پەیمان...

پەیمان...

هەزار پەیمان،

کە ڕزگار بووم

لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم،

ئەوسا بڕۆم،

تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،

نەک هەر لەوێ،

لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،

لە ئەفریکای قولەڕەشا،

لە ئێرتیریای بێ بەهارا،

لە هەر خاکێک دۆلار بژی،

بژیێنمەوە سەد گیڤارا!

1969/12/5 – کوردستان

## ئیسرائیل پشتگیری لە کورد دەکات یان کورد بەکار دەهێنێ؟!

بڕیاری ترامپ بە ناساندنی قودس یان ئۆرشەلیم وەک پایتەختی دەوڵەتی یەهودی ئیسرائیل کاردانەوەیەکی زۆر زۆری بەدوای خۆی هێناوە!

من لە نێو ئەو هەموو کێشمەکێشەدا، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوانە بوو:

بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە ئیسرائیل چ کاریگەریەکی سەرووی ئاستی عەقڵ و لۆژیکی هەیە بەسەر ئەمریکا بە تایبەتی، و ئیدارەی ترامپ بە تایبەتی! چونکە هیچ حکومەتێکی دیکەی ئەمریکا جورئەتی بڕیاردانی ئەو بڕیارە هەستیار و مەترسیدارەی نەبووە! هەر لە سۆنگەی ئەوەوە گەیشتمە هەقیقەتێک کە پێشتریش باوەڕم پێی بوو کە ئەوەیە ئەگەر ئیسرائیل بە جدی داواکاریەکی هەبێت لە ئەمریکا و خۆرئاوا بە گشتی دەتوانێت بە دەستی بهێنێت.

هەر بۆیەش لە کاتی ڕیفراندۆمەکەی کوردستان ئیسرائیل بە جۆرێک ڕەفتاری کرد، کە ئەگەر زەنی باشی پێ ببەین دەڵێین هەڵەیەکی کوشندەی بەرامبەر سەرکردایەتی کورد و گەلی کوردستان کرد، دەنا ئەو ڕەفتارەی دەگاتە ئاستی خیانەتێکی مێژوویی لە کورد.

بۆ؟ چونکە ئیسرائیل کاتێ بە ئاشکرا لەسەر بەرزترین ئاست دا پشتگیری لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کورد کرد، دواییش بە بەرچاوی ئەو و جیهانی خۆرئاوا کەرد ئاوەڕووت کرا بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرای هەبێت، ئەوە کارێکی ئاسایی نییە!

چونکە بە ئاشکرا پشتگیری کردنی ئیسرائیل کارێکی ئاسایی نییە لە ناوچەکە! ئەگەر کوردستان پارچەیەک با لە ئەمریکای لاتینی یان قارەی ئوسترالیا ئاسایی بوو. بەڵام لەناو سێ لە گەورەتری و بەهێزترین و شۆڤینیترین نەتەوەی موسڵمانی تورک وفارس و عەرەب، کە سیاسیەکان دووڕووانە لەسەر دژایەتی ئیسرائیل دەژین ودەنگی دەنگدەران کۆدەکەنەوە، ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل کارێکی ئاسایی نییە!

هەتا ئەو ڕۆژە مەسیحیەکی قیبتی میسری زۆر دوژمن بە کۆی ئیسلام بەمنی گووت، پاش ئەوەی لەگەڵ ئیسرائیل دەستتان تێکەڵ کرد بە ڕاشکاوی پێت بڵێم هیچ هاوسۆزیەکم بۆ ئەکراد نەما!

ئەوە هەڵوێستی مەسیحیەکی قیبتی بێت، دەبێت هەڵوێستی تورکێک و عەرەبێک و فارسێک چۆن بێت؟! یانی ئیسرائیل هێندە بێ عەقڵ نییە لە ئاکامی ئەو پشتگیرییە ڕاشکاو و ئاشکرایە تێ نەگات! ئیسرائیل سەدان ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گەلانی ناوچەکەی هەیە، کاتێ یاریەک دەکات زۆر بە وریایی دەیکات دەنا نەیدەتوانی لەناو ئەو دەریایە لە دوژمنە ژیابا!

ئێران دەیگووت ئەو کوردانە کرێگرتەی ئیسرائیلن، دەیانەوێت قەوارەیەکی سەر بە ئیسرائیل لەناوچەکە دامەزرێنن دژی ئێرانی ئیسلامی و گەلانی ناوچەکە!

عەرەب دەیگووت ئەگەر دژی حکومەتی تایفی شیعی عێراقیش بین، بەڵام بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلی دووەم لە کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقین!

هەتا ئەردۆگانی مونافیق، کە پێش ترامپ لە بەڵگەنامەکاندا دەرکەوتوە، حکومەتەکەی دانی بە قودس ناوە وەک پایتەختی ئیسرائیل، سەرەڕای هاوکاری وهاریکاری و پەیوەندیەکی تووند وتۆڵی لەگەل ئیسرائیل، ئەویش دەیگووت: با بچن ئەو کوردانە ئیسرائیل بە کەڵکیان بێت وبەهانایان بێت دەوڵەتیان بۆ دامەزرێنێت!

هەمووومان ئاگادار بووین لەو ماوەیەدا میدیای شۆڤینی عەرەبی و تورکی و فارسی چۆن سەدان پروپاگەندە و درۆیان هەڵدەبەست بۆ نیشاندانی کورد و کوردستان وەک کرێگرتە ودەسکەلای گەلی جولەکە و قەوارەی ئیسرائیل!

ئیسرائیل کە کوردی خستە ناو دەمی شێر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە دەبوایە، یان ئەو کارەی وا بە ئاشکرا نەکردبا، یانیش کە کردی دەبوایە بەهەمان ئاشکرایی و ڕاشکاوی بەرگری لە کوردستان کردبا! من ناڵێم سوپای ناردبا، بەڵام تۆ بتوانی ئەمریکایەکی وا زلهێز بە پێچەوانەی هەموو بەرژەوەندیەکانی لە جیهانی عەرەب و ئیسلامی بەریت، بەڵکو هەتا بە ناڕەزایی زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکانیش بڕیارێکی وا هەستیار ومەترسیداری پێ بدەیت بۆ ناساندنی قودس بە پایتەختی ئیسرائیل، بۆ نەتتوانی کارێکی واش بکەیت ئەمریکا ڕازی نەبێت بە هێرش کردنە سەر کوردستان؟! بۆ بەڕاشکاویش وەک ئیلی کۆهینی سیاسی و میدیاکار دەیگووت ئیسرائیل بەرگری لە کوردستان دەکات ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر، هەر بۆ سیاسەتیش بێت هەڕەشەیەکی ئاشکراتان لە ئێران و تورکیا نەدەکرد؟!

ماقوڵ نییە بە ئاشکرا تووشی شەڕی خۆتم کەیت، بە نهێنیش بەرگریەکی وام لێ نەکەیت!

کەوابوو ئیسرائیل پشتگیری کورد ناکات بەڵکو کورد بەکاردەهێنێ بۆ ئامانجە گەورەکانی خۆی! کەرکوکیان تەسلیمی شۆڤێنیەکانی عەرەب وتورک و فارس کرد تا هێندە مەست بن بەو خەیاڵە شۆڤێنییەوە، بە ئاسانی هەنگاوی بە پایتەخت ناساندنی ئۆرشەلیمی قودس قووت دەن!

هەروەک چۆن لە کاتی ریفراندۆمەکە ئیسرائیل کوردی بەکارهێنا، بە هەمان شێوەش ئێستا کورد بۆتە کەواسۆری بەر لەشکری ئیسرائیل بە خۆڕایی و خۆبەخشانە!

کورد چونکە زامدارە، زۆر دڵخۆشە بەو کەرامەت شکانەی عەرەب وتورک و فارس، منیش نایشارمەوە دڵخۆشم لەو پێکە بخۆنەوە کە سەدان ساڵە دەرخواردی ئێمەی دەدەن، بەڵام با دڵخۆشیمان لە ڕادەبەدەر نەبێت خزمەتێکی خۆڕایی پێشکەش بە ئیسرائیل بکەین، و ڕادەی دوژمنایەتی شۆڤێنیەکانی ناوچەکەش زیاتر بکەین لە دژی کورد. با دیسان ئیسرائیل بەکارمان نەهێنێتەوە!

ئیسرائیل بیوستایە موعجیزەی بە ئەمریکا دەکرد بۆ بەرژەوەندی کوردستان، نەک کورد تێوەگلێنی لە چەند لێدوانێکی مەترسیدار و پیس و بێ بەرهەم!

٢٠١٧/١٢/

# کوردستان وفەڵەستین: دوو دۆزی قابیلی بەراورد کردن نین!

لەوەتی هەست بە بوونی خۆم دەکەم بەر لە منیش لە چلەکانەوە هەموو یەکێک لە ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ ناوێ فەلەستین لە هەموو سەردێری هەواڵەکان دەبیستێت. لەوەتی هەین لەگەڵ دیتنی وێنەکانی ستەمی ئیسرائیلی لە کوشتن ودەربەدەر کردن وڕاوەدونان دڵمان بۆ فەلەستین وفەلەستینیەکان پڕ خوێن وفرمێسکی پەنگ خواردوو دەبێت. لەوەتی هەین بە ژن وپیاوەوە دوعا بۆ سەرکەوتنی فەلەستین دەکەین بەسەر دوژمنانیان، هەتا دوژمنەکانی خۆمان خەریک بوو لە بیر بکەین هەرچەندە بە چەند قات لە دوژمنی ئەوان دڵ ڕقتر وبێ بەزەیی تر ونا مرۆڤ ترن!

لەوەتی هەین هەر ئێمە لە هەر بۆنەیەک بۆمان لوا بێت لەبەرەی فەلەستین جەنگاین لە دژی ڕژێمی ئیسرائیل. لەوەتی حزبی سیاسی کوردی دروست بوە بە چەپ وڕاستەوە، وعەلمانی وئیسلامیەوە لە پەیڕەو وپڕۆگرامەکانیان دەبێت باسی دۆزی فەلەستین بکەن وەک پیرۆزترین کێشەی سەر زەوی، وپێویستیەتی پاڵپشتی کردنی بە هەر ڕێگایەک بکرێت. کەچی فەلەستینیەکان لەوەتی هەن بە دەگمەن نەبێت لە هیچ بۆنەیەک قسەیەکی چاکیان بۆ کورد نەکردوە، لەوەتی هەن هەر پشتگیریان لە دوژمنانی کورد کردوە، لەوەتی هەن هێندە بێ ئیحساسن بەرامبەر دۆزی کورد وەک بڵێی هەرگیز جەور وستەمیان نەدیبێت، ئەوەی وەک فەلەستینیەکان ستەم لێکراو بێت دەبێت زۆر لەوە هەستیار تر بن، نەک وابزانن خوا لەوان بەدەر هیچ ستەملێکراوێکی تری دروست نەکردوە!

لە زۆر بۆنە ولە میدیای خوێندراو وبینراو وبیستراودا هەڵوێستی زۆر زبرم لە فەلەستینیەکان دیوە لە دژی دۆزی کورد، ونەک ئەوە بەڵکو نوسەرێکی ناوداری عەرەبی گاڵتەی بە هەر لێک چواندنێکی دۆزی فەلەستین وکوردی دێت ووتارێکی لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەی (القدس) ی لەندەنی نوسی. نوسەرانی کوردیش زۆر جار لە نیاز پاکییەوە ئەو بەراوردە دەکەن لە نێوان دۆزی فەلەستین و دۆزی کورد. بەڕاستی ئەو کوردەی بەوردی سەرنج بداتە ئەو دوو دۆزە دەبێت وەک نوسەری عەرەبی ناوبراو گاڵتەی بەو بەراورد کردنە بێت بەڵام لە گۆشەیەکی ترەوە، بەڕاستی بەراورد کردن لە نێوان ئەو دوو کێشەیە ستەمێکە لە دۆزی کورد دەکرێت، چۆن؟

گەورەترین کێشەی ئەو فەلەستینی وعەرەبە قەومیەکان ئەوەیە ئەوەی بیانەوێت بیبینن دەیبینن، با کەسیش نەیبینێ، ئەوەشی بیانەوێت نەیبینن نایبینن با وەک خۆریش بدا لەناو چاویان، هەروەها شتی خۆیان زۆر گەورە دەکەن وشتی خەڵکیش بە سەد هێندە لە هی خۆیان گەورەتر بێت ئەوە هەر بچوکە! بۆ نمونە تاوانی

کوشتنی ئەو منداڵەی بە ناوی (محەمەد دوڕڕە) هەرچەندە گەورە بوو وزۆر جەرگ بڕ بوو، هێندە گەورە کرا وەک بڵێی هیچ منداڵێکی تر نە کوژرا بێت، بیرمە هەر لەو کاتە وێنەی پۆلێک لە فریشتە ڕەشە کوژکراوەکانی کیمیا بارانی هەڵەبجەم نیشانی فەلەستینیەک وچەند عەرەبێک دا، گوتم بەلایەنی کەم لەو تاوانە 2000 منداڵ بە کیمیاوی کوژراوە بە دەستی ڕژێمی عێراق، ڕات چییە لەو تاوانە؟

کەتێی ڕوانی پاش کەمێک گوتی: جا ئەوە بە دەستی سەهیۆنیەت وکوفری جیهانی ڕوینەداوە، ئەوە کێشەیەکی ناوەخۆیە!! گوتم بۆ گوللە وبۆمبەکانی موسڵمانان شەکری لێ دەبارێت وئەوەی جولەکەکان ئاگر؟! گرفتەکە لە کافر وموسڵمان نییە، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە کە بیرمەندێکی عەرەب گوزارشی لێدەکات ودەڵێت:" عەرەب هێشتا لە بازنەی قەبیلە وعەشیرەت دەرنەچوون بۆ بازنەی مرۆڤایەتی". نوسەرێکی تری فەلەستینی زۆر توڕە ببو، چونکە نوسەرێکی کورد داوای کردبوو کوردیش نوێنەری هەبێت لە ڕێکخرای کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی وەک نەتەوەیەکی موسڵمانی بێ دەوڵەت، وەک چۆن فەلەستینیەکانیش بەژداری دەکەن!! پێی گوناحە نەتەوەیەکی چل ملیۆنی موسڵمان نوێنەرێکی هەبێت، کەچی هەموو فەلەستینیەکان تێکڕا پێنج ملیۆن نابن!

با ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین بۆ ئەوەی بزانین بەراورد کردنی ئەو دوو کێشەیە ستەمە ولە دۆزی کورد دەکرێت:

یەکەم: ژمارەی دانیشتوانی کورد زیاترە لە چل 40 ملیۆن وفەلەستینیەکان وەک ئاماژەمان پێکرد لە چاکترین حالەت دا لە پێنج ملیۆن تێپەڕ نابن، وڕوبەری کوردستانیش چوار پێنج جار لە ڕوبەری فەلەستین گەورەترە بە ئیسرائیلەوەش.

دووەم: لەگەڵ خراپی هێزی ئاسایشی ئیسرائیلی بەڵام هێشتا ئاستی توند وتیژی بەکارهێنیان ناگاتە ئاستی دڕندایەتی داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو پارچەکاندا نمونەش زۆرن.

سێیەم: ئەگەر زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبی وزیاتر لەو ژمارەیەش دەوڵەتی ئیسلامی پشتگیری لە دۆزی فەلەستین بکەن ئەگەر تەنها بە ئەقوال وئەموالیش بێت، ئەوە کورد نە دەوڵەتێکی کوردی بەهێزی هەیە تەبەنای کێشەکەی بکات ونە هەتا بەنگلادیش ومۆزەمبیقیش تەعاتوفی لەگەڵ دەکات، زلهێەکانیش جێی متمانە نین!

چوارەم: تەرکیزی میدیای جیهانی لەسەر کێشەی فەلەستین هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ بەشی کورد لە میدیای جیهانی، فەلەستین ئامادەیە لە میدیاکان ڕۆژانە، کەچی کورد تەنها لە ساتی کارەساتەکان تەرکیزێکی

کەمی لەسەر دەکرێت، بڕوانە مەینەتیەکانی ڕۆژانەی فەلەستینیەکان وبەراوردی بکە لەگەڵ مەینەتیەکانی کورد لە تورکیا وئێران وسوریا کە بەدەگمەن نەبێت باسی ناکرێت، بڕوانەی هەڵکۆڵینەکانی دەوروبەری مزگەوتی ئەقسا لە قودس وبڕوانە پڕۆژەی گاپی تورکیا کە هەزاران گوندی وێران کرد، وسەدان شوێنەواری دێرینی بەر لە مەسیحی لە ناوبرد، وملیۆنەها خەڵکی لە زەوی خۆیان ئاوارەی شارەکان کرد بە جلی بەرگیان، وهەزارەها خێزانی کورد لێک هەڵوەشاندەوە، وهەزارەها ئافرەتی بەرەو لەش فرۆشی برد!!

پێنجەم: کێشەی فەلەستین لەناو جوگرافیای یەک دەوڵەتە کە ئیسرائیلە، کەچی دۆزی کورد لەناو پێنج جوگرافیای دوژمنکارانە بەند کراوە، هەر بزاوتێک لە یەکێک لە پارچەکانی هەموو وڵاتەکانی تر دەوروژێنێت. بڕوانە هەڵوێستی تورکیا لە کەرکوک وپایەی کورد لە حکومەتی عێراق.

شەشەم: لەبەر هێز ونفوزی وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وعەرەبی وئیسلامیەکان، دۆزی فەلەستینی پشتگیریەکی زۆر بە دەست دەهێنێت، کەچی لەبەر خاتری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هەموو لایەک حەریسن باسی وشەی کورد یان کوردستان نەکەن، هەر بۆیە ڕێکخراوی وڵاتانی ئیسلامی باسی کێشەی فەلەستین وکشمیر وبۆسنە وشیشان وکۆسۆڤۆ وکەمینەی تورکی لە بولگاریا ویۆنان دەکات کەچی باسی نەتەوەیەکی موسڵمانی گەورەی وەک کورد ناکات، دونیا بۆ کورد شامی شەریفە. باسی قەدەغەکردنی ناوی تورکی لە بولگاریا دەکات بۆ چەند سەد هەزارێک کەچی باسی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا ناکات بۆ 20 ملیۆن کورد!!

بڵێی پاش باسکردنی ئەو چەند خاڵە نوسەرانی فەلەستینی وعەرەب بگەنە ئەو قەناعەتە کە بەراوردکردنە ستەمە بۆ دۆزی کورد؟! ئەی نوسەر ورۆشنبیرانی کورد دەگەنە ئەو ڕاستییەی کە ئەو بەراورد کردنە سافیلکەیی وساویلکەییە؟!

٢٠٠٨/٣/١٥

## پیلانی سێنترالّیزمکردنی کێشەی فەلەستین

## هەڵوێستی پڕ میهرەبانانەی تورک

ئەگەر باوەڕم بە تیۆری پیلانگێڕیش نەبێت لە لێکدانەوەی ڕوداوەکان، ئەوە باوەڕم بە پیلانی سێنترالّیزمکردنی کێشەی فەلەستین هەیە لەسەر حیسابی هەموو کێشەکانی تر، ڕاستە دۆزی گەلی فەلەستین دۆزێکی گەورە وترسناکە، بەڵام تەنها تەرکیزکردن لەسەری خۆی لە خۆیدا پیلانێکە بۆ فەرامۆشکردنی هەموو کێشە گەورە وترسناکەکانی تری جیهانی ئیسلامی وعەرەبی. زۆربەی جیهان کەوتونەتە داوی ئەو پیلانە بە ڕادەیەک هێندە گەرم وگوڕی وحەماسەت لە شەقامی ئەوروپی وجیهانی دەنوێنرێت بەرامبەر کێشەی فەلەستین وەک بڵێی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی جیهان چارەسەر دەکرێت! سەیر نیە فەنزەوێلییەکان وکورییاییەکان وولآتانی ئەمریکای لاتینینی وئەو وڵاتانەی کە گوێت لەناویشیان نەبوە خۆپیشاندان بۆ فەلەستین بکەن؟!

تاوانەکانی ئیسرائیل گەورەیە بەڵام ئایە لەو تاوانانە گەورەتر ناکرێت لەناو خودی جیهانی عەرەبی وئیسلامی دژی گەلانێک بەدبەخت ونەگبەت ترن لە گەلی فەلەستین؟! ئایە ئەگەر ئەو کامێرانەی ڕوداوە ورد ودرشتەکانی غەزە دەگوازنەوە لەسەر کارەساتەکانی کوردستان بە هەرچوارپەرچەکانی وکەشمیر وبەلوچەکانی ئێران و دارفۆریەکانی سودان بوەستایا وبەهەمان گەرموگوڕی وبەردەوامی ئەوە جیهان تەنها بە کێشەی فەلەستین غەمبار دەبوو؟! خودی کوردیش لەگەڵ قوربەسەری خۆی کێشەی فەلەستینی لێبۆتە تەنها کێشە، بە بەڵگەی لەو ماوەیەدا زۆر کوردم دیوە پارە کۆدەکەنەوە بۆ کێشەی فەلەستین. گروپ وحیزبە ئیسلامیەکان ڕۆڵی هەرە سەرەکیان بینیوە لە سێنترالّیزمکردنی کێشەی فەلەستین وفەرامۆشکردنی هەموو کێشەکانی تر، کە لەناو گەرمەی کارەساتەکاندا دەنگیان نابیسترێت وەک ئێستا کە دەنگیان نوساوە، یان چەند لێدوانێکی شەرمنانە دەدەن کە نەتینویی پێیان دەشکێ ونە دەرەقەتی برسێتی دێن.

هەڵوێستی تورکەکان لەمەر کێشەی غەزە، کە لە بنچینەدا هەڵوێستی حزبی داد وگەشەپێدان وحزبە ئیسلامیەکانی ترە، ئەو نوکتە خۆشەی عەزیز نەسینم بەبیر دەهێنێتەوە کە لە ڕۆمانێکی باسی پیاوێکی هەژاری موسڵمانی تورک دەکات کە پێویستی بە یارمەتیە کەس یارمەتی نادا بەڵام بە دوای کەمێک گۆڕان لە سەروسیمای، وا لە خەڵک دەگەیەنێت کە ئەو پیاوێکی ئەڵمانییە بۆتە موسڵمان، ئەوجارەیان هەموو خەڵکی شوێنەکە بە لێشاو یارمەتی دەدەن، چونکە ئەڵمانیە وخوا هیدایەتی داوە، بەڵام هەژارە تورکەکە کێشە نیە، ئەو تازە موسڵمانە خوای دەکرد گومڕا دەبوو چ زۆرە موسڵمان زۆرە (فمن شاء فلیۆمن ومن شاء فلیکفر)!

ئەوە نزیکەی یەک سەدەیە ئەو تورکانە بە دڕندانەترین شێوە کورد دەچەوسێننەوە وقەلاچۆی ناسنامەی مێژوویی وکلتوری وجوگرافی وئیتنیکی یان دەکەن بە هەموو شێوەیەک هەتا بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ خودی ئەهریمەنیش. یەک سەدەیە بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن ناوی کورد نەهێنرێت هەتا لە دەرەوەی تورکیاش، بەڵکو دەوڵەتی تورک بۆتە لایەن لە کێشەی هەر وڵاتێکی کوردی تێدا بێت، چاکترین نمونەش عێراقە کە چۆن بە دزی وبە ئاشکرا تورکیا هانی بەرپرسە عێراقیەکان دەدا وفوو لە گیانی شوفێنیەتیان دەکات بۆ تێکدانی بارەکە وکەمکردنەوەی دەسکەوتەکانی کورد.

ئەو هەموو خۆپیشاندانە ملیۆنییەی تورکەکان شتێکی بە مانا دەبوو ئەگەر بە هەمان شێوە هەستیان بۆ وەتەن داشەکانی (هاونیشتیمانەکانی) خۆیان ببزوابا، مانای دەبوو ئەگەر رۆژێک خۆپیشاندان کرابا لە دژی قەدەغەکردنی زمانی میللەتێک کە خوا وەک هەر زمانێکی تر ڕێزی لێناوە (ومن اياته خلق السماوات والارچ واختلاف السنتكم والوانكم)، ئەو خۆپیشاندانانە ئەو کاتە مانای دەبوو کە موسڵمانە تورکە غەیورەکان لەسەر ئیسلام دەیانوت بۆچی هەزاران گوند ودێهاتی کورد وێران دەکەن بە بیانووی پرۆژەی گاپ وکە لە ئاکامدا زیاتر لە ملێۆنێک ئاوارە کران بۆ شارە دەوارە شڕەکانی دەوروبەری شارە گەورەکان وەک ئیستانبۆل، بە سەدان هەزار خێزان لێک هەڵوەشاوە، وسەدان هەزار گەنج لە کوڕ ولە کچ بەرەو جیهانی بێکاری وتاوان ولەشفرۆشی پاڵیان پێوەنرا، وسەدان کارەساتی تری لێکەوتەوە. کەچی کەس لەو جەماوەرە غەیورە لەسەر موسڵمانان مێشێکیشی لێ میوان نەبوو.

ئەگەر جەماوەری تورک خۆپیشاندانی ملیۆنی دەکەن بۆ موسڵمانانی غەزە، دەبا رۆژێکیش خۆپیشاندانێکی چەند هەزارکەسیان کردبا بۆ برای دینی ونیشتیمانی خۆیان ئەی قورئان نافەرموێت: (الاقربون اولى بالمعروف)؟! یان ئەوان موسڵمانی خۆمانە ولۆکالن گرنگ نیین وەک موسڵمانە تورکەکەی عەزیز نەسین، وزیاتر لە پازدە ملیۆنیان هەیە، هیچ گرنگ نییە با دوو سێ ملیۆنیشیان لێ قڕ بکرێت، یان هەڵگەڕێنەوە لە ئیسلام، گرنگ ئەوەیە موسڵمانە بێگانەکە (یان موسڵمانە ئەڵمانیەکەی عەزیز نەسین) باوەڕی نەلەقێ وانەزانێ ئێوەی موسڵمانی تورک هەموتان لە پشتیانەوە نین. ئەوەیە شازی موسڵمانەتی.!

## غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان

بەڕاستی وتارێکی چەواشەکارانەیە ئەمڕۆ ئیسلامیەکانی کورد پەیڕەوی دەکەن سەبارەت بەو بار و دۆخەی کەرتی غەزە وئیسڕائیل. دەیانەوێت سەرەڕای ئەو هەموو ترسناکیەی لە نێو ماڵی کورددایە زوومی بیرودەروونی کورد هەمووی بخرێتە سەر شەڕە دێرین ونوێکەی حەماس و ئیسڕائیل، و خەمسارد بین بەرامبەر ئەو هەموو مەترسیانەی لەسەر کوردە لە عێراق، کە ئەمڕۆ کوردستان بۆتە هاوسێی دەوڵەتی خیلافەتی داعش، کە فاشسترین هاوسێی کوردە لەوەتی کوردستان هەیە، و لەوانەیە هەزاران لایەنگری داعشی لەناومان هەبێت!

کوردستانێک پڕیەتی لە ئاوارە و عەرەبی بێ کۆنترۆڵ کە بۆی هەیە لە ساتێکی تەنگاویدا گەورەترین مەترسی لەسەر ئەمن وئاسایشی نەتەوەیی دروست بکەن، کوردستانێک بە ئاشکرا دوولەت بووە لەسەر کێشەکانی دوای داگیرکردنی موسڵ وناکۆک لەسەر مادەی ١٤٠ و چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ داعش و حکومەتی عێراق، وپرسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار وبێ مووچەیی ودەیان وسەدان کێشەی تر.

ئەو برادەرە ئیسلامیانە پێیان وایە کورد زۆر موقەسیرە بەرامبەر خەمخواردن بۆ غەزە و گریان وفیغان وشین بۆ کردن !! لەوەتی من و دەیان نەوەش پێشە من ودوای منیش بەخۆمان زانیوە هەموومان خەمی قورس وفرمێسکی سوێرمان بۆ فەلەستین ڕژاندوە لە بەرامبەر هێزی جەرگبڕی ئیسراائیل، کە زۆر بێ ڕەحمانە دەیان کوتێت، هەرچەندە ئیسڕائیل یش فەلسەفەی خۆی هەیە لەوەدا، ودەزانێت چ کەراهیەتێک دروستکراوە لەناو عەرەب وموسڵمانان لە دژیدا، بەجۆرێک هیچ بوارێکی بۆ پێکەوەژیان نەهێشتۆتەوە، وهاوکێشەکەی کردۆتە یان دەبیت یان نابیت!

پاش سزادانی مەلایەک لەسەر وتاردانی بێ مۆڵەت، کە دەکرا تێپەڕێت ئەگەر خەڵک سکاڵای لە دەست نەکردبا ، لەبەر دوعاکردن بۆ حەماس و موجاهیدانی سوریا و دەیان وڵاتیتیر وفەرامۆشکردنی دوعایەکی خێر بۆ پێشمەرگەی کوردستان، کە دەیان شەهیدیان داوە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داعشدا، وئەوانەی لەسەر سنوور لەژێر پلەی ٥٠ سەدی بەرگری لەو ژیانەی کوردستان دەکەن، کە لە چاو بەشەکانی تری عێراق هەر بەهەشتێکە بۆ خۆی، پاش ئەو سزادانە سوکەی بەرامبەر ئەو بێ شعوریەی کە خەڵکی مزگەوتەکەش پێییان قبوڵ نەکراو وسکاڵایان لەدژی کرد، دەیان نوسەر ولایەنگری ئیسلامی قسەی زۆر سارد وسڕ بە خەڵکی کورد و بەرپرسەکانی دەڵێن گوایە هەستیکی برایانەیان نیە بەرامبەر برایانی حەماس.

باس لەو بێ شعوریە و بێ بەهاییەی ئەو مەلایە ناکەن کە لەسەر خێر وبێری ئەو وڵاتە دەژیت وەک وەفایەک دوعایەکی خێریش بۆ ئەو برا پێشمەرگانە بکات، کە من دەزانم کە نەشیکردوە زۆر ڕێی تێدەچێت هەر داعشێکی خەوتوو بێت و پێشمەرگە بە کافر بزانێت، چونکە داعش فکرێکی زۆر هەن لەناو مەلاکاندا، کە

بەو چاوە لە کۆی ئەزموونی کوردی دەڕوانن. دەیانەوێت لەو بێ مووچەییەی خەڵک هەموو کورد خەریکی پارە وکۆمەک کۆکردنەوە بێت بۆ غەزەیەک هەتا مەسیحیەکانی دنیاش پشتگیریان لیدەکەن وکۆمەکیان بۆ کۆدەکەنەوە.

بەڕای من ئەوەی دڵی ئازاری نەدا لەبەرامبەر دیمەنی ئەو هەموو خوێن وکوژراوانە دەبێت گومان لە مرۆڤایەتی خۆشی بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە حەماس تەنها ئەو چیرۆکە دووبارەیە دەزانێت وهیچ لە شێوازی خەباتی خۆی ناگۆڕێت. ئەویش لەناو غەزەدا کە یەکێکە لە قەرەباڵغترین زەوی دنیا و ناوچەکەیە لەسەر ٣٦٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دوو ملیۆن کەس زیاتری لێ دەژێت وبە ڕێژەی ٢٦٤٠٠ کەس لەسەر یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە، لەو شوێنە قەرەباڵغە چەند ڕۆکێتێک بە ئیسرائیل وەدەنێ، ولە وەڵامیشدا ئیسرائیل بە وردترین تەکنۆلۆژیا و بە گوترەش ڕۆکێتەکانی باوێ قوربانی زۆری لێ دەکەوێتەوە، لەبەر چڕی دانیشتوان، بەڵام دەبێت یەکێک بپرسێت ئایە حەماس کە دەزانێت ڕۆکێتەکانی هێندە ورد و پێشکەوتوو نین هیچ حیسابێک بۆ مەدەنیەکانی ئیسرائیل دەکات؟!

وەڵام نەخێر، چونکە هەموو کۆمەڵگای ئیسرائیل ئامانجی سەربازیە لە گۆشەنیگای حەماس وهەموو ئیسلامیە جیهادیەکان وموفتی سەتەلایتەکان بە قەرەزاویشەوە! کەوابوو کە حەماس ئەمڕۆ مەدەنیەکانی ئیسرائیل ناکوژێت لە مرۆیی و ئینسانیەتی خۆی نیە، بەڵکو لەبەر جیاوازی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە، دەنا من گومانم نیە ئەگەر عەرەب بە گشتی وئیسلامیەکانیان بە تایبەتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لەدەست ئەواندابا ئێستا قەسابخانەی جولەکە بەڕێوە بوو لە هەموو لایەک، و گومان دەبەم ئێستا یەک جولەکەش بە زیندوویی بمێنێت، کەوابوو ئیسرائیل بەو تەرسانە گەورەی چەکە کۆکوژەکانی هێشتا لە چاو عەرەب بە بەزەییترە کە غەزە لەسەر نەخشە ناسڕێتەوە، چونکە عەرەب لەو هەڵوێستە با دەیکرد ومن یەک تۆزقاڵ گومانم نیە.

کە هێزی وا بەکار دەهێنێت، ئیسرائیل دەزانێت لەگەڵ چ دوژمنێک هەڵسوکەوت دەکات، خۆ کوردی ساویلکە نیە دوژمنی خۆی نەناسێت، وچاکیان دەناسێت ودەزانێت کە نایکەن هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت! یەک لەو ئیسلامیانە بە ناوی ئیکرام کەریم چاوەڕێی ئەوە دەکات خوا سزای هەموو میللەتی کورد بدات لەبەر ئەوەی بەرپرسەکانی وەک دەڵێت: "زۆر ئەترسم-خوانەکردە- کورد ئاوارەییەکی گەورەی بەسەردابیت لەبەرئەوەی کەسانێک لەپلەی بەرپرسیاریتیدان و بەزەییان ناجولی بۆ ئەو هەمووە منال و ژن و مەدەنیە لەتوکوتکراوەی غەززە..ئەو کاتە ئێمە گلەیی لەکی بکەین کە دلی بۆمان نەسووتیت؟"

من داوا لە کاک ئیکرام وهەموو ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە بۆ یەک ساتیش بێت بیر لەوە بکەنەوە: ئایا ئەو هەموو کوشتارەی بەین نا بەین لە فەلەستینیەکان دەکرێت و ئاوارە و برسی دەکرێن وگەمارۆ دەدرێن، بڵێی هۆکەی – بەپێی لۆژیکی خۆیان – لەبەر بێ شعوری فەلەستینیەکان و نەجوڵانی بەزەییان بێت بۆ ئەو هەموو

منالّ و ژن و مەدەنیەی لەتوکوتکراوەی، ئەنفالکراوەی، کیمیا بارانکراوەی، موسڵمانان ومرۆڤەکانی تر نەبێت؟ ئایا دەبێت هەموو دنیا بسوتێت بۆ فەلەستینیەکان کەچی ئەوان وەکو هێزێکی شۆڕشگێڕ و میللەتێکی چەوساوە کەمترین هاوسۆزیان نەبێت بەرامبەر ئەو میللەتانەی کە لەوان چەوساوەتر نەبن کەمتر نین؟!

بۆ نمونە کورد زۆر لەوان چەوساوە ترە، ئەوان گیریان بە دەست دەوڵەتێک خواردوە کە گەلەکەی موسڵمان نین و بە سوود وەرگرتن لە توراسی دینی ومێژوویی توانیتیان وەک شەیتان وێنای بکەن لە میدیای عەرەبی وئیسلامی ولەلایەن کۆمەڵگاکانیشیان، کە ئیسرائیلە، کەچی کورد گیری خواردوە بەدەست چوار دەوڵەتی داگیرکەر وچوار گەلی سەرەکی موسڵمانان، کە نەک نەیتوانیوە ستەم و بێ دینی ئەو گەلانە دەربخات، بەڵکو ئەوان توانیتیان زیاتر کورد بشێوێنن و لە کەمترین هاوسۆزی بێ بەش بێت لەلایەن گەلانی ئیسلامی و عەرەبی، بەس چونکە ئەو دەوڵەتانە خاوەنەکانی بە حیساب موسڵمانن!

لە زیهنیەتی ئیسلامی عروبی، کە زۆربەی ئیسلامیەکانی جیهان بە کوردەوەش لە ژێر کاریگەری ئەو ئیسلامە عروبەییەن، کێشەی فەلەستین وەک ڕوکنێکی ئیمانی لێهاتووە، کەچی کێشەی کورد وەک بەتاڵکەرەوە ونەواقزی وزو و دەستنوێژی لێهاتووە! بۆیە دەبینیت وتاری فەرامۆشکراوی ئیسلامی میانڕەو و وتاری توندوتیژی ئیسلامی داعیشی بەرامبەر ورد، تەنها جیاوازیەکەی لە بوونی دوژمنێکی چەکدار و دوژمنێکی بی چەکدایە!

خاک و ژمارەی کورد دە هێندەی فەلەستینیەکانە گەر زیاتریش نەبیت، لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ کورد ناگاتە ١٠% فەلەستینیەکان. وچەندین لایەنی تریش دەیسەلمێنێت کە دۆز و حاڵی کورد چەندە نالەبارترە لە حاڵی فەلەستینیەکان. ئیسلامی کوردی هیچ بەرپرسیارەتێکی ئایینی و ڕەوشتی نابینێت لەلای حەماس و فەلستینیەکان بەرامبەر کێشەی کورد و گەلانی تر، کە من پێموایە هەڵوێستیان لەبەر نەزعەی عرووبی سەدامی زۆر خراپترە بەرامبەر کورد تا میللەتانی تر، بێ دەنگە بەرامبەر خەمسارديان وبێ هەڵوێستیان دەرهەق بە دۆزی کارەساتاوی کورد، کەچی ئەگەر کوردێکی وەک من ئەو پرسیارانە بوروژێنم ئامادەیە هەزار تانە وتەشەرم لێدات، کەچی لەوەتی هەم ولەوەتی میللەتەکەم خەبات دەکات لایەنگری کێشەی فەلەستین بووین، و ماوەیەکە گەیشتووین بەو تەسائولاتانە، بەڵام ئەو فەلەستینیانە لەوەتی هەن هەر وابوون، وادیارە هەرواش دەمێننەوە لە سایەی ئیسلامیزمی عرووبی وکلک و پاشکۆکانیان لەناو ئیسلامیەکانی میللەتانی تر.

٢٠١٤/٧/٢٣

# ئیخوانیەت و هەڵوێستی هەقیقی فەلەستینیەکان و عەرەب لە کێشەی کورد

کاکی ئیخوانی، من دەمێکە ئەو بازنانەی خێزان و عەشیرەت و قەومیەتم بڕیوە بۆ بازنەی فراوانی ئینسانیەت، تۆ لە هەڵوێستیشت لە ڕوداوەکانی غەزە زیاتر گوزارش دەکەیت لە هەڵوێستێکی حزبی ئیسلامی ئیخوانی بۆ پشتگیری حەماسی ئیخوان، نەک پشتگیری لە دۆزیکی ئینسانی فراونتر لە بازنەی ئیخوانیەت و حزبیەت!

خۆزگە جارێ ئێوە وەک ئیخوان لە بازنەی حزبیەت قەتیس نەدەمان، هەتا ئەوەی ئیخوان نەبێت و با موسڵمانێکی زۆر چاکیش بیت، سەردانیشی ناکەن لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، تا ئەو شوێنە سەردانی دەکەن کە هیواتان بە ڕاکێشانی هەیە بۆ ناو بازنە تەسکەکەی ئیخوان، هەر کە زانیتان بەیعەت نادات، وحەزی لە حزبیەت نییە، نەسەردانی دەکەن، و نە بەژداری لە خۆشی و ناخۆشی دەکەن، نە جێیەک گۆشتی خێراتیشی پێ ڕەوا دەبینن، نە ئەگەر ویستی هەتا کچێکی ئیخوانیشی پێ ڕەوا دەبینن!! ونە هەتا سەلامێکی ڕوخۆشانەشی لێ دەکەن!! بەڵکو موحارەبەشی دەکەن لە شورەت و ناو و ڕزقیشی!!

خەڵکێکی زۆر ئەوەتان لێ دەزانێت، دەکرێت تاک و تەراشتان هەبێت مولتەزیم نەبن بەو ڕەوشتە بێزراوەی حزبیەتەتان، بەڵام بە گشتی وان. سەرەڕای ئەزموونی تاڵ و نێگەتیڤی خۆم لە گەڵتان، هەتا خەڵکی ئاسایی، ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن عەوام باسی ئەو ڕەوشتە نامرۆییە حزبیانەی ئێوەیان بۆ کردووم دەیەها جار، ئامادەم سوێندتان بۆ بخۆم!! بەڵام چوون بۆ بازنەی ئینسانیەت هیچ ناسازیەکی نیە کە میللەتی خۆت خۆش بوێت و بەرگری لێ بکەیت وبزانیت ئەرکی چیە و مافەکانیشی چیە. کە خوا میراتت بۆ منداڵەکانت بە ڕەوا دەبینێت، نەک بۆ منداڵی هاوسێت یان هەتا برات، مانای نا ئینسانیەت ناگەیەنێت، بەڵکو پرنسیپی "الاقربون اولی بالمعروف" نزیکەکانتان زیاتر شایەنی خێر و چاکەکانتانن، جێبەجێ دەکات وەک سونەتێکی بونەوەری و مرۆیی.

پێش ئەوەی وەک سەلەفیەک بڵێی ئەوە ئایەت نیە، من خۆم پێت دەڵێم ئەو پرنسیپە لە چەندین ئایەت و حەدیس هاتوە، بەڵام بەو لەفزە نا، بۆ نمونە: [ويسألونك ماذا ينفقون قل ما أنفقتم من خير فللوالدين والأقربين] و [قل ما أنفقتم من خير فللوالدين والأقربين كتب عليكم اذا حضر أحدكم ان ترك خيرا الوصية للوالدين والأقربين بالمعروف ] تۆ لە ترسی هەڵوێستی چەند [کەسانێک لەپلەی بەرپرسیاریتیدان و بەزەیان ناجولی بۆ ئەو هەمووە منال و ژن و مەدەنیە لەتوکوتکراوەی غەززە.] نوقڵانەی [ئاوارەییەکی گەورە] بۆ کورد لێ دەدەیت، بێ ئەوەی گوێ بدەیتە هەڵوێستی مەلایین کوردی دەرەوەی بازنەی [بەرپرسان] کە

لەوەتی کێشەی فەلەستین هەیە دڵیان بۆ فەلەستینیەکان دەسوتێ و چەندین نەوەمان بەژداریان لە شەڕیش کردوە لە دژی ئیسرائیل!!!

تۆ دەڵێیت [ئیمەی نەوەی یەکیکی وەک صەلاحدینین کە لەناو ئەو بازنە فراوانەدا ئەژیا...ئەوەبوو بۆ خۆی و خیزان و قەوم و ئوممەتەکەشی ئەژیا..بەلام ئەوانەی تەنیا بۆ خۆیان یان ناوچەکەیان یان خانەوادەکەیان ئەژیان کوا کی باسیان ئەکات.]

جارێ سەلاحەدین لە سەردەمێک و فەرهەنگێک و سیاقێکی فیکری و دینی تەواو جیاواز دەژیا ناکرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ سیاقاتی ئەو سەردەمە، لە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەشت: [بەلام ئەوانەی تەنیا بۆ خۆیان یان ناوچەکەیان یان خانەوادەکەیان ئەژیان کوا کی باسیان ئەکات] وەڵامم بۆ تۆ هەر ئەو فەلەستینیانەیە ئەوەتە تەنیا بۆخۆیان و ناوچەکەیان و ڕەگەزی ئومەی عەرەبی و خانەوادەکانیان دەژین، ڕۆژێکیش خۆیان بۆ کارەساتی کەس سەخڵەت نەکردوە، بەڵکو خوێ دەکەن بەسەر زامەکانمان، و تاوانبارمان دەکەن بە بەکرێگیراوی بۆ دوژمنانی عەرەب و ئیسلام، و دەڵێن ئێمە خەنجەرێکین لە کەمەری ئومەی عەرەبی، و کورد ئامرازی دابەشکردنە لەناو نیشتیمانی عەرەب، و ئەگەر ڕێگایان بۆ بکرێتەوە وەک لە سەردەمی سەدام بۆیان کرابوەوە، بەژداری لە شەڕکردن و کوشتاریشمان دەکەن، وەک کردیشیان!!

سەرەڕای ئەوەی وا بە ئەنانیەت تەنها بۆ خۆیان و ئومەی عەرەبی دەژین، و میانڕوترینیان لە دین دانێکی خێر بە کورد نانێن، کەچی ملیۆنەهای وەک تۆ نەک هەر باسیان دەکات بەڵکو شین و شەپۆڕیان بۆ دەکەن، و بەو بێت ئەگەر کورد هەزار فرمێسکی هەبێت ٩٩٩ بۆ ئەو فەلەستینیانە، تایبەت تر بۆ ئەو غەزەیە بڕێژێت، چونکە ئیسلامیەکانی حەماسی ئیخوان حوکمی دەکات!!! کوا ئینسانیەت لەو هەڵویستە فوول حزبیە لە باطن و فوول ئینسانیە لە زاهیر؟!

من دەمێکە باوەڕم بە ئینسانیەتی زۆربەی عەرەب نەماوە، بەڵام کەسیک هەبوو بە ناوی محمد ریاز Mohammad Riyad لە فەیسبوک کە خۆی وەک کەسێکی موعتەزیلی زۆر کراوە نیشان دەدا، شەو و ڕۆژ خەریکی رەخنەگرتن وو لە فیکری سەلەفیەت، جاروبار گفتووگۆم لەگەڵ دەکرد، بەو دواییە پۆستەکانی هەمووی لەسەر فەلەستین و غەزە بوو، کە هەقی خۆیەتی، بەڵام کە ئەو کارەساتەی کە بەسەر کورد بە گشتی و برا یەزیدیەکانمان هات بە تایبەتی، موتابەعەی پەیجی عەرەبەکانم دەکرد لەوانەی کەمێک هیوام پێیان هەبوو، دیتم نوتەقیان لە خۆیان بڕیوە، نە هاوسۆزیەک، نە ئینسانیەتێک ، نە ئیدانەیەک، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش هێشتا هەر خەریکی خۆپیشاندان ڕێکخستنن بۆ غەزە لەسەر زامەکانی ئیمەی کورد، نەک هەر ئەوە

لە کەنەدا فەلەستینیەکان و عەرەبەکان کاتی کورد خۆپیشاندانی کردبوو بۆ شەنگاڵ، یەکسەر بەرامبەریان خۆپیشاندانیان کردبوەوە بۆ غەزە، کە دیتیان میدیای ئەو وڵاتە هەمووی لە کوردەکان کۆبوونەتەوە، لە ئێرەیی پێ بردنەوە هێرشیان کردبوە سەر کورد و هەزار تۆمەتیان بۆ کورد نابوەوە، چونکە کەسێکی ئیسرائیلی بە هەر مەبەستێک چوبوە ناو خۆپیشاندانەکە! لە جیاتی یەکێک لەوانیش بە ئاڵای فەلەستینی بچێتە ناو خۆپیشاندانەکە!!

ئەو محمد ریازە پۆستیکی بڵاوکردبوەوە وینەی خۆ پیشاندانیکی لەسەر بوو و نوسیبووی: ڤیدیۆی پێنجەمین خۆپیشاندانمان بۆ کەمتر لە مانگێک بۆ هاوسۆزی لەگەڵ غەزە لە ویلایەتی ئەریزۆنا...منیش لەبەر دڵسوتانم بۆ کوردانی بێ پشتیوانی خۆمان، و لەبەر تەحقیرم بۆ ئەو نامرۆڤانە کە لە گەرمەی لەناوبردنی کوردان، بۆ جاری پینجەم بۆ غەزە لە یەک مانگ خۆپیشاندان دەکەن، تەنها بەو کورەم گووت :

برام کاک محەمەد ریاض، ئێوە تەنها خۆپیشاندان بۆ غەزە و کێشە عەرەبیەکان دەکەن، هیوادارم ڕۆژیک بتانبینم مرۆڤایەتیتان ببزوێت، خۆپیشاندانێک بکەن بۆ کێشەکانی گەلانی تر. سەدام لە ڕۆژێکدا پێنج هەزار کوردی بە کیمیاوی کوشت، و لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال ١٨٢ هەزار کەسی کوردی سڤیلی کوشت. وبەو دوایەش داعش هەزاران کوردی یەزیدی ئاوارە کرد و کوشت، ئایا قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە، تەنها یەک دەقیقە ڕاوەستن بۆ ڕیزگرتن لەو هەموو قوربانیانە؟!!

لە وەڵامدا وەک هەر عەرەبێکی عروبی و داخراو و نا مرۆڤ و بەعسی گووتی: "نازانم ئەو ژمارانە لە کوێ دەهێنێت، بەڵام بە گشتی، ئێمە لەگەڵ هەموو دۆزێکی ئازادی و دادپەروەری دەوەستین لە هەموو جیهاندا، و هێرشمان کردۆتە سەر داعش زیاتر لە بۆنەیەک، بەڵام تەوەقوع دەکەیت گەلانی تر لەگەڵتان بوەستن لە خەباتتان، کە تۆ بەو شێوازە ناشرین و وشکە قسەمان لەگەڵ دەکەیت [!!!!]پێویستە یەکەم جار خەباتتان بکەن لە پێناو گەلەکەتان و کێشەکانی، نەک هێزەکانتان ببێتە ئامرازێکی دابەشکردن و غەدروخیانەت لە جەستەی ئومەت، بە پارە و ئاراستەکردنی بێگانەکان بۆ پچڕپچڕکردنی یەکێتی وڵاتەکانی و ئینجا داواش لە ئێمە بکەن پاڵپشتان بکەین "

ئەوە وەڵامی کەسێکی موسڵمانی موعتەزیلی و کراوە و دژ بە سەلەفیەت بوو، کە وەک هەر عەرەبیکی شۆڤێنی کورد تاوانبار دەکات بە بەکرێگیراوەتی بێگانە بۆ پارچەپارچەکردنی جەستەی ئومەی عەرەبی یا ئیسلامی!! منیش وەڵامم دایەوە: برام محمد، من وەک برا بانگم کردی، چونکە پێشبینیم دەکرد کە تۆزێک عەقڵانیەتت تێدا هەبێت لەبەر بانگەشەکردنت کە لە موعتەزیلەکانی، بەڵام وادیارە هیستریای ناعەقڵانیەت و

دەبەنگی زاڵە بەسەر هەموو شەقامی عەرەبی، ئەوەتە تۆ ڕۆژانە شین دەکەیت و لە خۆت دەدەیت لە پێناو هەقی سێ چوار ملیۆن، بەڵام وەک هەر عروبیەکی فاشست پێت زۆرە کورد کە ٤٠ ملیۆنن هەقی خۆیان وەرگرن و تاوانباریان دەکەیت بە هەمان تۆمەتەکانی بەراییەکانت لە بەعسیەکان و عەفلەقیەکان، کە کورد ئامرازی دابەشکردن و غەدروخیانەتن لە جەستەی ئومەت!! کام ئومەت؟!

ئەگەر مەبەستت ئومەی عەرەبیە، ئیمە لەسەر زەوی مێژوویی کوردی خۆمانین و ئێوەن داگیرکەر، ئەگەریش مەبەستت لە ئومەی ئیسلامیە، بۆ سەلماندنی خیانەت و دابەشکاری ئێوە بەسە ئەگەر بزانین زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبیتان دامەزراندوە لەسەر ئەو جەستەیە، ئەوەتە تۆ بە هەموو عەقڵتەوە بەرگری لە پیلانەکانی سایکس – بیکۆ دەکەیت و نەخشەکانی بە پیرۆز دەزانیت، وەڵامی گەلێک دەدەیتەوە بەو تۆمەتانەت، کە بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە کیشەی فەلەستینی کردوە.

تۆ لەوانەیە لە ڕووی عەقیدەوە موعتەزیلی بیت، بەڵام ناکرێت خاوەن فیکر و ڕوئیای موعتەزیلە بیت، بە هۆی ئەو نەزعەیە عروبیە فاشستیەی کە تێتدایە و کردونیەتی بە کەسانێکی بێ بەزەیی وبێ ویژدان و بێ بەها. ئێستا دەزانم لاوانی عەرەب لە عروبەتی فاشستیدا یەکسانن، هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان سەلەفیەکی داخراوی موجریم، و موعتەزیلیەک کە بانگەشەی والایی و کرانەوە و مرۆڤایەتی دەکات". دوایی پاش ئەو وەڵامە وەڵامێکی شۆڤێنێ تری دامەوە، پڕ لە تۆمەتی خیانەت و تا ڕادەی تۆمەتباری کرنی کورد بە سەبەبکاری بە کوشتنی ٦٠٠ هەزار عێراقی و خیانەت کردن لە صدام !!!

ئەوەیە هەڵوێستی نامرۆڤانەی فەلەستینیەکان و عەرەبەکان بە گشتی و ئیسلامیەکانی فەلەستین و عەرەب بە تایبەتی لە کێشەی ڕەوای کورد، هەتا نەک دڵیان نایەشێت بۆ کارەساتەکانمان، بەڵکو دەستخۆشیش لە بکەرەکانیان دەکەن، گوایە ئێمە خیانەتمان لێکردوون !!ئەوەیە ئینسانیەت کاک ئیکرام تۆ لەبەرخاتری ئەوانە توقع کەیت کورد ئاوارە بێت وەک سزای خوا چونکە هەمووومان تێکرا بە بە بەرپرس و بی بەرپسیارەوە شینی غەزە نەکەین، ئەگەر کورد کەمێک غیرەت و کەرامەت و هەستکردنی بەو ستەمەی ئەوان هەبێت، نابیت مێشێکیس میوانی بیت بۆ کارەساتەکانیان.

٢٠١٤/٨/١٣

# سەربەخۆیی کوردستان لە ڕوانگەی ئێران وحەماس وئیسرائیل

وەک ئاشکرایە حەماس بەر لەوەی هەر شتێک بێت پیشەسازیەکی ئێرانیە، لەو ڕۆژگارەش ئێران لەوەتی باسی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور هاتۆتە گۆڕێ ، بە ئاشکرا و ڕاشکاوی دژایەتی دەکات وخەڵکی لێ هاندەدات و تا ڕادەی هەڕەشەش دەکات، کە لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان، کوردستان چەندین دەیە بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە! یانی بە کوردیەکەی کردەیەکی سەربازی گەورە ئەنجام دەدات بە هاوکاری حکومەتە شڕەکەی بەغدا و بەکرێگیراوانی ناخۆ.

یەکێک لە ئاکارە ناشیرین و دزێوەکانی وڵاتانی ئیسلامی ئەوەیە هەر تەنگژەیەکیان هاتە پێش، بەر لە هەموو شتێک بۆ دوورخستنەوەی سەرنج ودیدی خەلک لێی، چەند کێشەیەکی دەستکرد دروت دەکەن، چاکترین کێشەی ئامادەش کێشەی فەلەستینە، کە نەزار قەبانی جوانی وتوە کە دەڵێت:

**كانت فلسطين لكم.....دجاجة من بيضها الثمين تأكلون**

**كانت فلسطين لكم......قميص عثمان الذي به تتاجرون**

[فەلەستین بۆ ئێوە ئەو مریشکەیە لە هێلکە بە نرخەکەی دەخۆن....فەلەستین بۆ ئێوە کراسی عوسمانە کە بازرگانی پێوە دەکەن]

وادیارە ئێران وەک کارتێک بۆ دروسکردنی غەڵبەغەڵب وتەشویش لەسەر هەواڵی سەربەخۆیی کوردستان، فەرمانی بۆ حەماسەکان ناردوە بۆ دروستکردنی ئەو کێشەیەی ئێستا، کە هەرچەند ساڵ جارێک حەماس دروستی دەکات لە ڕێگای تێگرتنی چەند ڕۆکێتێکی بێ ئەرزش ودواکەوتوو بە پێوەری تەکنۆلۆژی کە بەدەستی تەنەکەچیەکانی دروستی کردوە وبە حیسابی خۆی زیان بە ئیسرائیل دەگەیەنێت!!

بێگومان ئیسرائیل یش وەک زانراوە بێدەنگی ونەرمی نانوێنێت، چونکە هەر نەرمی وبێدەنگیەک بەمانای کۆتایی ئیسرائیل دێت، بەڵکو بە چەندین قات بە توندی وەڵامی ڕۆکێتەکان دەداتەوە، لەو ناوەش تەنها زەرەرمەند خەڵکی مەدەنی فەلەستین دەبێت. حەماس جۆرێک لە شیعەگەراتی سیاسی بە پلە یەک و عەقایدی بە پلە دووی تێدایە وکەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات.

شیعەگەراتی سیاسی بریتیە لە ستایش کردنی ڕۆڵی سیاسی ئێران، و جوێندان وسەرکۆنەکردن وئاشکرا کردنی پلانەکانی ئەمریکا وئیسرائیل وخۆرئاوا بە گشتی، خۆ گێلکردن و دیزە بەدەرخونەکردنی کارە قیزەونەکانی ئێران و هاوپەیمانانی لە حزب الله و ڕژێمی بەشار وهتد..

حەماس هەتا ناوێرێت ئیدانەی ئەو میلیشیا شیعانەش بکات کە ڕۆژانە لە فەلستینیەکانی عێراق دەکوژن، نەوەک دڵی ئێران برەنجێت. شیعەگەراتی عەقایدیش هێندە زۆربوە لە فەلەستین و ناو حەماس ئێستا دەتوانن حزبێکی سیاسی لێ دروست بکەن ئەگەر ئێران بیەوێت، ڕاوێژکاری هەنیە، ئەحمەد یوسف دەڵێت: بۆ عەیبە

شیعە بیت لەو زەمانەدا؟ شیعە ئەمڕۆ عیزەتی ئەو زەمانەن! دژی ئیستکباری جیهانی وەستانەوە کە ئەمریکا و ئیسرائیل نوێنەرایەتی دەکات، پشتگیری موستەزعەفان دەکەن...."[16]

ببینە هەتا دەستەواژەکانیشی ئێرانی ڕووتن وەک: ئیستکباری جیهانی و موستەزعەفان وئەو قسە ودروشمە قەڵەوە دووڕوانەی ئێران! ئەوەی ئێستا لە غەزە دەگوزەرێت بە ئیعازی ئێرانە وجێبەجێ کردنی حەماسە وپەیامێکە بۆ کوردستان و بە پلە یەکیش بۆ ئیسرائیل کە بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەو ئاشکراییە ئێران وولاتانی عەرەبی وئیسلامیەکانی جیهانی هارکرد لە کورد، چونکە ئیسلامیزمی جیهانی بیناغەکەی لەسەر دەستی ئیسلامیە عەرەبیەکان دامەزراوە، هەموو کیشەی گەورە وقورسەکانی خۆیان وەلا ناوە، تەنها تەرکیزیان لەسەر ئیسرائیلە! کێشەکە لەوەدایە لەو مەنزورە ئیسلامیەدا هیچ خاڵێک بەدیناکرێت بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی ئیسرائیل وعەرەب تەنها بە شەڕێکی ئایینی ئەرماجیدۆنی Armageddon گەورە نەبێت.!

کە سیناریۆیەکی دینییە بۆ دوارۆژەکانی دنیا ونزیکبوونەوەی قیامەت، وەک محمد قطب وسەدان نوسەر وبیرمەندی ئیسلامی پێیان وایە کار بەوە دەگات وەک لە حەدیسەکەی ابو هریرة هاتوە: " قیامەت هەڵناسێت هەتا موسڵمانان لەدژی جولەکە دەجەنگێن، موسڵمانان دەیانکوژن وجولەکە خۆیان لە دوای داروبەرد دەشارنەوە، کە داروبەردەکان بە زمان دێن ودەڵێن: ئەی موسڵمان، ئەی بەندەی خوا ئەوە جولەکەیە خۆی لە پەنامدا شاردۆتەوە وەرە بیکوژە، تەنها داری غەرقەد نەبێت کە قسە ناکات چونکە داری جولەکەیە!!!"

ئەو حەدیسە خوارافیە مێشکی دەیان نەوەی ئیسلامی ژەهراوی کردوە، لە جیاتی گەڕان بەدوای چارەسەرێک، چاوەڕێی دواشەڕی ڕۆژی قیامەت دەکەن تا داروبەرد بە جواب بێت ویەک جولەکە لەو ناوە نەهێڵن !حەدیسێک کە ساختەکاری بە ئاشکرا دیارە، ئەخر نەمزانیوە داروبەردیش دابەش بوبێت بەسەر موسڵمان وجولەکە، داری موسڵمان هەبێت وداری جولەکەش؟! یانی چی داری جولەکە؟مەگەر هەر ابو هریرە وبرادەرە جولەکەکانی لەوە تێبگەن! ئەی قورئان بۆ لە دەیان شوێندا دەڵێت: لله ما في السموات و الارض؟ خوا خاوەنی ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویشە؟!

عەرەب شەو وڕۆژ باسی داگیرکاری ئیسرائیل دەکەن ومافی وجودیان لەو جوگرافیایە نابینن، کەچی کە دەچیتە سەر تێکستە دینیەکانی هەر سێ دیاناتی ئیبراهیمی دەبینیت، چۆن خودا لەو جوگرافیایە سەدان و

[16] http://www.muslm.org/vb/showthread.php?332633-

هەزاران پێغەمبەری جولەکەی ناردوە شانۆی ڕوداوەکانی ژینامەیان لەو جوگرافیایە بووە، وعەرەب بەر لە فەتحی ئیسلام هیچ وجودێکی وای نەبوە لە فەلەستین، و وجودی جولەکە لە فەلەستین زۆر کۆنترە لە وجودی عەرەبی، کەچی هەر هاواری داگیرکردنیانە، باشە ئەگەر بە داگیرکردن بیت، نە میسر ونە لیبیا و نەجەزائیر ونە مەغریبیش خاکی عەرەب نین ئێستا داگیرکراوە، وکاتی خۆشی داگیراکرا بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلام، بەڵام ئێستا پەیامیشیان تەواو گەیاند.

کەچی ئەوان دژی هەموو هیوایەک ومافێکی نەتەوە ڕەسەنەکانی ئەوێن لە ئەفرقیەکان وبەربەرەکان زۆر خراپتر لە دژایەتی ئیسرائیل بۆ عەرەب. بۆ ئەوە داگیرکردن نییە، ئەوەی ئیسرائیل داگیرکردنە کە کاتی خۆی هەموو مێژووی باوباپیران وپێغەمبەران و کتێبە ئاینیەکانیان لەو ناوچەیە بووە؟!

ئەو ئیسلامیە کوردانەی کە وا دژی پشتگیری ئیسرائیل وەستاونەتەوە نا هەقیان نیە لەژێر کاریگەری ئیسلامیزمی عەرەبی ئەو هەڵوێستە وەردەگرن، ئەو ئیسلامیزمەی کە هەموو جەوروستەمی سەرگەلانی فەرامۆش کردوە جگە لە جەوروستەمی ئیسرائیل نەبێت بەرامبەر فەلەستینیەکان، دەنا کوردێکی بی پشتیوان لە ناو چەندین دەوڵەتی داعش ڕەوشتی ناوچەکەدا دەبێت زیانی چی بێت کە ئیسرائیل قسەیەکی خێری بۆ بکات؟!

هەرچەندە من پێم باش نەبوو بە ئاشکرا بیکات، لەبەر تەشویشی ئەو عەقڵیەتیانەی کە بە ئیسلامی عروبی تەشکیل بوونە. ئینجا ئەو پشتگیریەش تەنها بۆ کورد نیە، بەڵکو ستراتیژیەتیکی ئیسرائیلیە وەک چەکێکی بەرگری دژی خەونە ئاڵ ووواڵەکانی ئیسلامی عەرەبی دەجەنگن، کە خەون بە دەوڵەتێکی خەلافەتی ئیسلامی دەبینن، بۆ ئەوەی ئیسرائیل هەمووی بخەنە بەحرەوە!

بەپێی تیۆری دەیڤد بن غوریون دەبێت ئیسرائیل پشتگیری لەهەر نەتەوەیەکی غەیری عەرەبی بکات لە ناوچەکەدا وپشتگیری لە وڵاتانی بازنەی سێیەم بکات کە سنوری هاوبەشیان نیە لەگەڵ ئیسرائیل، کە لە بەرژەوەندی ئەو دایە هێزگەلێک بێلایەن بکات لە دژی خۆیدا.

ئەگەر ئەوەی موسڵمانی هەقیقی بێت دەبێت زیاتر دژی ئەوانە بوەستێتەوە کەساڵەهایە دەیکوژن وقەلاچۆی دەکەن وبە مرۆڤی نازانن وبە شایستەی سەربەخۆیی نابینن لە وڵاتە بەناو ئیسلامیەکانی ناوچەکە و میللەتە مەنگۆلیەکانی کە لەسەر کوشتن وزیندەبەچاڵکردنی دووسەد هەزار کەس فزەیان نایەت، بەڵام بۆ کوشتنی چەند فەلەستینیەک دنیا پڕدەکەن لە داد وفیغان!!

پێویستە کورد بە ئیسلامی ونائیسلامیەوە دیدێکی تایبەتی هەبێت بۆ کێشمەکێشی عەرەبی – ئیسرائیلی، نەک ببێتە زایەڵەی ئیسلامیزمی عەرەبی کە بێ گومان نوسخە هەرە دواکەوتوو و نامرۆیی ئیسلامە.

٢٠١٤/٧/١٤

# توركيا وئيسرائيل دوو نەتەوەی چۆن يەک!

ئەوە دەيەها ساڵە ئيسرائيل زەبر بەدوای زەبر دەوەشێنێتە عەرەبی فەلەستين وبەوپەڕی گوێنەدان بە هيچ ناڕەزايیەک بەردەوامە لەسەر پڕۆژەی تەواوكردنی داگيركردنی بست بە بستی خاكی فەلەستين، سەير لەوەدايە ئيسرائيل هەر قسە ورەخنەی نەيارەكانی پشتگوێ ناخات بەڵكو گوێ بە ڕەخنەی دۆستەكانيشی نادات لە نێو ئەوانەش ئەمريكا وولاَتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا .

دەيەها ساڵە ئيسرائيل بە هەوەستی خۆی دەكوژێت ودەبڕێت بێ گوێدانە بڕيارەكانی نەتەوە يەكگرتوەكان وهيچ دامەزراوەيەكی تری نێودەوڵەتی. ئەو ئيسرائيلە هێشتاش ماندوو نەبوە وئامادە نيە دەستبەرداری لە 3% خاكی فەلەستين يان ئيسرائيل بێت بۆ فەلەستينيەكان تا دەوڵەتۆكەيەكی لەسەر دروست بكەن!

ئيسرائيل بە بيانووی هيستيريای مێژوويیەوە دەيەوێت هەموو شتێكی سەر ئەو خاكە هەستيارە بسڕێتەوە يان مۆركێكی جولەكايەتی لێبدات، هەر بەو بيانوە مێژوويانەشە ئەوە بۆ چەندين ساڵە ژێر مسجد الاقصی هەڵدەكۆڵێت. دوا هەنگاوی پڕ لە فيز وعونجوهيەتی ئيسرائيل ئەو هێرشە دڕندانەی بوو بۆسەر (فلوتێلای ئازادی) (كاروانی دەريايی ئازادی) وبێ گوێدانە هيچ پێوەرێكی سياسی وديبلوماسی ومرۆيی، بەبێ سڵكردنەوە لە هاولاَتيەكانی ئەو ولاَتانەی كە تەنها بە مەبەستی شكانی گەمارۆ نامرۆييیەكەی غەزەدا هاتبوون.

بێگومان ئيسرائيل بەو كارە نامرۆييانە وگەلحۆيانەی بە شايەدی دۆستەكانی پێش دوژمنانی هەلەيەكی گەورەی كرد وهەلێكی گەورەشی دايە دەستی ئەردۆگان بۆ زياتر بەدەستهێنانی شەعبيەت وناوداری لە سەرتاسەری ولاَتانی عەرەبی وتوركيادا. لێدوانە ئاگرين وتوندەكانی ئەردۆگان دوبەدوای ئەو ڕوداوە سەرتاسەری جيهانی عەرەبی وروژاند وتوركياشی جۆشدا وشەعبيەتی ئەردۆگانی گەياندەوە چڵە پۆپە !

توركيا وئەردۆگان وەک ئەو شێركوژەيە كە هەموو ولاَت گەڕابوو بەدوای ڕاوكردنی شێرێک كەچی شێرەكە بەرداوێژێک لە دواوەی ماڵەكەی خۆيان بوو!! ئەو كێشەيە گەورەيەی كورد كە بە هەموو پێوەرێكی دونيايی وئاسمانی گرنگترين كێشەيە ولەكاتێكدا هەزاران منداڵی هەرزەكار لە باوەشی گەرمی دايكيان دەرهێندراون ولە زيندانەكان ژيانيان دەگوزەرێنن وڕاپۆرتەكەی بی بی سی لەو بارەيەوە بەردی بە گريان دەهێنا، كەچی ئەردۆگان سەرگەردانی عەدالەتە لە دووری هەزاران كيلۆ مەترەوە بۆ فەلەستينيەكان، ئەوە لە كاتێكدا ئەردۆگان دەتوانێ لە پەنجەرەی ئۆفيسەكەی دەيان منداڵی كوردی بۆياغچی پيلاَو ببينێت كە چۆن بە دەستی جەندرمەكانی ئاوارە وسەرگەردان كراون وچۆن شيرازەی سەرتاپای مليۆنەها خێزانی كورديان لێكترازاندوە.

ئەوەی جێگای پرسیارە دەبێت بۆ ئیسرائیل دەیەها ساڵە بە هەوەستی خۆی یاری تۆپتۆپێن بە جەستە وخاک وویژدان وئەعسابی عەرەب وموسڵمانان دەکات بێ ئەوەی لە هیچ بترسێت یان سڵ بکاتەوە؟! ئیسرائیل لە کێ بترسێت بەر لە هاتنە سەرهێڵی تورکیا؟ لە میسر ؟! ئەخر ئیسرائیل چۆن لەو میسرە بترسێت کە بونەتە ئێشکگری ئەمنی سنوری ئیسرائیل ولەوانیش توندتر تاڵاو بەدەمی فەلەستینیەکان دەکەن؟ لە ئوردن؟! کە بە دوو سێ سەعات دەتوانێت هەمووی داگیر بکات؟ لە سوریای ماڵباتی ئەسەدی ناوەوە ورێوی بەردەمی ئیسرائیل؟!

سوریا بەس بۆ گیانی نەتەوەیەکی بێ دەرەتانی وەک کورد ئازایە بۆ گیانی گەلی سوریای بارمتە ئازایە بۆ گیانی لوبنانیەکان ئازایە، وسنوریشی لەگەڵ ئیسرائیل لە تەقەی خۆشی ژن وژن گۆڕینەوەی هەردوو لای سنور هیچی تری لێ نیە.

لە عەرەبستانی سعودی کە لە فەلەستینیەکان زیاتر سواڵی ئاشتی دەکات لە ئیسرائیل؟! ئەوەی لەسەر ئاستی عەسکەری کەمێک ئیسرائیلی هەژاندبێت حزب الله یە ولەدواوەش ئێران، بەڵام هەموو گەفوگورەکانی ئێران بەقەد ئەو هەڵمەتە سیاسی ودیبلۆماسیانەی ئەردۆگان وتورکیا کاریگەری نەبوو بەسەر ئیسرائیل، بەڵکو ئیسرائیل هەرەشەکانی ئێرانی وەبەرهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

ئەوەی ئەردۆگان وتورکیا پێیان کرا لەگەڵ ئیسرائیلی بکەن کەس پێی نەکراوە، ئەوەش سەرەڕای لێزانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی سەرەکی:

ئەویش وەک چۆن جووە توندڕۆکان خۆیان پێ گەلی هەڵبژاردەی خوایە، تورکەکانیش بە پێی کلتوری سیاسی کەمالیستی وکلتوری ئیسلامی عوسمانیش ئیدیعای ئەو نوخبەویەتە دەکەن وتوێژینەوەیەکی زۆر لەو بارەیەوە هەیە، بۆیە تاکی تورک هەست بە عونجوهیەتێکی زۆر سەیر دەکات لە سۆنگەی ئەو پەروەردە دوو سەرەی کەمالیی وتاڕادەیەکێش عوسمانیەت.

چونکە ئەگەر تورک هێندە ئاشتیخوازن نە دەبوایە بەو جۆرە دڕەندایەتیە هەڵسوکەوت لەگەل میللەتێکی گەورەی وەک کورد بکات، ئێمە هەر باسی ئاستی سیاسی وحکومی ناکەین بەڵکو باس لەسەر ئاستی کەسێتی وشەخسی دەکەین، لە شاگردێکی تورکی ڕێستورانەوە بگرە تا پرۆفیسۆرێک هەمان خۆبەزلزان وعونجوهیەت وخەڵک بەهیچ نەزان. هەر خۆم جارێکیان لە ڕێستورانێکی تورکی کە زۆربەیان کوردی تورکیا بوون لە یەکێکیانم پرسی جەنابیشت کوردی! گوتی نا، (نا) یەکی هێندە گەورە وقەڵەو وهێندە ڕوخساری تێک چوو وەک بڵێی پێم گوتبێت جەنابت دزی یا گەوادی؟!

ئەزموون زۆرن لەگەڵ شوفێری تاکسی ورۆشنبیر وسیاسی وئیسلامی وعیلمانیەوە هەموویان یان زۆربەی هەرە زۆریان هەمان گیانی گەلی هەڵبژاردەی خوایان تێدا دەخولێتەوە، جا وەک چۆن عەرەب دەڵێن (تەنها ئاسن ئاسن دەچەمێنێتەوە) بۆیە ئەو عونجوهیەتەی جولەکەکان پێویستی بەو عونجوهیەتەی تورکان بوو، ڕۆژئاواش زۆری پێخۆشە بەرەی حەماس وفەلەستینیەکان لە ژێر پێی ئێران دەربهێنێت وبیخاتە ژێر پێی نیوعوسمانیەکان کە زۆربەی کات لە میکیاڤیلی میکیاڤیلیانەتر ڕەفتار دەکەن ورەهەندێک هەیە بۆ عەقڵ وگفتوگۆ.

٢٠١٠/٦/٢٢

## کەناڵی جەزیرە و هاندانی تیرۆر

نەک هەر وتاری دینی، بەڵکو کلتور و داب و نەریت و هەتا دەزگا میدیایەکانیش توندڕەوی برەو پێ دەدەن. بۆ نمونە کەناڵێکی گرنگی وەک الجزیرە، کە باوەڕناکەم هاوشانی هەبێت، هەر ئەمرۆ ڕاپۆرتێکی کردوە لەسەر ڕووداوی کوشتنی ئەو پەنجا کەسەی ئۆرلاندۆ ئەمریکا. لە جیاتی ئیدانەی موسڵمانان بۆ ئەو تاوانە گەورەیە بگوازێتەوە، نەخێر زیاتر هانی عەرەبی موسڵمان دەدات بۆ دەستخۆشی کردن لەو تیرۆرستەی ئەو تاوانە گەورەیەی ئەنجام داوە! دەڵێت هەتا یەک دوو قەشەی مەسیحی پشتگیریان لە تاوانەکەی عومەر مەتین کردوە، قەشەیەک دەڵێن، خۆزگە هەموو هۆمۆسێکچواڵەکانی ئەو یانەیەی دەکوشت! لە ژێر ئەو ڕاپۆرتە هەزاران عەرەب دەستخۆشی لە عومەری کۆنە هین دەکەن!

پێویست ناکات وا ساویلکانە خاک و وڵات هەڕاج بکەین بە ناوی مرۆدۆستی و دژی فاشستی و ئەو قسە بێ بنەمایانە. یان گوایە یاسای عێراقی ڕێگا دەدات! ئەو عێراقچیەتەتان لەچی؟! کەس بە قەد ڕۆشنبیری کورد زوو نابێتە دژی میللەتەکەی، جا بە ئیسلامەتی بێت، یان بە مارکسیەتی بێت، هەتا بە ناوی داکۆکی لە مافی مرۆڤیش دەبنە دوژمنی مرۆڤی کورد!

من ڕقم لە عەرەب نابێتەوە، خاوەنی ٢٣ دەوڵەت و نیوەی گۆی زەوین، کە سی بەشی ئەو وڵاتانە لە بنەڕەتدا نیشتیمانی عەرەب نین و تەعریب کراون! دەتوانێت لە عێراق مورتاح نییە بچێتە میسر، بچێتە مەغریب، نەک بێت کوردستان بکاتە خاکی بەدیلی خۆی. دەکرێت بە موەقەت داڵدە بدرێن لە ڕووی ئینسانییەوە، بەڵام ئەویش بەو کەربازاڕییەی حکومەتی کوردستان نا، کە گوند و شار ودێ نەماوە عەرەبی تێ نەجێت! دەبێت کارێکی ڕێکخراو بێت!

عەرەب قوربانی داب و نەریتە کۆنەکەیی، قوربانی فۆرمی مێژوویی دینەکەیەتی، قوربانی ئیسلامە سیاسییەکەیەتی، کە ناعەقڵانیترین و دڕندانەترین فۆرمی ئیسلامە، قوربانی کەشی گشتی توونددوتیژیە، کە ژیانیانی لە خۆیان و خەڵکیتریش تێک داوە. ئەوانە نەخۆشن بەو ڤایرۆسە کلتوری و داب ونەریتییانە، ناڵێم کوردیش مرۆڤی ئایدیالین، بەڵام تا کێشەی خراپتریش ڕوومان تێ نەکات، دەبێت چارەسەر بکرێن لە شوێنێکی تر، نەک لەناو جوگرافیایەکی بچووکی پڕ کێشەی باشوور.

٢٠١٦/٦/١٦

# مەسیحیەک بە زمانی عروبە و ئیسلامی سیاسی دەدوێت![17]

میشیل کیلۆ خۆی مەسیحیەکی سوریایە دەڵێت: خاکێک نییە لەناو سوریا کوردستانی بێت!

پەیەدە بەناوی کوردایەتیش نایکات، هەر بە کوردایەتی بۆی حسیبە!

ئەو پیاوە یەکێک بوو لە ئۆپۆزسیۆنە ناودارەکانی ڕژێمی سوریا، و چەندین جار زیندانی کراوە، و گوایە داوای دیموکراتییەت و حوکمێکی دادپەروەر دەکات بۆ سوریا.

خۆشی کەسێکی کەمایەتی مەسیحییە لە سوریا، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ناو کوردستانی سوریا دەژین، کورد ئەوپەڕی ڕیزیان لێ دەنێن، کەچی بە پێچەوانەوە من بە بیرم نایەت ئەو مەسیحیانەی قامسشلۆ و ئەو شوێنانەی بینیومن یەک زەرە ڕیزیان بۆ کورد هەبێت، هەردەم ئامرازی دەستی ڕژێمی ئەسەد بوون بۆ چەوساندنەوەی کورد.

ئەگەر لەو خەڵکە ئاساییانەیان نەگیرێت، خۆ ئەوەش کەسێکی ئاسایی نییە؟! ئەو شۆڤێنیستە عروبییە، گەورەترین پیاوی سیاسیانە، ببینە بەرامبەر حزبێکی وەک پەیەدە، کە هەتا ناوی کوردستانیشی لە خۆی داماڵیوە، و بە باشترین شێوە مامەڵەی هەموو میللەتانی سوریا دەکات لە عەرەب و مەسیحی و تورکمان، و بچوکترین جیاوازیان لە نێواندا ناکات، هێشتا ئەو میشیل کیلۆیە دەڵێت: پ ی دە گەر بیەوێت خاکی سوریا پارچە بکات، پشتی پارچە پارچە دەکەین! دەڵێت سەد هەزار ئەمریکاش ناتوانێت ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدات! نا هێڵین ئیسرائیلێکی تر لەو وڵاتە دامەزرێت! هەمان وتاری بەعسی عروبی!

ئەوەش هەڵوێستی یەکەم نییە، لەو ڕۆشنبیر و یاساناس وسیاسیە گەورانەی سوریا، بەرلەوەش بورهان غلیون کە شانی لە شانی جۆرج الطرابیشی دەدا هەمان قسەی کرد بەرامبەر کورد و خراپتریش، گوتی: کورد هەمووی کۆچەرن هەر خەڵکی سوریا نین، و مێوانن! بەر لەویش هیثم المالح، کە بە شێخی حقوقیەکان و دامەزرێنەری مافی مرۆڤی سوریا دەناسرێت، نیوەی ژیانی لە زیندانی ئەسەد بەسەر بردووە، بە شۆڤێنیترین شێوە دژایەتی مافەکانی کورد دەکات! و دەڵێت کورد هەر نییە، عەرەبن و ڕەچەڵەکی نەتەوەی خۆیان لەبیر کردوە، و لەسەر کەناڵی العربیة گووتی: مافەکانی کورد هیچ مەشروع و هەق نییە.

کەمێک دڵمان بە هیثم المناع خۆش بوو، کە هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سوریای دیموکراتی نزیک لە پەیەدە بوو، هەر کە پەیەدە باسی فیدرالیەتیان کرد، یەکسەر گەڕایەوە سەر ئەسڵی شۆڤێنی عروبی خۆی، دەستی کێشایەوە، بەودواییە گووتی: کورد سوونی نین، دینیان کوردە! ئەوانە پیاوە ڕۆناکبیر و نووسەر و بیرمەند و

---

[17] لینکی ڤیدیۆکە:
http://xeber24.org/131131.html

یاساناس و مافپەروەرەکانن، کوا جیاوازیان لەگەڵ ئەو لێدوانەی شێخ نواف راغب البشیر شێخی مەشایخەکانی عەشیرەتی البکارة کە گووتی: ئەکراد هەر گەلێکیش نین و هیچ ناوچەیەکمان نییە بە ناوی ناوچەی کوردی!

من سەیرم پێ دێت بیرمەند و نووسەر و مافپەروەر و دامەزرێنەرانی مافی مرۆڤی عەرەب بەو شێوەیە بەرامبەر گەلێکی گەورەی وەک کورد بدوێن، کامیاریەکیان لەناو هەڵنەکەوێت پێیان بڵێت ئێوە شۆڤێنیستن و جنێوە زاراوە شیکەکانیانی پێ بدات، بەڵام کورد ئەگەر لە ترسی ئەو عەقڵیەتە ڕەهیب و ترسناکانە ترسا لە خاک و هاوسەنگی دانیشتیوان و دیموگرافی دەبنە شۆڤینست!

کەوابوو بە کاک کامیار و هاوفیکرانی بڵێن، پەیەدە بە ناوی کوردایەتی یش نایکات، کەچی هەر دوژمنایەتی دەکەن، و هەر بە کوردایەتی بۆی حسێب دەکەن، کوردایەتی قەدەرمانە!

## نەفرەت لە دۆزی فەڵەستین و حەماس و قودسیشت!

لەوەتی هەین هەر ئێمە لە هەر بۆنەیەک بۆمان لوا بێت لەبەرەی فەلەستین جەنگاین لە دژی ڕژێمی ئیسرائیل. لەوەتی حزبی سیاسی کوردی دروست بوە بە چەپ وڕاستەوە، وعەلمانی وئیسلامیەوە، لە پەیرەو وپرۆگرامەکانیان دەبێت باسی دۆزی فەلەستین بکەن، وەک پیرۆزترین کێشەی سەر زەوی، وپێویستیەتی پاڵپشتی کردنی بە هەر ڕێگایەک بکرێت. کەچی فەلەستینیەکان لەوەتی هەن، بە دەگمەن نەبێت لە هیچ بۆنەیەک قسەیەکی چاکیان بۆ کورد نەکردوە، لەوەتی هەن هەر پشتگیریان لە دوژمنانی کورد کردوە، لەوەتی هەن هێندە بێ ئیحساسن بەرامبەر دۆزی کورد وەک بڵێی هەرگیز جەور وستەمیان نەدیبێت، ئەوەی وەک فەلەستینیەکان ستەم لێکراو بێت دەبێت زۆر لەوە هەستیار تر بن، نەک وابزانن خوا لەوان بەدەر هیچ ستەملێکراوێکی تری دروست نەکردوە!

لەوەتی من و دەیان نەوەش پێشە من ودوای منیش بەخۆمان زانیوە هەمووومان خەمی قورس وفرمێسکی سوێرمان بۆ فەلەستین ڕژاندوە لە بەرامبەر هێزی جەرگبڕی ئیسرائیل، کە زۆر بێ ڕەحمانە دەیان کوتێت، هەرچەندە ئیسرائیل یش پاکانە و فەلسەفەی خۆی هەیە لەوەدا، ودەزانێت چ کەراهیەتێک دروستکراوە لەناو عەرەب وموسڵمانان لە دژیدا، بەجۆرێک هیچ بوارێکی بۆ پێکەوەژیان نەهێشتۆتەوە، وهاوکێشەکەی کردۆتە یان دەبیت یان نابیت!

لەوەتی پەردەی ساویلکەیی لەسەر مێشک و چاوم لادراوە لە زۆر بۆنە ولە میدیای خوێندراو وبینراو وبیستراودا، هەڵوێستی زۆر زبرم لە فەلەستینیەکان دیوە لە دژی دۆزی کورد، ونەک ئەوە بەڵکو نوسەرێکی ناوداری عەرەبی گاڵتەی بە هەر لێک چواندنێکی دۆزی فەلەستین وکوردی دێت ووتارێکی لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەی (القدس) ی لەندەنی نوسیبوو. نوسەرانی کوردیش زۆر جار لە نیاز پاکییەوە ئەو بەراوردە دەکەن لە نێوان دۆزی فەلەستین و دۆزی کورد. هەرچەندە بە من خودی ئەو بەراورد کردنەش ستەمێکە لە دۆزی کورد دەکرێت.

چونکە دۆزی کورد زۆر تراژیدیتر و گەورەتر و خوێناویترە، کورد دژی چوار پێنج دەوڵەتی بەهێز و دەیان وڵاتی عەرەبی و تورکی دەجەنگێت، فەڵەستین هەموو دنیای عەرەب و ئیسلام و ئەمریکای لاتین و گەلانی ئەوروپاشی لەگەڵدایە!

لە نوێترین هەڵوێستی دژ بە کوردیان، خالید مشعل ی تیرۆرست و سەرۆکی حەماسی فەڵەستینی دەستخۆشی لە سەرکەوتنی ڕژێمی ئەردۆگان دەکات لە عەفرین..!

دەڵێت سەرکەوتنی عەفرین نمونەیەک بوو بۆ ئیرادە و ویستی تورکی، ئینشاڵڵا سەرکەوتنی قارەمانانەی تر تۆمار دەکەین بۆ سەرکەوتنی ئومەتمان!

یاخوا دەستی ئیسرائیل خۆش بێت و بەردەوام بێت لەسەرفەلەستینییە خۆفرۆشەکان و بەرماوخۆری وڵاتان، یاخوا جوو هەر وا داشی سوار بێ لە سەرتان و گەورە و بچوک و نێر ومێتان چاوشکێن بکات! ئێوە کە گوایە میللەتێکی چەوساوەن هەست بە ئازاری چەوسانەوەی خەڵکیتر نەکەن، کەوابوو هەر بۆ چەوسانەوە و لەناوبردن باشن هەی بێ بەهاترین خەڵکی دنیا .نەفرەت لەو ئیسلامە ئیخوانیەتان و فکرە عروبەتیە سەخیفەتان. ئەگەر کوردە ئیسلامیەکان و ساویلکەکانیش یەک زەڕە شەرەفیان هەبێت، جاریکیتر بۆ تۆپیوەکانتان ناگرین بە دەستی ئیسرائیل. هەزار جار دەستی ئیسرائیل خۆش بێت! تف لە خۆتان ولە فەڵەستین ولە قودسی ناشەریفیشتان.

٢٠١٨/٤/١

# بەشی شەشەم

## ڕۆشنبیرانی ئیسلامی سیاسی کورد و بێگانە


- دۆخی ڕۆشنبیران لە سەردەمە ئیسلامیەکاندا (میحنەی ئیبن ڕاوەندی لەگەڵ موعتەزیلە)... 197
- چەند وشەیەک لەسەر ڕوونکردنەوەکەی کاک فاروق ڕەفیق ........................................ **205**
- وەڵامی فاروق ڕەفیق بە جرتی ئیسلامی نادرێتەوە!! ........................................ **207**
- بەچی مەسیحیەت سەرکەوت؟! ........................................ **208**
- هەیە ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی بە دکتۆرای فەلسەفەوەش بەری نادا! ........................................ **209**
- عادل باخەوان وەک خۆرئاواییەکی بێ ئاگا بە سروشتی توندڕەوی دەدوێت! ........................................ **211**
- خۆفرۆشی لە چلەپۆپەدا ........................................ **213**
- دووانەی خیانەت قەرەداغی و گەرمیانی! ........................................ **215**
- نووسەرە ماستاوچی و ترسنۆک و جەماوەرچیەکان ........................................ **219**
- عەلی باپیر وهەڵاوسانی منی باڵای! ........................................ **221**
- داعش لای ئەبوبەکر عەلی یش موسڵمانن! ........................................ **225**
- داعشیەکان سکاڵا لە دوژمنانی داعش دەکەن! ........................................ **227**
- مەهدیەکەی کوردستان و بیرەوەریەک! ........................................ **228**
- هەولێر ئەو جۆرە ڕۆشبیرەی تێدایە بۆیە بوویتە قومی موقەدەسە! ........................................ **231**
- فەرهاد پیرباڵ و مەلا عەلی بۆ؟! ........................................ **233**
- فەرهاد پیرباڵ دینی عەلی کەڵەکی لە جیاتی دینی عەلی شەریعەتی! ........................................ 234
- مەلا عەلی و فەرهاد پیرباڵ: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت! ........................................ **235**
- بە مزگەوتکردنی هەولێر لە دیدی مەرایی ڕۆشنبیران! ........................................ **236**
- سەردەمی فریودانی دینی بەسەرچوو! ........................................ **241**
- پاپای مەسیحیش وەک ئیسلامی سیاسی کورد ناناسێت! ........................................ **243**
- زاکیر نایک بە تەمای هیدایەتدانی ژاپۆنیشە! ........................................ **243**
- ئەبو قەتادە و نمونەی تۆتالیریزمی حوکمی ئیسلامی نوسخەی جیهادی سەلەفی! ........................................ 245
- قورئانیش بەکار دێت بۆ شێواندنی وێنەی کورد لە توراسی ئیسلامیدا! ........................................ **246**

# دۆخی ڕۆشنبیران لە سەردەمە ئیسلامیەکاندا

# (میحنەی ئیبن ڕاوەندی لەگەڵ موعتەزیلە)

## پێشەکی

لە بەدبەختی ئیبن ڕاوەندی هەموو ئەوانەی باسیان کردوە و هەوالیان گواستۆتەوە نەیارانی ئەون، جگە لە دوو کەس نەبێت کە ابن خلكان و الشريف المرتضى نەبێت. نووسینەکانی ئیبن ڕاوەندی کاریگەری لەسەر هەموو گۆڕەپانی فەرهەنگی سەردەمی خۆی جێهێشتووە، کەم ناوی بەرز هەبووە کە وەڵامی نەدابێتەوە لەوانە فارابی و کیندی و ئەشعەری و سهل و ابو محمد نوبەختی، ئەشعەری و ابو القاسم البلخي الكعبي و ابو علي الجبائي و ابو هاشم الجبائي و الخياط المعتزلي.

لەناو ئەو هەموو وەڵامانەش تەنها وەڵامی خەیاتی موعتەزیلیمان پێ گەیشتووە بە ناوی [الانتصار] کە وەڵامی کتێبی [فضيحة المعتزلة] ی ئیبن ڕاوەندی نووسراوە کە خۆشی لە وەڵامی کتێبی [فضيلة المعتزلة] ی جاحظ نوسیبووی! لەوەدەچێت ئەو کتێبە کاریگەریەکی زۆر گەورەی جێهێشتبێت لەسەر هەموو ئاراستە و تەوژمەکانی موعتەزیلەکان، بەڕادەیەک یەک وشەی چاک نادۆزیتەوە دەرهەق بەو پیاوەیان گوتبێت، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆر موعتەزیلی بووە و چەندین کتێبی لە بەرگری و برەودان بە موعتەزیلە نووسیوە.

## ناوزڕاندنی ئیبن ڕاوەندی

هێرش کردنە سەر ئەو پیاوە لە ڕادەیەک بووە هەتا ئەوانەی کە خۆیان بەوە ناسراون کە تۆمەتبار کراون بە زەندەقە وەک ابو علاء المعري و ابو حيان التوحيدي یش دەستیان نەپاراستوە لە خراپ باسکردنی ئیبن ڕاوەندی!

درۆیەکی هێندە زۆر کراوە بە دەمی ئەو ئیبن ڕاوەندی یە لەلایەن ناحەزانی، و جاروبار خەڵکانێک کە نەوێراون نوسینەکانیان بە ناوی خۆیان بڵاوکەنەوە، داویانەتە پاڵ ئیبن ڕاوەندی! مرۆڤ سەری دەسوڕمێ دەبێت ئەو مێژووە چەند تەحریفاتی تێکرابێت؟!

هەتا نووسەر و ڕۆمانووسێکی گەورەی ئەو سەردەمە وەک یوسف زیدان، کە ڕۆمانێکی مێژووی ئایینی مەزنی وەک[عەزازیل] نووسیوە، لە وتارێکدا بە ناوی [أحفاد ابن الراوندی] زۆر نەشارەزایانە باوەڕی بەو هەموو درۆیە هەڤدژیانە کردوە کە دژی ئیبن ڕاوەندی هەڵبەستراوە، و دەڵێت خۆی جوو بوو، کە ئەوە هیچ

بنچینەیەکی نییە، کە دیتی موعتەزیلە باڵادەستن بووە موعتەزیلە، دوایی موعتەزیلەی جێهێشت چونکە شوێن و پایەکی لایقیان پێی نەدا! دوایێ بووە شیعی کتێبێکیانی بۆ نووسی بە ناوی [في الامامة] بە ٣٣ دینار! دوایێ بوە سوننی، دوایێ بوەوە جوو کتێبێکی بۆ نوسین بە ٤٠٠ درهەم، دوایێ ویستی هەر خۆی وەڵامی کتێبەکەی بداتەوە، بۆیە جووەکان ١٠٠ درهەمی تریان دایێ تا بوەستێت و وەستا!

بەڕاستی شەرمە بۆ کەسێکی وەک یوسف زێدان، کە خۆی بە ڕۆشنبیرێکی گەورە دەزانێت، وەک هەر خوێنەرێکی بێ ئەزموون و ساویلکە درۆکانی توراس و مێژووی ئیسلامی باوەڕ دەکات و دووبارەی دەکاتەوە! یوسف زیدان ئیبن ڕاوەندی وەک نمونەیەک هێناوەتەوە بۆ ئەوانەی کە قەڵەمیان دەفرۆشن و هەر ڕۆژەی لەسەر خوانێکن، ئێمەش دژی ئەو زومرەیە خۆفرۆشەین، بەڵام ئەوەی زیدان هەڵەی تێدا کردوە دوو شتە: یەکەم باوەڕکردنی بەو هەموو درۆ و دەلەسەیەی بۆ سوککردنی ئیبن ڕاوەندی هەڵبەستراوە، هەتا لەلایەن ڕۆشنبیرترین چینی موسڵمانان کە موعتەزیلەیە، دوایێ چەند نمونەیەک لە وەڵامەکەی خەیاتی موعتەزیلی دەخەینە ڕوو بزانە هیچ سووکایەتی وجوێن ماوە بە ئیبن ڕاوەندی نەدابێت[18]!

دووەم: لەوەتی جیهان هەیە تەنها ژیانی ئەو کەسە ڕۆشنبیرانە خراپە کە ئامادە نەبوون خۆیان و قەڵەمیان بفرۆشن بە دەسەڵاتداران، ئەگەر ئیبن ڕاوەندی بەپێی ئەو وەسفە بێت کە ناحەزانی باس دەکەن، ئەوە ئەو ژیانە کولەمەرگیە و ناخۆشەی نەدەبردە سەر، کە تا مرد هەر خەریکی خۆ شاردنەوە بوو لە ترسی دوژمنە زۆرەکانی، هەتا موعتەزیلە وەک سەرچاوەکان دەڵێن دڵی خەلیفەیان باش لێی کرمی کردبوو!

ئەوانەی هەر ڕۆژەی لەسەر خوانێک و پەتێکن بە کەمێک بلیمەتیەوە، کە لەوانەیە نەگاتە چارەگی بلیمەتی ئیبن ڕاوەندیەوە دەتوانن خۆشترین ژیان بۆخۆیان دابین بکەن، نەمانزانیوە ماستاوچی بە کولەمەرگی بژێت و ژیا بێت!

---

18 http://www.ziedan.com/memory/6.asp
وتارەکەی یوسف زیدان

# میحنەی ئیبن ڕاوەندی بە دەستی موعتەزیلە!

من پێموایە سەرەڕای ئەوەی موعتەزیلەکان وەک عەقلانیترین گروپی ئیسلام لە مێژوودا دەرکەوتوون، ئەگەر میحنەی ابن حنبل و کیشەی خەلقی قورئانیش چاوپۆشی لێبکەین، بەڵام ناتوانین چاوپۆشی لەو هێرشە بەربلاوە توونده بکەین کە دژی ئیبن ڕاوەندی کردیان تا لە ژیاندا مایەوە! نەیانتوانی بە چاکی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، لەبەر چەند ناکۆکیەک زۆر خراپ دژایەتیان کرد، سەیر لەوەدایە هەتا ئەو کتێبەی لەسەر موعتەزیلە نووسی بەناوی [فضيحة المعتزلة]ش بەداخەوە نەماوە، ترسی ئەوەم هەیە موعتەزیلەش بەژدار بووبن لە قەلاچۆکردنی کتێبەکانی!

خەیاتی موعتەزیلی لە وەلامەکەیدا بۆ ئیبن ڕاوەندی هیچ قسەی خراپ نامێنێت پیی نەوتبێت، زۆرجار کە دەمخوێندەوە هەستم دەکرد ئەوە زمانێکی هێرشبەری سەلەفیانەیە قسە دەکات، نەک بیرمەندێکی موعتەزیلی! بەو جۆرە زمانە دەزانین کە بیرمەندان لەسەردەمی موعتەزیلەش هێندە ئازاد نەبوون، ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانیتر باشتر بوون، بەلام لەوە دەچێت قەت لێبوردە نەبووبن لەگەڵ ئەوانەی ڕەخنەیان لێ گرتبن!

ئەوە چەند کۆتەیشنێکە لە وەلامەکەی خەیاتی موعتەزیلی:

لە سەرەتادا باسی هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی نێوان ئیبن ڕاوەندی و موعتەزیلە دەکات، دیارە لە کتێبەکەی ئیبن ڕاوەندی دەلێت موعتەزیلەکانی بەغدا عبدالله ی کوڕی جەعفەر بە فاسق دەزانن و هەلوەستەش دەکەن لە حەسەنی کوڕی علی ودەلێت: " من گوێم لێی بوو کاتێ موعتەزیلی بوو، لە کۆتایی ڕۆژەکانیدا بەرلەوەی دەربکرێت لەناو موعتەزیلە بە کەمێک، ئەو قسانەی بە عبدالله ی کوڕی جەعفەر و حەسەنی کوڕی علی دەگووت، کە داویەتە پاڵی موعتەزیلە!

خەڵکی مەجلیسەکە بە توندی وەلامیان دایەوە پییان گووت: بە مەبەست قسە دەڵێیت بەوەی پێغەمبەر [د.خ] بە یەک لە دوو سەرداری گەنجانی ئەهلی بەهەشت وەسف کردوە. ئەوەش دەستپێک و یەکەم دووژمنایەتی موعتەزیلە بوو لەگەڵ ئەوەدا ]ئیبن ڕاوەندی[!" وكان ذاك اول عداوة المعتزلة له! ماقوله ئەو هەموو کێشەیە گەورەیە لەسەر ئەوە بێت؟

لە دەقێکیتردا تۆمەتێکی وەک تۆمەتی ئەخلاقی دەداتە پاڵ و دەڵێت: " لێتان مەعلوم بێت کەوا موعتەزیلە ئەو داوێنپیسە [ماجن] ی تورە کردوە لەبەر دژایەتی مولحیدەکان و تێکشکاندنی مەزهەبیان و دانانی کتێب لە دژیان"

"ئینجا ئەو داوێن پیسە باسی شتێک لە ثمامة دەگێڕێتەوە کە داوێنپیسەی خۆی پێی ناسراو بوو، چەندین جار گلەیی لێکراوە لەسەری، وازیشی نەهێنا تا خودا بە هەلاکەتی دا و بەرەو ئەشکەنجەی بە ئێشی خۆی بردی، ئەگەر لەبەر پاراستنی ئەو کتێبە نەبا، باسم دەکرد"

"وەڵام دانەوەی کتێبی کەسێکی ساقیتی وەک تۆ بارگرانیە، بەڵام ئێمە وەڵامی هەردوو مامۆستاکەتمان داوەتەوە ابو حفص الحداد و ابو عیسی الوراق سەرەڕای هیچی وپوچیان، کێشە نابێت وەڵامی نزیکێک و شوێنکەوتەیەکی ئەو دووانە بدەینەوە"!

لە دەقیکیتردا بە ئیبن ڕاوەندی دەڵێت: " ئەوە مەزهەب و قەولی تۆیە، لەبەر ئەوەش موعتەزیلە لە مەجلیسی خۆی دەریانکردی، لە خۆیانیان دوورخستیەوە، هەتا قین ورقت هانی دای وەک سەگ بەرامبەری بڕەویت، و درۆ لەسەر شێخەکانی بکەیت، تەنها خۆشت زەرەرمەند بوویت، چونکە بەڵگەکانی خوا زۆر ڕوونە نە بە تانەی مولحیدان و نە بە مەکری زەندیقە موشریکەکان دەڕوشێت"!

وەک دەبینین بە چ ڕوحیەتێکی توند وتیژ جوێن و سوکایەتی پیدەداکات، ئەوەش بەداخەوە ئەو وەڵامە لە ئاستی ئەو موعتەزیلەیە نییە کە لە مێژووی ئیسلامدا وەک ڕێڕەوێکی عەقڵانی و ئازادیخواز ناسراون.

سەرەڕای ئەو دژایەتیە توندەی ئیبن ڕاوەندی، هێشتا کەسایەتیەکی مێژوویی زۆر گرنگە، هەرچەندە زۆر ستەمی لێکراوە لە مێژوو، لە کۆی ١٢٠ کتێبی تەنها دوو سێیەکی ماوە، وئەویتریان هەمووی سوتاندوە و ون کردوە. جورئەتی ئیبن ڕاوەندی هێندە بە هێز بووە، کاتێ کتێبی الفرند دەداتە دەستی نەساخ ێک کە دەخوێنێتەوە دەڵێت:

کەسیتر ئەو کتێبەی دیوە؟ !

ئیبن ڕاوەندی : بەڵێ

نووسەرەکە دەڵێت: سەرم سوڕماوە چۆن هێشتا دەژی و بە ئازادی دێیت ودەچیت، سەرەڕای ئەو کوفرەی بڵاوی دەکەیتەوە لەناو ئەو کتابە! "یدهشني أنت ما زلت على قيد الحياة ناعماً بحريتك في الذهاب والإياب، على الرغم من هذا الكفر الذي تبثه في ثنايا الكتاب.

ئیبن ڕاوەندی : ئەوەی لەو کتێبە نووسیمە هەقیقەتن و کوفر نین.

هەر کە خەلیفە المتوکل یش دەبینێت کە سەیرێکی کتێبی [الفرند] دەکات دەڵێت :چۆن تا ئێستا ماویت کە نکوڵی لە خودا و پێغەمبەرایەتی دەکەیت! لە وەڵامدا گووتی من نکوڵی لە خودا ناکەم، بەڵکو لەو ئەفسانانەی مرۆڤ بۆ خوایان دروست کردوە!

ابن عقيل يش دەڵێت [سەيرم لێ دێت چۆن نەكوژراوە] "عجبي كيف لم يقتل" لە باسكردنى ئيبن ڕاوەندى دا، لاى سەيرە چۆن پياوێک وا بێ باوەڕ بێت و كتێب بنوسێت دژى دين و باوەڕ نەشكوژرێت بە دەستى ئيمانداران ودەسەڵاتداران! يانى ئەوەى كە لە درێژايى حوكمى ئيسلامى كوژراوە كوژراوە و بە هەقى خۆى گەيشتووە، ئەوەشى كە نەكوژراوە لەبەر ڕاكردن و خۆشاردنەوە و هەر هۆيەكى تر بووە، خۆى دەبوايە بكوژرێت!

چونكە هەر ئەو ابن عقيلە پێوەرێک دادەنێت بۆ گەرمى دڵ يان ساردى دڵى ئيمانداران، كە پشت دەبەستێتە سەر ڕادەى بێدەنگيان لە دوژمنانى شەريعەت!

دەڵێت:

[ئەگەر ويستت پايەى ئيسلام لاى خەڵكى سەردەمێک بزانيت، مەڕوانە قەرەباڵغيان لەبەر دەرگاى مزگەوتەكان، يان هاوارى لبيک اللهم لە حەج، بەڵكو بڕوانە خەمساردى و بێ دەنگيان لە ئاست دوژمنانى شەريعەت....ابن الراوندى و المعري بەر نەفرەتەكانى خوا كەون، ژيان ساڵانێكى زۆر ژيان شيعرو نوسينى كوفرباريان بڵاودەكردەوە، ساڵانێكى زۆر ژيان، ئينجا گۆڕەكانيان ڕيزيان لێگيرا، و دانراوەكانيان دەفرۆشران، ئەوەش بەڵگەيە لەسەر دڵساردى!]

"إذا اردت أن تعرف محل الاسلام من أهل الزمان ، فلا تنظر الى زحامهم في ابواب الجوامع ولا ضجيجهم في المواقف بـ ..لبيک..وإنما انظر الى مواطأتهم أعداء الشريعه ، عاش ابن الراوندي والمعري عليهما لعائن الله ينظمون وينثرون كفرا وعاشوا سنين وعظمت قبورهم واشتريت تصانيفهم وهذا يدل على برودة القلب".

يانى كە ئيبن ڕاوەندى و ئەبو عەلائى مەعەرى و خەڵكيتريش كە بێ باوەڕبوون نەكوژراون، ئەوە جێگاى ئەسەفە لاى ابن عقيل و دەيگەڕێنێتەوە بۆ ساردى دڵى ئيمانداران، دەنا ئەگەر ئيماندارى هەقيقى بان و دڵ و كەللەيان گەرم با نەدابا بهێڵن ئەوانە بژين!

## ئیبن ڕاوەندی مولحید نەبووە!

فوقەهاکان بە گشتی و حەنبەلی وسەلەفیەکان بە تایبەتی، ڕقیان لە کەسانێکی بێ دین هێندە دەبێتەوە، دەبەنگێکی دینداریان پێ باشترە لە بلیمەتێکی بێ دین، نازانم دەبەنگ چ سوودێکی بۆ دینەکەی دەبێت. سەلەفیەک نووسیتی: ڕەحمەتی خوای لە ئیمامی زەهەبی – کە ئیمامێکی سەلەفیە و قوتابی ابن تیمیە یە – بێت کە لە ژیینامەی زەندیقیکی زیرەکدا نووسیتی:

**[نەفرەتی خوا لە بلیمەتیەک بێت، کە بێ ئیمان بێت، و ڕەزای خواش لە دەبەنگیەک بێت تەقوای لەگەڵ بێت]![لعن الله الذكاء بلا إيمان، ورضي الله عن البلادة مع التقوى!]** سير أعلام النبلاء، ترجمة ابن الراوندي (14/62)

لەو قسەیە دەردەکەوێت کە ئیبن ڕاوەندی، کە بەناوبانگترین ئێتیستی [مولحیدی] مێژووی ئیسلام ناسراوە، سەرەڕای ئەوەی دەوترێت بۆ تەوهین پێ کردنی، بەڵام زۆر بلیمەت بووە! بلیمەتی ئەو پیاوە لە هەندی لەو وتانەی دەردەکەوێت، کە هەتا نەیارانیشی بۆیان گواستۆتەوە، هەرچەندە من زۆر پێچەوانەم لەگەڵ بیری ئیلحادا، بەڵام پێموابێ ابن الراوندی مولحید نەبوو بێت، تەنها باوەڕی بە نبوەت و کتێبی ئاسمانی ودینەکان نەبووە، دەنا باوەڕی بە خوا هەبووە وەک لە نێو دێری وەڵامەکان دەردەکەوێت، بەڵام لە مێژووی ئیسلامدا ئەوەی پێغەمبەرایەتیشی ڕەتکردبێتەوە بە مولحید ناوی دەبەن!

سەرەڕای ئەوەی دەمارگرژی و توندڕەوی بووە هۆی ئەوەی نزیکەی هەموو کتێبەکانی لەناو ببردرێت، بەڵام هەندێ لە وتەکانی لەو کتێبانە ماون کە لە وەڵامی و دژیدا نووسراوە! لە زانستی کیمیا و پزیشکیش قسەی زۆر بلیمەتانەی هەیە، وتەیەکی هەیە کە دەڵێت مرۆڤ دەورەدراوە بە تەنی خراپی دوژمنکار، بەڵام جەستە خۆی بەرگری دروست دەکات لە دژی! و باسی چەندین شتیتر دەکات.

هەندێ لە وتەکانی کە بوونە هۆی وروژاندنی پیاوانی دینی:

دەربارەی دین دەڵێت: [ ئەگەر دین موافیقی عەقڵ بێت ئەوە پێویستیمان پێی نییە، ئەگەریش پێچەوانەی عەقڵ بێت هەرڕەتی دەکەینەوە]! [اذا كان الدين متفقاً مع العقل فلا حاجة لنا به، واذا كان مختلفاً مع العقل فنحن نرفضه] دەربارەی دابەزینی فریشتە لە جەنگی بەدر دا دەڵێت: [ئەگەر ڕاست بێت فریشتە لە جەنگی بەدر دابەزی بن، ئەوە ئەو فریشتانە نا ئازا و دەست وپێ سپی وبێ دەسەڵات بوون، چونکە بە دەستی خۆیان و دەستی موسڵمانان تەنها حەفتا قورەیشییان پێ کوژرا!

"لو صح نزول الملائكة في معركة بدر فإن هؤلاء الملائكة مغلولي الشوكة قليلي البطش، فإنهم على اجتماع أيديهم وأيدي المسلمين لم يقتلوا من قريش سوى سبعين رجلاً" !! دەربارەی ئایەتی: " إن كيد الشيطان كان ضعيفا " [تەڵەکەی شەیتان لاوازە] دەڵێت: لاوازی چی کە ئادەمی لە بەهەشت دەرکرد! "أي ضعف به وقد أخرج آدم من الجنة"!

ابن کثیری سەلەفی لە البداية والنهاية زۆر بە توندی ڕەخنە لە ابن خلکانی کوردی دەگرێت چونکە وەک سەلەفی ساڵح لە کاتی باسکردنی ابن الراوندی دنیایەک نەفرەتی بەسەردا نەباراندوە و دەڵێت: ابن خلکان دەڵێی هەر مێشێکیش میوانی نییە، ئینجا خاڵێکی پۆزەتیڤیتریش لە ابن خلکانی دۆزیوەتەوە، کە دەڵێت: کە باسی ناودارە –ئیماندارەکان – دەکات بە کورتی دەدوێت، کە ژیننامەی زەندیق و مولحیدان باس دەکات درێژ دادڕی دەکات، وەک بڵێیت: سەگ هەویری نەخوارد بێت!

هەرچەندە ابن خلکان تەنها دەڵێت: " وكان من فضلاء عصره، ومن تصانيفه "كتاب فضيحة المعتزلة"، قلت: وهو رد عن المعتزلة، فأصحابنا ينسبونه إلى ما هو أضل وأفظع من مذهب المعتزلة".

لە پیاوە ڕیزدارەکانی سەردەم بوو! ،،،هاوەڵانمان دەیدەنە پاڵ گومڕاتر و دزێوتر لە موعتەزیلە" سەلەفیەک دەڵێت: ئەی ئیبن خەلەکان ئەو دۆڕاوی و زەلیلیەت لە پای چی؟! بەڕای من ئەوەش ڕوحێکی تەساموحی کوردیانەیە لە ئیبن خەلەکان، نەک دۆڕان و زەلیلی، چونکە عەرەب تەساموحیان پێ زەلیلیە!

هەر ئەو سەلەفیە دەڵێت: "زەهەبی ناوی بەخۆیەوەیە زێڕی سونەتە، کاتێک باسی ابن الراوندی دەکات گووتی: ئەو سەگێکی ساتمەکەرە، چونکە زەهەبی بە قەڵەمی ولاء و براء دەینووسی، ابن خلکانیش بە پێنووسی پیروکەنەفتەکانی هەبوو نەبوو"...[..والذهبي من ذهب السنة معدنه ، لما ترجم لابن الراوندي قال : هو الكلب المعثر ؛ لأن الذهبي يكتب بقلم الولاء والبراء ، وابن خلكان، يسجل بقلم العجائز ( كان يا ما كان ) جیاوازی نێوان ژیننامەی ابن الراوندی لای ئیبن خەلەکان و لای شمس الدين الذهبي، جیاوازی نێوان دوو عەقڵیەت و دوو میازاجی دینی و مرۆیی یە .

ئیبن خەلەکان ئیبن راوەندی بە چاک مامەڵە کرد، بەڵام ئیبن ڕاوەندی لە تەفسیری ئایەتێک لە سورەتی الإنسان آية 21 : [عليهم ثياب سندس خضر وإستبرق وحلوا أساور من فضة وسقاهم ربهم شرابا طهورا] دەڵێت سندس و استبرق زۆر ناشیرینن وەک نمونەی پۆشاکی بەهەشت باس بکرێت، ئەگەر لەبەر بکرێت وەک بووکی کوردان و نەبەتیەکان دەردەکەون!

## دەرئەنجام

ئەوەی دەمەوێ بڵێم لە هیچ سەردەمیکی ئیسلامی تەساموحێکی هەقیقی نەبووە بۆ ئەوانەی باوەڕدار نەبوون بە دین، و ڕەخنەیان هەبووە، هەتا لە سەردەمی موعتەزیلەش! ئەگەریش کەمێک ئازادی هەبوو بێت بەپێی هەڵوێست و فەتوایەکی شەرعی و دەزگایی نەبووە، زیاتر هەڵوێستی خەلیفە بووە کە خەریکی مەلەزاتی خۆی بوە، یان کابرا خۆی شاردۆتەوە بە درێژایی ژیانی.[19]

16/12/2015

[19] سەرچاوەکان:
تاريخ ابن الراوندي الملحد
ابن الراوندي في المناهج العربية الحديثة
هەردوو کتێب لە نووسینی عبدالامير الاعسم دكتوراه الفلسفة في كمبردج واستاذ فيها.
تاريخ الالحاد في الاسلام، عبدالرحمن البدوي

## چەند وشەیەک لەسەر ڕوونکردنەوەکەی کاک فاروق ڕەفیق

لە وتارە پۆستێک بە ناونیشانی: [موحەجەبە و بێ حیجابەکان یەکگرن!] دەربارەی ئەو هەڵلایەی کە دژی نووسەری ناودار کاک فاروق ڕەفیق ناویانەتەوە گوایە سووکایەتی بە حیجاب کردوە، دوودڵ بووم لە ڕاستگۆیی ئەو تۆمەتانە، چونکە من خۆم ئاگادارم کە کەسانێکی دینداری توندڕەو دەیان وسەدان بوهتان و قسەیان بۆ هەڵبەستووم بەو پەڕی بێ ویژدانیەوە بۆیە گووتم:"لە دوێنێوە باسی قسەکانی فاروق ڕەفیق دەکەن دەربارەی هەندێک باسی دینی و موحەجەبەکان. من گوێم لە قسەکانی فاروق ڕەفیق نەبوە لەسەر موحەجەبەکان، زۆریش گەڕام بۆ ڤیدیۆکەی نەمدۆزیەوە، بەڵام ئەگەر ئەو قسانە ڕاست بێت وا سوکایەتی پێکردوون، ئەوەی مستەهەقی ئەوپەڕی ڕەخنەیە.

هیچی کەمتر نابێت لەو مەلایانەی کە سوکایەتی دەکەن بە نا موحەجەبەکان ! سەرەڕۆیی لە هەردوو لا هەڵەیە، موحەجەبە و ناموحەجەبە هەموویان خوشک و خێزان و دایک و کەسوکاری ئێمەن." ئەو قسەیەشم لە باوەڕی تەواو و ویژدانەوە کردوە نەک بۆ موجامەلەی کەس! پاش ئەو ڕونکردنەوەی کاک فاروق ڕەفیق بۆم دەرکەوت کە ناوەرۆکی قسەکەیان دەستکاری کردوە، ئەو وەسفی ئافرەتی مونەقەبەی کردوە بە [خێو] نەک ئافرەتی موحجەبە یان سەرپۆش بەسەر!

کاک فاروق دەڵێت: " حەق دەبێت بگوترێت، ڕستەیەکی ئەم چاوپێکەوتنە لە سیاق دەرهێنراوە و زوومی خراوەتە سەر، گوایە من باسم لە باڵاپۆشی کردووە، نەء، من ئاماژەم بە نیقابی ئافرەتان کردووە، کە نیقاب هیچ پەیوەندییەکی نە بە کولتووری کوردی و نە بە کولتووری ئیسلامییەوە هەیە، بەڵکو زادەی کولتووری عەرەبییە.

ئەمە مەبەستەکەی من بووە لە خێو، ئافرەتێک کە لە ئینسانیەتی خۆی دادەماڵرێت و لە ئازادییەکانی و لە مرۆڤبوون دەخرێت، دیارە کە دەبێت بە خێو، من نەمگوتووە کە کەسێک کە باڵاپۆش بێت خێوە، ئەمە شێواندنی قسەکانی منە. من دەزانم کە ئەم قسەیەی من ئیستفزازییە، بگرە ناباوە، گوتنی شتی ناباو، لە هەلومەرجی سەرەولێژبوونەوەی کولتووری و هەلومەرجی لەدەستدانی توانای هەڵکردن مەسەلەیەکی ستراتیژییە بۆ شۆککردن و بۆ ڕاچڵەکاندنی خودی کۆمەڵگە، بێگومان گوتنی ناباو بۆ کەسێک کە جورئەت بکات و بیڵێت، سەرئێشە دروست دەکات، بەڵام ئەگەری زۆرە گفتوگۆیەک سەر ڕێگە بخات، ڕەنگە بشبێتە مایەی سەرهەڵدانی هوشیارییەکی نوێ.

کەواتە من بە مەبەست باس لە بورقە و قیناع دەکەم وەک داکۆکیکردن لە ئینسانیەتی ئافرەت و لە کەرامەتی، نەک بێرێزیکردن پێی." ئەگەر مەبەستی کاک فاروق لە خێو مونەقەبە بێت، ئەوە دەڵیین کاک فاروق هیچ هەڵەیەکی نەکردوە بەو وەسفە، بەڵکو زۆر بە ویژدانیش بووە لە وەسفکردنی، چونکە خەڵکێکی زۆر بە دەیان وەسفی زۆر خراپ وەسفی دەکەن وەک خێمەی ڕۆیشتوو، وکیسەی زبڵی ڕەش و دەیان شتیتر. ئێمە هاوڕاین لەگەڵ کاک فاروق کە دەڵێت: " نیقاب هیچ پەیوەندییەکی نە بە کولتووری کوردی و نە بە کولتووری ئیسلامییەوە هەیە، بەڵکو زادەی کولتووری عەرەبییە"

وە دەمانەوێت بە کاک فاروق بڵێین ئەو قسەیە و بۆچوونەت نە شۆکە ونە نوێیە، من خۆم چەندین وتارم لەسەر نامۆیی نیقاب و نامرۆیی ئەو جل وبەرگە نا ئیسلامی ونا ئینسانیە نوسیوە، یەکێکیان بە ناوی [نا بۆ بە سعودی کردنی ئافرەتانمان] و جگە لە منیش چەندین نووسەری دیندار بابەتی رەخنەییان لە دژی نیقاب نووسیوە. کەوابوو هێرشەکەی سەر کاک فاروق دینی نییە، دەکرێت ڕوکەشێکی دینی بۆ بەکار بهێنن، زیاتر سیاسیە و پەیوەندی بە پرسی دەستوور ومادەی شەش هەیە، هەروەها زیاتر پەیوەندی بە هەڵوێستی کاک فاروق هەیە لە دژی ئیسلامی سیاسی و بڵاوکردنەوەی کلتوری سەلەفیەت. لەوەشدا من بەش بە حاڵی خۆم هاوڕام لە ئامانجەکەی، کە ئیسلامی سیاسی هیچی پی نییە بۆ ئایندەی میللەتەکەمان.

٢٠١٥/٧/٢٢

# وەڵامی فاروق ڕەفیق بە جرتی ئیسلامی نادرێتەوە!!

لە کوردم بی ئینساف تر نەدیوە کاتێک کەسێکی ڕۆشنبیری خۆیان هەڵدەسەنگێنن لە حاڵەتی توڕەبوون و ناڕەزایی دا. نووسەرمان هەیە لە وڵاتانی تر با، لەوانەیە ناوی پڕاوپڕی دنیا بڵاو ببایەوە، کەچی منداڵێکی کەم عەقڵی دوو سێ کتێب خوێن دێت و ملی لەبەر ملی دەنێت، ئەوەی سووکایەتیە پێی دەکات، و زۆر بە ئاسانی بە جەهل و بێ عەقڵ و جەهلی مورەکەبیش وەسفی دەکات، هەرچەندە لەوانەیە هەر دوێنێ وەک فەیلەسوف و بەدیعولزەمان وەسفی کردبێت!

مە بەستم بۆ نمونە ەو تانە وتەشەرە دزێوانەیە کە ئاڕاستەی فاروق رەفیق دەکرێت، هەندێک لەو ئیسلامیانەی بەو نەفەسە ناشیرین وعاتیفیە وەڵامی نووسەرێکی ناوداری وەک فاروق رەفیق دەدەنەوە، گەورەترین تانە لە لە شێوازی رەخنە گرتنی خۆیان دەدەن، وخەڵک دەزانێت کە تا چ رادەیەک بێ ئینساف و نا بابەتین. ماقوڵ نییە دوێنێ ئەوەی ستایشە بدەیتە پاڵ کاک فاروق ڕەفیق، کەچی پاش ئەوەی فاروق هەندێک لە بیروڕاکانی گۆڕی دەربارەی هەندێک لە لایەنەکانی ئیسلامدا، هەزاران جوێن وتانە تەشەر و تۆمەتی بۆ ڕیز کەیت، ئاستی ئەو قسە قۆڕانەی کە بە ناوی ڕەخنەوە دەنووسرێت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی هەرزە قەڵەمێک دەڵێت: دەبێت بە جرت وەڵامی دەینەوە! یەکێکی تر دەڵێت گوایە ١٠ ساڵە چاوەڕوانی ئەوە دەکات و چاودێری فاروق رەفیق دەکات، تا بزانێت بە کوێ دەگات ئەو جاهیل و خۆ بە فەیلەسوف زانە!

دەڵێت: گوتم لەوانەیە خێرێکی تیا بێت با ئەم خێرە لە ناخیا نەکوژرێت!!! یانی کابرا خێری پێکردوە دەنا فاروق رەفیقی دەکردە پەڕۆکی بێ نوێژ!!! ئەو برادەرە دەڵێت پاش ١٠ ساڵ لە تەهریجی ئەو پیاوە کاتی ئەوە هاتووە باسی خوزەعبەلاتەکانی بکرێت و باسی جەهالەتەکەی بکرێت.!! کاکە ئەگەر تۆ ئیسلامیت و ڕەخنەت هەیە لە وتاری ئەو پیاوە بڵێ: رەخنەم هەیە لە قسەکانی، وغەڵەتە، بەڵام مەڵێ ئەو پیاوە بێ عەقڵە وموهەریجە و هیچ لەبار نیە، دەبێت بە جرت وەڵامی بدرێتەوە!!!

من لە هەندێک لە قسەکانی ئەو دواییە نیگەرانم و ڕەخنەم هەیە لێی، بەڵام فێری ئەوە بووم کە دەبێت یەکتری قبوڵ کەین بە هەموو جیاوازیەکانەوە، دەشزانم قسەکانی ئەمڕۆی لەوانەیە پێچەوانەی دوێنێی بن، بەڵام دەشزانم هیچ نەنگیەک لە گۆڕانی مرۆڤی بیرمەند دا نییە، بەڵکو نەنگی بۆ ئەوانەیە کە تەلاقیان خواردوە قەت نەگۆڕێن!! نابێت هەر کەسێکیش گۆڕا بە دوای هۆکاری منالانە و لێکدانەوەی بێ ناوەرۆک بگەرێین، وبڵێین خۆی فرۆستوە بە ئەم و ئەو، یان پارەی وەرگرتوە وباقی ئەو تۆمەتانەی کە هیچ بناغەیەکی ئەوتۆیان نیە.

٢٠١٥/٢/٨

## بەچی مەسیحیەت سەرکەوت؟!

## بە دادگاکانی پشکنین یان بە شەڕەکانی خاچ پەرستی و کوشتن و بڕین؟!

نەخێر مەسیح بە خۆشەویستی سەرکەوت، بە مەوعیزەی چیا سەرکەوت، کاتێ گیرا پوترس خەنجەرەکەی ڕاکێشا بۆ بەرگری لێکردنی، حەزرەتی مەسیح فەرمووی: خەنجەرەکەت بخەروە کالآنی خۆی...دوژمنانتان خۆش بوێت و نەفرەت لێکەرانتان پیرۆز کەن و نزا بۆ چەوسێنەرانتان بکەن!

مەسیح کە لە هەموو ژیانیدا شمشێری هەڵنەگرت بە خۆشەویستی سەرکەوت...ئەو خۆشەویستیەی کە ڕۆڵی ئاو دەبینێت، بەرامبەر ئاگر کە توندوتیژی بەرجەستە دەکات. کاتێ ئاو و ئاگر دەگەنە یەک و خۆشەویستی و ڕق و قینەش دەگەنە یەک، سەرکەوتن هەر بۆ ئاوە، بۆ خۆشەویستیە.

من لە دوای ئەو وتە جوان و بلیمەتانە ڕەخنەیەکی توندی عەدنان ئیبراهیم دەبینم، نەک لە گروپ و هێزە توندوتیژە ئیسلامیەکان، بەڵکو لە خودی ئەو دەقانەی کە توندوتیژیان دروست کردوە لە ژیانی موسڵمانان دا.

ڕەخنە لە خودی مێژوو و سیرە دەگرێت بە ناڕاستەوخۆ، کاتێک دەڵێت مەسیح لە ژیانیدا دەستی نەداوەتە شمشێر. ئەوانەشی دەستیان دایە شمشێر بە ناوی ئەو، ئەوان هۆکاری سەرەکی هەرەس و دوواکەوتنی مەسیحیەت بوون، وەک چۆن توندوتیژی ئیسلام هۆکاری سەرەکی بەدناو بوون و دواکەوتن و لەناچوونی ئیسلام دەبێت.

ئیسلام ڕزگار نەکرێت لە بیرکردنەوەی توندوتیژی و ئەو دەق و نەریتانەی توندوتیژی بەرهەم دەهێنن، چەند دەیەکی تر یان موسڵمانان یان خودی ئیسلام لەناو دەچن.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٧/١٦

## هەیە ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی بە دکتۆرای فەلسەفەوەش بەری نادا!

کابرایەک هیچ هەل لە دەست نادا بۆ بەرگری کردن لە تێزەکانی ئیسلامی سیاسی، لە هەر کوێیەک هەواڵێکی دەست کەوت تۆزێ بەرگری تێدا بوو لە ئیسلامیستە توندڕەوەکان بە پەلە دەیگوێزێتەوە، هەر کردەیەکی تیرۆرستی لە جیهان و ئەوروپا و فەرەنسا ڕوو بدات، بەرلەوەی ناسنامەی تیرۆرستی بکەرەکە بە تەواوی ئاشکرا بێت، ئەگەر بکەرەکە پێشینەیەکی تاوانباری هەبێت، یەکسەر دەڵێت ئەو بکەرە هیچ پەیوەندی نییە بە ئیسلامی سیاسی و تەنها گیانی تاوان پاڵنەری بووە، دواییش کە پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان دەیسەلمێنن کە بکەرەکە بەیعەتی بە داعش داوە، خۆی بێ دەنگ دەکات و دان بە هەڵەوەری خۆی ناهێنێت!

بەرلە چەند ڕۆژێک کورتە ڤیدیۆیەکی عدنان ابراهیمم گواستەوە لەسەر ڕوحیەتی ئاشتیخوازانەی دەقە مەسیحیەکان و گووتمان کە مێژووی مەسیحیەت پڕی زەبروزەنگە بەڵام دەقەکانی ئەسڵی دینەکە کەمترین زەبروزەنگی تێدایە، و بەراوردمان کرد بە دەقەکانی جوواتی و ئیسلامی کە دەقێکی زۆری توندوتیژی تێدایە و مێژووشی پڕاوپڕە لە زەبروزەنگ.

ئەو تێزە لە کورتە ڤیدیۆکەی عدنان ابراهیم هاتبوو، منیش وەک لێکۆڵەرێکی بواری دینی دەزانم ئەو تێزە ڕاستە و پێویستم بە هینانەوەی شایەدی فلانە فەیلەسوف و فلان بیرمەندی فەرەنسی نییە بۆ سەلماندنی شتێکی وا، وەک کەسانێکی لە خۆگۆڕاو بوونەتە سەلەفی لە بواری فەرهەنگیدا، چۆن سەلەفی هەر قسەیەک بکات دەبێ قسەی پێغەمبەر و سەحابە و سەلەفی ساڵح بێت، ئەوانیش وایان لێهاتوە بیست ساڵی لە ئیسلامی سیاسی تێپەڕاندوە هێشتا کە باسی مەسیحیەت دەکات قسەی بیرمەند و فەیلەسوفی فەرەنسی دەهێنێتەوە، ئەو تەرزە ڕۆشنبیرانە ئەگەر کۆتێشنی بیرمەند و فەیلەسوفیان لێ داماڵیت، هیچیان بۆ نامێنێتەوە لەو شتانەی دەیاننوسن لە حروفی عەتف و حروفی جەر زیاتر!

من کە واش دەڵێم نە بانگەواز دەکەم بۆ مەسیحیەت و نە خۆم مەسیحیم و نە باوەڕیشم بە مەسیحیەتە، تەنها ئەوە ڕاستیەکە، یان لای من ئەوە ڕاستیەکە و دەیڵێم. دەزانیشم مێژووی مەسیحیەت زۆر نەفرەتیترە لە مێژووی خوێنڕشتنی دینەکانیتر، بەڵام مێژوو شتێکە و دەق شتێکی ترە. ڕاستە مەسیحییەتیش چەند دەقێکی کەمی تێدایە کە ئاماژەی تووندوتیژی لێ دەفامرێتەوە، بەڵام زۆر کەمن ئەو دەقانە لە چاو دەقگەلێکی تری کە هەموو باسی ئاشتی و خۆشەویستییە، وەک چۆن مەسیح لە ئنجیلدا بە سەرۆکی ئاشتی ناوزەد دەکرێت، و لە ئایەتێکدا دەڵێت: خۆشبەختی بۆ دروستکەرانی ئاشتی.. (متی 5: 9)

لە دەقێکیتردا دەڵێت: دوژمنانتان خۆش بوێت، نەفرەت لێکەرانتان پیرۆز بکەن، چاکە لەگەڵ ئەوانە بکەن دەتان بوغزێنن، نزا بکەن بۆ ئەوانە خراپەتان لەگەڵ دەکەن و دەرتان دەکەن...چونکە ئەگەر تەنها ئەوانەتان خۆش ویست کە ئێوەیان خۆش دەوێ، ئەوە چ پاداشتێکی تێدایە؟! (مت5: 44-47)

یان دەڵێت: بەرەنگاری شەڕ مەکەن. بەڵکو ئەوەی شەقێکی لە ڕووی ڕاستی دایت، ڕووەکەی تری بۆ وەرسوڕێنە.. و ئەوەی شەڕی لەگەڵ کردووی ویستی کراست بەرێت، هەموو بەرگی خۆتی بدەرێ، ئەوەی میلێک بێگاری کردی، دوو میل لەگەڵی برۆ، ئەوەی داوای لێکردی بیدەرێ. (مت5: 39-42).

مەسیحی واز لە مێژوو بێنێ، دەقەکانی دینەکەی زۆر یاریدەدەرە بۆ گرتنی ڕێگای ئاشتیخوازی، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم جوو و موسڵمان نکوڵی لە مێژووش بکەن، دەقگەلێکی زۆر یەخەیان دەگرێت، کە چارەسەریان ئاسان نییە. جارێ تەورات دەبێت نیوەی ڕەشکەیتەوە، لە ئیسلامیش ئەگەر دەستبەرداری تۆنێک حەدیسی لێوان لێو لە توندوتیژیش بین، کە ئەوەش ئاسان نییە، هێشتا دەقگەلێکت دەمێنێتەوە لەناو قورئان کە بە خوێندنەوەی هەموو سەرچاوە ئیسلامیەکان هانی زەبروزەنگی دەدەن، ڕزگار بوونیش لێی نەک زۆر قورسە بەڵکو موستەحیلە!

فەیلەسوفی فەرەنساکەمان بە گوتنی ئەو ڕاستیە قەڵس بووە وەک بڵێی کۆنە ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی بزواوە و هاتووە تەنها دەقێکی مەسیحیەتی هێناوەتەوە کە مەسیح دەڵێت: من نەهاتوم بۆئەوەی ئاشتیتان بۆبێنم، من هاتوم بۆئەوەی شمشێرتان بۆبێنم!

وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی دەڵێت فلانە بیرمەندی فەرەنسی دەڵێت مەسیحیەت هەمووی زەبروزەنگە بێ ئەوەی یەک بەڵگەشی بهێنێتەوە! باشە ئەی تۆ خۆ تەمەنێکت لەناو بزوتنەوە ئیسلامیەکان و کتێبی ئیسلامی و ڕیش و سیواک و چەک بەڕێکردوە، نابێت خۆشت ڕایەکت هەبێت؟!لەوەش سەیرتر غەریزەی ئیسلامی سیاسی کۆنی جوڵاوە و دەڵێت: "بریا ئەم کتێبە دەکرا بەکوردی بەتایبەتی بۆ ئەو تایپە لە ڕۆشنبیرەی کە پێوایە مەسیحیەت ئاینی ئاشتیە و ئیسلام ئاینی شمشێر!"

وادەزانێت ئێمە شەڕی ئیسلام و مەسیحیەت دەکەین وەک سەردەمی ئیسلامی بوون! ئێمە ئەو کتێبانەش دەخوێنیتەوە بەڵام ڕای خۆشمان هەیە نابینە سەلەفی فەرهەنگی، کەوا دەزانن ڕای خۆت لە شەیتانەوەیە و هەردەبێت بڵێی قال فلان واخبر علان!

٢٠١٧/٨/٣

## عادل باخەوان وەک خۆرئاواییەکی بێ ئاگا دەدوێت!

## یاخوا خودا خوێڕی هیدایەت نەدا بە دەستی توندڕەوان!

لە وتاری تریش باسی مەترسی هیدایەت دانی، خەڵکی شەڕانگێژ و دز و پیاوکوژ و دەستدرێژیکەرم کردوە، کە کورد لە وشەی خوێڕی کورتی دەکاتەوە!

سەرچاوەکانی هەواڵ و دەزگا سیاسی و ئەمنیەکانی فەرەنسی دەڵێن، ئەو تاوانبارە دڕندەیە محمد بو هیلالی تونسی، کە تاوانەکەی نیسی فەرەنسای ئەنجامدا، ڕیکۆردێکی ئیجرامی خوێڕیاتی هەبووە، و مرۆڤێکی مەشروب خۆرێکی موعتاد و دز و دووکانبڕ و شەڕفرۆش و توندوتیژکار دژی خێزانی خۆیی بووە! هیچ ئاماژەیەک نییە کە سەر بە گروپی توندڕەوی ئیسلامی و سەلەفی ببێت!

تا ئێستا هەواڵەکە ئاساییە بۆ من وەک توێژەرێکی ئیسلامی، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە، ئەوەیە کەسانێکی ئیسلامی، یان دەرکەوتوو لە باگراوندێکی ئیسلامی، وەک کاک عادل باخەوان بێت و دڵی بەوە خۆش کات، کە:" محمد سلمان الحويّج بوهلال تا پێش مردنیشی لەسەر هیچ لیستێکی دەزگای هەواڵگری فەرەنسی نەبووە. لەسەر هیچ ڕادارێکی دەوڵەت وەک کەسێکی "ڕادیکاڵیزەکراو" دەرنەکەوتوە و بە فیلتەرەکانی ئیسلامیزم، سەلەفیزم، فۆندامۆنتالیزم و تیرۆریزمدا تێنەپەڕیوە. هەموو داتاکان تا ئێستا تەنها دەڵێن : محمد سلمان الحويّج بوهلال گەنجێکی توندوتیژ و شەرابخۆر و دز و دوکانبڕبووە و لەسەر ئەم کارانەشی، چەند جارێک دادگایی کراوە. هەموو ئەم ئاماژە و داتایانە وامانلێدەکەن کە پەلەنەکەین لە شرۆڤەکردنی ڕوداوەکەدا! "

هەرکێ بیری بۆ هەڵدانی ئەو مەتەڵە نەچێت، دەبێت عادل باخەوان بیری بۆ بچێت، لەبەر باگراوندە ئیسلامیەکەی، وەک باگراوندەکەی من، کە تێگەیشتنی زۆر لەو دیاردە توندڕەویانەم بۆ ئاسانتر دەکات. زۆر ئاساییە ئەو تیرۆرستە هیچ ڕیکۆڕدێکی تیرۆرستی نەبووبێت، چونکە ئێمەی موسڵمان، خوێڕیەکانیشمان، نوقمی ناو تاوان و شەلاتیاتیش بن، پرۆژەی تیرۆرستێکی ئامادە و خێران، ئەگەر بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە دەستی ئیسلامیەکی سەلەفی جیهادی تیرۆرست!

من لە نووسینیتریش ئاماژەم بەو دیاردەیە گەڕانەوە و تۆبەکردنی ئەو کەسانە کردوە کە نوقمی ناو تاوان و سەرپێچیە دینی و مرۆییەکان دەبن، وەک کوشتن و بڕین و دزین وئەزیەتدانی خەڵک و تلیاک کێشان و خواردنەوەی زۆری مەی و ڕەبپکردنی بە زۆری کچان وهتد.. ئەگەر عادل باخەوان کەمێک لە گۆشەی دەروونی، مرۆڤە بەدە گەڕاوەکان بۆ باوەشی خوا، سەرنجی کەیسەکەی دابا باشتر تێدەگەیشت.

لە بەدبەختی موسڵمانان زۆربەی ئەوانەی لای خۆمان پییان دەڵێین خوێڕی یان خۆڕی، لە هەر دینێکیتر کە تۆبە دەکەن، بە هێمنی خەریکی کاری خێرخوازی و عیبادەتیان دەکەن تا لەو هەست بە تاوانبارببوونە ڕزگاری دەبێت، بەڵام لەو ڕۆژگارە لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوە جیهادیەکانی وەک قاعیدە و داعش و لق وپۆپە زۆرەکانی کە وەک شێرپەنجە بە جەستەی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە، قورپەسەر ئەو [خۆڕیەی] بیەوێت تۆبە بکات و تووشی بازرگانێکی دین ببێت!

یەکەم هەستی بە گەورەیی تاوانەکانی، لەلادا زۆر گەورە دەکات، و ئینجا دەیخاتە مێشکی، کە تاقە ڕێگایەکی کە ببێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی بە زوترین کات، جیهاد کردنە وەک ئیبن تەیمیەش دەڵێ ئەگەر تاوانتان زۆر بوو جیهاد بکەن! ئەو کابرایەش خۆی سروشتێکی شەڕانگێژی هەیە، پێشتر لە ڕای شەیتان بەکاری دەهێنا، ئەوجارەیان لە ڕای خوا هەمان شەڕ و خراپەکاری و کوشتن و تاوانی پێ دەکەن. وای تێدەگەیەنن پێشتر کە دەیکوشت تاوان بوو، بەڵام پاش گەڕانەوەی بۆ باوەشی ئیسلام کوشتنەکانی هەمووی بە خێری گەورە بۆ دەنوسرێت!

دەقە دینیەکانیش لە خزمەتینە، کە چۆن تاوانی دەیان ساڵ، بە چاوتروکانێکی جیهاد لە پێناو خوا دەسڕێتەوە! لە حەدیسدا هاتوە فەزڵی شەوێکی پاسەوانی جیهاد لەهەزار شەو زیاترە، کە بە شەوەکەی لە شەونوێژکردن دابیت و ڕۆژەکەی لە ڕۆژووگرتندا بیت! {حرس ليلة في سبيل الله أفضل من ألف ليلة يقام ليلها، ويصام نهارها}

ئەنەسیش دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر دەڵێت: [هیچ کەسێک بچێتە بەهەشت حەز ناکات بگەڕێتەوە دنیا هەرچیەکی هەبیت لە دنیادا جگە لە شەهید نەبێت، کە تەمەنا دەکات بگەڕێتەوە ودە جاریتر بکوژرێت لەبەر ئەو ڕیز وشکۆیەی کە دەیبینێت!

عن أنس أن النبي قال: {ما أحد يدخل الجنة يحب أن يرجع إلى الدنيا، وإن له ما على الأرض من شيء إلا الشيهد؛ فإنه يتمنى أن يرجع إلى الدنيا فيقتل عشر مرات لما يرى من الكرامة}.

یانی ئەو دەبەنگانەی ئەو خەڵکانە دەکوژن لە پێناو عەقیدە ودین، ئێستا تەنها خەمێکیان ئەوەیە کە تەنها یەک گیانیان هەیە لە پێناو خوادا بیبەخشن. دەنا ئەو محمد بو هیلالە گەمبۆرە سەدان جار بە لۆری بەسەر ژن و منداڵدا لێی دەخوڕی. یاخوا خودا خوێڕی هیدایەت نەدا بە دەستی توندڕەوان![20]

[20] 16/7/2016

# خۆفرۆشی لە چڵەپۆپە دا!

ئەو سەید ئەحمەدەی یەکگرتوو ڕۆژ بە ڕۆژ دەیسەلمێنێت کە چەندە کەسێکی خۆفرۆش و حزبی و ئایدیۆلۆژیە... ببینە چۆن مەدح وسەنای ئەردۆگانی دیکتاتۆری خوێن ڕێژ دەکات، کە بۆتە قەشمەرجاری هەموو دنیا، ماعەدا ئەو خۆفرۆشانە نەبێت، کە بە پاڵنەری ئیسلامیزمی سیاسی پێ دەنینە سەر هەموو کورد[21].

ئەو بە نەیارانی ئەردۆگان دەڵێت ئەگەر کارمان بکەوێتە دەستی ئەوانە سەرمان دەبرن! بەڵام سوڵتانەکەی تۆ، هەی لە شێخ عەبدوللەتیف مێبازتر، و خاوەنی فەزیحەیەکی گەورەتر، هەر ئێستا کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا دەکوژێت و سەردەبڕێت!

دیارە هێشتا هەواڵت نییە؟! ئاگاداری ئەو هەموو کوشتارەی خواکەت ئەردۆگان نیت؟! ئەو هەموو ژن و منداڵ و پیرە ئاگادار نیت، چۆنیان دەکوژێت ئەو ئەردۆگانە تەرەسە، هەی لەو بێ ویژدانتر و نامرۆڤتر؟!

باشە تورکێک ئاساییە ئیسلامی بێت و دڵی بەو ڕەفاهیەتە خۆش بێت کە ئەردۆگان بۆی فەراهەم کردوە، هەرچەندە درۆشە، ئێستا تورکیا لە پاشەکشەیەکی گەورەی ئابووری دایە، بەڵام بابڵێین ڕاستە ئەردۆگان تورکیای کردۆتە بەهەشت. ئەی بە تۆی کورد چی، و بۆ دڵت هێندە پێی خۆشە؟! بەوەی مافی بە میللەتەکەتی داوە، ئەوانیش لە خێروبێردا نوقم بوون یان بە هۆی کوشتارەکانی لە کورد؟!

یان بەوەی ئەردۆگان بە پێی واقیع و ویکلیکس هەموو نەوتی کوردستانی باشوور بە هاوبەشی دزەکانی کوردستان بەتاڵان دەبات، و هەتا دڵی بە مووچەی کەمی ئەو میللەتەش ناسوتێت؟! ئەگەر بۆ کوردی باکووریش مێشێکت مێوان نییە، کەمەک ئەمەکی کوردانی باشوورت هەبێت کە دەیان مەلای بێ کەڵکی وەک تۆ لەسەروگوێلاکی بە مفتەخۆری دەژین! قوڕ بەسەر کورد کە ملی دەکەوێتە دەست خۆفرۆشانێکی وەک ئێوە، کە ئامادەن هەموو کورد شاباشی پێڵاوی ئەردۆگان بکەن.

ساویلکەییت لەوە دەردەکەوێت کە هێندە باوەڕت بەو سیناریۆیە سەخیفەی کودەتا کردبێت، کە ئێستا هەموو جیهان گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی، کە تەنها سیناریۆیەک بوو، بۆ لێدانی دیموکراتیەت و هێزە نەیارەکانی لە تورکیا! ئێستا باسی سەفەوی و مەجوسی شیعە دەکەیت، ئەی کە ئەندام پەرلەمان بوویت، لە حکومەتە مەجوسیە سەفەوییەکە بۆ هەتا هاتیەوەش کەس گوێی لە موداخەلەیەکت نەبوو؟! بێگومان لەبەر خاتری ئەو هەموو ملیۆنە مفتە بوو، کە وەک مووچەی پەرلەمانتار وەرت دەگرت، یان ئازان وەک چەندین مەلای تر، لە

[21] لینکی ڤیدیۆکە: https://www.youtube.com/watch?v=NlH6ftVNYSM

بەغدا نەعامە و ترسنۆک بن، لەگەڵ شیعە باسی تەقریب بکەن، کە گەڕانەوە هەولێریش ببنە شێری مەیدان، وەک شوشکەیی و کەسانی تریش؟!

ئەخر پاش ویکلیکسیش ئێستا هیچ گومانێک نەماوە لەوەی کە ئەردۆگان خاوەنی داعشە و بەڕێوەبەریانە، تۆ باسی مەترسی داعش دەکەیت بۆسەر ئەردۆگان؟!

بۆ نالێیت ئێستا ئەوەی نەیارانی ئەردۆگان دەکوژێت داعشی ئەردۆگانن؟!

قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی کە مەلای خۆفرۆشی وەک تۆی هەیە، کە هەزاران قوربانی میللەتەکەی فەرامۆش دەکات، بۆ ستایشی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژی میللەتەکەی! لەبەر تۆ و ئەمسالی تۆیە، شەپۆلی لادینیەت بەڕێوەیە، چونکە ئێوەی پیاوانی دینی لە دزێوی و دژە میللەتی زیاتر هیچتان نییە پێشکەشی لاوانی گەلەکەمان کەن.

٢٠١٦/٧/١٦

## دووانەی خیانەت قەرەداغی و گەرمیانی!

ڕاستە عوسمان عەلی [ناسراو بە ئازاد گەرمیانی] وەک دڵشاد گەرمیانی توندڕەوی سەلەفیەتی زاهیر نییە و وەک قەرەداغی یش ناودار نییە، چونکە ئەفەندییە و بێ عەبا ومێزەری فریودەری دینە، بەڵام وەک لە وتارێکدا گووتم:[ئەو ئەردۆگانیە بناسن، عەلی قەرەداغی لە چاو ئەودا شێخ سەعیدی پیرانە!]. ئەو پیاوە بە ئاشکرا خزمەتی ئەجیندای ئەردۆگان دەکات لە سەرتاسەری کوردستان، دەیەها وتار بۆ سایتە تورکی و ئینگیلیزیەکانی تورک دەنووسێت، کە هەمووی لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەکەپە و ئەردۆگانە بە ڕیعایەتی پارتیش، کە پاش زەواجی پێنجەمی لە خزمانی پارتی زیاتر خۆی کردۆتە گرێدراوی ئەردۆگان، و ئێستا پاداشتیان کردوە و لە زانکۆیەکی تورکیا کردویانە بە وانەبێژ!

ئەوانەی کە دڵخۆشن بە داگیرکردنی عەفرین، هەتا ئەگەر بە گریان و فیغانیش پێ خۆشبوونی خۆیان بشارنەوە لای کەسانێکی وەک من و زۆربەی خەڵکی دڵسۆز بۆ کورد ناشاردرێنەوە! چونکە مرۆڤ لە تۆن و وشە و شێوازی دەربڕینیدا خۆی ئاشکرا دەکات، بۆیە لە کۆنەوە دەڵێن: کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات!

"ئەو زەلامە زۆر بێ شەرمانە هەموو قسەکانی موخابەراتی تورکی وئەردۆگان بە زیادەوە دەسەلمێنێت لە دژی پەیەدە وکوردانی باکووردا...لە وتارەکانی دەڵێت پەیەدە بەکرێگیراوی ئەسەد و ئێرانن، دەرکەوت سوریا و ئێران چۆن تەماشاکەر بوون بۆ عەفرین!

دەڵێت پەیەدە بوو تەقاندنەوەی لە ئەنقەرە کرد! پەیەدە ئەو چەکانەی بە یارمەتی وەریدەگرێت لە ئەمریکا و وڵاتانیتر بۆ پ ک ک ی دەنێرێت! دەڵێت پەیەدە گەریلا لە کوردستانی سوریا مەشق پێدەکات و دەیاننێرێتە تورکیا! پەیەدە ستەمی کردوە لە عەرەب و تورکمان وەک قسەکانی ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ!"

پاش خۆفرۆشیەکانی عەلی قەرەداغی بە بروسکە و پیرۆزبایی لە ئەردۆگان، هەموو جار نۆرەی عوسمان عەلی [ئازاد گەرمیانی] خۆفرۆش دێت بە وتارە چەواشەکارە عەرەبی و تورکی وئینگلیزیەکانی بۆ پشتگیری لە ئەردۆگان و کۆمەڵکوژیەکەی لە بەرگی خەمخۆریدا بۆ کوردا! وادەزانێ خەڵک هەمووی ئەو پێڕە ئیسلامییە گێلانەن کە لە دەورویدا زۆر بێ شەرمانە بەو ڕشانەوانەی دەڵێن: دەستخۆش دکتۆر!

لەو وتارەش ناتوانێت پێخۆشحاڵی خۆی بە کەوتنی عەفرین بشارێتەوە و دەیەوێ خۆی وەک ئامۆژگاریکەرێک نیشان بدات، داوا لە سەرکردەکانی کورد لە تورکیا و سوریا دەکات پشت بە هاوکاری دەرەکی نەبەستن [وەک بڵێی زۆر پشتیان پێیان بەستبن!] چونکە قەدەرمان وایە لەبەر جوگرافیا لەگەل تورک بژین و ڕژێمی تورک خاوەن شەعبیەت وهێزی عەسکەری گەورەیە ، دەبێت قیادەی کوردی عەقڵیەتی چەپگەرایی خۆی بگۆڕێ کە لە ژێر هەژموونی چەپی تورکی و هەیمەنەی عەلەویەتە، بۆیەش پاڵی پیوە دەنێن بۆ بەگژچوونەوەی حکومەتی تورکی! یانی حکومەتی تورک عەیبی نییە، ئەو پەکەکە و پەیەدەن پڕی دەدەنێ بە پاڵنەری چەپی تورک و هێزی عەلەویەکانی ناو پەکەکە!

دەڵێت لەبەر ئەجێندای چەپڕەوی تورکی کورد لە باکوور قوربانیان بەو هەلە زێڕینەدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی لەگەل ئەردۆگان، ودەڵێت دەمیرداش هەرزەکار بوو لە سیاسەت! هەموو دنیا دەزانێ کە ئەردۆگان لەیەکەم ساتی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە دژی هەر هاوپەیمانیەک بوو لەگەڵ هەدەپە، ئەو خۆفرۆشە زاکیرەی کورتە یان لەبەر خۆفرۆشی دەبیت بیانوو بۆ ئاغاکان و سولتانەکەی بهێنێتەوە. ئەردۆگان تەنها دەتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی نەتەوەیی تورکی شۆڤینی بکات، کە ئێستا خۆشی بۆتە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای شۆڤێنیەتی تورکی حزبی دەولەت باخچەلی.

ئەو ئازاد گەرمیانییە کە لە دلشاد گەرمیانی زیانبەخشتر نەبێت بۆ کورد، کەمتر نییە، وەک پیشەی هەر خۆفرۆشێک بەردەوام دەبێت لەسەر هێنانەوەی پڕوپاگەندەی میتی تورکی ودەزگا شۆڤێنییە میدیاکانیان ودەلێت: هەدەپە بە ئەجێندای چەپڕەوی توندڕەو چووە ناو هەڵبژاردنەوە و ژمارەیەکی زۆری چەپڕەوی توندڕەو و عەلەوی و کەسایەتی هاوڕەگەزبازیان کاندید کرد، وداوایان لە کوردی موسڵمان کرد دەنگ بدەن بەو شاز مونحەریفانە [مەبەستی هاوڕەگەزباز و هۆمۆسێکچوالانە]!

ئەو شانامە درۆیەی مەکینەی میدیایی ئەردۆگانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاشیان دروستکردوە، کە ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ بەشێوەیەکی کەسی ئەو قسەیان بۆی هەڵبەست، شەرم ناکەن، هەر خۆشیان پەخشیان کردوە، گوایە دەمیرتاش باسی پێدانی مافی هاوڕەگەزبازانی تورکیای کردوە! سەرەڕای ئەوەی دەمیرتاش خۆشی نکوڵی لە وتنی قسەی وا کرد، بەڵام دەزگا جاسوسی وکەسە جاسوسەکان هەر دەڵێن ودەیلێنەوە، ئەوە لە کاتێکدا دادگاکانی ئەردۆگان سزای هەر کەسێک دەدەن بەو هۆمۆسێکچوالانە بڵێت مونحەریف چەندین کەیسی وا ڕویداوە لە تورکیا!

هەر ئەوێ ڕۆژێ ئەردۆگان گووتی ئێمە لەبەر خاتری چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا ڕێگامان داوە بە هەموو جۆرە چالاکیەکی سێکسی مونحەریف! ئەمڕۆ لە ولاتێک کە بەتەمایە بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا سەلەفیەکی وەک ئەردۆگانیش دەبێت بڵێ دژی ئازادی هاوڕەگەزبازان نیم، چونکە ئازادی سێکسی تاکەکەسی یەکێکە لە کۆڵەگەکانی مافی مرۆڤ.

هەموو دنیا دەزانێت، کە ئەردۆگان فەشەلی هێنا لەوەی ڕژیمی تورکیا بکاتە سەرۆکایەتی، کاتێ هەدەپ سەرکەوت لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥، بۆیە کەوتە گرتن وکوشتن وڕاونانی هەدەپە، وهەتا لە ڕۆژی هەڵبژاردنی دووبارە دەستدرێژیان دەکردە سەر دەنگدەرانیش، وهەزارەها تەزویر وپێشێلی کرا بە شاهێدی ڕێکخراوە بێ لایەنەکان، کەچی ئەو گەرمیانییە عەقڵ تورکچییە دەڵێت: هەدەپە لە خولی دوەم چونکە فەشەلی هێنا، گووتی خەتای تەزویر و تۆقاندنی ئەردۆگان بوو!

یانی هەتا چەندین نووسەری تورکە شەریفەکانیش ئاگاداری ئەو تەزویر وتۆقاندنەن کە جەندرمەکانی ئەردۆگان کردیان کەچی ئەو کلاوخوارەی تورکان پاکانەی بۆ دەکات و هەموو تاوانەکان دەخاتە ملی کوردا!

هەموو میدیای جیهان و هەتا میدیای ئازادی تورکیاش باسی ئەو دیکتاتۆریەتە وتۆقاندنەی ئەردۆگان دەکەن، کە ئێستا سەدان هەزاران تورک، نەک هەر کورد لە زیندانەکانن، و زیاتر لە هەزار تورک لە روبار ودەریاکانی نێوان تورکیا و یۆنان خنکاون، لەکاتی هەوڵی ڕاکردنیان لە تورکیا!

کەچی ئەو جاسوسە خۆفرۆشە دەڵێت: کوردی باکوور دەرسیان وەرگرتوە کە سیاسەتی پەکەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دژی تورکیا بێ سوود وتێکدەرانەیە، بۆیە جەماوەرێکی زۆری لە دەست داوە، گەورەتری بەڵگەش دیتتان چۆن ملیۆنێک کورد پێشوازی ئەردۆگانی کرد لە دیاربەکر! خۆشی دەڵێت ملیۆنێک زیادەڕۆییە، بەڵام ئەو تورکیزانە ئاگاداریش نییە لە میدیاکانی تورکیا دەڵێن کە سەدان پاسی پڕ تورک هێنراوە بۆ دیاربەکر و هەموو قوتابخانە و زانکو و دایەرەی حکومیەکان نامەی هەڕەشەی دەرکردنیان بۆ چووە بۆ پێشوازی لە ئەردۆگان یان دەرکردن لەسەر کار!

سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار تورک وتورکمان و کارمەند وعەسکەری تورک لە دیاربەکرن! ببینە ئەو چەواشەکاریانەی کە بائاگاوە دەکرێ لەلایەن ئەو خۆفرۆشە؟! نالێ ئەردۆگان وەک سەدام خەڵکی تۆقاندوە و زیندانەکانی پڕکردوە، ونەیارەکانی بە شێوەی مافیایی دەکوژێت، دەڵێت ئەو کۆکردنەوە زۆرەملێیە بەڵگەی پشتلێکردنی کوردە لە پەکەکە و خۆشەویستی کوردە بۆ ئەردۆگان!

ئەو بەناو ئەکادیمیە چەواشەکارە وا قسە دەکات، تورکێکیش پێی شەرمە وا درۆ بکات، وەک بڵێی پەیەدە هێرشی کردبێتە سەر تورکیا، نەک تورکیا لە سنوور بۆیان پەڕیبێتەوە! دەڵێت: لە عەفرین سەرکردەکانی پەیەدە [یەپەگە] چوونە ناو وەهمێک کە دەتوانن حکومەتی تورکی ئیسلامی بڕوخێنن! بەو کەمە چەکە ی هەیانە وبەو پێڕە مارکسیانەی کە لە ئەوروپاوە هاتنە ناویان، و بە پاڵپشتی وەهمی ئەمریکا وڕووس و ڕژێمی ئەسەد! بۆیە [چوونە] شەڕێکی نابەرابەر، بەر لە کاتی گونجاو لەگەڵ سوپایەکی مەزنی زەبەلاحی ناتۆ، و کوردەکان گوتیان عەفرین دەکەنە گۆڕستانی داگیرکەرانی تورک. بەڵام ئەنجامەکەی لەناوبردنی سەرتاسەری زۆربەی لادێکانی کورد بوو و عەفرینیش لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێک تەسلیم بە سوپای تورک و سوپای ئازاد کرا!

ئەوەیە درۆی مرۆڤی نا موحتەرەم و سووک لە ناخی خۆیدا! کەی پەیەدە لە خەویش بیری لەوە کردۆتەوە حکومەتی ئیسلامی ئەردۆگان بڕوخێنێ؟! کەی یەپەگە گوللەیەکی دژی سنووری تورک تەقاندوە سەرەڕای ئیستیفزازی بەردەوامی تورکیا؟! ئەفر تورکێکی بێ شەرەفیش ئەو قسانەی نەکردوە وپێی نەکراوە! کەی کورد لە سوریا چۆتە ناو شەڕی تورکیاوە؟! ئەگەر کورد هێرشکەر بێت بۆ دەڵێن عەفرین دەکەنە گۆڕستانی تورک؟! دوایێ پاش شەست ٦٠ ڕۆژ لە بەرگریەکی بێ وێنە بەرامبەر دووەم سوپای ناتۆ و مریشکدزانی سوپای جیش الحر، و بێ پشتیوانی هیچ کەسێک ئینجا عەفرین کەوتە دەستیان، کەی لەماوەی کەمتر لە سەعاتێک کەوتوە؟! ئەخر ئەردۆگانیش درۆی وای نەکردوە بڵێ عەفرین بە سەعاتێک کەوتوە!

ئینجا ئەو میتە ئیسلامییە بێ شەرمە دەڵێت پەیەدە دەیتوانی لەو شەڕە  خۆی لادا، ئەگەر پاشکسەی کردبا لە کۆمەڵێ سیاسەتی چەوت! خۆی بەدرۆدەخاتەوە کە پێشتر دەڵێ پەیەدە چووە شەڕ دژی تورکیا، کەچی ئێستا دەڵێ دەیتوانی خۆی لە شەڕەکە لادا! کەوابوو شەڕەکە ئەردۆگانی سوڵتانت سەپاندوویەتی!

ئەو سیاسەتە چەوتانە چییە کە پەیەدە دەبێت ڕاستیان کاتەوە:

یەکەم: واز لە هاوپەیمانیەتی دیمەشق وتەهران بهێنیت!

دووەم: گرەونەکردنی تەواو لەسەر ڕووس و ئەمریکاییەکان!

سێیەم: وازهێنان لە بیرۆکەی حزبی قائید و حزبەکانی ئەنەکەسە و پێشمەرگەی ڕۆژئاوا بخاتە ناو حکومەت! دانی گرەنتی بە تورکیا کە قەوارەی کوردی ڕۆژئاوا هیچ مەترسیەک دروست ناکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکی!

یانی بە کورتی ببنە وەک پارتی بۆ تورکیا، سزاشیان دا و لێشیان دا و خەڵکیشیان لێ هاندا، هەر تەسبیحات بۆ ئەردۆگان بکەن!

ئەوانە هەمووی قسەکانی میت و میدیای ئەردۆگانن، ئەگەر پەیەدە وەک نوێنەری کورد لە سوریا، ئەو هاوپەیمانە بووایە لەگەل دیمەشق وتەهران و ڕووس وئەمریکا، ئەو وڵاتانە وا تەماشاکەر نەدەبوون بەرامبەر ئەو هێرشەی تورکیا بە قورسترین چەکی ئەرزی و ئاسمانی! ئەوەی زەرەیەک ویژدان و ئەخلاق و ئیمانی هەبێت قسەی وا ناکات. ناڵێت ئەردۆگان بۆتە سۆزانییەک ئامادەیە لەگەڵ ئێران و سوریا و ڕووسیا و ئەمریکا و ئەورووپاش بخەوێت، تەنها لێیگەڕێن کورد تێکبشکێنێ، هێشتا کورد تۆمەتبر دەکات بە خۆفرۆشی بۆ ئەو وڵاتانە!؟

ئینجا وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، دەیەوێ ئەو حزبە خۆفرۆشانەی ئەنەکەسە و پێشمەرگە مریشکدزانەی ڕۆژئاوا کە سەر بە تورکیا وپارتین بخاتە ناو حکومەتی ڕۆژئاوا، تا وەک حکومەتی باشوور ببنە پیاوی ملکەچی ئەردۆگان، هەتا ئەردۆگان سواریشیان بێت، ئەوان بروسکەی پیرۆزبایی داگیرکردنی عەفرینی بۆ بنێرن![22]

---

22. ٢٠١٨/٣/٢٠

# نووسەرە ماستاوچی و ترسنۆک و جەماوەرچیەکان

ترسنۆکی و تەمەلوقی ئیسلامیەکان هەر لە هێزە حزبیەکان کۆ نابێتەوە، بەڵکو لە زۆر لە ئیسلامیە سەربەخۆکانیش، بۆ نمونە نوسەرێکی ئیسلامی هەولێر میوانی بەردەوامی تەلەفزیۆنەکانە، لەبەر خاتری چەند مەلایەکی برادەری قسەی وا دەکات جاروبار توندڕەوەکانی سعودیەش قسەی وا ناکەن.

ئەو برادەرە لە ڕووی زانستی دینییەوە زۆر نەدار وهەژارە، چونکە بە قەیرەیی بۆتە ئیسلامی، هێندە خۆی لێ گۆراوە باسی کەون و کائینات دەکات، باشە ئەگەر شارەزای لە سیاسەت یان مێژوو گوتمان قەیناکا لەو بوارە بدوێیت، بەڵام باسی تیۆرەکانی ئەتۆم و دروستبوونی بوونەوەر و ڕەخنە لە کتێبی دیزاینی مەزنی ستیڤن هاوکینگ دەگرێت، بێ ئەوەی ڕۆژێک فیزیای خوێندبێت، مەگەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا !

ئەو برادەرە هەموو نەهامەتیەکانی کورد دەگێڕێتەوە بۆ عەلمانیەت! لای ئەو نمونەی عەلمانیەت تورکیا وسەدام وشایە !

ئەو برادەرە هێندە سەلەفیزمانە بیردەکاتەوە وتارێکی دوور ودرێژی سعودیانەی نووسیوە دەڵێت ئاهەنگ کردن و پیرۆزبایی کردنی سەری ساڵ حەڕامە لە نێوخۆمان و لە مەسیحیەکان، هەر بۆیەش سەلەفیەکان زۆر لێی ڕازین!

باسی هەموو وردەکاری ڕیفۆرمی ئیسلامی دەکات، و دەڵێت نەسخ نابیت بەبێ وجودی پێغەمبەر! لە کاتێکدا هیچ نەسخێک بە دەقێکدا نەکراوە و زۆربەی پاش وەفاتی ئەو گوتویانە ئەوە نەسخە بەوە!

قسەیەکی تر دەکات لە بن باز و عسیمێنیش توندتر، کاتێک دەڵێت هەموو ئەحکامەکانی ئیسلام سەوابت و جێگیرن وەک یاسای سروشتین، و چۆن یاسای سروشت نابێت بگۆڕێت چونکە کارەساتی لێدەکەوێتەوە، بە هەمان شێوە هەر یاسایەکی شەریعەت ڕابگیرێت کارەسات دروست دەبێت !

یانی بۆ نموونە ئەگەر یەکیک دزی کرد دەستی نەبڕین بۆ نمونە کارەسات ڕوودەدات یان دووکەس لەکاتی زینادا گیران ڕەجم نەکرێن یان یەکی سەد جەڵدەی لێ نەدریت، کارەساتی سروشتی ڕوودەدات !

ئەگەر کۆیلەمان زیندوو نەکردەوە بەپێی دەقەکانی قورئان کە لای ئەو وەک یاسای سروشتین! ئەوە کارەسات ڕوودەدات !

عومەری کوڕی خەتاب وەک سێیەم فیگەری ئیسلام ئایەتی مؤلفة قلوبهم راگرت، یانی ئایەتیکی راگرت لە کار هەی هەژار، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کارەساتێک رووی نەدا !

جاریَ برِۆ کەمێک بۆشایی فەرهەنگی ئیسلامی خۆت پڕکەرەوە ئینجا وەرە باسی ڕیفۆرمخوازی بکە لە ئیسلامدا! ئەوە چ عەقڵیەتێکی کورتبینی دواکەوتووە ئەو بەراوردە ناقیسە بکەیت لە نێوان ئەو تەشریعاتانە و یاسا سروشتیەکان؟! ئەو بیرکردنەوە سەرەڕای ئەوەی زادەی جەهلێکی سەتحیانەیە، لە هەمان کاتدا موغازەلەی شەقامی بیَ مەنتیقی ئیسلامیە، لە جیاتی ڕێگەیان پیَ نیشان دەیت زیاتر سەریان لیَ دەشێوێنێت! چونکە خۆی لە بنەڕەتدا پیاوی ڕیفۆرمخوازی نییە، ئەگەر ڕۆژی سەد تەلەفزیۆن و بەرنامەی بەتاڵیش بانگی کەن بۆ هەڵڕشتنی دوڕ وجەوهەرەکانی، قەت نابێتە ڕیفۆرمخواز!

ڕیفۆرم چۆن بەو حزب و تاکە بیَ جورئەت و ترسنۆک وجاهیلانە دەکرێت؟!

یەکێکیتر بەس خەریکی ختوکەدانی هەستی دیندارە تەقلیدیەکانە، دەیان کتێبی بیَ ناوەرۆکی نووسیوە بەس بۆ ستایشی ئەو جەماوەرە بیَ ئاگایە، هەتا ئێستا دەستی لەسەر برینێک دانەناوە، نازانم ئەو هەموو کتێبەی باسی چی دەکات، کە تۆ لە ترسی قیامەت و مەرگ نەوێریت قسەیەک بکەیت؟!

٢٠١٥/١١/٢٣

# عەلی باپیر وهەڵاوسانی منی باڵای*!

بەڕاستی جێگای ئەسەفە کەسێکی وەک کاک مەسعود عەبدولخالیق ئەگەر بیەوێت ڕەخنەیەک یان سەرنجێک بخاتە ڕوو دەربارەی هەر لایەنێکی دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن، لەجیاتی دەستخۆشی ونرخاندنی سەرنجەکانی پەلاماری ناڕەوا بدرێت بۆ سەر کەسایەتی بەر لەوەی لە بیروڕاکانی بکۆڵرێتەوە یان وەڵامێکی دۆستانەی بدرێتەوە. لەوەش ئەسەفتر ئەوەیە کە کەسانێکی سەر بە بە لایەنە ئیسلامیەکان ئەو ڕەفتارە دزێوە بگرنەبەر بەرامبەری، لە کاتێکدا پەرۆشی کاک مەسعود بۆ ئەو لایەنانە جێگای گومان نییە، بەڵکو خەڵکانی دەرەوەی بازنەی ئیسلامیەکان بە ئیسلامیەکی تۆخی دەزانن.

ئەو کۆمێنتە بي سەلیقە و بێ زەوقانەی لە دژی کاک مەسعود دەنوسرێت گوایە دژی ئیسلام وئیسلامیەکانە یان عیلمانیە یان یەکێتییە هەمووی دەچێتە خانەی جەهل و دەمارگرژی وپەروەردە نەکردنەوە. کە دەڵێین پەروەردە مەبەستم لە پەروەردەی سیاسی ورەخنەییە. کەسێک تەنها فێر بکرێت گوێ بگرێت بۆ ئەمیر یا سەرۆکەکەی ورێگای پێ نەدەرێت ڕایەکی جیاواز بخاتە ڕووی ئەمیرو پێشەواکەی دەبێت هەر بەو ئاراستەیە بیر بکاتەوە، کە هەموو کەسێک هەڵەیە، گومڕایە، نەزانە، بێ دینە، علمانیە تا دەگاتە دژە ئیسلام ئەگەر بە حزبەکەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ئەوی گوت هەڵەیت لەو کارەو لەو گوتارە.

بەڕای ئێمە هەموو شتێک لە سەرچاوەوە چارەسەر دەکرێت کە سەرچاوە سەقەت بوو ئاراستەی قاعیدەش سەقەت دەبێت، کە سەرچاوە لێڵ بوو هەرگیز جۆگەلەو و لقەکان سازگار نابن.

کێشەی عەلی باپیر لەگەڵ ڕاپەسەندی [اعتداد بالرأي] وگوێ لەکەس نەگرتن وهەڵاوسانی [منی باڵای] زۆر کەڤنارە، وادەزانێت ئەگەر دانی نا بە هەڵەبوونی لە ڕایەکی خۆی یان هەڵوێستێکی خۆی واتە دابەزین وخۆ بچوک کردنەوەیە. کەچی پێغەمبەر و خەلیفەکانی چەندین جار لەڕای خۆیان دابزیون بۆ ڕای کەسانی تر، هەتا حەزرەتی عومەر بۆ ڕای ئافرەتێک ڕای خۆی گۆڕی لەسەر مینبەردا.

قورئان هەر هانی شوراکردن و (وشاورهم في الامر) حەدیسیش هەموو دەزانین کە کەس لە پێغەمبەر زیاتر پرسوڕای بە هاوەڵەکانی نەکردوە، وچیرۆکی پرسوڕاکانی زۆر لەوە بەناوبانگترە کە سەرلەنوێ باسی کەین.

عەلی باپیر وەک چۆن دڵسۆز وزاناشی لێ دەبێتە دوژمن ولە ڕێگای شوێن کەوتە ساویلکە وسەرسامەکانی دەیان وەڵام و تاوانی ئەخاتە پاڵ وجوێن وگومان ئاراستەی ڕەخنە لێگرەکانی دەکات، لە بەرامبەردا کەسانێک کە گوێڕایەڵی ڕەهای ئەو بوون یان تەسلیم بە ئەو بوون بێ چەند وچوون، ئامادەیە بیکاتە موریدی خۆی با موریدەکان سەرانی بەعسی پێشووش بێت وەک لە کتێبی: (ئەشکەنجە و زیندان) دا پاش ئەوەی باسی ئەو

سەرکردە دۆڕاوانە دەکات وخۆی بە فریاگوزاریان دەزانێت لە دۆزەخی ڕۆژی قیامەت "من لە ڕووی دڵسۆزیشەوەشتانەتان پێدەڵێم، بۆ ئەوەی لەسەری بوون چیدی لەسەری نەچن،... دەڵێم لانیکەم گەر دونیاشتان چوو، با قیامەتەکەتان هەبێت، خۆ من دڵسۆزتانم"ل ٢٥٥ خۆی لێ ببوە پێشەوای ئەو دۆڕاوانە "چونکە من ئیمامیشیان بووم وپێشنوێژم بۆ دەکردن، بانگم بۆ دەدان، دیارە من هەر ئەوە نەبووم وەکو نەیارێکی فیکری، ئەوان بە چاوی پێشەوایەتی تەماشایان دەکردم، وەکو بڵێی بەرپرسی دونیا ودینیان بم.." ل ٢٥٥

هەتا کۆمەڵی خاچی سوریش سەرسوڕمانی خۆیان لەو پەیوەندییە نا ئاساییە دەردەبڕێ وپێیان دەگوت:" چۆن دەتوانی لە گەڵیان دانیشی و قسە بکەیت؟" ل ٢٥٧

لە پاداشتی ئەو دەرویشیەتەیان بۆ عەلی باپیر، شێخ عەلی باپیر سەرانی ڕژێم دەکاتە موریدەکانی خۆی!، کاتێ پرسیاری لێدەکەن دەربارەی ئەو سەرانەی بەعس کێن کە باسی تەوبە وعیبادەت وتاعەتیان دەکەیت بە سەرساميەوە، بەوپەڕی سادەییەوە دەڵێت:"وەڵلا پێم خۆش نییە ناوی کەس بەرم، موریدەکانی خۆم پێم خۆش نییە ناویان بەرم!!" سەرانی بەعس بە موریدی خۆی حساب دەکات، نیشانەی سەر سوڕمانەکە لەلایەن ئەنجامدەری چاوپێکەوتنەکانی کتێبەکە دانراوە!

کاک مەسعود عەبدولخالیق ڕەخنە لە ڕەفتاری ئۆپۆزسیۆنی عەلی باپیر دەگرێت وەک سەلەفیە بێ حەوسەلەکان باسی عەقیدە و نەورۆزو لە پەرلەمان بوون ولادانی عەقیدی ناکات، بەڵکو باسی هەڵەیی لە سیاسەت کردن دەکات کە لەوە دەچێت تا ئێستا عەلی باپیر جیای نەکاتەوە لە کاری بانگەوازخوازی، ئاخر ناکرێت ناو لە خۆت بنێی ئۆپۆزسیۆن وەک ئینگلیز دەڵێت هەر لینگێکت لە سەربازگەیەک بێت has a foot in both camps لە گۆشتی دەسەڵات و چەلاوی ئۆپۆزسیۆن یش بخۆیت. دەسەڵات نابێت بەهیچ جۆرێک هەست بە خاوی ئۆپۆزسیۆن بکات لە سەرنجدانی ورد ودرشتی کارەکانی، چەمکی عەلی باپیر بۆ ئۆپۆزسیۆن بوون، بە سەردانی نهێنی و پرۆژەی شەخسی و ناوبژیوان لە نیوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن! ئەو جۆرە تێگەیشتنە موستەهقترە پێی بگوترێت تێگەیشتنی [لینگە وقوچە] لە ئۆپۆزسیۆن بوون، نەک سەرنجەکانی کاک مەسعود عەبدولخالیق.

ئەو کەسەی هەر لە منداڵیەوە پێی وابێت خوا ڕۆڵی براگەورەیی و ئاراستەکاری پێبەخشیوە وکردۆتە قەدەری وەک خۆی دەڵێت:" **خوای گەورەش بارەکەی بۆ من وا هەڵخستوە، هەر کە گچکەش بووم، منداڵیش بووم، لە گەڕەکێ کە تیپی تۆپێنەیان پێکدەهێنا، منیان دەکردە برا گەورە، هەر کە پێشرا گەشتووم، ئەوە برای**

**وەکو حەسەن بابەکر کە بەتەمەن لە من گەورەتر بووە، لە گەڵیاندا بووم، خوای گەورە بارەکەی بۆ من وا هەڵخستوە، کە من ئەوان ئاڕاستە کەم وئەوانە، ئەو برایانە کە لە من گەورەتر بوون، ڕەنگە لە منیش شارەزاتر بوو بن، بەڵام بە هەر حاڵ خوای بەرز بارەکەی وا بۆ من هەڵخستبوو، واتە هەر لە سەرەتاوە وەزعەکەم وا بووە، زیاتر ڕۆڵی برا گەورەیی وئاڕاستەکار و ئەوانە ببینم.."**

ل١٠٢ – ١٠٣ زۆر زەحمەتە [منی باڵای هەڵاوساوی] ڕێگەی پێ بدات یەکێکی تر ئاراستەی بکات یان گوێ لە ڕەخنەی کەسێک بگرێت، ئەو جۆرە دەرونە هەلاوساوانە بەس چاوەڕێی ستایش ودەست خۆشی وبالروح بالدم دەکەن.

ئەوەی باسی حزبەکەی بکات وەک چۆن کەسێک باسی دوکانێکی یان کۆمپانیایەکی خۆی دەکات زەحمەتە شەریکێک لەو مولکایەتیە تایبەتیە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، وەک دەڵێت: **" من وام هەست کردوە کە کۆمەڵی ئیسلامی بەهی خۆم دەزانم... هەمووی یەکە ومنیش هی هەموویم وهەمووشی بە هی خۆم دەزانم و لە خزمەتی هەمووشیدام تا هەبم وتا کۆمەڵی ئیسلامی من بە چاوساخ وئەمیری خۆی بزانێت، من بە برا گەورەی خۆی بزانێت.."** ل ٣٦٠

ئەوەی داوا لە سەرکردایەتی حزبەکەی بکات نەک قاعیدەی فەقیروعەوام بەرز بنەوە بۆ ئاستی عەلی باپیر، نەک ئەوان ئەو دابەزێنن بۆ ئاستی نزمی خۆیان، چۆن ڕێگا بە ڕەخنە لێگرتنی دەدات، لەو بارەیەوە دەڵێت:**"...بەڵام واش چاوەڕێ ناکەم هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئاستی بەندەدا بن، چونکە جارێک پێیانم گوت: ئەگەر هەرچی من دەیڵێم ولە توانامدا هەیە، ئێوەش وابڵێن بەو شێوەیە بن، ئەی بۆچی من برا گەورەتانم؟ دیارە دەبێ من هەندێ شتی زیادەم پێ بێ، جا دەبێ سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵ بدات خۆی بێنێتە ئاستی من، نەک من نزم کاتەوە بۆ ئاستی خۆی"!!! ل ٣٦٠-٣٦١**

ئەوەی پێی وابێت، چەند هۆیەکی غەیبی و تەلیسماوی هەبێت کە ئەو ئیمتیازەی پێ دەدات شتێکی زیادەی پێ بێت لە بواری فیکری ورِوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستن، وەک دەڵێت: **" دیارە دەبێ من هەندێ شتی زیادەم پێ بێ"** یان وەک دەڵێت: **" بەڵام بەڕاستی ئەوەش دەزانم کە من هێندێ شتم پێیە، خەڵک هەمووی پێی نییە، لە بواری فیکری ورِوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستن" ل٣٦١**، چۆن گوێ دەگرێ بۆ ئەوانەی ئەو شتانەیان پێ نییە؟ ئەگەر هەر باسی لە بواری ڕوحی وئیمانی وپشت بە خوا بەستنیش کردبا کارەکە ئاسایی بوو، لەوانەیە بەچاوپۆشینەوە بۆمان قوتدرابا، بەلام کارەساتەکە باسی بواری فیکری یش دەکات، کە بێگومان لەو بوارە هێشتا زۆری ماوە بڵێ خاوەن کەسایەتیەکی فیکری وموفەکیر بێت.

لە هەمووی ترسناکتر ئەوەی وابزانێت بە پێی قسەی پێغەمبەر [د.خ] ئەو گەورەیە، بەپێی خەون وخەیاڵاتی یان زیندە خەونەکانی، چۆن ڕێگا دەدات ڕەخنەی لێ بگیرێت لەلای ئەوانەی موئەیەد نین بەو ئیلهاماتە ئیلاهیانە وفیوزاتە ڕەحمانیانە! **ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ئیدیعایەکی زۆر غەریبدا پاساوی زەرورەتی گوێڕایەڵی کردنی خەڵک بۆ ئەو گوایە لە قسە وئامۆژگاری پێغەمبەرەوە [د.خ] هاتوە کە دەڵێ:"ئەوە ڕەنگە ئامۆژگاری پێغەمبەریش بێ بۆ من کە فەرموویەتی: خوای پەروەردگار بە هۆی ئەو ناڕەحەتی و تاقیکردنەوانەوە تۆی گەورە کردوە، ئاگات لێ بێ خەڵکێک بچوکت نەکاتەوە" ل٣٦١، نازانم رواە کێ یان کێ ریوایەتی کردوە؟!**

**ئەگەر بە ناڕەحەتی وتاقیکردنەوە با، دەبوایە سەید قوتب ببێتە ئەو مەهدیە مونتەزیرەی کە شیعە وسونە چاوەڕوانی دەکەن بە پەرۆشیەوە.**

**کەوابوو کێشەکە لە ڕەخنە زانستیەکانی کاک مەسعود عەبدولخالیق دا نییە هێندەی لە عەلی باپیر وهەڵاوسانی منی باڵایەتی.**

* واتە [الانا العلیا] کە چەمکێکی سایکۆلۆژیە

19-09-2012

# داعش لای ئەبوبەکر عەلی یش موسڵمانن!

لە گەڕانم بەدوای بابەتێکدا، ئەو بابەتەی ئەبوبەکر عەلی م بەرچاو کەوت! سەیرم بە یەک شت دێت لەو کۆمەڵگایەی خۆمان، ئەگەر سەلەفیەکی عەیار ٢٤ بڵێت داعش موسڵمانە وئیسلامیشە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، بەڵام یەکگرتوویەکی ئیخوانی تەژی لە کوردینی، بەردەوام خەریکی بابەتی فیکری وئیستراتیژی وئیشکالی، چۆن چاوەڕێی ئەو قسەیەی لێ دەکرێت؟! کاک ئەبوبەکر کە ڕەخنە لە ئیسلام و دەقێکی قورئان و حەدیس دەگیرێت بە پێنج و دە وەڵامی بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام بۆ موسڵمان بوونی داعش، هەتا بابڵێین بەپێی پێوەری ئیسلامی مێژوویی ڕاستیش بێت، دەبایە لەبەر خاتری حزبەکەی خۆیان و پێناسنامەی عەقیدی خەڵکە گشتییەکە دەریچەیەکی بۆ ئەوەش بدۆزیبایەوە! ئینجا سەیرم بەوە دێت چۆن ئەو لێدوانانە وا بە ئاسانی بەسەر خەڵک تێپەڕ دەبێت بەبێ وەڵام!

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێت:

داعش زۆر بەئاشکرا هەموو هێزە ئیسلامیەکانی کوردستانی پێ کافر بووە چونکە لەگەڵ دەسەلاتێکی عەلمانیدا هاوپەیمان و هاوبەشن، ئاخۆ داعش ئیسلامە؟

کاک ئەبوبەکر عەلی لە وەڵامدا دەڵێت:

" بەڵی داعش نەک هەر موسڵمان بەڵکو ئیسلامییشن، من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم بۆ ئەوەی ئیدانەی داعش بکەین ئێمەش میکانیزمەکانی عەقڵیەتە تەکفیریەکانی ئەوان بەکار بهێنین و بە کافریان بزانین، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی داعش و دەستدرێژیەکانیشیان بۆ سەر خاک و گەلەکەمان ببینەوە پێویستمان بەوە نییە بە کافریان بکەین، چونکە باوەڕ تکا بۆ هیچ دەستدرێژی و ستەمکارێک ناکات، ئەوان هەر ئەوەندەی کە زوڵم و ستەم دەکەن، پەلامارمان دەدەن، بەپێی سورەتی (شورا) کۆمەڵێک نەک هەر مافی بەرگریکردنی لە خۆی هەیە، بەڵکو لەبەرانبەر زوڵم و ستەمکردن بەرگریکردن خەسڵەت و بنچینەی کۆمەڵی بڕوادارانیشە، لەبەرئەوە باوەڕی داعش نەک هەر حەسانەیان بەرانبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە بۆ دروست ناکات، بەڵکو بەپێی سورەتەکانی قورئان ستەمەکەیان قێزەونتر دەکات بە حوکمی ئەوەی پیرۆزیەکانی ئیسلامی تێکەڵ دەکەن، لەبەرئەوە ئەوان موسڵمان و ئیسلامن بەڵام لە ڕووی فکری و تێگەیشتن لە جەوهەری پەیامی ئیسلام و پێویستیەکانی ژیانی سەردەمیانە سەرلێشێواون و ڕەفتارەکانیان بەئەندازەی دوژمنێک زیان بە ئیسلام و کۆمەڵگە موسڵمانەکان دەگەیەنێ[23].

[23] http://www.basnews.com/index.php/so/interviews/349

کۆمێنتی من بۆ ئەبوبەکر عەلی هەر ئەوە دەبێ کە لە وتاری داعش کافرن بە ئادەمیزاد نووسیمە: [خەڵکی دینداری ئاسایی ناهەقی نییە توشی ئەو شۆکە دەبێت، کاتێ کەسانێکی دینی و ئیسلامی دەبینێت، داعش هەر بە موسڵمان حسێب دەکەن، چونکە ئەوان خودایان لا هێندە گەورە و بە بەزەیی و پاکە، قەت بە عەقڵیان تێناپەڕێت ئەو درندە بێ بەزەیی و بێ ڕەوشت وبێ بەهایانە ئیمانداربن، وهێشتا لە چوارچێوەی ئینتیمای خوادابن.

ئەمڕۆ حزبە موحتەرەمەکانی دنیا، کە ئەندامێکیان لە ئاساییترین ئەندامدا تا دەگاتە سەرۆک وەزیران نەک مرۆڤێک بکوژێت، بەڵکو گەندەڵیەکی ئابڕووبەری لی ئاشکرا ببێت، حزبەکە یەکسەر خۆی لەو ئەندامە بەری دەکات، وداوای لێدەکەن بە زووترین کات دەست لە کارەکەی و ئەندامێتیەکەی بکێشێتەوە! ماقوڵە خوای گەورە، هەزاران کەسی بێباوەڕ و مولحیدی موسالیم و مرۆڤ دۆست وبەخشندە بیبەش دەکات لە شەرەفی ئەندام بوون، کە مێروولەکیان لە ئاودا نەکردوە، کەچی سەرەڕای کارەساتەکانیان، ئەو دڕندانەی داعش و داعشیەکان کە تێنوون بە خوێنی مرۆڤ، هێستا شەرەفی ئەندام بوون یان لێ نەسێنێتەوە؟!......

بەڕای من وەک چۆن کوفر بە خوا هەیە ...بنچینەکانی کوفر بەخوا هەزاران کتێبی لەسەر نوسراوە و کەم مێرد منداڵ و هەرزەکار و گەنج وپیر هەن نەزانن چیە، چونکە شەو ورۆژ لەسەر مینبەرەکان و میدیاکان دووبارە دەکرێنەوە و لە واقیعیشدا پیادە دەکرێت!

بەڵام کوفر بە مرۆڤ، بەداخەوە هیچ لە زانایانی ئەو دینەی ئیسلام نە پەیان پێی بردوە، و نە باسیان کردووە وەک کوفر بە خوا ونەهاتوون مەرجەکانی دیاری بکەن! کوفر بە مرۆڤ بریتیە لە داماڵینی مرۆڤ لە قەداسەتی مرۆیی و لە مرۆڤ بوون و سوک سەیرکردنی و قەڵاچۆکردنی و خوێن ڕێشتنی بە هەر پاساوێک، جا پاساوی لە پێناو خوا بێت یان دین یان مەزهەب یان ئایدیۆلۆژیا ویان بە پاڵنەری ڕەگەزپەرستی وجیاکاری وراسیزمی.

کوفر بە خوا یان باوەڕ نەهێنان بەخوا زۆر ئەنجامی مەترسیداری لێ ناکەوێتەوە، ئەگەر نەگاتە کوفر بە ئینسان، چونکە نە بە باوەڕ و نە بە کوفر وبێ باوەڕی هیچ زیان وسوود بە خوا ناگات، بەڵام کوفر بە مرۆڤ ئاکامەکەی زۆر ترسناکە، چونکە مرۆڤ خوا نییە بە هەر هەڵوێستێک زیان وسوودی پێ نەگات! کوفر بە ئینسان هەزاران کوشت وکوشتار و خوێن ڕشتنی لێدەکەوێتەوە.

٢٠١٧/٤/٤

## داعشیەکان سکاڵا لە دوژمنانی داعش دەکەن!

هەر کۆمەڵگایەک ڕێگای بە کەسانێکی فاشیست ونازیست و سەلەفیەتی داعشی دا، کە لە فاشیست ونازیست زۆر ترسناکتر وبەدترن، لە ژێر ناوی دیموکراتیەت، سەرەنجامەکەی دەرکەوتنی هیتلەر و مۆسۆلینی و ئەبوبەکری بەغدادی و ئەو مەلا و بانگخوازە داعشیانە دەبێت لە کەسانێکی وەک سەرباز محەمەد و دکتۆر عبدالواحد ومەلا سەمەد وتاکۆتایی...

سەربازی سەلەفی هەتا ماندوو بوە لە دەیان بابەت وپۆستدا قسە و جنێوی ناشیرینی بەناو بۆ ناردوم، ئەوە بێجگە لە ئەکاونتە ساختەکانی کە جوێنی وادەدات، شەلاتی جادەکان پێیان شەرمە، دوا شتیش کە پێم گەیشت هەڕەشەی بۆ ناردووم، کە چەند کەسێکم بۆ دەنێرێت واو وام لیبکەن! ئەو حوکمەتە بێ باکە باکی بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی داعشیەت نیە ئەگینا ئەو داعشانەی کوردستان جێگایان بەندیخانە بوو، نەک بێن سکاڵا لەسەر دەزگای ستاندەرد و من تۆمارکەن، گوایە دڵی ناسکیانم شکاندوە وناوم لێناون داعشی.

خۆتان و سکاڵاکەتان دەخەمە ژێرپێم، دیسان دەڵێم ئەوانەی ناوم هێناون لە وتاربێژان و بانگخوازانی سەلەفی لە کتێبی جەرگبڕێنتان [داعش [هەمووتان داعشین بە دەوامی کامل، یانی فوول تایم، و کەمێکیشتان بە نیودەوام، یانی پارت تایم. نەداوای لێبوردن دەکەم، نە منەتیشم بە خۆتان و سکالاکەتانە، دەزانم ئەوڕۆ هێندە دەستان دەڕوا، بۆیە وا بە ئەخلاق وڕەوشتن، باسی یاسا دەکەن، دەنا با پێکەوە لە موسڵ باین یان لە مەقادیشۆ، یان لە تۆرا بۆرا و دۆڵی سواتی پاکستان، ئێستا دەمزانی چۆن سەرمتان لە لاشەم جیا دەکردەوە.

ئەو سەربازە بێ ڕەوشتە داعشیە بە زمانی خۆی هەڕەشەی بۆ من ناردووە لای خەڵکانێک، کە ئامادەن شایەدی لەسەر بدەن، بەڵام من بە هیچم نەزانی بۆیە هەر باسیشم نەکردوە، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوە، ئەو داعشە سکاڵا لە ئێمە بکات، و بیکاتە پۆست و بڵاوی کاتەوەش سەدان گەجەر وگوجەری سەلەفی دەمپیس و مرۆڤ کوژ لە ژێر بابەتەکەیەوە جوێن و هەڕەشە ودرۆ و سەگ ڕشانەوە بکەن، منیش سکاڵام هەیە لەسەر خۆیی و داعشیەکانیتر و حزبەکەشی بزوتنەوەی ئیسلامی کە پێنج دیموکراتیان بە زیندوویی تەسلیم بە ڕژێمی ئێران کردوە.

## مەهدیەکەی کوردستان و بیرەوەریەک!

کاتی خۆی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ برادەرێکی پشدەریم ناسی لەلای کتێبفرۆشەکانی ژێر قەلا و مەحکەمەی هەولێر. ئەو کاتە هێشتا قوتابی زانکۆ بووم، ڕۆژانە دەبوایە سەرێک لای کتێبفرۆشەکان بدەم، هێندە لەوێ بووم، خەڵکێکی زۆر وایان دەزانی کتێبفرۆشم!

هەموو کتێب فرۆشەکان هاوڕێ و دۆستم بوون .

ڕۆژێ گفتوگۆیەک لە نێوان من و کەسێکی بێ دین ڕوویدا، کە ئەو گفتوگۆیانە ئەو کاتە لەسەر ئەرزی واقیع دەکرا، چونکە نە ئینتەرنێت و نە فەیسبوک هەبوو. کوڕێکی پشدەری یاتە ناو گفتوگۆکەوە، هێندە بە کوردیەکی پاراو قسەی دەکرد سەرنجی ڕاکێشام. دوایی بووینە برادەر و زۆر جار لەوێ یەکترمان دەدیت، من زۆر هانم دەدا بۆ نووسین لەبەر زمانی شیرینی و ئەو عەمبارە لە وشە کوردییانەی هەڵیگرتبوو، ڕۆژێک دەستنوسێکی هێنا خوێندمەوە زۆر جوان بوو زمانەکەی، بەڵام زۆر ئاماژەی سەیری غەیبی تێدا نووسیبوو!

من گووتم ئەوە چیرۆک و فانتازیایە یان هەقیقەت؟! گووتی هەقیقەتە!

قسەم نەکرد و نەمویست لەگەڵی بچمە ناو نیقاش، گووتم من جاروبار مانگێک زیاتر نایبینم با چاوەڕێ بم بەڵکو لە دیتنی داهاتوو باشتر دەبێت. پاش دوو سێ مانگیتر بینیم ڕیشێکی زۆر بەردابوو، پاش چاک وچۆنی گووتی: جارەکەیتر بە ناڕاستەوخۆ پێمگووتی کە من مەهدیم، ئەوجارە نەوەک نەتبینمەوە بۆ خوا پێت دەڵێم: کە من مەهدیم و دوامکەوە پەیامی خوام پێیە!

منیش بە گاڵتە پێیم گووت: بە مەرجێک بمکەیتە ابوبەکری سدیقی خۆت!

گووتی: ئەوە کاری گاڵتە وسوعبەت نییە! کە وایگووت منیش بە جدی چەند ڕیوایاتی مەهدی و ئاخیر زەمانم دەزانی و لە بەختی ئەو کتێبێکم تازە خوێندبووەوە لەسەر پوچەڵکردنی مەهدییەت و مەهدی، هەموویم پێ گووت! هەر زمانی لە گۆ کەوت و گووتی: هەموو پیغەمبەران لە سەرەتادا وایان پێکراوە و بەدرۆزنیان زانیون! نازانم لۆ ئەمن خۆم وەکی ئەبو لەهەبی دەهاتە بەرچاو، لە جیاتی ببمە ابوبکری سدیق. پاش زیاتر لە ساڵێک دیتمەوە لە بازاڕی هەولێر لای موحافەزەی، بە سیلە چاوەکی تەماشای کردم و ویستی خۆی لە گێلی بدات، بەڵام من بانگم کرد و تەوقەیەکی گەرمم لەگەڵ کرد، دوو کەسیتری وەک خۆی لەگەڵ بوو، ویستی خۆی زۆر جدی نیشان دا، وەک بڵێی یەکترنەناسین!

منیش کردمە جەوێکی فول فشقیات گووتم: ها ئێستا بە کوێ گەیشتی ئیمام خۆ بەرزنەبویەوە بۆ پلەی پێغەمبەرایەتی!

بە جاڕسبونێکەوە گووتی: لا نبي من بعدي!

گووتم:دەتوانیت وەک کابرای عەرەب بڵێی من ناوم [لا] یە! یانی بەڕێز کاک لا پێغەمبەرە لە دوای من!

ئەو دووەی لەگەڵی بوون زۆر مۆڕەیان لێکردم، منیش فەرامۆشم دەکردن، دوایی منی جیاکردەوە، گووتی: ئەو قسانە تەنها لە نێوان من و تۆ بوو، من ئێستا زانیم مەهدی نیم، چونکە مەهدی هەقیقی دەرکەوتوە لەلای رانیەیە بارەگای، منیش باوەڕم پێی هێناوە!

گووتم: کاکە تۆ دەڵێی منالێکی بەدوای دایکی ونبووی دەگەڕێت، بەس نەبوو ڕزگارت بوو لە وەهمی مەهدی بوونت، ئێستاش دوای مەهدیەکیتر کەوتووی!

گووتی: وەک من بیناسی و لێی ببینی تۆش بڕوای پێدەکەی!

گووتم: مەگەر خوا لە ئاسمانەوە قسەم لەگەڵ بکات و خەڵکیش هەمووی ئاگاداری قسەکەی بن، ئینجا ئەگەر باوەڕ بکەم!

گووتی: باشە وەرە بیبینە؟!

گووتم: کەی؟!

گووتی: دەرۆژێکیتر کە هاتمەوە لێرە یەکتر دەبینین هەواڵت لای کتێبفرۆشەکان بۆ بەجێ دەهێڵم کە لە کوێ دەبم! ئەو کات مۆبایل و تەلەفۆنیشمان نەبوو دنیا پڕ لە بەرائەت و نەزانی بوو، کە زۆر خۆش و هێمن بوو. پاش کەمێکیتر ڕۆیشت ئیتر نەمدیتەوە...

دوایی ئیمام مەهدیەکەی پشدەر کتێبێکی پیرۆزیشی بۆ خۆی دروست کرد ناوی لینا [ کلمات الله] من هەر زوو کڕیم، سەیرم بەوە هات وەرە کابرا تۆ خۆت پێ مەهدی بێت و کورد بیت، و زمانی عەرەبیشت هێندە باش نەبێت، بچی کتێبێک بنووسیت یان ئیدیعای بکەیت کە وەحییە بۆت هاتووە بە عەرەبیەکی زۆر سەرەتایی، یەک لە ئایەتەکانی کە لە بیرمە:

لقد ارسلنا رسلنا بالبينات، دعا ياسر عرفات، و قال كوفى عنان هات....

شتێکی ئەوها بوو بە وردی لەبیرم نییە، بەس کتێبەکە دیار بوو وڕێنەیەکی نەخۆشی خۆبەپێغەمبەرزانی بوو، کە ئێستاکە وەک لقێکی نەخۆشیەکی دەروونناسی دەخوێندرێت!

کابرایەکی هاوسێیان ئێوارەیەک تووڕەی کردبوو، ئەویش نەیکردبووە نامەردی، یەکسەر پێنج شەش ئایاتی بە توندڕەویەوە لەسەر گوتبوو و ناوی کابراشی هێنا بوو. سەیر لەوەدابوو کتێبەکەیان هەر زوو بۆ چاپ کرد لە هەولێر.

کتێبەکە وابزانم لە کۆتایی ١٩٩١ بۆی چاپ کرا.

دووایی ئەوە بوو ئیمام مەهدی و دوو سێ کەس لە شوێن کەوتە و خەلیفەکانی پێکەوە کوژران لە هەولێر، ئەو کاتە لە بیرمە هەمووومان واماندەزانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوشتیانە، ئەوانیش خۆیان بێ دەنگ کردبوو نە دەیانگووت کوشتومانە نە نەمان کوشتووە، کەسیس نەبوو لەسەری بکاتەوە و بیکاتە پرسیکی ڕای گشتی!

دوایێ درەنگ لە ٢٠٠٥ شێخ زانا دانی بەو تاوانەش هێنا لە نێو تاوانەکانی تر!

دوایی زانیم کە ئەو برادەرەی من کە شوێنی کەوتبوو یەکیک بوو لە کوژراوەکان، بەداخەوە، ئەگەر ئەو کەسە تەنها ڕۆمان و چیرۆکی نووسی با دوور نەبوو ببێتە ڕۆماننوسیکی گەورەی کورد، بەڵام خەتای ئەو نەبوو ئاستی فەرهەنگی نزم بوو، شەپۆلی دینیش زۆر بەرز بوو، ئێمە بە حاڵ ڕزگارمان بوو، هەزارانی وەک ئەوی ڕامالی و تا ئێستاش ڕادەماڵێ وەک نەخۆشیەکی دەماری گشتی.

سەیر لەوەیە دەبووایە لە هەولێر دەرکەوێ مەهدی، کەچی دوو مەهدی لەو ناوچەیەی پشدەر دەرکەوتوون، لەگەڵ خەون بینێک بەخوا، من پێموایە ئەگەر خوا پێغەمبەرێکی ناردبا لەو پشدەرە هەڵیدەبژارد! هەرچەندە هاوڕێ و برای زۆر خۆشەویست و تێگەیشتوو و بەڕێز و فەرهەنگادریشی لێیە پشدەر!

## هەولێر ئەو جۆرە ڕۆشبیرەی تێدایە بۆیە بوویتە قومی موقەدەسە!

بەر لە چەند ڕۆژێک بوو باسی مامۆستایەکی زانکۆم کرد لە هەولێر، چۆن دادەبەزێتە سەر ئافرەتی بێ حیجاب و دەڵێت بۆ سەرما خۆی دەپێچێت، بەڵام بۆ خوا خۆی ناپێچێ؟! بە تەوسەوەش دەڵێت: دەترسم ئەوەش بە ڕۆشنبیری و مافی تاک بزانیت کە بەر فەرمانی خوا نەکەیت؟!

ئەمڕۆ موسەقەفێکی مەلا ئاسای تری هەولێر لەوەی یەکەم ناودارتر، لەناو ئەو هەموو تەنگژە و قەیرانەدا، لە جیاتی زگی بەو خەڵکە بسووتێت و باسی سەبر و ئارامگرتن وچۆنیەتی دەرچوون و بەرەنگاربوونەوەی جەور و ستەم و گەندەڵی و نادادیان بۆ بکات، دەیەوێت بڵێ ئێوە غەرقی ناز و نیعمەتن و هار بووینە و دڵتان ڕەق بووە و شوکرانە ناکەن! وجورعەی دەروێشی و دینداری بۆ خەڵک زیاد دەکات!!

دەڵێت: "بەشیکی زۆرلەخەلکی خۆمان دلی رەق بوە ، کەمتر نیعمەتی خوای لەیادە بۆئیمە ، بۆیە کەمتر یادیشی دەکا، نمونەیەکی بەرجەستە باس دەکەم ،زۆربەمان وەرزش دەکەین لەهات وچۆوەکە دەلیین (یەک دوو ..یان یەسیەم یان وان توو ..) ئی باشە لەجیاتی بلیین یەک دوو سی لەوەرزشەکە بابلیین سبحان الله الحمدلله استغفرالله .. هەم وەرزشەو هەم ئاینداریشە ،نەکردنی ئەوە بەمسۆگەری پشیمان دەبیەوە لە رۆژگاری حیساب"

خاوەنی ئەو عەقڵیەتە کۆمەڵێک کتێبی بێ سەروبەری خستۆتە ناو بازاڕی ئیسلامیەکان، کە زۆربەی دژی دیموکراتیەت و عەلمانیەتن، و ختوکەدانی شەقامی ئیسلامی وپشتگیری توندڕەوی دینین، ومیوانی بەردەوامی تەلەفزیۆنە پەڕپوتەکانیشە!

من دەزانم ئەو پیاوە هێندە ساویلکە نییە وا نەخوێندەوارانە و داپیرەئاسا ئامۆژگاری زیکری بێ بڕانەوە لە خەڵک بکات، بەڵکو کێشەی ئەو کەسە ختوکەدانی شەقامی ئیسلامیە، بەڵکو ناوبانگی زیاتر دەردەکات و لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەردەچێت! دەنا خەڵک لە سەردەمی داگیرکەرە بێگانەکانیش هێندە بێ ناز و نیعمەت و ستەملێکراو و برسیکراو و تۆقێنراو نەبوون، ئەخر دڵیان لەسەر چ نیعمەتێک ڕەق بووە تا وا تاوانبار بن؟!

ئامۆژگاری دووەمی یان چارەسەری دووەمی بلیمەتی ئەو کەڵە ڕۆشنبیرە ئەوەیە:

"نمونەیەکی تر لەکوردستان خەلکیکی زۆر ریجیم دەکا جەمەکی ناخوا ،ئی باشە لەبەرچی ناکەیتە بەرۆژی بوون هەم ئاینداریەو هەم ریجیم .. تەنها دلرەقیی بیوەفاییە بۆ ئەوخودایەی کە هەرچەند چاکەی ئەو بژمیرین تەواونابیت "

یانی لای ئەو کابرایە جیاوازی نییە لە نێوان نەخواردنی سێ جەم و نەخواردنی یەک جەم ؟!
ئەوە چ بلیمەتیەکە خودا بۆ هەولێر و کوردی ناردوە؟!

بێگومان لەوە ئاسانتر نییە مرۆڤ لە هەولێر بێت و کەمێک ئاگادار بیت بە نووسین و فەرهەنگ، بە سەدان وهەزاران کەس هەڵخەڵەتێنیت بە وتارێکی مەلامینبەری چەواشەکار، لەبەر سروشتی دینداری ساویلکانەی زۆربەی خەڵکی هەولێر!

من چاک دەزانم ئەو کەسە بەرژەوەندی هەیە لەگەڵ دین و دەسەڵات لە هەولێر، چاک دەزانم بەردەوام لە کۆڕی مەلاکانی هەولێر خۆی بادەدا بەو ڕۆشنبیریەی، کە بەشی فریودانی مەلایان دەکات، لەو ڕێگایەوەش ختوکەی هەستی دینی موسڵمانە ئیسلامیەکان دەدات، بۆ حیساباتی سیاسی ئاییندەی شەخسی، دەنا ئەو قسە پێرەژنانە کەی هی کەسێکە ڕەخنە لە ستیڤن هاوکینگیش بگرێت؟!

ئەوە جارێکیتریش ڕەخنەم لێیگرت کە لە چاوپێکەوتنێک گوتبووی حوکمەکانی شەریعەت لە وێنەی دەستبڕین و ڕەجم و جەڵدە، وەک یاسای سروشتین، چۆن یاسای سروشتی تێکدەچێت ئەگەر بۆ نموونە خۆر هەڵنەیەت، ژیان تێکدەچێت، ئەوهاش ئەگەر یاسای شەریعەتی وەک ڕەجم و دەستبڕین و قامچی لێدان جێبەجێ نەبێت، ژیان تێک دەچێت!!! دەیباشە لەوەتی ڕوخانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی شەریعەت جێبەجێ ناکرێ لە ٩٩٪ وڵاتەکانی جیهانی ئیسلام، ئەی بۆ ژیان تێک نەچووە؟! مەگەر ژیان بە بەدیارکەوتنی بازرگانانی دین و جێبەجێکردنی شەریعەت تێک بچێت.

دیارە ئامانجی خۆی پێکاوە سەدان دەستخۆشی لێکراوە، بەڵام لە هەموو کۆمێنتەکان خۆشتر، کۆمێنتی برایەکە دەپرسێت: مامۆستا هاک نەکراویت؟!

خوا دوورمان کات لە دووڕوویی ونیفاق و هەوڵدان بۆ بەژەوەندی شەخسی!

٢٠١٧/٢/٣

## فەرهاد پیرباڵ و مەلا عەلی بۆ؟!

## من ئەو چوونە لای مەلا عەلییەی بەڕێز فەرهاد پیربالەوەدا دەبینم:

١- فەرهاد هەردەم کەسێکی خاوەن ڕەفتاری ناچاوەڕوانکراوە، و ئەوەی بە میشکی دابێت دەیکات بێ حیساب کردن بۆ هیچ داب ونەرێت و عەیبە و عەیب نییە. ئەوەش خاڵێکی خراپە لای خەڵکانێک و خاڵێکی باشە لای خەڵکانی تر، خەڵکێکی زۆر خۆشی دەوێت لەبەر ئەو عەفەوەیەتەی کە وەک منداڵێکی دڵ پاک نیشانی دەدات.

٢- بەڕای من فەرهاد لە ژێر هەڵمەت و فشارێکی گەورەیە بۆ زیان لێدان و ناوزڕاندنی، دەیەوێت هەر نەبێت وێنەی خۆی لە بەرامبەر دیندا پاک بکاتەوە، وەک لە ڤیدیۆکە دیارە مەلا عەلی جەخت لەسەر موسڵمان بوونی فەرهاد دەکاتەوە و سوجدەی هاوبەشی پێ دەبا.

٣- هەڵبژاردنی مەلا عەلی هەڵبژاردەیەکی هەرچەندە ڕاست نەبوو چونکە مەلا عەلی خۆی تۆمەتبار کراوە لەلایەن سەلەفی و ئیسلامیەکان بە دەجەل و شەعوەزە، بەڵام فەرهاد هەست بە ئارامی مەلا عەلی دەکات بۆیە چۆتە لای ئەو، مەلا عەلی یش زۆر بلیمەتە لە ڕەفتارکردنی نەرم و ڕێزگرتنی زۆری بەرامبەر و تەوازوع نواندن تا ڕادەی کاتێ فەرهاد جارێک دەستی ماچ کرد ئەو ٣ جار دەستی فەرهادی ماچ کردەوە بێ گوێدانە ڕەخنە و فشەفشی ئیسلامیەکان کە چۆن دەبێت دەستی نووسەرێکی عەلمانی ومەشڕوب خۆری وەک فەرهاد ماچ کەیت؟! زیرەکی مەلا عەلی لەو بوارەدا جێگای سەرسامییە، باش دەتوانیت یاریەکی سەرکەوتوو بکات لەگەڵ دەورووبەری.

٤- فەرهاد لە ڕووی دەروونیەوە زۆر ماندوو و ناڕەحەت دیارە، بەو چوونەی بۆ لای مەلا عەلی جاڕی مەرگی ڕۆشنبیر دەدات لەناو کۆمەڵگایەک کە هەموو هێلکەکانی خستۆتە سەبەتەی دینچیەکان، و جاڕی دۆڕانی ڕۆشنبیر دەدات کە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی بەسەر کۆمەڵگا نیە، هەتا بەقەد مەلایەکی فاشیل.

فەرهاد بە ڕۆشنبیرەکان دەڵێت ئێوە هەمووتان چونکە سەربەخۆ نین ناتوانن بەرگری لە خۆم و ژیانم بکەن، شەرعیەت پێدانم لەلایەن مەلایەکی ناوداری ساحەکە بارتەقای هەموو بەرگریە شەرمنۆکەکانی ئێوەیە. ئەوە خوێندنەوەی منە بۆ ئەو پێک گەیشتنەی فەرهاد پیرباڵ و مەلا عەلی، زۆریشم پێ ناخۆشە ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەک فەرهاد وەک تۆبەکارێک لە باوەشی مەلایەکی بازرگان بە دیندا دەبینم، هەست بە بێ دەسەلاتی و شەرمەزاری دەکەم بەو دیتنە.

٢٠١٦/١١/٢١

## فەرهاد پیرباڵ دینی عەلی کەڵەکی لە جیاتی دینی عەلی شەریعەتی!

تۆ لە فەرەنساوە فێر بوویت بیرکەیتەوە بەو هەموو میراتە فیکری و فەلسەفیەی لەو وڵاتە هەیە. ئەگەر دەشگەڕێیەوە بۆ ئیسلام چاوت لە سارتەر کردبا کە گووتی من دینم نییە، ئەگەر ناچار کرام دینێک هەڵبژێرم، ئەوە دینداریەکەی عەلی شەریعەتی هەڵدەبژێرم! نەک دینی عەلی کەڵەکی!

یان وەک ڕۆژێ گارودی بە ڕەهەندێکی قوڵی فەلسەفی و عیرفانیەوە بهاتبایە ناو دینداری، نەک بە شێوازی داپیرە و باپیرەم یا بە شێوەی کەسێکی نەخوێندەواری فریوخواردوو بە دەجالێکی طبی نەبەوی!

تۆ نازانی بەو خۆ شکاندنەت بۆ مەلایەک و نەزانێکی بێ مستەوای وەک مەلا عەلی قۆڵبڕی توبی نەبەوی، چۆن شکۆی هەموو ڕۆشنبیرانت شکاند! تۆ نازانی بەو ملکەچییە و خۆسووک کردنەت چۆن ڕێگات بۆ خەڵکی نەزان و بێ ئاگا خۆشتر کرد تا ڕاکەن بۆ باوەشی جەهل و خوڕافاتی مەلا عەلی و ئەمسالەکانی!

مەلا عەلی هەتا مەلا شارەزاکانی کورد بە مەلاشی نازانن، تۆش لێت بۆتە بەدیع ولزەمان و مەولانا ڕۆمی!

لەسەر شەقامیش هەموو ڕۆژ خۆت بە تەواوی ڕووت کردبایەوە، هێندە پەست نەدەبووم هێندەی پەستبوونم بەو ئیمانە نەخوێندەوار و ئومیەت.

بژی مەلا عەلی و بژی میزەکەشی وەک لە ئاخیر ڤیدیۆت گووتت! پاش دۆستایەتی مەلا عەلی، تۆش میزت بوە شیفا!

٢٠١٧/٣/١

## مەلا عەلی و فەرهاد پیربالّ: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت!

کە دەڵێم مەلا عەلی و فەرهاد پیربالّ دوو لوتکەن، مەبەستم هەردووکیان لە یەک بواردا دوو لوتکە نین، بەڵکو لە بواری جیادا! فەرهاد پیربالّ لوتکەیە لە ڕاشکاوی و دڵ سافی و ئاشکرا دەربڕینی ناو هەناوی، هەروەها لوتکەیە لە دەربڕینی ناڕەزایی و نیگەرانیەکانی بە بەرائەتێکی منداڵانەوە! مەلا عەلی لوتکەیە لە زمان پاراوی و زمان لووسی و خۆ بچووک نیشان دان، و تەوازوع نواندنی بازرگانانەوە! من دەڵێم ئەگەر حزبە ئیسلامیەکان بە قەد مەلا عەلی مەعلان بان، و زمان لووس و موتەوازیع و بێ فیز بان، کاریگەریان زۆر زۆرتر دەبوو لەوەی کە هەیە!

تۆ بروانە ڕۆشنبیرێکی ئەدیب و نۆڤلیست و دەرچووی دکتۆرا لە فەرەنسا، لەبەر ئەو کێشانەی ڕاشکاوی و دەسەڵاتی تۆقێنەر بۆی دروست کردوە، بچیت خۆت بهاوێیتە باوەشی مەلایەکی نەزانی بازرگانی دین و توبی نەبەوی تا پاکانەی ئیمانبداریت بۆ بکات!

مەلا عەلی ئەوەندە زیرەکە لە ستایش کردنی فەرهاد پیربالّ، هەر بە دانا و فەیلەسوفی کوردستانی ناو دەبات، فەرهادیش بەو دەروونە زامدارەوەی یاریە قێزەونەکانی حزبەکان و نەزانەکان، وەک منداڵێکی بەرئ لە کاتی ستایشەکانیدا شاگەشکە دەبێت، و نازانێت چۆن چاکەی مەلا عەلی بداتەوە!

مەلا عەلی وەک ئیسلامی سیاسی ڕەفتار ناکات، ئەو خاوەن پرۆژەیەکی بازرگانییە، کە بە سەدان هەزار دۆلاری بەسەر دادەبارێنێت، پێویستی بە پشتگیری نەک فەرهادێکی فاسقی نوێژنەکەری مەشروب خۆرێکیشە، بەڵکو پێویستی بە مەسیحیەک و ئێزدیەک و جووێکیشە دوو قسەی خێری بۆ بکەن !بە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسی تا پێی بکرێت ڕووی گرژدەکاتەوە هەتا لە دیندارە ناسیاسیەکان.

زامی فەرهاد لەو بێ ریزیانەیە کە بەرامبەری دەکرێت، و لەو پیلانانەی حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەزگا موخابەراتەکانیەتی. زامی فەرهاد لە دەست ئەو پارتیانەیە، کە پێیان وایە فەرهاد نابێت دەم لە راستی سەرکردەکانیان بکاتەوە، زامی فەرهاد لە دەست ئەو گۆڕانانەیە کە بە چڵکاوخۆرێکی پارتی دەزانن !یان لە دەست ئەو ئیسلامیانەشە کە بە کافر و فاسقی دەزانن!

فەرهاد وەک زۆر ڕۆشنبری تر، زۆر لاوازە لە فەرهەنگی دینی، نازانێت مەلا عەلی هەتا مەکروهیشە لەناو بازنەی ئیسلامی سیاسیدا !وادەزانیت مەلا عەلی بەو زمانە لووسە، و بەو دەست ماچ کردنەی، و بە زانا ودانا وەسف کردنەی، ئیتر شەرعیەتی خۆی دەسەنێتەوە! هیچ ئیسلامیەکی تر ناتوانن گومان لە ئیمانی بکەن، پاش ئەوەی مەلا عەلی ئیمانی زیندووکردەوە بە شایەت پێ هێنانی و نوێژی بە جەماعەت!

فەرهاد هێندە مەلا عەلی لێ گەورە بووە، ئازادی بڵاوکردنەوەی جەهلی مەلا عەلی، بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەبەستێتەوە! دەڵێت دەبێت دان بە زانایی و دکتۆری و دانایی مەلا عەلی بهێنن! ڕازییە بە درۆکانی مەلا عەلی لە چارەسەری ئیدز و شێرپەنجە و جێبەجێکردنی شەریعەت و خەتەنەکردنی ئافرەتان! کتێبە پڕ لە خورافاتەکانی توبی نەبەوی و سیحر وجادووەکانی، کە هەمووی تەرجەمەی کتێبە خوڕافاتەکانی عەرەبیە، من خۆم دیومن، بەراورد دەکات بە کتێبی بنچینەی جۆرەکانی داروێن!

مەلا عەلی یش زامی هەیە، زامی مەلا عەلی لەوەدایە کە زۆر لە ئیسلامیەکان دژایەتی بازرگانیەکەی دەکەن، نەک لەبەرئەوەی باوەڕیان بەو خورافاتانەی توبی نەبەوی نییە! بەڵکو چونکە مەلا عەلی لە زۆر لە وەسفەکانی تەجاوزی توبی نەبەویش دەکات، وەک مەشروبە بە ناوبانگەکەی شیرمیز خواردنەوە، و ڕیخی مانگا لەسەردان و هتد...

لاوازی هەر ڕۆشنبیرێک لەبەرامبەر بازرگانانی دین دەردەکەوێت! فەرهاد پیربالێکی وا یاخی وا ملشۆڕ بیت بەرامبەر مەلا عەلی، چاوەڕوانی شەرعیەتی لێ بکات، ئەی خەڵکی گشتی نەخوێندەوار چۆن بە چۆکدا نەیەت بۆ مەلا و جادوگەر و بازرگانانی دین!؟

٢٠١٧/١/٨

## به مزگەوتکردنی هەولێر لە دیدی مەرایی ڕۆشنبیران!

جۆریک رۆشنبیر لە هەولێر و دەوروبەری هەن بێ ئەوەی لەبەرەی ئیسلامی سیاسی بن، و زۆر خۆیان پێ سێکیولار و دیموکراتخواز و تاڕادەیەکیش چەپڕەو نیشان دەدەن کەچی بە ئاگاییەوە بێت یان بە دەبەنگی تا سەر ئێسقان خزمەت بەو پرۆژەیە ترسناکەی مەلاکانی هەولێر دەکەن لە کردنی هەولێر بە مزگەوتێکی زەبەلاح، بە دینی کردنی ئەو شارە لە ڕێگای سەپاندنی تێڕوانینی دینیەوە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان لە بیرکردنەوە و جل لەبەرکردن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و تا دەگاتە سیاسەتیش..

ئەو برادەرانە ئەوەی من بزانم نە لەبەر دەبەنگی و نە لەبەر ئیسلامەتی و لە خواترسی ئەو کارانە دەکەن، بەڵکو لەوە دەچێت خاوەن خولیایەکی ئایندەیی دەسەڵات بن، و دەیانەوێت جەماوەری سادە و ساویلکەی دیندارانی هەولێر بۆخۆیان کێش بکەن، بۆ ڕۆژێکی دەنگدان ئەگەر خۆیان کاندید کرد! کابرا هەموو ژیانی لە ناو حزبێکی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی بە هەدەر داوە، ئێستا دەڵێت حوکمی ئیسلامی چاکترین چارەسەرە بۆ ڕزگارکردنمان لەو نەهامەتیانەی عەلمانیەت بەسەر کوردی هێناوە!!!

برادەرێکی تر بە ناوی کەمال چۆمانی، هیچ بۆنەیەکی دینی تێپەڕنادات تا موغازەلەیەکی شەقامی دینداری ئیسلامی سیاسی و شەعبی نەکات، ڕاستە زۆر ڕەخنەگرێکی چالاکە لە دەسەڵات و گەندەڵیەکانی، بەڵام لە جیاتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی تێڕۆانینێکی سیاسیانەی مۆدرن بۆ ئۆپۆزسیۆن بوون و خەباتی مەدەنی، هاتووە لە نووسینیکدا بە ناونیشانی: [سڵاو لە مزگەوتی هەولێرییان؛ پارتی بۆچی مزگەوت دەکاتە ئامانج؟] لەسەر ڕووداوی لادانی سێ مەلاکەی هەولێر، بە بیانووی بەرگری کردن لە ئازادی مەراییەکی خەست بۆ مەلاکان و بۆ جەماوەر بێ سەرە سادە و ساویلکەکە دەکات! نازانێت زۆربەی هەرە زۆری ئازادیەکان لە سنوری مینبەری مەلاکان کۆتاییان دێت! لای کاک کەمال هەولێر بریتییە لە مزگەوتێکی گەورە وبەس، چونکە هەولێری نییە و وەک من لەناو هەولێر لە دایک نەبووە و نەژیاوە، بۆیە دەرەنجامی شەپۆڵی دینی لێ بۆتە حاڵەتێکی ڕەسەن و وادەزانێت هەروا بووە!

بەڵام لە بیرمە پێش سەحوەی موبارەکی ئیسلامی مزگەوت ڕۆڵێکی ئاسایی دەگێڕا و دین ڕووبەرێکی ئاسایی لە ژیانی خەڵک داگیر کردبوو، هێندە ڕۆڵی نە ئاوسا بوو تا هەموو ژیانی هەولێریان یەکسان کات بە مزگەوت، وەک کاک کەمال دەڵێت: " لە هەولێرێ، لای خەڵکێی هەولێرێ، مزگەوت لە هەمو دەزگاکانی تر پیرۆزترە. مزگەوت ماڵی هەمو توێژەکانە بێ جیاوازیی چینایەتیی و ڕەنگ و عەشیرەت. لە هەولێرێ،

مزگەوت ئەو دەزگایەیە کە تێیدا هەموان لە دەوری یەکێتییەکی ناوەکیی دروستکردوە کە هەموان لە یەکتر کۆدەکاتەوە. مزگەوت، وەک هەولێرییەکان خۆیان دەڵێن، رەمزی ئەو شارەیە... .

"ئینجا دەڵێت: " ئەوەی لە هەولێردا وەک خۆی ماوەتەوە، مزگەوتە. لە تەواوی دەزگا مەدەنیی و رۆشنبیریی و سیاسیی و مەعریفییەکانی هەولێریش، پارتیی دیموکراتیی تەنها لە مزگەوت دەترسێ. ئێستاش هەموان کۆکن هەولێر تەنها مزگەوتی جێی مەترسییە بۆ پارتیی. مزگەوتە توانیبێتی فشارێک لەسەر پارتیی دروستبکات. پارتی تەواوی دەزگاکانی کۆنترۆڵکردوە، بە نزیکەی تەواوی ئەکتەرەکانی ناو دەزگاکانی، بە حیزبە سیاسییەکانیشەوە. پارتی تەنها دەزگای مزگەوتی پێ کۆنترۆڵ نەکراوە، واتا بەشێکی زۆریان نەک هەموویان." لە هەولێر تەنها مزگەوت ماوەتەوە چونکە مینبەرەکان و مەلاکان داوای گەڕانەوەی خەڵک دەکەن بۆ تەنها مزگەوت و ئەندازەکردنی ژیانیان بە ویستی ئەوان.

گەنجەکانیان هەمووی خەریک کردوە بە تاعەت وعیبادات و عەرەبی فێربوون و قورئان تەجویدکردن و دەوراتی علمی حەدیس و شەڕی ئەشعەری و سەلەفی و موعتەزیلە و ئەو شتانە، بۆیەش دەبینی نیو ملیۆن پیاو و گەنجیان بۆ مەولودی پێغەمبەر دەردەکەون، بەڵام سەد گەنجیان ناچنە سەر شەقام بۆ مافەکانیان و بۆ مووچەیان بۆ سامانی دزراویان، و بۆ ئەو هەموو کوردەی بە دەستی ئەردۆگانی خۆشەویستی مەلایە خاوەن مینبەرەکان دەکوژرێن! بۆ ئەو هەموو ژن و کچانەی ئێزدیان بە کۆیلە بردران! هەولێر بە تلیاکی مەلاکان تەخدیر کراون کە ڕووبەری حەرامەکان هەموو چالاکیەک دەگرێتەوە، بۆیە کەمترین دەزگا و چالاکی ڕۆشنبیری و فیکری و هونەری تێدا نیە، نەک لەبەرئەوەی پارتی قەدەغەی کردوە.

ئەخر کاکە کەمال لە چەندین بۆنە بە چات و بە ڕووبەڕووش کە قسەمان کردوە، دانی بە کەمووکورتی خۆی ناوە لە بواری شارەزایی و تێگەیشتن لە دین بە گشتی، کەمن پێموایە نەشارەزایە بە وتار و ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسیش. ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە تێناگەن کە ئەو موغازەلەیەی شەقامی دینداری ئیسلامی سیاسی، دەرەنجامەکەی دەچێتە سەر هەولی هێزێک کە شەو و ڕۆژ خەون بە زەوتکردنی ئازادی دەبینێت.

کاک کەمال دەڵێت: "-ئەوەی هەڕەشەی لێکرا، ئەوەی لیبدرا، ئەوەی ریشی سوتێندرا، ئەوەی لە مینبەر هێنرایە خوارەوە، ئەوەی لە نوێژ دەرکراو، وتاربێژ و نوێژخوێنان و مزگەوت نەبو، ئازادیی بو." سەرەڕای ئیدانەی توندمان بۆ ئەو چۆرە رەفتارکردنەی ئاسایشی پارتی، و هەرچەندە ئەو مەلایانە دنیایەک ووتاری هەڕەشە ئامێز و تۆقێنەریان هەیە لەسەر ئینتەرنێت، و یەکێکیان وتارێکی توندی لەسەر خۆم نووسیوە، و کتێبەکانی من بە هەولی ئەو لادراوە لەسەر سایتی ستاندارد، بەڵام با ئەو قسەیەشت بۆ قووت دەین قەیناکا !

بەڵام کە دەڵێیت: "-سڵاو لە مامۆستایانی ئیسلامدۆستی هەولێر، شانازیی بکەن کە ئێوە ئامانجی دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەستەڵاتی هەولێرن.

ئێوەن ڕەمزی هەولێر و ڕەمزی بەرگریکردن لە مافی چەوساوەکان، هەر بۆیەشە ئێوەن دەبنە ئامانجی سوتاندنی ریشی پڕ ویقارتان و هەوڵی دەربەدەرکردنتان."!!! توخواکەی کاکی ڕۆشنبیر ئەوانە ڕەمزی هەولێرن؟! ئەخر ئەوانە ڕەمزی هەولێرن بۆیە هەولێر بۆتە ئەو جەستەیە گەورەیە خەوتووە، کە بۆ هیچ لە مافە سیاسی و مرۆییەکانی خۆی نایەتە وەلام بەلام بۆ بچووکترین بەناو موقەدەساتی دینی یان تەنها لەسەر بەرژەوەندی مەلاکان دێتە وەلام و خۆپیشاندان و قوربانی دان!

کام بەرگری کردنێک لە مافی چەوساوەکان ئەو مەلایانە کردوویانە؟ کوا ئەسڵەن مافی چەوساوەکان جێگای بایەخیانە؟! ئەوەی گرنگە لایان ئەوەیە خەڵک هەمووی بە جەماعەت نوێژ بکات، هەتا بەیانیانیش، ئەگەر خەڵک نەیتوانی، بەیانیان مزگەوتەکان پڕ بکەن. ئەوە پێغەمبەر گلەییان لێدەکات لە ڕێگای خەونی مەلایەک! ئەوەی گرنگە لای ئەوان ئافرەتانی هەولێر هەمووی سەرپۆش بکەن و باڵاپۆش بن، وببنە حەریمی مێردەکانیان و هیچ فێرنەبن لە گوێڕایەڵی زیاتر.

ئەوەی گرنگە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ماڵەکان هەموو لەسەر کەناڵە دینیەکان بن و خەڵک موعتاد بێت بە وەعزی مەلاکان، هەتا کاریگەری لەسەر تاک تاکی کۆمەڵگا بەجێ بهێڵن و ببنە پاسەوانی وتاری ئیسلامی سیاسی، هەتا دایکم کەمن لەوەوە فێری کوردپەروەری بووم، گومانی بکەوێتە جائیزە نەورۆز بکەین یان نا؟!

ڕاستە ئێمە دژی سیاسەتەکان و گەندەڵیەکانی پارتین، بەڵام نابێت ئەو دژایەتیە کوێرمان کات لەو بەدیلە کارەساتاوییەی کە لە مزگەوتی ئەو مەلایانە سەرچاوە دەگرێت! ڤایرۆسی دینی تێکەڵ بە سیاسەت بوو چاوەڕوانی هەموو جۆرە توندڕەوییەێ و سنووربەزاندن و ئازادی زەوت کردنێک بکە! ئەمڕۆ مەلایەکی وەک ئیدریس کاریتانی کە دەسەڵاتی بەسەر مزگەوتەکەشی ناشکێت کتێبەکانی من بە هەڕەشە و گوڕەشە بتوانێت قەدەغە بکات لەسەر سایتێک، ئەو دەسەڵاتەی دەکەوێتە دەست مەلایەکی وا دەبێت چ مانایەکی ئازادی بزانێت و چ سنوورێکی ئازادی بپارێزێت؟!

هەر کەمال چۆمانی خۆشی ئاماژە دەکات بۆ ترسناکی ئەو بەرهەڵستیەی کە لە مزگەوتەکانەوە سەر هەڵدەدەن ودەڵێت: "پارتی یەک شت گرنگە بزانێت، ئەویش ئەوەیە؛ ئەگەر کوشتن و رفاندنی رۆژنامەنوسان، هەوڵی دەربەدەرکردنی کەسە چالاک و رەخنەگرەکان، دەرکردنی سەرۆکی پارلەمان و کەسایەتییەکانی دی بۆ چوبێتە سەر، ... بەڵام سوکایەتیکردن بە مەلاکان و رێگرتن لە وتاردانیان، ئەگەر خۆشیان نەکاتە هێزی

توندڕەو، دڵنیا بن گروپی دی کە خۆیان بە داکۆکیکار لە خوا و قورئان و پێغەمبەر و ئیسلام دەزانن، خۆیان ڕێکدەخەن و دواجار دەبنە گەورەترین سەرئێشە بۆ هەرێمی کوردستان و لە هەموانیش زیاتر پارتیی دیموکراتیی. ئەوانەی بە ناوی بنبڕکردنی توندڕەوییەوە وتاربێژان بێدەنگدەکەن، دەبێت باش بزانن خۆیان هۆکاری دروستکردنی توندوتیژیین."

جارێ کاک کەمال باسی ڕەهەندی سیاسی ئەو هەنگاوەی پارتی ناکات، کە کێشمەکێشێکە لە دژی کۆمەڵی ئیسلامیدا لە دژی ئەو مەلایانەی مایلدار بە کۆمەڵ دەیکات، ئینجا دەبێت کەمال چۆمانی و هەموو هاوبیرانی بزانن هەر پاڵپشتیەک بۆ پتەوترکردنی هەقیقەت بە مزگەوتکردنی هەموو هەولێر دەچێتە گیرفانی ئەو توندڕەوییەی کە لە دەرەنجامی ئەو وتارە حەماسیانەی ئەو مەلایانە دەخوێندرێتەوە و نەوەیەکی ئاسۆتەنگی دینی لە مزگەوتەوە دروست بە دەنگی الله اكبر بەرەو جیهاد دژی دەسەڵاتی کافر دەردەکەون و کۆمەڵگا ومێژوو لە خوێن وەردەدەن. ڕاستە پارتی بێڕێزیەکی زۆری بە مزگەوت ومەلا و نوێژخوێنان کرد ، بەڵام ئەو سێ مەلایەش هۆکارێک بوون بۆ ئەو کردەوە دزێوانە، کە بڕیاری لابردنیان دەرچوو، نەدەبوایە بە تەحەداوە بچنەوە سەر مینبەر، و ڕێگای تریان گرتبایە بەر بۆ دژایەتی بڕیارەکە، نەک ئەو خەڵکە نوێژخوێنە هاندەن و شەڕی خۆیانیان پی بکەن و بیانکەنە قەڵغان بۆ پایە و ناوداری خۆیان[24]..

٢٠١٦/٥/٢

[24] وتارەکەی کەمال چۆمانی: http://www.nrttv.com/birura-etails.aspx?Jimare=2948

## سەردەمی فریودانی دینی بەسەرچوو!

کابرایەکی دەمشڕی میزاج موراهیقێکی داعشی، کە بەقەد دنیا سەقتەی ئەخلاقی دەزانم، وباش بۆیان باس کردم چۆن هەردەم سەفارەت بە سەفارەت گەڕاوە و موخابەرات بە موخابەرات گەڕاوە بۆ کاسبی دژی کورد.

هاتووە پۆستێکی نوسیوە دەڵێت: پێم سەیرە کوردێک خۆی بە موسڵمان بزانێت باوەڕیبە خوا وهتد هەبێت یەک تۆز مەیلی پەکەکەی هەبێت، چونکە بە قسەی ئەو پ ک ک سەرکردایەتی عەلەویە و مارکس یان پێ خوایە! وچەندین قسەی قۆڕیتریش.

من بەومیزاج داعشیە دەڵێم، ئەدی پێت سەیر نییە کوردێک باوەڕی بەخوا و قیامەت بێت پشتگیری هەموو دوژمنکاریەکانی و کۆمەڵکوژیەکانی ئەردۆگان بکات لە دژی کورد؟!

ئەو ئیمانەی کە مەرجی ئەوەم لەسەر دادەنێت پشتی میللەتی مەزڵومی بێ کەسی خۆم بەردەم، شەو و ڕۆژ هێرش کەمە سەریان بەو ئەدەواتەدینیە ئێکسپایەرە و بەو عەقڵیەتە داعشیە، و شەو و ڕۆژ ستایشی ئەردۆگانی لە خۆت گەمژەتر وبێ بەهاترکەم، سەگم لەو ئیمان ودینە بەردا پێشکەشی ئێوە بێت با ئەردۆگان و خەلیفە بەغدادی و فیصل قاسم ئافەرین لە تۆ بکەن بۆ ئیمانی بۆگەنت.

نەفرەت لەو ئیمانەی کە دەمکاتە دوژمنی میللەتی خۆم و دۆستی دوژمنانی وەک ئەردۆگان و داعش . سەردەمی مەلای خەتێ و تراندنی دینی گوزەشت.

٢٠١٥/٩/١٩

# پاپای مەسیحیش وەک ئیسلامی سیاسی کورد ناناسێت!

هەر دینێک تێکەڵ بە سیاسەت بوو قێزەونی دەردەکەوێت جا دینی ئەرزی بێت یان ئاسمانی! ئەوروپا دەمێکە ئەو مەسیحیەتەیان پەڕوباڵ کردوە، لە یەک کیلۆمەتر کەنیسە دەوڵەتێکیان بۆی هێشتۆتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دینی مەسیحییە کاتۆلیکەکانی جیهان، بەڵام کە کەنیسە سەرۆک و وەزیر ودیپلۆمات وئاڵا و سوپایەکی هەبوو، هەرچەندە پایە سیاسیەکان و سوپاکە ڕەمزیش بێت، هەر تێکەڵی سیاسەت دەبێت، کە تێکەڵیش بوو هەر قێزەون دەبێت.

وەک ئێستا لەو زیارەتەی ئەردۆگانی تیرۆرست، پاپا و کەنیسەکەی قێزەون بوون، بە میوانداری ئەو داعشە و پێدانی میدالیای ئاشتی لە کاتی گەرمەی جەنگیدا بە هەموو هێز و جبەخانەی تورکی لە دژی عەفرینێکی لە قەبارە بچووک و لەناواخن مەزندا!

ئەخر ئێمە ڕاهاتووین بە بێ شعوری و بێ باکی ئیسلامی سیاسی دەرهەق دۆزی کورد، بەڵام ناشێ پاپایەکی وا سیاسی و خاوەن تێڕوانینی زۆر شۆڕشگێڕانە لە خودی ئاینی مەسیحیدا، ئاگاداری کورد و ڕۆڵی کورد نەبێت لە تێکشکاندنی داعش و وەرگرتنەوەی پایتەختی داعش بە دەستی شەڕڤانانی کورد!

من دەتوانم سوێند بخۆم کە پاپا ئاگادارە و زۆریش وشیارە بەو ڕۆڵەی کورد، بەڵام کە دینت تێکەڵ بە سیاسەت کرد هەرچەند کەمیش بێت، ئەو تێکەڵە پیسەی لێ دەردەچێت، لە گەرمەی شەڕ دژی تێکشکێنەرانی داعش، دەبێت میوانداری پرۆکسی و خودانی داعش بکەیت، لە لوتکەی تاوانکاری وخوێنڕشتنی ئەردۆگانی نەوەی جەنگیزخان، دەبێت میدالیای فریشتەی ئاشتی بدەیتێ!

ئەو هەڵوێستەی پاپا و کەنیسەی کاتۆلۆکیش دەچێتە سەر هەڵوێستە خراپ و بێ باکەکانیتری جیهان دەرهەق کورد، شێرکۆ بێکەس جوانی فەرمووە:

کورد وخودا    لە یەک ئەچن

هەردوو بێ شەریک    بێ کەسن!

٢٠١٨/٢/٦

## زاكیر نایک بە تەمای هیدایەتدانی ژاپۆنیشە!

زاكیر نایک ناوێكی زۆر دیارە لە نێو جەماوەری ئیسلامی سیاسی، و زۆر لە وڵاتانی كەنداو وەک قەتەر و بەداخەوە ئیماراتیش بایەخێكی گەورەی پێ دەدەن، و فوو لە میزڵدانی ناوەكەی دەكەن! ئەو پیاوە نموونەیەكە بۆ پۆپۆلیستی ئایینی، خەڵكانێكی زۆر سەرسام دەكات بەو سەرچاوانەی باسیان دەكات لە وتارەكانی و بە ژمارەی لاپەڕەو و بەرگ و ڕەنگی كتێبەكە وهتد..

زۆر لەوانەی بەدواداجوون بۆ زانیاریەكانی دەكەن دەڵێن جەواشەكاری دەكات و دەقەكان دەگۆڕێت، یان خراپ وەریاندەگێڕێ بۆ ئەوەی خزمەتی ئامانجەكانی بكات! بەوداواییە پۆلیسی هیندی ڕاپۆرتێكی ٧٠ لاپەڕی لەسەر چالاكیەكانی زاكیر نایک نووسی، پاش ئەوەی بۆیان دەركەوت كە كاریگەری زاكیر بە پلە یەک دێت بەسەر هەموو ئەوانەی چوونەتە ناو داعش، یان كاری تیرۆرستیان ئەنجام داوە لە هیندستان. هەروەها ڕاپۆرتەكە ئاماژەی بە كاریگەری تێكدەرانەی قوتابخانەكەی زاكیر نایكی كردوە بەسەر منداڵانی موسڵمان كە لەوێ دەخوێنن، هەمیشە ڕق و قینیان تێ دەڕوێنێ لە دژی خاوەن دینەكانی تری وەک هیندۆس ومەسیحیەت، هەر لە منالیەوە دووچاری گۆشەگیریان دەكات!

زاكیر نایک هێندە چەواشەكارە، كاتێ تینی بۆ هات ویستی خۆی بەراورد بكات بە نیلسۆن ماندێلا، ودەڵێت: ئەو نیلسۆن مانێلایەی كاتی خۆی ٢٥ ساڵ زیندانیان كرد بە تۆمەتی تیرۆرستی، هەر هەمان ئەو تیرۆرستە خەڵاتی نۆبلی ئاشتییان پێدا! ئەوەش چەواشەكارییە ماندێلا قەت بە تیرۆرست نەناسرابوو لە هەموو دنیا، مەگەر لە دەسەڵاتی ئاپارتیدی ئەفریقیای باشوور نەبێت! هەموو جیهان پشتگیریان لە خەباتی ڕەشپێستەكان دەكرد لەدژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقیای باشوور، بەڵام نایک هەڵگری چ دۆزێكە؟ دەیەوێت بە هێزی نەرم و ڕەق دینێک زاڵ كات بەسەر هەموو جیهان، لە تێڕوانینی داعشیەتی كە باوەڕی بە جزیە و بە كۆیلەكردن و هەموو فەزاعاتەكانی داعشی هەیە، دەشیەوێت جیهان وەک ماندیلا لێی بڕوانێ! زاكر نایک نكوڵی لە داعش دەكات لە ڤیدیۆكانی، بەڵام ڕۆژانە ملیۆنەها گۆش دەكات بە فیكری دینی بە پەرۆشیەكی هیندی و بەنگالی و پاكستانی كە ئێمە لە لەندەن دەیانبینین چەندە ساویلكە وسەرەتایین لە دیندا، چۆن دەتوانی نكوڵی لە داعش بكات؟!

ئەوجارە زاکیر نایک دەیەوێ ژاپۆنیش تێوەگلێنێ لە فەوزای ئەو دین و ئەو دیندارانە. چونکە زۆر خێری هەبوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی، دەیەوێت ژاپۆنیش لێی بێ بەش نەبن! دەیەوێت پاش ماوەیەکیتر ببنە شیعە و سونە و سلفی و ئیخوان.. خەریکی شەڕی یەکترکردن بن.

گەنجانیان لە جیاتی ببنە زانای تەکنۆلۆژیا، ببنە زانای فیقە و حدیس و تفسیر و تەهارەت!

لە جیاتی سۆنی و تۆشیبا، تەسبیح و سیواک و عەتری سعودی بفرۆشن!

لە جیاتی گەشتوگوزار بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، هەر ژاپۆنیەک حەجێک و دووسێ عەمرە بکات بۆ سعودیە!

دەیەوێت واز لە زانکۆ مەزنەکانی ژاپۆن و جیهان بهێنن بەرەو زانکۆکانی سعودیە و خەلیج بەڕێکەون هەر یەکەی ماستەرێک و دکتۆرایەک لە غازات و قۆڕەی ناوسک بهێننەوە.

دەیەوێت واز لە پێشبڕکێی تەکنۆلۆژی بهێنن، بەژدار بن لە پێشبڕکێی حیفزی قورئان و حەدیس و پێشبڕکێی شاجوانی ئیسلامی بە نیقابەوە، چونکە ئەخلاق شەرتە!

دەیەوێت لە ڕیزی گروپی دەوڵەتە مەزنەکان دەرچێت، بچێتە ڕیزی عێراق و خەلیج و مەغریب و سوریا!

دەبێت ژاپۆن چ کارێکی بە هیدایەتی زاکیر نایک بێت، لە کاتێکدا تەنها شارێکی ژاپۆن بە قەد هەموو وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی بەرهەم و زانست و ڕەوشت و مرۆڤایەتیشی تێدایە.؟!

بەڕاستی ئەو حەماسەتە دینیە بێ سنورە دەبەنگەی لە موسڵمانێکی ئۆقیانوسی هیندی و پاکستان و بەنگلادیش و ئەفغانستانی دایە زۆر زیاترە لەو حەماسەتەی کە لە عەرەبێکی سعودی دایە. ببینە زاکیر نایکی هیندی دەچێتە ژاپۆن بۆ ئەوەی فێری ئیسلامیان کات، کەچی احمد الشقيري سعودی دەچێتە ژاپۆن و کۆریا وچین و وڵاتانی خۆرئاوا بۆ فێربوونی ڕەوشت و زانست و بیرهێنانەوەی ڕابردووی لە دەست چوو!

من لە سعودیەکی ڕۆشنبیرم گوێ لێبوو کە خەڵکی ئەو وڵاتانە دەبینن وا بە حەماسەت و تەقدیسەوە دەڕواننە داروبەردی جەزیرەی عەرەبی گاڵتەیان پێیان دێت، هەر بەڕاستیش موستەهەقی بەزەیین.

7/7/2017

## ئەبو قەتادە و نمونەی تۆتالیریزمی حوکمی ئیسلامی نوسخەی جیهادی سەلەفی!

ئەبو قەتادەی فەلەستینی تیرۆرست، خاوەنی فەتوا بۆگەنەکانی سەربڕینی جەزائیر، لە ماوەی هەشت ساڵی زیندانی لە بەریتانیا تەنها نەفەقاتی دادگایی ویارمەتی یاساییەکەی ملیۆنێک و حەفسەد هەزار پاوەند بووە، من لە پارە نازانم باش بەڵام وابزانم دوو ملیۆن نیویێک دۆلار دەکات!!

کەچی کاتێک تیرۆرستان کەسانێکی مرۆڤ، زۆر مرۆڤتر و موحتەرەمتر لە خۆیان دەگرن وەک کارمەندی خێرخوازی بەریتانیەکە و یان ژاپۆنیەکە، یان ڕۆژنامەگەرە ژاپۆنیەکە، کە لە سەرتاسەری ژاپۆن ئابڕووی بەشار و ڕژێمەکەی بردبوو، دڵیان نایەت دوو سێ دۆلاریش بە گوللە بدەن تا پییانەوە بیانکوژن، وەک وەحشیەکانی مێژوو سەریان دەبڕن!

ئە لەو دەقەدا تۆتالیریزم وشۆڤێنیزمیەت و دیکتاتۆریەتی حوکمی ئیسلامی نوسخەی جیهادی سەلەفی لە ڕوونترین شێوە دەردەخات، ببینە بەرلەوەی حوکم بگرنە دەست وا بێ نرخ دەڕواننە جەماوەری خەڵک، ئەی کە حوکمیان گرتە دەست؟!

سەیر لەوەیە هەر ئەوانەش باس وهاواری ماف خواردن و مافی مرۆڤیانە، لە کاتێکدا بەر لە تەمکین ودەسەڵات گرتنیانیش دا وابێ قیمەت دەڕواننە جەماوەر! دەبێت جەماوەری جیهانی ئیسلامی کە ئەوانە هاتنە سەر دەسەڵات، وەک نەوەی سەلەفی ساڵح باسی سەردەمی ملک عبدالله و ملک حسین و صدام و جمال عبدالناصر و حسنی موبارەک و بورقیبە و زین العابدین بن علی بکەن!

ببینە چی دەڵێت: "لە کاتی گەیشتن بە تەمکین ودەسەڵات دا...هیچ خەمی ڕازیکردنی خەڵکمان نابێت، بە دابینکردنی خانوو و خواردن و نان...ناچاریش نین ڕای خەڵک وەرگرین دەربارەی کێ حوکمیان بکات و کێ نەیکات، ئەمیری ئێمە حوکمیان دەکات پێیان خۆش بێت یان ناخۆش، وبە ئیسلام حوکمیان دەکەین، ئەوەشی سەری بەرزکردەوە بۆی دەبڕین"

"والوصول للتمكين ..لن يجعل همنا ارضاء الناس بتأمين السكن والخبز .... ولسنا محتاجين الى أخذ رضاهم فيمن يحكم أو بما يحكم ؟ سيحكمهم اميرنا شاءوا ام ابو ، وسنحكمهم بالاسلام – على فهمه – ومن رفع رأسه قطعناها ..."

٢٠١٥/٢/٧

## قورئانیش بەکار دێت بۆ شێواندنی وێنەی کورد لە توراسی ئیسلامیدا!

گەورەترین کێشە کە ئێمەی کورد وەک نەتەوە پێیەوە دەناڵێنین لەو جوگرافیا جەهەنەمییەی نێوان سێ چوار نەتەوەی موسڵمانی وەک عەرەب وتورک وفارس وعەجەم، کێشەی چەوساندنەوەی مێژوویی وجوگرافی وسیاسی وسایکۆلۆژییە. ئەگەر هەموومان دەربارەی کێشە وچەوساندنەوەی مێژوویی وجوگرافی وسیاسی بزانین، دەبێت چەوساندنەوەی دەروونی چی بێت؟

ئێمەی کورد لە ئەدەبیاتی مێژوویی وسیاسی وکۆمەلایەتی ئەو نەتەوانە لە وەتی مێژوو هەیە بە زۆر بە دەگمەن وشەیەکی چاکمان دەربارە گوتراوە، زۆربەی کتێبە مێژووییەکانی ئەو نەتەوانە بەتەوسەوە باسی کورد دەکەن لەچاکترین حالەتدا. هەیانە بە ئاشکرا کوردی تەکفیر کردوە وبە نەتەوەیەک لە دز وجەردە نیشاندراوە، نمونە زۆرن لەو بابەتانە، هەتا ئەو حاڵەتە پەڕیوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵ وگروپە ئیسلامیەکان، تا دەگاتە نوسەرە ئیسلامیەکانیش چونکە ئەوانیش زادەی ئەو ئیسلامە مێژووییە وڕابردو وتوراسیەن کە ئەمڕۆ لە خراپترین فۆرمی سەلەفیەتدا پەیڕەو دەکرێت.

بێگومان ناتوانین بڵێین هەموو ئەو بابەتانەی نووسراون لە توراسی ئیسلامی عەرەبی هەر نێگەتیڤن، زۆرجار بەبێ ویستی خۆشیان بە چاک دەگەڕێتەوە بۆ کوردا! چونکە لە ڕێگای مێژوونووسە ئیسلامییەکانی وەک المسعودی و الطبري و ابن حوقل و یاقوت الحموي و القلقشندي و المقریزي و هتد. زۆر لایەنی شاراوەی مێژووی کوردیمان بۆ ئاشکرا بووە، چۆن ژیاون پێش هاتنی ئیسلام و چۆن دینێکیان هەبووە، چۆن بەرەنگاری فتوحاتی ئیسلامی بونەتەوە و سەدان زانیاری تری بە سوود. ئەگەر ئەوەی ئەوان بۆیان گواستینەوە، نەیانگواستابەیەوە شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کورد دەست نەدەکەوت. هەتا ئەگەر ئامانجی گێڕانەوەکانیش بۆ خزمەتی کورد نەبێت، بەڵام بەڕاستی خزمەتی گەورەیان پێمان کردوە زانیبێتیان یان نا!

هەندێ لەو نموونە نێگەتیڤانە هەتا قورئانیش وەک گاڵتەجار بە کار دەهێنن بۆ تانەدان لە کوردان!

ئەو کوردە ناشیرینەی کە چوە لای پێغەمبەر، وئەویش گوایە لەبەر ناحەزی بچم وسەروسیمای ئەو کوردە دوعای لە هەموو کوردان کردبێت، خۆ ئەگەر ئەسڵی مێژووییشی نەبێت ئەوە گوزارشە لەو دڵە ڕەشە تورکەی کە ئەو چیرۆکەی هەڵبەستوە بۆ کورد، ئەوە جۆرێکە لە شەڕی سایکۆلۆژی! لە توراسی عەرەبیدا هاتوە کە رۆژێک پێشنوێژێکی عەرەب ئەو ئایەتەی {علیها ملائكة غلاظ شداد لا یعصون الله ما أمرهم ویفعلون ما یؤمرون} بەغەڵەت خوێندەوە بەو جۆرە: {علیها ملائكة غلاظ شداد یعصون الله ما أمرهم ولایفعلون ما یؤمرون} نوێژکەرێک لە دواوە گووتی: (ئەگەر وابن ئەوانە کوردن مەلائیکەت نین)!!! جابزانە ئەو

قسەیە کە بۆ نوکتە وگاڵتە گوتراوە لە کەلەپوری عەرەبدا چۆن گوزارش دەکات لە تێڕوانینیان لە میللەتی کورد؟! وەک میللەتێکی دڵرەقی بەهێز و لە خوا عاسی و کەللەڕەق! ئەوەش جۆرێکە لە شەڕی سایکۆلۆژی.

نەک ئەوەندە هەتا ناسراوترین مولحید لە مێژووی عەرەبی ئیسلامیدا (ئیبن راوەندی) کە ڕەخنە لە خودی قورئان دەگرێت، یەک بە یەک لەسەر ئایەتەکانی قورئان دەدوێ، لە یەکێک لە کۆمێنتە سەرەنجڕاکێشەکانیدا دەربارەی ئەو ئایەتە (**اولئكَ لهُمْ جَنَاتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثيَابًا خُضرًا مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَكِئِينَ فِيهَا عَلى الْأَرَائِكِ**) دەڵێت ئەگەر بەهەشتیەکان جلی سندس وئیستەبرەق لەبەر بکەن ئەوە لە بوکی کورد دەکەن!! لە ڕۆمانێکی مێژوویی بە ناونیشانی [الثائر الاحمر] رۆمانوسی بەناوبانگی ئیسلامی میسری (علی باکثیر) لەسەر قەرامیتەکان باسی کورد وەک دز وجەردە دەکات وهەر خەریکن خەڵک دەفڕێنن لە ڕێگا وباندا!!

بۆ نمونە یاقوتی الحموی لە کتێبە ناودارەکەی بە ناوی [معجم البلدان] دەربارەی کوردی شارەزوور دەڵێت: "شارەزوور دەکەوێتە نێوان هەولێر و هەمەدان، خەڵکەکەی هەمووی کوردن، مسعر بن مهلل ی ئەدیب دەڵێت: خەڵکەکەی عوساتن و گوێڕایەڵ نین بۆ سوڵتان، چێژ لە ناکۆکی و ناگوێ ڕایەڵی دەبینن.

خەڵکەکەی بەهێزن و توندن و تونیویانە خۆیان بپارێزن.. زۆربەی ئەمیرەکانیان لە خۆیانن، ئەوە قسەی مسعر بوو، بەڵام ئێستا وەک پێشوو نین، بۆیە باسی دەکەین تا بزانن ڕۆژگار چی بە خەڵکەکەی دەکات. ئەو وڵاتە ئێستا لە ژێر باشترین تاعەتی موزەفەردینی کوکبری بن علی کوجک ی سەرداری هەولێرن بە باشترین شێوە، بەڵام کوردەکانی چیاکانی دەوروبەری شارەزوور هەر لەسەر عادەتی خۆیانن لە تۆقاندنی ڕێبواران و پارە لێستاندن و دزیکردن، ئەوەش سروشتێکی زانراوی کوردە، و ئاکارێکە نێوچەوانیان پێی ڕەنگ کراوە. هەندێ قسە خۆش [ئەو ئایەتەیان] واخوێندەوە: الأکراد اشد کفرا و نفاقا، گوتیان ئایەتەکە دەڵێت: الاعراب اشد کفرا و نفاقا. وەڵامی دایەوە: ئاخر خودا سەفەری بۆ شارەزوور نەکردووە، تا ئەو بەڵاو و کارەسات شاراوانەی گۆشکانی ئەوێ ببینێ. منیش داوای ئیستیغفار دەکەم لەو گووتەیە." [25]

٢٠١٨/٥/١٧

[25] ـ بەشی سێیەم ل١٦٥. معجم البلدان، دار احیاء التراث العربي بیروت ١٩٩٧.

# مەلا وبانگخوازانی کورد ئامانجیان بچووک کردنەوەی ئافرەتی کوردە!

٢-١

کورد هەمیشە بە کراوەترین کۆمەڵگای ئیسلامی لە قەڵەم دراون، بە جۆرێک مامەڵەی پیاوانی کورد بۆ ئافرەتەکانیان وەک بەڵگەیەک لە دۆکیومەنتەکانی چاودێر و توێژەر و ڕۆژهەلاتناسان تۆمار کراوە.

بەلگەی بێگانەکان زۆرن، بەلام بە شایەدی گەورەترین مەوسوعی و ڕۆشنبیری کورد لە سەدەی هەژدەم، مەلا مەحمودی بایەزیدی ]١٧٩٧ – ١٨٦٧ ] دەست پێ بکەین بزانە چۆن ئافرەتی کورد بەر لە ٢٠٠ ساڵ هەڵدەسەنگێنێ: " ئافرەتی کورد لە پیاوان خۆی ناشارێتەوە، ژنانی کورد ئازادن وەک ژنانی گەلانی فەرەنجی [واتە ئەورووپیەکان]، چونکە پیاوان قەت بیر لەوە ناکەنەوە ژنانی کورد خیانەتیان لێ بکەن...!" ل ٤٨

" کورد قەت زەنی خراپ بە ژنانیان نابەن، بەڵکو دەیانبینن کە لەگەڵ خەڵکی نەناسیاویش قسە دەکەن کە زۆریش جوان و شۆخ وشەنگن، بێ ئەوەی کەسوکاری ژنەکان زەنی خراپیان پێ ببەن، بەلام کە خراپەکیان دیت و دڵنیا بوون لێی، ژنەکە و پیاوەکە پێکەوە دەکوژن بەبێ دڵ لە دڵ دان" ل ٥٦ ]  ١]

یانی کۆمەڵگای پێشووی کورد زیاتر ئازادی بە ژنان دابوو، وەک مەلا مەحمودی بایەزیدی بە شانازیەوە ژنانی کوردی وەک ژنانی ئەوروپا وێنا کردوە لە ڕووی ئازادیەوە، هەتا لە حالەتی هەڵەش ڕوویدابا ژن و پیاو سزا دەدران، نەک وەک ئێستا زۆربەی جار تەنها ئافرەت سزا دەدرێت.

ڕۆژهەلاتناس و گەڕیدەیەکی ئیتالی، پیترۆ دیلا ڤالی Pietro Della Valle [١٥٨٦-١٦٥٢] لە ساڵی ١٦١٤ باسی ڕۆڵی ئافرەتی کورد دەکات لە کۆمەڵی کوردەواری ودەڵێت: " بە پێچەوانەی ژنانی موسڵمانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ژنانی کورد بە ئازادی بە ڕێگادا هاتوچۆ دەکەن، بە ڕوخسارێکی دانەپۆشراوەوە، زۆر بە ئاسایی لەگەڵ پیاوانی شارەکە و بێگانەکان قسە دەکەن وەک پیاوانی کەسوکاری خۆیان! ئینجا پیترۆ دەڵێ خۆی چووە میوانداری ماڵی کوردێک ژنەکە بە تەنیا لە ماڵەوەش بوو پێشوازی لێکرد، دەڵێت ناتوانم وەسفی لوتف و میواندۆستی و ڕووخۆشی ئەو ژنە بکەم لە پێشوازیمدا، کە مێردەکەشی لەماڵەوە نەبوو" [٢]

مێجەرسۆنیش دەڵێ: ژنانی کورد لە گوند و لادێکان، پێشوازیان لێدەکردم بە ڕوێکی خۆش قسەیان لەگەڵ دەکردم، مێردیشیان لە ماڵەوە نەبوون، بەبێ ئەو شەرم و حشمەت و لاوازییە دەسکردەی ژنانی تورک و و فارسەکان، بەڵکو جاروبار نانیشیان لەگەڵم دەخوارد..."

بۆیە مینۆرسکی دەڵێت: "کورد کراوەترین گەلی نێو گەلانی ئیسلامین لە ڕووی هەڵوێستیان لە ئافرەت!" ل ١٧٣ [٣]

ئەو میراتە رەفتاری و ڕەوشتی و نەریتیەی کورد، شوێن پەنجەی خۆی لەسەر پیاوانی بیرمەندی کوردی بەجێ هێشتوە، هەتا لەسەر زۆر مەلا و شاعیری ناوداری کوردیش وەک مەلای کۆیێ و موفتی پێنجوینی، کە هەڵوێستی زۆر بەرزیان هەبوو دەربارەی ئافرەت.

هەتا ئەو کاریگەریە کوردیە پەڕیوەتەوە بۆ ئەو پیاوانەی کە لە بنەڕەتدا کورد بوون، وەک ڕابەری مافی ئافرەت لەناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەڵکەوتن، وەک جميل صدقی زەهاوی [١٨٦٣-١٩٣٦] کە لە خێزانێکی کوردی لە دایک بووە، و یەکەم کەس بوو بانگی ئازادی و ڕزگاربوونی ئافرەتی دا لە عێڕاق، کە تەها حوسێن، عەمیدی ئەدەبی عەرەبی دەربارەی دەڵێت: " زەهاوی شاعیری هەموو عەرەبە، شاعیری عەقڵ و ابو علاء المعري ئەو سەردەمە بوو"

یان معروف الرصافي [١٨٧٥-١٩٤٥] کە کورد بوو و یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕیفۆرمی ئایینی و ڕزگاری ئافرەت لە ناو جیهانی عەرەبی، دەیەها شیعری هەیە کە ڕەخنە لە مامەڵەی گەلانی ئیسلامی دەگرێت لەگەڵ ئافرەت.

لە هەموویان ناودارتر قاسم ئەمین، کە ناسراوە بە باوکی ڕزگاری ئافرەتان، کە هەموو سەرچاوەکان دەڵێن کورد بوو، هەتا جورجی زێدان یش بە کوردی دەزانێ لە کتێبی بناة النهضة العربية..

کەچی مەلا و بانگوو-خوازانی ئیسلامی سیاسی کوردی بە جەستە و عروبی وبێگانە بە ناخ ومێشک، لە جیاتی پەرە بدەن بەو سیفاتە جوان و بەرزانەی ژنانی کورد، تا پێیان بکرێت ژنی کورد دەشکێنن و هەوڵی سووککردن و بچووکردنەوەیان دەدەن.

با نمونە بە چەند مەلایەک و بانگووخواز بهێنینەوە:

محەمەد هەریری

٢٠١٨/٦/١٠

]١]محمود بايزيدي، رسالة في عادات الاكراد و تقاليدهم، ط١ ٢٠١٠ ، هيئة ابوظبي للثقافة و التراث، ترجمها ووضع هوامشها: جان دوست، راجعها كاميران حوج.

]٢]الكرد و كردستان في مؤلّفات إيطاليّة في القرون (13- 19م)

)مسرد) * ميريلا غاليتي، تعريب و تعليق و إيضاحات: د. يوسف حبّي، إعداد: جلال زنكَابادي

منشور في ٢٠١٤/٣/٦ على موقع مدارات كرد:

]٣]باسيلي نيكيتين،الكرد دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ترجمة/تحقيق:الدكتور نوري طالباني، الطبعة:الثالثة 2007 السليمانية،

الناشر:منشورات مكتب الفكر والتوعية في الأتحاد الوطني الكردستاني

## بەشی حەوتەم

## ئیسلامی سیاسی لە فۆرمە زبرەکەی!


- دە ساڵی قوربانیانی هێرشی ئیسلامییە تیرۆریستەکان ٢٠٠٧ – ٢٠١٧ ........................ 252
- میکانیزمی بیرکردنەوەی کەسێکی داعشی! ........................................................ 257
- ئیسلام و سەرچاوەکانی جوێن و توندوتیژی لەبزی! ................................................ 259
- گەنجێکی یەمەنی دەکوژن لەبەر ڕەخنەی دژی بازرگانانی ئایین! ................................ 263
- چۆن لە ڕەخنە تێدەگەن ئەگەر عەقڵ موورادیفی شەیتان بێت؟! ................................. 264
- داعش پەروەردەی باوکانی سەلەفیەتن نەک  سەید قوتب ............................................ 267
- شەڕی میدیایی شیعی دژی داعش! ....................................................................... 273
- سوتاندنی قورئان ومزگەوتی گراوند زیرۆ ............................................................ 274
- هەرای توندڕەوان تاکەی؟! .................................................................................. 277
- ئەو کۆمەڵگایەی تاڵیبان وهاومەشرەبەکانیان موژدەی پێ لێدەدەن!! ............................. 279
- فیلمی فیتنە بە بەژداری فیتنە چییەکانی خۆمان بەرهەم هاتووە! ................................ 281
- وانەیەک لە موسڵمانانی هیندستانەوە هەڵوێست لە توندڕەوەکان ................................. 283
- کوشتنی بن لادن زیندوو کردنەوەی قاعیدەیە ......................................................... 286
- بریڤیک و قاعیدە هەمان ڕێباز و هەمان میکانیزم! .................................................. 288
- تیرۆریستی چاو سەوز و قژ زەرد ......................................................................... 290
- دەستی تیرۆرستی دەبەنگ نەگرین بە دەردی مەملەکەتی خوارەزم دەچین! ..................... 292
- پیرۆزە ئەی ئەمینداری ڕابردوو و ئێستا! ................................................................ 333

# دە ساڵی قوربانیانی هێرشی ئیسلامییە تیرۆرستەکان 2016-2007

## -1-

لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئامارەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەسەر دروستکردنی بڕیارەکان. وەک ئێمە نین بچنە ناو نکوڵی لێکردن و حاشاکردن و لێکدانەوەی نا عەقڵانی و عاتیفی، و ئەگەر و خۆزگە و جارێکیتر وا ناکەم ناخوات. بۆ نموونە کە دایکێک لەسەری ئاشکرا بوو سێ چوار جار خراپ لە منداڵەکەی داوە یان ئەشکەنجەی داوە، ئیتر با لە جەرگی خۆی زیاتر ئەو منالەی خۆش بوێت، با هەموو دنیا بهێنێت بۆ ئەوەی شاهێدی بۆ چاکێتی بدەن، با هەزار جار تۆبە و پەشیمانی بکات، جارێکی تر ئەو منداڵەی نادەنەوە دەست، چونکە ئامارەکان قسەی کۆتایی دەکەن.

کە ڕاهێنەرێکی پیاو جوار پێنج جار لەسەری ئاشکرابوو کە گێچەڵی سێکسی بە منداڵان دەکات، ئیتر تەواو جارێکی تر بۆی نییە هیچ کارێک بکات لەگەڵ منداڵدا با تۆبەشی کردبێت و بەرماڵی لە ئاسماندا بشوڕێتەوە!

کە دەبینیت زیاتر لە ٣٠ هەزار هێرش بەناوی دینێک ئەنجام دەدرێت و زیاتر ١٦٠ هەزار کەس دەکوژرێت وسەردەبڕێت بەناوی ئیسلام و لەژێر لافیتەی ئەودا، ئامارەکان ڕێگات پێ نادەن بڵێیت ئەو دینە دینی ئاشتییە. جا تۆ چەند بڵێیت هەڵە لە دین تێگەیشتوون یان زیادیان کردوە بۆ دین و دەیەها بیانووی تر بهێنیتەوە، بارتەقای ئەو ئامارە شۆکهێنەرانە نابن!

زۆرجاریش لە ترسی تێکجوونی ئاسایشی نەتەوەیی و پێکهاتەی ڕیشاڵی کۆمەڵایەتی هەندێ قسە ناکەن. بۆ نموونە ناڵێن ٨٠٪ تاوانەکانی دزی و ڕووتکردنەوە لە لەندەن بەدەستی ڕەش پێستەکان یان سپی پێستەکان ئەنجام دەدرێت. بە هەمان شێوە لە چاکی خۆیاندا ناڵێن ئێمە ئاگادارین ٩٩٪ کردە تیرۆرستە دینییەکان لە لایەن موسڵمانانەوە و بەناوی دینی ئیسلام ئەنجام دەدرێت، بە پێچەوانەوە حکومەتەکان تا بۆیان بکرێت ناوی هیچ دینێک و گروپێک ناهێنن، و بەڵکو بەرگریشی لێدەکەن، تا نەکەونە بەر خەشم وقینی خەڵک. ئەگەر حکومەتەکان کارێکی وا بکەن دوور نییە خەڵکی موسڵمان لەسەر جادە و شەقامەکان کەللەپاچە دەکرێن، وەک چۆن ئەرمەنیەکان لە ڕابردوودا وایان لێدەکرا و کورد لە ئێستادا لە تورکیا وایان لێدەکرێ، بە هاندانی دەوڵەت، یان موسڵمانەکان لە هەندێ وڵاتی ئەفریقیا و ئاسیا وایان لێدەکرێ!

بەڵام ئەگەر قسەش نەکەن ئامارەکان کە لە میدیاکان و سەرچاوەکانی هەواڵ کۆدەکرێنەوە، زۆر بەڕوونی قسە دەکەن! ئامارەکان دەڵێن ٩٩٪ ئەو هێرشانەی لەلایەن گروپ و تاکە دینییەکان دەکرێت، بە دەستی

موسڵمانانی ئیسلامی گرووپ و تاکە ئیسلامیەکان و شەقام و خەڵکی مۆبالیزەکراو بە ئیسلامی سیاسی ئەنجام دەدرێن!

کە ئامارەکانی سایتێکی تایبەت بە هێرشە تیرۆرستەکانی ئیسلامیەکان دەڵێت : بەپێی ژمێریارەکی ٢٤ سەعاتی، کە دەقە بە دەقە هێرشەکان دەژمێرێت، دەڵێت تا ئێستا ئێستا کە سەعات ١ی پاش نیوەڕۆیە ڕۆژی هەینی ٥/٥/ ٢٠١٧، ژمێریارەکە دەڵێت: تیرۆرستە ئیسلامییەکان ٣٠٧٤٥ هێرشی کوشندەیان ئەنجام داوە لە ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ وە تا ئێستا! تۆ چی دەڵێیت؟! کە بە سەرچاوەوە وادەڵێن ئیتر تەواو ناکرێت هەزاران بەرگریکەر بتوانن بیسەلمێنن کە ئیسلام دینی ئاشتییە، و هاندەری توندوتیژی نییە! ناکرێت وا بە ئاسانی بتوانیت بێ گوناهی وبەرائەتی دەق و سەرچاوە وکلتورە ئیسلامییەکان لەو کردە توندوتیژ و تیرۆرستانە بسەلمێنیت!

سایتی دینی ئاشتی https://www.thereligionofpeace.com /کەدیارە ناوەکەی وەک مێتافۆڕ بە تەوسەوە دانراوە، سایتێکە هەموو ئامارەکانی کردە تیرۆرستەکانی خستۆتە بەر دەستی خوێنەران. دەڵێن ئێمە سایتێکی پلورالیزمین و دژی دینێکی دیاریکراو نین، بەڵام پێمان وایە خەڵکانێکی سەر بە ئاینی ئیسلام، زۆربەی هەرە زۆری یان نزیکەی هەموو کردە تیرۆرستەکانی بەناوی دین کە ڕوو دەدەن، ئەوان ئەنجامی دەدەن بەناوی ئیسلام .دەشڵێن ئێمە دژی ئەوەین هەر هێرشێک بکرێتە سەر مزگەوتەکان یان ماڵە موسڵمانەکان یان موسڵمانێک ئەزیەت بدرێت وەک تاک، دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی وەک تاک مامەڵە لەگەڵ موسڵمان و هەر کەسێکی تر بکرێت، تەنها بەرپرسیار بن لەو قسانەی دەیکەن و ئەو کارانەی دەیکەن.

ئامارەکان دەیسەلمێنن کە بەڕاستی ڕووحی جەنگاوەری و قەتل وقیتال ڕۆچۆتە هەموو شادەمار و وردیلە دەمارەکانی ئەو دینە وپیڕەوانی، و زۆر قورسە ڕزگاربوون لە ژێر کاریگەری. قورسە چونکە بە درێژایی مێژوو ئەوەی هەوڵی چاککردنەوە و چاکسازیشی داوە یان کافر کراوە یان کوژراوە یان خاکبەدەر کراوە لە چاکترین فەرزدا.

یانی ئیسلام هەر کێشەی دەق و ڕوئیا توندەکانی نییە، بەڵکو کێشەی قفڵدانی ڕێگای چارەسەر و چاکسازیشی هەیە لەلایەن کاهینانی پاسەوانانی کۆن. هەر ئومەتێک ودینێک تا ئەو ڕادەیە لەناو قەیرانی دینی و مۆراڵی بان لەسەر ئاستی جیهاندا وا ناویان شێوێندرابا، ئێستا خۆیان بۆ بچوکتر بیانوو دەگەڕان بۆ چاکسازی. هەر مرۆڤێکی چاکسازیان لێ هەڵکەوتبا بە گوڵ پێشوازیان لێدەکرد نەک بە گوللە و تەکفیر و بەردباران!

## -2-

سایتەکە ئاماری تێدایە لە مێژووی ساڵی ٢٠٠١ وە کە تیایدا ١١ی سەپتەمبەر ڕوویدا تا ٢٠١٧، هەموو ڕۆژێک و مانگێک ئامارەکان دەخاتە ڕوو، لە کۆتایی ساڵیشدا ئاماری یەک ساڵ دەخاتە ڕوو لەگەڵ کورتەی ڕووداوەکان و لە کام وڵات ڕوویانداوە، وچەند کەس کوژراوە و چەند زامدار بوون. من لەو وتارە هەوڵم داوە تەنها ئاماری دە ساڵ واتە یەک دەیە نیشان بدەم بۆ ئەوەی بزانین لە چ قەیرانێکی مێژوویی دینی دەژین:

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠٠٧

ئەوە بەشێکە لە لیستی هێرشە ئیسلامییەکان کە لەلایەن TheReligionofPeace.com. ئەنجامدراوە.

لەو ساڵەدا ٣٠٩٦ هێرشی ئیسلامی لە ٤٥ وڵات ڕوویداوە، کە ٢٠٤٧٨ کەس کوژراون و ٢٧٣١٧ کەسیش زامدارن.

ئەوە نمونەیەکیتی بە ئینگلیزی:

List of Islamic Terror: 2007 This is part of the list of Islamic terror attacks maintained by TheReligionofPeace.com. During this time period, there were 3096 Islamic attacks in 45 countries, in which 20478 people were killed and 27317 injured.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠٠٨

لەو ساڵەدا ٢٢١٢ هێرشی ئیسلامی لە ٤١ وڵات ڕوویداوە، کە ١٠٧٩٨ کەس کوژراون و ١٨٠٨٨ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠٠٩

لەو ساڵەدا ٢١٣١ هێرشی ئیسلامی لە ٤٠ وڵات ڕوویداوە، کە ٩١٧٦ کەس کوژراون و ١٨٦١٢ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٠

لەو ساڵەدا ٢٠٢٣ هێرشی ئیسلامی لە ٤٨ وڵات ڕوویداوە، کە ٩٢٣٣ کەس کوژراون و ١٧٤٦١ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١١

لەو ساڵەدا ١٩٨٦ هێرشی ئیسلامی لە ٥٧ وڵات ڕوویداوە، کە ٩٠٨٦ کەس کوژراون و ١٦٩٢١ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٢

لەو ساڵەدا ٢٤٨٠ هێرشی ئیسلامی لە ٥٨ وڵات ڕوویداوە، کە ١١٥٤٦ کەس کوژراون و ٢٠٢٥٤ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٣

لەو ساڵەدا ٢٨٢٣ هێرشی ئیسلامی لە ٤٩ وڵات ڕوویداوە، کە ١٦٧٧٧ کەس کوژراون و ٢٩٥٧٩ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٤

لەو ساڵەدا ٣٠٠٢ هێرشی ئیسلامی لە ٥٥ وڵات ڕوویداوە، کە ٣٣٤٦٣ کەس کوژراون و ٢٧٥٢٢ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٥

لەو ساڵەدا ٢٨٦٢ هێرشی ئیسلامی لە ٥٣ وڵات ڕوویداوە، کە ٢٧٥٩٤ کەس کوژراون و ٢٦١٤٢ کەسیش زامدارن.

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٦

لەو ساڵەدا ٢٤٧٩ هێرشی ئیسلامی لە ٥٩ وڵات ڕوویداوە، کە ٢١٢٤٢ کەس کوژراون و ٢٦٦٨٠ کەسیش زامدارن.

تەنها کۆی کوژراوەکانی ئەو دە ساڵە ١٥٧٨٤٩ کەسن! زامدارەکانیش دوو ئەوەندەن!

ئیستا مانگی پێنجی [ ئایار]ی ٢٠١٧ یە، هێشتا ئاماری تەواوی سالەکە لەبەردەست دا نییە چونکە نەهاتووە، بەڵام تا مانگی چواری ئەپڕیلی ٢٠١٧ بەو شێوەیە:

لیستی تیرۆری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٧ تا مانگی ئەپڕیل

لەو ماوەیەدا [واتا تامانگی ئەپڕیل [٧١١ هێرشی ئیسلامی لە ٤٣ وڵات ڕوویداوە، کە ٤٩٩٩ کەس کوژراون و ٥٣٩٣ کەسیش زامدارن.

تەنها لە مانگی ئەپڕیلی ٢٠١٧

لەو مانگەدا ١٦٢ هێرشی ئیسلامی لە ٢٤ وڵات ڕوویداوە، کە ١٢٨٨ کەس کوژراون و ٩٣٩ کەسیش زامدارن، لە نێوان هێرشەکاندا ٣٠ دانەیان هێرشی خۆکوژی بوون!

سایتەکە ژمێریارەکی ٢٤ سەعاتی داناوە کە دەقە بە دەقە هێرشەکان دەژمێرێت، ئێستا کە سەعات ١ی پاش نیوەڕۆیە ڕۆژی هەینی ٥/٥ /٢٠١٧، ژمێریارەکە دەڵێت:

تیرۆرستە ئیسلامییەکان ٣٠٧٤٥ هێرشی کوشندەیان ئەنجام داوە لە ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ وە تا ئێستا! ناکرێت بە سەدان هەزار کوژراو و زامدار و سەربڕاوەوە، و بە هەزاران کردەی ئینتیحاری و تەقاندنەوە و کوشتنی موسڵمان و غەیرە دین و کاولکردنەوە، کە هەمووی بە پاڵنەرێکی دینی حەماسیەوە ئەنجام دەدرێت، لە ژێر کاریگەری دەقەکان و سەرچاوەکانی دین و مەلا وزانا و بانگخواز و نووسەری ئیسلامی، هێشتا مێشێکت لێ میوان نەبێت و هەر بڵێیت هیچی پەیوەندی بە ئیسلام نییە، ئەو خەڵکە شێت بوون و لە خۆڕا وادەکەن! ئەگەر مرۆڤ پاڵنەرێکی ڕۆحی بەهێزی نەبێت چۆن دەستی دەچێتە ئەو هەموو خوێنە و خوێنی خۆشی بەخش دەکات؟! کاتی ئەوە هاتووە ئازایانە دەست بخەینە سەر برینەکان و سارێژیان کەین، دەنا ئەو جۆرە دینداریە بەو جۆرە بەردەوام بێت سەری خۆمان و خەڵکانیتریش دەخوا!

٢٠١٧/٥/٥

## میکانیزمی بیرکردنەوەی کەسێکی داعشی!

ئەگەر دەتەوێت لە میکانیزمی بیرکردنەوەی کەسێکی داعشی بگەیت

بڕوانە ئەو ڤیدیۆیەی ولید السنانی کە ١٨ ساڵە لە زیندانە! من کاتی وەرگێڕانی و تەکنیکی ژێرنووسیش نازانم، دەنا هەمووی شایەنی وەرگێڕانە، بەڵام خاڵە سەرەکیەکانتان بۆ دەخەمە بەر چاو:

دەوڵەتی سعودیەی پێ دەوڵەتێکی عەلمانیە! چونکە بەشێکە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمکاری عەرەبی!

چونکە بەکرێگیراوی ئەمریکایە، و جاڕی دوژمنایەتی وڵاتانی کافر نادات!

منداڵەکانی هەمووی نەخوێندەوارن و دژی ناردنیانە بۆ قوتابخانە!

لەماڵەوە منداڵەکانی بۆیان نییە تەلەفزیۆنیان هەبێت!

کوڕی گەورەی لەگەڵ خۆی لە زیندانە! سەرەڕای ئەوەش داوای نەکردوە لەگەڵی بێت لە ئینفرادیەکەی! بە ئارەزووی خۆشی نایەوێت کوڕەکەی لەگەڵی بێت!

دەڵێت ١٨ ساڵە لە زیندانە تەنها ٨ کتێبی خوێندۆتەوە!

خۆی داوای کردوە بە تەنیا بێت لە زیدان، چونکە کەیفی بە کەس نایەت، هەتا بەو تیرۆرستانەی وەک خۆی لە زیندانن! هەتا کوڕەکەی خۆشی!

دەڵێت من دژی سعودیەم چونکە لە کتێبەکانی قوتابخانە دەڵێت: پێویستە وڵاتان لە ئاشتی دا بژین، نەک لە شەڕ!

دەڵێت کافرکردنی کافر و تەبەڕا لێ کردنیان و شەڕ لەگەڵ کردنیان لە گەورەترین پایەکانی قورئان و ئیسلامە!

دەڵێت کوشتنی خەڵک بە ژن ومنداڵەوەش جائیزە، بەپێی حەدیسی پێغەمبەر!

دەڵێت کوشتنی خەڵک بەدەستی تیرۆرستان کارێکی باشە ئەگەر لەسەر هەق بێت، نمونەش بە سەربڕینی زانایەکی وەک جەعدی کوری درهەم دەهێنێتەوە کە بەدەستی ستەمکارێکی ئومەویەکان خالد القسري لە ژێر مینبەر سەری بڕی وەک مەڕی قوربانی لە جەژنی قوربان! ئەو کارە دڕندەیە قێزەونە هەموو سەلەفیەت ستایشی دەکەن لە ئیبن تەیمیە کە دەیان جار لە کتێبەکانی بە نمونە دەیهێنێتەوە، هەروەها ابن القيم کە شیعری بەسەردا دەڵێت!

ئەوە زۆربەی ئەفکارەکانیەتی بۆ ئەوەی عەرەبی دەزانێت باشترە هەمووی ببینێت، تابزانێت ڤایرۆسی داعشیەت وتووندڕەوی چۆن کاری خۆی دەکات لەناو دیندا!

ئێمە دەوڵەتی سعودی بە توندڕەو دەزانین، کەبەڕاستیش توندڕەوە، ولەگەڵ جمهوریەتی ئیسلامی ئێران، هۆکاری زۆربەی کارەساتەکانی توندڕەوی وتیرۆرستی و زیندووکەرەوەی شەڕی تایفین، کەچی ئەو برادەرە وا باسی عەلمانیەتی سعودیە دەکات، وەک بڵێی باسی بەریتانیا و فەرەنسا دەکات!!

٢٠١٦/١٠/٢٥

# ئیسلام و سەرچاوەکانی جوێن و توندوتیژی لەبزی!

-١-

ئەوە بابەتێکە ڕەنگە بڵێم ئەگەر کۆمێنتەکانم و ئەو خاڵانەی پابەند بەو باسە کۆبکەمەوە نامیلکەیەکی لێ دەردەچێت. بەتایبەتی کە خۆم کەسێکی قاڵ بووی ناو ئەو گۆڕەپانە پڕ کەراهیەت و جوێندان و توندوتیژیەم. دەمێکە ئەو دیاردەیەی جوێندان و زمانپیسیەی ئیسلامیەکان سەرنجی ڕاکێشاوم.

سەرەڕای ئەوەی ڕەگی توندوتیژی جەستەیی و لەفزی زۆر قوڵە لە دینەکان و لە ئیسلامیشدا، وەک زۆربەی دینەکانی پێشوو، بەڵام هەڵوێستی بێ ڕەوشتانە، و دەمپیسی کەسە دیندارەکەش جیاوازی زۆر دەخاتە ناو بابەتەکە.

لە کاتێکدا کە کەسێکی دەمپاک و بەرز ڕەوشت ئەگەر چەندین ئایات و حەدیسیش ببینێت، قەناعەتیشی بەوە بێت، کە جوێن و قسە پێ گووتنی تێدا بێت بە خەڵکی بێ باوەڕ و غەیرە دین، هەر بەڕەوشتی خۆی تەفسیرێکی بۆ دەبینیتەوە، کە نابێت جوێن بدات و دەمپیسی بکات، با دەقەکانیش وابڵێن! لەوانەیە ئەو دیندارە بە ڕەوشتە کە ژمارەیان زۆر کەمە بلێت قورئان پێمان دەڵێت: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَىٰ أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ عَسَىٰ أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ ۖ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ ۖ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ ۚ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾** 11 الحجرات.

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هیچ کەس و هیچ هۆزێک گاڵتە بەکەس و هۆزێکی تر نەکات و زەلیلی نەکات، چونکەلەوانەیە ئەوان چاکتر بن لەمان، ژنانیش بەگاڵتە بەیەک نەکەن و یەکتر زەلیل نەکەن، چونکەلەوانەیە ئەمان لەوان چاکتر بن...سووکایەتی بەخۆتان مەکەن و یەکتری عەیبدار مەکەن (چونکەسووکایەتی بەیەکتر سووکایەتی یە بەخۆتان) هەروەها ناوو ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کەچەند ناشیرینە ناوو ناتۆرەی خراپ لەدوای باوەڕهێنان و موسڵمان بوون، ئەوەش تەوبەی نەکردبێت و پەشیمان نەبووبێتەووە لەگوناهەکانی، جا ئەو جۆرە کەسانەهەر ستەمکارن.

هەرچەندە ئەوە بۆناو موسلمانان خۆیان هاتووە، کەسێک ناگریتەوە باوەڕی بە ئیسلام نەبێت، کەچی ئەو شەلاتیانە جوێن و بوختان بۆ موسڵمانانیش هەڵدەبەستن، نەک تەنها بێ دینەکان.

لەوانەیە لەوە بەهێزتر ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت جوێن بە خواداکانی غەیرە موسڵمان مەدەن، نەوەکا ئەوانیش جوێن بە خوداکانتان بدەن! دیارە خوداش حەزی بە جوێن نییە پێی بدرێت! وەک ابن كثير دەڵێت لە تەفسیری

ئەو ئایەتە: [ولا تسبوا الذين يدعون من دون الله فيسبوا الله عدوا بغير علم كذلك زينا لكل أمة عملهم ثم إلى ربهم مرجعهم فينبئهم بما كانوا يعملون] ١٠٨ الانعام.

لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە: کە موسلمانان ئەو کاتەش کە جیلی یەکەمی ئیسلامیش بوون یانی سەحابە بوون، حەزیان بە جوێندان بووە، و جوێنیان بە بتەکانی کافرەکان دەدا، ئەوانیش جوێنیان بە الله دەدا، بۆیە خودا داوای لێکردن هیچیتر جوین بە خودا وبتەکانیان نەدەن، نەوەک ئەوانیش جوێن بە الله بدەن!

"وقال عبد الرزاق ، عن معمر ، عن قتادة : كان المسلمون يسبون أصنام الكفار ، فيسب الكفار الله عدوا بغير علم ، فأنزل الله : ولا تسبوا الذين يدعون من دون الله"

ئەو ئایەتە بنچینەیەکی جوان دەبوو بۆ قەدەغەکردنی دەمشڕی و وێندانی شەلاتیە سەلەفیەکان و منداڵە ورتکەکانیان بە خەڵک ئەگەر پەیڕەویان لێی کردبا، بەڵام وەک چۆن ڕەوشت باشە دیندارەکان ئەو ئایەتانە دەدۆزنەوە بۆ قەدەغەکردنی ڕەوشتی جوێندان و ڕۆچوون لە بێ ڕەوشتی لەفزی، لایەنگرانی جوێندان و کۆنە شەلاتیەکانیش بەڵگەی خۆیان لە قورئان دەدۆزنەوە بۆ جوێندان و بۆ دەمشڕی و بەزاندنی هەموو سنووورە بەهایی و ئەخلاقیەکان.

-٢-

من لە ئەزموونی خۆم لەگەڵ ئەو ئیسلامیانەی کە گفتوگۆم لەگەڵ کردوون، دەزانم خەڵکێکی زۆری لە بنەڕەتدا خۆی باگراوندێکی نزم و شەلاتیانەیان هەیە، بۆیە بە پەرۆشەوە جوێندان بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکەن، بە بەڵگەی ئەوەی خوا و پێغەمبەریش جوێندەر بوون، و قورئان و حەدیس پڕیەتی لە جوێن بە کافر و بێ دین و گومانکەر و گومڕا وجوو و مەسیحی و ئەهلی کیتاب بە گشتی!

بۆیە ئەمڕۆ ئەو پاکانەیەت لە دەمی هەزاران شیوخ و بانگوخوازی ئیسلامی و سەلەفی گوێ لێ دەبیت، لەوانەی جوێن و تەشهیر و سووکایەتی بە خەڵک دەکەن بە ناوی دین، حەڵاڵی هەموو جوێنێک و سووکایەتیەک دەکەن، بە بیانووی ئەوەی خوا و پێغەمبەر سەر مەشقیانن لە جوێندان بە خەڵکدا!

ئەو بێ ڕەوشتانە نازانن بەو کارانەیان سیفەتێکی قێزەونی گەورە دەدەنە پاڵ خودا و پێغەمبەر و قورئان، نازانن خودی دینیش لە پەیامی ئەخلاقی خۆی بەتاڵ دەکەنەوە، چونکە ئەگەر دین ڕەوشتت بەرز نەکات و فێری جوێن و درۆ و بوختان هەڵبەستن و تانەی شەخسیدانت بکات، کەوابوو ئەو دینە هەبوونی سوودی چییە؟! تۆ کە پەیامی ڕەوشتی دینیت داماڵی لە دین، کەوابوو چ دەمێنێتەوە؟! تۆ با موەحید بیت و عەقیدەت هی سەلەفی ساڵح بیت، کە ڕەوشتت نزمترین ڕەوشتی دنیا بێت، خەڵک کەسێکی ئاتایستی بێ دینی ڕەوشت بەرزی بۆ پێ باشتر نەبێت، لە تۆی ژێر پەردەی سەلەفیەت و سەلەفی بەناو ساڵح؟! من چ لە عەقیدە ترسناکەکەت بکەم، کە لەسەر بچوکترین جیاوازی تەکفیر وتەفسیق و پڕ جوێن و تانەلیدانم دەکەیت؟!

کاتێ لایەنگری جوێندان و بێ ڕەوشتی ئەو ئایەتەی گوێ لێ دەبێت: **[واتل عليهم نبأ الذي آتيناه آياتنا فانسلخ منها فأتبعه الشيطان فكان من الغاوين، ولو شئنا لرفعناه بها ولكنه أخلد إلى الأرض واتبع هواه فمثله كمثل الكلب إن تحمل عليه يلهث أو تتركه يلهث ذلک مثل القوم الذين كذبوا بآياتنا فأقصص القصص لعلهم يتفكرون] الاعراف ١٧٥-١٧٧**

**لەو ئایەتە باسی پیاوچاکێکی بەنی ئیسڕائیل دەکات کە هەڵگەڕاوەتەوە، دوای شەیتان کەوتووە، دوای ئارەزوو و دنیا کەوتووە، نمونەی ئەوانەی ئایاتی خوا بە درۆ دەخەنەوە وەک سەگێک وان کە زمانی دەردەکات لە ماندووبوون و ڕاحەتیدا! کابرای دینداری شەلاتی دەڵێت ئەوەتە خوا بەو بێ دینە دەڵێت سەگ و جوێن دەدات بۆ من نەیدەم!**

**کاتێ قورئان دەڵێت : [ مثل الذين حملوا التوراة ثم لم يحملوها كمثل الحمار يحمل أسفارًا بئس مثل القوم الذين كذبوا بآيات الله والله لا يهدي القوم الظالمين]**

**کابرای جوێندەری دینی دەڵێت: ئەوەتە خوا وەسفی ئەوانە دەکات کە تەوراتیان پێ دراوە و هەڵیان گرتوە، وەک گوێدرێژێک بارە کتێبێکی پێ هەڵگیرا بێت، کەوابوو خوا ئەوانە بە کەر ناو دەبات بۆ خوێڕیەکی وەک من چیم جوێن نەدەم!؟**

**کاتێ ئەو شەلاتییە دینیە لە قورئان دەبیستێ دەڵێ : [ولقد ذرأنا لجهم كثيرًا من الجن والإنس لهم قلوب لا يفقهون بها، ولهم أعين لا يبصرون بها ولهم آذان لا يسمعون بها أولئك كالأنعام، بل هم أضل أولئك هم الغافلون]**

**کابرای بوختانکەر و جوێندەر دەڵێت: ئەگەر خوا وەسفی کۆمەڵی بێ باوەڕان بکات لە مرۆڤ وجنۆکە، کە عەقڵیان پەکخستوە و چاویان داخستوە پیی نابینن، و گوێیان لە هەق نابێت وەک ئاژەڵ و بەڵکو سەرلێ شێواوترا کۆنە شەلاتیەکی وەک من چیە هەزاران جوێن بەو بێ دینە نەدەم و هەزار بوختانیشی بۆ نەکەم؟!**

**ئیبن کەسیریش لە تەفسیری ئەو ئایەتەوە دەڵێت:** (بل هم أضل ) أي : من الدواب ؛ لأن الدواب قد تستجيب مع ذلك لراعيها إذا أبس بها ، وإن لم تفقه كلامه ... بخلاف الكافر فإنه إنما خلق ليعبد الله ويوحده ، فكفر بالله وأشرك به ؛ ولهذا من أطاع الله من البشر كان أشرف من مثله من الملائكة في معاده ، ومن كفر به من البشر ، كانت الدواب أتم منه ؛ ولهذا قال تعالى :

**لە ئاژەڵ گومڕاترن، چونکە ئاژەڵ لەوانەیە وەڵامی بانگی خاوەنەکەی بداتەوە هەتا لە زمانیشی نەگەیشت... بە پێچەوانەی کافر کە دروستکراوە بۆ عیبادەت و یەکتاپەرستی، کەچی کوفر و شیرکی بەخوا کرد، بۆیە ئەوەی بە گوێی خوای کرد لە فریشتە شەرەفمەندترە، ئەوەشی کافر بوو بە خوا، ئاژەڵەکان لەو کاملترن!**

کاتێ لە سورەتی قەلەم دەبیستێ: (وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ. هَمَّازٍ مَّشَّاء بِنَمِيمٍ. مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ. عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ) ئەو ئایەتە دەڵێن دەربارەی الأخنس بن شريق یان الأسود بن عبد يغوث، ناودارترینیان دەڵێن دەربارەی الوليد بن المغيرة دابەزیوە، کە وەسفی دەکات بە سیفاتی زۆر خراپ: بە گویی زۆر سوێندخۆری هیچ وپوچ مەکە، کە هەر خەریکی قسەوقسەلۆک و نەمیمەیە، دەستگرەوەیە لە خێر و ستەمکار و تاوانبارە، هەتا ئێرە ئاساییە بەڵام دوایی دەڵێت عتل شەڕفرۆشێکی وشکە، ئینجا زنيم یەک لەماناکانی ئەوەیە کە زۆڵە!

کەوابوو وەک شیکسپیر دەڵێت ئەهریمەنیش دەتوانێت بەڵگەی کتێبی پیرۆز بۆ خۆی بهێنێتەوە، بۆیە ئەوانە ئەو ئایەتانە و دەیان ئایاتی تر زۆر بە ئاسانی بۆخۆیان تەوزیف دەکەن، و زۆر بێ شەرمانە دەڵێن: ئەوە خوا و پێغەمبەر جوێن دەدەن بە خەڵکی بێ باوەڕ دەڵێن سەگ و کەر و لە ئاژەڵ سەرلێ شێواوتر و زۆڵ و چەندین جوێن و ناتۆرەی تر.

18/8/2016

## گەنجێکی یەمەنی دەکوژن لەبەر ڕەخنەی دژی بازرگانانی ئایین!

تاوانبارم دەکەن کەمن مولحیدم!

برادەرینە من خودا دەبینم لە گوڵەکان!

ئێوە خودا دەبینن لە قەبر و گۆڕەکان!

ئەوەیە جیاوازی نێوان من و ئێوە!

ئیسلامیە توندڕەوەکانی یەمەن گەنجێکی یەمەنی ١٨ ساڵ بە ناوی عمر محمد باطویل دەکوژن چونکە لە چەند پۆستێکی فەیسبوک ڕەخنە لە بازرگانانی دین دەگرێت.

لە پۆستێکیدا بە ناوی "الله" دەڵێت:

"ببورە ئەمڕۆ ڕێگام بدە قسە لەسەر تۆ بکەم.. تۆیەک کە تەنها سوێندم بە تۆ دەخوارد بەباشی نەمدەناسیت.. زۆرت لێ دەترسام.. ئەوانەی بە ساختە خۆیان دەدەنە پاڵ تۆ منیان لە تۆ تۆقاند.. ڕاستە کە نوێژم بۆ تۆ دەکرد.. بەڵام لەبەر خۆشەویستی تۆ نەبوو، بەڵکو لە ترسی تۆ بوو!!

لە بیرمە ئەو ڕۆژە نهێنیە بچوکەکەی خۆمت لا درکاند.. دوایی زۆر پێکەنیم.. هههههه چەند ساتێکی جوان بوو.. بەڵام خودایە بۆچی دەیانەوێت بە زۆر و تۆبزی خۆشمان بوێیت؟! بۆ دەیانەوێت خۆمان دارکاری بکەین لە تەماعی پاداشتت؟!

بۆچی خودایە وا دڵخۆش دەبن کاتێ دەگرین و هەست بە سەرزەنشتکردن و پەشیمانی دەکەین لە ئاست تۆدا!؟

خودایە من ئێستا لە سایەی تۆ و لە سایەی ئەو خۆشەویستیەی نێوانمان هیچ گوێ نادەم بەوەی لەسەر منی دەڵێن.. من دەتپەرستم و لێت نزیک دەبمەوە بەو شێوەیەی تۆ پێت خۆشە، نەک بە خۆشی ئەوان!!

ئەوان بە ئازار دڵیان خۆش دەبێت، تۆش ئاسانگیریت بۆمان دەوێت..خودایە وشەکانی شوکر و پێزانینم زۆر بچوک و کەموکورتن بەرامبەر گەورەیی و مەزنیتان..

بە شکۆمەندیەوە بە تۆوە دەژیم .. وبەچێژەوە لەو بەهەشتە دەژیم کە لە دنیادا بۆمانت دروست کردوە.. تۆ هەموو بونەوەرت بۆ ئێمە بێگار کردوە، تا بە شکۆمەندیەوە، بە سوپاسگوزاریەوە، و بە زاناییەوە بژین..

خودایە هەتا هەتایی خۆشم دەوێیت لە ژیان و دوای مردنیش، چونکە هیچیتر لێت نە تۆقیوم، بەڵکو موشتاقی بەیەک گەیشتنم لەگەڵت!

تا ئەو ساتە جوانترین و دڵسۆزترین خۆشەویستیم قبول بفەرموو ئەی بەدیهێنەرم..

خۆشم دەوێیت خودایە.."

ئەو گوزارش و وشە ناخ هەژێنەرانە موژدەی لە دایک بوونی عاریفێکی گەنج دەدات، بەڵام کوا کاهین و بازرگانانی دین لێدەگەڕێن گوڵێک بپشکوێ لەناو درک و داڵی زۆریان![26]

٢٠١٦/٥/١

[26] http://www.buyemen.com/news26418.html

## چۆن لە ڕەخنە تێدەگەن ئەگەر عەقڵ مورادیفی شەیتان بێت؟!

لەو یەک دوو هەفتەی ڕابردوو لە پاش بڵاوبوونەوەی وتارەکەم لەسەر شێخ محمد ی کوڕی عەبدولوەهاب لە گۆڤاری ستاندەرد. ئەو کاردانەوانەی ڕویاندا بەڕاستی پڕ لە شەرمەزاری وڕاتەکانە. من دەمێکە شارەزای نێوەندی ڕۆشنبیری ئیسلامیم ودەزانم چەندە هەژار وبێ ئەزموونە لە بواری ڕەخنە وچالاکیە عەقڵییەکان بەڵام هەرگیز نەمدەزانی تا ئەو ڕادەیە هەموو سنورێکی ئایینی وئینسانی ورەوشتی دەبەزێنن بەرامبەر ڕەخنەیەک کە لە خودی ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەگیراوە بەڵکو لە زانایەک بۆی هەیە هەڵە وڕاستیشی کردبێت.

ئاشکرایە کە هێزی پەترۆدۆلاری وڵاتێکی وەک سعودیە لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێبازەن بە هەموو توانایەکیەوە وساڵانە ملیۆنەها کتێب ونامیلکەی شێخ محمد ی کوڕی عەبدولوەهاب بە خۆڕایی بڵاودەکاتەوە ودابەش دەکات، بۆیە ئەرکی من نەبوو باسی لایەنە پۆزەتیڤەکانی بکەم ئەگەر هەبن. دەبێت چی تێدا بێت تەنها وتارێک یان چەند وتارێک ساڵانە لە ڕەخنەی ئەو پیاوە بنوسرێت؟!

من زۆر دڵنیام ئەگەر ئەو هاوپەمانییەی محمد ی کوڕی عەبدولوەهاب وئالی سعود سەری نەگرتبا، ئەوە ئێستا هەزار ناو ناتۆرەیان دەدایە پاڵ محمد ی کوڕی عەبدولوەهاب وسوکترینیان تۆمەتی خەواریجە، بەڵام وڵاتێکی دەوڵەمەند وکاریگەری وەک سعودیە پارێزەری لە مێژوو وتوراسی ئەو ڕێبازە وخاوەنەکەشی دەکات.

ئینجا ئەگەر من هەڵەم هەبێت لەو وتارە زۆر پێم خۆش بوو یەکێکی شارەزا ڕەخنە لە وتارەکەم بگرێت ودەستنیشانی هەڵەکانم بکات لە جیاتی قسەی ناشیرین ونا شیاو وهەڕەشە وگوڕەشە، ودور لە تەکفیر کردن وتۆمەت خستنە پاڵ و دەرهێنانی پڕوپاگەندەی پڕ درۆ! دەڵێن کۆمەنستەکان کاتی خۆی بیانویستایە دژایەتی یەکێک بکەن پێش هەموو شتێک هەوڵی ڕوخاندنی کەسایەتیان دەدا، وهەزار تۆمەتی نا ئەخلاقییان بۆ هەڵدەبەست تا لەبەر چاوی خەڵک ناشیرین بێت! بەڵام خەریکە توندڕەوی ئیسلامی بێویژدانەتر لە کۆمەنستەکان ئەو کارە دزێوە دەکەن، هەندێک پڕوپاگەندەم بەرگوێکەوتەوە لەسەر خۆم مردوو لە گۆڕ دەهێنێتە پێکەنین، بەڵام ئاستی دارمانی ڕەوشتی ئەو کەسانەش نیشان دەدا کە گوایە شمشێری بەرگریان لەسەر ئەخلاق بەرزکردۆتەوە!!

برادەرێک بانگەوازییەکی بۆ ڕۆژنامەی ستاندەرد کردبوو بۆ وەستاندنی نوسینەکانی یان (ژەهرەکانی) من بە تەعبیری ئەو بلیمەتە!! بەڵام ڕۆژنامەی ستاندارد ئەو قۆناغەی بڕیوە لە ژێر فشاری توندڕەوەکان شت

بڵاوبکاتەوە یان قەدەغەی بکات، ڕۆژ بە ڕۆژیش پایەی خۆی لە نێو ڕۆژنامەگەری کوردی پتەوتر دەکات، ناکرێت سیاسەتی بڵاوکردنەوەی خۆی بداتە دەستی میزاجە نوتەک چاوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجێکم هەیە بۆ سایتی ستاندارد ئەویش ئەوەیە لە ژێر هەر بابەتێک لە سەرەوەی جێگای نوسینی بیروڕاکان ئەو دەستەواژەیە نوسراوە: (خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی دڵنیابیت لە بڵاوکردنەوەی کۆمێنتەکەت، تکایە ووتەی شیاو بنوسە لەبەرئەوەی ستاندەر هەموو کۆمێنتەکان ئەخوێنێتەوە پاشان بڵاویان دەکاتەوە.)

ئەو دەستەواژەیە تا بڵێی چاک وجوانە ئەگەر کاری پێبکرێت، چونکە ماقول نیە باسەکەی تۆ لەسەر شێخ محمد ی کوڕی عەبدولوەهاب بێت یەکێک لە جیاتی نوسینی کۆمێنتێک دەربارەی خودی نوسینەکە، باسی بێکاری تۆ بکات ودەیان بوهتان ودرۆت بۆ هەڵبەستێت، یان عەبقەرییەک بنوسێت هەریری هەر خەریکی فیتنە وئاژاوەیە، یان زیرەکێک بڵێت ئەوە ئەنتی ئیسلامە، یان ژیکەلەیەک بڵێت حیجر بخەنە سەر نوسینەکانی چونکە هەریری لە پێناو شوهرەت هەموو سنورێک دەبەزێنێ!

یەکێک دەڵێت عەرەبی نازانێت!! یەکێک دەڵێت ...هتد. خۆزگە برایانی سەرپەرشتیاری سایتی ستاندارد ئەو ڕێنوێنییەی خۆیان جێبەجێ کردبا، وئەو کەسەی وتەی ناشیاوی بنوسیبایە بڵاویان نەکردبایەوە، وادیارە وەهابی مەشرەبەکانی بەریتانیاش بەژداریان کرد لەو بەزمە تا ڕادەی ناردنی هەڕەشەی دەستدرێژی، ئەو ناوانەی پێم گەیشتن کە هانی کەمفامەکان دەدەن، دەتوانم بە پێی یاسا توشی سەرئێشەیەکی زۆر خراپیان بکەم، بەڵام هێشتا کاتی ئەو کارە نەهاتوە، هیوادارم کار بەو شوێنە نەگات.

ئینجا با بێینە سەر ئەوەی بۆچی ڕەخنە وا قێزەونە لای ئەو کەسانە وهەموو چاک وخراپێکی توراسی ئیسلامیان لا پیرۆز وموقەدەسە. ئەو ڕێبازە دژی هەموو جۆرە ڕەئییێکە، تا ئەو ڕادەیەی سفیانی سەوری دەڵێت پێویستە پیاو سەریشی نەخورێنێ بەبێ ئەسەر(فەرمودە یان قسەی سەحابە..هتد): ( ينبغي للرجل ألا يحك رأسه إلا بالأثر) !!! قوتابخانەی سەلەف ئەو قسانە دەکات دەربارەی ڕا: (إياك وآراء ارجال) ، (قف حيث وقف القوم)، ابن القيم دەڵێت لە الشعبی یان پرسی دەربارەی نیکاح، گوتی "ئەگەر ڕای خۆمم پێگوتی میزی بەسەردا بکە"! ( ان اخبرتک برأيي فبل عليه)، هەروەها دەڵێت لە ایوب السختیانی یان پرسی بۆچی لە بیروڕا ناکۆڵیتەوە؟ ئەیوب گوتی: بە گوێدرێژیان گوت بۆچی کاوێژ ناکەیت، گوتی حەزناکەم کاوێژی ناهەق (باتڵ) بکەم!!!

لە (تاریخ بغداد) ابوبکر ئەلخەتیب البغدادی هاتوە کە ئەحمەدی کوڕ حەنبەل دەربارەی ڕای ابو حنیفە دەڵێت: قسەی ابو حنیفە وقشپل لای من وەک یەکن!! (ما قول ابي حنيفة والبعر عندي الا سواء) سەرنجدە سوکایەتی

کردن بە ڕای فەقیهێکی مەزنی وەک ابو حنیفە تا ئەو ڕادەیەیە، ئەو جۆرە هەڵوێستانەن کە هەستی دوژمنکارانە لای سەلەفیەکان دروست کردوە دەربارەی هەر ڕاوبۆچونێک پشت بە ئەسەر نەبەستێت. ئەو دژایەتیکردنەی ڕەئی لەسەر بنەمایەکی چەوت بنیاتنرا بوو کە گوایە (نیوەی عیلم نازانمە) (نصف العلم لا ادري) ئەو بنەمایەی کە ئەبو حەنیفە گاڵتەی پێدەکرد ودەیگوت دەبا دووجار بڵێت لا ادری (نازانم) تا عیلمی تەواوی دەست کەوێت!!

ئەو ڕادۆستیەی ئەبو حەنیفە زۆری بەسەر هێنا تا ڕادەی ئەوەی لە بوخاری وموسلیم یەک فەرمودەی لێ ڕیوایەت نەکراوە بەڵکو بوخاری ئەبو حەنیفەی لە نێو (الضعفاء والمتروكين) (لاواز ووازلێهێنراوەکان) دەژمارد!! کەچی متمانە دەداتە پیاوێکی وەک مروان بن الحكم بکوژی سەحابەیەکی وەک تەڵحەی کوڕی عبدالله!!

ڕەخنە وەک چۆن ڕایە، ڕاش لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت، عەقڵیش لەو ڕێبازە نەک تەنها دەخرێتە پاش نەقل (دەقی قورئان وسونە وقسەی سەحابە وتابیعیەکان) بەڵکو هێندە هێرشی دەکرێتە سەر تا ڕادەی هاوواتاکردنی بە شەیتان، سیوتی لە کتێبی (صون المنطق والكلام عن فني المنطق والكلام): "دلائل العقل ضلة من الرأي وخدعة من الشيطان" واتە:بەڵگەکانی عەقڵ گومڕایی وتەڵەکەی شەیتانە[27]!!!

٢٠٠٩/٣/٢

[27] ڕۆژنامەی ستاندەر

## داعش پەروەردەی باوکانی سەلەفیەتن نەک سەید قوتب!!

خۆشترین شت کە لە بەرنامەکەی ڕەنجی شەممەی ڕابڕدوو گوێم لێبوو ئەو بڕگەیە بوو کە عەبدولەتیف سەلەفی گووتی:

"داعش پەروەردەی قوتابخانەی ئەو گرووپ و حیزبە ئیسلامییانەن، کە کاریگەرن بە کتێبەکانی سەید قوتب"، دەشڵێت "داعش بەرهەمی بە سیاسیکردنی ئیسلامە."

ئەوەی ژیانی سەید قوتب بخوێنێتەوە دەزانێت، ئەو کەڵە نوسەر و بیرمەندە لە چ ئاستێکی بەرز بوو لە بیرکردنەوە و تێڕامانی شارستانی کاتێک دوور بوو لە میکرۆبی سەلەفیەت، کە لە ڕێگای چەند تەفسیرێکەوە کەمێکی پێگەیشتوە هەرچەندە بە تەواوی نە کەوتە ژێر کاریگەری، چونکە سەرەڕای ئەوەش سەید نەفەسێکی جوان و ئیسلامێکی لیبوردەی میسری وعەقڵێکی سەلیم و جوانی مابوو، وەک دەزانین دژی مانەوەی سیستمی کۆیلایەتی و جزیە وسەرانە بوو، کە ئەوە کوفری ئەکبەرە لای سەلەفیەکان!

ڕەخنەی سەلەفیەت لە سەید قوتب وەک هەر ڕەخنەیەکی ئاسایی نیە، وەک هەر کەسێ لە کەسێکی تری دەگرێت، بەلکو هەوڵدانی ماستاوکردن ومەیلداری کردنی دەعوەی سەلەفیە بۆ فەرمانڕەوا ئیستبدادیەکانی سعودیە وخەلیج دژی هەر هێمایەکی شۆڕش و ڕاپەڕین و گۆڕان.

ڕەخنەی سەلەفیەکان لە سەید قوتب، ڕەخنەیەکی زانستی ڕووت و دوور نیە لە هەوا وئارەزوو ومەرامی پەنهانی، بەڵکو بۆ درێژەدانە بە ژیان لە ژینگەیەکی هاووێنەی مەملەکەتی بەنی ئومەیەیە، و لەڕێگای ئەو ژیانە دوو نیشانە دەپێکن، کە یەکەمیان ژیانە لەناو مەسەلەکانی ئەسما و سیفات و قەبر وبیدعە، و دوەمیش ژیان بەسەر بردنێکی دوورە لە بڤەکانی دەسەڵاتەوە و باسنەکردنیەتی بەهیچ شێوەیەکی نێگەتیڤ.

عبد اللطیف و شوێن کەوتوانیشی وەک چۆن کێشە ڕوکەشیەکانی سعودیە وەک وەلی ئەمر و خروج و تەحریمی خۆپیشاندان و قەدەغەکردنی ئافرەت لە سەیارە لێخوڕین بەبێ هیچ پێویستیەکی ئەو باسانە بۆ کۆمەڵگای کوردی، بە هەمان شێوە دەیەوێت ئەو هەڵمەتەی لە کەنداو و سعودیە دەکرێتە سەر سەید قوتب بۆ ئێرەی بهێنێت، گوایە داعشیەکان بە کتێبی سەید قوتب پەروەردەبوون!

سەید قوتب لەلایەن هەموو، یان زۆربەی هەرە زۆری زانایانی سەلەفی وەهابی سەرکۆنەکراوە و لە چاکترین حاڵدا کەسێکی نەزان و فەقیرحاڵ وجاهیلە بە ئەحکام و ئسولی ئیسلام، نە زانا بووە و نەهیچ، بەڵکو تەنها ئەدیبێک بووا هەرکەسەی ئیدانەش کرا لەلایەن سەلەفیەت بێگومان لە نێوەندی سەلەفی گاڵتەیان بە بەرهەمەکانی دێت.

هێشتا ئەگەر بڵێیت حەماسی فەلەستینی پەروەردەی کتێبەکانی سەید قوتبن، لەبەر ئیخوانیەتی حەماس هێشتا ڕێی تێدەچێت، بەڵام ئەو درندایەتیەی جەماعاتی سەلەفیەتی جیهادی بدەیتە پاڵ سەید قوتب، کە سەرەڕای هەر ناکۆکیەکمان لەگەڵ هەندیک لە بیروباوەڕی توندوتیژی، ئەوە ئیفترایە و بەڕای من دەبێت خاوەنەکەی تۆبەی لێ بکات. سەید قوتب پێی وایە سەردەمی سەرانە و جزیە و کۆیلایەتی تێپەڕیوە و کاتیان بەسەر چوە، دەبا داعشیەکان ئەگەر پەروەردەی سەید قوتبن با هێندەی بەگوێ بکەن! ئینجا ساڵح فۆزان بە توندترین شێوە ڕەخنە لە سەید قوتب دەگرێت لەسەر ئەو ڕایە جوانەی دەربارەی کۆیلایەتی و سەرانە!

ئەو وەحشە بەشەریانەیداعش و جەماعاتی سەلەفیەتی جیهادی، و سەلەفیەتی بانگەوازیش لە ژێرکاریگەری کتێبەکانی ئەحمەد بن حەنبەل و ئیبن تەیمیە و محمد بن عبد الوهاب و لە ژێر دەستی ابن باز و ابن عثیمین و الالباني و صالح الفوزان و حماد الانصاري و عبد الله بن عبد الرحمن و هادي بن ربیع المدخلي و کەسسانی تر دەرچوون، کە هەموویان فەتوای زۆر توندیان هەیە لە دژی سەید قوتب و قەدەغەکردنی خوێندنەوەی کتێبەکانی وتاوانبارکردنی بە جۆرەها تۆمەتی سەیر وسەمەرەی دژی توحید و وحدة الوجود و گاڵتەکردن بە پیغەمبەران، ناکرێت بلێیت ئەوانە پەروەردەی سەید قوتب ن!

هەرچەندە ئێمە سەید قوتب یش بە دوور ناگرین لە جۆرێک لە توندڕەوی بە تایبەتی لە قۆناغی دووەمی ژیانی پاش زیندانی و ئەشکەنجەدانی، بۆیە ئەو سەید قوتبەی کە العدالة الاجتماعية في الإسلام 1948م، و معركة الإسلام والرأسمالية 1950م، و السلام العالمي والإسلام 1951 نووسی، لەو قۆناغەدا هەست بە فکرێکی میانڕە و شارستانی وکراوە دەکەیت، لە بەراوردا لەگەڵ کتێبە کانی هذا الدين، المستقبل لهذا الدين، و الإسلام ومشكلات الحضارة، و معالم في الطريق 1965 کە دوایی نووسی، هەتا سێ جار دەستکاری جوانترین کتێبی خۆی کردوە، العدالة الاجتماعية في الإسلام، کە هەرجارەی توندتری کردوە لەوەی پێشووتر!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەید قوتب ناکرێت سەرچاوەی ئیلهامی سەلەفیەکان بوو بێت، چونکە خۆی هیچ ئاشنایەکی ئەوتۆی بە سەرچاوەکانی فیکر وئەدەبیاتی سەلەفیەت نەبووە، هەندێک لە بیروڕا توندەکانیشی وەک ئەوەی لە سورەتی التوبة دەریان دەبڕێت، دەربارەی باڵادەست بوونی ئایەتەکانی شمشێر [السيف] دوور نیە هەر لە تەفسیرە ئەسەریە سەلەفیەکان بۆی پەڕیبێتەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری فەقیهەکانی سەردەم وەک محمد عبدة و رشید رضا و محمد الغزالي و محمود شلتوت وچەندینی تر پێچەوانەی ئەو ڕایەن، هەتا یەکیکی وەک شێخ رشید رضا کە سەر بە مدرسەی سەلەفیشە!! یانی ئەو جۆرە بیرکردنەوە شارستانیە زاڵبوو بەسەر بیری دینی لە میسر، بە پێچەوانوەش لەوبەر دەریای سوور لە سعودیە چەتەکانی

محمد بن عبدالوهاب وەک داعشی ئەو سەردەمە خراپتریش خەڵکی شار و شارۆچکەکانیان دەکوشتن و ژنەکانیشیان بە ملک الیمین و جاریە دەبردن! یانی هێشتا داعش کەمێک باشترە لە محمد بن عبد الوهابی شێخی عبداللطیفی سەلەفی کە دەستیان لە ژن وکچی موسڵمانانیش نەدەپاراست، چ جای بیپارێزن لە مەسیحی و یەزیدی و دورزی و ئیسماعیلی وهتد!!

سەرەڕای ئەوەش وەک ئاماژەمان پێدا، سەید قوتب بەردەوام سەرکۆنە دەکرێت و ئیدانە دەکرێت لە لایەن زانایانی سەلەف:

لە فەتوایەکدا شێخ عبد العزیز بن باز دەربارەی وەسفێکی سەید قوتب لە کتێبی "التصویر الفني في القرآن" دەربارەی حەزرەتی موسی [د.خ] کە دەڵێت:

دەربارەی ئەو ئایەتە: [فأصبح في المدينة خائفاً يترقب] کە سەید دەیەوێت باس لە وێناکردنی هونەری جوانی قورئان بکات و دەڵێت: (وهو تعبير مصور لهيئة معروفة، هيئة المتفزع المتلفت المتوقع للشر في كل حركة وتلك سمة العصبيين) "التصوير الفني"

کاتێک ئەو قسەیە بۆ شێخ عبد العزیز بن باز دەخوێندرێتەوە دەڵێت: گاڵتەکردن بە پێغەمبەران هەڵگەڕانەوەیەکە بۆخۆی! [الاستهزاء بالأنبياء ردة مستقلة] المرجع: (درس لسماحته في منزله بالرياض سنة 1413 - تسجيلات منهاج السنة بالرياض.)

هەر پرسیاری لێدەکەن: ئایە نابێت خەڵک دووربخرێتەوە لەو جۆرە کتێبانە کە قسەی وای تێدایە؟

شێخ عبد العزیز بن باز لەوەڵامدا دەڵێت: پێویستە ئەو کتێبانە بدڕێنرێن! ينبغي أن تمزق.

شێخ ئەلبانی لە فەتوایەکدا دەربارەی کتێبیکی هادی المدخلي لەسەر سەید قوتب دەڵێت: ئەوەی وتووتە دەربارەی سەید قوتب -ئەگەر دەزانی مەدخەلی چەند بێ ئەدەبە بەرامبەر سەید قوتب و چەند بوختانی پێدەکات!!- ڕاست وهەقە! کە بۆ خوێنەر ئەگەر کەمێک فەرهەنگی ئیسلامی هەبێت دەردەکەویت، کە سەید قوتب شارەزا نەبوو بە ئسوڵ و فروعی ئیسلام. خوا پاداشتت داتەوە بە چاکترین شێوە ئەی براکەم [ربیع] بۆ هەڵسانت بە ئەرکی نیشاندان و ئاشکراکردنی نەفامی و لادانی لە ئیسلامدا"!!

ابن عثمین دەربارەی سەید قوتب دەڵێت:

ئەهلی عیلم وەک الدویش و الالباني باسی چەند سەرنجێک دەکەن لەسەر ئەو کتێبە [في ظلال القرآن] کە لەبەردەستدایە، تەواوی ئەو کتێبەم نەخوێندۆتەوە، بەڵکو تەفسیری سورەتی ئیخلاس م خوێندەوە، بەڵگەیە کە بە قەولی یەکێتی بوون، وحدة الوجود دەڵێت.!!"

کە پرسیاری لێدەکەن دەربارەی خوێندنەوەی کتێبەکانی سەید قوتب، دەڵێت: ئەوەی ئامۆژگاری بۆ خوا و پێغەمبەر و برا موسڵمانەکانی بوێت خەڵک هاندەدات بۆ خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکان، بەڵام تەفسیری سەید قوتب کارەساتی تێدایە [ففيه طوام]، بەڵام ئاواتەخوازین خودا لێی ببەخشێت، وەک تەفسیری بۆ الاستواء و قل هو الله احد!!

ابن باز یش لەبەر تەفسیری ئایەتی [الرحمن على العرش استوى] کە سەید قوتب وەک چەندین موفەسیری تر دەڵێت: "والاستواء على العرش كناية عن غاية السيطرة والاستعلاء:] ئیستوا لەسەر عەرش کینایەیە لە زاڵبوون و بەرزبوون یان باڵابوون..

دەڵێت: "إنكار الاستواء المعروف وهو العلو على العرش وهذا باطل يدل على أنه مسكين ضائع في التفسير" نکولی کردن لە ئیستواو دانیشتنی زانراو کە باڵابوونە لەسەر عەرشدا، ئەوە کارێکی پوچەڵکراوە و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی فەقیرێکی گومبووە لە تەفسیردا!! [من شريط أقوال العلماء فيمؤلفات سيّد قطب: تسجيلات منهاج السُنة بالرياض].

وەک دەبینین سەلەفیەت بە گشتی کەیفی بە چارەی سەید قوتب نایەت، کەوابوو ئەوان پەروەردەی ژێر دەستی احمد بن حنبل والبربهاري و ابن تيميه و محمد بن عبدالوهاب و ابن باز و الالباني و ابن عثيمين و ربيع المدخلي و کەسانی ترن لە قوتابخانەی توندڕەوی سەلەفیزم. ڕقیشیان لەو پیاوە لەبەر ئەوەی سەید قوتب لە دراسات اسلامية، بە تێڕوانینی دووربینانەی بلیمەتانەی خۆی، وەسفی حوکمی سعودی دەکات بەوەی "کە وێنەیەکی ساختە و دزێو و بێزێنراوە لە حوکمی ئیسلام" بۆیە هێرشی دەکەنە سەر.

ئەو مەدرەسەیەی توندڕەوەی هەتا وەڵامی شتە جوان و مرۆییەکانی سەید قوتب یش دەدەنەوە، کاتێ سەید دەڵێت بەندایەتی بە سیستمێکی جیهانی بەسەرچوو وەسف دەکات و دەڵێت بەندایەتی هیچی تر نابێت بمینێت، و دەبێت قەدەغە بکرێت کاتێ جیهان فێری سیستمێکی تری غەیری کۆیلایەتی دەبن"

شێخ صالح بن فوزان الفوزان:ئەو قسەیە ناهەق وبەتاڵە- پەنا بەخوا - هەرچەندە زۆر لە نووسەر و بیرمەندان دەیڵێن و دەیڵێنەوە، نەک زانایان، بەڵکو بیرمەندان وەک ناویان دەنێن !!! "هذا كلام باطل - والعياذ بالله - رغم أنه يردده كثير من الكتاب والمفكرين ولا نقول العلماء، بل نقول المفكرين كما يسمونهم".

داعش و توندڕەوەکانی تر پەیڕەو لەو سەلەفانە ناودار وپیرۆزکراوانە دەکەن کە کاتێک هشامی کوڕی عبدالملك غيلانی الدمشقي کوشت، رجاء بن حيوة ی تابیعی کە سەلەفیەکان دەڵێن خەڵک بارانی بە دوعای ئەو دەباراند! نامەیەکی بۆ خەلیفە هیشام دەنووسێت و دەڵێت: ئەی ئەمیری موسڵمانان پێم گەیشتۆتەوە،

دڵت شتێکی کردوە لەبەر کوشتنی غیلان و صالح، سوێندت بۆ دەخۆم میری موسڵمانان کوشتنی ئەو دوانە چاکتر و خێرترە لە کوشتنی دوو هەزار لە [سەربازە کافرەکانی] ڕۆم و تورک!!

یانی هێشتا خەلیفە کەمێک مرۆڤتر بووە و هەستی بە ئازاری ویژدان کردوە بە کوشتنی ئەو دوو زانایە، کەچی کاکی تابیعی باران بارێن نایەوێت خەلیفە ویژدانیشی بهەژێت بۆ کوشتنی زانایەکی موسڵمان چونکە بیدعەچیە! بەڵکو کوشتنیان بە خێرتر دەزانیت لە دوو هەزار سەربازی کافری موحاریب!! ئەو ڕیوایەتە بە انازیەوە لە کتێبی العواصم مما في كتب سيد قطب من القواصم ی شێخی گەورەی عبداللطيف ی سەلەفی، هادي بن ربيع المدخلي دا هاتووە ل ١٠!

ئەو داعشانە کەی گرنگیان داوە بە سەید قوتب  تا شوێن کەوتەی ئەو بن، ئەوان شوێن کەوتەی ئەحمەد بن حنبل ن لە کتێبە ترسناکەکەی بە ناوی: رسالة الرد على الجهمية والزنادقة، کە تیرو توانج و تۆمەتی دنیای نامێنێت ئاڕاستەی موسڵمانانی جیاواز لە مەزهەبی خۆی دەکات! کە لەسەر بنچینەیدا هەموو بزاڤتە توندڕەوەکان دامەزران. هەر لە نامیلکەیەکی تری کوڕی حەنبەل [كتاب الصلاة] نوێژ نەکەر بەکافر دەزانێت، و دەڵێت نابێ نوێژی لەسەر بکریت و لە گۆڕستانی موسڵمانان بنێژرێت!! کە بەو قسەیە بێت زیاتر لە نیوەی ئومەتی ئیسلامی بە کافر بکریت و تۆبەدار بکریت، و ئەگەر نویژی نەکرد کوژریت!!

ئەو داعشانە پەروەردەی ئیبن تەیمیەن کە پێی وایە کافر یانی هەر غەیرە موسڵمانێک هیچ شتێکی حەڵالیان بۆنیە هەتا بیخۆن چونکە خوا تەنها بۆ ئیماندارانی دروست کردوە تا چێژیان لێوەرگرن!! وەک دەڵێت: " بە نسبەت کافرانەوە خودا ئیزنی نەداون هیچ شتێک بخۆن و هیچ شتێکی بۆ حەڵال نەکردوون، چونکە دەفەرموێت: [يا ايها الناس كلوا مما في الارض حلالا طيبا] مەرجی داناوە لەوەی دەیخۆن حەلال بێت، کە لەلایەن خوا و پێغەمبەرەوە ڕێگای پێدرابێت، خوداش تەنها ئیزنی بە ئیمانداران بە خۆی داوە بخۆن، هیچ ئیزنی بەوان نەداوە شتێک بخۆن تا باوەڕی پێدەهێنن، بۆیە ماڵ وسامانیان موڵکێکی شەرعی خۆیان نیە، چونکە مولکی شەرعی بریتیە لە توانای بەکارهێنان و تەسەروف پێکردنی شتەکان لەوەی شەرعدانەریش [د.خ]  ڕێگای پێداوە، شەرعدانەریش ڕێگای نەداون بە تەسەڕوف کردن بە ماڵ وسامانیان تەنها بە مەرجی ئیمان نەبێت" مجموع الفتاوى ٧:٣٤ نقد الفكر السلفي

لە شوێنێکی تر دەڵێت:" هەروەها ئەگەر موسڵمانێک خۆیان و منداڵیانی دزی یان زاڵ بوو بەسەریان بە هەر ڕێگایەک، ئەوە نەفسی کافری شەڕکەر و ماڵ وسامانیان حەڵالە بۆ موسڵمانان، ئەگەر دەستیان بەسەردا گرت بە ڕێگایەکی شەرعی دەبێتە مولکیان"!! هەمان بەش و هەمان سەرچاوە ولاپەرەی پێشوو.

نوسەری ئەو کتێبە دەڵێت: لەوانەا ئەگەر ئەو فەتوایەم دیبا بە خێرایی بەسەریدا تێپەڕیبام، بەڵام کێشەکە لەوەدایە گەنجانێک ئەمڕۆ ئەو قسانە وەک هەقیقەتێکی سەلمێندراو باس دەکەن، یەکێک لەو گەنجە حەماسیانە [وەک داعشەکان] بەڵگەی پی هێنایەوە لەبەردەمم بۆ تەقینەوەکانی ئیسپانیا، و دەیوت ئیسپانیا دار الحرب، و خەڵکەکەی مالّ و خوێنیان حەلالی، ئەوەشی لەویَ ڕوویدا ڕێپێدراو بووچونکە خەڵکەکەی موسڵمان نین...!!!!

ئەگەر ئیبنتەیمیە ئەو قسانە دەرهەق کافری شەڕکەر بکات، هەرچەندە جیاوازی ناکات لە نێوان جەنگاوەر و مەدەنی، بەڵام ئیبن عثێمین کە عبداللطیف سەلەفی بە مامۆستای دووەمی خۆی دەزانێت لەپاش ربیع المدخلي، دەڵێت:

"جەنگ دژی کافران لە پێناو بەرژەوەندی یا مەسڵەحەتی ڕاجیحەیە تا بە زۆر بکرێنە موسڵمان، هەروەها شیرک و کوفریان خوێنیانی حەڵال کردوە، نەک تەنها شەڕ و دوژمنکاریان، وپییوایە کافریشەڕکەر ئەو کافرانەن کە بەڕاشکاوی جاڕی کوفری خۆیان دەدەن"!!! مجموع فتاواه ورسائله ج٧ :١٦، هەروەها ج١٠ : ١٠٦٨، شرح باب الجهاد في كتابه الشرح الممتع!

وەک دەبینین سەید قوتب لە چاو باوکانی توندڕەوی سەلەفیزم کۆتری سپی و شێنەی بایە!

٢٠١٤/٨/٢١

## شەڕی میدیایی شیعی دژی داعش!

لە نێو ئەو شەڕە نەگریسەی شیعە وسونەی سەلەفی، ڕاستە سەلەفیە داعشیەکان دڕندەتر وئازاترن لە شەڕدا و لە ڕوبەڕووبونەوەدا، بەڵام شیعەکان وریاتر و پڕحیلەتر و فێڵبازترن. لەوەتی ئەو شەڕە گەرم بووە، ناوە ناوە لایەنی شیعی ڤیدیۆیەک دەخەنە ناو ئینتەرنێت زۆرجار بەسەر هەزارەها و ملیۆنەها تێدەپەڕێت!

من واهەست دەکەم کادرێکی تایبەتی پڕۆفێشناڵی میدیا کار هەیە بە چاوساغی ئێران و سوریا کە هەردوو وڵات لە پیشەسازی سینەما پێشکەوتوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە، داعشیش هێندە دڕندە و بێ ئەخلاقە خەڵک هەموو شتێکیان لەسەر باوەڕدەکات، چونکە ئامادەیی دەروونی تێدایە بۆ باوەڕکردن!

ئەو ئێوارە دیسان کەوتینە داوی ئەو ڤیدیۆیەی بردنی ژنە یەزیدیەکان دوایی پاش سەرنجی برادەرێک کە گومانی لە ڤیدیۆکە هەبوو ڕاست بێت، پاش پێداچوونەوە منیش گەیشتمە قەناعەت کە ڕاست نییە، سەرنجم دا لەسەرەتادا یەکێک هاوار دەکات: ئەکشن!

یانی فیلمە، هەرچەندە لەوەش خراپتر دەشێت ڕوویدابێت، بەڵام پێمخۆش نییە ببمە ئامڕازی پڕوپاگەندەی شیعی یا سونی، چونکە هەردوولایان بۆ من جاشکی ماکەرێکن، یەک لە یەک بۆگەنتر وخراپترن! زۆر جار لوئم و حیقدی شیعی لە کورد لەوانەیە لە سونەش تێپەڕێت!

پێشتریش دەیان درۆی تریانم بۆ ساغ بۆتەوە لەسەر بابەتی زۆر بێ زەوق و شەرمهێنەر. بۆیە من ڕاستی ئەو ڤیدیۆیانە بزانم قەت بڵاوی ناکەمەوە، ئێوەش قەت مەبەن بە کەرەستەی ئەو شەڕە نەگریسە... ئێمە شەڕی خۆمان بە شێوازی خۆمان لەگەڵ دوژمنان دەکەین.

٢٠١٥/١٢/١٨

# سوتاندنی قورئان ومزگەوتی گراوند زیرۆ

زۆر لە کار وکۆششەکانی ئیسلامی میانڕەو دەچێتە گیرفانی موسڵمانە توندڕەوەکان نمونە زۆرە لەو بوارەوە ئەوانەی لەناو گۆڕەپانی دەعوەی ئیسلامیدا کاریان کردوە زۆر چاک لەو هەقیقەتە تێدەگەن، خیتابی دینی وەک نەشتەرگەریەکی ورد وهەستیارە دەبێت زۆرئاگادار بیت ئەو کاسەی موخاتەبەی دەکەیت نەبێتە گوڵە گەنمێکی دروێنەکراوی داسی توندڕەوی، بۆیە بەڕای ئێمە زۆر لەو کار وچالاکیە ئیسلامیانەی کە دەکرێت بە نیەتێکی چاک دەچێتە هەمبانەی توندڕەوان تا ئەو ڕادەیەی توندڕەوێک دەیگووت ئەوەی یەک ڕەکات نوێژ بکات لە ئێمەیە!!!

مەسەلەی بنیاتنانی مزگەوتێک لە گراوند زیرۆ واتە لە نزیک شوێنی روخانی دوو باڵەخانە هەوربڕە زەبەلاحەکە کە لە ڕوداوی 11ی سەپتەمبەری 2001 ڕوخان، هەر لە سەرەتادا بیرۆکەیەکی سەقەتی پڕ ئیستیفزاز بوو، نوکتەیەکی بەبیرهێنامەوە، دەڵێن پیاوێکی زۆر خراپ ودەم پیس وجوینٌدەر بڕیاری تۆبەکردن دەدات ودەچێتە حەج ولەبەردەم کەعبەی پیرۆز هەردوو دەستەکانی بڵند کردوە ودەپاڕێتەوە وتۆبە دەکات: خوایە بمبەخشە هیچی تر کاری خراپ ناکەم، هیچی تر شەڕ بەکەس نافرۆشم ، جوێن بەخەڵک نادەم ... لەوکاتەدا پیاوێک نزاودوعا گەرمەکانی پێ دەبڕێت ولێی دەپرسێت: ئەرێ برام قیبلە لەکام لایە؟!

ئەویش هەردەستی بەرزە بەرەو کەعبە و ئاسمان ودەڵێت: خۆدەبینی خوایە ئەو سەگبابانە لێم ناگەڕێن تەشقەڵەم پآ دەکەن! پاش روداوەکانی 11 ی سەپتەمبەر کە هەموو دونیای وەرچەرخاند بەرەو پێچێکی گەورەی مێژوویی وئەو هەموو ناوزڕاندنەی ئیسلام وموسڵمانان لە ئەنجامی ئەو کارە ناپیرۆزەدا وئەو هەموو کاردانەوە خراپ ودڕەندانەیەی جیهانی ڕۆژئاوا، وتازە خەریکە لەگەڵ هاتنی ئیدارەی ئۆباما کەمێک وەزعەکە هێور دەبێتەوە وخەریکە دەنگی توندڕەوەکانی کۆمەڵگای ئەمریکا کەمێک نزم دەبێتەوە، وخەریکە ئەمریکا بەهەموو کاردانەوە خراپەکانیدا دەچێتەوە ودوور دەکەوێتەوە لە خیتابی تەحریزی دژی ئیسلام وموسڵمانان، ئە لەو تەوقیتە چەند موسڵمانێکی میانڕەو بێ لێکدانەوە ویان پرسکردن هەتا بە موسڵمانانی ئەمریکا ویان زانایانی میانڕەو لە جیهانی ئیسلامدا هاتن بیرۆکەی بنیاتنانی ئەو مەڵبەندە ئیسلامییە یان ئەو مزگەوتەیان خستە ڕوو!!!

ئەو پێشنیارە نا عەقلانیە لەیەکەم تەرح کردنیدا نارەزایەکی زۆری خستەوە، ڕاستە خودی ئۆباما وعومدەی نیۆرک گوتیان لەڕووی دەستوری ویاساییەوە ڕێگە پێدراوە، بەڵام شەرت نییە هەر کارێک یاسا ڕێی پێبدات تۆ بیکەیت، یاسا ڕێگەی داوە تیمسالێکی 100 مەتری مەسیح دەست بەخاچ لەسەر قەڵای هەولێر بکەیت ،

بەڵام کردنی ئەو کارە ئیستیفزازێکی گەورە دەبێت بۆ موسڵمانانی کوردستان، پێویستە بەر لە موسڵمان مەسیحیەکان بیر لە ئاکامی ئەو کارە بکەنەوە. بەڕاستی هەرچەندە من زۆر دوورم لە تیۆری پلانگێری بەڵام ڕای موسڵمانێکم گوآ لێبوو تا ڕادەیەکی زۆر جێی سەرنج بوو کە دەیگوت لەوانەیە کەسانێکی ناحەزی ئیسلام لەناو بازنە سیاسیە ڕاستڕەوەکان وموخابەراتی ئەمریکی خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بن تا زیاتر ئیسلام دزێوکەن لەناو کۆمەڵگای ئەمریکا.

سەیرلەوەدایە خەڵکێکی زۆری ئاسایی وبآ لایەن بەر لە باسکردنی ئەو مزگەوتە ئێستا چونەتە ڕیزی توندڕەو ڕاستڕەو ومەسیحیە توندڕەوەکان وەک ڕاپرسیەکان دەیسەلمێنن دوایەم ڕاپرسیش ڕاپرسیەکەی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست ) بەهاریکاری لەگەڵ تۆڕی (ئەی بی سی نیوز) بوو کە سەلماندرا دوو سێەکی ئەمریکیەکان پێیان وایە نابێت مزگەوتێک لەو شوێنە، بنیات بنرێت لەبەر هەستیاری شوێنەکە. بەڕاستی لە ڕووی دەروونیەوەش نا هەقیان نییە، ئەوان وایدەبینن کە کۆمەڵێک موسڵمان هاتن وئەو شوێنەیان لەناو برد وئێستاش دێن مزگەوتێک لەو شوێنە قوت دەکەنەوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو وەک گوێمان لێبوو کەسانێکی نارەزا گوتیان ئەو مزگەوتە مونیۆمێنتێکە بۆ ئەو توندڕەوانەی ئەوێیان ڕوخاند وئەو هەموو خەڵکەیان کوشت لە وێدا!!

دەبوایە موسڵمانێک لەو شوێنەدا مۆنیۆمێنتێکی بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە دروست کردبا وناوی قوربانیەکانی لەسەردا نوسرابا وەک وەڵامێک بۆ ئەو توندڕەوانەی کە ئیسلامیان بۆ خۆیان قۆرخ کردوە، وادەزانن ئەوان تەنها قسەکەرن بەناوی ئیسلامدا، ئینجا ئەگەر خێرخوازێک نیەتی دروستکردنی مزگەوتێکی هەیە لە نیۆرک، ئەوە نیۆرک هێندە گەورەیە دەکرا لە شوێنێکی تر ئەو کارە کرابا، نەک بێیت وئەو شوێنە هەڵبژێری کە ناخۆشترین یادگاری ئەمریکیەکانە، بەڵام وادیارە خاوەنی ئەو فیکرەیە لە بنەڕەتدا پلانی وادانابوو ئەو شوهرەتە بەو کارەوە بکات وبزنس بە ناوی مزگەوت بکات چونکە دەڵێن ئەو زەوییە (گراوند زیرۆ) نرخی دەیان قات زیادی کردوە !!

ئەو جەوە پڕ لە نارەزاییەی کە لە ئەمریکا دروست بوو لە سایەی پرۆژەی بنیاتنانی ئەو مزگەوتە، بوە هۆی دەرکەوتنی کەسانێکی گەلحۆی توندڕەوی وەک قەشە جۆنز، کە توانی زۆر زیرەکانە سواری تەوژمەکە بێت وبۆخۆی بەکاری بهێنێت، ئەو پیاوە دەبەنگ وئەهریمەن ڕەفتارە لە هەموو ژیانیدا نەیتوانیوە پەنجا کەس زیاتر لە کەنیسەکەی کۆبکاتەوە، کەچی ئەمڕۆ بۆتە مادەیەکی بنەڕەتی هەموو میدیاکان بەو کردە ئیستیفزازیانەی کە دەیکات لەدژی قورئان لە سۆنگەی بنیاتنانی مزگەوتێک لە گراوند زیرۆدا.

ئەو پیاوە وەک خۆی وتی هیچ لەبارەی قورئان نازانێت، ئەو هەڕەشەیەشی کە دەیکات لە دژی بنیاتنانی مزگەوتەکەیە لە بنەڕەتدا، ودەشزانێ قورئان چ بەهایەکی هەیە بۆ موسڵمانانی جیهان بۆیە هەرەشە بە سوتاندنی قورئان دەکات! ئەوکارەش بە پلان کراوە چونکە کارێکی لەو جۆرە بەپێی دەستوری ئەمریکاش ڕێگە پێدراوە، وهەتا سوتاندنی ئاڵای ئەمریکاش تاوان نیە، ئەوەش کەلەبەرێکی گەورەیە لە دەستور ویاسای ئەمریکا وماقوڵ نیە نەناسراو نەکیرەیەکی وەک ئەو قەشەیە بتوانێ گرژیەکی وا بخاتە جیهان وژیانی هەزاران ئەمریکایی ئاسایی بخاتە مەترسیەوە، لەبەر کارێکی وا دەبەنگانە!

یاساکانی ئەوروپا لەو بوارەوە زۆر پێشکەوتو ترن، بەدووری نازانین لەپاش نەمانی ئەو تەنگژەیە ئەمریکیەکان بەدەستور ویاسای خۆیاندا بچنەوە، تا جارێکی تر گەلحۆیەکی وەک ئەو قەشەیە هەموو ئەمریکا نەخاتە ئەو ئیحراجەوە.

چاکترین چارەسەر ئەوەیە کە موسڵمانان واز لەو شوێنە بهێنن، ودەست لەو ئیستفزازانە هەڵبگرن نەک هەر پینە وپەڕۆی بکەن وەک ئیمامی ئەو پرۆژەیە فیێل عەبدول ڕەئوف لەدوا لێدوانیدا دەڵێت ئەگەر ئەو مزگەوتە لەو شوێنە دروست نەکرێت ئەوە موسڵمانان وادەزانن ئەمریکا دژی ئیسلامە!! پێویستە زانایان وبیرمەندانی جیهانی ئیسلامی سنورێک بۆدەبەنگیەکانی ئەو پیاوەش دابنێن، کێشەکە دوو دەبەنگ بەڕێوەی دەبەن فیێل عەبدل ڕەئوف وتێری جونز.

٢٠١٠/١٠/١٧

# هەرای توندڕەوان تاکەی؟![28]

لە ئەندەنوسیاوە تا مەغریب، بەلکو لە هەر چوار سوچی دونیا دەنگی هەرای توندڕەوان ڕوبەرێکی زۆری داگیر کردوە، ئەو هەرایە هێندە بە دەنگ وبە ترسە خەڵکی موسڵمانی بەر لە غەیرە موسڵمانی تۆقاندوە.

کردە خۆکوژیەکانی نەزان وتوندڕەوەکان لە عێراق بەردەوامی هەیە بۆتە کارێکی ڕۆتینی سارد ومەلول کەر، جۆری کردە خۆکوژیەکان هێندە بە وەحشیەت ونامرۆییانە ئەنجام دەدرێن مرۆڤ دەتاسێنآ ونوتقی دەبڕێ بۆیە دەبینی لەو شوێنانەی کە ئەو جۆرە کردەوانە زۆر ڕوودەدەن و دوبارە دەبنەوە خەڵکی هەر لە سەرەتاوە توانای ئیدانەکردنی لەفزیان دەبێت بەڵام لە دواییدا کارەکە هێندە قێزەون دەبن خەڵک توانای باسکردنیشی نامێنێت.

ئەخر چی دەوترێت دەربارەی کەسێک بەوپەڕی دەبەنگیەوە بە خەیاڵی حۆری ویەهەشت خۆی لەناو تازیمانەیەک دەتەقێنێتەوە، یان لەناو بازاڕێکی پڕ لە (قوڕ ولیتار )؟ یان لە مەیدانی کرێکاران ژمارەیەکی زۆری ئەو کرێکارە بەستەزمان وبارقورسانە کۆدەکاتەوە لە خۆی بە بیانوی ئیشی هەیە بۆیان ولەناکاو لە جیاتی ئیش خۆی بەناویان دەتەقێنێتەوە وخێزانەکانیان بەدبەخت تر دەکات.

ئەوەی لەو دوو هەفتەی ڕابردودا ڕویدا لە کردەی خۆکوژی وچەکداری لە پاکستان ڕووی ڕەشی هەقیقی تیرۆری تاڵیبانەکانی دەرخست، کە پێشتر خۆیان حەشاردا بوو لە ژێر پەردەی ئیسلام، وکەمفامی خەڵکەکەی، وئەو هێندە لایەنگیرە فیترییەی کە هەیان بوو لە پاکستان ئەویشیان تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست دا.

وەک چۆن لە عێراقیش هەروابوو لەسەرەتادا خەڵکی عەرەبی سوننە باوەشیان بۆکردنەوە بەڵام پاش کارە قێزەونەکانیان کە دالدەدەرانیشیانی گرتەوە لەگەڵ بوونی مەترسی شیعەش بەڵام خەڵکی سونەی عەرەب هەر پێیان قبوڵ نەکرا وگەورەترین جەنگیان لە دژیاندا بەرپاکرد. ئیمرۆ توندڕەوانی پاکستان گەورەترین گورزیان لە هێزی دەوڵەت دا ولاوازیان کردوە لە بەردەم هیندستان، ئەو هیندستانەی کە لە کەمینێکی ئەزەلی دایە بۆ پاکستان.

لە میسریش هەر هەرابوو لەدژی قەدەغەکردنی نیقاب لەلایەن ئەزهەرەوە، خۆزگە ئەو قەدەغەیە لەلایەن زانای تری نا حکومیەوە دەهات وەک قەرەزاوی، تا توندڕەوەکان پاشینەی ئەو پیاوە نەکەنە بیانوو بۆ کوشتنی کەسایەتی مەعنەوی ئافرەت بە شاردنەوەی هەموو دەموچاو وڕوخساری مرۆیی. مەسەلەی داپۆشینی دەموچاوی ئافرەت هەتا لەلایەن ئەلبانیش کە عەمودێکە لە ئەعمیدەی سەلەفیزمی هاوچەرخ واجیب

---

[28] ڕۆژنامەی ستاندەر ٢٠٠٩/١٠/١٩

نیە وەک باسی دەکات لە کتێبێکی سەربەخۆدا بەناوی (الرد المفحم على من خالف العلماء وتشدد وتعصب الزم المرأة أن تستر وجهها وكفيها واوجب ولم يقنع بقولهم: إنه سنة ومستحب) بەڵام پاش ئەو کتێبە ئەلبانیش کەوتە بەر هێرشی توندڕەوەکانی دەوروبەری خۆی! ئەی چۆن شێخی ئەزهەر ڕزگاری دەبێت؟! بەڕاستی ئەو توندڕەوانە هەقوایە بەپێی یاسا حیجریان بخرێتە سەر لە هەموو وڵاتێک نەهێڵن هەرکارێکی بیانەوێت بیکەن، ماقوڵ نیە کچی نابالقیان بە نیقابەوە بنێرنە قوتابخانەی کچان؟!

لە وەش سەیرتر مامۆستا وشێخی زەرقاوی گۆڕبەگۆڕ، شێخ محمد مەقدیسی نۆ منداڵی هەیە یەکێکیانی نەناردوە بۆ قوتابخانە گوایە کوفر وحەرامە، ئەوە لەوڵاتێکی وەک بەریتانیا بوایە هەموو منداڵەکانیان لێدەساند ودەیانخستنە ژێر چاودێری دەزگاکانی دەوڵەت. کاتی خۆی جاک سترۆ وەزیری دەرەوەی پێشوی بەریتانیا تەنها گوتی ئەگەر یەکێک دەیەوێت بێتە ئۆفیسەکەی من بۆ هەرداوایەک نابێت ڕووی داپۆشرابێت چونکە "هەست بە ناڕەحەتی دەکات لەکاتی قسەکردن لەگەڵ یەکێک ڕووی نابینێت" باوەڕ ناکەم جاک سترۆ هێندە مەکبوت بێت لە ڕوی جنسیەوە ولەناو ئەو هەموو کچە شۆخ وشەنگانەی بەریتانیا بیەوێت نەزەر لە دەموچاوی مونەقەبەیەک بکات!! کەچی هەرایەکیان لەسەر کرد وەک بڵێی لە حەوت پشتان ئیسلام بو بێت موحاسەبەی بکەن لەسەر نیقاب!!

ئەو نمونانەی کە توندڕەوەکان نیشانی خەڵکی دەدەن لە ئیسلامدا، نەک غەیرەدین بەڵکو موسڵمانیش بەدبین دەکات بەرامبەر ئەو حوکمە سەقەتەی کە بەدرۆ ناوی دەنێن بە حوکمی خوا، کەچی دەیانەوێت ئەو جۆرە تەفکیر وحوکمە سەقەتە لەسەر ئەوروپاش جێبەجآ بکەن، سەیر ئەوەیە دەڵێی هێشتا نازانن خەڵکی چۆن وتا چەند ڕقی لە خۆیان کردەوە ناشیرینەکانیانە، بۆیە هەر لەو غەفڵەتەوە گروپێکی ئیسلامی گوایە کەمپینێکی فراوان دەکات بۆ سەپاندنی حوکمی شەریعەت لە بەریتانیا، هەر هەمان سەرچاوە (دەیلی ئێکسپرێس) گوتی، ئەو گروپە ناوی (ئیسلام بۆ بەریتانیا)یە خوازیاری شۆڕشێکە بەسەر سیستمی یاسایی بەریتانی بۆ تەتبیق کردنی شەریەت لە سەرتاسەری بەریتانیا!!!

بەڕاستی گەلێک سەرکەوتو بوون لە وڵاتانی ئیسلامی تا سەرکەوتو بن لە بەریتانیا، ئەو کارەش وەک کردە ئینتیحاریەکان مرۆڤ لە گۆ دەخات. ئەوەی مرۆڤ دڵ تەنگ دەکات ئەوەیە تەنها ئەو توێژە توندڕەوە هەرا دەکات ودەنگی نەشازی لە هەموو دونیا دەبیسترێ، کەچی میانڕەو وعەقلانیەکان بێدەنگ وخامۆشن، خامۆشیەک زیاتر لە خامۆشی مردوو دەچێت.

## ئەو کۆمەڵگایەی تاڵیبان وهاوەشرەبەکانیان موژدەی پێ لێدەدەن!!

چیرۆکی تاڵیبانە توندڕەوەکان لەگەڵ ئافرەتدا زۆر سەیرە، جاروبار پێکەنین هێنەریشە. جاروباریش خەم وپێکەنین بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. دژایەتی ئەو برادەرانە بۆ ڕەگەزی مێ شورەییەکە ودەیانەوێت بیدەن بە بەرۆکی ئیسلامدا. لە یەکەم ڕۆژی گرتنی جڵەوی دەسەلات کچان وئافرەتانیان لە خوێندن قەدەغە کرد بە هەزار بروبیانوی هیچ وپوچی وا کە لای هیچ مرۆڤێکی ئاسایی قابیلی قبول کردن نین.

بەڵام ئەوەی یارمەتی تاڵیبان دەدات لە بەردەوام بوون لەسەر ئەو شێوازە دواکەوتوە، دواکەوتوویی خودی کۆمەڵگای ئەفغانستان وهەندێک بەشی پاکستانە، ئەگینا لەپاش ڕوخانی حوکمیشیان کە هێشتا لە ڕیزی نەیارانن بەردەوام نە دەبوون لەسەر قەدەغەکردنی مێینەکان لە خوێندن وبەڵکو لە ژیانێکی ئاسایی لە هەر شوێنێک دەستیان پێی ڕابگات.

بەر لە ماوەیەک لە 2009/1/11 تاوانێکی هێندە گەورەیان ئەنجامدا دەرهەق بە چەند قوتابیەکی کچ کە ویژدانی هەموو خاوەن ویژدانێکی هەژاند، کاتێ شەش پیاوی دەبەنگی مێشک داخراو، بە تێزاب هێرشیان کردە سەر کۆمەڵێک کچ لە ڕێگای قوتابخانە لە شارۆچکەی (میروەیس) ی سەر بە شاری هیرات کە لە ژێر دەسەلاتی تاڵیبان دایە. ئاکامی ئەو هێرشە دڕندانەیە سوتان وشێواندنی ڕوخساری 11 قوتابی وچوار مامۆستای ئافرەت بوو کە حاڵەتی کچێک بە ناوی (شەمسیە) لە هەمویان خراپتر بوو، شێوەی بە تەواوی سوتاوە.

شەمسیە دەڵێت من وخوشکێکم لە ڕێگای قوتابخانە بوین کاتێ ماتۆڕ سوارێک لێمان نزیک کەوتەوە و گوتی:"ئێوە دەچن بۆ قوتابخانە؟" ئینجا پەچەی سەر ڕوخساری منی لێکردەوە ومادەیەکی سوتێنەری بە دەموچاوی داکردم" شەمسیە سەرەڕای شێوانی ڕوخساری چاویشی زۆر کز بوە هەتا بە زەحمەت دەتوانێت بخوێنێتەوە.

سەیر لەوەدایە سەرەڕای ئەو هێرشە دڕندانەیە کەسوکاری کچەکان وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە دژی ئەو توندڕەوانە بە تەحەداوە بەردەوام بوون لە ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانە، شەمسیە دەڵێت:"باوک ودایکم پێیان گوتم دەبێت بەردەوام بم لە چوون بۆ قوتابخانە هەتا ئەگەر بشکوژرێم!!"

ئێستا هەموو کچانی ئەو ناوچەیە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە، دایکی شەمسیە کە نەخوێندەواریشە گوتی:" نایانەوێت ئێمەی ئافرەت بخوێنین، دەیانەوێت دەبەنگ بین!" بێگومان لەبەر کاردانەوەی توند لە هەموو لایەکەوە تاڵیبان نکولی کرد لە ئەنجامدانی ئەو هێرشە، بەڵام بە ڕەسمی لە مزگەوتەکان وشوێنە گشتیەکان

بڵاوکراوە هەڵدەواسن کە داوا لە خەڵک دەکەن کچەکانیان نەنێرن بۆ قوتابخانە، کاتێ دیتیان خەڵک گوێیان پێ نادەن ئەو کارە ترسنۆکانەیان کرد کە زۆر گونجاوە لە گەڵ عەقڵییەتی توندڕەوان کە لە عێراق لەناو تازیە ومزگەوتیش خۆیان دەتەقێننەوە، یان مرۆڤی نەخۆش وبێ هۆشی بەستەزمان تەقەمەنی لێدەبەستن ودەیتەقێننەوە!!

بەودوایەش کە دۆڵی سوات کەوتە ژێر چەپۆکی تاڵیبانی پاکستان، بەر لە هەموو شتێک بڕیاری قەدەغەکردنی ڕەگەزی مێینەیان دا لە قوتابخانە وچوونە دەرەوەی ماڵ بێ مەحرەم، ئەوەش ئیبداعێکی تاڵیبانی پاکستانە بەسەر تاڵیبانی ئەفغانستان!! ئافرەتێکی سوات بە ناوی هوما کە مامۆستایە، دەڵێت:" ژیان بۆتە بازنەیەکی داخراو، نازانم پێتان بڵێم بە چ دەردێک دەچم بۆ قوتابخانە، سەرەڕای سەپاندنی نیقاب وپەچە، دەبێت لەگەڵ پیاوێک دەرچم بۆ قوتابخانە یان بۆ دەرەوە!

ئافرەت ئەگەر باری تەندروستی خەراپیش بێت ناتوانێت لە ماڵەوە دەرچێت بەبێ پیاو، ژیانێکی مومیل وبێزارە تا ڕادەی گریان. هیچ تەرفیهێک نییە، نە تەلەفزیۆن نە سینەما و نە مۆسیقا، ناتوانم هەتا بڕۆم بۆ بازاڕیش!" لە دەسکەوتەکانی تاڵیبانی پاکستان لە سوات لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو وتا ئێستا 191 قوتابخانەی کە122ی هی کچانە تەفروتونا کراون!!

ئەو هەموو کارە دزێو نا مرۆییانە بە ناوی تەتبیق کردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکرێت، ئایە ئەوە کاری دڵسۆزانی ئەو دروشمە نییە ئەو کارە دزێوانە ئیدانە بکەن، ئەگەر ئیدانەشی ناکەن ؟! بڵێی هەمان موژدەی تاڵیبانی پاکستان و تاڵیبانی ئەفغانستان یان پێ بێت بۆ خەڵک؟![29]

[29] ڕۆژنامەی ستاندەر ٢٠٠٩/٣/٩

## فیلمی فیتنە بە بەژداری فیتنە چییەکانی خۆمان بەرهەم هاتووە!

پاش کێشە وبێشەکی زۆر ئەندام پەرلەمان وسیاسەت مەداری ڕاسترەو ورەیسیستی هۆلەندی (گیرت ویلدەرز) هەرەشەکانی جێبەجآ کرد لەمەر دەرهێنانی فیلمێکی دۆکیومێنتی دەربارەی ئیسلام یان بۆ دزێو نیشاندانی ئیسلام وشێواندنی. حکومەتی هۆڵەندا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕازی کردنی ویلدەرز کە دەست لەو پرۆژەیە هەڵبگرێت بەڵام سودی نەبوو، سور بوو لەسەر بەواگاهێنانی فیتنە! پاش دەرچوونیشی حکومەتی هۆڵەندی لەسەر زمانی سەرۆک وەزیرانی زۆر ژیرانە نارەزایی خۆیی نیشاندا دەربارەی ناوەرۆکی ئەو فیلمە وگوتی کە ئەو بە شێوەی ئەو فیلمە بۆ ئیسلام ناڕوانێت، وهەروەها گوتی پێمان وایە ئەو فیلمە خزمەتی هیچ ئامانجێک ناکا جگە لە بەدکاری کردن نەبێت.

هەروەها وەزیری ناوەخۆی هۆڵەندا کۆبونەوەیەکی کرد لەگەڵ باڵوێزەکانی وڵاتە ئیسلامیەکان بۆ دوپات کردنەوەی کە حکومەت بەژداری بیروڕاکانی ویلدەرز ناکات. کێشەکە لەوەدایە کە خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی پێیان وایە هەر شتێک ڕوو بدات دەبێت حکومەت وموخابەراتی لە پشتەوە بێت، تەسەوری ئەوە ناکەن کە یەکێک بتوانێت بەبآ ڕەزامەندی حوکمەت کارێک بکات، چونکە حوکمەت لە زیهنیەتی خۆرهەڵاتی زەبەلاحێکی خورافییە وکەس ناتوانێت لەبەرامبەری بڵێت لەل!.

بۆیە هەر پاش دەرکەوتنی فیلمەکە لەسەر ئینتەرنێت چەندین وێبسایدی توندڕەو بە خەتی پان نوسیبویان (هوڵەندا بڕیاری جەنگ دەدات لە دژی ئیسلام!!) ئەوە لە کاتێکدا حکومەتی هۆڵەندی وزۆربەی حزب ورێکخراوەکانی وخەڵک بەگشتی دژی ئیهانەکردنی هەر بیروباوەڕێکن. ئینجا گیرت ویلدەرز خۆی دامەزرێنەری حزبۆکەیەکی بچوکە بە ناوی حزبی (سەربەستی) کە تەنها 9 کورسی هەیە لە کۆی 150 کۆرسی پەرلەماندا!

خۆم فیلمی (فیتنە) Fitna دی ئەگەر چەند شتێکی خراپی وەک کاریکاتێری پێغەمبەر بە عەمامەیەکی بە بۆمبی تەوقیت چێنراو کە لە سەرەتا وکۆتایی فیلمەکە دەردەکەوێت، وهەروەها وێنەی پشتی ڕووتی ئافرەتێک وکە پەڕەی قورئانی لەسەر دەردەکەوێت ودڕاندنی لاپەڕەیەکی قورئان نەبێت، ئەوە باقی فیلمەکە گوزارش دەکات لەو کارە دزێو ودڕندانە وخوێنڕێشتنانەی کە ئیسلامیە توندڕەوەکانی سەلەفیەتی جیهادی ئەنجامی دەدەن. لە نێو ئەو شتانەی کە نیشانی دەدات شیڕاندنی خەتیبە ئیسلامیەکانە کە بەزمانی پڕ لە تەهدید وهەڕەشە وتار دەدەن (اللهم احصیهم عددا واقتلهم بددا ولا تغادر منهم احدا!!) یان لە ناو جەرگەی ئەوروپا (اللهم علیک بالیهود والنصاری اعدائک و...).

ئینجا وینەی لاشەی سوتاو وبە خەڵوزکراوی کردە خۆکوژییەکان نیشان دەدات کە لە ژماردن نایەن، ئینجا وێنەی سەربڕینی پیرەمێردێکی لەرزۆک لەسەر دەستی قاعیدەی تیرۆریست وزەرقاوی گۆڕ بەگۆڕ نیشان

دەدات کە لە دڕەندایەتی وێنەی نیە، بڕوا ناکەم ئەوەی یەک زەرە مرۆڤایەتی تێدا بێت بۆ دوژمنەکەشی ڕازی بێت بەو شێوەیە دڕەندەیە بکوژرێت.

ئەو دەبەنگانەی سەلەفیەتی جیهادی، هێندە ڕق وقینەیان لە لای خەڵک دروست کردوە لە دژی ئیسلام، کە جوهد وکۆششی سەدان ساڵی دەوێت وێنەی ئیسلام لای ئەو خەڵکە ڕاست کەیتەوە، سەیر لەوەدایە ئەو کارە دزێوانە دەکەن ونایانەوێشت کەس ڕەخنەیەک بگرێت، وادەزانن خەڵکی غەیرە ئیسلام هەموو فەقیهن، تا جیاوانی بکەن لە نێوان ئیسلامە ساختەکەی ئەوان وئیسلامی ڕاستەقینە، نازانن ئەوان بونەتە هۆی دورکەوتنەوەی ملیۆنەها موسڵمانیش لە ئیسلام چ جای نا موسڵمان!! وترسی هاتنە سەرکاری ئەوان لە ملیۆنەها دڵدا چەکەرەی کردوە، وهیچ بەرائەتێکیان نەهێشتۆتەوە بۆ دروشمی حوکمی ئیسلامی، چونکە ئەو نمونانەی ئەوان نیشانیان دا لە توند وتیژی ودڕەندایەتی وای لە خەڵکێکی زۆری کردوە کە بە هەموو جۆرە حوکمێک ڕازی بن!

لە نێو ئەو وێنانەی کە نیشانی دەدات، وێنەی منداڵانی بەر مەمکان ویەک دوو ساڵانی شیعەکانە کە بەخوێن سورکراون لە تقوسە نیمچە وەسەنیەکانی شیعەکان، بۆ یادی شەهید کردنی حەزرەتی حوسێن، کە دایک وباوکیان بەو پەڕی دڵخۆشیەوە چەقۆ وقامەیان لە دەستەو سەری منداڵەکان زامدار دەکەن بۆ ئەوەی خوێنی لێ بچۆڕێ!! هەروەها وێنەی کوشتنی ئافرەتانە لە ئەفغانستان وچەندین وڵاتی تر ووێنەی خەتەنەکردنی ئافرەتان، ووێنە خۆپیشاندەرە موسڵمانەکان بە ئینگلیزی نوسیویانە (ئەی سەربەستی بڕۆ بۆ دۆزەخ!!) Freedom go to hell سەیر لەوەدایە لە سایەی ئەو سەربەستیەدا جورئەتی هەڵگرتنی ئەو دروشمانە دەکەن!

ئەگەر دەبەنگی وڕق وقینەی گیرت ویلدەرز نەبا دەکرا ئەو فیلمە دۆکیومێنتەرییە ببێتە هاوارێک بۆ پەردە لادان لەسەر توندڕۆکانی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی، کە لە ناو کۆمەڵگاکانی خۆشیان مەنبوز وقێزەونن. ئەگەر ئەو فیلمەی گیرت ویلدەرز ئیهانەیەک بێت بۆ ئیسلام وئەو دەرهێنەری بێت، ئەوە توندڕۆکان بەژدارن لە دەرهێنان وپێشکەش کردنی سیناریۆیەکی دەوڵەمەند وپڕاو پڕ لە شێواندنی ئیسلام!! ئەگەر مافی هەر یەکێک بێت بەرگری لە ئیسلام بکات لە دژی ئەو فیلمە ئەوە مافی توندڕۆکانی سەلەفیەتی جیهادی نیە بەرگری بکەن چونکە خۆیان نوسەر وداڕێژەری بیرۆکەی فیلمەکە وسیناریستن![30]

[30] ڕۆژنامەی ستاندەر ٢٠٠٨/٣/٣١

# وانەیەک لە موسڵمانانی هیندستانەوە هەڵوێست لە توندڕەوەکان

بێگومان زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا ئیسلامیەکان دوچاری توندڕەوی وڕیزپەڕی بوونە، هەرچەندە ئەو توندڕەویەش هەر تایبەت نییە بە توندڕەوی ئایینی ولە نێو ئاینیش تایبەت نییە بە ئیسلام، بەڵام لەبەر ئەو کارە گەورە توندوتیژانەی کە حیزب وگروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان پێی هەڵدەستن لە نێو وڵاتانی ئیسلامی ودەرەوەی جیهانی ئیسلامیش، ئینتیباعێکی چەوتی لای خەڵک دروست بوە، کەوا تەنها ئیسلامیەکان توندڕەو تیرۆریستن لە جیهاندا، بەڵکو کار دەگاتە تاوانبار کردنی موسڵمانانی ئاساییش لەو وڵاتانەی موسڵمانان تێیدا یان کەمایەتین یانیش کۆچبەرن.

زۆربەی زۆری کۆمەڵگا وخەڵکی موسڵمانی ئاسایی لە هەڵوێستی نێگەتیڤ وبێلایەنی دان لەو کێشمە کێشە خوێناوییەی نێوان گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان ورژێمە دەسەڵاتدارەکان، ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤ وبێلایەنیەش وەنەبآ وەک لایەنگیری بۆ هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکان لێکبدرێتەوە، بەڵکو چەندین هۆ لە دواوەی ئەو هەڵوێستەن وەک گەندەڵی وتاڵانکردنی خودی دەسەڵات بۆ سامانی خەڵکی وڵات وەک بە ئاشکرا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی ڕودەدات، ودیکتاتۆریەت ودەمبەست کردنی خەڵک، ونەبوونی هیچ چاکسازیەکی ڕاستەقینە وسەربەستیە دیموکراتیەکان. بۆیە خەڵکی گشتی ئەو وڵاتانە لەبەر ئەو جەور وستەمەی دەیچێژێت لەسەر دەستی ئەو ڕژێمانە زۆرجار پێی ناخۆش نیە کەسانێک زەبر بوەشێننە ئەو ڕژێمانە بۆ سارێژکردنی ئەو زامانەی کە لە جەستەی کەرامەت وکەسایەتیان کراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا توندڕەوی گروپە بەناو ئیسلامیەکانی وەک قاعیدە وهاوشێوەکانی هێندە قێزەونن، زۆر جار هەر بەخۆڕایی خەڵک لێیان ڕادەپەڕێت بەبێ بوونی هیچ پشتگیریەکی ماددی ویان دەم چەورکردنیان لەلایەن دەسەڵاتداران، وەک ئەوەی لە ناوچە سونە نشینەکانی عێراق ڕویدا، کە هەرچەندە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق ئەو پەڕی تایفەچێتی نیشان دەدا لە دژی خەڵکی ئەو ناوچانە، بەڵام هێشتا خەڵکی ناوچەکە لەشکری ئەمریکی وحکەمەتی عێراقی پێ چاکتر بوو. بۆیە بەماوەیەکی کورتی قیاسی توانییان سەروشەوکەتی قاعیدە وهاوشێوەکانی لەو ناوچانە بشکێنن، بە جۆرێک کە هەتا بە لەشکری ئەمریکاش ئەو کارە ئەنجام نەدەدرا.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی بتوانن چاکسازیەکی ڕاستەقینە بکەن لە وڵاتەکانیاندا ئەوە گومانی تێدا نیە کە خەڵک هەمووی دەچنە بەرەی دژایەتی کردن توندڕەوی وئەنجامدەرانی کارە تیرۆریستەکان. ئەوەی بەو دواییە لە مۆمبای هیندستان لە ڕۆژی 2008/11/26 ڕویدا کە وەک یازدەی سەپتەمبەرێکی بچوک بوو، لەگەڵ ئیدانە کردنی هەموو سیاسەتە نامرۆیی وچەوتەکانی هیندستان لە دژی کەشمیر، بەڵام هیچ پاساوێکی

نەبوو، سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ولاتانایە کە خەڵکی کەم ئەزموون وهەڵەشە پاڵدەنێت بەرەو ئەو گروپە توندڕەوانە، ئەگینا ئەو گروپە مەرگئامێزانە چییان پێیە پێشکەشی خەڵکی بکەن لە درۆ ووەهم ودواکەوتویی ولاشەی بۆمبکرا وکردەی خۆکوژی وکوشتنی هەرەمەکی زیاتر.

لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانانی هیندستان لە پاش ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستەکەی مۆمبای هەڵویستێکی زۆر بەرز وبێ وێنەیان نواند کە دەکرێت بڵێن سەرەتای هەڵویست وەرگرتنی کۆمەڵگا موسڵمانەکانە لەو گروپە توندڕەوانەی گوایە بۆ ئەوان خەبات دەکەن، وسەرەتای دەرچوونە لە هەڵویستی نێگەتیڤ وبێلایەنانە. ئەو گروپانە کاتێک هەر کردەوەیەک دەکەن بچوکترین حیساب بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان ناکەن، بۆیە دەبێت موسڵمانانیش ئەو شەرعیەتەیان لێ داماڵن. بەڕاستی نابێت هیچ کۆمەڵگایەک لە ڕاست ئەو کردەوە تیرۆریستانە بێلایەن بێت، چونکە بێدەنگیش هەڵویستێکە دەچێتە خانەی توندڕەوەکان، جا ئەو توندڕەویە لە هەر لایەکەوە بێت.

هێزە چالاکەکانی موسڵمانانی هیندستان هەر لە پاش ئەو ڕوداوانەی مۆمبای بە بەژداری (6000 ) شەش هەزارزانای ئایینی وسەرکردە ئیسلامیەکان کۆنگرەیەکیان بە ست تێیدا ئیدانەی هەموو کارێکی تیرۆریستیان کرد کە لە ژێر پەردەی ئایینەوە دەکرێت، وگوتیان زاراوەی (جیهاد) لەسەر کردەوە تیرۆریستەکان جێبەجێ نابێت، چونکە جیهاد دیاردەیەکی بنیاتنەرە، کەچی تیرۆر لەسەر بنچینەی کاولکاری بنیات نراوە. هەروەها گوتیان کەسانێکی کەم کردەوەی تیرۆرستی ئەنجام دەدەن بە ناوی ئیسلام، بەو کارانەشیان ئیسلام بەدناو دەکەن.

هەر لەو بارەیەوە ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی شاری مۆمبای ڕازی نەبوون لاشەی مردووی نۆ کەس لە ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریستەکانی مۆمبای لە گۆڕستانی موسڵمانان بنێژن، وحامید عبدالرزاق سەرۆکی ڕێکخراوی (بانگەوازی ئیسلامی) گوتی: "کوشتنی خەڵکی بێ تاوان پێچەوانەی ئایینی ئیسلامە، ئەوانە (واتە تیرۆریستەکان) شەرمەزاریان هێنا بۆ 250 ملیۆن موسڵمان لە هیندستان، ئەو تیرۆریستانە موسڵمان نین، شوێنیان لە دڵمان ولە گۆڕستانەکانماندا نابێتەوە".

سەرکردەیەکی تر گوتی: " ئێمە ڕازی نابین لە گۆڕستانەکانمان بیان نێژین، ئەگەر حکومەت سور بوو لەسەری ئەوە لەوانەیە موسڵمانانی مۆمبای خۆپیشاندان بکەن لە دژی ناشتنیان". هەروەها سەرۆکی پەیوەندی (ئەنجومەنی ئیسلامی) کە زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان لە ژێر چەتری خۆی کۆدەکاتەوە، (ئیبراهیم تای) گوتی: " ئیمە نوسراوێکمان بۆ پۆلیسی مۆمبای وحکومەتی ناوخۆ ناردوە تێیدا وتومانە نا بێت

بە هیچ جۆرێک لاشەی ئەو تیرۆریستانە لە خاک وئاوی هیندستان بنێژرێن، جا چی لێدەکەن وچۆن خۆیان لێیان دەرباز دەکەن با بیکەن"!

ئەگەر هەموو کۆمەڵگایەک بەو جۆرە عەقلانیەتە هەڵوێست لە تیرۆریستان وەرگرێت، ئەوە تا کارێکی تێکدەرانە دەکەن هەزار جار بیری لێدەکەنەوە، نەک وەک هەندێک پاش فریودان وبە کوشت دانی سەدان منداڵی هەژار هێشتا قسەی زل وفشەبازی دەکات لە ئەوروپاوە، ئەو توندڕوانە هێندە سەیرن خۆ هیچ نازان لە بارەی فەرهەنگی داوای لێبوردن کردن. بۆ نمونە یەکێک لەو توندڕۆیانەی هەولێر دەیان کەسی بە کوشت داوە وخوێنی چەندین ئەندامی ئەو لایەنە ئیسلامییەی کە خۆی تێدا بەرپرسێک بوو ڕشتوە بە نهێنی وزۆر بە نامەردی ولەژێر ئەشکەنجەدان، لە دوا ڕۆژەکانیشی ببوە پیاوی دەزگای موخابەراتی حزبێکی گەورەی کوردستان، لە جیاتی ئەوەی پەلکێشی دادگا بکرێت ئێستا لە بەریتانیا ژەهری توندڕەوی بڵاودەکاتەوە، سوکە هەڕەشەش دەنێرێت بۆ ئەوانەی وەک ئەو بە سەقەتی بیر ناکەنەوە، وادیارە هێشتا نازانێت کە سەرلەبەری قەوارەیەکی بۆش وسەقەتە.

# کوشتنی بن لادن زیندوو کردنەوەی قاعیدەیە

لەوەتی ئەو شەپۆلە شۆڕشەی ڕوی کردۆتە ناو وڵاتانی عەرەبی وناوچەکە ئەمریکا زۆر بە شێوەیەکی ئاشکرا توشی شپرزەیی بوە نازانێت چ ڕێگایەک هەلبژێرێت لە بەرخوردکردن لەگەڵیانا، دژیان بوەستێت کە دژایەتیکردنی زەحمەتە چونکە شۆڕشی جەماوەرین یان بە ئاشکرا لەگەڵیان بێت کە لەوانەیە دڵی هاوپەیمانەکانی لێ بڕەنجێت وەک ئیسرائیل چونکە گومانی تێدا نییە کە ئەو شۆڕشانە بەتایبەتی شۆڕشی میسری وسوری کاریگەری زۆر بەسەر ئیسرائیل جێدەهێڵێت، میسری پاش شۆڕش ئەو میسرەی موبارەک نییە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ڕازیکردنی دڵی ئیسرائیل بدات کەچی بەوپەڕی دڵڕەقیەو ڕەفتار لەگەڵ گەلی خۆی بکات، خەڵکی میسر لە ئێستاوە باسی پێداچونەوەی ڕێکەوتنامەکانیان دەکەن لەگەڵ ئیسرائیل!

بە گوێرەی سوریاش ئەوە هەموو دەوڵەتی ئیسرائیل تۆقیوە بە حکومەت ومیدیا وخەڵکەوە تا ئەو ڕادەیەی خەڵکی ئیسرائیل لە ڕۆژنامەیەکی ناوداری ئیسرائیلدا دەیانوت: ئێمە شەو ورۆژ لە دوعاو پاڕانەوەین تا خوا ڕژێمی ئەسەد بپارێزێت کە توانیتی بۆ زیاتر لە 40 سال سنوری هاوبەشیان لەگەڵ ئیسرائیل بپارێزێت.

ئەوەی زیاتر ئیسرائیل وئەمریکای ناڕەحەت کردوە ئەوەیە کە ئەو شۆڕشانە گرەویان لە شێوازی قاعیدە بردەوە وسەلماندیان کە جەماوەری ئاسایی لە سەرتاسەری ولاتانی عەرەبی وئیسلامی ئامادەن تا ڕادەی قوربانی دان بە خوێنی خۆیان خەبات بکەن لە دژی ستەم ودیکتاتۆریەت بەڵام بە شێوازە باڵا وڕاقیەکەی شۆڕشە ئاشتی خوازەکان نەک بە شێوازە دڕندانە ودزێو وفەزیعەکانی قاعیدە، خەڵکی ئامادەیە لە تونس ومیسر و لیبیا وسوریا ویەمەن لە خەباتەکانیاندا بکوژرێن بەلام ئامادە نین ببنە بۆمبی ئینتیحاری بۆ کوشتنی تاوانبار وبی تاوانان ویان سوتاندنی تەڕ و وشک بەیەکەوە.

ئەگەرچی قاعیدە توانیویەتی کەسانێکی منداڵ وکاڵفام فریو بدات بە تەبەنا کردنی شێوازە قێزەونەکانی بەڵام گەورەترین نوشوستی هێنا لە ڕاکێشانی جەماوەری گشتی کە ڕاستە بآ دەنگ بوون لە هەمبەر شێوازەکانی ناقۆڵاکانی قاعیدە بەلام بە شۆڕشە سپیەکانیان چاکترین وەڵامیان بە قاعیدە وبن لادن دایەوە وجاڕی هەقیقی مەرگی قاعیدە وبن لادن لە لایەن ئەو جەماوەرە درایەوە بەر لەوەی ئەمریکا جاڕی کوشتنی بن لادن بدات.ئەوەی مێنتاڵیتی ئەمریکا بناسێت دەزانێت کە ئەو زلهێزە هەردەم پیویستی بە دوژمنێکە بۆ بەربەرەکانی کردنی وقاعیدەش چاکترین هاوبەش بوو لەو هاوکێشە ئەمریکیە دا بۆیە لە دەستدانی قاعیدە ئەمریکا ناچار دەکات بە گەڕان بە دوای دوژمنێکی تری هەقیقی یان خەیاڵی ئەوەش کارێکی ئاسان نییە لەو هەلومەرجە جیهانیەدا...

کەوابوو ئەمریکا وەک ئەو کەسایەتیە شەڕانگێژانەی ناو دراماکان ڕەفتار دەکات کە هەندێک جار حەزدەکەن برا وخوشک ومێرد یان بەرە و شێتبوون بەرن یان هەوڵی ڕێگرتن لە چاکبونەوەیان بدەن تا ببن بە میراتگری هەموو سامانەکانیان، ئەمریکا حەزی لێیە جیهانی عەرەب وئیسلام هەر مەشغولی کارە قێزەونەکانی قاعیدە وئەخەواتیها بن نەک بەرەو  گۆڕینی ئاشتیانە و بنیاتنان وژیاری بوون هەنگاو بهاوێژنن، حەز دەکەن عەقڵ هەردەم بە غایب تۆمار بکرێت لە تۆمارگەی ژیانی رۆژانەمان.

بۆیە کوشتنی بن لادن کە دەوترێت بەپێی بەلگەنامەکانی ویکلیکس لە 2008 وە دەزانرێت کە لەوێیە تەنها هەوڵێکە بۆ زیندوو کردنەوەی شێوازی قاعیدە چونکە کوشتنی بن لادن لەو ساتە ڕەمزیەتێکی گەورە دەداتە ڕوداوەکە بەتایبەتی کە بە خۆیان دەڵێن هەتا چەکداریش نەبوە ئینجا فڕێدانی لاشەکەی بۆ ناو دەریاش دارێکی ترە لە شانە زەنگەسورەکە دەدرێت بەڵکو ئەو حاڵەتە نا عەقلانیەی کە دروستی دەکات زاڵ دەبێت بەسەر ئە عەقڵانیەتە شۆڕشگێڕیەی کە زاڵە لەو وڵاتانەی ئێستا شۆڕشی لێدەکرێت وئەوەشی پرۆژەیەکی چاوەڕوانکراوە بۆ شۆڕشکردن.

2011/5/8

# بریڤیک و قاعیدە هەمان ڕێباز و هەمان میکانیزم!

لەو ڕۆژانە بە بڕێکی زۆر لە داخ و گاڵتە و بەزەییەوە دەروانینە دادگایی کردنی ئەندرێس بریڤیک تێیدا چەندین لایەنی هەست وسۆزمان دەجولێنێت، وزەنگی مەترسی لێدەدات بۆمان لە مەترسی ئەگەر هاتوو یەکێکی وەک بریڤیک وهاوویێنەکانی بتوانێت جڵەوی دەسەلات لە وڵاتێک یان چەند وڵاتێک بگرنە دەست. ئەو دادگاییە دیسان لەلایەک مرۆیی یاساکانی ئەوروپامان بۆ دەسەلمێنێت کە بەو سینە فراوانەوە گوێ دەگرێت بۆ کەسێکی دڕندەی مرۆڤ کوژ ورەیسیزم بەو پەڕی ساردی وبێباکیەوە چیرۆکی پیلان دانان وکوشتنی ئەو هەموو گەنجە جوانانە ومرۆڤانە دەگێرێتەوە لە حزوری کەس وکاری قوربانیان وڕزگاربوان، وزۆر نا مرۆییانە تا ئەو ساتەش دەڵێت کە پەشیمان نییە ورزگار بکرێت هەمان شت دوبارە دەکاتەوە وهەموویان دەکوژێتەوە، وپەشیمانە کە زیاتری پێنەکرا!

دەڵێت ئەوانەی لە دوورەوە کوشتبومن کە بەلایان تێدەپەڕیم گولەی ترم لێدەدان نەوەک بە فێڵ خۆیان بە مردوو کردبێت، یان دەگەڕام بە دوایان ودەمگوت وەرنە دەرەوە من ئەفسەری پۆلیسم هاتوم پارێزگاریتان لێبکەم، ئەوانیش لە حەشارگاکانیان یەک بەدوای یەک دەردەهاتن ومنیش دەمکوشتن! زۆربەی ئەوانەی کوشتمن دەست وپێیان لەکار کەوتبو و وەک ئیفلیج بوو چەقیبوون ولەترسانا توانای هەڵاتنیانیش نەبوو هەتا کە گولەشی تەواو بوو تا چوو تەقەمەنیشی هێناو هاتەوەش ئەوان هەر لە جێگای خۆیان چەقی بوون وتا بە ئاسانی گولەی بە سەریانەوە نا! هەروەها گووتی ئەو کارێکی چاکی کردوە نەک نەگریس ودژی فرە فەرهەنگی جەنگاوە ودژی بە ئیسلام کردنی ئەوروپا جەنگاوە "!

من پێموایە کەسێکی وا دزێو و قێزەون لەلای ئێمە ئەو کارە بکات باوەڕ ناکەم سەبری سەعاتێکی لێ بکەین وهەر زوو جەستەیی دەکەینە بێژینگ بە گوللە، وەنەبێ منیش لە لایەنگیری ئەو ڕایە نەبم، بەڕاستی کەسانی وا هەست دەکەم ئازارێکی سەربار بۆ کەس وکاری قوربانیان ورزگاربوان زیاد دەکات، بۆیە چاکترە دەنگی کپ بکرێت نەک وا کورد گوتەنی وەک دابەستی بەخێو بکرێت ووا قۆز دەرکەوێت!

خەڵکی نەرویژ بە ئاشکرا لە میدیاکان گوتیان: ئەوان تێریان خوار وبێزار بوون بە هەواڵی بریڤیک، وچاوەڕوان دەکەن زیندانی بکرێت ونەک بیانووی عەقلی بۆ بدۆزنەوە. من وا هەست دەکەم فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ئێمە زۆر دڵڕەقانە وزیادەڕەوی دەکات لە سزادانی تاوانباران ویان ئەوانەی بە تاوانباری دەزانین وهێشتا ساغیش نەبۆتەوە وەک قایمقامی سلێمانی کە لە دەزگایەکی ڕەسمیدا کوژرا ویان ئەوانەی بە نایاسایی دەکوژرێن ولیژنە بەدناوەکانیان لەسەر بەدواداچون وساغ کردنەوەی تاوانباران دروست دەکرێت

بێ ئەوەی لیژنەیەک ئەنجامێکی پۆزەتیڤی بە دەست هێنا بێت، بەڵکو جاروبار قوربانیەکەش بەدناو دەکەن بە شێوەیەک مناڵیش دەهێنێتە پێکەنین وەک چۆن سەردەشتی جوانە مەرگ کرایە تیرۆرست، کە ئەوە وەک ئەوە بوو بڵێت [کارل مارکس] ئیمامی ئەزهەر بوو!

لە هەمان کاتیشدا هەست دەکەم فەرهەنگی ڕۆژئاواییش لە ڕادەبەدەر نەرم ونیانە لەگەڵ ئەو جۆرە دڕەندانەی وەک برێڤیک هێندە ئاسودە وپۆشتەیە دەڵێی لە زیندانەکەیدا هێندە نازداریان کردوە گاڵتەی بە سزاکان دێت، ودادگا لە یەکەم ڕۆژەوە دەیەوێت جەخت لەسەر باری دەروونی ئەو درندەیە بکات کەچی خودی تاوانبارەکە گاڵتەی پێیان دێت ودەڵێت:" من شێت نیم وبەرپرسیارم لە بەرامبەر تاوانەکەم" لە هەمووی ڕیسوایی تر بۆ قاعیدە ودەستەخوشکانی ئەوە بوو کە برێڤیکی تیرۆرست گووتی: " ئەو زۆر سەرسامە بە شێوازی قاعیدە لە کوشتن وسەربڕینی دوژمنانی ولە لەناوبردنی دوژمنانی!

وپێی وایە: قاعیدە سەرکەوتوترین بزوتنەوەی شۆڕشگێڕییە لە جیهاندا" ... و " من لێکۆڵینەوەم لەسەر هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان کردوە، بەڵام هێچیان وەک قاعیدە سەرکەوتو نین، وئێمە پێویستیمان بە دامەزراندنی نوسخەی ئەوروپی قاعیدەیە!" لە هەمان کاتیشدا دەڵێت کەوا دژی فرە فەرهەنگی ودژی بە ئیسلام کردنی ئەوروپا جەنگاوە؟ !

وەک چەند جاری تر دووبارەم کردۆتەوە: توندڕەوی یەک ئایین و یەک ڕێبازە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا دژبەیەکن، بەڵام توندرەوی ئیسلامی ومەسیحی وڕاسترەوی وچەپڕەوی وهەر توندڕەوێکی تر هەڵگری هەمان پەیام و هەمان میکانیزمی جێبەجێ کردنیانن، ئەگەر وانییە چی وای لە برێڤیک دەکات تا ئەو ڕادەیە سەرسام بێت بە شێوازی قاعیدە وڕێبازی قاعیدە لە کاتێکدا دەڵێت دژی بە ئیسلامبوونی ئەوروپایە؟!

بە ئیسلامبوونی ئەوروپاش ترسێکی ساختە ودەستکردی ڕەیسیزمەکان و ڕەگەزپەرستانی ئەوروپایە، ئیسلامیەکانیش بەوپەڕی ساویلکەیی ئیمێلەکانیان بۆ یەکتری دەنێرن گوایە چەند ساڵێکی تر ئیسلام دەست بەسەر ئەوروپا دادەگرێت؟!

٢٠١٢/٤/٢١

# تیرۆریستی چاو سەوز و قژ زەرد

هەر لە پاش گرتنی بونیادگەرای مەسیحی ڕاستڕەو (ئەندریس بێریڤیک) ی نەرویژی، ئەو تیرۆریستەی بە مودێکی ساردەوە کارە دڕندەکانی ئەنجامدا، ئاهێکی خۆشی بەدڵی هەموو موسڵمانانی جیهان داهات چونکە زۆربەی هەرە زۆری کرداری تیرۆریستی وخوێن ڕشتنی بەناهەق لە پاش 11ی سەپتمبەرەوە وەک مۆرکێکی تایبەت بە نێوچەوانی موسڵمانانەوە نراوە، هەرکە کردارێکی لەو جۆرە ڕودەدات موسڵمانانی ئەوروپا ورۆژئاوا بە گشت دەستیان لەسەر دڵیانە بە هیوای ئەوەی موسڵمان ئەنجامی نەدابێت، ئەو کارە هێندە دوبار بوەوە تاڕادەی ئەوەی نوسەرێکی ناوداری عەرەب لە نوسینێکی دەڵێت : (هەموو تیرۆرستێک موسڵمانە، بەڵام هەموو موسڵمانێک تیرۆریست نییە)

تیرۆریست وتوندڕەوانی بەناو موسڵمان ژیانیان لە هەموو خەڵکی موسلمانی جیهان وموسڵمانانی رۆژئاوا بە تایبەتی تێک داوە بەکردەوە دوور لە دین ومەنتیقەکانیانەوە، نازانم چ دینێک هانت دەدات خەڵکی ناو شەمەندەفەر وترامەکان وپاسەکان بتەقێنیەوە؟ یان منداڵی ناو قوتابخانەی سەرەتایی وخەڵکی بازاڕ ودوکانەکان بکەیتە ئامانج یان فرۆکەی مەدەنی بکەیتە موشەک ولە بینایەکی مەدەنی بدەیت...

ڕاستیەکەشی ئەوە دوەمین ڕوداوی تیرۆرستی گەورەیە کە ئەنجامدەرانی موسڵمان نین یەکەمیان پێش 11ی سەپتەمبەری 2001 کە کردەی تیرۆرستی گەورەی ئۆکلاهۆما سیتی بوو لە 1995کە بوە هۆی کوشتنی 168 کەس وئەو کردارە تیرۆریستەی نەرویژیش 2011 لە پاش 11ی سەپتەمبەر دێت، لە نێوان ئەو دوو کردەیە وگەشەکردنی خیتابی ڕاستڕەوە ڕەگەزپەرستەکان وگروهە تیرۆریستە مەسیحیەکان، لە مەودوا ئەو هەموو تەرکیزە لەسەر توندڕەوی ئیسلامی نامێنێت، چونکە ئەو دوو کردە تیرۆریستەی پێش وپاشی 11ی سەپتەمبەری 2001 سەلماندیان کە تیرۆرست شەرت نییە هەر قژ وچاوی ڕەش بێت بەلکو بۆی هەیە چاوی شین وسەوز وقژی زەرد وبلۆند بێت وەک (ئەندریس بێریڤیک) ی گەورە تیرۆرستی نەرویژی کە روخساری دەڵێی وێنە تەزویر وروخسار ئەوروپیەکانی حەزرەتی مەسیحە.

لە هەمووی سەیرتر ئەو پێکچوونە سەیر وغەریبەی نێوان خیتاب وبیانوەکانی توندڕەوی ئیسلامی ومەسیحییە، بۆیە دەڵێن تیرۆریزم دینی نییە بەڵکو دینی سەرەکیان ئالیاتی بیرکردنەوەی توندڕەوی فیکری ئایینی ودنیەوییە. هەرچەندە ئەو لێکچوونە دەکرێت بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی تێر وتەسەل بێت، بەڵام دەکرێت چەند خاڵێک بە کورتی ئاماژە پێبکەین:

- هەردوو تیرۆریستەکەکان ئیسلامی ومەسیحی خۆیان بەگرێداوی ئاین دەزانن، وهەڵگری خیتابی توندڕەوی ئاینین .

– هەردوو جۆری تیرۆریست لە خاڵی ڕق لێبوونەوەی کەسانی تر دەست پێدەکەن، ئەنجامدەری کارە تیرۆریستەکەی نەرویژ، ئەندریس بێریڤیک لە لێکۆڵینەوە بەراییەکانەوە باسی ڕقی سەرسەختانەی خۆی دەکات لە دژی ئیسلام ومارکسیزم، وخەڵکی مەسیحی گشتی وڵاتەکەی وەک چۆن توندڕەوی ئیسلامیش ڕقی خۆی ناشارێتەوە دژی هەموو ناموسڵمانێک و وموسڵمانانی ناتوندڕەوی وەک ئەوان، واتە ڕقیان لە هەموو جیهانە چونکە هەموو توندڕەوانی جیهان پێکەوە لە دەهەزاریش یەک پێک ناهێنن.

– تیرۆریستەکەی نەرویژ لە وەسیەتەکەی لەسەر یوتیوب داوای کردەی خۆکوژی یان (ئیستیشهادی) بە قەولی خۆیان دەکات لە شوێنەکەوتانی، تیرۆریستی ئیسلامیش هێندە داوای کردەی ئیستیشهادی دەکات تا ڕادەی ئەوەی ئەو کارەی هێندە سوک وڕیسوا کردەوە گوێی لێنیە ئیستیشهادی وخۆکوژە ساویلکەکانی خۆی بۆ پوچترین ئامانج دەنێرێت.

–هەردوو جۆری تیرۆریستی زۆر نامەرد وترسنۆکن دایمەن ئاسانترین ئامانج هەڵدەبژێرن کە هیچ پاسەوانی نییە وەک هۆکانی گواستنەوەی گشتی یان قوتابخانەکان یان بازاڕەکان یان شوێنی عیبادەت یان ناو هۆڵی تازیە وسەرەخۆشی!!

ئەوەش لەبەر دوو هۆ یەکەم وەک گوتمان ئامانجی ئاسان وگونجاون بۆ ترسنۆکەکان ودوەمیان تا زەمانەتی کوشتنی زۆرترین کەسی بێ گوناە ومەدەنی بکەن، وەک تیرۆریستەکەی نەرویژ لە لێکۆڵینەوەکان گوتی : "چاکترە خەڵکێکی زۆر بکوژیت نەک ژمارەیەکی کەم!!"

–هەردوو جۆری تیرۆریستەکان ئیسلامی ومەسیحی زۆر دژایەتی ڕۆشنبیران دەکەن ودژی فرەفەرهەنگین multiculturism وباوەڕیان تەنها بە سڕینەوەی ئەوانی ترە نەک یەکتر قبوڵ کردن وهەڵکردن ویەکتر خوێندنەوە. تیرۆریستەکەی نەرویژ لە یەکێک لە هەڕەشەکانی ڕۆشنبیر ونوخبەی فرەفەرهەنگی دەکاتە ئامانج وهەڕەشەی کوشتنی یەکە یەکەیان دەکات، سەرەڕای موسڵمانان ومارکسیستەکان!

ئەوەش ڕقێکی سروشتییە چونکە خاوەن ئایدیۆلۆژیا توندڕەوکان دەزانن تەنها کەسانێک توانای هەڵوەشاندنەوەی خیتابی تەندڕەوانەی ئەوانی هەبێت ئەوە ڕۆشنبیرانن وئەو کەسانەن باوەڕیان بە هاوژیانی ویەکتر قبوڵ کردن وخوێندنەوەی یەکتر هەیە، ئەو پرنسیپانەی کە لە نەبونیاندا خودی ژیان مانای نامێنێت، ئەو پرنسیپانەی کە تێکڕای تیرۆریستان وتوندڕەوان لە یەمینەوە بۆ یەسار ولە ئیسلامەوە بۆ مەسیحیەت ویەهودیەت وبودابیەت و لە ئاینیەوە بۆ عەلمانیەت باوەڕیان پێیان نییە.

# دەستی تیرۆرستی دەبەنگ نەگرین بە دەردی مەملەکەتی خوارەزم دەچین!

ئەمرۆ لە جیهاندا زۆر هێزی دەوڵەتی و ڕێکخراوەیی کاری کوشتن و کاوڵکردن دەکەن لە ژێر لافیتەی هەر ناوێک بێت، بەڵام کەم هێز هەیە وەک هێزی ئیسلامی جیهادی لوتکەی هونەر بنوێنێت لە کوشتن و نامرۆیی و کاولکاریدا، بەبێ ئەوەی یەک بیانووش بهێنێتەوە. ئەمریکا کاتێ ڕۆکێتێک دەنێت بە خەڵکی مەدەنی، دەیان و سەدان پۆزش دەهێنێتەوە، کە ئەو هەڵەی کردوە، جارێکی تر هەوڵ دەدەن دووبارە نەبێتەوە .

بەڵام دەبەنگەکانی قاعیدە و داعش و نوسرە و بۆکۆ حەڕام بە هیچ جۆرێک نازانن شتێک هەیە بە ناوی داوای لێبوردن لە کافران! ئەگەر ئیبن تەیمیەی مامۆستایان بڵێت کافر هەتا مافی نان خواردنی نییە لە دنیا چونکە خوا دەڵێت :(یا أیها الناس کلوا مما فی الارض حلالا طیبا) کافریش حەلالی بۆ ڕەوا نیە، کەوابوو مافی خواردنی نییە! ئەمرۆ سەلەفیەتی جیهادی لە سەرتاسەری جیهان کاری بۆتە بەدناوکردنی موسڵمانان و دزێوکردنیان لەبەردەم خەڵکی جیهان، گومان خستنە سەریان لە هەر کوێیەک بن .

هەزاران موسڵمان لەسەراسەری ئەو جیهانە ئەو باجەی بەدناوکردنی ئەوان دەدەن بە جۆرەها شێوە! وروژاندنی جیهان و ناحەزان، چیرۆکێکی دەبەنگانەمی بیر خستەوە کە کاتی خۆی لە مێژوو ڕوویداوە لە نێوان شاە عەلائەدینی شاە خوارزم و جەنگیزخانی پاشای تەتارەکان، کە وای وروژاندن لە ئەنجامدا بوە هۆی لە نێوبردنی ولاتی خۆیی و خەلافەتی عەباسیش. عەلائەدینی شاە خوارزم پاشای مەملەکەتی خوارەزم بوو، کە لە مەزنی و پێشکەوتوویدا زۆر لە خەلافەتی عەباسیش مەزنتر و بەهێزتر بوو، سوپاکەی لە سوپای تەتارەکانی هاوسێشی بەهێزتر بوون !

جەنگیزخان ریزی لە ئازادی ئایینی موسڵمانان و هەر دینێک دەگرت لە وڵاتەکەی، لە ساڵی ٦١٥ هـ لەگەڵ سێ بازرگانی موسڵمان دیاریەکی گران بەهای نارد بۆ عەلائەدین شاە خوارزم بۆ بنیاتنانی پەیوەندی سیاسی و بازرگانی، عەلائەدین شاە خوارزم وەڵامی دایەوە بە ناردنی دیاری، بەڵام وادیارە لە خۆی بوغرا بوو کە چۆن جەنگیزخان دەستپێشخەری کرد لە ناردنی دیاریەکان! لە هەمان ئەو ساڵەدا والی عەلائەدین شاە خوارزم لەسەر شاری ئەترار [یەنال خان]، کاتی خۆی زیانمەند ببوو لەسەر دەستی جەنگیزخان، بەدوای هەلێک دەگەرا بۆ تۆڵە سەندنەوە. کاتێ بازرگانەکانی تەتەر گەیشتنە شارەکەی کە ژمارەیان ٤٠٠ کەس دەبوو، یەکسەر گرتنی و دەستی بەسەر هەموو پارەو و تفاقی داگرتن، هەواڵی نارد بۆ عەلائەدین شاە خوارزم کە ئەوانە سیخوڕن !

ئەویش لە دەبەنگی خۆی گووتی بیانکوژن، و هەموویان کوشتن! کە جەنگیزخان بەو هەواڵەی زانی، تەنها داوای دانەدەستی والیەکەی ئەتراری کرد، زانی لە ژوور سەری ئەوە، بەڵام لەبەر هەڵەشەیی و بوغرایی عەلائەدین شاه خوارزم نەک هەوڵی هێورکردنەوەی بارە گرژەکەی نەدا، بەڵکو پەیامهێنەرەکەی جەنگیزخانیشی کوشت، کە ئەوەش لە عورفی نێوان دەوڵەتەکان مانای جاڕدانی دوژمنایەتی وجەنگ دێت!

ئەوەش بوە هۆی زۆر توڕەبوونی جەنگیزخان، بەڵام عەلائەدین شاه خوارزم بەوەندە دەبەنگیەش بەسی نەکرد، بەڵکو ئەو سوپای خۆی ئامادەکرد و هێرشی کردە سەر دەوڵەتی تەتار، کە لە ئانی هێرشەکەدا جەنگیزخان سەرقاڵی شەڕێکی دوور لە ئاوەدانی خۆیان بوون لە دژی پاشایەکی چین، بۆیە سوپای علاء الدین شاه خوارزم کە جگە لە منداڵ و ژنی زیاتر نەدیت لە شارەکە، ئەو منداڵ و ژنانەی تەتاری بە کۆیلە برد!

دوایێ تەنها لەشکرێکی سوپای جەنگیزخان کە گەرانەوە بە باسەکەیان زانی، سەرەرای بچوکی ژمارەیان لەبەراوردا لەگەڵ سوپای عەلائەدین شاه خوارزم، بەڵام توانییان سێ ڕۆژی تەواو شەڕی تەواوی سوپای خوارەزم بکەن و هیلاکیان بکەن، بۆیە شەڕی بێ وێنەی ئەو لەشکرەی تەتار ترسێکی زۆری خستە دڵی عەلائەدین شاه خوارزم، زانی ڕۆژانێکی ڕەش چاوەڕوانی دەکات! لە ساڵی ٦١٦ جەنگیزخان و کوڕەکانی سوپایان دابەش کردە سەر چوار لەشکر، هەر یەکەی هێرشی کردە سەر بەشێک لە مەملەکەتی مەزنی خوارەزم، وەک ڕەشەبایەکی ڕوخێنەری هەڵتەکێنەر ئەو شار و شارستانیەی بوخارا و سەمەرقەندیان یەک بە دوای یەک وردووخاش کرد، سەدان هەزار کەسیان کوشت مزگەوتێکیان بە پێوە نەهێشت!

ئەو مەملەکەتەی کە خەلافەتی عەباسیشی لە ژێر دەست بوو، لە هێز و توانای دا بوغرا ببوو، خودی جەنگیزخان مەرایی بۆی دەکرد، لەبەر سەرەڕۆیی منداڵکارانەی وای لێهات لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە کەلاوەیەکی بێ گیان!هەتا دایک و ژنی و منداڵەکانی علاو الدین شاه خوارزم کەوتنە ژێر دەستیی جەنگیزخان کە نێرینەکانی کوشتن و مێینەکانی دابەش کردە سەر سوپاکەی و کوڕەکانی!

ئەوەی سەلەفیەتی جیهادی دەیکات لەو کوشت و کوشتار وسەربرینەی خەڵک و ڤیدیۆکردن و ئەرشیفکردنی هەموو تاوانەکانیان، هەموو جیهانی لێ وروژاندوون، بەڵام جارێ ٩٩% زیانەکانیان بۆ گیانی خودی موسڵمانانە بۆیە جارێ تورەیەکی سەرتاسەری جیهان لە دژیاندا دروست نەبوە! بەڵام کاتێ ئەو دەستدرێژیانەیان گەیشتە وڵاتانێکی غەیری ئیسلام، بە دووری مەزانە، ئەنجامی کاری ئەو منداڵکارانە لەناوبردنی هەموو جیهانی ئیسلامی لێ بکەوێتەوە !

بۆ نموونە ئەگەر توانیان دەست بەسەر زۆربەی وڵاتە موسڵمانەکان بگرن، چەکێکی کۆکوژیان کەوتە دەست، کە ئێستا ڕاپۆرتی زۆر هەیە لەسەر توانای کیمیاوی و بایۆلۆژیان، و توانییان بەکاری بهێنن لەدژی وڵاتانیتر، و هەزاران قوربانی لێ کەوتەوە! ئەگەر زاڵبوون بەسەریشیان ئاسا نەبوو بە شەڕێکی تەقلیدی، ئەگەر هەر بەردەوام بوون لە دوژمنکاری و ریسکی منداڵانە، بۆ بە دووری دەزانیت کە وڵاتانی بە توانای تەکنۆلۆژیای چەک و سەربازی بە چەکی کۆکوژی ئەتۆمی و کیمیاوی و هایدرۆجینی لێیان دەن، کە وەک کارەساتەکەی مەملەکەتی خوارەزم ببێتە هۆی کوشتنی سەدان هەزار خەڵکی بێ تاوان، و لەناوچوونی دەیەها وسەدەها وڵات.

تۆ بڕوانە بە سەربڕینی ئەو چەند ڕۆژنامە نووسە ئەوروپاییە و ئەمریکاییانە، و هێرشەکەی شارلی هیبدۆی فەرەنسا، چۆن خەڵکی ئەو وڵاتانەی وروژاندوە، و کاردانەوی خراپیان پەیدا بوە لەدژی خودی ئیسلام و موسڵمانان.

ئەی ئەگەر خوانەخواستە توانیان چەندین کردەی تیرۆرستی گەورەی وەک ١١ی سەپتەمبەر و گەورەتر ئەنجامدەن، دەبیت کاردانەوەی زلهێزەکانی خاوە هەموو چەکێکی کوشندە دەبێت چی بێت؟! چۆن منداڵی لاسار ئەگەر دەستی نەگریت و سزای نەدەیت ڕۆژانە شەڕت بۆ پەیدا دەکات و مەترسیەکی بەردەوام دەبێت بۆ بوونت لە شوێنێکدا، بە هەمان شێوە توندرەوی و تیرۆرستی ئایینی کاری یەکەمی موسڵمانانە ڕێگای پی بگرن و دەستی ببڕن، دەنا ئەو ئومەتە لەبەر ڕەزا قورسبوونی و ترسناکی بە دەردی مەملەکەتی خوارەزم دەچێت!

خەندان 06-05-2015

## بەشی هەشتەمم

**ئیسلامی سیاسی و دیموکراسیەت**


- حوکمی دینی و دیموکراسیەت قەت کۆ نابنەوە! ........................................................................ **296**
- بەڵام هەموو دیموکراسیەتێک عەلمانیە و هەموو تیۆکراتیەک نا دیموکراسیە ...................... **298**
- **جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ............................ 301**
- **شەرعیەتی حزبی ئیسلامی! ....................................................................................... 319**
- موعجیزەی مانەوەی ئیسلام! ........................................................................................ **320**
- موسڵمان ودیموکراتیەت لە ڕوانگەی مصطفی محمود ........................................................... 322
- **کۆیلایەتی لە ئیسلام نکوڵی لێ دەکرێت؟! ................................................................... 323**
- **ئێوە هێندە دژی گەندەڵی نین هێندەی دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین! ............................ 325**
- **بکوژە نەخۆشەکەی پەرلەمانتارە بەریتانیەکە و نەخۆشەکانی ئیسلامیستان! ...................... 328**
- **سیستمی سێکیولاری دیموکرات دینیشت دەپارێزێت! ........................................................ 330**
- هەڵبژێرە لەنێوان سێکیولارێکی گەندەڵ یان داعشێکی دەست پاک ...................................... **332**

## حوکمی دینی و دیموکراسیەت قەت کۆ نابنەوە!

کوردستان و هەر وڵاتێک بیەوێت بە ئاسوودەیی بژیت، دەبێت پەیڕەو لە دموکراسیەتێکی هەقیقی بکات، وئاینیش بکاتە کارێکی تایبەت بە تاک و هیچ دەسەڵاتێکی جەمعی کۆمەڵی پێ نەدرێت. ئەو وڵاتانەی کە ئێستا وەک مرۆڤ لە بەهەشتی دنیا دەژین، ئەو وڵاتانەیە کە کەس بۆی نییە موحاسەبەی کەس بکات لەسەر بیروباوەڕ و پیروڕا وچی لەبەر دەکەیت و چی دەپەرستیت و چی دەخۆیەوە.هتد.

کۆمەڵگا بێ نیفاقەکان لەوێن، لەو وڵاتانە ئاین کارێکی تایبەتە بە تاکەکان و دیموکراسیەت چەترێکە بۆ هەموو کۆمەڵگا. بەڵام لەو وڵاتانەی ئاین دەسەپێنرێتە سەر فەزای گشتی و دەست دەخاتە ناو هەموو شتێک، بە خۆشی و بە ترشی، ئەوە بە شێوەیەکی تۆماتیکی دیموکراسی لەوێ بار دەکات، چونکە حوکمی دینی و دیموکراسیەت قەت کۆ نابنەوە، با ئەو حوکمە دینیە لەسەر دەستی خودی پێغەمبەریش بێت.

بینیمان کە ئاین لە سەردەمی مەککی دا دەسەڵاتی نەبوو، چەند وتارێکی نەرم ونیان و مرۆییانەی گرتبوە بەر، لە ژێر دەسەڵاتی قورەیش. هەرچەندە قورەیشیەکان سنگیان فراوان بوو بۆ فرەدینی، بە مەرجێک داوای خۆسەپاندن نەکات، بەڵام کە دیتیان ئیسلام داوای موسڵمان بوون و یان شەڕیان لێدەکات، وبیروباوەڕیان لێ قبوڵ ناکات، دەستیان دایە چەوساندنەوەی موسڵمانان! چونکە دەیانزانی موسڵمان کە دەسەڵات وهێزی پەیدا کرد لێیان بێ دەنگ نابێت!

سەرەڕای ئەو هەموو وەسفکردنەی عەرەب بە جاهیلیەت، بەڵام جۆرێک لە دیموکراسیەت بۆ هەموان هەبوو لە مەکەدا، سەدان خوداوەند و دین و ئۆل لە مەککەدا هەبوون. وموسڵمانیش ئەوسا دەیانگووت: لکم دینکم و لی دین، بۆیە یەک تاقە موونافیقێکیش نەبوو، بەڵام کە پایەی هێز و دەوڵەت لە مەدینە دامەزرا، ئەو عەرەبانەی کە تێکڕای مێژووی خۆیان نەیاندەزانی نیفاق و دووڕوویی چیە، لایەکیان ببوونە موونافیق ودوو ڕووی سیاسی بەر لە دینی، وەک دیتمان چۆن قورئانیش بەو دیاردەیەی موونافیقان سەرقاڵ بوو سورەتێکی تایبەتی لەسەر دابەزاندن، جگە لە ئایەتەکانی تری پەیوەندار لێرە ولەوێ!

من گەیشتومەتە قەناعەتێک لە ڕێگای خوێندنەوەم لە دین و مێژوودا کە ئەو کۆمەڵگایانەی وەسف دەکرێن بە موشریک و نا تەوحیدی، هەردەم قابیلی گەیشتنن بەدیموکراسیەت خێراتر، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی مەحکومن بە تەوحید ودیانەتی تەوحیدی قەت هیوای ئەوەت پێ نەبێت بیر لە دیموکراسیەت بکەیتەوە تێیدا، بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی دیاناتی تەوحیدی وەک جوواتی ومەسیحی و ئیسلامن، سێ دیانەتە ئیبراهیمیەکە، ئەگەر بیانەوێت لە تەنگژەی دینی وکۆمەڵایەتی وتایفی ڕزگاریان بێت، نابێت قەت ڕێگا بدەن بە دینەکان

دەست بخەنە ناو سیاسەت وحوکم، دەنا گەورەترین کارەساتیان لیدەکەوێتەوە. ئەوەشی دەڵێت ئیسرائیل دەوڵەتیکی دینییە ڕاست ناکات، چونکە ئەگەر ئەو هێزە ئەتۆمیە گەورەیەی ئیسرائیل لە دەست جووە توندڕەوە ئەرتۆدۆکسیەکان با ئیستا دەمێک بوو، نیوەی عەرەبیان لەناو بردبوو .ڕاستە هەندێک لە مەقولاتی تەوراتیان تەوزیف کرد و سوودیان لێ وەرگرت بۆ کۆکردنەوەی جووەکان و پڕۆژەی بە نەتەوەبوون، بەڵام هێشتا سیکیولارەکان ئیسرائیل حوکم دەکەن، ئەگەر دیندارە توندڕەوە ئەرتۆدۆکسەکان بێنە سەر حوکم، ئەو کات دەبێت ئومەی عەرەبی دوعا بۆ سێکیولارەکانی ئیسرائیل بکات.

٢٠١٧/٤/١٤

## بەڵام هەموو دیموکراسیەتێک عەلمانیە و
## هەموو تیۆکراتیەک نا دیموکراسیە

کاک مەریوان وریا قانع بابەتێکی نووسیوە بە ناوی: قیرەقیرِی عەلمانیەت و دین لە کوردستاندا! تیایدا هەردوو لایەنی ئەو قیرەقیرە، ئیسلامیەکان و عەلمانیەکان تاوانبار دەکات بە تێ نەگەیشتن لە عەلمانیەت و دیموکراسیەت! لە سەرەتادا دەڵێت: "ئەمڕۆ دووجۆر قیرەقیر و نەڕەنەڕ لە دونیای ئێمەدا بە ئاشکرا دەبیستین: یەکەمیان هی ئەو مەلا و خوێندەوار و هێزە ئیسلامییانەیە کە عەلمانیەت وەک شتێکی گڵاو و قێزەون و بەدڕەوشت وێنادەکەن و لەشکرێک گەنجیان لەسەر ئەم ڕوانینە ترسناکە ڕاهێناوە و ئەوەیان لەمێشکدا چەسپاندون کە ئیسلام چارەسەری هەموو کێشەکانەو دەرەوەی ئیسلامیش بیابانێکی فیکریی و ئەخلاقیی و سیاسیی کاکی بە کاکییە .

دووهەمیان، برێک لەو خوێندەوار و ڕۆشنبیر و چالاکەوان و ناوەندە عەلمانیانەن کە بەسادەیەکی ترسناکەوە عەلمانیەت بە هەموو دیاردە و دەسکەوت و بەها گرنگ و ئینسانیی و یەکسانخواز و مافپەرستەکانی ناو دونیای مۆدێرن، یەکساندەکەن ".

حاڵەتەکە ڕاستە، ئەو دوو دەستەیە خەریکی ئەو شەڕە فیکری و ئایدیۆلۆژیەن، بەڵام کێشەی ئەو تەسنیف و پۆلێن کردنە لەوەدایە، کە کاک مەریوان هاوسەنگیەک ناکات لە نێوان مەترسی هەر لایەک لە هەردوو لایەکە. و بە کورتی دەڵێت هەردووکتان یەکسانن و خراپن! منیش دژی وتاری هەڵچوو و پڕ لە قیرەقیرِی مەلا وبانگخوازە ئیسلامیەکان و بەشێک لە سیکیولارستە سەرەڕۆکانم، کە زۆر جار بە نەزانیەوە زیاتر بەرەی توندڕەوی دینی بە لێدوانێکی نا بەرپرسانە بەهێزتر دەکەن! بەڵام ئەوەی کە کاک مەریوان چاوی لێ پۆشیوە ئەوەیە، جارێ دەبوایە وەڵامێکی یەکلاییکەرەوەی دابایەوە بۆ ئەو جەماوەرە دینیەی کەوا تێگەیەندراوە عەلمانیەت یانی هاوڕەگەزبازی و بێ ڕەوشتی و کوفر وئیلحاد، ئینجا بهاتبایە سەر باسەکانیتر.

نەک هیوایەکی زائیف وساختە ببەخشێت بە پشتگیری کەرانی ئایدیۆلۆژی دینی، کە دەکرێت دیموکراسیەت لەسەر دەستی دیندارە ئایدیۆلۆژیەکان دابمەزرێت! ئەگەر سەرنج بدەینە ڕژێمە دینیەکان لەوەتی شتێک هەیە بە ناوی دیموکراسیەت، هیچ ڕژێمێکی سروشت دینی، دیموکراسیەتی لێ شین نەبووە و نابێت، چونکە سروشتی دینی ئەحکامەکان وایە، و جیاوازیەکان زۆر گەورەن لە نێوان ئیماندار و بێ ئیمانەکان، هیچ یەکسانیەک نییە لە نێو ئەو دوو جۆرە، ئەوە ئەگەر لێبگەڕێن جیاوازی هەبێت، یان کەسانێکی جیاواز هەبن! لە هەموو مێژووی دنیای هاوچەرخ بخوێنینەوە دەزانین ڕژێمی دیموکراسی هەردەم دووانە بوە لەگەڵ سیکیولاریزم، بۆیە ڕاستە گەر بڵێین هەموو ڕژێمێکی دیموکراسی عەلمانیە، بەڵام هەموو عەلمانیەتێکیش

دیموکراسی نییە! بەڵام بێگومانەوە دەڵێین هەموو ڕژێمێکی دینی یان تیۆکراتی نا دیموکراسیە و نا عەلمانیشە.

من دەتوانم نمونە بە سەدان ڕژێمی دیموکراسی بهێنمەوە کە عەلمانیەت بنەماکەیەتی، بەڵام خۆزگە کاک مەریوان تەنها یەک نمونەی ڕژێمێکی دینی و تیۆکراتی دەهێنایەوە کە دیموکراتیەتی لێ شین بوو بێت؟! ئەگەر زۆریش بیر کاتەوە لەوانەیە هەر ڕژێمە نیمچە دیموکراتیەکەی ئەردۆگانی بێتە خەیاڵ، کە ئەویش ڕژێمێکی تەواو عەلمانیە، بە دانپێهێنانی خودی گول و ئەردۆگان وداود ئۆغلۆ، تەنها باگراوندی سەرکردەکانی ئاکەپە ئیسلامیە وکاتی خۆی سەر بە ئەربەکان بوون!

بەڵام کەزانیان حزبێکی ئیسلامی ناتوانێت بە ناوی جێبەجێکردنی شەریعەت و فەرزکردنی ڕوئیای دینی ببێتە دەسەڵاتدار لە تورکیای کە لە حیمایەتی سوپایەکی کەمالی عەلمانی بەهێز بوو، یاریەکەیان گۆڕی، حزبێکی دیموکراتی نیمچە موحافیزکاریان دروست کرد، هێندە دیموکراتی لە زاهیر هەموو جامخانەکانی لەشفرۆشیشیان لە تورکیا پێ قبوڵ کرا، و بە ئاشکرا مافی هاوڕەگەزبازان تیایدا رۆژانە زیاد دەکات، کە ئەوانە لە رژێمێکی ئیسلامیدا هەمووی رەجم دەکرێن و دەکوژرێن، لە چاکترین حاڵەتدا جەڵدە وشەلاقیان لێدەدرێت و زیندانی دەکرێن!

کەوابوو نمونەکەی ئەردۆگانیش ئیسلامی نییە، هەرچەندە لەبەر پاشماوەی ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیەتی دینی ئەمرۆ بە ئاشکرا دەستی تێکەڵ کردوە لەگەڵ فاشیسترین هێزی ئیسلامی داعش، لە ڕێگای نافەرمیەوە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت خراونەتە خزمەت بە هێزکردنی هێزە ئیسلامیەکان، کە لە بۆسەدان بۆ گۆڕینی رووی دیموکراتی و عەلمانیەتی تورکیا! ئەوانەی دەچنە تورکیا لە نزیکەوە ئەو هەڵگەڕانەوەیە شارستانیە دەبینێت بەرەو فاشیزمیەتی دینی! و لە پێناو کوشتنی کورد ودیموکراتیەت! چونکە هەر وڵاتێک کوردی تێدا کوژرا، دیموکراتیەتیش پێش وەخت کوژراوە.

کاک مەریوان دەڵێت بیست ساڵە دژایەتی هەر دوو دیدی دینی و عەلمانی پەرگیر دەکات، منیش دژایەتی پەڕگیری دەکەم لەهەر لایەک بێت، بەڵام دەشزانم چۆن هاوسەنگی بکەم لە نێوانیان، وکامیان لە ڕووی ڕوحیەوە و دەروونیەوە نزیکترە لە دیموکراتیەت! من ناچم وەهمی دینداران فوو تێبکەم کە دەتوانن دیموکراتیەت بنیات بنێن لە رێگای ڕژێمێکی دینیەوە وەک کاک مەریوان دەڵێت: " دەکرێت هێزی دینیش هەبێت باوەڕی پتەوی بە دیموکراسیەت و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕێزگرتنی مافە بنەڕەتییەکانی ئینسان و مافی یەکسانی گروپە جیاوازەکان، هەبێت."!

بەڕای من کە دیندارە ئایدیۆلۆژیەکان توانای ئەوەیان هەبێت ببنە ئەو دیموکراتخوازانە، ئەوە دەبێت نیوەی تێکستە پیرۆز و موقەدەسەکان لە قودسیەت داماڵن، یان حەلێکی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی تەجمیدی بکەن و لەکاری بخەن!

ڕاستە کاک مەریوان دەڵێت: " بەڵام ئەم گەنجانەی دین و دیموکراسییەت گونجانیکی بێمەرج و خۆبەخۆ نییە، دین بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێک لە سیستمی دیموکراسی دەبێت واز لە یەکێک لە تەماحە گەورەکانی بهێنێت، تەماحی ئەوەی هەقیقەتەکانی خۆی وەک هەقیقەتی موتڵەق بخاتە ناو فەزای گشتیی کۆمەڵگاوە ".باشە چۆن مرۆڤی دیندار واز لە هەقیقەتی خۆی دەهێنێت کە لای ئەو موتڵەقە، چما ئەو قەولێکی بوخاری وموسلم، ناڵیین خوا و پێغەمبەر بە ئەقوالی هەموو زانایانی جیهان دەگۆڕێتەوە؟! تۆ سەرنجی ئەو زەردەخەنەیەی پڕ لە متمانەی موتڵەقی سەرلیوی دیندارانت نەداوە کە گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ کەسێکی نا ئیماندار یان عەلمانی و لادەر؟ !

چۆن تەسەور دەکەیت بگاتە ئەو ئاستەی کوردێکی نا موسڵمان، یان عەلمانی بۆ نمونە ببێتە سەرۆکی یان تەنها ڕێی پێبدات خۆی کاندید کات لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی دینیدا؟! ئەوەی تۆ ناوی دەنییت قیرە قیڕ شەڕی گۆڕەپانێکە، کە زۆری وەک ئێوە کارامانە نەتان کردوە، لە جیاتی مێژووی واقیعی هەردوو بەرەکە بخوێنیتەوە و دەیان تیۆر و گریمانەت هێناوە کە نە هەموو عەلمانیەک دیموکراسیە و نە هەموو دینیەک نا دیموکراسیە! نا بەڕێزم هەموو ڕژێمێکی دیموکراسی لە واقیعدا عەلمانیە، ڕاستە جیاوازی هەیە لە نێوان جۆری عەلمانیەکان، بەڵام گوومانم لەوە نییە کە هەموو ڕژێمێکی دینی وتیۆکراتی نادیموکراسیە.

لە نێوان ئەو ئەوپەڕی فاشیەت وبەربەریەتدا بۆ ئەوپەڕی دیکتاتۆریەتی مەلاکاندا، چاوێک بە دەوڵەتی داعش و سعودیە و ئێران و تاڵیبان بخشێنیت دەزانیت ناکرێت هیچ ڕژێمێکی دینی دیموکراتی بێت، چەندە خەیاڵیشمان فراوان بێت، چونکە ئەو بیرمەند و زانا ڕیفۆرمخوازانەیشی کە هەڵدەکەون لەناو بواری دینی ڕیفۆرم دەکەن، بۆ دەربازکردنی دین لە تەنگژە تەشریعیەکانی، زۆربەیان دەکەونە بەر هێرشی توندرەوانی کە خەڵک لەوەدەچێت بە خاوەنی هەقیقی دینەکەیان بزانن، چونکە خەلکە ئاساییەکەش ئەوەندەی گوێ بۆ ابن باز و ابن تیمیە دەگرن، بە یەک لە سەدا گوێ بۆ نجم الدین الخوفی و محمد شحرور ناگرن، ئەو خەڵکەی گوێ بۆ حسن البنا دەگرن، سەدایەکی ئەو ژمارەیە گوێ بۆ جمال البنا ی برای ناگرن، کە پرۆژەیەکی سەرتاسەری هەیە بۆ ڕزگار کردنی دین لە تەنگژەکانی سەردەم و ئاشتکردنەوەی بە ڕوحی سەردەم. من چانسی دیموکراتی بوونی هێزێکی دینی دەستگرتوو بە هەموو تێکستەکاندا بە فەهمی تەقلیدی و ئەئیمەی سەلەف، وەک چانسی سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکی هەستیار و ترسناکی نەخۆشێک دەبینم، کە ڕێژەی سەرکەوتنی لە سەدا پێنجە[31].

[31] خەندان 26-07-2015

# جەلالەدینی ئەکبەر

## دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!

پەیوەندی نێوان چەمکەکانی سێکیولاریزم و ئەزموونە مێژوویەکانی ئیسلام زۆر تێکچڕژاو و ئاڵۆزە. زۆر ئاماژە و کاری مێژوویی لە ئیسلامدا دەڵێن ئەگەر لەبەر هەندێ هۆکاری دەرەکی و بابەتی نەبا دوور نەبوو ئیسلام و دەوڵەتی موسڵمانان بەر لە خۆرئاواش بە سێکیولاریزم گەیشتبا. ئەوە باسێکی هەستیارە پێویستی بە بابەتێکی سەربەخۆ هەیە، بەڵام لێرەدا باسی ئەزموونێکی ئیسلامی دەکەین بەر لە ٤٥٠ ساڵێک کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی هەموو دیانەتەکان پێش ئەزموونی ئەوروپای خۆرئاواییش کەوتبوەوە، دەتوانم بڵێم خاوەنی ئەو ئەزموونە جەلالەدینی ئەکبەر داهێنەری چەمکی سێکیولاری هاوڵاتیبوونە پێش جیهانی خۆرئاواش!

جەلالودین محمد ئەکبەر [١٥٥٦ – ١٦٠٥] یەکێکە لەو سوڵتانانەی مەغۆل کە حوکمی هیندی کۆنی کردوە واتە هیندستان و پاکستان و بەنگلادیشی ئێستا، لە باوکێکی سونی و دایکێکی شیعی لە دایک بووە، ژیانی منالی دوور لە باوکی [هومایۆن] بەسەر بردوە، کە لە قەندەهار لەگەڵ دایکی بەجێی هێشت و ڕایکرد بۆ ئێران. دوایی پاش سیزدە ساڵ کە باوکی لە ئێرانەوە گەڕایەوە بە یارمەتی سەفەویەکانی ئێران توانی حوکمی هیندستان بگرێتەوە دەست، جلال الدين اكبرى كرده والى پونجاب، کاتێ کۆچی دواییشی کرد، جەلالەدین بوە سوڵتانی هەموو هیندستان لە تەمەنی ١٤ساڵیدا، ماوەیەک لە ژێر چاودێری بەیرەم خانی وەزیر و هاوڕێ و ڕاوێژکاری نزیکی باوکی مایەوە، بەڵام ئەو وەزیرە لادرا لەبەر دەمارگرژی بۆ شیعەکان لە ١٥٦٠، چونکە ژنانی کۆشک بە تایبەتی دایکی لێی ڕازی نەبوو، و ئەکبەریش هەر بە سروشت دژی هەموو جۆرێ دەمارگرژی دینی و مەزهەبی بوو. دوایی کەوتە ژێر چاودێری دایکی و دایەنی بۆ ماوەیەک تا ساڵی ١٥٦٢ هەموو دەسەڵاتی لە دەستی خۆی گرت.

جەلالەدینی ئەکبەر دەیسەلمێنێ کە مرۆڤ هەتا نەخوێندەواریش بێ وەک ئەو، نەوەی شەشەمی جەنگیزخان و هۆلاکۆش بێ، ئەگەر لە ناخیدا ویستی چاکەکاری هەبێت، و لە مێشکیدا عەقڵێکی ناوازە وخێرخوا هەبێت، بۆی هەیە موعجیزەیەک لە ژیان دروست بکات بە هەزاران خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا و فەیلەسوف و سیاسی نەکرێ! شێخ زایدی ئیماراتیش نمونەیەکی نزیک و زیندوە، کە چۆن بەو نەخوێندەوارییەوە توانی ئەو ئیماراتە سەحرایە بکاتە ئەو بەهەشتەی کە هەتا خۆرئاواییەکان ئاواتیان سەردانی کردنیەتی!

ئەو پیاوە مەزنە ژیانی بە دوو قۆناغ تێپەڕ دەبێ: یەکەمیان وەک هەر موسڵمانێکی سونی سۆفی زۆر پابەند بە عیبادات و گوێرایەڵی مەلا وزانایانی دینی بە تایبەتی مەشرەب سۆفیەکان، هەتا شێخێکی سەرەکی و گەورەی خۆی هەبوو بەناوی شێخ «سليم بن بهاء الدين السيكوري» لە خۆشەویستی ئەو شێخەدا کوڕی خۆی بەناوی سەلیم کرد! لەو ماوەیەدا زۆر بە توندی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر هەموو ئەو خاکانەی ژێردەستی جێبەجێ دەکرد! ئەو ماوەیە بەردەوام بوو تا تەمەنی ٣٢ ساڵی ئەکبەر!

لە قۆناغی دووەمدا دیارە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ خەڵکی هیندستان بەو هەموو دین و ئۆل و مەزهەبانەوە بە شەریعەتی ئیسلام حوکم بکات، کە سەرەڕای جزیە وسەرانە وەرگرتنی لە هیندۆسەکان کە زۆربەی خەڵکی هیند بوون، هەتا باجی سەردانی پەرستگاو و حەجی هیندۆسیشیان لی وەردەگرتن!

لەو ماوەیە نوێیەدا، جەلالەدینی ئەکبەر دەورەی خۆی بە مرۆڤی زیرەک وزانا و ئەدیب و فەقیهی حەکیم و نووسەر، موزیکناس و نیگارکێش و وەرگێڕ دەورە دابوو، هەزاران کتێب ودەستنووسی زانستی لە کۆشکەکەی کۆکردەوە، سەدان کتێبی وەرگێڕا لە زمانەکانی هیندی و لاتینی بۆ فارسی، کە زمانی فەرمی ئیمپراتۆریەکەی بوو. هێندە گرنگی دا بە هونەر هەتا لە نیگارکێشی پێش زۆر دەوڵەتی ئەوروپی کەوتبووەوە، و زانکۆیەکی تایبەتی بە وێنەکێشان دامەزراندبوو.

-1-

## قۆناغی یەکسانی هاوڵاتیان

لەو قۆناغەدا ئەکبەر بڕیاری دا لە هەموو دین و ئۆلەکانی هیندستان نزیک بێتەوە، بە جۆرێک هیچ جیاوازیەکی وای نەهێشت لە نێوان موسڵمان و هیندۆسی و جوو و مەسیحی و براهمیەکان. ئەو هێندە لە هیندۆسەکان نزیک بوەوە تا خزمایەتی لەگەڵ کردن و ژنی لێ هێنان، و نیوەی سەرکردەکانی سوپاکەی هیندۆسی بوون، جزیە و سەرانەی لەسەر هیندۆسەکان هەڵگرت، و باجە ستەمکار و بێ ماناکانی لەسەر هەلگرتن کە ساڵانە ملیارەها دیناری دەخستە خەزینەی دەولەت!

بەو جۆرە هیچ جیاوازیەکی نەهێشت لەنیوان دین و ڕەگەزەکان، پایەی بەرزی لە سوپا و دەوڵەت دایە هیندۆسەکان، زۆر باری شانی هەژارانی موسڵمانان و هیندۆسەکانی سوک کرد، بە هەڵگرتنی باجە کۆنە ناماقوڵەکان، جوتیارانی بەخشی لە هەموو ئەو قەرزە کۆنانەی کە لەسەریان کەڵەکە ببوون، دژی راوێژکارانی خۆشی وەستایەوە کە دەیان ویست باجی نوێ بسەپینن!

ئەکبەر سەرەڕای نەخوێندەواری، بەڵام کەسێکی خاوەن بیرێکی درەوشاوە بوو، هەتا ناسراو بوو بە گۆشەگیری لە ئەشکەوتەکان بۆ ماوەیەک بیرکردنەوە و رامان لە بارودۆخی ئیمپراتۆریەکەی. ئەکبەر زۆر حەزی بە مونازەرات وگفتوگۆی فەلسەفی و دینی دەکرد لە نێوان شوێن کەوتەی دینەکان، کە شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان کردبوو ناوی نابوو بە عیبادەتخانە. هێندە دڵفراوان و لێبوردە بوو لە ڕووی دینییەوە، خۆی ناردی بەدوای پورتوگالیەکان کە لە ئەندەنوسیا بوون تا ئینجیلێکیان بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی وەرگێڕن بۆ فارسی و لەگەڵ ناردنی نێردەیەکی تەبشیری تا لێیان تێبگات، هەرچەندە ٣ نێردەشیان نارد، سەرەڕای هەوڵی زۆریان بۆ ٩ ساڵ بۆ بە مەسیحی کردنی ئەکبەر و کوڕی، بەڵام هەوڵەکانیان سەری نەگرت وگەڕانەوە. هەموو دینێکیش بۆی هەبوو بانگەوازی خۆی بکات بۆ خەڵک بەبێ ئەوەی هێرش بکاتە سەر دینەکانی تر!

## ئاماژە سێکیولارییەکانی مێژووی ئیسلام

هەوڵ و حالەتی بیر و حوکمی ناوەرۆک سێکیولار کەم نین لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵام لە هەموو ئەو حالەتانە بەهێزتر بەڕای من جەلالەدینی ئەکبەرە، کە دەکرێ وەک نمونەیەکی بەرایی ویەکەمی حوکمێکی دیموکراتی و سێکیولار لەناو جیهانی ئیسلامیدا لە قەڵەم بدرێت، هەتا پێش سیکیولاریزمی ئەوروپی خۆرئاواییش کەوتەوە لە ڕێزگرتن لە دین و بیروباوەڕە جیایەکان. سێکیولاریزم وەک زاراوە و دۆکترینێکی فیکری لە سەدەی حەڤدەهەم دەرکەوت، یانی زیاتر لە سەد ساڵ پاش کۆچی دوایی ئەکبەر!

لە مێژووی ئیسلامدا زۆر ڕووداو و وەقایع هەیە دەتوانین وەک ئاماژەیەکی سەرەتایی بۆ بیرۆکەی هاوڵاتیبوونی شوێن کەوتەی هەموو دینەکان و و دیموکراتیەت و سێکیولاریزم حسێبی بکەین، وەک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دینی و زەمەنی، کە خەلیفە نوێنەری دەسەڵاتی دینی دەکرد، و سوڵتان و مەلیک نوێنەری سوڵتەی زەمەنی دەکرد. یانی دەسەڵاتی دینی خەلیفە تەنها دەسەڵاتێکی ڕواڵەتی بوو، وەک ئەوەی لە کۆتاییەکانی حوکمی عەباسیەکان لەسەر دەستی سەلجوقیەکان و بووەیهیەکان و ئەیوبیەکان و مەمالیک و ئەوانیتر ڕوویان دەدا.

تەعالیمە بوونەوەریەکانی مەولانا ڕۆمی، شیعرە مرۆدۆستەکانی ابن عەرەبی، کە موعجیزەیەکن بۆ خۆیان! و یان مەنهەجی چاکسازی  نجم الدين الطوفي، کە یەکێکە لە فەقیهە گەورەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی، خاوەن جیهانبینیەکی هێندە کراوە و پیشکەوتوخواز بوو، دەتوانین بڵێین کە بە دەیەها سەدە پیش کات وسەردەمی خۆی کەوتبوەوە، هەر بۆیەش لەبەر بیرۆکە بوێرەکانی لەمەر بەرژەوەندی و مەسڵەحەت و پێشخستنی بەسەر هەموو بەڵگەکانی شەرع دووچاری کێشەی زۆری کرد. وەک عادەتی هێزە کۆنویستەکان و سەلەفیەکان تاوانبار کرا بە شیعەبوون، وبەبێ دینی و ئیلحاد وهەزاران تۆمەتی بێ بنەمای تر.

جەلالەدین ئەکبەریش وەک ئەوانیتر دووچاری سەدەها تۆمەتی تەکفیر و ئیلحاد و ئەو ئاوازە نەشازانەی ئەو هیزە کۆنەپەرستانە بوەوە. دەیەها تۆمەتی بێ بنەمایان بۆی هەڵبەست، تۆمەتەکان و جۆرەکانی هێندە لە تۆمەتەکانی ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمە دەچێت، بەڕادەیەک مرۆڤ دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئیسلامی سیاسی شتێکی نوێ نییە ولەناو خودی ئیسلامدایە!

هەرچەندە زۆربەی ئاماژەکانی مێژوو دەیسەلمێنن کە ئەو پیاوە، تا دوا ڕۆژی ژیانی هەر موسڵمانیش بوە و تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری تەسەوفی عیرفانی ئیسلامیدا بوە، بە تایبەتی کاریگەری جەلالەدینی ڕۆمی، کە هێندە گەورە بوو لەسەری، ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەڵمان ئانا ماری شمیل، دەڵێت سوڵتان

جەلالەدینی ئەکبەر کۆڕێکی هەفتانەی هەبوو بۆ گوێگرتن لە شیعرەکانی ڕۆمی، کە سوڵتانەکانی دوای ئەکبەریش بەردەوام بوون لەسەر ئەم نەریتە! جەلالەدینی ئەکبەر وەرگێڕێکی واقیعی و کرداری بیروڕاکانی جەلالەدینی ڕۆمی بوو، لە ناورۆک و جەوهەری فەلسەفەی ڕۆمی باش تێگەیشتبوو، کە مرۆڤ بە هەر دین و ئۆل و باوەڕێکەوە بە سەرداری بوونەوەر دەزانێ![32]

بێگومان گرنگی ئەکبەر لەوەدایە کە هەم خاوەن فیکرێکی جوان و مرۆدۆست بوو، لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوایەکی بە هێز و جەنگاوەر بوو، هێندەی نەمابوو لە سەردەمی ئەو تێکڕای هیندستان بکەوێتە ژێر دەستی ئەکبەر! بۆیە ئەکبەر توانی بیرۆکەکانی بخاتە بواری جێبەجێوە، وەک ڕۆمی و ابن عربي و تۆفی نەبوو تەنها چەکی بیر و وشە وقەڵەمی بێت!

جەلالەدین ئەکبەر لە پێناو بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیەکانیەوە، زۆر لە ئەحکامەکانی شەریعەی ئیسلامی کە کێشەی دەنایەوە سڕی کردن و لایدان، وەک وەرگرتنی جزیە لە هیندۆس و ناموسڵمانەکان، لادانی کوشتن لەسەر بیروباوەڕ، یەکسانی کردن لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمان تا ڕادەی ئەوەی والییەکی هیندۆسی هەڵبژارد بۆ حوکمی کابول، ئەفغانستانی کۆن! بێگومان مەلا دواکەوتووەکان، ئەو دنیایە ئارام و پڕ یەکسانییەیان بۆ هەرس وقبوڵ نەکرا و هەرایەکی گەورەیان نایەوە لەسەر ئەو کارە! تا ئەمڕۆش لە میسر و ئەندەنوسیا کە هاوڵاتیەکی مەسیحی کرایە پارێزگاری شارێک، هێزە دینییە کۆنەپەرستەکان خەڵکیان هێنایە سەر شەقام بە هەزاران لە دژی هاوڵاتیەکی وڵات تەنها لەبەرئەوەی مەسیحی بوو!

---

32 حقيقة جلال الدّين الرّوميّ؟ بقلم:عزيز الخزرجي . https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/2016/12/18/424263.html

## -3-

## فیتنەی عیشقی مەولانا!

یەکێکی تر لە کاریگەریەکانی سەر ئەکبەر هومایونی باوکی بوو. هومایون مرۆڤێکی زۆر خوێنەوار ئەدەب و زانست دۆست بوو، و ئاگادار بوو بە ئەحوالی دنیا، هەموو ژیانی لە شەڕ و خوێندنەوە بەسەر برد، هەتا لە کاتی شەڕەکانیشی کۆمەڵێ کتێبی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ خوێندنەوە.. زۆر شارەزا بوو لە زانستەکانی ئەو سەردەمە.[33]

کاتێ ئەکبەر بینی مەغۆلەکانی هیند کەمایەتین لەناو هیندۆسەکاندا، ناکرێ کەمایەتی، زۆربەی خاوەن زەوی بچەوسێنیتەوە، چونکە هیندۆسەکان لە شەڕی بەردەوام بوون لەگەڵ باب و باپیری، و سەریەشەی زۆریان بۆ دەوڵەت دروست دەکرد. هەوڵی دا لێیان نزیک بێتەوە بە تێڕوانینێکی دەتوانین بڵێین نادینی یان سێکیولار، چونکە لە ڕێگای دینەوە مەحاڵە بتوانی بە یەکسانی مامەڵەی موسڵمان و هیندۆس یان هەر ناموسڵمانێک بکەیت![34]

چەندین ڕێگای گرتە بەر بۆ ئەنجامدانی ئەو سیاسەتە، و جێبەجێکردنی ئەو لێبوردەییەی، کە لە ناخیدا بوو لە ژێر کاریگەری میراتی کلتوری خۆیان و مەولانا ڕۆمی و عاریفی تریش. یەک لەو ڕێگایانە نزیکبوونەوەی بوو لە خاوەنی ڕەسەنی وڵاتەکە ڕاجبۆتەکان، کە چینی جەنگاوەری هیندۆسەکان بوون. ئەکبەر لە ڕێگای هاوسەرگیری و خۆشەویستی لێیان نزیک بوەوە، دەشێ وەک سیاسیەکیش ئەو کارەی کردبێ، چونکە وەک چۆن مرۆڤێکی گەورە بوو، سیاسیەکی گەورەش بوو. بەڵام وەک موریدێکی ڕۆمی، ئەکبەر دەیزانی عیشق و خۆشەویستی چەکێکی سەرەکییە لای مەولانا کە دەڵێت: ئەوەی بەرەو فیتنەی عیشق ڕانەکات، ڕێگایەک دەگرێ هیچی زیندووی تێدا نییە.

ئەکبەر بەرەو فیتنەی عیشق ڕایکرد، کچێکی هیندۆسی هێنا بەناوی گودابای، پێکەوە بوونە ئەفسانەیەکی عیشق و جوانی، کاریگەری ئەو عیشقە گەیشتە سەر شەقامەکان، هیندۆس و موسڵمان و شیعە و سونە و مەسیحی و جووشی تەبا کردبوو. هەتا هیندیەکان دەیان فیلم و زنجیرەی درامایان لەسەر ئەو عیشقە ئەفسانەییە دەرکردوە. ئەو عیشقە هەموو جیاوازییەکانی نیوان گەلان و دینەکانی هیندستانی لەبار برد، و جزیە نەما و باجی دینی قورس نەما، موسڵمان و ئەوانیتر واک یەک مامەڵە دەکران بەوپەری یەکسانییەوە.

---

[33] - تاريخ مغول القبيلة الذهبية و الهند، محمد سهيل طقوش، دار النفائس، الطبعة الاولى ٢٠٠٧، ص ١٧٩.
[34] بروانە تاريخ دولة اباطرة المغول الاسلامية في الهند، د. جمال الدين الشيال استاذ التاريخ الاسلامي...الطبعة الاولى، مكتبة الثقافة الدينية، بورسعيد ٢٠٠١ م

ئەکبەر هەتا چاکسازی لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی و دینی هیندۆسەکانیش کرد، بۆ نموونە ڕێگای دا بەو ئافرەتانەی دەبنە بێوەژن، جارێکی تر شوو بکەنەوە، کە ئەوە قەدەغە بوو لای هیندۆسەکان! هەروەها هیچیتر ڕێگای نەدا ئافرەت کە مێردی دەمرێت بە زیندوویی لەگەڵ مێردی بیسوتێنن هەتا بە موافەقەتی خۆشی بێ! هەتا تەمەنی بە شوودانیشی دیاریکرد و دژی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ بوو کە لە جەنگ دەستبەسەر دەکران!

ئەو خۆشەویستییە هێندە گەورە و لێبوردە بوو گودابای با کامل ویستی خۆی بووە موسڵمان و ئەکبەریش بەژداری دەکرد لە پەرستشکارەکانی هیندۆسەکان! هەتا لەبەر خاتری ئەوان، کە ڕاوکردنیان لا حەرام بوو، سوڵتان ئەکبەر کە زۆر حەزیشی بە ڕاو بوو، وازی هێنا.

## کاردانەوەی هێزە کۆنوپستەکان

کاردانەوەی ئیسلامی لە دژی هەر چاکسازیەکی ڕەگوڕیشەیی هەمیشە نێگەتیڤ بووە، هەمیشە دنیایەک تۆمەتی نا ئەخلاقی و بێ ویژدانی خەلق کردوە تا ڕادەی ئەوەی مرۆ نائومێد دەکات لە هەر چاکسازییەک لە نێو سنووری ئیسلامدا. هەر کەسێ هەوڵێکی داوە هەمیشە مەلاکان و بازرگانانی دین خەڵکی ڕەش وڕووتیان هانداوە بە بیانووی دژایەتی کردنی دین، با هەندێ لەو چاکسازیانەش بە کەمی تێڕامان لەگەڵ ناوەڕۆکی دینەکەش یەکبگرێتەوە!

بێگومان وەک چاوەڕوان دەکرێ لە هەر گۆڕانکاریەک بە دڵی پاسەوانانی کۆن نەبێت، سەدەها مەلا وشێخ و فەقیهی ئیسلامی دژایەتی خۆیان نیشانی جەلالەدینی ئەکبەر دا، و سەدان تۆمەتیان بۆ هەڵبەست بە دژایەتی دین و ئیلحاد و لەو بەیت وبالۆرانەی دینیەکان کە تا ئەمڕۆش بەرۆکمان بەرنادا![35]

ئەوانەی خەڵکیان لە دژی ئەکبەر هاندەدا و تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەست لە مەلا و شێخە توندڕەوە دینیەکان، چەند کەسێک بوون: شێخ ئەحمەد السرهندي و عبدالله السلفانيوري و شێخ عبدالنبي الكنكوهي.[36] فەیلەسوفی عەرەبی میسری عبدالرحمن البدوي، خاوەنی سەدان کتێب لەسەر فەلسەفە و دین، خاوەنی: [بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی] و [بەرگری لە محمد دژی ڕەخنەگرانی]، زۆر بە جوانی باسی ئەو کەسانەی کردوە کە تۆمەتەکانیان بۆ ئەکبەر هەڵبەستوە لە توندڕەوە دینیەکان، و باسی تۆمەتەکانیشی کردوە، کاتێ تۆمەتەکان ببینیت، سەیرت پێ دێت، کە تا ئەمڕۆش ئەو تۆمەتانە زۆربەیان وەک خۆیان ماون و هەر سەلاحیەتیان ماوە، تا بزانی چۆن ئەو ئومەتە دوچاری جمود و بەستەڵەکی عەقڵ و فیکر هاتوە.

عبدالرحمن البدوي لەو بارەیەوە دەڵێت: کۆمەڵێ توندڕەوی سوونی تۆمەتباریان کرد بە دەرچوون لە دین، لەبەر چەند هۆکارێک کە بە درێژی باسیان کردوە...لە سەرووی هەموویانەوە شێخ عبدالقادر البدايونی خاوەنی کتێبی [منتخب التواريخ] بوو. ئەو پیاوە یەکێک بوو لە مووچەخۆرانی کۆشکی ئەکبەر!

[35] https://www.youtube.com/watch?v=xyxvux0rZs8 السلطان المسلم التّقي (الذي ضلّ واخترع دينا جديدا) ومازال أعداء الإسلام يحتفلون به حتى الآن. ئەوە نمونەیەکە لەو وتارەکانی توندڕەوان کە تا ئەمڕۆس دژی جەلالەدین ئەکبەری دەنووسن.

[36] https://www.ida2at.com/invention-of-the-divine-religion-judah-between-film-and-history/

## -4-

## ماهیەتی تۆمەتەکان

شێخ البدایونی و هاوهەڵوێستانی تری بەو تۆمەتانە سوڵتانیان تۆمەتبار دەکرد، بۆ ئاسانکاری وەڵامی عبدالرحمن البدوي و کۆمێنتی خۆشم لە تەک تۆمەتەکان دەنووسم:

-حەلال کردنی زەواجی موتعە. [ئەکبەر ڕێزی لە هەموو دینێک دەگرت، وئازادی کردبوون لە بیروباوەڕیان، چۆن ڕێز لە شیعە ناگرێت، کە مەزهەبێکی ئیسلامین، وبەپێی چەندین دەق باوەڕیان بە زەواجی موتعەیە؟! هاوڵاتیەکی زۆری شیعەش لە مەملەکەتەکەی بوو، سەرەڕای ئەوەی کە دایکیشی شیعە بوو! خۆشی حەڵالی نەکردبوو، بەڵکو حەڵالە لای شیعە، ئەویش وەک ئازادی بیروڕاکان ڕێگای لێ نەدەگرت]

-نوسنی الله اکبر لەسەر گوستیلەکەی! [درۆیەکی توندڕەوانە، هەتا نووسیبێتیشی حەڕام و کوفر نییە الله اکبر! هەرچەندە دەیانەوێ بڵێن مەبەستی لە وشەی اکبر ناوی خۆیەتی!]

-وەرگێرانی کتێبە پیرۆزەکانی هیندۆس [ئەوە دەبێت چ تاوانێکی تێدا بێ!؟ ئەو پیاوە دەتوانی بڵێی پێشەنگی زانایانی بەراوردی دینەکانە، هەردەم لە هۆڵی عیبادەتخانە خەریکی گفتوگۆ و سیمنار بوون لەسەر دینەکان]

-دانانی تەفسیرێک بۆ قورئان [ کێشە چییە لەوەدا؟ دیارە هەر سەردەمێ و تەفسیری خۆی پێویستە]

-دامەزراندنی دەستەیەکی کارگێڕی بۆ حەج کردن! [کەی تاوانە لە هیندەوە بچیتە حەج دەستەیەکی کارگێڕیت هەبێت؟! نەبوونی تاوانە، یەک کیشوەر ببڕی لە هەزاران کیلۆ مەتر، دەستەی کارگێڕیشی نەبێت! لەو قسە بێ مانایانەوە بزانە ئیسلامییەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش چۆن عەقڵیەتێکی تۆمەت هەڵبەستێنەریان هەیە!]

-خوێندنەوەی خوتبەی هەینی بە ناوی ئەکبەر! [هەموو سوڵتانێک خوتبەیان بەناو دەخوێندرایەوە!]

-کڕنۆش بردن لە کاتی چوونە بەردەمی [درۆیە ئەو ئەکبەرە زۆر هەژار دۆست و نزیک بووە لە خەڵکی هەژاری موسڵمان و هیندۆس و تایفەکانیتر، بای ملیارەها باجی لەسەر هەژار و جوتیار هەڵگرت، چۆن داوای خوایەتی دەکات؟! ]

-وەرگێرانی ئینجیل بۆ فارسی! [کەی تاوانە؟! ئەوە بەڵگەی لێبوردەیی و ئاسۆ فراوانیتی]

-ڕێگادان بە تاشینی ڕدێن [پەکوو سەلەفییەت ئەو کاتەش ڕیشی بێ ئیشی کردوە!]

-ئاهەنگ گێران بە نەورۆز [ئێستاش مەلاکانی کورد زۆربەیان دژایەتی نەورۆز دەکەن! یانی ئەو دژایەتیەی سەلەفیەت و ئیسلامیەکان بۆ نەورۆز زۆر کۆنە، من سەیرم بەوە دێت، لە ماوی پێنج سەد ساڵدا هەمان عەقڵیەت حزوری هەبێ لای توندڕەوەکان!]

-بەکارهێنانی کالێندەری یا ساڵژمێری هەزارەیی لە جیاتی کالیندەری کۆچی [ئەگەر ڕاستیش بێ تاوان نییە!]

-یاسایکردنی فرۆشتنی شەراب [ لە خەلافەتی عەرەبی ئەمەوی و عەباسیش بە ئاشکرا مەیخانە هەبوون! لە مەدینە و مەککە بە لێشاو ئەرەق دەخورایەوە]

-ڕێگەدان بە بەخێوکردنی سەگ و بەرازی کێوی [ بۆ ڕێگە نەبیت بەلایەنی کەمەوە بۆ نا موسڵمانان؟!]

-ڕێگەدان بە خواردنێ گۆشتی پڵنگ [نەریتی خەڵکی ئاسیا بوو، خۆ نایان کوژێ لەسەر خواردنی پڵنگ! ئازادی دینی و نەریتی، بۆ هەموو تایفە ودینێک هەبوو لە سنووری زیان نەگەیاندن بە خەڵکی تر. ئەوەش کرۆکی سێکیولاریزمی لیبڕال و دیموکراسیەتە]

-ڕێگەدان بە لەبەرکردنی جلی ئاوریشم! [سەلەفیەت هەر بەدوای ئەو شتە بچوکانەیە، ئاوریشم بۆ نا موسڵمان هیچ حەڕام نییە، موشڵمانیش ئەگەر باوەڕی بەو حەدیسانە نەبێت لەبارەی لەبەرکردنی ئاوریشم هاتوون دەتوانێ لەبەری کا، وەک ئیختیهادێک]

-دیاریکردنی تەمەنی هاوسەرگیری [ئەکبەر لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان پێشکەوتووتر بوە کە تەمەنی هاوسەرگیریان دیار نەکردوە، ساڵانە هەزاران کچی منداڵ بەرائەتی پێشێل دەکرێ لە خەلیج ویەمەن و میسر وپاکستان و وئەفغانستان و هتد.. ئا ئێستاش مەلا نامرۆڤەکانی وەهابیەت و ئەزهەریش دەڵێن نابێ تەمەن دیاری بکرێت بۆ شووکردنی کچان! کچی منالّی وا دەدرێتە زرتە زەلامی وا گەورە، کۆیلایەتیش و لەشفرۆشیش هەر هێندەیە]

-دوورخستنەوەی خەڵک لە پرسە وبۆنە غەمبارەکان، هاندانی خەڵک بۆ ئاهەنگ گێڕان و مەولود کردن! [ئەگەر وای کردبێت بەڵگەی بلیمەتی و ئینسان دۆستی بووە، خەڵک لە جەوی تازیە دەرکات بۆ خۆشی! تازە ئیمارات وەزارەتێکی بۆ شادی داناوە! جا بزانە ئەکبەر چەند گەورە و ئەکبەر بوە!]

-ڕاگرتنی نوێژ و بانگ و حەجکردن! [البدوي دەڵێت درۆیە شتی وا ڕووینەداوە!]

-هەوڵی رزگاربوون لە زمانی عەرەبی و چەند پیتێکی تایبەت وەک [ق، ع، ظ، ط، ض، ص، ح، ث] برەودان بە زمانی فارسی لە جیاتی! [ئیسلامییەکانی نا عەرەب لە ترسی نەتەوەییەکانی وڵاتان نەبێت هەموو زمانەکان لەناو دەبەن، وەک لە میسر و سوریا و مەغریب وجەزائیر ولیبیا ڕوویدا! دیارە ئەکبەر بایەخی زۆری بە کلتور و زمانی فارسی داوە، کە زمانی فەرمی مەمەلەکەتەکەی بوو، ئەوەش وەک چاوەڕوان کراوە تا ئەمرۆش بە دڵی مەلایان نییە!]

-لەناوبردنی موسحەفەکان! [نازانم چۆن؟! دکتۆر البدوي وەلامی داوەتەوە و دەڵێت: ئەکبەر تەنها ئەو قورئانانەی لەناوبردوە کە خەڵکانێک دەسکاریان کردبوو، نەک قورئانی دروست، ئێستاش خەڵکانێک بە عوسمانی کوڕی عەفان دەڵێن قورئان سوتێنەر! کاتێ نوسخە جیاوازەکانی سوتاند!]

-ڕێگانەدان لە دەربار بەناوی محمد و احمد و مصطفی! [البدوي دەڵێ ئەوە بۆ ئەوەی بوو هەرجارەی ناوی محمد وئەحمەد دێ دەبوایە سەلاوات لێبدا، بۆی قورس بوو نەوەک نەتوانێ، یانی لە ڕیزگرتنی بۆ ئەو ناوانە وایکردوە، لە جیاتی ستایش بکرێ لەسەری، توندڕەوان تانە لە کردە چاکەکانیشی دەدەن!]

-بنیاتنانی مەجلیسی چل کەسی بۆ چارەسەرکردنی کاروباری دینی بەپێی عەقڵ نەک نەقل! [ئەوەیە تۆمەت! یانی خوا عەقڵی داوە تا سڕ بکرێ؟!]

-ناشتنی مردوو ڕوەو ڕۆژهەلات. [تێناگەم!]

-ڕێگەدان بە براهمەکان بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هیندۆسەکان! [یانی تۆمەتە ئەگەر هیندۆسەکان کێشەکانیان لە ڕێگای پیاوانی دینی خۆیان چارەسەر بکەن؟!]

-گۆڕینی سلام علیکم بۆ الله اکبر! [درۆیەکی تر، مەبەستیانە بڵێن مەبەستی ئەوە بوە بڵێن خوا ئەکبەرە]

-خەتەنەکردنی کردۆتە ئیختیاری، و نابێت پێش ١٢ساڵی بکرێ. [ئێستا زۆر لە دیموکرارخوازانی جیهان تازە ئەو داوایە دەکەن! دەڵێم ئەکبەر هەر بە سروشت سێکیولار بووە، چونکە لەو سەردەمە ڕیزی لە بژاردەی منالێک گرتووە!]

-لێبوردەیی لەگەڵ هەموو دینەکان! [لەو تۆمەتە گەورەیەی؟!]

-ڕێگەدان بە دروستکردنی پەرستگا و کەنیسە! [موسڵمانەکان لە ئەوروپا خەریکە مزگەوتەکانیان زۆرتر دەبێ لە کڵێساکان!]

ئەوە زۆربەی ئەو تۆمەتانە بوون کە توندڕەوان دەیاندایە پاڵ جەلالەدینی ئەکبەر، کە زۆربەیان نەک لە تۆمەت ناچن، بەڵکو بەڵگەن لەسەر ئەوەی بیری ئەکبەر پێش دیموکراتیەکانی دنیاش کەوتبوەوە.[37]

[37]- ئەو تۆمەتانە هەمووی لە وتارێکی عبدالرحمن بدوي هاتوە بە ناونیشانی: السلطان اکبر و دين التوحيد. http://tawaseen.com/?p=3020

-5-

## ئایە ڕاستە ئەکبەر [دینی خوداوەندی] دامەزراند؟!

وەک بینیمان ئەو تۆمەتانەی سەرەوە، کە هەمووی درۆ و هەڵبەستراو و فوو تێکراو و شێوێنراو بوون. من لە ئەزموونی خۆمدا دەزانم کە ئیسلامییە توندڕەوەکان سڵ لە هەڵبەستنی هیچ بوختانێک و شێواندنی هیچ ڕاستیەک و خراپ لێکدانەوەی هیچ شتێک ناکەنەوە! بۆیە مرۆڤی بە ویژدان جا ئیسلامی بێت یان هەر شتێ بێت دەبێ زۆر بە وریاییەوە گوێ بگرێت و باوەڕ بکات بە تۆمەت و پڕوپاگەندەی ئیسلامییەکان لە کۆن و نوێ دەیکەن!

یەکێ لە گەورەترین ئەو تۆمەتانەی کە دایانە پاڵ ئەو پیاوە، ئەوەبوو گوایە دینێکی نوێی داهێناوە بە ناوی الدین الالهي، دینی خوداوەندی، کە گوایە تێکەڵێکە لە دینی ئیسلام و هیندۆس و مەسیحی و زەردەشتی و جوواتی! بە داخەوە زۆر لە نووسەری گەورەی موسڵمان و بێگانەکانیش باوەڕیان بەو تۆمەتە بێ بنەمایە کردوە، کە چەند مەلایەکی توندڕەو دایانە پاڵی بۆ ناوزڕاندنی، لەوانەش وێل دیورانت، کە زۆرجار هەست دەکەم لە پێناو پڕکردنەوەی بەرگەکانی ئینسکلۆپیدیاکەی چاک و خراپی تێ ئاخنیوە و کاتی لێوردبوونەوەی نەبووە بۆ زانیاریەکان، ئەوە ئەگەر زەنی چاکی پێ ببەین، چونکە شێخ عبدالحلیم محمود دەڵێت ڕۆژهەڵاتناسانیش بە مەبەست ئەو تۆمەتانەیان دووبارە کردۆتەوە دژی ئەکبەر!

بەڵام زۆر لە نووسەر و بیرمەندانیش هەن هەتا لە ئیسلامییەکانیش وەک دکتۆر عمادالدین خلیل و شێخ عبدالحلیم محمود، ئەو تۆمەتە ڕەت دەکەنەوە..

دکتۆر عمادالدین خلیل، کە یەکێکە لە مێژوو نووسە ئیسلامییە ئەکادیمیە گەورەکانی جیهانی ئیسلام لەوبارەیەوە دەڵیت: " جەلالەدین ئەکبەر پیاوی دەوڵەت بوو بە پلەی نایاب، و سیاسییەک بوو لە پلە یەکەکان، ئەو ژیا و مرد وەک موسڵمانێکی دروست، ویستی نزیک بێتەوە لە میزاجی گشتی شەقامی هیندی، لە ڕێگای نزیک کردنەوەی دین و ئۆلەکان لە یەکتر، و کۆکردنەوەی زانایانی جۆرەها دین بۆ دانیشتن لەگەڵ یەکتر لەسەر یەک مێزی گفتوگۆ، نەک دەرچوون لە باوەڕ و دینیان، لێرەدا دیالەکتیکی دین و سیاسەت و قوڵایی بیری ئەکبەر و بلیمەتی سیاسی دەردەکەوێت، بەڵام دوژمنانی زۆر بە تەنگ شێواندنی شۆرەتی بوون کە گوایە هەڵگەڕاوەتەوە لە ئیسلام، پڕوپاگەندەکانیان نە قابیلی قبوڵە لە لایەن لۆژیک، نە لەلایەن مێژوونووسێکی

وردبین. هەمووی لەبەر ئێرەیی پێ بردنیان بە مێژووی پڕشنگداری ئەکبەر وایان دەگووت. ئەکبەر لێرەدا خەلیفەی عەباسی مەئمون و کۆڕە فیکریەکان و تێزە بوێرەکانی مان بیر دەهێنێتەوە."[38]

شێخ عبدالحلیم محمود، وەزیری ئەوقافی میسر وشێخی ئەزهەر دەڵێت: "ئیمپراتۆر جەلالەدین محمد ئەکبەر، زۆر  بە تەنگ پرەنسیپی [هیچ جیاوازیەکمان نییە بە هۆی بیروباوەڕەوە] بوو، دەیگووت کە موسڵمانێکی حەنەفی مەزهەبە و ڕیزی هەموو دینێک دەگرێ، توندڕەوان و وشکە دیندارەکان نکوڵییان لەو کارەی دەکرد، بۆیە گوتیان دینی ناقیسە، و هەڵگەڕایەوە، گوتیان ئەو هۆکاری هاتنی ئینگلیز بوو بۆ هیند و بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت بوو تیایدا، هەرچەندە ئەکبەر دژی ئینگلیزیش جەنگا، وەک سوڵتانێکی موسڵمان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو –زۆربەی- هیندستان دا دەشکا، لەوانەیە کەم وکورتی هەبوو بێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ سوڵتانەکانیتری موسڵمانان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵام مێژووی ئەکبەر دوچاری پرۆسێسێکی تەزویر و شێواندنی بەرنامەدارێژراو بووە لەلایەن ناحەزان و کلکەکانیان لە ڕۆژهەڵاتناسان، هەندێ لە هاوچەرخانیش ملی ئەو ڕێگایەیان گرتەوە بەبێ ساغکردنەوە، ئامانجیشیان شێواندنی شۆرەتی ئەو سوڵتانە موسڵمانە بوو و وێناکردنی وەک لە دین دەرچوویەک، پێویستە ئەو قارەمانە ئیفترا لەسەر کراوە ڕێزی بۆ بگێڕدرێتەوە."[39]

وەک دەبینن دەڵێت هەتا ڕۆژهەڵاتناسەکانیش ڕۆڵێکی خراپیان هەبوو لەناوزڕاندنی ئەکبەر! بەڕای من ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسانە پێیان ناخۆش بێت کە کەسێکی نا ئەورووپی و لەدەرەوەی کیشوەری ئەورووپا پێشەنگی سێکیولاریزم و دیموکراتیەت بووە لە چاخی نوێ، لە پاش گریکەکان بێ ئەوەی گریکەکانیش سەرچاوەی سروش و ئیلهامی بن، بەڵکو سەرچاوەی سروشی هەمووی لە دین و عیرفان و ئەزموونی ڕۆژگار و ڕوانگەی سیاسی ئیمپراتۆریک و کلتور و نەریتی ناوچەکە و جیهانی ئیسلامی وەرگرتبوو.

من لە زۆر ئاماژە و بەڵگەوە دەزانم کە زۆر لە بازنە سیاسی و فیکرییەکانی جیهانی خۆرئاوا حەزناکەن، یان بە پەرۆش نین بۆ باڵکێشانی سیکیولاریزمێکی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامدا، هەڵقولاوی بیر و کلتوری

---

38 https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AC%D9%84%D8%A7%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86_%D8%A3%D9%83%D8%A8%D8%B1
عماد الدين خليل ،ملامح من سيرة السلطان أكبر ، المجلة التاريخية العراقية 1977

39 https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AC%D9%84%D8%A7%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86_%D8%A3%D9%83%D8%A8%D8%B1

ناوچەکە بێت! هەر حەزیان لێیە خەڵکی ئەو جیهانە لەناو بیروباوەڕە ئایینیە غەیبی و غەبییەکاندا بخولێنەوە تا هەر ڕووی لە ئاخیرەت بێ و پشتی لە دنیا بێ، بێ کەڵک و بێ بەرهەم بێ، ئەوانیش لە دەرزییەوە تا کەشتیمان بۆ دروست بکەن و پیمان بفرۆشنەوە، شەڕە دینییەکانمان بە چەکەکانیان گەرمتر و خۆشتر بکەن![40]

عبدالرحمن بدوي یش دەڵێت: ئاشکرایە کە کارەکانی جەلالەدین ئەکبەر لەگەڵ ئیسلام هەڤدژ نەبوون، ئەوپەڕی کاروباری ڕێکخستن و فەرعی بوو دژی ناوەرۆکی ئیسلام نەبوو لە هیچ شتێک، ناکرێت موسڵمان لەسەر ئەو کارانە ڕەخنەی لێ بگیرێ هەتا لەو سەردەمەشدا، چ جای لەسەری تەکفیر بکرێ! بەڵکو ئەوە بەڵگەیە کە ئاسۆی دینی ئەکبەر فراوان بوو، سنووری تەسکی وەهمی هەندێ توندئاژۆ و بیروشکی دەبڕی کە لای خۆیانەوە دایانناوە بۆ ئیسلام."

[40]Jalaluddin Muhammad Akbar: Life, Battles and Conquests
ttp://www.historydiscussion.net/biography/jalaluddin-muhammad-akbar-life-battles-and-conquests/3054

## -6-

## تۆمەتی دامەزراندنی دینی ئیلاهی لە چییەوە هاتووە؟

ڕاستیەکەی بیری من بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو تۆمەتەی دامەزراندنی دینێک بەناوی دینی خودایی، لەوەوە هاتووە کە جەلالەدین ئەکبەر خاوەنی تێڕوانین و جیهانبینی و فەلسەفەیەک بووە بۆ پتەوکردنی ڕیشاڵی کۆمەلایەتی نێوان هاولاتیانی مەملەکەتەکەی، و مامەڵەکردنی یەکسانی نێوان هەموو دین و مەزهەبەکان، خۆتان دەزانن ئەو کاتە کەس نەیدەزانی سێکیولاریزم و دیموکراتیەت هەر چیشە، هێشتا ئەو زاراوانە لەسەر زمانی خەڵکی ئەوروپاش نەبوو. دوور نییە ئەکبەر و بیرمەندەکانی دەوروبەری گەیشتبونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو سیاسەتە سێکیولاریزمەی کە تەبایی و ئاشتی و خیر و خۆشی لە ولات دروست دەکات، خوێنی هاولاتیان دەپارێزێت ناوەرۆکی ویستی خوداییە، چونکە خودا خێری ڕەهایە و هەردەم خۆشگوزەرانی و خوێن پاراستنی مرۆڤی دەوێت، دەکرێ جارێ وتبێتی ئەو سیاسەتە جەوهەری دینی خودایە یان ڕێگاچارەی ئەکبەرییە [آئین اکبری]، خەڵکانی نەزانی بیرتەسک و دەمارگرژی دینیش ئەو وتەیان ڕفاندبێ و فوویان تێکردبێ تا بڵێن ئەکبەر دینێکی نوێی دامەزراندوە بە ناوی دینی خوداوەندی!

لەسەردەمی نوێشدا شێخی گەورەی ئەزهەر محمد عبده کە چووە ئەوروپا، ئەو هەموو تەبایی و ئارامی و زانست و مافپەروەریەی بینی لە سایەی سێکیوریزمی دیموکراتی قسەیەکی لە ئەکبەر گەورەتری کرد و گووتی: لە ئەوروپا ئیسلامم بینی بەبێ موسڵمان و لە جیهانی ئیسلامیش موسڵمانم بینی بەبێ ئیسلام! یانی ئەو سیستمە سێکیولارە دیموکراتیەی ئەوێی وەک ناوەرۆکی دینی ئیسلامی بینی! یانی گووتی حوکمی سێکیولاریزمی دیموکراتی ئەوروپا یەکسانە بە خودی جەوهەری ئیسلام! هەرچەندە من تەحەفوزم هەیە لەسەر ئەو بەرواوردە، بەلام هەمیشە عەدالەت و ئاشتی ومافپەروەری و یەکسانی لای خاوەن عەقڵ و مرۆڤ دۆستەکان یەکسانە بە جەوهەری ویستی خوایی.

ئینجا ئێستاش زۆر لە ئیسلامییەکان هەر کەسێ ڕێگایەکی تری باس کرد بۆ ژیان، فەلسەفی یێت یان سیاسی یان فکری، ناوی لێ دەنێن دین لە ژێر کاریگەری زاراوەی دینی شێخ ئەبو ئەعلای مەودودی! دەڵێن دینی دیموکراتیەت یان دینی عەلمانیەت و هتد.

ماقول نییە ئیمپراتۆرێکی وا گەورە و مەزن و دەوڵەمەند، هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان و بەنگلادشی ئێستای لە ژێر دەست بێت، کاتێ دینێک دروست دەکات، لەو کیشوەرە وەک ناحەزانی دەڵێن تەنها ١٩ کەس باوەڕی پێ کردوە! ئەخر تەنها پاسەوانی تایبەتی لەوانەیە لە ٥٠٠ زیاتر بوو بێت! هەروەها ماقولە دینێک بەر

لە ٤٠٠ ساڵ دامەزرا بێت هیچ پەرستگایەک و کتێبێکی پیرۆزی و زانایەکی ناوداری دینەکە و کتێبێکی زانایان و هیچ جۆرە عیبادەتێکی نەمابێت؟! دیارە بە قەد بەهائواللە شی پێ نەکراوە، کە لەناو ئەو هەموو دوژمنانەی، بەو لاوازیەوە ملیۆنەها شوێنکەوتەی هەیە!

ئەکبەر وەک هەر مرۆڤێکی دیموکراتخوازی سێکیولار مامەڵەی هەموو دینەکانی کردوە بە یەکسانی، و لە زۆر لە بۆنە و ڕێورەسمەکانی هیندۆس بەژداری دەکرد، چونکە دەیویست بە تەواوی ڕایان کێشێ بۆ بوونە هاولاتی یەکسان لە مەمەلکەتەکەی، چونکە پێشتر زۆر ستەمیان لێ دەکرا. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەتا بۆ خاتری ڕاکێشانی دڵی کەمینەیەکی زەردەشتی، پشتێنی ئایینی زەردەشتیانی دەبەست! هەر لە پێناو ڕاکێشانی دڵی کەمینەیەکی دینی ڕاو کردنی لەخۆی قەدەغە کرد!

وەک چۆن ئێستا سەرۆک وەزیرانی کەنەدا و بەریتانیا و سەرۆکی ئەمریکا بەژداری دەکەن لە بۆنە دینییەکانی موسڵمانان و دینەکانی تر، ئەکبەر زۆر لەوانە سێکیولار و دیموکراتیتر بوو هەتا تا مرد وەک هەر هیندۆسێک کە زۆرینە و خاوەنی وڵاتەکە بوون خاڵێکی ڕەنگینی لە نێوچەوانی دەکرد وەک هەر هیندۆسییەک، وای کردبوو هیچ هیندۆسیەک یان هەر دینیکی تر هەست بەوە نەکەن سوڵتانێکە تەنها بۆ موسڵمانان!

## آئین اکبری مانای چییە؟!

دەکری یەکێ لە هۆکارەکانی ئەو تۆمەتە دینییە ئەوە بێت کە وەزیر و نووسەری نزیکی ئەکبەر ابو فضل ابن مبارک کتێبێکی نووسیبوو بە ناوی اکبرنامە کە وەک مێژووی مالباتی ئەکبەر و دەستورێکی ڕۆژانەی کاروبارەکانی جەلالەدینی ئەکبەر بوو، کتێبی [آئین اکبری] بە مانای دەستوری ئەکبەری کە بەرگی سێیەمی و دوا بەرگی کتێبی [ئەکبەرنامە] پێک دەهێنێ، ئەو مەلایە سوونیانە بێ ئەوەی ئەو کتێبەیان خوێندبێتەوە، و وشەی آئین یان وەک ئایین و دین وەرگرتووە، کە لە فارسی کۆن و نوێ چەندین مانای تری وەک ڕێگا و شێواز و دەستور هەیە، ئینجا نووسەرەکەشی ئەبو فەزڵ شیعە بوو، خۆشیان پڕبوون لەو ئارامی و کرانەوە و بێ شەڕ وشۆڕییەی مەملەکەت، چونکە عەقڵیەتی دینی هەردەم لەبارگرژیدایە ودوای شەڕ وجیهاد و کێشمەکێشی عەقائیدی نێوان هەق وباتڵ دەگەڕێت، تا خۆی لە کۆڵ دنیای پیس وفانی بکاتەوە و بەسەر هەزاران لاشەی خوێن لێ چۆڕاو بچێتە بەهەشت! ئیتر ئەو هەرایەیان لەسەر نایەوە گوایە ئەکبەر دینێکی نوێی دروست کردوە!

لە هەموو زانیاریەکانی دەربارەی آئین اکبری نووسراوە دەڵێت کە ئەو کتێبە وەک دەستورێکە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، دەتوانین بڵێین یەکەم دەستورە لە مێژووی ئیسلام نووسرابێت. ئینجا هەموو سەرچاوەکانیش دەڵێن مەبەست لە آئین اکبری: دەستوری ئەکبەرە، لە تەرجەمە ئینگلیزیەکەشی نووسراوە Constitution of Akbar و لەو بەرگە باسی کاروباری کارگێڕی دەکات کە لە سەردەمی نوێدا پێی دەڵێن ڕاپۆرتەکانی کارگێڕی و داتا کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان. باسی پیاوانی دەرباری ئەکبەر، و پیاوانی سوپا، بەشێکی باسی یاسا و دادگاکان دەکات، بەشێکی باسی فەلسەفەی هیندۆسی و زانست و ئەدەب و داب و نەریت دەکات.

بەشی کۆتایی باسی هەندێ لە وتە کاریگەرەکانی ئەکبەر دەکات و لەگەڵ ژیننامەی نووسەری ئەکبەرنامە ئەبو فەزڵ.[41]

بەرگی یەکەمی ئەو اکبرنامەیە باسی مێژووی ماڵباتی تەیمور باوک و باپیرانی ئەکبەر دەکات، لەگەڵ ماوەی حوکمی باپیری [بابەر] و باوکی [هومایۆن]. کتێبی دووەم تەرخان کراوە بۆ مێژووی ٤٦ ساڵەی حوکمڕانی

41 https://en.wikipedia.org/wiki/Ain-i-Akbari

ئەکبەر، لەگەڵ باسی گەلی هیندۆس و دین و باوەڕ و ڕێکار وجەژنە ئاینیەکانیان، لەگەڵ مێژووی هیندستان! کتێبەکە لە ژێر چاودێری ڕۆژانەی ئەکبەر نووسراوە کە ٥٠ ساڵ حوکمرانی کرد. پێم بڵێ ئەوە کەی دینی نوێیە؟!

ئێمە زۆر پیویستیمان بە زیندووکردنەوە و ناساندنی ژیینامەی ئەو نموونە جوانانە هەیە لە مێژووی ئیسلامدا، کە لەبەر زاڵبوونی بیری توندڕەو و بارمتەکردنی ئیسلام، ئەو ناوانە ون دەکرێن، ئەوەشی باسیان کات هەلمەتی شێواندنی لە دژدا دەکەن! ئەکبەر بەڕاستی دیاردەیەکی مێژووییە تا ئێستاش دووبارە نەبۆتەوە لە جیهانی ئیسلامیدا، دڵی هێندە گەورە بوو هەموو دۆست و دوژمن شاهێدی بۆ دەدەن، کە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕاگرتنی قەسابخانەی دادگاکانی پشکنینی کەنیسەی ئیسپانی دژی موسڵمانان، نەک بایەخی هەر بۆ موسڵمان بێ، بەڵکو هەوڵێکی زۆریشی دا بۆ ڕاوەستاندنی شەڕی مەزهەبی نیوان مەسیحییەکانی فەرەنسا![42] لە وڵاتانی ئێمە لە کتێبەکانی مێژووی قوتانخانەکان تەنها باسی ئەوانە دەکەن کە بە شمشێر ڕوبارێک خوێنیان ڕشتوە یان لە ئەفریقیا یەک میللەتیان وەک مەڕوماڵات بە کۆیلە بردووە، لە کاتێکدا چەندین مرۆڤی مەزنی وەک جەلالەدین ئەکبەر فەرامۆش دەکرێت!

لە ١/٧/ ٢٠١٨ کۆتایی هاتوە

[42] فن المصوغات المغولية الهندية ومكانتها بين الشرق والغرب ، آمال عربيد– مكتبة دار الأثار الإسلامية – الكويت 1999 ص 32

# شەرعیەتی حزبی ئیسلامی!

کێشەی هەموو جیهانی خۆرهەڵات ئەوەیە، زۆربەی ڕاستیەکان لە ژێر لێوەوە دەگوترێت، ئەو چەند کەسەشی زاتی کرد و بەدەنگی بەرز باسی چارەسەری کێشەکەی کرد، لەلایەن توندڕەوان و ئەوانەشی لە ترسی ئەوان لە ژێر لیوەوە هەمان شت دەڵێن، دەکرێنە ئامانجی هێرشێکی سەرتاسەری لەفزی!

زۆرجار ئەو ڕاستیەی کەسانێک دەیلێت، کەسانێکی تر دەپازدە ساڵی دەوێت تا دەریدەبڕێت!

بۆ نمونە لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە مەشروعیەتی حزبی ئیسلامی، لەوەڵامدا وتبووم کە من پێموایە هەم عزبە ئیسلامیەکان وهەمیش ڕوحی سەردەم ڕێگا بە بوونی حزبیکی سیاسی ئیسلامی نادات، چونکە دەبێت زیان بۆ دین وبۆ سیاسەت!

بەڕاستی ئاسان نییە بۆ من کە باوەڕم تا سەر ئێسقان بە ئازادیەکانە، بگەمە ئەو دەرەنجامەی، کە بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەزموونە نوشست هاتووەکانی حزبە ئیسلامیەکان لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، کە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە بە یاسا دامەزراندنی هەر حزبێکی دینی و ئیسلامی ومەسیحی ویەزیدی قەدەغە بکرێت.

لەوانەیە بڵێن ئەی بۆ ئاک پارتی و نەهزەی تونسی سەرکەوتوو بوون؟! ڕاستیەکەی ئەو دوو حزبە بە تایبەتی ئاک پارتی ئەردۆگان تەنها باگراوندێکی ئیسلامی هەیە، وبە ئاشکرا دەڵێن ئیمە ئیسلامی نین، نەهزەش لەو ڕێگایە زۆر نزیک بۆتەوە لە قاوغی حزبیکی ئیسلامی دەرچێت، ئەو دوو حزبە نزیکترن لە حزبیکی مەدەنی سیاسی موحافیزکار تا دوو حزبی دینی ئیسلامی. دەکرێت وەک گروپێکی فشاری دینی هاوچەرخ سیاسیەکان ناچار کەیت تەبەنای ئەجنداتی موحافیزکار بکەن، نەک بەناوی ئیسلام بچیتە مونافەسەوە، کە دەریش چویت هیچت نەبێت بیبەخشی، وەک مەلاکانی هەولێر وکوردستان وادەزانن کاری پەرلەمان وەک وتاردانی حەماسیە، هەردەرچوون ناویان بزر دەبیت!

بەڕای من لە قۆناغی پاش داعش وهێوربوونەوەی جیهانی ئیسلامی، زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان بیر لە دەرکردنی یاسایەک دەکەنەوە بۆ قەدەغەکردنی حزبی ئیسلامی و دینی بە گشتی، بۆیە چاکترە خۆیان هەوڵی گۆڕانی خۆیان بدەن بە هەنگاونان بەرەو حزبی سیاسی ومەدەنی بێ ئایدیۆلۆژیەتی دینی.

# موعجیزەی مانەوەی ئیسلام!

زۆرجار لێرە ولەوێ گوێمان لەو کەسانە دەبێت کە بە سەرسوڕمانەوە باسی مانەوەی ئیسلام دەکەن لەناو وڵاتان و خەڵکەکەی. ئینجا بە موعجیزەشی دەزانن کە چۆن ئیسلام توانیویەتی حزوری هەبێت پاش هەزار و چوارسەدساڵ زیاتر.

دەکرا ئەوە بەڕاستی موعجیزە با ئەگەر ئەحکامی شەریعەت پڕی سزا و کوشتن نەبا لە بری دەرچوون لە دین، یان پابەند نەبوون بە عیبادەت وەک نوێژ و ڕۆژوو بۆ نمونە، یان هەتا کردنی کوفرێک یان جوێنێک بە دین دان و هەموو سزاکانیتر.

ئەو سزایانە بە ڕای قەرەزاوی یش هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئیسلامن، بە ڕاشکاوی لە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت: ئەگەر حەدی ڕیدە و هەڵگەڕانەوە نەبا کەس موسڵمان نەدەما و ئیسلام نەدەما لە سەردەمی پێغەمبەرەوە !!!

ئامادەیی ئەو سزایانە هێندە بە هێزە خەڵکەکەی وا خستۆتە ژێر هەڕەشەی سزاکانی دنیا و قیامەت، هەتا خەڵکەکەشی کردۆتە ڕەقیب و چاودێر بەسەر یەکەوە. چونکە دەزانێت ئەگەر براکەی یان کوڕەکەی یان کچەکەی کوفرێکی کرد یان هەڵگەڕایەوە چ سزایەکی توند لە چاوەڕێی دایە. چ سەر ئێشەیەک بۆ خێزانەکەی دروست دەبێت.

تۆ وەزعی سعودی و ئێرانیەکان ببینە لە ناو وڵاتەکانیان و لە دەرەوە ئینجا لەو بابەتە تێدەگەیت. هاوڵاتی ئەو دوو وڵاتە هەر پێ دەنێنە دەرەوەی وڵات نە دین و نە بەهای دینیان دەمێنێت، زۆرجار دینیشیان دەگۆڕن بۆ مەسیحی، هەندێکیان هەتا ڕەوشتی گشتی باشیش تورهەڵدەدا و زۆر بە پەرۆشەوە دژی پرەنسیپەکانی ئیسلام ڕەفتار دەکات.

چونکە لەوێ کەس نایانگرێت بڵێ بۆ نوێژ ناکەیت، بۆ شەراب دەخۆیتەوە؟!

بۆ بەڕۆژوو نیت؟!

بۆ قژت وا درێژکردوە یا تراشیوە؟! بۆ نیقابت نەکردوە؟!ئەو پیاوە کێیە لەگەڵت؟!

ئەو دینە سەد فەیلەسوفی لە وەزنی ئەفلاتونی دەوێت تا ڕزگاری بێت لە زمانی هەڕەشە و توندوتیژی! من ڕۆژ نییە ئیسلامیە توندڕەوەکان هەڕەشەم بۆ نەنێرن! لە باشترین حالەتدا جوێنی وا بازاڕی دەدەن، هەرە شەلاتیکانی مێژوو هێندە زمانپیس نەبوون.

جوێنیش بەشێکە لە توندوتیژی لەفزی، توندوتیژی لەفزیش پڕاوپڕە لە تێکستەکانی ئیسلام و وتاری مینبەر و پەروەردەی ئیسلامیەکان.

کەوابوو نهێنی موعجیزەکە لەوەدایە کە سزا و توونددوتیژی جەستەیی و لەفزی لە ئارادایە نەک هێزی لۆژیکی دین. بۆیە لە مەککە پاش ١٣ ساڵ تەنها ٢٠٠ کەسێک باوەڕیان بە پەیامی ئیسلام هێنا، بەڵام ٢٠٠ی بەڕاستی باوەڕدار، کەچی لە مەدینە لە وتاری ماڵئاوایی پێغەمبەر دەڵێن سەد هەزار کەس زیاتر ئامادە بوون! بەڵام چۆن سەد هەزارێک بەقەد ٢٠٠ کەی مەککە ئیمانیان نەبوو !

من لەو باوەڕەدام ئەگەر شمشێر و سزاکانی ئیمان نەبوایە، ئێستا ئیسلام دینێکی زۆر بچوکتر دەبوو، بەڵام زۆر هێمنتر و بێ کێشەتر و نەرمتر و مرۆڤانەتر دەبوو.

نەک دینی غەوغاییەکان و سەرشێت و زمانپیس و هەڕەشە کەران. ئەمڕۆ هەر منالێک سالێکە دەرسی دینی وەردەگرێت گوڵێک دەخاتە سەر ئەکاونتی بە زمانی هەڕەشە و جوێن قسە دەکات. کاهین و مامۆستاکانیشی دڵخۆشن و هانی زیاتریان دەدەن بۆ جوێندان و هەڕەشەکردن، چونکە ئەگەر جوێن و هەڕەشە نەما بازرگانی دینیش نامێنێ.[43]

[43] ڤیدیۆکەی قەرەزاوی لەبارەی هەڵگەڕانەوە: https://youtu.be/ysBdQM5MhkU

# موسڵمان وديموكراتيەت لە ڕوانگەی مصطفى محمود[44]

مصطفى محمود دەڵێت: " دوژمنان لە پێناو بردنەوەی جەنگەكەیان پێش دەستپێكردنی، ئیسلامی سیاسی یان كردە دوژمن وناحەز بە دیموكراتیەت...كەسانی سادە وساویلكە لە موسڵمانان كەوتنە تەڵەكەوە، لەگەڵ ئەوان وتیانەوە دیموكراتیەت كوفرە...ئەوەش ئەوپەڕی ئاواتی ئەوانە..

لە راستیشدا بەبی گومان ئیسلام ناشێت دوژمنی دیموكراتیەت بیت.. چونكە هەڵبژاردن وبەیعەت وشورا وگوێگرتن بۆ ڕای خەسم ونەیاریش لە كرۆكی ئیسلامدایە، وفرە ڕایی بنچینەی ئیسلامە، كەچی تاكڕەوی ودیكتاتۆریەت ودەمكوتكردنی خەڵك لە ئیسلامدا ڕەتكراوەتەوە بە تەواوی.

موسڵمان زۆر زیانمەند دەبێت ئەگەر لە دژی دیموكراتیەت وەستایەوە، بەڵكو دین وخۆشی دەدۆڕێنیت. لە ڕاستیشد دیموكراتیەت دیانەتی خۆمانە، ئێمە بەر لەوان پێیگەیشتووین لەسەردەمی رۆژگاری حەزرەتی نوحەوە [سەلامی خوای لی بیت] كە بەردەوام بوو لە بانگەوازكردنی میللەتەكەی بە درێژایی نۆسەد ساڵ لە تەمەنە درێژەكەی، كە هیچ هیز وهیچ چەكیكی نەبوو جگە لە وشە و بیروڕاو وبەڵگە، بانگیان دەكات بە وشە لە پەرلەمانیكی كراوەدا قسەی بۆ دەكردن وگوێشی بۆ دەگرتن، كەچی ئەوان گاڵتەیان پێدەكرد وهەڕەشەی بەردبارانیان لێدەكرد.

هەرچەندە ئەو ڕایە بە دڵی بەڕێوەبەرانی ئیسلامی سیاسی نییە، و ئەوان فێرن گاڵتەیان بەو ژمارە بیرمەندە كەمە دێت، كە لە ناویان هەڵدەكەوێت، بەڵام ڕۆژگار و ئاییندە بۆیان دەسەلمێنێت، كە تاقە ڕێگای بەڕێوەبردنی هەر كۆمەڵگایەک دیموكراتیەتی هەقیقییە، و دەبێت خۆیان لەگەڵی ڕابنن، نەک دیموكراتیەت ڕابێنن لەگەڵ تەفكیری دینیان!

مصطفى محمود

٢٠١٤/٢/١٢

[44] سەرچاوە: الاسلام السياسي والمعركة القادمة، ل ٩

# کۆیلایەتی لە ئیسلام نکوڵی لێ دەکرێت؟!

کاکی نکوڵیکەر لە بوونی کۆیلایەتی لە ئیسلامدا بەو هەموو ئایەت و حەدیسەوە! منیش ناڵێم ئیسلام داهێنەری کۆیلایەتی بووە کەمێک هەوڵیشی داوە بۆ کەمکردنەوەی، بەڵام نە کۆیلایەتی بە کەفارەت و تکاتب بنبڕ دەکرێ، نە حەمام بە تڕ گەرم دەکرێ ! بە بەڵگەی ئەوەی ئێستاش لە چەندین وڵات کۆیلایەتی ماوە! ئێستاش لە بیری دینی و سەرچاوەکانی دین کۆیلایەتی هەر ماوە.

قورئان ئەگەر بە قەد خواردنی گۆشتی بەراز بایەخی بە قەدەغەکردنی فرۆشتتی گۆشتی مرۆڤ دابایە، ئێستا دەبوایە چەند ئایەتێک و سورەتێکمان دیتبا بۆ قەدەغەکردنی کۆیلایەتی نازڵ کرابا! نەک تەنها بەخێر لەجیاتی کەفارەت داوای ئازادکردنی بکات.

ئەخر ناکرێت بڵێین خواردنی بەراز و سوو مەترسیدارتر بێت لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە مەفروزە تەکریم کراو بێت و جێنشینی خوا بێت لە زەوی.

ڕاستە قورئان ناڵێ لەگەڵ کۆیلەکانتان خراپ بن، ناشڵێ ئازادیان بکەن و حەڕامە کۆیلایەتی مرۆڤ !

تەنها جێهێشتتی ئەو ئیشکالیەتە گەورەیە بە کراوەیی و بەبێ وتەی کۆتایی لە تەحریمکردنی، بۆشایەکی گەورەیە هەم لە تەشریع و هەم لە کەرامەتی ئینسان و هەم لە ئەزمەی تەسەوری ئیسلامی بۆ خودی ئینسان دوور لە هەر ئینتیمائێکی دینی و نەتەوەیی و ڕەگەزییەوە.

سەیرم بەوە دێت کەسانێک پێیانوابێت عەرەبی بەر لە ئیسلام خاوەنی زۆرترین کۆیلەی فارس و ڕۆمی و حەبەشی بوون و ئیسلام هاتووە بۆ ئازاد کردنیان !

عەرەب هەژارترین نەتەوەی ئەو ناوچەیە بوون تا پێش فتوحات. زۆربەیان لە برساندا لاکەیان دەهات بۆیە کۆیلایەتی هێندە باو نەبوو، سەرچاوەی هەرە گەورەی زۆربوونی کۆیلایەتی موسڵمانان و جەنگەکانیان بوون. کەوابوو ئیسلام بە کرداری جەزیرەی عەرەبی لێوان لێو کرد لە کۆیلە! ئایەتەکان و حەدیسەکان نەیانتوانی ڕوحیەتی کۆیلەبازی لە عەرەب قەڵاچۆ بکەن، بۆیە عەرەب لە ئەدەبیاتی ئەفریقیدا بە سەرچاوەی کۆیلایەتی ملیۆنەها ئەفریقی دادەنرێت.

دەڵێن کۆیلایەتی تەنها لە سەردەمی ئەمەویەکان دەستی پێکردوە! هەتا ئەوەش ڕاست بێت کە ڕاست نییە، لە سەردەمی ئەمەوی سەدەها گەر نەڵێین هەزارەها سەحابەی گەورە مابوون بەژداریان دەکرد لە فتوحات و کۆیلەداربووون بەو غەنیمەیە بەشەرییەی کە دەسکەوتی شەڕ بوون. بەڵام ئەوەش ڕاست نییە کە تەنها لە

سەردەمی ئەمەوی وا بوو بێت! هەر لە شەڕی هەڵگەڕاوەکانی ئەبوبەکرەوە تا شەڕەکانی فتوحاتی عومەرەوە کۆیلە دابەشبوون هەبوو، هەر خودی عومەر بە دەستی کۆیلەیەک کوژرا .ناکرێت بڵێی ئەبوبەکر و عومەر و تێکڕای سەحابەکانیش لە دین تێ نەگەیشتبێتن؟!

ئەوە ڕوحیەتێکی جوانە کە مرۆڤی موسڵمان دژی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ بیت، بەڵام ئەوە هەستی شەخسی تۆیە تا ئیسلام، چونکە قورئان وتەی کۆتاییان لە بارەی کۆیلەوە بە نەرێ نە گوتووە. بەبێ دەنگی خۆی لە ئاست ئەو کێسە گرنگ و ترسناکە شەرعیەتی بە مانەوەی داوە بە جۆرێک لە جۆرەکان!

دەڵێن بۆیە ئیسلام کۆیلەی قەدەغە نەکرد چونکە کۆیلایەتی عورفێکی جیهانی بوو!!! لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو بۆچوونە لەرزۆکە، دەبێت بزانین شیرک یش عورفێکی جیهانی بوو، بەڵام قورئان لە یەکەم ڕۆژەوە دژی جەنگا چونکە دژی وەحدانیەتی خوا بوو .

ئەگەر دین بۆ خۆشبەختی مرۆڤەکان هاتبێت، دەبوایە لە یەکەم ڕۆژەوەش دژی عبودیەت با وەک ئەوانیتر ئاسایی تێی نەڕوانیبا ! تێڕوانینی خودایی دەبێت لە سەرووی زەمەنەوە بێت، نەک مەحکوم بێت بە زەمەن ! ئەگەر تێڕوانینی خودایی هاوشانی زەمەن و نەرێتی باوبێت لە کاتێکدا قبوڵ دەبێت کە سەرچاوەکەی بەشەری بێت! من ئەو تێڕوانینە خواییەم بۆ چییە نەزانێت پاش هەزار ساڵیتر چی ڕوودەدات و چۆن یاسا و ڕێسایەکی پێویستە؟!

مێژووی موسڵمان هەر لە سەردەمی فتوحاتەوە کە بە دەستی سەحابەوە کرا خەڵێکی زۆری فارس و کورد و قەومەکانی تر بەدبەخت بوون و مەدینە و جەزیرە لە سەردەمی عومەر جمەی دەهات لە منداڵی بێ دایک و باوکی کۆیلە !

تۆ دەزانی ملیۆنەها پێست ڕەشی ئەفریقایی کە ئێستا لە ئەمریکا و ئەوروپان، زۆربەیان بازرگانە موسڵمانەکان بە زەبری هێز گرتوونی و فرۆشتوونی؟!

ئیسلام ئەگەر وەک زینا و وەک گۆشتی بەراز و وەک شیرک بازرگانی مرۆڤی قەدەغە کردبا، چۆن وڵاتانی ئیسلامی لە دوای هەموو وڵاتانی جیهان بە خێری میساقی نێودەوڵەتی بە زەبری واقیع پەیوەست بە قەدەغەکردنی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەبوون؟ !

# ئێوە هێندە دژی گەندەڵی نین هێندەی دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین!

لەو دوو سێ ڕۆژە هەڵمەتێکی گەورەی ئیسلامیەکان و هەندیک لەوانەشی کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەڵمەتی ئیسلامیەکان بەڕێوەیە دژی کۆنفرانسی دابڕان...

من لەو هەڵمەتانە زۆر لاریم نییە لە هەندێ خاڵ کە دەیوروژێنن، بەتایبەتی ئەوانەی باسی باری سیاسی و ئابووری و بێ مووچەیی و ئەو شتانە دەکەن، و ئەوانەی لە سیمای مەلا بەختیار بەژداربوویێکی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە و نەهامەتیەکانی دەبینن. بەڵام من وا هەست دەکەم ئەو بڕووبیانوانەی بە تایبەتی ئیسلامییەکان زیاتر ئایدیۆلۆژیە ودژی بانگەشەی سێکیولاری و دیموکراتیە، نەک دژی بێ مووچەیی و وەزعی ئابووری وسیاسی، چونکە ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامیانە هێندە خەمی ئەو وەزعەیانە هەرنەبا خۆپیساندانێکمان دەدیت ئەوان ڕێکیان خستبا، هەرنەبێ دەستکێشانەوەمان دەدیت لە حوکمەت.

وتاری ئیسلامیەکان لە شەڕکردن دژی شتێک بە بیانووی شتێکی تر زۆر بێزارکەرە بۆ من، تا ڕادەی ئەوەی لە فەیسبوکیش حەزم لە بلۆککردنی ئەو کەسانەیە...

دەڵێم سعودیە بۆ قازانج و قوربانی حەج بەسەر موسڵمانە هەژارەکان دابەش ناکات، ئیسلامیەکان ڕەخنە دەگرن ئەی بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان یارمەیان نادەن؟!

دەڵیم لە جیاتی قورئان و کتێبی وەهابی بەرگ لووس، پارەکەی بنێرن بۆ برسیەکان دەڵێن، قورئان خۆی خۆراکە، موسڵمانی هەقیقی بەدوای خواردنی ڕوحیەوە نەک مادی!

دەڵێم ئەو کردە تیرۆرستانەی فەرەنسا خراپە و ئیدانە بکەن، دەڵێن ئەی فەرەنسا نەبوو لە جەزائیر یەک ملیۆنی کوشت؟!

دەڵیم ئەردۆگان داعشێکە بۆ خۆی، دەلێن بەڵکو زیندووکەرەوەی ئیسلامە و سوڵتانە و شەونویژ و سوژدەی شوکری بۆ دەبەن کەرزگاری بوو لە کودەتا!

دەڵێم ئەوە نییە کورد دەکوژێت، دەڵێن پ ک ک مارکسیە و کافرە با بیان کوژێت!

دەربارەی ئەو کۆنفرانسەش هەمان بڕوبیانووە، کە دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین، نەک هەر دژی مەلا بەختیار و شتیتر، لەوانەیە خەڵکە گشتیەکە وا بێت، کە مەلا بەختیار بە سەرپرشتیاری ئەو کارە دەبینن، هەموو ئامانجەکەی ئەو کۆنفرانسەشیان لەبەرچاو بکرێت، ئەخر گەندەڵی و بانگەشەی دیموکراتیەت و سێکیولاریزم پێکەوە ناکرێت. کاتی خۆی لە وتارێکی عەرەبیدا بە ناونیشانی: " العلمانية المشوهة... أغرت النّ اس بالإسلام السياسي!" عەلمانیەتی شێواو خەڵک کێش دەکات بۆ ئیسلامی سیاسی. ئاماژەم بە

کاریگەری فیگەر حزب و سیستمی دزێو کرد بۆ سەر بانگەشەی سێکیولاریزمی دیموکرات، و گووتم: کیشەی هەرە گەورەی تێگەیشتن لە ناوەرۆکی دەوڵەتێکی مەدەنی سیکیولار لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە هەڵوێستی خەڵکەکە لەسەر سێکیولاریزم لەسەر بنچینەی نمونە شێواوەکانی سێکیولاریزم وەردەگیرێت کە لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جێبەجێ دەکرێت، چونکە سێکیولاریزم لە نوسخە ڕاستە خۆرئاواییەکەی هەرگیز لە هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی جێبەجێ نەکراوە.

زۆربەی نمونەکان نزیکتر بوون بۆ حوکمی عەسکەری و دیکتاتۆری فەردی وماڵباتی و حزبی...من گومانم نییە ئەگەر خەلک بواری تێگەیشتنی بۆ بڕەخسێت لە ماهیەتی دەولەتی سێکیولاری دیموکرات و دەوڵەتی دینی، و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیان، گومانم نییە کە دەوڵەتی سێکیولاری دیموکرات هەڵدەبژێرن، لەبەر ئەو ئەمن و ئەمان و ئازادی ویەکسانیەی نیوان خەڵک لەسەر بنچینەی هاوڵاتی بوون کە ئەو دەوڵەتە دەستەبەری دەکات"

ئیسلامیەکانی ژێر سایەی پارتی لەبەر ترسنۆکی لە ڕەخنەگرتن لە کارەکانی پارتی، لە خوایەکی دەوێت ڕقی خۆی لە روداو و کەسایەتیەکی سلێمانی خاڵی کاتەوە، یەکێکیان وتارێکی نووسیوە سەرتاپای جوێن و سوکایەتیە بە مەلا بەختیار، و هەڕەشەی جیهاد کردن دەکات و باسی عەشقی مەرگ دەکات، سەیر لەوەیە ئەو هەموو مینبەر ومزگەوت و تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەی ئیسلامیەکان ڕۆژانە و هەفتانە چالاکیان تێدا ئەنجام دەدەن، بەو کۆنفرانسە سی رۆژیە و جەند توێژینەوەیەکی وشکی ئەکادیمی هێندە تەنگاو بوونە دەڵێت: " ... ئەفەندی ، قەسەم بەخوای گەورە چەندە عەشقی شەراب و گۆشتی بەرازو قورەشین و شەوی سورو دزینی قوتی ئەو خەڵکە و تێکدانی نەخشەو پلانی گەنجەکانن .... هەزار هەندە عەشقی مردنێکین لە پێناو خوای گەورە....... ... ئەفەندی ئاخر ئێمە بازرگانی شەر نیین و گەرشەریش دەرگای دینەکەمان بگرێ هەڵی دەزرێنین.

ئاخرئومێد دەکەی حەپینی سەگ و لورەی گورگ و خنە خنی بەراز و مشەمشی کەمتیارەکان سەدای دەنگی بانگی مزگەوتەکان کپ بکەن"

لە هەمووی عەنتیکەتر دەڵێت:" ... ئەفەندی گەر مارکس و لینین و چەپ وەڕەکان خەڵکانێکی وەکو تۆیان ئامادەکردبێ پێت وایە ابن حجری عەسقەلانی و بوخاری و موسلیم و ابن صەلاحی شارەزوری و ئیمامی نەوەوی ابن تیمیە کەسیان ئامادە نەکردوە پارێز گاری لەو دینە بکەن .... کەمتیار ئەفەندی تف لەئێوە کە

دژایەتی ئەو دینە دەکەن و ...... هەزار جاریش تف لەئێمە گەر پاسەوانیەتی ئەوئیسلامە نەکەین " هههههە سەلاحەدینی ئەیوبیشی لەبیرچوە، چونکە سۆفی مەشرەب بوو!

خەتای ئەو دەسەلاتە گەندەڵ ونانەتەوەیی ونادیموکراتیەیە کە هەمووی گۆڕەپانی میدیایی و ڕۆشنبیری تەسلیمی هێزەکانی سەلەفیزم و ئیسلامی سیاسی کرد، تا ئەو ڕادەیەی هێندە نازاندی بوونە بەرگەی کۆنفرانسێکی نیمچە ئەکادیمی ٣ ڕۆژی ناکەن، کە ڕەخنە لە دیاردەی ئیسلامی سیاسی دەگرێت.

یانی ئەگەر دوو سێ دڵسۆزی دیموکراتخوازی میللەتەکەمان سێ چوار تەلەفزیۆنی ڕۆشنگەری چاک و تۆکمە دامەزرێنن، خەریکی هەڵوەشاندنەوەی وەهمەکانی ئیسلامی سیاسی بن، دەبێت چۆن ئەو سەلەفیە ئاسۆ تەنگانە و ئیسلامگەرایانە زیڕە بکەن؟!

## بکوژە نەخۆشەکەی پەرلەمانتارە بەریتانیەکە و نەخۆشەکانی ئیسلامیستان!

خەڵکێکی زۆر گومان دەکەن لەوەی کاتێ هەر تاوانێک دەکرێت بە دەستی مرۆڤێکی خۆرئاوایی، هێندەی نابات ڕۆژنامە و هەواڵەکان باسی نەخۆشی دەروونی ئەو کەسە دەکەن.

لە هەمان کاتدا ئەوانەی تاوانەکان لای وڵاتانی خۆرهەڵات ئەنجام دەدەن وەک تیرۆرست ناوزەد دەکرێن!

ڕاستیەکەی ئەوەیە ڕۆژنامەکانی خۆرئاوا ڕاستگۆن لە باسکردنی نەخۆشی ئەو کەسانەی ئەو تاوانە قێزەونانە ئەنجام دەدەن، چونکە ئەو میدیایانەی خۆرئاوا، عەیب و عاری سەرۆکەکانیش ناشارێتەوە، چۆن عەیبی بکوژێکی بێکاری کەس نەناس دەشارێتەوە؟!

خێزان و برای تۆماس مێر باسی مێژووی دوور ودرێژی نەخۆسی براکەی دەکات، کە جۆن جارەسەری دەروونی وەردەگرت، و بە تەنها لە خانوێکی بچوک دەژیا، زۆر گۆسە گیر بوو، بێ کار بوو.

کاتیک میدیای خۆر ئاوا ئەو کەسە کەمانەی ئەو تاوانە قیزەونە نائینسانیانە ئەنجام دەدەن بە نەخۆش ناوزەد دەکەن، لە زانیاریەوە دەزانن کە نەخۆشە، هەموو مرۆڤیک زانیاری تەواو لەسەری هەیە لەناو دەزگاکانی دەوڵەت .بێگومان دەبێت نەخۆشیش بیت دەنا چۆن مرۆڤێک لەو وڵاتە ئارام و پڕ لە مافە بژیت، دەچێت تاوانی وا ئەنجام دەدات، لە کوشتنی منداڵانی قوتابخانە یان کوشتنی ئەندام پەرلەمان و شتی تریش؟!

خۆزگە لای ئێمەش چەند ساڵ جاریک تاونێکی وا ڕوویدابا بە دەستی نەخۆشێک کێشە نەبوو، بەڵام لە وڵاتە موسڵمانەکان ڕۆژانە، ڕۆژانە هەزاران نەخۆشی عەقڵی و دەروونی تاوانی قێزەونی وەک کوشتن و بڕین و سەربڕین و سوتاندن و هێرش کردنی لەفزی و چەندین تاوانیتر ئەنجام دەدەن، بەو پەڕی قەسوەت و نا مرۆییەوە، لە ژێر پەردەی جیهاد و خوا و دیندا!

نە کەس دەزانێت ئەوانە نەخۆشن، نە خۆیان دان بە نەخۆشیەکەیان دادەنێن، نە میدیاکانمان باسی نەخۆش بوونی دەروونییان دەکەن، نە دەولەت ودەزگای بەرپرس هەیە خەم لە چارەسەریان بخوات، نە لە تۆمارگەی کەسێتیان زانیاری هەیە لەسەر نەخۆشیان! کەوابوو دنیا بە گشتی لە بەرژەوەندی جارەسەری نەخۆشی ئەوانە نین.

دینیش بە هەمان شێوە، نەک چارەسەری نەخۆشیە توندڕەوی وتیرۆرستی و توندوتیژیەکانیان ناکات، بەڵکو ڕۆژانە دۆس و جورعەی زیاتریان دەداتێ بۆ زیاتر نەخۆش بوون و توندوتیژتر بوون. ئەو فۆرمە دینیە مێژووییەی کە زاڵە و مومارەسە دەکرێت لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا، نەک هەر تلیاکی گەلانە، بەڵکو بکوژ و لەناوبەری گەلان، و نەخۆشکەری گەلانیشە!

دەنا ماقوڵە هەزاران گەنجی بەدبەخت ڕیز بگرێت و بچێتە لیشتی چاوەڕوانی خۆ تەقاندنەوەی ئینتیحاری؟!

ئەوە ماقوڵە لەناو قوتابخانە و زانکۆ بەرزەکانی بەریتانیا بگەڕێیتەوە ناو داعشستان بۆ ئەوەی وەزیفەت ببێتە سەربڕی مرۆڤەکان؟! ماقوڵە ئەو هەموو حۆریە جوانانەی ئەوروپا بەجێ بهێڵیت تا بگەڕێیتەوە بە زۆر دەستدرێژی سێکسی بکەیتە سەر ئافرەتێکی کەنیزەکراوی بەستەزمان بە زۆری بۆ ڕازیکردنی نەخۆسیە دینیەکەت؟!

ماقوڵە ئەو هەموو ڕیزەی مرۆڤ فەرامۆش بکەیت، بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە داعشستان و ئیسلامیستان تا ببیتە ئاژەڵێکی بێ ڕیزی درندە؟ !نەخۆشی لە وڵاتان حالاتی کەم و فەردین، کەچی نەخۆشەکانی ئیسلامیستان بە کۆمەڵن، هێندە زۆرن، نەخۆشخانەکانی هەموو جیهانیش پییان ئیستیعاب ناکرێت![45]

[45] ٢٠١٦/٦/١٨

## سیستمی سێکیولاری دیموکرات دینیشت دەپارێزێت!

زۆر لە واعیز و نووسەرە ئیسلامیەکانی کوردستان بێ ئەوەی لە سیستمی سێکیولاری دیموکراتی ئەوروپا و خۆرئاوا تێبگەن، سەدان هێرشی ناڕەوای دەکەنە سەر، تەنها بیانوێکیشیان هەبێت بیانووی ڕەوشتییە!

ژن ڕووتە لەوێ، پیاو و پیاو، ژن و ژن لێک مارە دەکرێن !لەو قسانە .هەرچەندە ئەو حالەتانەش پاکانەی خۆیان هەیە لە نێو سیستم و فەلسەفەی حوکمڕانی سێکیولاریزمی خۆرئاوایی، بەڵام لەوە سەرم سوڕماوە ئەو خۆرئاوایە و دیموکراسیەتیانە هەزاران شتی جوانی تێدایە بۆ نیشاندانی خەڵک بێئەوەی نیشانی دەن!

هەر منداڵ و هەرزەکار و بێ فەرهەنگەکان فێری بێزاندن و ڕق لێبوونەوەی سێکیولاریزمی دیموکراتی دەکەن، دەچن کتێبی زل زل دەنووسن لەسەر کارەسەتاکەنی عەلمانیەت و ڕۆڵی جوو و خاچپەرستان لە بڵاوکردنەوەی دا!

زەلامەکی ئیسلامی دەناسم دوو هەفتە هاتە ئەوروپا، پەلەی بوو بۆ گەڕانەوە تا کتێبێکی زلی بێ ناوەرۆک بنوسێت لەسەر فەشەلی سیستمی دیموکراتی و سێکیولاری ئەوروپا بێ ئەوەی هیچ ببینێت لەو وڵاتە، و سەد مەتر لە هوتێلەکەی دوورکەوتبایەوە ون دەبوو! من نزیکی بیست ساڵە لە بەریتانیام ناوێرم کتێبێکی وا زل، بەڵکو نامیلکەیەک لەسەر ئەزموونی خۆم لەو وڵاتە دیموکراتە گەورەیە و مەزنە بنووسم!

ئەو سێکیولاریزمەی کە ئیسلامیەکان لە جیاتی جوێن بە خەڵکی دەڵێن، ڕۆژ بە ڕۆژ دەیسەلمێنێت، کە ترۆپکی پێگەیشتنی و کاملبوونی مرۆڤە لەسەر زەوی.

بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزان ئەو نامەیەی هاوپێچیان بۆ هەموو دایک و باوکێکی موسڵمان ناردوە کە دەڵێت: دایکان و باوکانی بەڕێز

مانگی ڕەمەزان لە یونیو مانگی شەش دێت، هەندێ منداڵ لە ساڵی ٥ و شەش لەوانەیە بیانەوێت بەڕۆژوو بن و نوێژ بکەن لە قوتابخانە.

بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکەمان، بەڕیزەوە پێسنیار دەکات کە قوتابیان و منداڵەکان هان نەدەن هەموو مانگەکە بەڕۆژوو بن، لە کاتی وجودیان لە قوتابخانەدا.

تەنها بە مۆڵەتدانی دایکان و باوکان منداڵانی پۆلی ٥ و ٦ دەتوانن بەڕۆژوو بن لە ڕەمەزاندا. هەروەها داواتان لێ دەکەین هەندێ خواردن و ئاو لەگەڵ منداڵەکەت بنێریت لە حالەتی تێکچوونی باری تەندروستی و نەخۆش بوونی لە ڕۆژانی درێژی قوتابخانەدا.

دەرفەتی نوێژکردن (ژووری جیا بۆ کوڕان و کچان) بۆ منداڵانی ڕۆژوو گرتووی پۆلی ٥ و ٦ ئامادە دەکرێت. چاوەڕوانین منداڵان بەرماڵی نوێژ لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ قوتابخانە.

دڵسۆزتان

بەڕێوەبەری قوتابخانە

نەک هەر هێندە ئەوە چەندین ڕەمەزانە تاقیکردنەوەکانی قوتابیان دووا دەخەنە دوای ڕەمەزان، و باجیش لەسەر زۆربەی خواراکەکانی کە لە ڕەمەزان زۆر بەکاردەبرێت هەڵدەگرن![46]

[46] ٢٠١٦/٥/٢٦

# هەڵبژێرە لەنێوان

# سێکیولاریکی گەندەڵ یان داعشێکی دەست پاک

نیۆرک تایمز ستایشی دەوڵەتی داعش دەکات، ودەڵێت سەرەڕای ئەوەی توونت وتیژیەکی لە ڕادەبەدەری تێدایە، وئافرەتانی یەزیدی لە بازاڕی کۆیلایەتی دەفرۆشرێن وچەندین کارەساتیتر بەڵام بەرتیل وڕەشوە و گەندەڵی تێدا نیە، کە سەرەکیترین توخمی سەرکەوتنی دەوڵەتە!

لە کوردستان ئەو توونت وتیژیەی تێدا نیە تەنها گەندەڵی و بەرتیل وڕەشوەی تێدایە! کە سەرەکیترین توخمی فەشەل هێنانە بە هەر وڵاتێک .

بەو حیسابەی نیۆرک تایمس بێت دەوڵەتی داعش سەرکەوتووترە لە حکومەتی عێڕاق و سوریا و کوردستانیش!!

یەکێک دەڵێت یەک ملیۆن دۆلارت پێ بێت دەتوانی لە ڕەقەوە بیبەیت بۆ موسڵ بێ ئەوەی کەس بتوانێت ڕێت پێ بگرێت و یەک دۆلارت لێ بەرێت !

لە کوردستان خەڵکێکی زۆرم دیوە بە تایبەتی لە هەولێر، کە پشتگیری لە توندڕەوترین و نەزانترین مەلای ئەو مینبەرانە دەکەن تەنها لە دژی گەندەڵی حزبەکان! مەلاکانیش لە پێناو ئەو خاڵە لاوازەی خەلک هەموو بیروڕایە دوواکەوتوو و رزیوەکانی خۆیانیان بەسەر دەسەپێنن.

یانی قەدەری میللەتانی خۆرهەڵات ئەوەیە یان حکومەتێکی بێ گەندەڵی داعشی هەبێت، یان حکومەتێکی بە ناو سێکیولاری دیموکراتی گەندەڵ تا سەر ئێسقان؟!

یان حزبێکی داعشی دەنگەکانت بەرێت، یان حزبگەلێکی ناو ئێسقان ڕزیو و گەندەڵی وەک پارتی و یەکێتی و حزبە ڕۆژهەڵاتیەکان؟!

چەندە هەڵبژاردەیەکی قورسە لە نێوان بەناو سێکیولاری دیموکراتی گەندەڵ یان داعشێکی تیرۆرستی سەربڕی کۆیلەداری دەست پاک؟!

٢٠١٥/٧/٢٢

# پیرۆزە ئەی ئەمینداری ڕابردوو و ئێستا!

کاتی خۆی کە لە ٢٠١٢ مامۆستا سەلاحەدین دەستی لە خۆ هەڵبژاردن کێشایەوە، دەزانم خەڵکێکی زۆری سەرسام کرد بەو هەنگاوەی، کە بەڕاستیش جێگای سەرسامییە ئەگەر بەڕاستی جێبەجێ بکرێت…

من چەند کەسێکی نێو بازنەکانی یەکگرتوو هەندێک جموجۆڵ و کارەکانی مامۆستایان بۆ باسکردم، یەکێکیان بریتی بوو لە گەڕان و سوڕانەوە بەسەر بارەگاکانی یەکگرتوو لە پێناو هەڵبژاردنی محمد فەرەج ی خزمی و پیاوی نزیکی خۆی، و ئینجا داواکردن لە خەڵک کە دەنگ بە کەسانیتریش نەدەن کە کەسانی زۆر شیاوتر بوون لە محمد فەرەج! من هەرچەندە نەمدەتوانی سەرچاوەی هەواڵەکە ئاشکرا بکەم، بەڵام لە ڕەخنەیەکدا گووتم: ئەوەی بیەوێت بە دیموکراسیانە دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت، نابێت کارگەلێک بکات ئەو هەنگاوەی بخاتە ژێر پرسیارەوە. لە بیرمە کەسانێکیش لێم توڕە بوون کە من بە هیچ ڕازی نیم!

بەڵام ئەو چوار ساڵەش ڕاستە بە ڕەسمی م سەلاحەدین لە وێنەکدا نەبوو، بەڵام هەست بە خاوەنێتی ئەو دەکرا بۆ یەکگرتوو، من وامدەزانی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ئامادە دەکات، قەت لە زیهنمدا نەبوو جارێکیتر پاش هەژدە ساڵ ئەمینداریەتی یەکگرتوو، و پاش چوار ساڵ لە واز لێ هێنان جارێکیتر بگەڕێتەوە سەر کورسیە کۆنەکەی، وا هەست دەکەم کورسیەکەی بە ئەمانەت دابووە محمد فرج، وەک چۆن کاتی خۆی لە سینەما کە کورسیەکانمان جێ دەهێشت بە یەکێکمان دەگوت ئاگای لێ بێت، و ئەوەی ویستی لەسەر دانیشێت بڵێ: گیراوە!

ئەو کورسیەی ئەمینداریش ئەو چوار ساڵە دیارە گیرابوو.

ئێستا ویژدانم ئاسوودەیە بە ڕەخنەکانم و گومانەکانم لە هەقیقەتی باوەڕکردنی سەلاحەدین بەهائەدین بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، پێش چوار ساڵ، پیرۆزە ئەی ئەمینداری ڕابردوو و ئێستا، کێ باوەڕی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەیە تا تۆ هەتبێت، کارەکەی تۆ کاردەکاتە سەر حزبێک، خەڵکیتر هەیە لەبەر باوەڕ نەبوونی بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات ژیانی سیاسی و ئابووری و خەلکی ئیفلیج کردوە!

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٥/٢٨

# بەشی نۆیەم

# ئیسلامی سیاسی و حزب و دەسەڵاتی کوردی


- حزبە ئیسلامیەکان کەی لە مفعول بە دەبنە فاعل؟! ............................................................ 335
- نەوشێروان و دەوڵەتی ئیسلامی عەلی باپیر! ...................................................................... 336
- ئەفسانەی ئیسلامیەکانی ناو گۆڕان! ........................................................................................ 338
- وەڵڵا بابە لەو موعارەزەیە بێ زیانتر نادۆزیتەوە! ................................................................ 345
- دوو خاڵ لەسەر دیبەیەتەکەی عەلی باپیر و مەلا بەختیار! ................................................ 347
- عەلی باپیر و ئاوەژووکردنەوەی للذكر مثل حظ الانثيين! .................................................... 349
- گفتوگۆیەکی دۆستانە لەگەڵ برادەرێکی ئیسلامیم ................................................................ 350
- کوردستان لە سایەی گەندەڵان شۆڕشێکی سەلەفی داعشی بە مێژوو قەرزارە! ............. 351

# حزبە ئیسلامیەکان کەی لە مفعول بە دەبنە فاعل؟!

لەوەتی ئەمن ئەو حزبە ئیسلامیانەی دەرەوە وناوەوە دەبینم هەر لە دەوری [مفعول بە] کارتێکەر ین وهەر خەریکی دواکەوتن وشوێنکەوتنی [فاعل] بکەرەکانن..خەڵک باسی کێشەی ئافرەت دەکات ولێدەبنەوە، ئەوان پاش درەنگانێک دێن وباسی دەکەن، خەڵک باسی کرێکار دەکات، ئەوانیش لەدوای ئەوان دەچن لە سەرچاوەکان دەگەڕێن وبە درەنگانێک چەندین دەقی گرنگی پیرۆز دەدۆزنەوە سەبارەت بە کرێکار ومافەکانی، خەڵک باسی حوکمی زاتی دەکات، ئەو بیرناکاتەوە باسی فیدرالی بکات، کاتێ خەڵکی تر باسی فیدرالی دەکات،ئەویش دەڵێت فیدرالی، هەر بە خەیالیشیدا نایەت باسی سەربەخۆیی کات، چونکە چاوەڕێی خەڵک ئەو باسە بوروژێنن بەڵکو ئەویش جورئەت دەکات باسی سەربەخۆیی بکات. نمونە زۆرن پیاو هیلاک دەبێت بیانژمێرێت لەبەر زۆریان.

ئێستا پارتی ویەکێتی خەریکە خەونی کوردەکانی کەرکوک زیندەبەچاڵ بکەن، هەرنەبا وەک قەرەبویەکی ئەو هەموو کوشت وکوشتارەی کەرکوک وکەرکوکیەکان وەک وەلامێک بۆ شۆڤێنستەکان دەبوایە ئەو کارەیان تاسەربا، بەڵام کێ هەیە لێی بترسن وکێ هەیە شەرمی لێبکەن، نەک کەرکوک، بەڵکو ئامادەن کوردستانیش بکەنە قوربانی شەڕە پەڕۆ وکێشە بچوکەکانی پیاوە حزبیە بچوکەکان.

هەر لەگەڵ کێشانەوەی پارتی یەکسەر لیستەکە سەرتاسەری هەڵوەشایەوە، ودەنگۆی دروستبوونی چەندین لیستۆکە هەیە. دیسان دوو حزبە ئیسلامیەکان چونەوە ڕۆڵی مفعول بە، وبیر لەوە ناکەنەوە یەکدەنگیەک دروستکەن لەگەڵ باقی حزب ولیستەکانی تر، ومن گومانم نیە ئەگەر باقی لیستەکان سوربان لەسەر هەلنەوەشاندنەوەی لیستی یەکگرتووی کەرکوک، پارتی بە ناچاری وسەرکزیەوە یان دەگەڕایەوە ناو لیستە یەکگرتوەکە یانیش هەتا دەنگی ئەو کەمە پارتیەی کەرکوکیشی دەدۆڕاند لە بەرژەوەندی لیستە یەکگرتوەکە.

سەیر لەوەدایە گۆڕانیش دەڵێی ڤایرۆسی مفعول بە لێیداوە هەر متەقی لە خۆی بڕیوە لەترسی توڕە نەکردنی پارتی وبەژداری پێنەکردنی لە دانوستانی پێکهێنانی حکومەت! هەتا هێندە بێباکانە ڕەفتار دەکات دەڵێن لە خانەقین هەموو یەک دەنگن کەچی گۆڕانماڵی خۆی جیاکردۆتەوە. ئیستاش کات ماوە بۆ برایانی مفعول بە، چونکە فاعل ەکانیش کەلکی فلسێکیان نیە، دەترسم هەردوو تەرەف واتە فاعل ومفعول بە بکەونە حوکمی ئەو حەدیسەی کە دەڵێت: اقتلوا الفاعل والمفعول بە!

محەمەد هەریری

٢٠١٣/١٢/١٠

# نەوشێروان و دەوڵەتی ئیسلامی عەلی باپیر!

کێشەیەکی ئەو ڕابەرانەی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە کە ناتوانن بچوکترین کار بۆ خوا بکەن بەبێ مەرایی کردن و ڕیکلام کردن بۆ خۆدی خۆی و پرۆژە دینییە سیاسیەکەیان.

بۆ نمونە کە ئیسلام دەڵێت: خێرێکت کرد با دەستی ڕاستەت نەزانێت دەستی چەپەت چی بەخشیوە، کەچی کاکی ئیسلامی تا تەبەقیەک هێلکە یان کیلۆیەک گۆشت دەبەخشێتە داماوێک سەد وێنە و سێلفی لەگەڵ دەگرێت، کە ئەوە دژی دینە!

کە دەچن بۆ هەر بۆنەیەک ئەوە کاریانە، جڵەوی مەجلیس وەردەگرن قسە لە ڕەهایەتی دینیش ناکەن، بەڵکو باسی دینێکی بە سیاسیکراوی تا سەر ئێسقان دەکەن.

کە ئەو بۆنەیەش تازیە و ماتەم بێت، لەبەر ئەو ڕەهبەتەی مەرگی ئازیزێک، دۆستێک، کەس وکارێک دروستی دەکات، پڕ ترس و لاوازیان دەکات، چاکتر وەزعەکە دەقۆستنەوە، بۆ زیاتر تۆقاندنی خەڵک لە مردن و کیتاب وحیساب و عەزابی قەبر، و دوایش باسی جێبەجێ کردنی شەریعەت لە هەموو کایەکانی ژیان ودەوڵەت، ئەوەشی باوەڕی بەوە نەبێت یانی فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە –هەڵبەتە بەپێی تێزی ئیسلامی سیاسی- با هەر نوێژبکات و ڕۆژووش بگرێ!

عەلی باپیریش، کە من زۆر سەرسامم بەو جەوە میسالییە ئیمانییەی تێیدا دەژێت، تا ڕادەی ئەوەی هەست ناکەیت ئەو هەموو قەیرانە قوڵانەی جیهانی ئیسلام و موسڵمانان و تێزەکانی خودی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی کە بەربینیان گرتووە، یەک زەرە کاری لەو پیاوە کردبێت، و نەیگۆڕیوە و نایگۆڕێ، چونکەبە هەمان زمانی سەحوەی ئیسلامی سالانی پەنجا و شەست وهەشتاکان دەدوێت!

ئەو وادەزانێت خەڵک وەک ئەو هێشتا تووشی ڕاتەکان و تۆقان و ماڵوێرانی نەبووە بە دەست چەندین فۆرمی سیاسی ئیسلامی لەوپەڕی میانڕەوەوە بۆ ئەوپەڕی قاعیدە و داعشەوە!

عەلی باپیر ئەو بۆنەیەی قۆستەوە بۆ وروژاندنی یادگاریەک کە لە نۆڤەمبەری ١٩٨٧ لەنێوانیان ڕوویداوە بۆ تەرویجکردن بۆ لوتکەی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی کە دەوڵەتی ئیسلامییە، وگووتی نەوشێروانێکی وا لێکۆڵەر و توێژەر، پێی گووتوە هەزار ویەک پرسیاری لە دڵدا کەڵەکە کردوە لەسەر ئەوەی ئیسلام چی پێیە بۆ نەتەوە و نیشتیمان و بۆ کورد، بینینی مامۆستا عەلی باپیری بە فورسەت زانیوە تا وەلامەکانی بداتەوە، کە وەڵامەکانیشی گوێ لێبووە، نەوشێروان زۆر سەرسام بووە پێیان و فەرموویەتی: ئیسلامێک ئەوها باوەڕی بە مافی گەلان و ئازادی تاکەکان هەیە و دادگەری پێیە، من بە دەوڵەتێکی ئیسلامی کوردی ڕازیم!

جارێ من باوەڕم بەوە نییە دەوڵەتێک دروست بێت بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی کوردی! کە ئیسلامی بوو کوردی نابێت! بە پێچەوانەوەش. چونکە ئیسلام دان بە سنوورەکانی نێوان گەلان داناهێنێ، بۆی هەیە

مەغریبیەک ببێتە دەمڕاستی، یان سعودی و میسریەکی وەک بن لادن و زەواهیری ببنە چاوساغی دەوڵەتی تاڵەبانی ئەفغانی!

دووەم گێڕانەوە قسەی مرۆڤی کۆچکردوو بۆ سەلماندنی بابەتێک کە مەتڵەبی خۆت بێت، کارێکی باش نییە هەتا ئەگەر ڕاستیش بێت، چونکە ئەوە کاتی خۆشی ئەبو هورەیرە هەر حەدیسێکی گوتبا کەسانێک لێیان قبوڵ نەکردبا یان داوای بەڵگەیان لێکردبا دەیگووت: فلانی کوڕی فلانی [مردوو] بەمنی گوتووە! یانی کەسێکی مردووی بە شاهێد دەگرت.

سێیەم تۆ ئەو کاتە تێگەیشتنت بۆ ئیسلام و عەلمانیەت دەبێت زۆر توند بێت بەپێی کتێب و ڤیدیۆ کۆنەکانت، کە با ئاشکرا تەکفیری عەلمانیەت و هەڵبژاردن و دیموکراتیەت دەکەیت، دەبێت ئەو ئیسلامەی بۆ کاک نەوشیروانت باس کردوە هەمان نوسخەی ئەو کاتە بوو بێت، بەو هەموو توندوتیژیە لە جیهانبینت بۆ ئیسلام، کە تا ئێستاش کە نیوەی ساڵی ٢٠١٧ یە ڕزگارت نەبووە لە زۆر لە بیروڕاکانی ئەوسات، باشە ئەگەر ڕاست بێت چۆن نیوشێروانێکی چەپڕەوی نیمچە دیموکراتی ئەو کاتە ڕازی بووە بەو نوسخەیەی ئیسلام؟! یان تۆ موجامەلەت کردوە بە تەواوی بۆت عەرز نەکردوە، یانیش ئەو لەبەرئەوەی تۆ میوانی ئەو بوویت موجامەلەی کردوویت بەو قسەیە.

ئینجا نێوشێروان ئەگەر هێندە سەرسامی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی بوو بێت، بۆچی لە پڕۆژەی گۆڕاندا تەبەنای بەشێکی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی نەدەکرد؟! تەنها کارێکی کە کردی ئەوە بوو پەی بە کاریگەری دینی ئیسلام برد بەسەر میللەتەکەی، و ئەو دژایەتییە توندە چەپڕەوەی سێکیولاری کوردی بۆ دین کاڵکردەوە، ئینجا پردێکیشی بۆ ئیسلامیە ڕاڕاکان لە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی دروست کرد، لەو ڕێگایەوە دەیان و سەدان کادیری چالاکی ئیسلامی سیاسی هێنایە ناو پڕۆژە سێکیولارە دیموکراتیەکەی گۆڕان.

ئیتر دەوڵەتی ئیسلامی کوردی چی؟! دەترسم ئەو قسەیەی مامۆستا عەلی باپیر بۆ دوو مەرام گوترا بێت، یەکەم وەک لەسەرەوە باسم کرد بۆ و ڕاکێشانی دڵی گۆرانخوازان، و تەرویج وبرەودان بە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی، کە نێوشێروان زۆر لێی دوور بوو، دووەمیش لە ترسی تەکفیرکردنێکی توندڕەوان وایگوتبێت، تا بڵێ بۆیە وا چووم بۆ تازیەی ئەو پیاوە چونکە خۆشی ئیسلامیەکی خەت مایلی ناو سێکویلاریزمی کوردی بوو![47]

---

[47] ٢٠١٧/٥/٢١

# ئەفسانەی ئیسلامیەکانی ناو گۆڕان!

## -١-

من زۆر دەمانێکە گوێم لە وتاری هەندێ نووسەر و کرێگرتەی حزبی و کەسانێکی توندڕەوی ئایدیۆلۆژی دەبێت، کە باسی بە ئیسلامی بوونی گۆڕان و زاراوەی ئیسلامییەکانی ناو گۆڕان دەکەن، بەڵام هێندە گوێیم پێ نەدەدا، چونکە پێموانەبوو ئەوە ترسانە لەو قەبارەیە بن، و موستەهەقی وەڵامدانەوەش بێت. بەڵام ئێستا پاش کۆچی دوایی ڕێکخەر و دامەزرێنەری بزوتنەوەی گۆڕان، لە نێو ئەو ئەگەرانەی کە باس دەکرێن بۆ ئایندەی بزوتنەوەکە، ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی ئیسلامییەکانی ناو گۆڕانە بەسەر بزوتنەوەکە، و گۆڕینیەتی بۆ بزوتنەوەیەکی ئیسلامی دینی!

با بزانین ئەو تێزە تا چەند ڕاستییە، وئایا شتێک هەیە بە ناوی ئیسلامی لەناو بزوتنەوەی گۆڕان؟! دیارترین ئەو دەمووچاوانەی کە دەڵێن ئیسلامین کێن لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا؟! ئایە گۆڕان و ڕێکخەرەکەی تا چەند دوور ونزیکە لە ئیسلامی سیاسی؟!

لە کۆتا پرسیار دەست پێ دەکەم. نەوشێروان مستەفا لە هەموو ژیانیدا بە یەک ڕستەش نە بە دەم، نە بە کردار و خەبات پشتگیری لە چەمکی ئیسلامی سیاسی نەکردوە، بەڵکو لەناو نێوەندی ئیسلامیدا لە کاتی خۆیدا و تا ئێستاش قسەیەک هەیە بە دەمی نەوشێروانی دەگێڕنەوە کە گوایە وتوویەتی: دەبێت قورئانە عەرەبیەکە بە وشتری عەرەبی بنێرینەوە بۆ عەرەبستان، تا گوێدرێژی کوردی ماندوو نەبێت! لەوە ناچێت ئەوە قسەی نەوشێران بێت، بەڵام زۆر باوە ئەو قسەیە، بە تایبەت لە کاتی تووڕەبوونی ئیسلامیەکان لە هەر هەڵوێستێکی نەوشێروان!

بەڵام لە بیرمان نەچێت، ڕێشی تێدەچێت لە هەرەتی چەپڕەویدا قسەیەکی وای کردبێت، چونکە نەوشێروان بیر و هەڵوێستی بەردەوام لە گۆڕاندا بووە لەو پەڕی توندیەوە بۆ مام ناوندی و تا دەگاتە نەرمی نواندن. هەموو ئەدەبیاتی گۆڕان ئاماژە بە حوکمی عەلمانیەت و دیموکراتیبوون دەکەن قەت نەمزانیوە لە بڕگەیەکیش باسی حوکمی ئیسلامی کرابێت!

ئەوەی زۆر زەقە لەو بوارەدا وتە بەناوبانگەکەی نەوشێروان بوو لە چاوپێکەوتنێکدا گووتی: ئێمە دژی هەموو یاسایەک دەوەستینەوە پێچەوانەی سەوابتی [نەگۆڕەکانی] ئیسلام بکات!

ئەوە وتەیە تەرجەمەی وردی دەستوری عێراقییە، کە زۆر بێ مانایە و دەڵێت نابێ ئەحکامی ئەو دەستورە پێچەوانە بکات لەگەڵ دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و هەروەها لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام!

چونکە هەر خودی دیموکراسیەت پێچەوانەی بنەماکان و سەوابتی ئیسلامە لە زۆر لایەنەوە. کاک نەوشێروان وەک دەگوترێ یەکێکە بەژداری کردوە لە دارشتنی دەستوری عێراق، جا یان خۆی دارێژەری ئەو بیرۆکەیە بووە، یانیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکەیە پڕ لە هەڤدژییە. بۆ نمونە یەکسانی ژن وپیاو لە خوێن و لە میرات و لە بوونە سەرۆکی وڵات پیچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە. کە ئایەتەکانیشی دەبنە سەوابت! هەروەها جزیە وەرگرتن لە فەلە و مەسیحیەکان لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە، و دیموکراتیەت قبوڵی ناکات!

کاک نەوشێروان لە چاکترین حالەتدا، لەبەر دژایەتی توندی پارتی و یەکێتی بۆ خۆیی و پڕۆژەکەی، بە چەند ڕستەیەکی وا لاستیکی و چەند فاتیحە و قورئان ماچ کردنێک ویستی ڕای گشتی خەڵکی موسڵمان ودیندار، ئینجا ئیسلامییەکانیش بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بێگومان سەرکەوتووش بوو لەوەدا، هەتا دڵداری لەگەڵ سەلەفیەکی جیهادی وەک کرێکاریش کەوتە بەینەوە، کە وەسفی نەوشێروانی کرد وەک عەدنان مەندەریس [١٨٩٩-١٩٦١].

مەندەریس لە ١٩٥٠ – ١٩٦٠ سەرۆک وەزیری تورکیا بوو، توانی ئەفسانەی حزبی ئەتاتۆرک بشکێنێ و حزبی دیموکراتی ئەو سەرکەوێت. کە هاتە سەر دەسەڵات ئەو ڕێکارە سێکیولارە ئەتاتۆرکیە توندڕەوانەی سووک کردەوە، وەک ڕێگادان بە بانگدان بە عەرەبی و ئازادکردنی خوێندنەوەی قورئان و کردنەوەی قوتابخانە دینیەکان...

یانی بە کورتیەکەی دینی بەکار دەهێنا بۆ زیادکردنی شەعبیەتی و بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکان، دوور نییە ئەگەر کودەتای لەسەر نەکرابا وەک ئەردۆگانی لێدەهات و دەبووە ئەو ئیسلامییە تەڵەکەبازە کە ناوەرۆکی سێکیولار ودیموکراتیەتی تورکیای بەتاڵ کردۆتەوە! یانیش وەک نەوشیروانی لێدەهات لە باوەڕی بە دیموکراتیەوە و بەکارهێنانی هەست و سۆزی دینییەوە ئەو کرانەوەیەی دەکرد بەسەر شەقامی ئیسلامی.

بەڵام نکوڵی لێ ناکرێت کە ئیسلامییەکان لە سنوری ئەو کرانەوەیە جوزئیەوە ناوەستن، سیفەتێکی عەرەبیان بۆ هاتووە لەگەڵ بیروڕاکانی ئیسلامیەکان، کە کورد بە پەندێک گوزارشی لێدەکات و دەڵێت: ڕەنگ نیە بە عەرەب بلێی مەرحەبا ، ئەوەی دەیخوا ئەوی دەخاتە بن عەبا! با بزانین ئەو تێزە تا چەند ڕاستییە، وئایا شتێک هەیە بە ناوی ئیسلامی لەناو بزوتنەوەی گۆڕان؟! ڕای چەند نووسەرێک دەخەینە ڕوو و دوایش گفتوگۆی رایەکانیان دەکەین و لەگەڵ گوتنی ڕای خۆشمان.

بیروڕایەکی زۆر جیاواز هەیە لەسەر بوونی دیاردەی ئیسلامی لەناو بزوتنەوەی گۆڕان، بەڵام وەک لەسەرەتای ئەو وتارە گوتمان هەر یەکەی بە پالنەرێکەوە دەیڵێ!

بۆ نمونە حەمەسەعید حەسەنی سەر بە پارتی، ئاماژە بەوە دەدات "سەروەختێک سادات خۆی بە ئیخوانەوە هەڵدەکێشا و بە پشتبەستن بەوان، بە گژ چەپەکاندا دەچووەوە، زۆری نەبرد، نەک هەر لێی هەڵگەڕانەوە، بەڵکوو تیرۆریشیان کرد.

پێموایە چارەنووسی نەوشیروان مستەفای کۆنە چەپ کە بە کۆمەکی ئیخوان، سەنگەری لە پدک و ینک گرتووە، لە هی سادات رۆشنتر نابێت. بەوەدا خەباتی گۆڕان لە پێناوی سەرخستنی پرەنسیپە نەگۆڕ و جێگیرەکانی ئیسلامدایە، بەوەدا لای گۆڕانیش هەر ئیسلام چارەسەرە، بەوەدا سەرۆکی لیستی گۆڕان، کۆنە ئیخوان بوو، بەوەدا کۆنە ئیخوانەکانی نێو لیستی گۆڕان زۆرترین دەنگیان هێنا، کەواتە گۆڕانیش وەک یەکگرتوو، حزبێکی ئیخوانییە، بەڵام ئەو بوێرییە شک نابات، ناسنامەی خۆی ئاشکراتر بکات و پاشگری (ئیسلامی)یش بە ناوی خۆیەوە بلکێنێت ."

ئومێد قەرەداغی، پێیوایە ئەوەی پەرلەمانتارێکی وەک "عەلی حەمەساڵح" داوای دەکات تائێستا یەکگرتووی ئیسلامی داوایی نەکردووە. دەڵێت "بزووتنەوەی گۆران خوازیاری دەسەڵاتی لایەنداری ئاینییە نەک دەسەڵاتێک بێلایەن بێت بەرانبەر بە هەموو ئاین و تایفە و نەتەوەیەک (دەسەڵاتی عەلمانی بێت).. ئومێد قەرەداغی وتیشی "ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان راشکاوانە باوەڕی بە دەسەڵاتێکی بێلایەن بەرانبەر بە ئاین و نەتەوە و خێڵ (دەسەڵاتی عەلمانی) نەبێت ئەوا پێویستە بە جیددی هەڵوێستی لە بەرانبەر وەربگیرێت بە تایبەت پێش هەموو کەس پێویستە رۆشنبیران و ئازادیخوازەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان بێدەنگ نەبن و رەخنەی لێبگرن، بزووتنەوەی گۆڕان تەنانەت ناتوانێت وەک پارتی داد و گەشەپێدان کە پارتێکی پاشخان ئیسلامییە راشکاو و بە جورئەت بێت، داد و گەشەپێدان راشکاوانە دەڵێت لەگەڵ حوکمڕانییەکی عەلمانیدایە و حوکمڕانی عەلمانیش پێچەوانە نییە بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام، بەڵکو زەمینە بۆ ئیسلام و هەموو ئاینەکانی تریش دەڕەخسێنێت بە ئازادانە مومارەسەی بیر و کاری خۆیان بکەن".

-٢-

د.خالید محەمەد، پسپۆری زانستە سیاسییەکان، پێیوایە بزووتنەوەی گۆڕان بووەتە هێزێکی دواکەوتوو و مۆدیلی حزبێکی ئیسلامی سەلەفی، ئەمەش گەورەترین شکستە لە رووی فکریی و سیاسییەوە کە دەشێ لە دواجاردا ببێتە شکستی جەماوەریش. وتیشی "گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی بوون بە سێ حزبی ئیسلامی نزیک لە یەکتر، هیچ جیاوازییەکی ئایدۆلۆجیان نییە، هەرسێکیان کار بۆ گەڕانەوەی شەریعەت دەکەن وەک بنەمای حکومڕانی کە ئەمە لە سیستمی دیموکراتیدا جێی نابێتەوە، پاشان کار دەکەن بۆ ئەوەی بە یەک دەست پارتی بە پلەی یەکەم و یەکێتی کە ئێستا خۆی لاواز بووە، بێهێز و لاواز بکەن".

سیروان عەبدول، نووسەر پێیوایە کە "ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان حزبێکی ئیسلامی سیاسییە و ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەیکا، ئیغرابوونە بەو شەرعیەتەی ئیسلامی سیاسیی لە بەهاری عەرەبی وەریگرت".

سیروان عەبدول، رەخنە لەو سیاسەتەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا دەگرێت و دەڵێت "گرنگە کاک نەوشیروان ئاگادار بێت راستگۆیی لە دەست دەدات، کاتێک بە ئاشکرا دیارە بڕوای بە ئەرگۆمێنت و قسەکەی خۆی نییە، دێت بە بیسمیلا دەستپێدەکات و نوێژ دەکات و وێنەکەی بڵاو دەکاتەوە، لە تەلەفزیۆنەوە پەنجە بەرز دەکاتەوە و داکۆکی لە سەوابیتەکانی ئیسلام دەکات. کاک نەوشیروان موستەفا، ئەوەندە قودەرتی نەبووە خۆی نەکات بە موهەڕجێک، لەبەردەم کامێرای تەلەفۆزیۆندا بڵێ، رایدەگەیەنم ئیتر ئیشی ئێمە لە پەرلەمان، ئەوە دەبێ داکۆکی لە سەوابیتەکانی ئیسلام دەکەین، لای من زۆر ناشیرن دەهاتە بەرچاو، زۆر زیاتر لەوە دەچوو بەسەر مەسرەحی سێرکەوە بێت و لە موهەڕجێک بچیت تا سیاسەتمەدارێک ."

کاک سیروان کە لە هەموویان بێلایەنتر دەیبینم لەو دەقەدا گوزارش لە مەترسیەکانی یارییە سیاسیەکەی نەوشێروان دەکات، و پێیوایە گۆران بۆتە ئیسلامی و نەوشێروانیش وەک موهەریجێک هەوڵی ڕاکێشانی سۆزی ئیسلامییەکان دەکات! بەڵام کاک سیروان پەی بەوە نەبردوە کە ئەوەی نەوشێروان دەیکات هێندە باوەڕ نییە، ئەوەندەی سیاسەتە، و لە سایەی نەبوونی سەرچاوەی مادی بەهێزی وەک پارتی و یەکێتی، ناچارە پشت بە مێژوو و ئەستۆپاکی و هەموو دەنگە نەیارەکانی کۆمەڵگا ببەستێت بەبێ جیاوازی.

وەک دەبینین حەمەسەعید حەسەن وەک شەڕکەرێکی پارتی و د. خالید محەمەد گۆڕانیان پێ حزبێکی سەلەفی ئیخوانییە، و کاک ئومێدیش پێیوایە گۆران لە حزبەکەی داد وگەشەپێدان ئیسلامیترە!

گومانی تێدا نییە ڕایەکان زیادەڕەوی زۆری تێدایە، لە ژێر پاڵنەری حزبی و جوراوجۆر نووسراوە، چونکە ڕاستە گۆڕان کرانەوەیەکی زۆری کردوە بەڕووی ئیسلامیەکان، و بەها دینییە گشتیەکان، و بەردەوام مەلا

وبانگخواز دەهێنێتە سەر پەڕەی میدیای خۆی بۆ لێدوان دان دژی نەیارە سیاسیەکانی، بەڵام بەڕای من هێندە بەکارهێنانی ئیسلامیەکانە، هێندە بە ئیسلامی بوونی گۆڕان و نەوشێروان نەبوو! هەرچەندە ئەوەش دەرەنجامی نێگەتیڤی خۆی هەیە لەسەر هەڵوێستی ئەندامان و شوێنکەوتانی لە ئاییندەدا. چونکە تۆ بە ڕاشکاوی جاڕی سێکیولار و دیموکراسی بوونی خۆت نەدەیت، زۆر لە ئەندامانی هێڵی ناوەند و پایینی بزوتنەوەی گۆڕان شتەکان تێکەڵ وپێکەڵ دەکەن، هیچ جیاوازیەک نابینن لە نیوان حوکمی شەریعەت و حوکمی دیموکراتی!

بەڵکو بنکەی جەماوەری حزبە دینییەکانیش بە ڕێژەیەکی کەمتر فریودەخۆن بەو وەهمەی کە گۆڕان هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ حزبێکی ئیسلامی وەک یەکگرتوو و کۆمەڵ! هەتا لەو یەک دوو ڕۆژەی وتاری نووسەرێکی ئیسلامی داعشی کوردیم خوێندەوە داوای یەکگرتنی کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان دەکات، بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر، چونکە بەڕای ئەو عەلی باپیر کاریزمایەکی گەورەیە و هیچ سیفەتێکی تاکرەوی و دیکتاتۆری تێدا نییە، گۆران کەسی نەماوە ببێتە سەرکردەیەکی کاریزمای وەک نەوشێروان، بۆیە [عەلی باپیر هو الحل] چارەسەرە!

## دیارترین ئەو دەمووچاوانەی کە دەڵێن ئیسلامین

## کێن لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا؟!

چەند کەسایەتیەکی دیار هەن لەناو گۆڕاندا کە خاوەنی پێشینەیەکی ئیسلامیین، وەک یوسف محمد ی سەرۆک پەرلەمان، و وشیار عەبدوڵلای کوڕە نازدارەکەی کاک نەوشیروان، و هەڤاڵ ئەبوبەکر کە لە پێشینەیەکی ئیخوانیەوە هاتوون و علی حمه سالح و مەلا کامەران وچەندینی تر لە ئاستەکانی تر.

ئەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیسلامی بوون لە حزبێکی ئیسلامی یان وەک ئیسلامیەکی سەربەخۆ بوون، دەربارەی عەلی حەمە سالح تەنها هەندێ لە لێدوانەکانی ئاماژە دەکەن بۆ پاشخانێکی ئیسلامی، دەنا من خۆم هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت بۆ ساغکردنەوەی.

ئەوانە بە پاڵنەری جۆراوجۆر بوونەتە گۆڕان، هەیە بۆ بەرژەوەندی شەخسی و پلە و پۆستێکی وەک وەزیری ئەوقاف بۆ نمونە، دەنا هێشتا خەونی دینی زۆر بچووکە! هەیانە هیچ پابەندبوونێکی ئیسلامی نەماوە بە شەقیش نوێژێک ناکات! هەشیانە بە تەواوی لە ناخیەوە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەوڵەتی ئیسلامی بە کەڵکی ئەو ڕۆژگارە نایەت، و خەبات لەو چوارچێوەیە ئاسنی سارد کوتانە، چاکترە ئەو هەوڵ وکۆششانەی بخاتە گەڕ بۆ سیستمێکی دیموکراتی، کە دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی هەموو مرۆڤەکان دابین دەکات، ئەگەرچی هەندێ پابەندبوونی عیبادی ماوە وەک نویژ و ڕۆژوو و حەج و عومرە بۆ وێنەگرتن و سەرسامکردنی جەماوەرە دیندارەکانیان لە فەیسبوک و تۆڕەکانی تر.

بابڵێین ئەوانە دەمووچاوە هەرە ناسراوەکانی کۆنە ئیسلامیەکانی ناو گۆڕان بن، ئایە ئەوانە جێگای مەترسین بۆ سەر گۆڕینی گۆڕان لە حزبێکی مەدەنی سێکیولارەوە بۆ حزبێکی ئیسلامی کوردی؟!

بەڕای من سەرەڕای هەندێ تەسریح و لێدوان و نووسینی حەماسی هەندێ ئەو کەسایەتیانە، دەنا ئەو تۆمەتە و ئەو ترسە هیچ بنەمایەکی بەهێزی نییە، تەنها لە عەقڵیەتێکی ئایدیۆلۆژی هەڵچووەوە دەردەچێت یان بە پاڵنەری دژایەتی حزبیەوە دەردەچێت. گۆڕینی گۆڕان بۆ حزبێکی ئیسلامی ئەوە تەنها وەهمێکە لە میشکی کەسانێکی هەڵچوو و کرێگرتەی سەری ئایدیۆلۆژیەوە دەردەچێت. بەڵام دیسانیش بێدەنگی گۆڕان لە کەسانێکی داعشی کە هێزە کوردیەکان تەکفیر دەکەن، و ستایشی پەیجەکانیان بۆ ئەو جۆرە کەسانە و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانیان، کارێکی زۆر خراپە و باڵانس و بەهای مەدەنیەت و سێکیولاربوون و دیموکراتی بوونی گۆڕان دەخاتە ژێر پرسیارەوە!

بەڕای من ئیسلامییەکان هەڕەشە نین لەسەر گۆران، بەڵکو بە پێچەوانەوە گۆڕان بۆتە بەرزەخی ئیسلامیە پێگەیشتووەکانی، هیچیتر باوەڕیان بە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی نەماوە، پێیوایە لەگەڵ گۆران بێت دژی گەندەڵی و ناعەدالەتی چاکترە و بە بەرهەمترە، لەوەی لەناو حزبێکی ئیسلامی تەقلیدی بن لەو ڕۆژگارەی بورکانی ئیسلامی سیاسی بەرەو دامرکانەوە دەچێت، پاش تۆمارکردنی دەیان و سەدان هەوڵی فاشیل و ژێرکەوتوو.[48]

[48] ٢٠١٧/٥/٢٥

## وەڵڵا بابە لەو موعارەزەیە بێ زیانتر نادۆزیتەوە!

بەرنامەی کەوانەی مانگی ڕابردوو لە کەناڵی گەلی کوردستان بۆنەیەک بوو بۆ گوێگرتن لە خیتابی دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن، ئەو دوو کەسەی بانگ کرابوون بۆ ئەو بەرنامەیە تا ڕادەیەکی زۆر گوزارشیان دەکرد لە هەردوو بەرەکەوە...

جەمال عەبدوڵڵا، کە لە سەرتاسەری نێوەندی فەرهەنگی ناوێکە حەساسیەت بۆ زۆربەی خەڵکی ئەو نێوەندە دروست دەکات لەبەر ئەو شێوازە توندوتیژەی بەکاری دەهێنێت بۆ بەناو ڕەخنە گرتن لە نەیارانی دەسەڵات، کە زیاتر لە شۆردنەوە و ناوزڕاندن دەچێت، ولەبەر ئەو ڕۆحە پڕ شەڕانگێژیەی کە لەسەر زمان وبن زمانی ڕەنگ دەداتەوە لەدژی هەر هەناسەیەکی ئازاد، ولەبەر دابەزاندنی ئاستی ڕەخنەگرتن بۆ ناو شەڕی کۆڵانان وچایخانەکان...

گومانی تێدا نەبوو هاوسەنگی نەبوو لە ئاستی زانیاری وئەدەبی خیتاب وگفتوگۆ لە نێو بەڕێز موسەنا ئەمین وجەماڵ عەبدوڵڵا، ئەگەر کاک موسەننا کەمێکی تر نەرمتر با لەوانەیە کاک جەمال بە دۆلۆزوڕنا لە ستودیۆکە دەیبردە دەرەوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە وادیار بوو کاک موسەننا خۆی بۆ ئەو ئەگەرە ئامادە کردبوو بە شێوازێک هەڵس وکەوتی دەکرد زۆر زاڵتر لە کاک جەمال وڕێی پێنەدا لە سنوری خۆی دەرچێت وشێوازە تەشهیریەکەی بەکار بهێنێت.

بەڕاستی کارێکی قورسە ببیتە باش چاوەشی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ وسەقەتە وببێیت وبەرگری لێ بکەیت وکارە ڕەش وقێزەونەکانی سپی کەیتەوە، بەڕاستی ئەو کارە بە گەورەترین فەیلەسوف وئەدیب وبیرمەند ناکرێت چ جای بە جەمالێکی فەقیر کە هەموو هونەرەکەی لە دەنگ بەرزکردنەوە وجوێن وتەشهیر کردن بە خەڵک خەست دەبێتەوە!

هەق وناهەق هێندە ئاسان گوزارش لە خۆیان دەکەن پێویست بە ڕێکلام بۆ کردنیشی ناکات، کاری هەق بکە بە کەمترین قسە خەڵک هەمووی پێی دەزانێت. کە ناهەقیش بوویت لە چەوساندنەوەی ئەو میللەتە، لە هەڵلوشینی سەروەت وسامانی ولە کوشتنی خەونەکانی ئەرستۆ وئەفلاتونیش ستایشی کردن ئەوە بچوکترین کەس وبێ سەوادترین کەس جرتیان بۆ لێدەدەن، بەڵێ جرت بۆ ئەرستۆ وئەفلاتوون لێدەدەن، چ جای بۆ جەمالی بەڵگە!

هەربۆیەش کاک موسەننا سەرەڕای ئاستی زانیاری وئەکادیمی کارەکەی هێندە قورس نەبوو لە بەرەنگاری کردنی جەمالی بەڵگە وپوچەڵ کردنەوەی هەموو [تایەکانی] کە هەڵی دەدایە پێش ڕەوڕەوەی گفتۆگۆکە.

ئەو هاوسەنگیەی کە بەرێز موسەننا کردبووی لە نێوان موسڵمان بوونی وکورد بوونی ودیموکراسی بوونی کارێکی سەرکەوتوانە بوو لە بەرنامەکە هەرچەندە ئەزمونی واقیعی ئیخوانەکان لە وڵاتی میسر وتونسی بەهاری عەرەبی پاڵپشتی ناکات لە لایەنی دیموکراسی بوون، وئەگەر بێتو لەوێ نوشوست بێنن کە لانکەی ئیخوانە میسریەکانە، وکاریگەری ئیخوانە میسریەکان وەک کاریگەری نەتەوەی ڕووسە لە یەکێتی سۆڤیەت ونەتەوەی هانە لە چینی ماو بەسەر کۆمەنستانی دەرەوە، ئەوە لە کوردستان وولاتانی تر نوشوستیان مسۆگەر دەبێت، هەتا ئەگەر لەوانیش باشتر بیرکەنەوە ورەفتار بکەن، چونکە کارلێکەری بەشەکانی جیهان بەسەر یەک زۆر بەهێزتر بوە لە سایەی شۆڕشی زانیاری وسایبەر وماس میدیا.

ڕاسترین وتەی کاک موسەننا لەو بەرنامەیە ئەوە بوو کە وتی: "لە کوێ موعارەزەی واتان دەست دەکەوێت؟! هەزار گەندەڵی وناعەدالەتی دەکەن، نە دەچنە سەر شەقام، ولە بەغدا هاوهەڵوێستانن، وبەڕێز وئیحترامەوە ناوتان دەبەن...." وەڵڵا ڕاست دەکات لە کوێ موعارەزەی وا شەرمن وڕاڕا وهەر لینگەو لە گۆڕەپانێکیان دەست دەکەوێت، لە کاتێکدا دەسەڵات بە هەموو توانایەوە خەریکی گەندەڵی وتاڵان وشێواندنە ڕۆحی نەتەوەیی میللەتە.

ئەوە لە کاتێکدا خەریکە دەسەڵات موعارەزە پەرتەوازە دەکات ولە یەکیان دڕدۆنگ دەکات وهێما ورموزی موعارەزەش بەرتیل دەکات، و نەک بە هیچ لە کارە دزێوەکانی ناچێتەوە وبەڵکو ئیتریشی دەخاتە سەر، کەچی موعارەزەی شەرمن ولەرزۆک چاوەڕوانە خەڵک هەنگاوی یەکەم بهاوێ لە دانانی سنورێک بۆ پێشێلیەکانی دەسەڵات، یان لەوانەیە هەر حەزیش نەکەن بجولێنەوە نەوەک سەروەریەکە بەناوی خودی خەڵک تۆمار بکرێت!

موعارەزە لە یادی ١٧ی شوبات بەدیار کەوت کە چاوەڕێیە خەڵک مێژووی بۆ دروست بکات تا ئەو بەس قسە لەسەر مێژوەکە بکات وبینوسێتەوە وبەرنامەی گەرمی لەسەر دەربهێنێت، کە باسی ١٧ ی شوبات دەکرا هێندە بە نەفەسێکی دوور باس دەکرا وەک بڵێی باسی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەکرا. وەڵڵا بابە دەسەڵات لەو موعارەزەیە بێ زیانتر نادۆزێتەوە! بەڵام لە وتنی ئەو قسەیەدا ئێستاش نەمزانی کاک موسەنا بەڕاستی بوو یان گاڵتەو تەوسی دەکرد[49]؟!!

[49] لەندەن ٢٠١٣/٢/٢٠

## دوو خاڵ لەسەر دیبەیەتەکەی عەلی باپیر و مەلا بەختیار!

## سەرسامم بە بیرکردنەوەی عەلی باپیر!

بەڕاستی پیاو سەرسام دەبێت بەو بەرگریە و نەفەسە درێژە و گەشبینیە بێ بنەمایەی عەلی باپیر بە حوکمی ئیسلامی وەک چارەسەرێک بۆ هەموو کێشەکانی سەردەم!! حوکمێک لەسەر ئاستی دەوڵەت و حزب و گروپ و میانڕەو و توندڕەو نەیتوانی بچووکترین خێر پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات بەڵکو پێشکەشی موسڵمانی بکات، بەڵکو دزێوترین نمونەی لە مێژووی بەشەریەت خستە بەرچاوی دنیا، دەبێت ئەو مامۆستایە موژدەکەی لە کوێ سەرچاوەی گرتبێت؟!

سەیرم بەوە دێت کە ئێمە بەر لە پازدە بیستساڵێک بەو شێوەیە ئایدیالیە بێ بنەمایە لە ژێر کاریگەری بەناو ڕابوونی ئیسلامی دا وا بیرمان دەکردەوە، جا نازانم مامۆستا عەلی باپیر لەبەر سەرقاڵی بە سیاسەت وحزب گەشەی عەقڵی و فیکری ڕاوەستاوە یان ئێمە خوا لێی گۆڕین و بووینە فەرمەسۆن؟!

ئیشکالیەتی وتارەکانی عەلی باپیر هێندە زۆرن من دەتوانم ئەگەر کاتی بۆ تەرخان کەم بە دوو سەد لاپەڕەیەک وەڵامی ئەو هەموو هەڵانەی مێژوو و تێگەیشتنی بدەمەوە.

# داعشیش ناڕازییە لە باپیر!

ڕاستیەکەی مامۆستا عەلی باپیر بەو شێوەیە ڕەگوڕیشەییەی باسی حوکمی ئیسلامی دەکرد، و سێکیولاریزمی بەو جۆرە دزێو دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی دەیگووت کۆمەڵگایەکی ئیسلامی جێی سێکیولاریزمی لێ نابێتەوە، هەموو کەسێک هەست بەو هەڤدژیە خودیە دەکات کە تێی کەوتبوو. لەلایەک بەژدارە تا ئەو ساتەش لە حکومەتێکی سێکیولار ئەگەر بەناویش بێت و وەزیر و پەرلەمانتاری هەیە تێدا، و بەژدارە لە کۆی پرۆسێسی دیموکراسی سێکیولار، لەلایەکیتر هیچ خاڵێکی پێک گەیشتنی نێوان ئیسلام و سێکیولاریزم نەدەدۆزیەوە، هەر باسی خراپی لایەنی ڕەوشتی پێوەری ئیسلامی کۆمەڵگا سێکیولارەکانی دەکرد، بەڕاستی هەڤدژیەکی قووڵە ئەو پیاوە تێیکەوتووە لە ڕووی تیۆریەوە، چونکە لە ڕووی پراکتیزەوە پێچەوانەی تیۆرەکانی خۆیەتی.

داعشیەکانیش هەستیان بەو هەڤدژیە کردوە بۆیە لە بەرامبەردا ئەکاونتێکی داعش لە تویتەر بە ناوی "موزمەجەرە ئەلدولاویە "لەسەر قسەکانی عەلی باپیر دەنووسێت، عەلی باپیر دژایەتی عەلمانییەت دەکات، کەچی بەرگری لە پێشمەرگە و ئاسایش دەکات و بەشدارە لە حکومەتی کوردستاندا.

ئەگەر وتاری عەلی باپیر بڕۆکەک لە سەردەمی پێشوو جیاواز با پاش ئەو هەموو ساڵانەی بەژداری لە دەسەڵات و یاری دیموکراسی دەمگووت درۆ دەکەن داعش، بەڵام بەخوای داعش لەو قسەیەی زۆر ڕاستگۆن...ناکرێت ئیسلامیەکی وا بێ موجامەلە بیت و بەژداریش بیت لە یاری سیاسی دیموکراسی سێکیولاری!.

٢٠١٦/٤/١١

# عەلی باپیر و ئاوەژووکردنەوەی للذكر مثل حظ الانثيين!

زۆر دەمێکە بیر لەو بە نیوبینینەی فەقیهەکان دەکەمەوە بۆ ژن، بۆچی وای لێهاتوە خودی ژن و خوێنی و کەرامەتی و نرخی بە نیوە دەبینن؟! ئەوەی ئەو بابەتەی خستەوە یادم نامە کراوەکەی بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز بوو کە ئاڕاستەی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کردووە، دەڵێ:

"دەمەوێت دوور لەسیایەت بەڵکو وەک ژنێک بۆ داکۆکی کردن لە هاوکارانم کە لەسەر لیستەکەی بەڕێزتان ئەندامی پەرلەمانن داوای روونکرنەوەت لێبکە.... بەپێی زانیاریەکانم باجێکتان داناوە لەسەر مووچەی پەرلەمانتارەکانتان کە تا ئێرە دەسەڵاتی خۆتانە بەڵام، ئەوەی سەرسوڕمانی دروستکرد لای من ئەوەیە کە باجی ژنە پەرلەمانتارەکانتان دوو ئەوەندەی باجی پەرلەمانتارە پیاوەکانتانە !."

یانی ئەگەر دەستکەوت دابەش بکرێت وەک میرات: للذكر مثل حظ الانثيين جێبەجێ دەکرێت، کە پیاوەکە دوو بەش بەرامبەر یەک بەش بۆ ژنەکە وەربگرێت! باشە ئەوە ئایەتە آمنا بالله.

بەڵام کە باج خرایە سەر مووچەی ئەندامانی پەرلەمان ئایەتەکە ئاوەژوو دەکەنەوە و دەبێتە للانثى مثل حظ الذكرين!! بەڕای من ئەو عەقلیەتە نیوبینیەی ژن هەمووی لەسەر قیاسی شەهادەت دان و میرات بەشکردندا هاتووە!

یانی مادام قورئان لە میراتدا دەڵێت: **يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ، و مادامەکێ لە شایەدی دان دەڵێت :** **وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ**، کەوابوو ئەو بە نیوەکردنەی میرات و سایەدیەی ئافرەتان لە ئاست پیاواندا، هانی فەقیهەکانی ئیسلامی داوە لە چەندین بابەتی تر ژن بە نیوە بکەن!

بەڕای من تێڕوانینی کۆمەڵگای عەرەبی پێش ئیسلامیش ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە لە فۆرمەڵەکردنی ئەو تێروانینە نیوبینیەدا !عەرەبەکانی جاهیلیەتی پێش ئیسلام دەیانگووت: "تەنها ئەو کەسە میراتمان دەگرێت کە شمشێر هەڵبگرێت و بتوانێت پارێزگاریمان لێبکات" "لا يَرثُنا إلا من يحمل السيفَ ويَحْمي البيضة"!!

## گفتوگۆیەکی دۆستانە لەگەڵ برادەرێکی ئیسلامیم

هاوڕێی بەڕێز وخۆشەویستم کاک کامەران نوسینەکەتم لە ستاندەرد خوێندەوە لە ٢٠١٢/١١/١، لەبەر ئەوەی من یەکێکم لەوانەی پشتگیری لەو پرۆژە یاسایە دەکەم بۆیە ناچارم کەمێک ڕوونکردنەوە بدەم لەسەر نوسینەکەی جەنابت.

یەکەم: ئەو یاسایە بۆ پاراستنی پیرۆزییە ئایینیەکانی مرۆڤی کوردە بەگشتی، واتە تەنها بۆ پاراستنی پیرۆزییە ئیسلامیەکان نییە، چونکە هەموو تاکێک لە هەر دینی ومەزهەبێک لە کوردستاندا پێویستە ڕیزی لێ بگیرێ وڕیز لە بیروباوەڕی بگیرێت.

دووەم:هەر باسێک کە موسڵمانێک دەیکات دەربارەی پێداوەکانی عەقیدەی ئیسلامی جا دەربارەی کتێبی تری ئەهلی کتاب بێت یان دەربارەی پێغەمبەرە جێ گومانەکان بێت بریتییە لە تقریری عەقیدە وبە مەرجێک لە کاتی وتنی بە شێوازێکی سوکایەتی نەبێت، چونکە ئەگەر مەسیحی بڕوای بە قورئان وپێغەمبەر هێنا کەوابوو بۆ مەسیحیە، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر موسڵمانێک باوەڕی بە ئنجیل وتەسلیس ولاهوتیەتی مەسیح هێنا بۆ موسڵمانە، بەڵکو دەبێتە مەسیحی.

یاسایەکە جەخت لەسەر سوکایەتی نەکردن دەکاتەوە بە جوێن وکاریکاتێر وبێڕێزی کردن. دوایی ڕاست دەکەی هەندێک شت ڕوو دەدەن لەسەر مینبەرەکان لەلایەن مەلاکان جێگای ڕەخنەیە دەبێت چارەسەر بکرێت نەک وەک قەدەرێکی مەقدور ملی بۆ بدەین لە جیاتی ئەو ڕەفتارانە ڕاست کەینەوە، دژی یاساکە بوەستینەوە. هەڵەیە کاتێ لە مینبەرەکان دوعا دەکرێت لە دژی مەسیحی ویەهودی وبە موکەبیرەکان دەگوازرێتەوە بۆ ناو ماڵەکانیان:

اللهم علیک بالیهود والنصاری اعداءک واعداء الدین...اللهم دمرهم وزلزل الارض تحت اقدامهم، اللهم هەتا شێخەکانی ئەزهەر و قەرەزاویش دژی ئەو جۆرە دوعایە گشتیانە بوون لە دژی جولەکە ومەسیحیەکان چونکە موسڵمان ئەمری پێکراوە چاک بڵێ:[ وقولوا للناس حسنا]

هەتا وەزارەتی کاروباری ئیسلامی لە سعودیە فەرمانی کرد بە قەدەغەکردنی ئەو جۆرە دوعایانە یان هەر سوکایەتی کردنێک بە موقدەساتی غەیری موسڵمانان. دوایی چ پێویست دەکات باسی تەحریفی ئینجیل وتەورات بکەین لەسەر مینبەر کاتێ لە جزو عەمەوە مندالی موسڵمان پێی دەوترێت ماهیەتی ئەو کتێبە پیرۆزە بەراییانە چییە. ئێمە ئازادین بیروباوەڕمان چۆنە وچۆن پراکتیسی دەکەین، بە مەرجێک پێشێلی ماف وپیرۆزیەکانی خەڵکانی تر نەکەینەوە.[50]

[50] ٢٠١٦/٥/١٨

# کوردستان لە سایەی گەندەڵان

## شۆڕشێکی سەلەفی داعشی بە مێژوو قەرزارە!

ئەوانەی لە جیهانی سێیەم و وڵاتانی جوگرافیای ئیسلامی ئیدیعای سێکیولاری و دیموکراتی دەکەن ، لە وێنەی پارتی و یەکێتی و ئەردۆگان و بەشار ئەسەد و سیسی و ئەو شتە پیسانەن، بۆیە خەڵک لە ڕقی ئەوان و لەبەر نەزانی خۆشیان بە دەرەنجامە ئاییندەییەکان پشتگیری لەو ڕەوتە دینیە سەلەفیە کارەساتاویانە دەکەن کە دژایەتی ئەوانە نیشان دەدەن، بەڵکو هەندێ جار دژیشیان نەبن!!! وەک سەلەفیەتی مەدخەلی عبداللطيف!

کاتێک مەلا بەختیار بە چیایەک لە گەندەڵی و سیاسەتی چەوت و خەڵک سووک کردنەوەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە، وەک نوێنەرێکی سێکیولاری دیموکراتی ئازادیخواز دەردەکەوێت، ئەگەر خواش لە ئاسمان پشتگیری بکات، خەڵک پشتگیری ناکات لە بەرامبەر ئینشاخوێنەرەوەیەکی وەک علی باپیر، یانی لە عەلی باپیریش بچوکتر لەوێ بایە هەر سەرکەوتوو دەردەچوو.

تۆ بڕوانە نمونەی دووەم سیسی میسر کە خەڵکێکی زۆر پشتگیری کرد بۆ لادانی ئیخوان، کە مورسی گرت و دادگایی کرد لەسەر تۆمەتی زۆر سەخیف و هەڵبەستراو، یەکێکیان بەکرێ گیراوی بوو بۆ حەماس و نیازی دەست هەڵگرتنی بوو لە زەوی میسر بۆ فەلەستینیەکان!

خەڵک هەر چاوی نوقاند و قسەی نەکرد، ئەو هەموو فەشەلەی سیسی لە چاککردنەوەی وەزعی میسر لە هەموو بوارەکان خەڵک هەر بێ دەنگ بوو.

کەسێکی وەک ئیسلام بحێری خستە زیندان لەسەر ڕەخنەگرتنی لە چەند حەدیسێک بە سکاڵای سەلەفیەکان، خەڵک هەر بێ دەنگ بوو، بەڵام کار بگاتە ئەوەی دوو دوورگەی میسری تیران و سەنافیر ببەخشن بە سعودیة بە چەند دۆلارێک، و مورسی یش دادگا بکەیت لەسەر نیازی دەست هەڵگرتن لە خاکی میسر، خەڵک چۆن باوەڕ بە دیموکراسیەت و سێکیولاری ڕژێمی سیسی بکات، کە بێ گوێدانە ڕای خەڵکی میسر دوو دورگەی خاکی میسر دەبەخشێتە سعودیة؟!

لە پاش ئەزموونە سەقەتەکانی ئیسلامی سیاسی لە قاعیدە و داعش و ئەفغانستان و ئێران و سودان و تورکیا و سۆماڵ، ئەگەر نوخبەیەکی سیاسی بەڕاست سێکیولار و دیموکرات و شەفاف و دوور لە گەندەڵی هەبا، خەڵک و گەنجان وا بێ سەر و مێشک بەرەو ئەو ئیسلامیانە کێش نەدەبوو بەو هەموو فەشەلەوە. بەداخەوە ئەو کوردستانە لە سایەی ئەو دەسەڵاتە پڕ گەندەڵیە و ئەو مەزاجە سەلەفیە سەقەتە شۆڕشێکی داعشی بە مێژوو قەرزارە.

ڕۆژێک دێت ئەو باجە بدەین لە سای سەری گەندەڵە بەناو سێکیولار و دیموکراتەکان.

٢٠١٦/٤/١٣

## بەشی دەیەمم:

# جەدلیەتی جیاوازی وهاریکاری ئیسلامی سیاسی و سێکیولاریزم


- سێکیولاریزمی شێواو خەڵکی تاوگیر کرد بە ئیسلامی سیاسی ........................................ 353
- دیبەیت یان دەمەزەردکردنەوەی لەتیفی سەلەفی!؟ ........................................................ 356
- داعش وەحشێکە لە تۆ وەپاش کەوتووە! نامە کراوەکەی عەبدولنور بێدار ............... 357
- ئالان تۆرین ی بێ ئاگا لە کوردستانم ڕۆ! ............................................................................ 366
- نەداری لە فەرهەنگی ئیسلامیدا، کامیار وەک نموونە ........................................................ 367
- بۆچی ڕقیان لێمانە؟! ........................................................................................................ 369
- مەخلوقی دینی و مرۆڤی مەدەنی ........................................................................................ 372
- غەزالی و فەرەج فۆدە ڕەشکوژی میانڕەوی .................................................................. 375
- تەنها زانیاری و هوشیاری مرۆڤ هاوسەنگ دەکات! گفتوگۆیەکی فیکری گەرم ................ 385
- مونازەرەیەکی سەر شەقام لەگەڵ سەلەفیەکان .................................................................. 391
- ئەوە چ گەلێکە زانا و نەزانی داوای لە سێدارەدانی نووسەرێک دەکات؟! ............................ 396
- هاوپەیمانی دەسەڵاتە گەندەڵەکان و سەلەفیەکان  ناهز حەتەری کوشت! .............................. 400
- خۆزگە دەمانزانی داعشیەت بۆ گەنجانێکی ئەوروپا کێش دەکات؟! ....................................... 404
- هاریکاری وڵاتە بەناو عەلمانیەکان بۆ گەشەی توندڕەوی! .................................................. 406
- نەوال سەعداوی و هەڵوێستی لە ڕژێمی صدام و کورد! .......................................................... 407
- سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا: کێ لە کێ باشترە؟! ............................................. 409
- چۆن شەڕی فیکر بە فیکر دەکەیت؟! ...................................................................................... 412
- گرەوکردن لەسەر مەرگ لە جیاتی ژیان! ................................................................................ 415
- هەر لە بەرەبەیاندا ریزیان بەستوە بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ! ......................................... 417
- بۆچی زنجیرەی غرابیب سود ڕاگیرا؟! .................................................................................... 418
- ئایە لەبەر سەڵاحەدین خۆرئاوا و مەسیحیەت تۆڵە لە کورد دەکەنەوە؟! .................................. 420
- تێڕوانینێکی سەتحی بۆ قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی! ............................................................ 423
- بۆ هونەرمەندان بە ئاسانی بەرەو دینداریەکی توند دەگەڕێنەوە؟! ........................................... 429

## سێکیولاریزمی شێواو خەڵکی تاوگیر کرد بە ئیسلامی سیاسی

کیشەی هەرە گەورەی تێگەیشتن لە ناوەرۆکی دەوڵەتێکی مەدەنی سیکیولار لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە هەڵوێستی خەڵکەکە لەسەر سێکیولاریزم لەسەر بنچینەی نمونە شێواوەکانی سێکیولاریزم وەردەگیرێت کە لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جێبەجێ دەکرێت، چونکە سێکیولاریزم لە نوسخە ڕاستە خۆرئاواییەکەی هەرگیز لە هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی جێبەجێ نەکراوە. زۆربەی نمونەکان نزیکتر بوون بۆ حوکمی عەسکەری و دیکتاتۆری فەردی و ماڵباتی و حزبی...من گومانم نییە ئەگەر خەلک بواری تێگەیشتنی بۆ بڕەخسێت لە ماهیەتی دەولەتی سێکیولاری دیموکرات و دەوڵەتی دینی، و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیان، گومانم نییە کە دەوڵەتی سێکیولاری دیموکرات هەڵدەبژێرن، لەبەر ئەو ئەمن و ئەمان و ئازادی ویەکسانیەی نیوان خەڵک لەسەر بنچینەی هاولاتی بوون کە ئەو دەوڵەتە دەستەبەری دەکات.

ئەو نموونە دەسەلاتدارییەی ئیسلامی سیاسی مژدەی پێ لێ دەدات بە ناوی حوکی خوا، گەورەترین سووکایەتتیە بە ناوی خوا دەیکات، ئیسلامی سیاسی تەنها لە ڕێگای کاریگەری لەسەر سۆزی خەڵکی دەتوانێت درێژە بە پڕۆژەکەی بدات. ئەو نمونەیەی حوکمداریەی ئیسلامی سیاسی پڕاوپڕە لە کەم وکورتی و ستەم و نا یەکسانی و کورتبینی. زۆربەی خەڵک بە کرداری حوکمی ئیسلامی سیاسیان نەدیوە بۆیە پشتگیری لێ دەکەن، دەنا خەڵکانێکی عێراق و سوریا و ئەفغانستان وسۆماڵ و هەتا تەوێڵە و دەوروبەری لە کوردستانی خۆشمان چونکە بە کرداری ڕەفتاری ئەو توندڕەوانەی دیوە، قەت بە وتاری ئیسلامی سیاسی فریو ناخۆن.

هەتا ئیسلامی سیاسی شیعی سەرەڕای دەیان ساڵەی حوکمی، ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی خەڵک بەرەو خراپتر دەچێت، لە هەموو ڕویێکەوە ئابووری و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ. فەشەلی ئەو نموونەیە هەر لە دەستورەکەیەوە دەردەکەوێت کاتێ تەبانای مەزهەبێک دەکات و دەبێت هەموو پایە بەرزەکانی دەوڵەت لە دەستی شیعەدا بێت. تەنها بەراوردێک بکەیت لە نێوان شارەکانی شیعەی وەک تەهران و ئەسفەهان لەگەڵ شارە سوونی نشینەکانی کوردستان و بەلوچستان، وەک ئەوە وایە بەراورد بکەیت لە نێوان ئەوروپای خۆرئاوا و ئەفریقیا.! هەتا ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی کە بەو دواییە سەردانی ئێرانی کردوە دەڵێت بارودۆخی کەمایەتیە دینییە ناموسڵمانەکان لە ئێران زۆر چاکترە لە بارودۆخی خەڵکی سوونی، هەرچەندە دووەم زۆرینەن لە وڵاتدا!

دەوڵەتی دینی هەموو کارەکانی بریتیە لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کەراهیەت و نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان مەزهەب و دینەکان و نەتەوەکان، لە ڕێگای میدیای مەزهەبی و بەرهەم هێنانی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی مێژوویی لە گۆشەنیگای مەزهەبی و زیندووکردنەوە ڕقە مێژووییەکان و شەڕەکانی نێوان سەحابە و عەلی و معاویە و شەڕی الجمل و الصفین و کارەساتی کەربەلا و لە پێناو تێکدانی ئێستای خەڵک.

ئەو فەرهەنگە کەراهتیەی ئیسلامی سیاسی سوونی وشیعی خەڵکانێکی بەرهەمهێناوە ڕۆژانە لەگەڵ ئەو شەڕ و حەساسیاتە مێژووییانە دەژین، کە هەتا لەناوەڕاستی ئەوروپاش وازیان لێناهێنن و ژیانیانی لەوێش تاڵکردوە، پاش ئەوەی لە وڵاتی خۆشیان ژیانیانی لێکردۆتە دۆزەخ. هەر خەریکی شەڕ و شینی مەزهەبی و ئاهەنگی مەزهەبین، خەریکی بینینی بەرنامە مەزهەبیەکانی تەلەفزیۆنن، فلان سوونییە بۆتە شیعی، و فلان شیعی بۆتە سوونی!

لەوەوە دەزانیت کە دەوڵەتی سێکیولاری دیموکراتی و مەدەنی چەندە پێویستە، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان مەزهەب و دین و نەتەوەی هاوڵاتیەکانی ناکات، و دان بە تایبەتمەندی هەمووان دەنێت، و تەبەنای هیچ ئایدیۆلۆژیەت و دین و مەزهەبێک ناکات.

کێشەی گەورەی خراپ تێگەیشتن لە دەوڵەتی مەدەنی سێکیولاریزم، سەرەڕای تەشویشی ئیسلامی سیاسی کە دەزانن هەڕەشەی هەرە گەورەی سەریان دیموکراتیەکی سێکیولارە، ئەو نموونە شێوێنراوانەی دەوڵەتی سێکیولارە کە لە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی جێبەجێ دەکرێن! هەرگیز دیموکراتیەتیکی سێکیولاری وەک نموونەی ئەوروپای خۆرئاوا جێبەجێ نەکراوە لە هیچ وڵاتێکی خۆرهەڵاتی! ئەگەرچی زۆر جار ئیدیعای دیموکراتیەت و سێکیولاریزمیش دەکەن بەڵام زۆربەیان یان هەموویان نموونەی دیکتاتۆریەتی تاک و بنەماڵە و و حوکمی عەسکەرتاری و تاک حزب و ئەو شتانەن.

من دڵنیام ئەگەر بوار بدرێت خەڵک ئاگادار بکرێنەوە و هوشیار بکرێنەوە بە شێوەیەکی تیۆری و کرداری حوکم ودەوڵەتی مەدەنی سێکیولار بناسن، و لایەنە نەرێنیەکان و ئەرێنیەکانی حوکمی دینی و حوکمی مەدەنی سێکیولار پێ بناسێنن، بەبێ دوو دڵی دەوڵەتی مەدەنی سێکیولار هەڵدەبژێرن، باوەڕتان بێت ئەگەر ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەوروپاش دەبینن چەند هەست بە ئەمان و خۆشی دەکەن، دەزانی دوو ڕوویی دەکەن کاتێ ڕەخنە لە سیستمی حوکمی ئەو وڵاتانە دەکەن! کاتێ شیعی دەبینێ ئازادە، سوونی دەبینی ئازادە، هیندۆسی ئازادە و مەسیحی ئازادە و جوو ئازادە هەمووشی هاوسێی یەکترن، ئەو کاتە دەزانیت دەوڵەتی مەدەنی سێکیولار چەند زەرورەتێکی گەورەی ژیانە.

ڕاستە لەوانەیە پەیوەندی دیندارە دین جیاکان ئایدیالی نەبن، بەڵام هەموو تاکێک سنووری خۆی دەزانێ و هەرگیز ناوێرێت تانە لە دین وبیروباوەڕی خەڵکیتر بدات، چونکە دەزانێ یاساکانی دەوڵەتی مەدەنی سێکیولار زۆر  توندە لە دژی ڕەیسیسزمی دینی و ڕەگەزپەرستی و هەموو جیاکارییەکان. بۆیە لەگەڵ ڕۆژگاردا فێری ڕێزگرتن دەبێت لە خەڵکە جیاوازەکە لەو و فێری تەقدیسکردنی یاسای وڵات دەبێت لەو بوارەوە، بەو شێوەیەش ڕێگا دەگرن لە بازرگانانی دین و کەراهیەت و دوواکەوتوویی.

کاتێ خەڵکی موسڵمانی ئاسایی دەبینم لە شارێکی کۆسمۆپۆلیتی گەورەی وەک وەک لەندەن، کە لە جۆرەها وڵاتی وەک میسر و عێراق وسودان و ئیران و ئەفغانستان و پاکستان و بەنگلادیش و هتد... سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژانە بۆردومان دەکرێن بە پڕوپاگەندەی دینی نێگەتیڤ و بارگاویکردنی مەزهەبی، بەڵام کە خزمەتگوزاریەکانی ئەو دەوڵەتە مەدەنییە سێکیولارە دەبینن لە تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و یارمەتی و کۆمەکەکانی دەوڵەت بۆ بێکاران و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان و بەساڵاچووەکان، گوێیان بۆ بگرە چۆن سەرسامی خۆیان دەردەبڕن بە مەزنی ئەو نموونەیەی سیستمی حوکم.

ئەگەر دەسەڵاتی تورکیای پێش ئەردۆگان و میسر وتونسی پیش بەهاری عەرەبی، پاکستان و ئێران دیموکراتیەتی هەقیقی بان، چۆن خەڵک بیری لەوە دەکردەوە ئەو ئیسلامیانە بە ڕزگارکەر بزانێت؟! خەڵک پێویستی بە دادگەری و یەکسانی وڕیزگرتنی مافەکانیان هەیە، ئەگەر تۆ ناوت لە خۆشت نا بە دەوڵەتی دیموکراتی، بەڵام ناوەرۆکت بەتاڵ بوو لە دیموکراتیەت، و خەڵک بچەوسێنیتەوە و تاڵانیان بکەیت و مافیان بخۆیت، بازرگانانی دینی ئیسلامی سیاسی دێنە سەرخات و باسی عەدالەتی حوکمی خوایی دەکەن، کە نەک پێویستە پشتگیری لێ بکەن، بەڵکو باوەڕت پێی نەبێ کافریش دەبی، خەڵک لەبەر هۆکارە دینییەکە و سێکیولارە شێواوەکە پەنا دەبەنە بەر ئیسلامی سیاسی.[51]

٢٠١٨/٦/٢

[51] وەرگیردراوە لە وتاریکی عەرەبیم بە ناونیشانی: العلمانية المشوهة اغرت الناس بالاسلام السياسي لە ٢٠١٢/٨/١ لە میدل ئیست ئۆنلاین.

## دیبەیت یان دەمەزەردکردنەوەی لەتیفی سەلەفی!؟

من لەبەر ئەو هەموو ئیسلامییە زمانپیسانەی جوێنی پێ دەدەن حەزناکەم بچوکترین ڕەخنە لە بۆچوون وبابەتەکانی کە یونس ڕاوی قسەی لەسەر دەکات بگرم. بۆ نموونە دەبێ مرۆڤ چی سودێکی پێ بگا بڵێ ئیسرا و میعراج نییە یان هەیە؟! یان نکوڵی لە ئاگری دۆزەخ بکا یان وجودی مزگەوتی ئەقسا لە فەڵەستینە یان مەدینە، یان فەرز بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، هەر شتێکی تر لەو بابەتە عەقیدیانەی کە سەدەها ئایەتی سەریح و حەدیسی سەحیحیان لەسەر هاتوە؟! بەڕای من بە سەدانی وەک شەحروریش نکوڵییان لێ ناکرێ چ جای یونس، کە لەناو چەند نەوەیەکی نەخوێندەوار و عەرەبی نەزان بویتە ئەفسانە، لە کاتێکدا ئەو بابەتانەی دەیوروژێنێ هیچی نوێ نین و لە میدیای فەرمی و نافەرمی عەرەبی لەوانەش زیاتر وروژاوە!

بەڕاستی سەیرە بۆ یەکێک بڵێت موسڵمانم ئەو شتانەش نکوڵی لێ بکا کە بەشێوەیەک هاتووە وەک موسڵمانێک ناتوانی نکوڵی لێ بکەیت! یونس دەبوایە هێز و توانای خۆی لەبابەتی گرنگتر و هەستیارتر سەرف بکات، نەک بەو بابەتە بۆش وتافیهانە. یونس کاتێک دەتوانێ نکوڵی لەو شتانەی باسم کردن بکات، ئەگەر وەک ناموسڵمانێک قسەی لەسەر بکات، چونکە سەلماندنی عەقیدەی غەیبی کارێکی ئەستەمە، بۆیە موسڵمانی ئاسایی تەنها لە ڕێگای خەبەری غەیبی قورئانەوە باوەڕ دەهێنێت نەک لۆژیک و عەقڵ!

لەوەش ناخۆشتر دەیەوێت عبداللەتیف زیندوو کاتەوە، کە ئێستا لە حوکمی مردوو و لەبیرکراوە بە دیبەیت کردن لەگەڵیدا لەسەر چیش، نەک بۆ نمونە لەسەر بە کەڵک هاتنی سەلەفیەت بۆ ژیانی هاوچەرخ، کۆیلەداری لە ئیسلامدا یان پشتگیری ستەمکاران بەناوی دیندا و هتد. بەڵکو لەسەر ئەو بابەتە بێ سوود و سواوانە، کە چەند پەیجێکی فەیسبوک ڕێکلامی بۆ دەکات و یەکێک ناوی لێنابوو کلاسیکۆی یونس و لەتیف! :

چاوەڕوانی دیبەیتی نێوان دکتۆر عبداللطیف أحمد و یونس ڕاوی بن، بەم زووانە إن شاء الله.

تەوەرەکان :

١- ئاگری دۆزەخ.

٢- فەرز بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.

٣- ڕاستی إسراء و معراج.

توخواکەی ئەوانە بابەتی دیبەیت و گفتوگۆن؟!

بەخوا خەریکە بڵێم یونس خەت مایلە و لەتیف دەمەزەرد دەکاتەوە، چونکە ئەو بابەتە بێ کەڵکانە پسپۆڕی سەلەفیەکانە و سەدان دەقت بۆ دەهێننەوە بە ئاسانی تۆش هەر دەبێ وەک شەحرور تەفسیری زمانەوانی موتەعسیف و ڕیزپەڕی بۆ ببینیەوە! کە نە ئیسلامییەکان قەناعەت پێ دەهێنی و نە موسڵمانە ئاساییەکانیش، بە ئاسانیش چەکی تەکفیرکردنی خۆشت دەدەیتە دەستی!

ئێستاش زووە بۆ کاک یونس با ئەو کەربازاڕییە نەکات بەناوی دیبەیتەوە، و ئەو مردوەش زیندوو نەکاتەوە.

٢٠١٨/٦/٢٩

## داعش وەحشێکە لە تۆ وەپاش کەوتووە!

## نامە کراوەکەی عەبدولنور بێدار

عەبدلنور بێدار فەیلەسوفێک و بیرمەندێکی فەرەنسی موسڵمانە، مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی سۆفیا ئەنتیپۆلیس لە شاری نیس لە فەرەنسا، چەندین کتێبی گرنگی بەرهەم هێناوە بە شایەدی زۆر بیرمەندی فەرەنسی لە گرنگترین کتیبەکانە کە لەسەر ئیسلام نووسرا بن، گرنگترینیان: [بەرەو ئیسلامێکی شایەن بە سەردەممان]، [ئیسلامێکی خودی: چیرۆکی ئیسلامێکی کەسی]، [ ئیسلامێکی بێ ملکەچی: بەرەو فەلسەفەی ئازارانی ئیسلامی]، [چۆنیەتی دەرچوون لە دینداریەکی کلاسیکی]. هەروەها بە بەرەوامی لە گۆڤاری (Esprit)و ڕۆژنامەی لۆمۆند (Le Monde) دەنووسێت، و چەندین بەرنامەی لە تەلەفزیۆنە فەرەنسیەکان بەرهەم هێناوە کە گرنگترینیان: ئیسلامی فەرەنسا: پرسیارە یەکبرەکان.

لە پاش ڕوداوەکەی شارلی ئیبدۆ، بێدار ئەو نامەیە کراوەی ئاڕاستەی جیهانی ئیسلامی کرد، کە تیایدا هەست بە خەمخۆریەکی گەلێک زۆر دەکەیت بۆ ئیسلام و گەیشتنی بار ودۆخی موسڵمانان وەک وڵات و وەک تاکەکان بە دۆخی خراپی ئێستایان ..لە سەرەتادا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو بیرمەندە زۆر ڕاشکاوانە و بێ ڕەحمانە دەست دەخاتە سەر برینەکان و هەموو ڕوخساری دزێوی خۆمان بە ڕوونی و ڕاشکاوی نیشان دەدات بۆیە، دەکرێت ئەو پەیامەی بە دڵی پاسەوانانی کۆن نەبێت. لە سەرەتادا دەڵێت :

"**جیهانی ئیسلامی ئازیز** من ڕۆڵەیەکی دووری تۆم لە دەرەوە لیت دەڕوانم، لە فەرەنساوە کە زۆر لە ڕۆڵەکانت تیایدا دەژین. من بە چاوێکی توندی فەیلەسوفێک بۆت دەڕوانم کە لە مناڵیەوە لەسەر تەسەوف و فیکری خۆرهەڵاتی پەروەردە بووم. چی دەبینم؟ ئەوەی وام لیدەکات لە کەسانی تر باشتر بتبینم، ئەوەیە کە من لە دوورەوە بۆت دەڕوانم، ئەو دووریەی کە چاوت تیژتر دەکات.

دەتبینم لە دۆخێکی توندی بێ هیوایی و تلانەوە دایت کە خەمەکانم دەوروژێنن، ئەو دۆخەش وام لێدەکات توندتر وبێ ڕەحمانەتر بم لە حوک کردنم بەسەرتدا وەک فەیلەسوفێک، من دەبینم خەریکە وەحشێکت لەدایک دەبێت ناوی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵگرتووە، کە خەڵکانێک هەن پێیان باشترە بەناوی ئەهریمەن: داعش بانگی بکەن. بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە کە دەتبینم خۆت لەناو دەبەیت – کات و شکۆت لەناو دەبەیت – لە دان نەهێنان بەوەی کە ئەو وەحشە لە تۆ وەپاش کەوتووە، لە گومڕاییەکان و هەڤدژیەکانی خۆتەوە پەیدا بووە، لە پچڕانت لە نێوان ڕابردوو و ئێستات لە دایک بووە، لە دەسەوسانی هەمیشەیی و زیادڕەوت لە دەستگیرکردنی شوێن وپایەی شیاوی خۆت لە ژیاری مرۆڤایەتیەوە لە دایک بووە"!

ئینجا ڕەخنە لە پەنا بردنی موسڵمانان دەگرێت بۆ نکوڵی کردن لە خاوەنێتی ئەو وەحشەو وەک شێوازێک لە میکانیزمی بەرگری کردن لە خۆدا، ودەڵێت:

"دەبێت چی بڵێیت لە واقیعدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو وەحشە؟ تەنها بەڵگە وتارت چییە؟ هەردەم هاوار دەکەیت: ئەوە من نیم، ئەوە ئیسلام نییە! لە خۆت تووڕە دەبیت لەبەرامبەر ئەو کارە دزێوانە، تۆ دژی ئەوەیت تاوانەکانی ئەو وەحشە بە ناوی تۆوە ئەنجام بدرێن، تورە دەبیت لەوەی کە ئەو وەحشە ناسنامەی تۆی زەوت کردوە، بێگومان تۆ لەسەر هەقی لەوەدا. بۆیە چارت نییە تەنها بە دەنگێکی بەرز بە گوێی جیهاندا هاوار بکەیت کە ئیسلام دژی ئەو دڕندایەتی و وەحشیگەریەیە .

بەڵام ئەوە هەرگیز بەس نییە! چونکە تۆ پەنا دەبەیتە بەر میکانیزمی بەرگری کردن لە خۆتدا، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەت بەرپرسیارەتی ڕەخنەی خودی هەڵگریت. تۆ تەنها بە ناڕەزایی بەس دەکەیت، لە کاتێکدا دەکرا ئەو ساتە مێژووییە ببوایە هەلێکی مەزن بۆ خۆ موحاسەبە کردن و لێپرسینەوەی خۆت! وەک هەمیشە تۆمەت دەبەخشیتەوە لەجیاتی هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی خۆت: " بوەستن ئەی خۆرئاواییەکان، ئەی هەموو ئەوانەی دوژمنی ئیسلامن لە بەستنەوەی ئێمە بەو وەحشە! تیرۆریزم نوێنەری ئیسلام ناکات، ئیسلامی هەقیقی مانای جەنگ نییە، بەڵکو ئاشتییە"!"

بێدار لەو برگەیەی داهاتوو دەڵێت ئەنجامی نکوڵی کردنت لەوەی کە ئەو وەحشەی داعش لە ڕەحمی تۆدا پەیدا بووە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە دامێنی منداڵدانی نەخۆشت لە ئایندەدا وەحشی نوێتریش و لە داعش زۆر خراپتریشت لێ وەپاش کەوێت:

"من گوێم لە هاواری یاخیبوونی هەڵقوڵاوی ناختە، ئەی جیهانی ئیسلامی ئازیز، وتێیشی دەگەم. بەلی تۆ ڕاستی، ئیسلام وەک هەموو هێزە ڕوحیە گەورە پیرۆزەکان لە جیهاندا، لە درێژایی مێژوویدا جوانی و عەدالەت و ماناداری و خێری بەرهەم هێناوە، بەردەم مرۆڤی ڕوناک کردەوە لە گەڕانییدا بەدوای نهێنی بووندا...من لێرە لە خۆرئاوا دەجەنگێم، لە ڕێگای هەر کتێبێک لە کتێبەکانم، لە پیناو ئەوەی حیکمەتی ئیسلام و حیکمەتی هەموو دینەکان لەبیر نەکرێن، و بەسوک لییان نەڕوانرێت! بەڵام لە شوێنی دوورمەوە، شتێکی تریش دەبینم، نازانی تۆ دەیبینی یان ناتەوێ ببینیت...ئەوەش هانم دەدات پرسیارێکت ڕووبەڕوو کەمەوە، پرسیارێکی گەورە :بۆ ئەو وەحشە ڕوخسار و دەم وچاوی تۆی دزی؟ بۆ ئەو وەحشە دزێوە دەموچاوی تۆی هەڵبژارد و دەموچاوێکی تری هەڵنەبژارد؟ بۆچی ڕوپۆشی ئیسلامی خستە سەر ڕوخساری لەناو ئەو

هەمووانە؟ چونکە وێنەی ئەو وەحشە لە ڕاستیدا کێشەیەکی گەورە دەشارێتەوە، لەوەناچێت تۆ ئامادەی ڕوبەڕووبوونەوەی بیت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕووبەڕووی بیتەوە، وپێویستە بای هیندە ئازا بیت.

ئەو کێشەیە کێشەی ڕەگی شەڕ وبەدکارییە. تاوانەکانی ئەوەی پیی دەڵێن [دەوڵەتی ئیسلامی- داعش] لە کوێ سەرچاوە دەگرێت؟ ئێستا وەڵامت دەدەمەوە هاوڕێ هەرچەندە وەڵامەکەمت پێ خۆش نابێت، بەڵام ئەرکی منە وەک فەیلەسوفێک وەڵامت دەمەوە. ڕەگی ئەو شەڕ ونەگریسییە کە ئەمڕۆ دەموچاوی تۆی دزیوە لە ناو تۆ دایە، ئەو وەحشە لە دامێنی تۆدا بەربۆتەوە، شێرپەنجەکە لە خودی جەستەتدا نیشتەجێیە. لە دامێنی منداڵدانی نەخۆشت لە ئایندەدا وەحشی نوێتریش — لە داعش زۆر خراپتر- دەردەچێت، چونکە ڕەتی دەکەیتەوە ڕووبەڕووی ئەو هەقیقەتە بیتەوە، وچەندەی سست بیت لە دان هێنان پێی و عەزیمەتت لێ شین نەبوو بۆ هەڵکێشانی ئەو شەڕە لە ڕەگییەوە"!

گرنگی ئەو فەیلەسوفە عەبدلنور بێدار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرەڕای ئەوەی هەموو ژیانی لە خۆرئاوا بووە، بەڵام زۆر هەستیارترە و وردبینترە لە تێگەیشتنی زۆر لەو ڕۆشنبیرانەی کە هەمووی دەیەیەک یان دوو دەیەیە گەیشتونەتە ئەوروپا! هەندێک لەو ڕۆشنبیر و نووسەرانە بۆنە تێپەڕنادەن بۆ ریزکردنی ناوی بیرمەندانی فەرەنسی و ئەوروپی کە گوایە دەڵێن: داعش هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامدا نییە، نازانم بۆ شوهرەت و خڕکردنەوەی جەماوەرێکی عاتیفی زامداری ئیسلامی وادەکەن یان هەر بەڕاستی وا سەتحیانە بیردەکەنەوە !عەبدلنور بێدار دەڵێت ئەو تێنەگەیشتنەی ئەو خۆرئاواییانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان دوو عەقڵیەتدا و دوو سیستمی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا، دەڵێت:

"هەتا ڕۆشنبیرە خۆرئاواییەکان کە ئەوەیان پێ دەڵێم، کێشەیان هەیە لە دیتنی ئەوەی من دەیبینم. زۆربەیان نازانن دین چ هێزێکی هەیە لە خێر و شەڕدا، و لەسەر ژیان و مەرگدا، تا ڕادەی ئەوەی بە من دەڵێن: " نەخێر ...کیشەی جیهانی ئیسلامی ئیسلام نییە، و دین نییە، بەڵکو سیاسەتە و مێژووە و ئابوورییە، و هتد" ئەوانە لە کۆمەڵگایەک دەژین کە گەیشتۆتە پلەیەکی سێکیولاری وا، کە ناتوانن بە هیچ جۆرێک بەبیریان دابێت کە دین بۆی هەیە ببێتە دڵی بزوێنەری شارستانی مرۆڤایەتی! و ئاییندەی مرۆڤایەتی پەیوەست نییە بە چارەسەری قەیرانی دراوی و ئابووری تەنها، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر لەوە گرنگتر، پەیوەستە بە چارەسەری قەیرانی ڕووحی بێ وێنەی ئەو سەردەمەیە کە هەموو مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێت! دەکرێت هەموومان لە هەموو جیهاندا یەکگرین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەدایە؟ سروشتی ڕوحی مرۆڤ لە

بۆشایی دەترسێت، وئەگەر شتێکی نوێ نەدۆزێتەوە بۆ پڕکردنەوەی، بەیانی بە ئایینی فرە ناگونجاوتر لەو ڕۆژگارە پڕی دەکرێتەوە، تا وەک ئیسلام لەو ڕۆژگارەدا وەحشگەلێک بەرهەم بهێنێت.

من نامەوێ زۆر قسە بکەم تەنها گوێگرتن بۆ ئەو بیرمەندە دڵسۆزە بۆ خەڵکی جیهانی ئیسلامی بەسە، ببینە چۆن سەرەڕای ئەو هەموو نەخۆشی ودەردەی جیهانی ئیسلامی تا چەند هیوای بە هێزی ئەو جیهانەیە لە هەڵستانەوە:

"ئەی جیهانی ئیسلامی من تۆ وەک هێزێکی گەورە و مەزنی ئامادەی هەڵسانەوە دەبینم لە پێناو بەژداریکردن لە هەوڵ وکۆششی جیهان بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی ڕوحی شیاو بە سەدەی بیست ویەکەمی زایینی! تۆ هەقێکت لەناواخن دایە، سەرەڕای سەختی نەخۆشیەکەت، سەرەڕای هەڵمەتی تاریکپەرستان کە دەیانەوێت لەناو تارکایی خۆیاندا ونت کەن، ژمارەیەکی زۆر لە پیاو و ژن ئامادەن بۆ ڕیفۆرمی ئیسلام، بۆ سەرلە نوێ دۆزینەوەی عەبقەریەت و بلیمەتیەکەی لەناو گێژەنەی ئیشکالیاتە مێژوویەکەی، لە دەرەنجامدا یانی بەژداریکردن لە نوێکردنەوەی تێکڕای پەیوەندی مرۆڤایەتی لەگەڵ خواکانی! هەموو ئەوانە، لە موسڵمان ونا موسڵمانان، لەوانەی خەون بە شۆڕشێکی ڕوحیەوە دەبینن، ئەوانە بوون کەمن ڕووی دەمم ئاڕاستەیان بوو لە کتێبەکانم! تا بە وشەکانم متمانەیان بدەمێ سەبارەت بەو هیوایەی لە ئاسمانی بیریان دەدرەوشێتەوە"!

ئینجا دوایی ستایشی ئەو پیاو و ئافرەتانە دەکات کە هەستیان بە مەترسیەکە کردوە و نەخۆسیەکانیان دەستنیشان کردوە، هەرچەندە ژمارەشیان هێندە نییە:

"لەناو ئومەتدا هەندێک لەو پیاو و ئافرەتە پێشکەوتوخوازانە هەن کە لەناو ناخیان هەڵگری ڕوانگەیەکن بۆ ئاییندەی ڕوحی کائینی بەشەری، بەڵام ژمارەیەکی سەر وزیاد نییە کە، هەوڵ وتێکۆشانیسیان لە پێناو ژیانێکی ڕوحی نوێدا هێشتا بەو هێزە نییە. دەستخۆشی گیانی بوێری و ڕاشکاویان لێدەکەم بە سەرسامیمەوە و بە هاریکاریمەوە، ئەوانەی کە بە ڕوونی گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی، کە نەخۆشیە کەونارەکانی جیهانی ئیسلامی تەفسیری لە دایکبوونی ئەو دێوزمە تیرۆرستانەمان بۆ دەکات، لە ژێر ناوی قاعیدە و نوسرە و قاعیدەی مەغریبی عەرەبی، و دەوڵەتی ئیسلامی [داعش].

ئەوان تێگەیشتوون کە ئەوانە نیشانە هەرە دیار و ترسناکەکانی جەستەیەکی نەخۆشی گەورەیە، کە نەخۆشیە کەونارەکانی تری بریتین لە: زەبوونی لە دامەزراندنی دیموکراتییەتێکی دامەزراو وهەمیشەیی، باوەڕی بە ئازادی بیر وویژدان بێت بەرامبەر دینەکاندا. زەبوونی هەمیشەیی لە چاککردنی بارودۆخی ئافرەت سەبارەت بە یەکسانی و بەرپرسیارەتی و ئازادیدا. بێ دەسەڵاتی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر دەستی

دەسەڵات وهەژموونی دینیدا، زەبوونی لە دامەزراندنی ڕیز و لێبوردەیی و دانپێداهێنانی هەقیقی بە پلوراليزم وفرەیی دینی و کەمایەتیە دینیەکان.

لێرەدا باسی بابەتێکی زۆر گرنگ دەکات و وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە هەموو نەهامەتیەکان و نەخۆشیەکانی جیهانی ئیسلامی دەدەنە پاڵ خۆرئاوا و پلانەکانی:

"دەکرێت ئەو هەموو کارەساتانە تاوان و هەڵەی خۆرئاوابن؟ چەند کاتی تری بە نرخت بە فیڕۆ دەدەیت، ئەی جیهانی ئیسلامی ئەزیزم بە گوتنەوەی ئەو تۆمەتە دەبەنگەی هەتا خۆشت باوەڕت پێی نییە، کە لە دوایەوە خۆت حەشار دەدەیت، تا بەردەوام بیت لە درۆکردن بۆ خودی خۆت؟ ئەگەر من بەو قەسوەتەوە ڕەخنەت لێدەگرم، لەبەر ئەوە نییە کەمن فەیلەسوفێکی خۆرئاواییم، بەڵکو لەبەر ئەوەی من ڕۆڵەیەکی هۆشیار بە هەموو ئەوەی لە دەستت داوە لە شکۆمەندیەکانت کە زەمەن پێچایەوە تا ئەو ڕادەی وەک ئەفسانەیەکی لێهاتووە"!.

"لەوەتی سەدەی هەژدەمەوە بە تایبەتی، کاتی ئەوە هاتووە کە دانی پێدا بنێین کە تۆ نەتوانیوە ڕووبەڕووی تەحەداکانی خۆرئاوا بیتەوە .دەبینین یان بە شێوەیەکی منداڵکارانە و کوشندانە دەچیتەوە ناو تونێلی ڕابردوو لە ڕێگای وەهابیەتێکی دەمارگرژی تاریکپەرست، کە فەساد وتێکدەری لەناو هەموو سنووری تۆدا بڵاودەکاتەوە، ئەو وەهابیەتەی کە لەناو جەرگەی شوێنە پیرۆزەکانت لە سعودیەوە وەک شێرپەنجەیەکی کوشندە وەک بڵێی لەناو دڵتەوە دەردەچێت.!یانیش بەدوای خراپترین شتی خۆرئاوا دەکەویت، تا وەک ئەو نەتەوەکان و مۆدرینزم بەرهەم بهێنیت، کە ئەوانە ڕوێکی کاریکاتێری مۆدرینەتەیە، مەبەستم لە کۆمەڵگای بەرخۆرە، ودارستانی نامرۆیی بازاڕی ئازاد و هەروەها ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیەیە کە ناگونجاوە لەگەڵ بەها دینیەکانی تۆ، کە وا لە نوخبە و بژاردە دەوڵەمەندەکانی کەنداو دەکات ببنە قوربانیەکی ڕازیبوو بەو نەخۆشیەی کە بۆتە نە خۆشیەکی جیهانی، کە ئەویش نەخۆشی پەرستنی خودایەکی ساختەیە ناوی پارەیە.

# چی ماوە شانازی پێوە بکەیت؟!

"ئەمڕۆ چی لە تۆدا ماوە مایەی پێ سەرسام بوون بێت ئەزیزم؟ چیت تێدا ماوە شایەنی بەدەستهێنانی ڕێزی خەڵکانیتر و دینەکانی تر بێت لەسەر زەوی؟ کوا پیاوە حەکیمەکانت، هیچ حیکمەتێکت پێیە تا پێشکەشی جیهانی کەیت؟ کوا پیاو و ئافرەتە مەزنەکانت؟ کوا ماندێلای تۆ، کوا کێیە گاندی تۆ، کێ ئۆنگ سان سو کی [ئافرەتێکی سیاسیە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرما یە ] تۆیە؟

مەلالا یوسفزای خاوەنی خەڵاتی نۆبل، کچێکی جیهانی تۆیە، بەڵام موستەحیلە قبول بەدەست بهێنێت و لە وڵاتی خۆیدا بژێت! کوا کتێبە مەزنەکانی بیرمەندان و زانایانت کە وەک پێویستیەک لە هەموو جیهان بخوێندرێتەوە، وەک سەردەمی بەرایی کاتێ کتێبی زانا بیرکاری و فەیلەسوفە موسڵمانەکانت دەخوێندرایەوە لە هیندستانەوە تا ئیسپانیا؟

ڕاستیەکەی تۆ لە نزمترین پلەی لاوازیدایت و خۆت لە پشت باوەڕی کۆنکریتی پڕ یەقینت دەشاریتەوە. هیچیتر نازانیت تۆ کێیت و بەرەو کوی هەنگاو دەنێیت. ئەو حالەشت تەنها تۆی بائس و زەبوون نەکردوە بەڵکو زۆر دوژمنکاری کردوویت...

تۆ گوێت کەڕ دەکەیت لە ئاست ئەو کەسانەی داوات لێدەکەن بگۆڕێیت تا ڕزگارت بێت لەو هەژموون و هەیمەنەیەی کە تۆ بە دینت داوە بەسەر کۆی هەموو لایەنەکانی ژیان".

## تۆ خۆت دینەکەت وا داڕشتوە و ڕازیت بە ئەنجامە کارەساتبارەکانی!

"تۆ خۆت هەڵتبژاردوە باوەڕ بەوە بکەیت کە محەمەد پێغەمبەر و شا بوو. تۆ پێناسەی ئیسلامت هەڵبژاردوە وەک دینێکی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، کە پێویستە وەک هەر ملهوڕێک بە تەنها زاڵ نەبێت بەسەر دەوڵەت، بەڵکوبەسەر ژیانی مەدەنی و شەقام و ماڵ و ناو هەموو هۆشێک، خۆت ئەو باوەڕەت هەڵبژاردوە کە ئیسلام مانای خۆبەدەستەوە دانە، لە کاتێکدا قورئان خۆی دەڵێت: [لا اكراه في الدين] زۆرە ملیَ لە دین دا نییە، تۆ بانگی ئەوت بۆ ئازادی کردە مەملەکەتی زۆرەملیَ! چۆن شارستانیەک تا ئەو ڕادەیە ناپاکی دەکات دەرهەق بە تێکستی پیرۆزی خۆی؟! دەڵێم ئەو ساتە هاتووە بۆ شارستانی ئیسلامی بۆ دامەزراندنی ئەو ئازادیە ڕوحیە بەرز و گرانبەهایەی کە قورئان بە هەر مرۆڤێکی داوە و گۆڕینی بە هەموو ئەو ئەحکام و یاسایانەی نەوە یەک لە دوا یەکەکانی فەقیهەکان دایانهێناوە"!

"ئەو ڕەتکردنەوەیەی مافی ئازادی لە دیندا، یەکێکە لە ڕەگەکانی شەڕ کە تۆ لە دەستی دەناڵێنی، ئای جیهانی ئیسلامی ئەزیزم! هەر ئەوەش دامێنێکی تاریکە کە لەوێوە درندە ڕوخسار تۆقێنەرەکانت نەشونما دەکەن چەند ساڵێکە و بڵاویان دەکەیتەوە بە هەموو جیهانی تۆقیودا. چونکە ئەو دینە پۆلاییە توندوتیژیەکی لە ڕادەبەدەر دەسەپێنێتە سەر هەموو کۆمەڵگاکانت .

-٣-

ئەو دینە زۆر لە کچ و کوڕانت زیندانی دەکات لە زیندانی خێر و شەڕ، و حەڕام و حەلال، و ئەو زیندانیەش کەس هەڵی نابژێرێت، بەڵام هەموو مل کەچی دەبێت. ئەو ویستەکان زیندانی دەکات، عەقڵەکان دەستەمۆ دەکات و هەموو هەڵبژاردەیەکی ژیانی کەسێتی لەبار دەبات. لە زۆر لە مەملەکەتەکانت هێشتا دین و توندوتیژی پێکەوە گرێ دەدەیت دژی ئافرەت، ئیمانداره لاوازەکان، دژی بێ ئیمانەکان، دژی مەسیحیەکان و باقی کەمایەتیەکان، دژی بیرمەندان و هەموو ڕوح ئازادێک، دژی یاخیەکان. بەجۆرێک دین و توندوتیژی لە کۆتاییدا تێکەڵ بەیەک دەبن لەلای نا هاوسەنگترین و شکستەترین ڕۆلەکانت لە وێنەی جیهادیە مەسخکراوەکاندا!

تکایە هیچیتر خۆت وا مەنوێنە تووشی حەپەسان بوویت لەبەر دزینی ڕوخساری تۆ لەلایەن ئەو ئەهریمەنەی ناوی [دەوڵەتی ئیسلامی] داعشە! چونکە دڕندە و ئەهریمەنەکان تەنها ڕوخساری شێواو بە کاریگەری گرژبوونی درێژخایەن دەدزن! ئەگەریش دەتەوێ هیچیتر ئەو وەحشانەت لێ وەپاش نەکەوێت، پێت دەڵێم کارەکە ئاسان و زۆر گرانیشە لە هەمان کاتدا، پێویستە ڕیفۆرمی کۆی خوێندن وپەروەردەی منداڵان بکەیت، لە هەموو قوتابخانەیەک، و هەموو فێرخانەیەک و شوێنێکی دەسەڵات. جاکسازی بکە بە بەڕێوەبردنیان بە پێی بەها و پرەنسیپە بوونەوەریەکانی وەک: ئازادی ویژدان، و دیموکراسیەت، و لێبوردەیی وتۆلەرانس، ومافەکانی هاوڵاتی لە وڵاتتدا بۆ هەموو جۆرە ڕوانگە و بیروباوەڕێک لە هەر لایەکی جیهانەوە هاتبێت. یەکسانی نیوان دوو ڕەگەزەکە و ڕزگارکردنی ئافرەت لە هەر کەڵەگاییەکی نیرانە، بیکردنەوە و فەرهەنگی ڕەخنەی دینی لە هەموو زانکۆکان، و ئەدەبیات و میدیا. ئیتر هەرگیز ناتوانیت بۆ دواوە بگەڕێیتەوە، ناتوانیت لەوانە کەمتر بکەیت! چونکە ئەوە تاقە ڕێگای چارەسەرە لە بەردەمتدا تا هیچیتر ئەو وەحشانەت لێ نەبێت، ئەگەر وات نەکرد ئەوە زۆرت پێ ناچێت تا لە ناودەچیت ورادەماڵرێیت بە هێزی تێکشکێنەری ئەو وەحشە!

جیهانی ئیسلامی ئازیز... من تەنها فەیلەسوفێکم، وەک هەمیشەش کەسانێک هەن دەڵێن ئەو فەیلەسوفە زەندیقە. هەرچەندە هەموو هەوڵی من بۆ سەرلەنوێ درەوشانەوەی نوورە، ئەو ناوەشم هەڵگرتووە کە تۆ پێت داوم عبدالنور...

هەرگیز وا بە زارزمانێکی زبر تۆم نەدەدواند ئەگەر باوەڕم بە تۆ نەبا. هەر وەک ئێمە بە فەرەنسی دەڵێین: ئەوەی خۆشی دەویی بە هەموو دلیەوە، ڕەخنەت لێ دەگریت بە هەموو دلیەوە. he who loves with all his heart, chastises with all his heart.

بە پێچەوانەوەش هەموو ئەوانەی زۆر بە حەزم و جدیەت نین بەرامبەر تۆ، کە دەیانەوێت بتکەن بە قوربانی، و کە بەردەوام بەدوای عوزرهێنانەوە بۆ تۆ دەگەڕێن، وهیچ بەرپرسیاریەتێکی تۆ نابینن لەوەی ڕوودەدات، لە ڕاستیدا هیچ خزمەتێک بە تۆ ناکەن! من باوەڕم بە تۆیە، و باوەڕم بە بەژداریکردنی تۆیە لە گۆڕینی گۆی زەوی بۆ جیهانێکی مرۆڤانەتر و ڕوحیانەتر.

سەلامت لی بێت!

سەرچاوە:

http://www.resetdoc.org/story/open-letter-to-the-muslim-world/

## ئالان تۆرین ی بێ ئاگا لە کوردستانم ڕۆ!

ئالان تۆرینی فەیلەسوف قسەکانی دەربارەی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی و پێشمەرگە جۆرێک لە بێ ئاگایی تا ڕادەی ساویلکەیی پێوە دیاربوو! چونکە ئەو هاتووە لە سیاقێکی مێژوویی و شارستانی جیاوازەوە قسە دەکات کە دابڕاوە لە سیاقی ژیاری و مێژوویی و واقیعی ئێمە .

دیارە ئەوانەشی هێناویانە بۆ کوردستان وەک چۆن موقاول و موتەعەهیدی یان بەڵێندەری ئاهەنگەکان گۆرانی بێژێکی ناوداری سێکسی لوبنانی دەهێنن، بەو شێوەیە هێناویانە، وێنەیەکی واقیعیان نەداوەتێ لەسەر وەزعی کوردستان!

بۆ نمونە ئالان تۆرین بەو پەڕی بێ ئاگاییەوە هانی گەندەڵکردنی ئەو ژمارە کەمە ڕۆشنبیرە ڕامنەکراوە دەدات کاتێ دەڵێت پێویستە ڕۆشنبیر لەناو دەسەڵاتەوە ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ، نەک لە دەرەوە چونکە کاریگەری نابێت! ئەو وادەزانێ دەسەڵاتی ئێمە لە دڵسۆزیدا وەک دەسەڵاتی دیگۆڵە، و ڕۆشنبیری ئێمە وەک سارتەر و کامۆ و فرانز فانۆنن!

ئەو نازانێ ئەو دەسەڵاتە خوێشی تێ بچێت بۆگەن دەکات! ئینجا نازانێت ئەو دەسەڵاتە ئەوپەڕی توانای مادی خۆی وەگەر خستوە بۆ کڕین و ڕامکردنی ئەو ڕۆشنیرانە! و ئەو ڕۆشنبیرە ڕامکراوانە هیچیان پێ ناکرێت لە تەسبیحاتی حزب و سەرکردەی نانبدەی زیاتر! هێشتا ئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە زیاتر کاریگەری هەیە، سەرەڕای کەمی توانایی مادی و میدیاییان!

یانی هاوکێشەکە پێچەوانەی فەرەنسایە لە کوردستان، چونکە ئەو سەرکردە و حزبی نەدیوە زیاتر لە ٩٥ % داهاتی وڵات بدزێت و بەسەر منداڵ و دۆست و عەشیرەتی دابەش بکات! دوو حزبی سەرەکی ئەو موناف‌ەسەی خزمەتگوزاری دەکەن، نازانێت دوو حزبەکەی ئێمە کە مەلا بەختیاری هاوگفتۆگۆی، سەرکردەیەکی دیاری یەکێکیانە، موناف‌ەسەیان لەسەر تاڵان کردن و ڕوتاندنەوەی بیلاد و عیبادە! ئەو تێ نەگەیشت کە بۆ مەلا بەختیار گووتی ئەو ئەزموونەمان هەیە بە گەندەڵی و هەموو خراپەکانیەوە، هەر ئەوەیە دەبێت بیپارێزین وەک بڵێی گەندەڵی کارەساتی سروشتی خوایە، و ئەوان نەیان خوڵقاندوە بە چڵێسی و بێویژدانی و دەست و دامێن پیسیان؟!

ئینجا تۆرین بە پێشمەرگە دەڵێت ڕۆشنبیری عەسکەری! و نازانێت ئەو هێزە هێندە بەحزبیکراو و شەخسیکراوە، ناتوانی ئەو ناوەی لێ بنێیت، ئەگەر بزانێت پێشمەرگە چەندە هێزێکی نا مونەزەمە و بەس دووسێ ڤیدیۆی ئەو ئاشوبەی ناو بەرەکانی جەنگ ببینێت کە دیلێکی داعش دەگرن و هەتا دیلەکە ناوبژیوانی پێشمەرگە دەکات، قەت وانالێ؟! ئەگەر بزانێت ئەو پێشمەرگەیە چەندە بێ مووچە وبێ نازن قەت وانالێت!

شتی ناماقوڵیتری زۆر گووت بەس با ئەوەتدە بەس بێ جارێ!

٢٠١٧/٥/٢٤

## نەداری لە فەرهەنگی ئیسلامیدا، کامیار وەک نموونە

ناوە ناوە هاوڕێی بەڕێزم کاک کامیار هەندێک بابەت لەسەر توندڕەوی ئیسلامی وئیسلامی سیاسی بڵاودەکاتەوە، کە ئەوەی مایەی دەستخۆشی لێکردنە، زۆر گرنگە ڕۆشنبیری کورد –هەرچەندە کاک کامیار لەوانەیە حەزی بە نازناوی ڕۆشنبیر نەبێت– وەک سالانی پێشوو بێدەنگ نەبن لە ئاست ئاین ودیاردە ودەرهاوێشتەکانی، وهەر کتێبێک فڕێ نەدەن کە بە بسم الله دەستی پێکردبێت.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە نوسینەکانی کاک کامیار لەو بارەیەوە:

یەکەم :جۆرێک لە خێرایی وپەلە پەلی پێوە دیارە بێ ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ ئەو بابەتەی کە بڵاوی دەکاتەوە، یان هەر نەبێت گوگڵی بکات، بەو جارەوە کە کاک کامیار لەسەر فەتوای ناصر العمری نوسیوە لای من بەلای کەمی دوەمین جارە نوسینێکی زۆر ولێکدانەوەیەکی زۆر وماندوو بوونێکی زۆر دەکێشێت بۆ هەواڵێکی بێ بنەما! ڕەنگە ئەو جۆرە فەتوایانە بنەمایان هەبێت لەلای هەردوولا، بەڵام ئەو فەتوایەی کە بە ناوی ناصر العمر بڵاوبۆتەوە هیچ ئەساسی نیە ولە پێگەی خۆی ڕەتی دەکاتەوە ودەڵێت شیعەکان بۆیان هەڵبەستوە، ئیعترافیش وەک دەڵێن سەرداری بەڵگەکانە.

دووەم: ئەوەی کە سەرنجم داوە لە کاک کامیار جۆرێک مەیلیداری پێوە دیارە بۆ ڕەخنەگرتن لە توندرەوەکانی سونە وەک بڵێی توندرەوەکانی شیعە پەپولە بن، لە چەند بۆنەش ڤیدیۆی توندرەوەکانی سونە وقاعیدە بڵاودەکاتەوە، وەک بڵێی یوتیوب هیچ لە تاوانەکانی عەلەویەکان وحزب الله وئێیرانی تێدا نەبێت. لە کێشەی نێوان شیعە وسونەش هەر وەک شیعەیەک دەڕوانێت بۆ مەسەلەکان بۆ نمونە دەڵێت " :مێنتاڵیتیی سەردەمی دوو جەلادی ئیسلامیی،مەعاویەو زەیدی کوڕی، داوای کوشتنی نەسەب و کەسوکار و خزم و ئامۆزاکانی پێغەمبەری ئیسلام دەکات." کێشەکە زۆر لەوە قوڵترە کاک کامیار وشتر وا ئاونادرێ؟!

ئەو نا هاوسەنگیە لە کەسانێکی بەناو سونی موتەشەیع چاوەڕوانە، بەڵام لە کەسێکی سێکیولار وبیلایەنی وەک کاک کامیار هەرگیز نە چاوەڕوانکراوە ونە کارێکی ئەکادیمیانەیە. هەر لەو بەیانەی کە بۆ بەدرۆخستنەوەی فەتواکەی ناصر العمری بڵاوکراوەتەوە دەڵێت، شیعە سەدان فەتوا وحەدیسی ئیمامەکانیان هەیە بۆ حەلالکردنی خوێنی سونە، کە حەدیس لە فەتواش گەورەترە وەک: "أن إهدار دماء أهل السنة وأموالهم مذهب معروف للرافضة نسبوه زوراً لأئمة أهل البيت، فروي المجلسي عن جعفر بن محمد أنه قال: "ما بقي بيننا وبين العرب إلا الذبح وأومأ بيده إلى حلقه"[6]، وعن داود بن فرقد قال: قلت لأبي عبدالله عليه السلام: ما تقول في قتل الناصب؟ قال: "حلال الدم، ولكني اتقي عليك فإن قدرت أن تقلب عليه حائطاً أو تغرقه

في ماء لكي لا يُشْهَد به عليك فافعل"، قلت :فما ترى في ماله؟ قال: "خذه ما قدرت عليه"[7]، والناصب في الكلام المذكور يعنون به السني، كما قال شيخهم حسين آل عصفور: " أخبارهم عليهم السلام تنادي بأن الناصب هو ما يقال له عندهم سني شاء أم أبا"[8]، وهذا المذهب أعني استحلال دماء وأموال أهل السنة عند الرافضة هو الذي يقويه محققوهم، قال الخميني: "الأقوى إلحاق الناصب بأهل الحرب في إباحة ما اغتنمنا منه وتعلق الخمس به"[9].[

سێیەم: بەڕای من کاک کامیار جۆرێک لە غیابی فەرهەنگی ئیسلامی پێوە دیارە، کە ئەوەش نەنگی نیە، بەڵام لەوانەیە ئەو کاتە ببێتە باس کاتێ تۆ دەتەوێ لەسەر بابەتێکی پەیوەست بە ئیسلامدا بنوسیت، کێشەی شیعە وسونە هێندە قووڵ ومێژووییە دەبێت زۆرت خوێندبێتەوە لە سیجالاتی ئەو دەبەرێک چوونە تا بتوانی بەتەواوی لێیان تێبگەیت. ئەگەر کاک کامیار کەمێک شارەزابا لە زمانی فەتوا وشێوازی زانایانی ئیتسلام لە دەرکردنی فەتوا لەگەڵ خوێندنەوەی فەتواکەی شێخ ناصر العمری دەیزانی درۆیە، وجۆرێکە لەو شەڕە پڕوپاگەندەیە بۆگەنەی نێوان شیعە توندرەوەکان وسونە توندرەوەکان، من ئاگادارم دەیان فەتوای قۆڕ لەلایەن توندرەوانی شیعە دەرکراوە بە دەمی زانایانی ئەهلی سونە، وزوو زووش کەسانی ناشارەزای ئەو بوارە دەکەونە داوی ئەو فەتوا هەڵبەستراوانە وەک کاک کامیار لێرەدا تێیی کەوتوە، بۆ نمونە جارێکیان خاتونی بەڕێز ناسک قادر دنیایەک ئیدانە وجوێنی نوسیبوو لەسەر فەتوایەکی درۆی شیعەکان گوایە شێخەکی سونە فەتوای داوە بە موجاهیدەکانی بچن پیاو سواری خۆیان بکەن تا کۆمیان فراوان بێت وبتوانن پەنجە دینامێتی تێدا بشارنەوە بۆ کردە خۆکوژیەکان!!!!

کاک کامیار کە ماوەیەکە گوێ بۆ د عدنان ابراهیم دەگرێت، وادەزانێت هەموو ئیسلامیەکانی کورد تا مێژووی پێش دەرکەوتنی د ابراهیم توندرەو ودرندە بوون، بۆیە پاش دەرکەوتنی د ابراهیم لیبڕالێ هیچ عوزریان نەماوە بۆ توندرەوی لەو بارەوە دەڵێت: "یئیسلامییە مینارەوەکانی کورد و ئەوانەی بڕوایان بە بۆچوونە لیبڕاڵەکانی ( د.عەدنان ئیبراهیمە)، پێویستە ، وەڵامی رۆشنیان بەم فەتواو جیهادە هەبێ. بێدەنگیی ئەوان، مانای ئەوەیە ئایدیۆلۆژییانە رازیین بەم فەتوایانە" .

گوڵەکەم کە ئێمە بە زنجیرە لەسەر توندرەوی سەلەفیەتمان دەنووسی هێشتا کەس د. عدنانی نەدەناسی، بەڵام کورد فێرە یەکتر نەخوێننەوە وچاوەڕێی عەرەبێک کەن فێری شتیان بکەن، من لەسەر نوسین لەسەر توندرەوی لە مەجلیسێکی مەلایە توندرەوەکانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ تەکفیرکراوم.

٢٠١٤/٦/١٥

# بۆچی ڕقیان لێمانە؟!!

مەبەستم لە پرسیاری بۆچی ڕقیان لێمانە؟ موسڵمانە بەگشتی، ئەو پرسیارە نزیکەی دە ساڵێکە زۆر بە جیدی لە نێوەندە ئەکادیمی وسیاسیەکانی ئەمریکا دەوروژێنرێت سەبارەت بە ڕقی خەڵک لە ئەمریکا وئەمریکیەکان، بێگومان لەگەڵ وروژاندنیشی سەدەها وتار وسیمنار وکتێبی بۆ ساز کراوە وتوانویانە دەست بخەنە سەربرینەکان بە هیوای دۆزینەوەی چارەسەر وبوونی ئۆباماش بە سەرۆک هەنگاوێکە لەو چارەسەرکردنە!

وەک ئاماژەم پێکرد لێرەدا دەمەوێ پرسیارەکە ئاڕاستەی خودی خۆمان بکەین وەک موسڵمان لەو جیهانە، چونکە گومانی تێدا نییە ڕقێکی ئاشکرا وپەنهانی ڕۆژانە بەرجەستە دەکرێت لە دژی موسڵمان بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی غەیرە ئیسلامیدا… بێگومان کەسانێک هەن بێ بیرکردنەوە یەکسەر بڕیاری ئەوە دەدەن کە هۆیەکەی ئەوەیە ئەوان کافرن وئێمە موسڵمانین!!

لەو ڕێگایەشەوە دەیان ئایەت وحەدیس دەهێننەوە کە هیچیان پەیوەندیان بەو واقیعەوە نییە کە ئێمە لێیەوە دەدوێین. بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانانی ئایدیۆلۆژیک یان ئەوانەی پێیان دەڵێین ئیسلامی بەو شێوەیە بیردەکەنەوە هەتا لەوانەی کە خۆیان بە میانەڕەو دەزانن. بەڵام ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە سادەکردنەوەی کێشەکانە وتێڕوانینێکی ساویلکانەیە بۆ گرفتێکی ئاڵۆز وگەورە.

من گومانم نییە لەوەی کە بەشێکی کەمی ئەوانەی ڕقیان لێمانە لەو هۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆخۆم هاوسێیەکی کاسۆلیکی ئێرلەندیم هەبوو، دەهاتم ودەچووم سەلامم لێدەکرد وبەخێرا تێدەپەڕیم بێئەوەی گوێم لەوەڵامی بێت، پاش ماوەیەک هەستم کرد ئەو پیاوە وەڵام ناداتەوە، دوایی من جارێکی تر لە بۆنەیەکی تردا بەهێمنی سڵاوم لێکرد دیم وەڵام ناداتەوە، گوتم: من سەلامت لێدەکەم بۆ وەڵام نادەیتەوە؟! هیچ گرفتێکت هەیە؟!

بەڕوێکی گرژ وترشاوی وەک ڕوە گرژەکانی برادەرانی لەمەر خۆمان گوتی: ئیمان ودینم ڕێگەم پێنادات وەڵامی کەسێکی کافر بدەمەوە!! بەڵام ئەو جۆرە کەسانە کەمایەتین لە نێو زۆربەی ئەوانەی ڕقیان لێمانە، وهۆیە سەرەکیەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ کاروکردە قێزەونەکانی دەستی توندڕەوەکانی خۆمان، چونکە ئەو برادەرە توندڕەوانە موراعاتی هیچ یاسایەکی ئەرزی وئاسمانی وڕەوشتی ناکەن، وزۆر کاری بێویژدان وترسنۆکانە ونامەردانە دەکەن کە مرۆڤایەتی سەرتاسەر دەهەژەێنێت، وخەڵک توشی شۆک وڕاتەکانی دەکات، لە ئەنجامدا ئەو ڕقە سەرتاسەریە دروست دەبێت.

برۆن لەو خەڵکەی پێش دروست بوونی توندڕەوی ئیسلامی بپرسن بزانن لە ئەوروپا وئەمریکا خەڵک بەگشتی چەند تێڕوانینێکی پۆزەتیڤیان هەبوە بەرامبەر ئیسلام و موسڵمان، وئەو کاتانە تەنها چەند بازنە ونێوەندێکی تەسک وبچوک ڕقیان لە ئیسلام بوە، وئەو ڕقەش هەر لەو نێوەندانە خولاوەتەوە نەیانتوانیوە بیگوازنەوە بۆ شەقامی گشتی، بەڵام بە پاڵپشتی کردەوە قێزەونەکانی ئەو گروپە توندڕەوانە، خەڵکێکی زۆری دەرەوەی کێشە مێژوویەکانی نێوان جیهانی ئیسلام ومەسیحیەتیش، وەک بودایی وهیندۆسیەت وڵاتانی ئاسیا بەگشتیش هێدی هێدی هەڵوێستی توند وەردەگرن لە دژی ئیسلام.

کە گروپێکی شیشانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی دەکاتە بارمتەی گەمە سیاسیەکان ودەبێتە هۆی کوشتنی سەدان منداڵی بێتاوان وفریشتە ئاسا، دەتەوێ جیهان کاردانەوەی چۆن بێت؟! بۆ یەک چرکە بیر لە کارێکی وا بکەرەوە لە دژی قوتابخانەی منداڵەکەت بکرێت وجگەرگۆشەکەت لەوێ بکوژرێت، کاردانەوەت چۆن دەبێت؟!

کاتێ ئەو گروپە توندڕەوانە زۆر نامەردانە شەمندەفەر وپاسێکی پڕ لە خەڵکی هەژار وپەککەوتە ومنداڵ دەتەقێننەوە لە لەندەن، چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەک دەکەیت؟! بۆیە پێم سەیر نەبوو کە خەڵکانێکی ڕوسیا کە زۆربەی کاتەکان مەستی ڤۆدکان بەخۆیان بێنەوە، ویەکەم کاریشیان پاش هاتنەوە هۆش ڕقی موسڵمانان بێت، ودەست درێژی بکەنە سەر ئافرەتێکی حیجاب پۆش، پاش کردە خۆکوژیەکانی مۆسکۆ کە یەکێکیان حیجاب پۆش بوو!!

کە چەندین فڕۆکەی پڕ لە خەڵکی مەدەنی دەکێشیت بە داروبەردا، چۆن دەتەوێ کاردانەوەی خەڵک پۆزەتیڤ بێت؟! کە تۆ سەری ڕۆژنامەوانێکی دژ بە سیاسەتی ئەمریکا دەبڕیت لەبەردەم کامێرا، تەنها لەبەر ئەوەی ئەمریکیە، یان دەیەها کرێکاری ئاسیاوی ڕۆژانە (10) دۆلاری دەکوژیت لەبەردەم کامێرا وبڵاویشی دەکەیتەوە، چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەک دەکەیت؟! کاردانەوەکان هەر لە کارە توندوتیژەکانەوە هەڵناقوڵێن، جاروبار هەتا شێوازی بانگەوازی کردن ویان نیشاندانی ئەحکامی فیقهی زۆر غەریب وسەیریش ئەو کاردانەوانەی لێدەکەوێتەوە.

کە تۆ لەناو جەرگەی ئەوروپا نامیلکەیەک بڵاودەکەیتەوە بە خۆڕایی بەسەر خەڵک وبەزمانی ئینگلیزیش باسی ناجایزی سەلام وپیرۆزبایی کردن دەکات لە ناموسڵمانەکان، ئەوەی ئەو نامیلکەیە دەخوێنێتەوە دەبێت کاردانەوەی چۆن بێت؟! کاتێ خەڵک گوێی لێدەبێت لە دادگا ئاینیەکانی سعودیە لەمانگی ئازاری ئەو ساڵە دوو پیاوی تەمەن پەنجا (50) ساڵ و (23) ساڵ حوکمی جەلدەکردنیان دەردەچێت، چونکە خەلوەی

ناشەرعیان کردوە لەگەڵ پیرەژنێکی 75 هەفتاوپێنج ساڵی، ولەو تەمەنەوە حوکمی جەلدەکردنی ئەو پیرەژنە و4 مانگ بەندکردنی دەردەکرێت، وناویش لەو حوکمە سەخیفە دەنرێت بە حوکمی شەریعەت وخوا، دەتەوێ خەڵک ڕقی لێمان نەبێتەوە؟!

کەرامەتی ئافرەتێکی یان پیرەژنێکی وا دەشکێندرێنت کە شەیتانیش کاری پێی نەماوە، وپیاوێکی پەنجا ساڵی ئابڕوو دەبەیت لەسەر پیرەژنێکی 75 ساڵی، وگەنجێکی 23 ساڵی ڕیسوا دەکەیت لەسەر  پیرەژنێکی 75 ساڵی کە لە هەمان کاتدا ژنی خاڵی خۆیەتی، دەتەوێ خەڵک بێزیان لەو عەقڵیەتە سەقەتە نەبێتەوە؟! کە لە یەمەن دەیەها کچی منداڵ قوربانی بەشودانی ناوەختن، ودەدرێنە دەستی پیرەمێردانی پارەدار، ولە دوا حاڵەتیش کە کچێکی منداڵ بە کردەی توندی سێکسی گیانی لە دەست دەدات، وبەناو زاناکانیش هێشتا سوربن لەسەر حەڕامبوونی دیاریکردنی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ بەشودان، ورزگار کردنی بەرائەتی ئەو منداڵە بەستەزمانانە، هێشتا دەتەوێ خەڵک بەناو هێنانمان هێڵنجی‌ان نەیەت؟!

ئەوەیە هۆیە سەرکیەکانی ڕق لێبونەوەیان لێمان وبێگومان هۆی تریش هەن وبواریش نیە باسی هەموو فەزائیحەکانمان بکەین دەنا هێندە زۆرە بە الف لیلە ولیلە یەکیش تەواو نابێت[52]!!

---

52 ٢٠١٠/٤/١٠

# مەخلوقی دینی و مرۆڤی مەدەنی

مەخلوقی دینی مەبەستم لەو کەسانەیە کە دین هەموو ژیان و جولاَن و بیرکردنەوە و قسەکردن و ڕەفتاری داگیر کردوون، بە جۆرێک جێگای هیچ شتێکیتری لی نابێتەوە، وەک بلێیت پیشەی دین بێت، و دین هێندە لە ژیانییدا ئاوساوە هەموو ڕوخسارەکانیتری کەسایەتی داپۆشیوە جگە لە دینداریەکەی نەبێت، سەرەڕای ئەوەش بە دەمارگرژیەوە پەیڕەو لە دینەکەی بکات و بە سوک و تاوانبار و کافر لە خەڵکیتری جیاواز بڕوانێت!

بێگومان مەبەستم هەموو دیندارێک نییە، کە بە شێوەیەکی میانڕەوانە دینداریش دەکات، بەڵام دینداریەکەی نەبۆتە مایەی بێزارکردن و جاڕس کردن و چاودێری کردن و هەڕەشە لێکردنی کەس، و پاوانکردنی هەقیقەت!

مەبەستم لە مرۆڤی مەدەنیش هەموو ئەو کەسانەیە دیندار بن یان بێ دین، بەڵام باوەڕیان بە ئازادی و ڕیز و مافەکانی مرۆڤ هەبێت بە ژن و پیاوەوە، باوەڕیان بە یەکسانی هەموو مرۆڤەکان هەبێت بە دین و بێ دین و لەناو دینیش هەر ئۆل و مەزهەبێکەوە.

زۆرجار لە خۆم دەپرسم بۆچی مرۆڤی دینداری توندڕەو هێندە بە دڵسۆزی پشتگیری بیروباوەڕە خواروخێچە پڕ لە توندوتیژی و تۆقێنەرەکانی وا بە جۆش وخرۆشەوە دەکات، لەسەر حیسابی کات و پارە و ئاسایش و ئیسراحەت و کەرامەت و ئایندە و ژیانی خۆشی؟! بۆچی وا خۆی سوک و ڕیسوا دەکات، دەستی هەزار نامرۆڤ و قۆڵبڕ ماچ دەکات، فریوی سەدانیتر دەخوات خۆبەخشانە، بە خۆڕایی خزمەتی ئەم و ئەو دەکات، خۆی ئەشکەنجە دەدات، زۆرجار منداڵیشی ئەشکەنجە دەدات و لە خوێنی سوور دەکات، هەر زمان دەگرێت فێری حیقدێکی مەزهەبی دەکات دنیای منداڵی لی تێک دەدات [شیعەی توندڕەوی حزبوڵلایی و حەشدیەکان] و بەڵکو بەوپەڕی شادییەوە بەرەو مەرگ دەڕوات بۆ خۆکوژی، و منداڵیشی فێری خوێن ڕشتن و سەربڕین و حیقد وکەراهیەت دەکات [سونی سەلەفی]؟!

ئەی بۆ مرۆڤی میانڕەو و مەدەنی و شارستانی هەتا کارێک بۆ ڕێبازە میانڕەوەکەی یا مەدەنیەتەکەی یا شارستانیەتەکەی دەکات، بەرد شەق دەبات، تا ئەو کارێک دەکات توندڕەوەکە سەد کاری خۆبەخشانەی ڕایی کردوە بەوپەڕی حەماسەتەوە! لەو وتارەدا نامەوێت عوزرخواهی بۆ بەرەی میانڕەوی بکەم، چونکە ئەوەش هەڵەیە وابزانیت میانڕەوی یانی ڕزگاربوون لە هەموو بەرپرسیاریەتێکی مۆڕاڵی و ویژدانی لە بەرامبەر ڕەوتی توندرەوانی دینی و هەتا توندڕەوانی نادینیش!

ئەوەی سەرنجم داوە لە هۆکار و پاڵنەرەکان، ئەوەیە کە پاڵنەرەکانی دیندارە توندڕەوەکە دابڕانە لە بەرژەوەندی ئەرز و ئینسان، و بە شێوەیەکی شاقوڵی ڕووەو ئاسمانە وهەموو کارێکی تەنها بۆ رازیکردنی خوا و ئاسمانە بە تێگەیشتنی خۆی، هەتا لەو پێناوە ئامادەیە هەزاران مرۆڤ کەلەپاچە بکات، گرنگ ئەوەیە ڕەزامەندی ئاسمان بەدەست بهێنێت، ئەوانەی زەوی تەنها کۆیلە و بەندەی ئەو خوایەن، لە ئاست ویست وئیرادەی ئەودا تەنها هیچن، هیچێکی گەورە!

هەرچی مرۆڤی مەدەنی و شارستانی و دیموکراتی هەموو چەقی بیرکردنەوەی ئاسۆیی کار دەکات بۆ مرۆڤەکانە، و کار و ئەنجامیشی لە دنیای واقیعدایە، ئەگەر نەتوانی شتێکیش پێشکەش بە واقیع بکات، ئەوە نایەوێت زیان بە مرۆڤەکان بگەیەنێت. حەز بە پێشکەوتنی مرۆڤەکان و خۆشگوزەرانیان دەکات، ژیان وەک هەلێک دەبینێت بۆ حەسانەوەی مرۆڤ لە پەناییدا، نەک بکریتە گۆرەپانێک بۆ کوشتن وخوێنڕێژی وکاولکاری لەسەر هەر هۆکارێکی دینی و ئابووری و سیاسی.

هۆکاری سەرەکی لە خامۆشی و سستی خەڵکی مەدەنی و شارستانی ئەوەیە، تۆ کە کەسێک هاندەدەیت بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژیت و مرۆڤانە بیر بکاتەوە و ڕیز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، دەستدرێژی نەکاتە سەر ئازادی کەس، بە هیچ پاساوێکی دینی و دنیەوی، ڕێگاش نەدا کەس ئازادی پێشێل بکات و سنوری مرۆڤایەتی ببەزێنێت، کەوابوو تۆ چەندین بەهای بەرزی مرۆیی پڕ لە ڕیز و کەرامەت و جوانی و ڕێزی یاساگرتن لەو کەسە دەنێژی. ئەو دەبێتە خاوەن کەسایەتیەکی وریا بە مافەکانی خەڵک و مافەکانی خۆشی، فێری ئەوە بووە خۆشی خۆش بوێت، بەدوای بیانوو نەگەڕێت تا خۆی بفەوتێنێت و دەیان کەسیش لەگەڵ خۆی بکوژێت، لە پیناو چونە بەهەشت لەسەر لاشە و خوێنی خەڵک!

لە هەمان کاتدا فێری ڕێز گرتن لە یاسا بووە، تا پاشاگەردانی دروست نەبێت، کەوابوو تۆ ڕیتمی سەرەکی ئەو کەسایەتیەت بەرەو حەزاری بوون و مەدەنیەت ومرۆڤ و مەعریفە دۆستی و یاسا پەروەری بردووە. ئەو مرۆڤێکی هێمنی زانا بە ئاکامی توندوتیژی و هەڵەشەیی، و زانا بە مافەکانی خۆیی و خەڵکی لێ دەردەچێت، شانازیکەر بە مرۆڤایەتی خۆیی و کەرامەتی خۆی لێ دەردەچێت، بۆیە هەتا لە پشتگیری کردنی بیروباوەڕە مەدەنی و سێکیولار و دیموکراسیەکانیشی بە ڕیتمێکی هێمنانە و لەسەرخۆ ئەو کارە دەکات.

مرۆڤی وا قەت ناچێت هێرشی لەبزی یان جەستەیی بکاتە سەر یەکێک با زۆریش نا ئینسان بێت، یان هەڕەشە لە کەسێک بکات بە جوێن و کوشتن، لەبەر دەربڕینی بیروباوەڕی یان بۆچوونی. ئەو کەسە موستەحیلە وەک کرێ گرتەیەکی پارە یان خوا و دین بچێت یەکێکت بۆ بکوژێت، یان شەو و ڕۆژ خۆ

بەخشانە بە دوای خەڵکانێک بگەڕێت بزانێت چ کوفرێکی کردوە یان چ ڕەخنەیەکی گرتوە تا خۆبەخشانە ئەژداو ئابائی پڕ جوێن و هەڕەشە بکات .

بەڵام مرۆڤی توندڕەوی دینی بەر لە هەموو شتێک دەبێت خۆی بفرۆشێت بە پیاوانی دینی بەناوی خۆفرۆشتن بە خوا (ان الله اشترى من المؤمنين انفسهم و اموالهم بان لهم الجنة) هەموو خەمی ئەوە دەبێتە پاسەوانی زات و بەرنامە و شەریعەتی خوا، هێندە دەبەنگە وادەزانێت خواش پێویستی بە پاراستنی ئەو هەیە! ئەو مەخلوقە دووپێیە دینیانەی کە دین و پیاوانی دینی دروستی دەکەن لە هیچ کارخانەیەکی تری سێکیولار و مەدەنیەت و شارستانیەت دروست نابێت. هەموو فەلسەفەکانی دیموکراسیەت ومەدەنیەت و سێکیولار توانای دروستکردنی کەسێکی نییە لە بەغداوە بە پێ بچێتە کەربەلا و بە درێژایی ڕێگەکەش کەسێک بەدوای خۆت بخەی بە زنجیر پشتت بکوتیٚ! هەموو فەلسەفەکانی دیموکراسیەت ومەدەنیەت و سێکیولار توانای دروستکردنی کەسێکی نییە لەسەر ڕێگای ئەو خەڵکە بوەستێت و بەزۆر داوای پێشێلان و پێ ماچ کردنیان لێ بکات. هەموو فەلسەفەکانی دیموکراسیەت ومەدەنیەت و سێکیولار توانای دروستکردنی کەسێکی نییە بە سروود و خۆشیەوە بەرەو خۆ تەقاندنەوە بچێت، یان ژیانی ئەوروپا بەجێ بهێڵێت بچێتە ناو دەوڵەتی داعش تا ببێتە سەربڕی مرۆڤەکان، یان بە شەوقەوە بەرەو کردەیەکی خۆکوژی بچێت!

هەموو فەلسەفەکانی دیموکراسیەت ومەدەنیەت و سێکیولار توانای دروستکردنی کەسێکی وەک ئەو توندڕەوەی نییە ئامادەی قوربانی دان بێت بە هەموو ژیانی و کاتی و ئاسایشی و سامانی، چونکە مرۆڤی مەدەنی بە ئاسانی لە خشتە نابرێت، بە ئاسانی دەستی ناچێتە خوێنی خەڵک، بە ئاسانی خۆی بەخت ناکات بۆ ئامانجێکی هیچ وپوچ، بە ئاسانی دەستبەرداری کەرامەتی مرۆیی خۆی نابێت، هەر ئەو پێوەرانەش وایکردوە مرۆڤی مەدەنی زۆرجار سست و خاو دەربکەوێت لەچاو مەخلوقاتی توندڕەوی دینی.[53]

[53] سەیرێکی ئەو ڤیدیۆیانە بکەیت باشتر بابەتەکە هەرس دەکەیت:
https://www.facebook.com/ali.albasri.376/videos/994580183934436/?theater
٢٠١٥/١٢/١٠ https://www.youtube.com/watch?v=9MxvIntyn0I https://www.youtube.com/watch?v=XrlHy9b4YBg&hd=1

# غەزالی و فەرەج فۆدە ڕەشکوژی میانڕەوی[54]

## -١-

محمد غەزالی یەکێکە لەوانەی من پێی سەرسام بووم لەو کاتانەی کە لە زیندانێکی فیکری دینی بووم، هەتا کڵاو ڕۆژنەیەکیشمان شک نەدەبرد، تیشکێکی خۆری لێ بێتە ژوورەوەی مێشکی زیندانی کراوماندا!

یەکەم کتێبی ئەو زاتە کە دەستم کەوت و خوێندمەوە کتێبی [السنة النبوية بين اهل الفقه و اهل الحديث] ئەو کتێبە بوومە لەرزەیەک بوو بە نسبەت منەوە، زۆر قەناعاتی جێی گومان و جێگیری لای من یەک لا کردەوە، بە تایبەتی لە بواری زانستی حەدیسدا، هەروەها لە هەڵوێستی ئیسلام و ئەهلی حەدیس دەربارەی ئافرەت و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و گەلێک بابەتی تر. لەو بوومەلەرزە زانیم کە ئەو ئیسلامەی ناو دەنرا سەحوەی ئیسلامی، ئیسلامی حەدیس بوو تا ئیسلامی قورئان بەپێی تەسنیفی جۆرج تەڕابیشی.

لە پاش ئەو کتێبە دەیەها کتێبیم خوێندەوە، هەتا دەستم کردە وەرگێڕانی کتێبی: (قضايا المرأة بين التقاليد الراكدة والوافدة) و بەشێکی زۆریشم لێی وەرگێڕا بەڵام تەواوم نەکرد. چەندین توێژینەوە و وتاریشم لەسەر نووسی وەک ڕیفۆرمخوازێک و ڕزگارکەرێکی ئافرەتی موسڵمانم پێناس کرد گرنگترینیان وتاری قضية المرأة في فكر محمد الغزالي بوو کە بە عەرەبی لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلام بڵاوم کردەوە، دوایی لە کوردستانیش بڵاوکرایەوە.

**بەڕاستی ئێستاش دەڵێم ئەو پیاوە محمد الغزالي یەکێکە لە هەرە بوێر و بە جورئەتەکانی ناو بازنەی ڕابوونی ئیسلامی، و بیروڕاکانی تەکانێکی گەورەیان دایە نیوەندە ئیسلامیەکانی ڕابوونی ئیسلامی بۆ بەخۆداجوونەوە و ڕاستکردنەوەی زۆر لە وەهمەکانی سەحوەی ئیسلامی.**

ئێستاش من پێموایە غەزالی گرنگی خۆی لە دەست نەداوە بە تایبەتی بۆ ئەو توندڕەوانەی هێشتا ڕاست و چۆپ دەست دەکووتن لەناو تاریکایی توندڕەوی و بیری شمولیەتی ئیسلامی سیاسی. بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت ببێتە قۆناغێک و پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو دنیایەکی فراوانتر لەوەی غەزالی لە بۆچوونەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە!

سەرسامی من بە غەزالی دەگەڕایەوە بۆ سیفەتی جورئەتی وتنی تێدا بوو لەناو گۆڕەپانێکی ترسناک کە بە بچوکترین قەولی جیاواز خوێنیان حەڵاڵ دەکردی! من خۆشم خۆڕسکیانە ئەو سیفەتەم تێدا بوو، کە هەڵوێستەکانیم دەخوێندەوە دەرهەق بە ئیخوان و خودی بەنا و قیاداتی ئیخوانی پاش حەسەن بەنا، و لە

---

[54] ٢٠١٨/٥/٢٧

هەمووش گرنگتر بوێری و جورئەتی لەسەر توراس و دەقە دینییەکان و قەناعات و بنەما دینییەکان، ئەو بوێریەی ئەو بوێریەکی  زیاتری پێ دەدام.

ئەوەی خاڵی دەستپێکی گومان و دڵگۆڕانی من بوو لە غەزالی ئەو ڕۆژە بوو کە فەرەج فۆدە کوژرا،  هەر لە پاش مونازەرە بەناوبانگەکەی لەگەڵ محمد الغزالي و مەئمون هوزەیبی لە ١٩٩٢/١/٨! فەرەج فۆدە سەرەڕای ئەوەی کە جەماوەرەکە زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامی بوون، نزیکەی ٣٠ هەزار کەسیان کۆببوونەوە، هەر هوتافی الله اکبر و لله الحمد، والجهاد سبيلنا و الموت في سبيل الله اسمى امانينەیان دەگووت، و سوکایەتیان دەکرد بە فەرەج فۆدە، بەڵام هێشتاش فۆدە وەک باڵایەکی فکری بەرز هاوسەنگی خۆی لە دەست نەدا، و بەوپەڕی ڕەوشتی بەرزەوە گفتوگۆی لەگەڵ غەزالی و هوزەیبی دەکرد، بەڵکو چەندین جار گووتی: غەزالی بە مامۆستای خۆمی دەزانم! دەیگووت ئیسلام زۆر لەوە گەورەترە لە سیاسەتی بگلێنی!

باوەڕتان بێت من خۆم ئەو کاتە کە کاسێتەکەی لە هەولێر بەناو ئیسلامیەکاندا بڵاوبۆیەوە، ئەو کاتە نە ئینتەرنێت و نە یوتیوب و نە فەیسبوک نەبوو، بە کۆمەڵ لێمان دەڕوانی، بیرمە کە مونازەرەکەم دیت، سەرەڕای خۆشەویستی زۆرم بۆ محمد الغزالي، بەڵام هەستم بە جۆرێ هاوسۆزیەکی قووڵی خەفەکراو دەکرد بۆ لۆژیک و ڕەوشت و ڕەفتاری فەرەج فۆدە، ڕقێکی زۆرم لە جەماوەرە ئیسلامیەکەی ئەوێ هەڵسا بوو، کە جەوێکی پڕ لە تۆقاندنیان لە هۆڵەکە دروست کردبوو، لەبەر چەپڵە و فیکە و الله اکبر و هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ، مەجالی گفتوگۆکەشیان نەدەدا! ئێستا دەزانم ئەو کاتەش تۆزێ لە عەقڵانیەتم تێدا بوو کە لە کۆتایی دەستی گرتم و پەڕاندیمیەوە لەناو ئەو وەهمە موقەدەسانە!

بێگومان غەزالی یش بە ڕەوشتێکی باش مامەڵەی فەرەج فۆدەی دەکرد، هەرچەندە ڕق و توڕەییەکی پەنهانی پێوە دیار بوو. بەڵام ڕەفتاری مەئمون هوزەیبی کە پێشەوانی ئیخوانی ئەو کاتە بوو، زۆر بە دڵم نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئاستی  ڕەفتارباشی غەزالی نەدەگەیشت بە ئاستی بەرزی ڕەفتار فەرەج فۆدە، هەستم دەکرد غەزالی لەناخەوە توڕەیە لە پرسیار و پرسەکانی فەرەج فۆدە، و جۆرێک لە شڵەژان و ڕقی پەنهانی پێوە دیار بوو، کە دوایی لە شاهادەدانی مەحکەمە زیاتر بەدیار کەوت! غەزالی بە هەڵوێستی لە کوشتنی فەرەج فۆدە نەک هەر تۆڵەی شکستەکەی کردەوە، بەڵکو خیانەتی لە پرنسیپەکانی خۆشی کرد، کە دەیگووت دژی توند وتیژی و هەتا سزادانی هەڵگەڕاوەشە.!

-٢-

بۆیە کە پاش ماوەیەک زانیم فەرەج فۆدە ڕەشکوژ کرا بە دەستی تیرۆرستێکی ئیسلامی، سوێند بەخوا سەرەڕای ئیسلامی بوونی ئەو کاتەشم بەڵام، لە دڵەوە خەمێکی قووڵ دایگرتم، و زۆرم پێ ناخۆش بوو، مرۆڤێکی هەڵکەوتوو لەبەرەی سێکیولاریزم و فکری مەدەنی، بەرامبەر سەدان و هەزاران شێخ و مەشایخ و نووسەر و بیرمەندی سەحوەی ئیسلامی هەڵکەوێت، کەچی بەو هەموو کەسانەوە بەرگەی تەنها کەسێک نەگرن، کە تەنها بە وشە ولۆژیک گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات! دەمزانی ئەگەر فەرەج فۆدە بەو لۆژیکە نەرمە و گفتۆگۆیە هێمنانەوە بەرگەی نەگرن و بکوژرێت، کەوابوو تازە تا مردن دەبێ هەر گوێمان لە یەک ئاوازی سەحوەی ئیسلامی بێت! من پێمخۆش بی گوێم لە هەموو ئاوازە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکان بێت، هەر بە سروشت لە ناخەوە وا لیبراڵ هەڵکەوتبووم.

ریچارد دۆکینز دەڵێت: دیندارە میانڕەوە چاکەکان جیهانێکی پڕ لە ئاسایشیان بۆ توندڕەوان دەستەبەر کردوە لە ڕێگای ناچارکردنی کۆمەڵگا بۆ ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی تووندڕەوان! ئەوەی لە هەمووی زیاتر منی زۆر پەست کرد لە غەزالی و دەتوانم بڵێم بۆ چەندەها ساڵ خاڵی دڵگۆڕان و دوورکەوتنەوەی هێدی هێدی زیاتری من بوو لەو و لە ئیسلامی سیاسی بە گشتی، هەڵوێستی غەزالی بوو لەمەر ڕەشکوژکردنی بیرمەندی گەورە فەرەج فۆدە! زۆر هەوڵم دا خۆم لە گێلی بدەم و ئەو هەڵوێستەی غەزالی فەرامۆش بکەم، لە جیاتی سەدەها هەڵوێستی باش و کراوەکانی بێنمە بەرچاوم، تا ساڵانێک بەو شێوەیە گوزەرام، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەنگی عەقڵم سەرکەوت، کەنابێ مرۆڤ لە ڕووی تیوریەوە میانڕەو بێت، بەڵام لەکاتی پراکتیکدا هەمان تێڕوانینی تووندڕەو و تیرۆرستانی هەبێت!

هەر لە کوردستان بووم تووشی گفتوگۆیەک بووم لەگەڵ نوسەر و شاعیرێکی گەورەی عێراقی خالد المعالی لەسەر کۆمەڵێ بابەتی دینی، و ئەو هەڵوێستەی محمد الغزالی، چونکە من وەک نموونەی زانایەکی میانڕەو باسم کرد تا ڕابکەم لە تووندڕەوی ابن تیمیە، کەچی ئەو ئەو هەڵوێستەی غەزالی هێنایە پێشەوە، کە من تەنها توانیم نکوڵی لێبکەم کە شتی وا ڕووی نەداوە!

ئەوە هیچ غەزالی هیچ لێدوانێکی نەدا بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانە قێزەونە بە دەستی ئەو تیرۆرستانەی هەتا خودی غەزالیشیان تەکفیر دەکرد لەسەر بیروڕاکانی، لە جیاتی غەزالی بەوپەڕی هێزەوە ئیدانەی ئەو کوشتنە و ئەو تاوانە گەورەیە بکات، نقەی لە خۆی بڕی، بەڵکو پێخۆشبوونیشی پێوە دەبینم لەو بەڵگانەی کە ئێستا بەدەستەوەن! کاتێکیش بانگیان کرد بۆ دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتی میسری، لەسەر داواکاری داکۆکیکار لە تاوانبارەکە، بۆ شایەدی دان لەسەر بابەتی هەڵگەڕانەوە [الردة]، ئەو غەزالی یەی کە هەموو ژیانی دژی توراس و ئەحکامی فیقهی و حەدیس و تەفسیری ناماقول دەجەنگا، داوای گەڕانەوەی دەکرد بۆ قورئان،

دەتوانم بڵێم تاڕادەیەکی زۆر هەر قورئانی بوو! کەچی لەو بابەتە هەستیارە پشتی لە قورئان و عەقڵ و ئینسانیەت کرد، و پشتی بەست بە هەمان ئەو ئەحکامە فیقهییە دواکەوتوانەی کە لای غەزالی ببوونە هۆی دواکەوتنی موسڵمانان! غەزالی گووتی: حوکمی مورتەدەد [هەڵگەڕاوە] کوشتنە! نازانم غەزالی هەستی بە دۆڕان دەکرد لەو مونازەرە ناوبانگە، حقدی ئەو کاتە بوو یان هەر بەڕاستی وەحشی توراس و فیقهی نائینسانی لە ناخیدا بە ئاگا هات!

غەزالی لە گفتوگۆی دادگادا گووتی:

حوکمی خوا کەس ناتوانێ بیسڕێتەوە، هەتا ئەگەر تاکێکیش جێبەجێی کرد، ئەو کەسە دەبێتە پێشێلکاری سنووری دەسەڵات افتئات علی السلطة، کاتێ نوێنەری داکۆکیکار لێی پرسی هیچ سزایەک هەیە لە ئیسلام بۆ پێشێلکاری سنووری دەسەڵات، غەزالی گووتی: باوەڕناکەم هیچ سزایەکی هەبێت!

ئەو شاهێدییە کە جارێکی تر کوشتنی فەرەج فۆدە بوو، بووە هۆی دڵخۆشی جەماعاتی ئیسلامی سیاسی و تیرۆرستە توندڕەوەکانی، کە بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە سەر غەزالیش و بە کافر و دژی سونەی نەبەوەی و زانای دەسەڵاتیان ناوزەد دەکرد!

هەتا تاوانبارێکی سەرەکی دۆزی کوشتنی فەرەج فۆدە و رفعت المحجوب، بەناوی صفوت عبدالغني، گووتی کە شانازی بەو گەواهیدانەی غەزالی دەکات، وهەتا ئەگەر حوکمی لە سێدارەدانیشیان بۆ دەرچوو لە دۆزی ڕەشکوژکردنی فەرەج فۆدە، تەنها ئەو شەهادەتەیان سەروزیادە! نەک هەر هێندە هەتا یەکێک لە بکوژەکانی فەرەج فۆدە، ابو العلا عبد ربە، کە مورسی لە زیندان ئازادی کرد لە سەردەمی حوکمی ئێستاش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەڵێت پەشیمان نیم لە کوشتنی فۆدە، گاڵتە بە سۆزی خانەوادەی فەرەج فۆدە دەکات!

لە وەڵامێکیتردا غەزالی گووتی:

" ئەگەر فەرمانرەوا وازی لە جێبەجێکردنی حوکمی خوا هێنا لەسەر هەڵگەڕاوە، بەردەوام دەبین لە ئامۆژگاری کردنی فەرمانڕەوا بۆ جێبەجێکردنی سنووری خوا و جێبەجێکردنی بۆ ئەو جێ دەهێڵین! بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی فەرمانڕەوا سزای لەسەر جێبەجێ نەکرد و وازی لێ هێنا، کەسێکی فتنەچی و سەرچاوەی گومڕایی خەڵکانی تر بوو، پێویستە لەسەر ئومەت کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک هەڵبژێرێت، بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لەو شەڕ و خراپییە و حەد لێ دەرکردنی، چونکە وازلێهێنانی وەک وازهێنانە لە ئاگرێکی بە بڵێسەی ناو کۆمەڵ، بە تایبەتی ئەگەر بانگخواز بوو بۆ گومڕایی، و بڵاوکردنەوەی فەساد، و ژیانی خۆی تایبەت کردبوو بۆ لەکەدارکردنی ئیسلام و بانگەوازی بۆ گومڕایی، ئەوە ئەو کەسە ڕێگا خۆشکەرە بۆ کەسانی تر بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام"!!

-٣-

بەو شێوەیە غەزالی بە هەمان زاراوە و لۆژیکی فیقهی ئیسلامی توندڕەو دەستخۆشی لە بکوژانی فەرەج فۆدە و هەر شەهیدێکی تری فیکر و وشە و قەڵەم کرد، ئەو غەزالییەی من دەمناسی و پێی سەرسام بووم، کەسێکی تر بوو کە لە یەکەم کتێبی کە خوێندمەوە: [السنة النبوية بين اهل الفقه و اهل الحديث] دەربارەی حوکمی هەڵگەڕانەوە دەڵێ: کە لە قورئاندا ٢٠٠ ئایەتی ژماردوە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئازادی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا، و دین بە زۆرەملێ نییە!

و هەروەها لە کتێبەکەی دەڵێت کە نابێت پشت بە حەدیسی ئاحاد ببەستین بۆ مەسەلەی گەورەی وەک خوێن! بەڵام وادیارە لەبەر هەڵوێستی دەروونی خۆی لە دژی فەرەج فۆدە، هەموو ئەو نووسینە تیۆریانەی لە بیر کردوو و بە چەقۆیەکی کولی توراس و فیقهی بەدەوی کە خۆی ناوی دەنێت، جارێکیتر فەرەج فۆدەی کوشتەوە!

ئێستاش هەندێ نووسەر و کەسایەتی ئیسلامی دەیانەوێت پاکانە بۆ هەڵوێستەکەی بکەن، وەک فەهمی هوەیدی کە خۆشی نازانێت چ دەڵێت، و دەڵێت غەزالی لە پایەی شایەد بوو نەک موفتی!

بەڵام طه جابر العلواني، کە سەرۆکی پەیمانگای فکری ئیسلامی بوو، بەر لە مردنی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی گووتی: غەزالی کە دوو بە دوو بووین لێیم پرسی چۆن ئەو شایەدیەت دا لە دۆزی فەرەج فۆدە، و پاکانەت کرد بۆ کوشتنی؟! دەڵێ غەزالی گووتی: منیش وەک تۆ باوەڕم بە حوکمی ڕەدە و هەڵگەڕانەوە نییە، بەڵام بۆیە وامگووت تا ئەو گەنجانە لە پەتی سێدارە ڕزگار بکەم!!!

لە چ مێژوویەک ڕوویداوە زانایەکی بەناو میانڕەو، ئەو ڕۆژەی کە پێویستە بیسەلمێنیت تۆ باوەڕت بە تیۆر و قسە قەڵەوەکانی ناو کتێبەکەت هەیە، بچیت خیانەت لە بیروباوەڕت بکەیت و درۆ بکەیت بۆ ڕزگارکردنی چەند تیرۆرستێکی ڕشکن؟! سەید قوتب قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت: وشەکانمان وەک بوکەڵەی مۆم بێ گیانە، تا لە پێناوی نەمرین، گیانیان پیادا ناکرێت و ناژین!.

هەر خودی شێخ غەزالی یش دەڵێت: زانیاری تیۆری ئەگەر کارپێکردنی نەیگوازێتەوە لە بازنەی بیر بۆ واقیعی ژیان، وەک ئەو خۆراکە وایە کە هەرسکردن نەیتوانیوە بیکاتە جووڵە و گەرمی و هەست!

کەوابوو غەزالی خۆی تیۆرەکانی لەسەر دۆزی هەڵگەڕانەوە و حوکمی هەڵگەڕانەوە فەرامۆش کرد، نەیخستنە بواری کرداری، بەوەش نەک زیانی لە خۆی و ڕێبازی میانڕەوی خۆی دا، بەڵکو بووە نموونەیەک بۆ سڵەمینەوەی خەڵکانێک کە هێشتا هیوایەکیان بە جۆرێک لە میانڕەوی مابوو لە ناو مەیدانی ئیسلامی

سیاسیدا. ئێستا غەزالی بۆتە نمونەیەک توندڕەوان و تیرۆرستان نمونەی پێ دەهێننەوە لە هەموو مەیدانێک کە باسی ئازادی دەربڕین دەکرێت!

وەک ئاماژەم پێکرد بکوژەکانی فەرەج فۆدە تا ئەمڕۆش سەرخۆشن بە نەشئەی پاکانەکردنەکانی غەزالی بۆ کارە قێزەونەکەیان، نەک هەر ئەوە هەتا لەناو بازنەی ئەزهەر و ئیسلامی ژێرچاودێری حکومەتیش، هێشتا بیروڕای غەزالی لەسەر کوشتنی فۆدە وەک چەکێک بەکاردەهێنن بۆ دەمکوتکردن و هەڕەشەکردن لە هەر بیرێکی ئازاد!

کاتێ بەر لە هەشت ساڵ ڕاوێژکاری فەرهەنگی وەزیری ئەوقافی میسری، د.محمد عبدالغني شامة، لە فەتوایەکدا گووتی: ئەو ڕایەی دەڵێ ئەوەی لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە دەکوژرێ، ڕایەکی لاوازە و هیچ دەقێک لە قورئاندا نەهاتووە پشتگیری بکات، بەڵکو ئەوەی هەڵگەڕێتەوە دەبێ دەسەڵاتدار بیپارێزێت و بەرگری لێبکات و ژیانی مسۆگەر بکات. یەک لێشاو نارەزایی لەو لێدوانە کەوتەوە، و نارەزاکان لە بەیان و لێدوانەکانیان شایەدیەکەی زانای پایەبەرز محمد الغزالي یان لە دۆزی ڕەشکوژکردنی فەرەج فۆدەیان بە نموونە هێنایەوە، کە غەزالی بە کافر و هەڵگەڕاوە و موستەهەقی کوشتنی وەسف کرد لپای لێدوان و قسە و بیر و نوسینەکانی![55]

من دڵنیام لە ڕاستگۆیی تەها جابر عەلوانی کە برێکی باشی نووسینی ئەویشم خوێندۆتەوە، و بە سیفەتی شەخسیش لە نزیکەوە لە لەندەن دیومە. بەڵام بەرگریەکەی لە غەزالی خراپتر دەشکێتەوە بەسەر غەزالی و دەیسەلمێنێت هاوسۆزی لە بەرزترین پایەی میانڕەوی هەیە لەگەڵ توندڕەوان و تیرۆرستان.. ئینجا من پێموایە غەزالی ڕاستگۆ نەبووبێت لە کردنی ئەو قسەیە بۆ عەلوانی، بەڵکو لە ئیحراجیەوە وای گوتبێت![56]

چونکە هەڵمەتێکی گەورە لە میسر لە نێو ئیسلامیەکانی دەسەڵات و دەرەرەوەی دەسەڵاتیش دەستی پێکرد بۆ تەکفیر کردن و حوکمی بە مورتەد کردن و بەکوژدانی فەرەج فۆدە، کە ڕۆڵی سەرەکی ڕۆژنامەی [النور] ئیسلامی ئیخوانی و سەرنووسەرەکەی حمزة دعبس دەیبینی! وەک پیشەی هەمیشەیی ئیسلامییە توندڕەوەکان دەستیان کرد بە ناوزڕاندنی ڕەوشتی فەرەج فۆدە و دەیان نووسی: گوایە فەرەج فۆدە فیلمی

---

[55] http://www.alanba.com.kw/ar/world-news/143323/14-10-2010-%D9%87%D9%84-%D8%A7%D9%87%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B4%D9%8A%D8%AE-%D8%A7%D9%84%D8%BA%D8%B2%D8%A7%D9%84%D9%8A-%D9%81%D8%B1%D8%AC-%D9%81%D9%88%D8%AF%D8%A9

[56] https://www.youtube.com/watch?v=lDxkZP8NLD8

ڕووت نیشانی پیاو و ژنەکان دەدات و ئاهەنگی سێکسی بە کۆمەڵ دەکات لە بارەگای ڕێکخراوی [هاریکاری ئافرەتی عەرەب]!

ئینجا بەیانامەی نەدوەی زانایانی ئەزهەری بلاوکردەوە کە بانگەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ کوشتنی فەرەج فۆدە! بێ ڕەوشتی حمزة دعبس و ڕۆژنامەی النوری ئیسلامی بە ڕادەیەک گەیشت کە فەرەج فۆدە بەوە تۆمەتبار کەن گوایە کچی خۆی [یاسمین] ی داوە بە باڵوێزی ئیسرائیل، هەرچەندە یاسمین ئەو کاتە تەمەنی ٩ساڵان بوو!

دیارە دەیانزانی شووکردنی کچی منداڵی ٩ ساڵی سوونەتە لای ئیسلامییەکان، بۆیە دوور نییە باوەڕ بەو درۆیەش بکەن! دەنا چۆن مرۆڤێکی تێگەیشتووی وەک فەرەج فۆدە بیر لە شتێکی وا هیچ دەکاتەوە؟! من کە خیبرەیەکی باشی کرداریم هەیە لەگەڵ تۆمەت و درۆ و بوختانی ئیسلامییەکان تێدەگەم کە زۆربەیان و میانڕەوانیان بەر لە توندڕەوانیان، هێندە بێ ویژدان وبێ ڕەوشتن پێیان ئاساییە باسی کچی پێنج ساڵەشت بکەن نەک ژن و خوشک و کچی گەورەت!

هەر لە مونازەرەکە کاتێ فەرەج فۆدە ڕەخنەی لە کردەوە تیرۆرستەکانی ئیخوان گرت بە ناوی ڕێکخستنی تایبەت، ئەو ئیخوانەی ئێستاش نکوڵی دەکەن لەو کردەوانە، کەچی مەئمون هوزەیبی گووتی: ئێمە لە خوا نزیک دەبووینەوە بە کردەوەکانی ڕێکخستنی تایبەتیئ ئیخوانی موسلمین! واتە توند وتیژی و کوشتن و تەقاندنەوە لوتکەی عیبادەتە بۆ سەرخستنی ئیسلامی سیاسی! ئەوەش پەیامێکی ئاشکرا بوو و هەڕەشەش بوو بۆ فۆدە!

هەر لە دوای مونازەرەکە غەزالی بە چەند هەفتەیەک لە تەلەفزیۆنی میسری گووتی: " ئەوەی داوەتی خەڵک دەکات بۆ سێکیولاریزم هەڵگەڕاوەیە و پێویستە سزای هەڵگەڕانەوەی لەسەر جێبەجێ بکرێت! ئەولێدوانەش لە ژێر کاریگەری مونازەرەکە و بەبۆنەی دەرچوونی کتێبی **"حوار حول العلمانية" فەرەج فۆدە بوو!**

**هەر لە ١٩٩٢/٥/٢٧ بەر لە ١٠ ڕۆژ لە کوشتنی فەرەج فۆدە، شێخ غەزالی لە نەدوەیەکدا لە زانکۆی قاهیرە دەربارەی فەرەج فۆدە و د. فوئاد زەکەریا گووتی: ئەوانە قسە و قسەڵۆکی دوژمنانی ئیسلام لە دەرەوە دووبارە دەکەنەوە، خوا هیدایەتیان بدات، ئەگەریش هیدایەتیان نادات لەناویان بات!**

-٤-

ئینجا عومەر عبدالرحمن، دامەزرێنەری جەماعەی ئیسلامی جیهادی فەتوای کافربوونی، و هەر ئەندامەکانی خۆشی کوشتنەکەیان جێبەجێ کرد!

شێخ وجدی غنیم یش گووتی [تەنها چارەسەری کوشتنە]! ئینجا نەدوەی زانایانی ئەزهەر بەیانێکیان دەرهێنا و فۆدەیان بە کافر وهەڵگەڕاوە و پێویستی کوشتنی دەرهێنا!

بەو شێوەیە ئیسلامیە توندڕە و میانڕەوەکان، و ئیسلامی دەرچوو دژی دەوڵەت و ئیسلامی سەر بە دەوڵەت و ئەزهەر، هەتا شیخ شەعراویش گەلەکۆمەیان کرد بۆ بە کوژدانی فەرەج فۆدە، لە ئەنجامدا لە ١٩٩٢/٦/٨ سەعات ٦ی ئێوارە فەرەج فۆدە تیرۆرکرا بە یەک دەنگی توندڕەو میانرەوان!

پاش کوشتنەکەشی غەزالی بە خۆبەخشانە داوای کرد شایەدی بۆ بکوژەکان بدات، لە تەک شایەدی دانی د. محمود مزروعة، سەرۆکی بەشی عەقیدە و ئایینەکان لە کۆلێژی ئسوڵی دینی زانکۆی قاهیرە، کە کارێکی شەرعییان کردوە ونابێت سزا بدرێن لەسەر کوشتنەکە، بەڵکو تەنها تاوانێکیان بێ ئیزنی دەسەڵات ئەو کارە شەرعییەیان کردوە!

ئینجا غەزالی کە فشاری زۆری خرایە سەر لەلایەن ڕۆشنبیران داوای لە شێخ محمود مزروعة کرد، کە موحەریزی یەکەمی دژی فرج فودە بوو، بەیانێکی هاوسۆزی لەگەل خۆی و نەدوەی زانایانی ئەزهەر دەربکات لەگەڵ کۆمەڵێ زانای ئیسلامی، کە هەقی خۆیانە ڕای خۆیان بڵێن، بێ ئەوەی تۆمەتبار بکرێن لەسەر دنەدانی کوشتن! ئەو بەیانە محمد عمارە و کاهینی هەر گەورەی میانڕەوی و شەعبی شێخ محمد متولی شەعراویش واژۆیان کردبوو!

غەزالی بەوەندەش نەوەستا لەگەڵ دکتۆر محمود مزروعة کتێبێکی دوو قۆڵیان دەرکرد بە ناونیشانی: "أحكام الردة والمرتدين من خلال شهادتي الغزالي ومزروعة" حوکمی هەڵگەڕانەوە و هەڵگەڕاوەکان لە نێو شایەدی دانی غەزالی و مزروعە!

ئینجا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی گووتی: فەرەج فۆدە لە ڕۆژگارێکی سەخت هات! من لە یەکیک قبوڵ دەکەم بڵێ: من ئیسلامم خۆش ناوێ. باشە لە ماڵەوە وابڵێ، و تەنها بۆ خۆتی بڵێ، بەڵام نەکەی نزیک کەویەوە لە ئیسلام، هێرش نەکەیتە سەر ئیسلام، کافر بە بە تەنها بۆ خۆت، هەقمان لێت نییە، بەڵام ئەگەر هاتییە لای مزگەوت گووتت: ئەو بانگدانە چییە؟ واز لەو هات و هۆریایە شێتانەیە بهێنن... پێویست ناکات، سوودی نییە... نەخێر، نەخێر، نەخێر لەو حالەتە بە چاوێکی تر سەیرت دەکەم! کەوابوو تۆ دەتەوێ ئەو ئومەتە بروخێنی بۆ

خاتری ئیسرائیل، کە پەڕاوەکانی تەلمود و تەوڕات بە خورافات و تەماعیەکانی لە وڵاتەکانمان زیندوو کردۆتەوە، و دەوڵەتێکی بە ناوی ئیسرائیل قووت کردۆتەوە، ناتەویَ دەوڵەتێکیش هەبێت بە ناوی محمد و دەوڵەتێکت ناویَ بەناوی خوا دامەزرێت، ئەوە کێشەیە! من لە یەکیَ قبوڵی ناکەم پێم بڵیَ واز لە نوێژ بهێنن، واز لە حەج بهێنن، واز لە ڕۆژووگرتن بهێنن، واز لەوە و لەوە بهێنن، نەخێر، نەخێر، نەخێر ئەوە قبوڵ ناکەم... قبوڵ ناکەم ئەگەر کەسیَ هات ویستی بە گاڵتە و بە زۆرلێکردن من بگوازێتەوە بۆ ئەو شارستانییە نوییە [مەبەستی شارستانی ئەوروپییە] ئەو تەنها لایەنە پیس و گلاوەکانی وەرگرتووە و دەیەوێت لای ئێمە جێبەجێی کات، و هیچ دەربارەی لایەنە زانستیەکانی نازانیَ"![57]

بۆیە دەڵێم ئەو هەڵوێست و قسانەی غەزالی بەرلەوەی بووبێتە هۆکاری تیرۆری فەرەج فۆدە، بۆتە تیرۆر و ڕەشکوژی بانگەشەی میانڕەوی ئیسلامی سیاسی، لەو دەقەی سەرەوە غەزالی وەک هەر توندڕەوێکی بیَ ویژدان کۆمەڵیَ ئەگەر و تۆمەت و سیناریۆی نا دروست بۆ فەرەج فۆدە بڕیار دەدات کە گوایە فۆدە هاتووە دژی بانگدان و نوێژ و ڕۆژوو و حەج قسەی کردوە! ئینجا غەزالی باسی یەک ئازادی دەکات بۆ مرۆڤ کە هیتلەریش کۆنترۆڵی ئەو ئازادیەی پیَ نەدەکرا، ئەویش ئازادی نارەزایی و ڕەخنە و بیَ باوەڕی تەنها لەناو ماڵەکەی خۆت و هەر بۆ خۆت!

ئەوە ئەو غەزالیەیە کە من کتێبەکەی (الإسلام والاستبداد السياسي) م دەخویندەوە کە تیایدا دەڵیَ: (أن الإسلام لم يعرف حكم الفرد أو الحكم الدكتاتوري، بل كانت تعاليمه ومبادئه تدعو إلى الشورى والرأي الجماعي...) [ ئیسلام قەت حوکمی تاک و دکتاتۆری نازانێت، چونکە تەعالیمەکانی داوای شورا و ڕای گشتی دەکات!]

ئەی کاتیَ لە [هموم داعية] دەڵیَ: سەیرم بە ئیسلامخوازان دێت زۆرەبڵێیی لەسەر بابەتی بیَ کەڵک و ناوەرۆک پووچ زۆر دەکەن و لەزەتی پێوە دەکەن، بابەتگەلێک هیچ پەیوەندی بە ئێستا وئاییندەمان نییە، تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و کوشتنی کاتە! هەموو شتێک بە مێشکیان گوزەر دەکات تەنها دۆزگەلێکی وەک ئازادی فیکری و سیاسی و مافی تاک و کۆمەڵ نەبێت!" هموم داعية ل ٤٦

ئەی کتێبی: (حقوق الإنسان بين تعاليم الإسلام وإعلان الأمم المتحدة) [مافی مرۆڤ لە نیوان تەعالیمی ئیسلام و جاڕی نەتەوە یەکگرتوەکان] چی لێدەکات کە تیایدا دەلێت: کۆتایی ئەوەی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە لە

[57] http://www.arabtimes.com/portal/article_display.cfm?Action=&Preview=No&ArticleID=35595

بنەما و زەماناتی پاراستنی کەرامەتی ئینسانی لە ئەلف وبێی ئیسلامە، و جاری مافی مرۆڤی [نەتەوە یەکگرتووەکان] یش تەنها دووبارەکردنەوەیەکی ئاسایی ڕاسپاردە جوانەکانی پێغەمبەری ئینسانیەت محمدە"!

ئەو قسانە چۆن دەگونجێنیت لەگەل قسەکانی پێشوو کە دەڵێی تەنها ئازادی مرۆڤ لە ماڵەوە و ناو دڵی خۆیەتی؟! جارنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان وادەڵێ؟ ئەو جارنامەیەی کە تۆ پێت وایە دووبارە کردنەوەی ناوەرۆکی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر و ئیسلامە؟!

ئەوە بوو چیرۆکی غەزالی و فەرەج فۆدە کە دەتوانم بڵێم دە ساڵ زیاترە لە زیهنم دەخولێتەوە، بەڕای من هەر فەرەج فۆدە ڕەشکوژ نەکرا، بەڵکو خودی میانڕەوی ئیسلامی ڕەشکوژ کرا، ئەزموونەکان دەیسەلمێنن کە هیچ میانڕەویەک نییە بە مانای وتە و تا سەر بێت، لە قەڕەزاوی پێدا وەرە بۆ غەزالی و ئەردۆگان و دەیانی تر! من کەمێک هیوام بە غەنووشی بوو، کەچی ئەویش جاروبار ناخی خۆی بەیان دەکات، کە تەنها ترس و بێ دەسەڵاتی هەندێ کاری پێدەکەن، دەنا وەک غەزالی لە ڤیدیۆیەک باسی زەڕوڕەتی کوشتنی هەڵگەراوان دەکات! کە کوشتن هەبوو لەسەر باوەڕ، میانڕەوی قسەی قۆڕە.

٢٠١٨/٥/٢٦

# تەنها زانیاری و هوشیاری مرۆڤ هاوسەنگ دەکات!

## گفتوگۆیەکی فیکری گەرم[58]

-١-

تۆ چاوێک بدە ئەو هەموو خەڵک و حەشاماتانەی لە دەرس وسیمنار و وتاری دینی دادەنیشن، کە تیایدا سەدان سوکایەتی بە مرۆڤ دەکرێت، پشتگیری دوژمنانی کورد لە تیرۆرستان دەکرێت، هەزاران خوڕافاتی مێژوویی بەسەرچوو باس دەکرێت، بێ ئەوەی خەڵک مێشێکی لێ مێوان بێت، چونکە خۆشی نە زانیاری هەیە نە هوشیاری تا بڵێ ئەوە وایە وئەوەیان وا نییە!

خەڵکت دیوە کوڕ وباوک و کەسوکاریان پێشمەرگە بێت، کابرای مەلای توندڕەو بڵێت پێشمەرگە کافرن و لە ژێر ئاڵای کوفردا دەجەنگن، دوژمنانیان واتە داعش، لە ژێر ئاڵای لا اله الا الله دان، کەسێک زاتی ئەوە نەکات بەرگری لە کوڕ وباوک و برا و کەسوکاریشی نەکات؟!

دیوتانە کرێکارێک بە ئاشکرا پشتگیری داعش دەکات و پێشمەرگە تەکفیر دەکات، دەوی هەر کەسێک لەو میللەتە دەکرێتەوە دەڵێت: مامۆستا کرێکار وێنەی نییە!

کە هوشیاری و زانیاری هەبوو هیچ کەس ناتوانێت فریوت دات، شتی هەڵەت بەسەردا تێپەڕێنێت. کە گوێم بۆ ئەو ڤیدیۆیە گرت زانیم بۆ ئەوروپاییەکان گەیشتونەتە ئەو ڕۆژە! چونکە کەسانێکی عاتیفی و ناعەقڵانی و ساویلکە نین، بە دوو قسەی بریقەدار و دوو خەونی دینی، سەراوژێر بن.

ئەو ڤیدیۆیەم بە ڕێکەوت بەرچاو کەوت، کە بەڕای من گەنجینەیەکی مەعریفیە، هەرچەندە ئەو ناونیشانەی بۆی داندراوە لوتکەی دەبەنگییە: ببینە چ ڕوودەدات کاتێ شێخەکە گفتوگۆ لەگەڵ ئافرەتە مولحیدەکان دەکات لە ەرچاوی خەڵک! [شاهد ماذا حدث حينما ناقش الشيخ فتيات ملحدات امام الناس !! ] بۆ لوتکەی دەبەنگیە چونکە کە ئەو ناونیشانە دەخوێنیتەوە، وادەزانیت ئەو ئافرەتانە وەک هەر ئافرەتانێکی تری بێ زانیاری و بێ هوسیاری پاش دوو سێ قسەی هەلەق ومەلەقی دینی بەسەرچۆکدا دەکەون ودەبنە موسڵمان یان مەسیحی یان هەر شتێکی تر!

[58] لینکی ڤیدیۆکە: https://www.youtube.com/watch?v=VeIxKxhUZu0

گفتوگۆیەکە لە هەردوو لادا ڕاقییە، چونکە مرۆڤی بەرامبەرت ڕاقی بوو ناچار دەبیت وەک ئەو ڕاقی وبەرز بدوێیت نەک وەک وتاربێژەکانی خۆمان کە خەڵک بە مانگا وگوێرەکە دەزانن، بە کەیفی خۆیان دەدوێن و خورافات بڵاودەکەنەوە.

کابرای ئەفەندی موسڵمان لە خاڵی لێبوردەیی وڵاتەکەیان بەلژیک لییان دەچێتە ژورەوە، گوایە زۆر وڵاتێکی لێبوردەیە و یەکەم وڵاتە لە دەستپێکردنی لێبوردەیی دینی. بەڵام هەر زوو پێی دەڵێن هۆڵەندا پێش بەلژیکیش بوو! ئەویش دەڵێت نزیکن لەیەک ئەو دوو وڵاتە!

موسڵمانەکە دەڵێت چ دەزانن دەربارەی ئیسلام؟! دەڵێن ڕەمەزان و چەند شتێک... دەڵێت ئێمەی موسڵمان ئیسلام بە درێژکراوەی مەسیحیەت و جوواتی دەزانین!

ئێلین دەڵێت: ئێمەش ڕێکخراوێکی عەرەبی ئەوروپیمان هەیە، کە ابو جاجة سەرپەرشتی دەکات!

موسڵمانەکە دەڵیت چۆن کەسێکە؟!

دەڵین: کەسێکی توندڕەوە! زۆر مەشهورە، ئێستا دەیەوێت لە هۆڵەنداش بزوتنەوەیەک دروست بکات.

موسڵمانەکە: بۆ داگیرکردنی هۆڵەندا و کردنی بە وڵاتێکی ئیسلامی!

دەڵێن: داوا دەکات لە موسڵمانان هیچ ئینديماج و ئاوێتە نەبن لە کۆمەڵگای ئەوروپی.

موسڵمانەکە دەڵێت: ئێوە راتان چیە؟

دەڵێن: پێویستە تا ڕادەیەک ئاوێتە بیت، ئێمەش کۆچ بکەین بۆ هەر کۆمەڵگایەک ئاوێتە دەبین..

موسڵمانەکە دەڵێت: ڕاستیەکەی موسڵمانان دەترسن ئاوێتەی کۆمەڵگا و شارستانیەتی ئەوروپا ببن، نەوەک منداڵەکانیان گێرل فرێندو و بۆی فرێند و سێکس لە دەرەوەی هاوسەرگیری و ئەو شتانە بکەن وتووشی ئایدز و شتی تر ببن. ئینجا نمونە بە کوردێک دەهێنێتەوە کە لە لەندەن کچی خۆی کوشت، جونکە بە قسەی ئەو لە گوندێکی کوردی هاتبوو، ئەوەی کچی دەیکرد پیی قبوڵ نەکرا! [خۆی واش نەبوو، ئەو کەسە خولە کۆمەڵە بوو، هیظ تازە لە لادێ نەهاتبوو!]

[یانی پشتگیری بانگەوازی ابو جاجەی کرد بۆ تێکەڵ نەبوون بە کۆمەڵگای ئەوروپی، ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ پەراوێزخستنی کۆمەڵگا موسڵمانەکانی ئەوروپا. ]

ئینجا حەمزە باسی ئازادییان بۆ دەکات و دەڵێت ئازادی ئەوە نییە ئەوەی حەزت لێ بێت بیکەی، بۆ نمونە بە کەیفی خۆت بخۆی تووشی قەڵەویەکی زۆر دەبیت، یان موعتاد بیت بیت بە سێکسکردن ئازادی نییە بەردەوام خەڵک تاوگیرکەیت بۆ سێکس کردن!

ئێلین دەڵێت: بەڵام مەرج نییە پێویستیم بە ئیمان بێت تا ئەو بەهایانەم هەبێت! ئەوە خاڵی جیاوازییە لە نێوانمان، من هەمان ئەو ئاکار وبەهایانەم هەیە، بەڵام دینداریش نیم! [ یانی ئەو کونەشی لێگرت لێیەوە بێتە ژورەوە!]

کارولاین: دەڵێت ئێمە گەنجانی خۆرئاوا دین بە سەرچاوەی بەها ڕەوشتیەکان نابینین..

ئێلین: ئێمە بۆ نمونە سێکس ناکەین بە بەڕەڵایی، نەک لەبەرئەوەی دین قەدەغەمان دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوەمان پێ ڕاست نییە بیکەین! من دژی دینداری نیم تەنها نامەوێ دین شیوازە ژیانێکم لەسەر بسەپێنێت.

ئێمە خەڵکێکی پێگەیشتوو و ڕۆشنبیرین، ژیانی خۆمان دەژین بەبێ هیچ گرفتێک و بێ ئەزیەتدانی کەس!

کوڕێکیان دەڵێت: من نامەوێ دین هیچ ڕۆڵێکی هەبێت لە ژیانی گشتیدا، ئەگەر دینداریت دەتوانیت پەرستکاری خۆت لەناو ماڵی خۆت بکەیت یان لە مزگەوت یان کەنیسە، نابێت دین بەهیچ جۆرێک ڕۆڵی هەبێت لە ژیانی سیاسیدا [ئەو کێشانە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی وڵاتانی ئیسلامییە]

حەمزە دەڵێت: ناتانەوێ سیاسیەکانتان ئەستۆ پاک بن؟! [مەبەستی ئەوەیە سیاسی دینی پیاوی پاکن! نازانێت لە کوێ ئیسلامی سیاسی حوکمی کردوە بەس دەست پاکی نەبووە، عێراقی حزبی دەعوەی ئیسلامی وئێرانی ئیسلامی و سعودیەی ئیسلامی نمونەی دەست پاکین!]

ئێلین دەڵێت: سیاسیەکانمان لە پێشودا کاتۆلیکی بوون، کەچی پڕ بوون لە هەڵە!

پێشان دەیەها گرێ کوێرەی دەروونیمان هەبوو سەبارەت بە دین، ئەوە مەکە، ئەوە بکە! ئێستا خۆمان ڕزگارکرد لەو گرێ کوێرانە! من بڕیار دەدەم چ بم، من کەسێکی ئاشتیخواز و لێبوردەم و خەڵکم خۆش دەوێت، لەبەر هەستی مرۆیی خۆم، چونکە بروام بە هیومانیزمە، مرۆڤدۆستیە.

حەمزە هەست دەکات نێچیری ئاسان نین، بۆیە لێیان دەپرسێت: هیومانیزم و مرۆڤایەتی لە کوێدا هاتووە بە ڕای ئێوە؟!

ئێلین: لە بیرکردنەوە و لە عەقڵ.

حەمزە: ئەی بیرکردنەوەکەت لە کوێ هاتووە؟! [پرسیارەکانی بێ مانا ولاواز دەبن] بۆ نمونە خەڵک هەیە وەک ئێوە دوای هیچ دینێک ناکەوێت، بۆ نمونە سەدام حوسێن، هەزاران کەس دەکوژێت باکیشی نییە ودەچێت دەخەوێت! [هەی لەو نمونەیەی؟! سەدام حوسێن تا مردیش قورئانەکەی لە باوەشی بوو، بێ دین نەبوو، چی نەمابوو عێراق بکاتە دەوڵەتێکی دینی پێش ڕووخانی! دوایی هەر ئەو ئیسلامیانەی عەرەب سەدامیان پێ شەهیدە وەک شێخ قەرەزاوی و هەتا توندڕەوانی قاعیدە وداعشیش]

**-٢-**

حەمزە سەری لێ دەشێوێ نازانێت چ بڵێ، دیسان دەڵێ ئەو بەهایانە و بیرکردنەوانەی ئێوە لە کوێ دێن و سەرچاوەیان چیین؟! [دەیەوێت بڵێن لە دین و ئاسمانەوەیە!]

دەڵێن: لە خوێندنەوە وفێربوون و خۆ ڕۆشنکردنەوە دێت!

حەمزە دەڵێت: بەڵام خەڵکی سەرەتایی ئوستراليا ئەو بەهایانەیان هەیە، خوێندەواریش نین! دەیەوێت بڵێ ئاسمان بۆی ناردوون!

پیاوێک دەڵێت: ئەوانیش بە جۆرێکیتر فێری بوون. بە سروشتی خۆیان خەڵکانێکی ئاشتیخواز بوون، شارستانیەتێکی مەزنیان هەبوو، تا ئینگلیز بە گەیشتنیان بۆ ئەوێ لێیانی تێکدا!

یەکێک لە جەماعەتی شێخ حەمزەی دەیەوێت بە هانای شێخ بێت، کە لە احمد الشقیری دەچێت، ئەو پیاوەی بەرنامەکانی هەموو لەسەر فعل ماضی یە، ئیسلام چۆن بوو پێشان ئێستا ژاپۆن و ئەوروپا چۆنە؟!

دەڵێت: ئەگەر کەسانێک باوەڕیان بەو بەهایانەی ئێوە نەبوو، کارەکانیان زیانی بە ئێوە گەیاند، پێویستیمان بە سیستمێکی باڵا نابێت بۆ قەدەغەکردنی ئەوانە؟! [دەیەوێت بڵێ مەگەر خوا و دین قەدەغەیان بکات، وادەزانێ مەلە عبدالواحیدە باسی کرۆمۆسۆمی شەیتانیان بۆ بکات!]

ئێلین کە دیارە لە هەموویان ڕۆشنبیرترە دەڵێت: ئێمە باوەڕمان بە دیموکراتی هەیە!

حەمزە وەک هەر ئیسلامیەک دەیەوێت دیموکراتیەت خراپ نیشان دات دەڵێت: لە بەریتانیا ٨٠٪ خەڵک دژی لێدانی عێراق بوون، کەچی رایان وەرنەگیرا لەلایەن حوکمەت!

ئێلین: ئێمەش دژی لێدانی عێراق بووین، هیوادارین لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەو حکومەتە بدۆڕێنیت!

حەمزە: بەڵام دیموکراتی هەموو جار بە پێی پێویست کار ناکات!

کوڕێک لە بەلژیکیەکان: بەڵام دیموکراتیەت چاکترین چارەسەری ناو چارەسەرە خراپەکانە!

کارولاین: هیچ بەدیلێکت هەیە بۆ دیموکراتی، تا خۆت لەو کێشانە ڕزگار بکەیت؟!

حەمزە دەشڵەژێ: بەرای من کاری سەرەکی من بە ئاگا هێنانەوەی خەڵکە! ئەوە گرنگترین شتێکە بیکەم! خۆم بە ئاگا بهێنمەوە و خەڵکیش بە ئاگا بهێنمەوە! [الله اکبر لەو راکردنەی! کە مرۆڤ بە ڕاستی لە دیموکراسی ودەوڵەتی مەدەنی و ترسناکی دەوڵەتی دینی تێگەیشت هیچ کاهینێک ناتوانێت زەفەری پێ ببات!]

کارولاین: بە چ ئامرازێک دەتەوێت خەڵک بە ئاگا بهێنیەوە، یان چاکترین ڕێگا چییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە ئاگا بێنیەوە؟!

حەمزە دەڵێت: من حەز بە سیاسەت و حزبایەتی ناکەم، کاری کۆمەڵایەتیم پێ چاکە! جاکترین شت سیستمی خودی بەهیز کەیت تا قەدەغەت کات لە دزی، نەک لە ترسی پۆلیس دزی نەکەیت! [دیسان دەیهێنێتەوە سەر زەرورەتی دین بۆ ئەخلاق، بەڵام دزی و تاوانەکانیتر لە وڵاتانی ئەسکەندنافیا کە زۆربەی بێ دینن خەریکە بگاتە سفر لەسەدا!] حەمزە بەردەوام دەبێت و دەڵێت نابێت وڵاتان ملیارەها بدەنە کڕینی چەک و خەڵکەکەشیان سواڵ بکەن لەسەر شەقامەکان!

ئێلین: ئێمە بەتەواوی هاوڕاتین لەو خاڵە، بەڵام هیچ چارەسەرێکی پراکتیکی و بەدیلێکی نابینین لە قسەکانتدا! [لەبن تەنگەی دەدا وادەزانیت مەلا شارستێنی یە بڵێت ئافرەتی بێ سەرپۆش بە دە خاڵ کافرە، کەسیش وەڵامی نەداتەوە!]

ئیتر شێخ حەمزە هیچی پێ نامێنێ و دەچیتە ناو قسەی خۆش و بێ وەڵام، چونکە دەزانێت لەگەڵ کەسانێکی هوشیار قسە دەکات، هەموو ڕێگایەکیان لێ گرت، لێیەوە بیتە ژورەوە وایان لێ بکات باوەڕ بە زەرورەتی سیستمی دینی بهێنن، ئەوانە هوشیارن خۆ وەک دەبەنگەکانی وڵاتانی ئیسلامی نین ئەو هەموو سیستمە مەزنە مەدەنیە دەبینن، لێرەوە خەون بە دەوڵەتی خەلیفە و ئیمامی مەعسوم دەبینن!

حەمزە دەڵێت ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێیەتی لە بەها مرۆییەکان ئەگەر باوەڕ بە سەرچاوەکەشی نەکەن، ئەوە سەرچاوەیەکی فریشتەییە، بەلام سەرچاوەی شەیتانیش هەیە دەبێت ئاگادار بن!

کارولاین دەڵێت: بەڵام هەیە کاری شەیتانی دەکات بە پاڵنەری دینی ئیمانی! شتی زۆر دڕندە و بێ ڕەحم ڕوو دەدەن بەناوی دین [دیسان لە بن تەنگەی دا!]

حەمزە: ڕاستە شتی زۆر بێ ڕەحمیش روو دەدەن بە ناوی مرۆڤایەتی سەدەی بیستەم کە سەدەی دین نەبوو، سەدەی سێکیولاریزم بوو ١٨٠ ملیۆن مرۆڤ کوژرا کە زۆربەیان مەدەنی بوون.

ئێلین: یانی تۆ پێتوایە دین دەیتوانی ئەوە قەدەغە بکات؟! ئێمە باوەڕمان بەو قسەیە نییە.

ئەی چی دەڵێی دەربارەی ئەو هەموو شەڕە دینیانەی سەدەکانی ناوەڕاست؟!

حەمزە وەک بڵیی دان بە دەستەوسانی خۆی دەنێت، دەڵێت دین دژی تۆڵەسەندنەوەیە، تەنها داوات لێ دەکات بەرگری لە خۆت بکەیت! [خۆزگە وابا، ئەی ئەو هەموو هێرشەی کرایە سەر خەڵک بە ناوی فتوحات، سامان و خاک و مرۆڤەکانیشیان بە کۆیلە بردن بۆ چی بوو؟! تۆڵەش نەبوو، بەڵکو دوژمنکاریەکی ڕووت بوو لە پێناو غەنیمەت و تالانی]

حەمزە دەڵێت ئەوەی ئێوە ڕقتان لییەتی لە دین منیش ڕقم لێیەتی [الله اکبر] دیسان بۆ پاکانەکردن بۆ هەلەکانی سیستمی دینی هیتلەر بە نمونە دەهێنێتەوە و دەڵێت خۆ ئەو دیندار نەبوو سۆشیالستی نەتەوەیی بوو! [ئەو بەراوردانە شورەییە بۆ کەسیک پێی وابێت سیستمەکەی خواییە بەراوردی دەکات بەخراپەیی سیستمی مرۆڤەکان!]

ئینجا بە ئێلین دەڵێت: ئەو هەستانەی تۆ هەتە هەستی دینین! [بە زۆرە!]

ئێلین دەڵێت: بەڵام ئەگەر من ببمە موسڵمان، وەک ئافرەتێک هەموو ئەو مافانە لە دەست دەدەم کە ئێستا هەمە. [ئافرەتێکی زۆر وریایە، لەبن تەنگەی دا جارێکی ترا!]

حەمزە دەڵێت: نەخێر ئەو شتانەی لیی دەترسی لە دین دا نین! ئەوە فەرهەنگی دینییە! ئەوەی لە ئیسلامی ڕاستدا نییە، پێموایە ئەوەی بەسەر ئافرەت هاتووە لە جیهانی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ داب ونەریتەکان!

کارولاین: بەڵام زۆر زەحمەتە جیاوازی بکەین لە نێوان ئیسلامی فەرهەنگی و ئیسلامی هەقیقی! زۆر موسڵمان ئەو جیاوازیە ناکەن!

ئێلین: ئێمە وایدەبینین کە ئیسلام لەو ڕۆژگارە پەڕگیرتر و توندڕەوتر بووە، لە پێش بیست ساڵێک.

حەمزە: چونکە وەزع و بارودۆخەکە خراپتر بوون، شیشانیان بۆمباران کرد کەس قسەی نەکرد، بۆسنیا بە سەدان ئافرەت لاقەکران کەس قسەی نەکرد...

ئێلین: بەڵام تۆ گووتت دینی ئێمە لەگەل تۆڵەسەندنەوە نییە! [ڕۆکێتێک بوو بۆخۆی!] من چیم پێ دەکرێت بۆ قەدەغەکردنی بۆمبارانکردنی شیشان، من نامەوێ ببمە بەشێک لەو بابەتە.

حەمزە: منیش لێرەم بۆ ئەوەی بە گەنجی عەرەب بڵێم نابێت تۆڵە لە ئێوە بکەنەوە، ئێوە دوژمن نین! [خودا خێرت بنووسی]

بێگومان من زۆر بەو بابەتە ماندوو بووم، بەڵام پێموایە گەنجینەیەکی فیکرییە بۆ لاوانمان تا هەنگاو بەرەو ئاییندەیەکی گەشتر وچاکتر بنێن، بێنە سەر شانۆی جیهانی نوێ.

دوعای خێرمان لۆ بکەن!

٢٠١٧/٢/٢٢

## مونازەرەیەکی سەر شەقام لەگەڵ سەلەفیەکان

شەممەی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/١٦ لە کاتی بازاڕکردن کۆمەڵێک سەلەفی شەروال و دیشداشە کورتم دیت لەو ساتانەدا کە دنیا هەمووی تووشی شۆک هاتووە لە دەست ئەو وەحشیگەرەی سەلەفیەکانی داعش، کەچی ئەوان لەسەر شەقامێکی گەورە و ناوداری لەندەن بە کۆڵێک ڕیش و کتێب و نامیلکەوە وەستا بوون، خەریکی ڕاگرتنی خەڵک بوون بۆ ئەوەی بانگەوازیان بکەن بۆ ئیسلام، سەیر لەوەدایە زۆرجار سەرنجم داوە زیاتر خەریکی ڕاگرتنی ئافرەت و کچۆڵەی جوانکیلەن، چونکە دەزانن زۆر لەو کچانە یەکەم زۆر بێ ئاگان لەوەی لە دنیا دەگوزەرێت، دووەم زۆربەیان ماندوو و هیلاکن بە دەست کار و خەوتن ماوەی ئەوەیان نیە شتێک موتابەعە بکەن یان بخوێننەوە لەسەر ئەوەی لە جیهاندا دەگوزەرێت، ئینجا لەبەر سروشتی سۆزداری و عاتیفی ئەو ئافرەتانە و حەزکردن بە ئەنجامدانی گۆڕان لە ژیایاندا، و تاقیکردنەوەی ئەزموونێکی نوێ، لەبەر ختووکەدانی هەستی دایکایەتی و پێکەوەنانی خێزان و ماڵ و مێرد، کە لە خۆرئاوا ئەو دیاردانە زۆر بەرتەسک بوونەتەوە، ئافرەتان خێراتر وەڵامی بانگەوازی دینی سەلەفی دەدەنەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، بەتایبەتی ئەگەر بزانین چۆن سەلەفیەت باسی ڕۆڵی ئاڵ و والای ئافرەتی موسڵمانی سەلەفیەت دەکەن، وەک شاژنی ماڵەوە و خزمەتدەکرێت و پیاوەکان لێی بەرپرسیارن و لەسەریانە هەموو پێداویستیەکانی جێبەجێ بکەن، بە مەرجێک ژنەکان زیندە بەماڵ بکرێن، و لە ژیانیاندا دوو جار دەرچن لە ماڵەوە، یەکەمیان لە ماڵی باوکیەوە بۆ ماڵی مێردی، دووەمیان لە ماڵی مێردەوە بە مردوویی بۆ ناو گۆڕ!!!

منیش کە بەلایان تێپەڕیم خۆم وا نیشاندا کە حەزم لێیە قسەیان لەگەڵ بکەم، بڕواتان بێت چونکە کچ نەبووم وەک لایکەکانی فەیسبووک کە زۆربەی بۆ کچان دەچێت ئەگەر بنووسن دارا دوو داریشی دی، هیچ مەیلێکی وای نیشان نەدا بۆ ئەوەی خوا هیدایەتم بدات! تا ناچار بووم خۆم گووتم: ئەوە چی دەکەی برادەر دەتوانم بزانم ئەو نامیلکانە چییە؟! گووتی: ئێمە خەڵک بانگ دەکەین بۆ خوا و ئیسلام، تۆ چیت برادەر؟! منیش گووتم: کام ئیسلام، لەو ساتە هەستیارانەی کە هەزاران تاوان و جینۆساید دەکرێت بە ناوی ئیسلام؟!

هەستم کرد تووشی شۆک هات، زانی کچێکی فەقیری بێ زانیاری دەست نەکەوتوە! گووتی ئێمە دژی هەموو جۆرێک کوشتن و بڕینین کە بەناوی ئیسلام دەکرێت، چونکە دژی قورئان و سونەتە!!

گووتم لەوە گەڕێ جارێ ئەگەر ئێستا لە دەوڵەتی خیلافەی داعش لە موسڵ یان لە سعودیە و کەنداو کۆمەڵێک بانگخوازی مەسیحی وەک ئێوە لەسەر شەقام بوەستن و بانگی خەڵک بکەن بۆ مەسیحیەت چی دەقەومێت؟! وەڵامی نەدایەوە، گووتم بێگومان دەگیرێن و دوور نیە بشکوژرێن، ئایە تۆ لەگەڵ ئەوەی

ئەوانیش ئازادبن لە بانگەوازی کردن بۆ دینی خۆیان وەک ئێوە؟! ئایە تۆ لەگەڵ ئەوەیت ئێوە لێرە نەک ئازادبن لە بیروباوەڕتان، بەڵکو بانگەشەی خەلکیشی بۆ بکەن، کەچی مەسیحی و غەیرە موسڵمانەکان ئازاد نەبن لە بیروباوەڕشیان؟! کەمێک شڵەژا، گووتی ئێمە لە بەریتانیان هەرکەسەی یاسای خۆی هەیە!!

کە دەڵێیت: ئێمە دژی هەموو جۆرێک کوشتن و بڕینین کە بەناوی ئیسلام دەکرێت، چونکە دژی قورئان و سونەتە!! چی دەکەیت ئەگەر ئەو کوشتن و بڕینە بە پشت بەستن لەسەر یەکێک لەو دووانە بکرێت؟ گووتی: موستەحیلە قورئان و سونە پاڵپشتیان بکات! گووتم منیش دەڵێم قورئان موستەحیلە پاڵپشتیان بکات، بەڵام ئەوان تەفسیری تایبەتیان هەیە بۆ قورئان و بەکاری دەهێنن بۆ مەرامی خۆیان، و ئایەتەکانیشی کە باسی قیتال و شەڕ دەکات هەمووی یان بەرگری لە خۆکردنە بەرامبەر دوژمنکاری یانیش بەستراوەتەوە بە هەل ومەرجی ئەو کاتە، بەڵام ئێوە وەک سەلەفیەت هاتوون یەک ئایەتتان گرتوە بە ناوی ئایەتی یان ئایەتەکانی السیف کە بە هۆیەوە هەموو ئایەتەکانی تری لێبوردەیی و یارمەتی خەڵکی غەیرە دین، و بڕیاردانی ئازادی بیروباوەڕ و ڕەتکردنەوەی زۆرەملێی لە سەپاندنی دیندا، نەسخ دەکەنەوە.

گووتی لە کام سورەت هاتووە؟! گووتم: سورەتی التوبة

**فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (5)**

( 5 )جا کاتێک مانگە حەرامەکان بەسەرچوون (کە بریتیە لە: ذوالقعدة، ذوالحجة، محرم، ڕجب) ئەوە هاوەڵگەرانی پەیمان شکێن بکوژن لەهەر کوێ دەستان لێیان گیر بوو، یاخود بەدیل بیانگرن، سنوور دانێن بۆ چالاکیان، هەروەها کەمین و بۆسەیان لە هەموو شوێنێکی لەباردا بۆ دانێن، جا ئەگەر (پێش ئەوەی دەستی ئێوەیان بگاتێ) تەوبەیان کردو وازیان هێنا لەو کارەیان و نوێژیان کردو زەکاتیاندا، ئەوە وازیان لێبهێنن و ڕێیان بۆ چۆڵ بکەن، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو دلۆڤانە (ئەگەر ڕاست بکەن، خۆ ئەگەر بە ڕاستیشیان نەبێت ئێوە حسابی ڕواڵەت بکەن.(

**قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ (29)**

(ئەی ئیمانداران) دژی ئەوانەی کە باوەڕی (ڕاست و دروستیان) بەخواو بەرۆژی قیامەت نیە و ئەو شتانەی خواو پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن و پەیڕەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە

کتێبیان پێدراوە لە (گاورو جوو) بجەنگن، هەتا ئەو کاتەی بەناچاری باج [جزیە و باج جیاوازن!] پێشکەش بەدەوڵەتی ئیسلام دەکەن.

وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً ۚ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ (36)

[دژی موشریکانی (شەڕەنگێز) هەمووتان بجەنگن بە گشتی هەروەکو ئەوان دژی ئێوە دەجەنگن بەگشتی، ئینجا بشزانن کە خوا یارو یاوەری ئەو کەسانەیە کە لێی دەترسن و پارێزکارن.]

هەر بەو بۆنەوە سید قوتب یش بەو هەموو عەقڵ و بلیمەتیەوە پشتگیری لەو چەمکە سەلەفیەتە دەکات و دەربارەی ئەو سورەتە و دەڵێت: "ئەو سورەتە [سورەتی التوبة] ئەحکامی کۆتایی بەخۆوە دەگرێت دەربارەی پەیوەندی ئومەتی ئیسلام بە هەموو ئومەتەکانی تری سەر زەوی !!" هەروەها پێیوایە کە حوکمەکانی ئاشتیخوازی و تەبایی و هودنە کردن کە لە سورەتەکانی تردا هاتوون تەنها ئەحکامی قۆناغین، بەڵام ئایەتی شمشێر و ئایەتەکانی تری سورەتی التوبة بیناغەی [مەنهەجی خودایی بۆ جیهادی ڕەها دادانێت]!!

کە بەڕای ئەو ئەحکامی نوێی خستە سەر ئەو ئەحکامە قۆناغیانەی پێشوو، گرنگترینیان:" فەرمان کردنە بە جەنگان لە دژی ئەهلی کیتابی لادەران لە دینی خوا، تا سەرانە دەدەن بە ملکەچی..هیچیتر پەیمانی ئاشتی و هودنە یان لێ قبوڵ ناکرێت تەنها لەسەر ئەو بنچینەیەدا نەبێت، بنچینەی دانی جزیە و سەرانە، لەو حالەتەدا مافي پەیماندار [المعاهد] یان بۆ بڕیار دەدرێت، و ئاشتی بەرقەرار دەبیت لە نێوانیان ونێوان موسڵمانان"

گووتم لە قورئان گەڕێ تۆ باوەڕت بە سونەشە وەک قورئان؟! گووتی: قورئان وسونە هەردووکیان وەحین! گووتم باشە لە سونەدا هاتوە کە پێغەمبەر دەڵێت: وجُعِل رزقي تحت ظل رمحي! گووتی کوا ئەو حەدیسە لە کوێ هاتوە تابلێتە سامسۆنگەگەکەی دەرهێنا بۆ گەڕان بەدوای! گووتم باشە تۆ بڕوات بەو حەدیسە هەیە، گووتی نازانم دەبێت زانایانی حەدیس بڕیار بدەن!!! دوایی گووتی ڕاوەستە برادەرێکی ترت بۆ بانگ دەکەم، ئەوی تری بانگ کرد، کەسێک بوو لە خەڵکی جەزائیر و مەغریب و ئەوانە دەچوو، هەرچەندە گووتی: خەڵکی هیندم! یەکسەر هات گووتی: کێشەی تۆ چیە برادەر لە گەڵ سونە؟! خەڵکی کوێی؟ گووتم عێراق. گووتی تۆ شیعی؟!

گووتم: بەدزەنیت پێت دەڵێ دەبێ شیعی بم، چونکە گووتم عێراق! من شیعی نیم و سونی شافیعیم، ڕەخنەشم لە شیعە زیاترە لەسەر سونە! گووتی نابێت هیچ حەدیسێک ڕەتکەیەوە چونکە خوا دەڵێت: ئێمە وەحی

دەپارێزین! گووتم: بەڵێ قورئانی مەبەستە. گووتی: تۆ دیارە قورئانی!! هەر حەزی دەکرد بمخاتە چوارچێوەیەکی تۆمەتە ئامادەییەکانی خۆی!

گووتم نەخێر باوەڕم بە حەدیسیش هەیە بەلام بە هەمووی نا. گووتی چۆن بە هەڵبژاردن و گۆترە نا بێت! گووتم بە گۆترە نیە بەڵکو بە پێوەری قورئان و عەقڵە. گووتی بەس قورئان و سونە هەردووکیان وەحین [ويعلمهم الكتاب و الحكمة] ! هەموو سەلەف و ئیمام شافیعی یش وادەڵێت! گووتم ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە لە کتاب و حیکمەت، گوایە حیکمەت بە مانای سونەت دێت، بەر لە شافیعی تاک وتەرا ئەو قسەیە لەناو کەسانیک دەبیسترا، بەلام شافیعی دامەزرینەری هەقیقی بیرۆکەکە بوو لە الرسالة و بەڵگە بە حەوت ئایات دەهێنیتەوە کە [الكتاب و الحكمة] پێکەوە دەبەستیتەوە! بەلام نە زمانی عەرەبی دەڵێت حكمة بە مانای سونە دێت، نە قورئانیش پاڵپشتی دەکات چونکە ئەگەر لەو ئایەتە: **لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ﴾ ١٦٤ ال عمران**

[ سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێک پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروونیان پاک و پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئان و داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.]

ئەگەر لەو ئایەتە [الكتاب و الحكمة] بە مانای قورئان وسونە بێت چونکە وتارەکە ئاڕاستە کراوە بۆ قەومی پێغەمبەر [د.خ] لە ئیمانداران، باشە لەو ئایەتەی کە لەسەر عیسی کوڕی مەریەم قسە دەکات، دەبێت الكتاب ئینجیل بێت، کەچی ناوی الكتاب و الانجيل پێکەوە دێت: **وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ ﴾٤٨ ال عمران**

ئینجا ئەگەر [الحكمة] ش سونە بێت، کەوابوو حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل پێش هەزاران ساڵ کە ئەو دوعایەیان کردوە:**﴿ رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ البقرة ١٢٩.** مەبەستیان سونە بوو بێت، واتە هەستیان بە گرنگی سونە کردبوو پێش هەزاران ساڵ، کەچی نە پێغەمبەر باسی گرنگیەکەی کردبوو، بەڵکو نەهی کردبووش لە نووسینەوەی ونە هەتا پاش دوو سەد ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەریش [د.خ] کەسێکی واش هەستیان بە گرنگیەکەی کردبوو؟! ]

ئینجا جارێکی تر ابن كثير لە تەفسیرەکەی دەڵێت دەربارەی الكتاب دەڵێت: الظاهر أن المراد بالكتاب هھنا الكتابة! وادیارە مەبەسست لە کتاب فێری نووسین کردن بێت! کەچی ئەگەر وتارەکە ئاڕاستەی پێغەمبەر [د.خ] کرابێت ئەوە مەبەستی قورئان دەبێت، دەبێت کە ئاڕاستەی عیسی [د.خ] بکرێت باسی ئینجیل بکات! دەربارەی الحكمة ش دەڵێت: والحكمة تقدم تفسيرها في سورة البقرة!! واتە بە مەعنای سونەت دێت، کە هەتا مەسیحیەکانیش نەیانزانیوە حەزرەتی عیسی سونەتی هەبوو بێت!!!

قورتبیش زیاتر سەرمان لێدەشێوێنت ودەڵێت: قوله تعالى { ويعلمه الكتاب والحكمة والتوراة والإنجيل} قال ابن جريج : الكتاب الكتابة والخط. وقيل : هو كتاب غير التوراة والإنجيل علمه الله عيسى عليه السلام.

الكتاب یانی نوسین و خەت دێت، هەروەها وتراویشە کتێبێکی ترە غەیری تەورات و ئینجیل خوا حەزرەتی عیسای فێرکردوە!! چ کتێبێک دیارە نهێنی بووە؟

ئینجا سونە و حەدیس دەیان ناسازی تێدایە لەگەڵ قورئان و دەیان وسەدان ناماقوڵیشی تێدایە لەگەڵ عەقڵ! گووتی: دەتوانی یەک نمونەم بۆ بینی؟ گووتم: حەزدەکەی دە نمونەت بۆ دەهێنم: بۆ پێچەوانەی قورئان حەدیسی مسلم ی کە لە ابو هريره وەیە، کە دەڵێت خوا بوونەوەری بە حەوت ڕۆژ دروست کردوە، کەچی قورئان دەڵێت بە شەش ڕۆژ :الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴿الفرقان:59﴾، حەدیسەکەش دەڵێت: عن أبي هريرة قال أخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم بيدي فقال خلق الله عز وجل التربة يوم السبت وخلق فيها الجبال يوم الأحد وخلق الشجر يوم الاثنين وخلق المكروه يوم الثلاثاء وخلق النور يوم الأربعاء وبث فيها الدواب يوم الخميس وخلق آدم عليه السلام بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق في آخر ساعة من ساعات الجمعة فيما بين العصر إلى الليل.

وەک نمونەی ناماقوڵیش حەدیسی البخاری یە دەربارەی زیناکردنی مەیمونێکی محصنی خاوەن مێردێکی پیر لەگەڵ مەیمونێکی تری جاحێل، و پاش زانینی مێردە پیرەکەی، گەلی مەیمونان کۆ دەکاتەوە وهەردووکیان بەردباران دەکەن وبە سزای خوا و گەلیان و عمرو بن ميمون یش کە سەحابیە دەڵێت لەگەڵ ئەوان ڕەجمم کرد.

[حدثنا نعيم بن حماد حدثنا هشيم عن حصين عن عمرو بن ميمون قال ثم رأيت في الجاهلية قردة اجتمع عليها قردة قد زنت فرجموها فرجمتها معهم.] صحيح البخاري

گووتی: برادەر ئەوە زانایانی فەرمودە بڕیار دەدەن کە ناسازن لەگەڵ قورئان یان نا، یان ماقوڵن یا نا! دوایی ئێمە خەریکی دەعوەین بۆ ئیسلام ئێمە کات و توانای ئەو گفتوگۆیانەمان نیە!! گووتم: ئەی نابێت جارێ خۆت بە تەواوی لە دینەکەت تێبگەیت ئینجا داوای خەڵک بکەیت بۆ هاتنە ناو ئیسلام؟!

هەر وەک ڕاکردن ڕایان کرد، ئەوەی پێی دڵخۆش بووم گەنجێکی تەمەن بچوکیان لەگەڵ بوو، زۆر بە شەوقەوە دەیڕوانیە من و گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو، دەتگۆت بە دوای حەلی پرسیارێک دەگەڕا ونزیک ببوەوە لە چارەسەرکردن! کاک یوسفی کوڕم چەند وێنەیەکی مونازەرەکەی گرت، ولەگەڵ ئەو نووسینە بڵاوی دەکەینەوە.

٢٠١٤/٨/١٨

## ئەوە چ گەلێکە زانا و نەزانی داوای لە سێدارەدانی نووسەرێک دەکات؟!

لە شارێک، لە گوندێک، لە وڵاتێک، چەند کەسێک داوای لە سێدارەدانی نووسەرێک بکەن، لە ژێر کاریگەری مەلاکان و پیاوانی دینی و راگەیاندنی دینی شتێکی جاوەڕوانکراوە، بەڵام کاتێ یەک وڵات تێکڕای، بە مەلا وزانا و عەوام و نەزانیەوە، داوای کوشتن و لە سێدارەدانی گەنچێک بکەن، چونکە وتارێکی دینی نووسیوە لەسەر جیاوازی هەندێ هەڵوێستی پێغەمبەر لەسەر ڕووداوەکانی هاوچەشندا، سەرەڕای تۆبەکردنیشی، ئەوە بەڵگەیە کە دین لەو کۆمەڵگایە هەڵئاوساوە و زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتری داگیرکردوە!

من چاوەڕوانی هەمان چارەنووس دەکەم لە کۆمەڵگای کوردستانی باشوور، چونکە حالەتە دینیەکە هێندە ڕێ ئاسانی بۆ کراوە، و هێندە ئاوساوە لەناو گەڕەکیکی بچووکدا دەیان مزگەوتی لییە، کە خوتبە و وتار و سیمنار ودەرس و خولی دینی تێدا بەڕێوە دەچێت، بۆیە ئەو منداڵانەی کە لەو ژینگانە پەروەردە دەبن، هەڵگری تێڕوانینێکی دینی ڕووتن، تا گەورەتر دەبن زیاتر قوڵ دەبنەوە لەو مەنزومە دینییە ترسناکەی، کە تا لێی قوڵ بیتەوە بەرەو دابڕان و گرژی و بە ڕەش سەیرکردنی باقی خەلکیترت دەبا، تا دەگات بە حالەتێکی وەک داعش و داعشیەت!

محمد الشيخ بن محمد ولد امخيطير، نووسەرێکی لاوی مۆریتانییە، وەک کەسێکی سەر بە چینی حەدادیەکان یان حەراتیەکان یان امعلمینەکان، کە ١٥٪ مۆریتانیا پێک دەهێنن، پێستیان ڕەشە، وەک کۆیلە مامەڵە دەکرێن، دیارە ناخی پڕاوپڕە لە پرسیاری سەرکووتکراوی ناو کۆمەڵگایەک، کە تا بڵێی فاشیلە لە چارەسەرکردنی کیشەکانی و هێشتا کۆیلایەتی بازاڕی گەرمە لەناویان، زۆریش ئازایە بۆ سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی جیا و ستەملێکراو، بۆ تیرۆرکردنی هەر بیرۆکەیەک و خاتیرەیەکی مرۆیی، ئەگەر لە چوارچێوەی پیرۆزیەکان نەبوو!

لە وتارێکدا بە ناوی [الدين و التدين و "لمعلمين]

کورتەی وتارەکە باسی پایەی خزم وخزمێنەیی دەکات لە ناو دین و تەدەین یان دینداری دا! ئەو نووسەرە دەڵێت زۆر لە نووسەرە ئیسلامیەکان دەڵێن جیاوازی زۆرە لە نێوان دین و دینداریدا - هەتا کۆیلەکانی وەک ئێمەش ئەو قسە بێ بنەمایانەیان بەسەردا تێ پەڕیوە- چونکە دین شتێکی خودابیە، بەڵام دینداری کارێکی مرۆییە، ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازی ئەدگارەکانی هەردووکیان، و جیاوازی حوکمی هەردووکیان!

ولد امخیطیر وادیارە بەو تێزە ناڕازییە، دەیەوێت بیسەلمێنێت کە لە ناو خودی دین دا جیاکاری وخزم خزمێنە هەبووە، پەسندان وفەیڤەرتیزم و مەحسوبیەت هەبووە. دەڵێت: باشە کەی دین و کەی دینداری بووە؟!

لەو بارەوە دەڵێت: "بێگومان ئەگەر ئیسلام دابەش کەین بۆ سەردەمی دین و سەردەمی دینداری، دەبینین: ماوەی ژیانی پێغەمبەر محمد، ماوەی دین بووە. ماوەی دوای ژیانی پێغەمبەر محمد ماوەی دینداری بووە...

دەبا چەند دیمەنێک لە سەردەمی دین دا وەرگرین:

کات: پاش شەڕی بەدر

شوێن: یەسریب [مەدینە]

کە دیلێکی زۆری قورەیش کەوتنە دەستی موسڵمانان، گوتیان جیان لێبکەین؟! ئەبوبەکر وەک یەکەم ڕاوێژکاری پێغەمبەر گووتی: ئەوانە ئامۆزا و خالۆزا و برا و خزم و عەشیرەتی خۆمانن، من پێمباشە فیدیەیان لێ وەرگرین، ئەوەی لێیان دەستێنین دەبێتە هێز لە دەستمان لە دژی کافران و بەڵکو خواش هیدایەتیان دەدات لە ئایندەدا!

ئەو ڕایەی ئەبوبەکر بڕیاری لەسەر درا، بەڵام کە زەینەبی کچی پێغەمبەر ویستی ابو العاص ی مێردی ئازاد بکات بە ملوانکەیەک کە خەدیجەی دایکی پیی دابوو، کاتێ پیغەمبەر دیتی زۆر زگی پێ سووتا، و بە هاوەڵانی گووت: " ئەگەر دیلەکەی بەردەن و ئەوەی بەخشیوەتی پێی بدەنەوە، ئەوانیش ڕازی بوون" رواه ابو داود. بەڕای ئێوە ئەو هەڵاوێردنە چییە؟"

ئینجا بەرەو بەراوردێکیتری زۆر هەستیار دەچێت:

" شەڕی ئوحد، قورەیش بۆ تۆڵەی بەدر هاتووە، هیندی کچی عوتبەی ژنی ئەبو سوفیانی وەحشی کە کۆیلەیەکی ڕەشپێست بوو بە کرێ دەگریت بۆ کوشتنی حەمزە لە بەرامبەر ئازادی خۆیی و پاداشتی دراویش...هیند دەگاتە ئامانجی خۆی و حەمزەی بۆ دەکوژرێت و هەتکی جەستەشی دەکات...

پاش چەند ساڵێک هیند و وەحشی دەچنە ناو ئیسلام، و هیند نازناوی [سەربەرز لە کوفر، و سەربەرز لە ئیسلامدا وەردەگرێت] بەڵام وەحشی پێغەمبەر پێی دەڵێت نامەوێ چارەت نەبینم! ئەو جیاوازییە چییە لە نێوان هیندی قورەیشی و وەحشی حەبەشی، کە لە تاوانەکەدا بەلایەنی کەمدا یەکسانن، یان ئەگەر ڕاستیت دەوێت هیند تاوانباری هەقیقی بوو، گوناهی کۆیلەیەکی کرێ گرتە چییە؟! هەر لە هەمان شەڕی ئوحددا خالیدی کوڕی وەلید کە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە دۆڕاندنی سوپای موسڵمانان و چەندین موسڵمانیشی کوشت،

کەچی کە هاتە ناو ئیسلام نازناوی شمشێری خوای هەڵکێشراوی پێدرا، باشە بۆ وەحشیش پێشوازی لێ نەکراو و نازناوی بۆ نمونە [حەربەی خوای کە ئامانج هەڵە ناکات] ی پێ نەدرا؟!"

لە بەراوردێکیتردا، کە بە زهنی من و هەزاران خەڵکیتریش بۆی هەیە تێپەڕیبێت، باسی عەفوعامی قورەیش دەکات لە فەتحی مەکەدا لە ٦٣٠ زاینی، کە سەرەڕای شەڕی چەند ساڵەیان لەدژی پێغەمبەر، بە دۆڕاویش کەوتنە ژێر دەستی، کەچی هەموویانی عەفوو کرد، وگووتی: بڕۆن ئازادن گەردنتان ئازا بێت! یانی ڕزگاریان بوو لە کوشتن و کۆیلەبوون و بە تالآن و غەنیمە بردنی مولک وسامانیان!

کەچی لە ساڵی ٦٢٧ زایینی هەر سێ ساڵ پێش ئەو عەفواتە، چەند کەسێک لە بەنی قورەیزە لەسەر نیەتی پیلانگێڕی چەند سەرکردەیەکیان، سەرەڕای ئایەتی " و لا تزر وازرة وزر أخری-".... گوناهی کەس بە کۆڵی یەکێکیتر هەڵمەگرن... تێکڕایان کوژران

"یانی بەنی قورەیزە ویستیان پیلانگێڕیەک بکەن، کە ڕووشی نەدا، لەگەڵ قورەیش، کەچی بەنی قورەیزە قەلآچۆ کران، بەلآم قورەیش بەخشینی گشتیان بۆ دەرکرا!

یانی ئەو قورەیشەی بەرەوڕووی موسڵمانان بوەوە لە چەندین شەڕدا، و گەمارۆی توندی دان لە سەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلامیدا و دواییش لە گەمارۆی خەندەقدا، چل گەنجی دەستنیشان کرد بۆ کوشتنی پێغەمبەر شەوی هیجرەت، دەیان موسڵمانیان کوشت و ئەشکەنجەدا، کەچی لە فەتحی مەکەدا پێیان گوترا اخ کریم و ابن اخ کریم و پێیانی گووت: بڕۆن ئازادن گەردنتان ئازا بێت!

کەچی بەنی قورەیزە ویستیان هاوپەیمانیەک بکەن لەگەڵ قورەیش، سزایان کوشتنی بە کۆمەڵ بوو!"

نووسەر پرسیاری زۆر دەوروژێنێت: " خولاسە: ئەگەر چەمکی ئامۆزا و عەشیرەت و برایەتی، ئەبوبەکر هاندەدات بۆ نەکوشتنی موشریکەکان، و پەیوەندی باوک وکچی نێوان پێغەمبەر و زینب مافی ئازادکردنی مێردی بە خۆڕایی پێدرا، و قورەیشی بوون نازناوی پاڵەوانیەتی بداتە قورەیش و قەدەغەی دەکات لە حەبەشیەکان، خزمایەتی و پەیوەندی خوێن مافی لێبوردەیی وڕەحمەت دەداتە قورەیش لە فەتحی مەکە، و هەمان ماف قەدەغە دەکات لە بەنی قورەیزە، هەموو ئەو کارانە لە سەردەمی دین دا دەکرێت، دەبێت لە سەردەمی دینداری چی کرابێت؟!"

لە کۆتایی قسەکانی دەمی قسەکانی ئاڕاستەی میللەتە چەوساوە و کۆیلەکەی دەکات: " من کە ڕووی دەمم لە امعەلمینەکانە [چەوساوە و کۆیلەکانە] دەمەوێ بگەمە ئەوەی کە هەوڵی جیاکردنەوەی دین لە واقیعی

دینداری، هەوڵی چاکن بەڵام بێ سودن، چونکە هەقیقەتەکان ناشاردرێنەوە، ئەو بەچکە شێرە سپییە لەو شێرەیە!

ئەوەی دەتلیتەوە پێویستە ڕاشکاو بێت لەگەڵ خودی خۆی لە هۆکاری تلانەوەکەیدا هەر چیەک بێت، ئەگەر دین ڕۆڵی هەیە با بە دەنگی بەرز بڵێین: دین و پیاوانی دین و کتێبەکانی دین ڕۆڵی خۆیان یاری دەکەن لە هەموو دۆزە کۆمەڵایەتیەکان: لە دۆزی حەراتیەکان و امحەلمینەکان و ئیکاونەکان [کە هەموویان وەک کۆیلە مامەڵە دەکرێن لەبەر رەنگی پێستیان] هەرچەندە هێشتا بێ دەنگن..."

ئەوە هەمووی پرسیارەکانی ولد امخیطیر بوو، چونکە بە دەنگێکی بەرز کردی، هەزاران خەڵک خۆپیشاندان دەکەن بۆ لە سێدارەدانی، و سەدان کۆڕ وکۆمەڵ دەگیرێت بۆ زەرورەتی لە سێدارەدانی! سەرەڕای ئەوەی نووسەر تۆبەشی کردوە لە ژێر فشاری ئەو غەوغایانە، کەچی لەسەر تەلەفزیۆن یەکێتی زانایانی ئیسلامی مۆریتانی دەڵێن: هەر دەبێت بکوژرێت هەتا تۆبەشی کردبێت!!! وادەزانن بە کوشتنی ولد امخیطیر، پرسیارەکانیش دەمرن، لە جیاتی مەردانە و بوێرانە وەڵامی دەنەوە، پەنا دەبەن بۆ ئامرازێکی سزادانی جیهانی کۆن، ئەو سزایەی کە لە جیهانی نوێدا لە شەرمەزاری ودۆڕاندن و بەدناوبوون و گەورەتربوونی سزادراو زیاتر هیچی لێ شین نابێت![59]

٢٠١٦/١٢/١٩

[59] سەرچاوەی وتارەکەی ولد امخیطیر: http://www.yennayri.com/news2211.html

## هاوپەیمانی دەسەڵاتە گەندەڵەکان و سەلەفیەکان ناهز حەتەری کوشت!

پێتان سەیر نەبێت ئەمڕۆ گروپە سەلەفیەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم تا دێن بە هێز و بەهێزتر دەبن، چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانە لەسەر ئاستی دەسەڵات هاوپەیمانن لەگەڵ ئەو سەلەفیانە یان بەرژەوەندی هاوبەشی یەکتر دەپارێزن...

ئەو گروپە سەلەفیانە فەرهەنگی وەلی ئەمر و حەرامیتی خروج و ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵات برەو پیدەدات، دەسەڵاتیش چاوپۆشی دەکات لە هەموو چالاکیە ترسناکەکانیان و دەیانخاتە گیانی گەل بە کەیفی خۆیان سەریان لی بشێوێنن و بۆ دواوەیان بگەڕێننەوە!

تۆ بروانە هەتا ڕژێمێکی شیعی وەک ئێران و عەلەوی وەک سوریا یارمەتی بەهێزبوونی گروپە سەلەفیە تیرۆرستەکانیان داوە لە سوریا و شوێنی تر و هێشتاش دەیدەن!

من گومانم نییە زۆر لە نێوەندە سیاسی و بڕیار بەدەستەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا بە گشتی بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی بەهێزکردنی دیاردەی سەلەفیەت دەدەن لە جیهانی ئیسلامدا، چونکە لە جیاتی دروست بوونی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی وئاشتیخواز، پێیان چاکترە موقەدەراتی خەڵک بکەوێتە دەست کەسانێکی ڕابردووپەرستی سەلەفی بێ عەقڵ، هەموو خەمی ئەوە بێت کۆمەڵگاکە بگەڕێنێتە پشتەوە تا بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سەلەفی ساڵح، نەک بەرەو زانست و تەکنۆلۆژیا و مەدەنیەت بچن، و بەخۆیان زۆربەی پێداویستی خۆیان دروست کەن و هیچیتر پێویستیان بە چەک و کاڵای خۆرئاوا نەمێنێ!

هەر دوور مەڕۆن، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردستانی باشوور، کەس هەیە نەبینێ چ نازێکیان دەکێشن؟! ئەو هەموو مینبەرە دینی ومیدیاییەی بۆ ئەوان دەستەبەر کراوە، سەدان هەزار کەسیان وڕکردوە بە تلیاکی دینیان، کە بەشی لە خشتەبردنی پانزە ملیۆن کوردیش دەکات، نەک پێنج ملیۆن!

لە کێشەی مەلا لەتیف سەلەفی باشتر زانیم دەسەڵاتی هەردوو دەڤەرەکە چەندە بە پەرۆشن بۆ عبداللطیف سەلەفی چۆن هەموو چەواشەکاریەکیان بۆی دەکرد تا بە ساغی دەرچێت لەو فەزیحەتەی ئەنجامی دابوو، دیتتان چۆن هەموو مامۆستا و ڕاگری پەیمانگاکە و کاک ئۆرڤان یان بە زەبری هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بێ دەنگ کردن؟! ئەوە هێزی دەسەڵات نەبێت، هێزی گروپێکی سەلەفی نییە!

لە کەیسی کوشتنی ناهز حەتەریش، کە نووسەرێکی بوێری چەپرەوی ئوردن بوو، ڕەخنەکانی دەوڵەت و حکومەتی ئوردنیشی نەدەبوارد، و لەساڵی ٢٠٠٨ وە قەدەغەکرابوو لە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک لە میدیای ئوردنی!

کاتێ کاریکاتێریکی بڵاوکردەوە، چەند سەلەفیەک هەرایان لەسەر کرد گوایە سووکایەتی بە زاتی خوا دا کردوە، سەرەڕای ئەوەی کە ناهز حەتەر کاریکاتێرەکەی لادا و بە جوانترین شێوە مەبەستی ڕوونکردەوە لەو وێنە کاریکاتێریە، و گووتی: " وینەکە گاڵتە بە زاتی خوا ناکات لە دوور و نزیکەوە، بەڵکو گاڵتە بە بۆچوونی تیرۆرستان دەکات دەربارەی بۆچوونیان بۆ خوا و بەهەشت، ئەوە بە پاک زانینی خوایە دوور لەو چەمکەی تیرۆرستان لەسەر خوا برەوی پێ دەدەن".

-٢-

خۆی پاش لادانی کاریکاتێرەکە و روونکردنەوەی مەرامی، دەبوایە بابەتەکە کۆتایی پێ هاتبا و دەوڵەت ڕۆڵی هێورکردنەوە و پاراستنی ناهز حەتەری بینیبا، بە پێچەوانەوە، هەر سەرۆک وەزیرانی ئوردن خۆی لێی لە هەرادا، و گووتی دەبێت سزا بدرێت، وەک موغازەلە و ماستاویێک بۆ سەلەفیەکان وهێزە ئیسلامیەکان.

لە ٢٠١٦/٨/١٣ ناهز حەتەر خۆی رادەستی دەوڵەت کرد و دوو هەفتە گیرا و لە ٢٠١٦/٩/٨ بە کەفالەت ئازاد کرا، دوێنێ بەیانی ٢٠١٦/٩/٢٥ دادگایی هەبوو، بەبێ هیچ پارێزگاریەک و ڕێوشوێنێکی ئەمنی، دەوڵەتی ئوردن چونکە ناهز حەتەر نەیاری بوو، هەر خۆی کێشەکەی بۆ گەورە کرد وهەر خۆشی دایە دەستی تیرۆرستان.

بکوژە تیرۆرستەکە ریاض عبد الله، ئیمام خەتیبێکی سەلەفی بوو، لە مزگەوت دەرکرابوو لەبەر توندڕەوی، تازە گەراوە بوو لە حەجی ماڵی خوا، و ماوەیەکیش لەناو داعش بووە، لەبەردەم دادگادا کوشتی! ئەوەی سەیرە ئەو سەلەفیە ئەندازیاری کەهرەباییە و لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن کاردەکات، و دەڵێت سەر بە هیچ گروپێکی تیرۆرست نییە، تەنها لەبەر بەرگری لە خوا چوە دەمانچەیەکی کڕیوە و کاتی دادگایەکەی لە ئینتەرنێت زانیوە، و بە دیشداشەی کورت و ڕیشی درێژ چۆتە بەردەم دادگا سەعاتێک پێش گەیشتنی ناهز حەتەر، بێ ئەوەی ئەو موخابەراتە پیس و درندەیەی ئوردن گومانی لێ بکەن، کە سەدان هەڕەشەش بۆ ناهز حەتەر ئاڕاستە کرابوو! یانی باوەڕیان بە دادگاییش نییە، ئەگەر دەستیان بڕوات!

بەپێی تیۆری هەندێ لە ئەکادیمیەکان بێت، ئەو پبکوژە تیرۆرست نییە، چونکە بەدەوی خۆی دەڵێت سەر بەهیچ گروپێکی تیرۆرست نییە! گەورەترین تیرۆرست بەخۆی ناڵێت تیرۆرست، ئەوەتە ئەو پێنج سەد کوردەی ناو داعش کە سەری پێشمەرگە دەبڕن، وکچی کوردی ئێزدی دەدەنە دەست عەرەبە تیرۆرستەکان، تەنها لە ٢٥٪ ی گوایە دەڵێن سەلەفی بوونە!

دەوڵەتی گەندەڵ وپاشەڵ پیس پێویستی بەو سەلەفیە بیر تاریک و بۆگەنانە هەیە بۆ ڕزگاربوون لەو نووسەر وبیرمەند وسیاسیانەی کە دژی گەندەڵی ئەون و لە هەمان کاتدا دژی بیری سەلەفی تاریکپەرستن، بۆیە بە ئاسانی بە ئاماژەیەک ئەو جۆرە مرۆڤە بە هەڵوێستانەیان بۆ لەناو دەبەن بە بیانووی دینی وکافرکردنیان!

لە حاڵەتی ناهز حەتەر هەموو هۆکارەکان کۆببوونەوە، نووسەر وبیرمەندێکی مەسیحی و یاخی و چەپرەو و ناڕازی لە دەسەڵات و هەڵگری ماستەر لە فکری سەلەفی! بۆیە من حکومەتی ئوردنی بە بکوژی یەکەمی ناهز حەتەر دەزانم، چونکە حکومەت بە شێوازی ڕەفتاری هەڵە و ئەنقەستی لەگەڵ کەیسەکە، سەلەفیەکانی تاوگیر

کرد بۆ کوشتنی ناهز حەتەر، دەنا موخابەراتی ئوردنی یەکێکە لە موخابەراتە هەرە بەهێزەکانی ناوچەکە، بیانویستایە پاریزگاری لێ بکەن، پێیان دەپارێزرا!

لە هەمووی سەیرتر پەیجە کوردیە سەلەفیەکان کەوتبوونە شایلۆغان بەبۆنەی کوشتنی ئەو مرۆڤە مەزنە، و تیرۆرستێکی بەریتانیا و نووسیبووی: " دەستی ئەو مەلا وخەتیبە سەلەفیە خۆشبێ بەڕاستی مەلایە، نەک وەک بەڵاکانی ئێمەی بێ غیرەت وترسنۆک! وەک سەگ ئەو موجریمەی تۆپاند!" زۆر لەو تیرۆرستانەی کۆمینتیان نووسیبوو، دەیانگووت بەڕاستی هەست بە کەمتەرخەمی وشەرمەزاری دەکەین بەرامبەر ئەو پاڵەوانەی وا بە عیزەت بوو بۆ دینی خوا، و ئێمەش وا بێ غیرەت و عیزەتین!

٢٠١٦/٩/٢٧

## خۆزگە دەمانزانی داعشیەت بۆ گەنجانێکی ئەوروپا کێش دەکات؟!

بەو دواییە هەزاران فایلی داعش ئاشکرا بوو، کە ناوی هەزاران گەنجی وڵاتانی جیهانی تێدایە، کە ڕۆیشتوون بۆ ناو داعش!

سەیرم پێ نایەت کاتێ منالێکی خێزانیکی موسڵمان، کە لەناو هەموو داب ونەریتە پڕ لە کێشەکانی کۆمەڵگا موسڵمانەکان پەروەردە دەبێت و دەچێتە ناو داعش، چونکە ڕۆژانە ڕەفتاری داعشی دەبینێت و ئەفکاری داعشی دەبیستێت لە خێزانەکەی!

بەڵام ئەوەی تێناگەم ئەوەیە منالە مەسیحیەکی ئەریتیریایی کە لە ئەریتیریا کیشەیەکی زۆریشیان هەیە لە نێوان خۆیان و موسڵمانەکان، کەچی لە بەریتانیاوە کوڕەکەیان دەبێتە موسڵمان و هێندەش نابات دەبێتە داعش، و سەرەرای ژیانی خۆشی و خوێندنی لە چاکترین زانکۆی بەریتانی رادەکاتە ناو داعش!!!

ئەگەر گووتمان ئەو ئەریترياییە هەر خەڵکی ناوچەیەکە داب ونەریتی ئیسلامی تیایدا زاڵە، بەڵام چی لە گرووپێک گەنجی پرتوگالی مەسیحی کاتۆلۆکی ئەوروپی نەک کۆچبەر دەکەیت، کە یەک دوای یەک دەبنە موسڵمان و ئەو ژیانە خۆشەیان و ئەو ئاییندە گەشەیان جێ دەهێڵن و دەچنە ناو داعش و دەبنە سەربڕ؟!

ئەوە مانای هیچ نەگەیەنێت، مانای ئەوە دەگەیەنێت، هەر موسڵمان بوونێک بە ئاگاییەوە نەبێت، لە سنووری دین و سرووتە دینی و پەرستشەکان ناوەستێت، و هەر لە ڕێگای بەگەڕ خستنی هەمان ئەو دەقە دینیانەی پەلکێشی کردوە بۆ ئیسلام، بۆ ناو داعش پەلکێش دەکرێت!

کە ئەهلی دیانەتەکانی تر دەبینم، زۆرجار ئێرەییان پی دەبەم، کە دینەکەیان لە پەرستن و چەند داب ونەریتێکی سرووتی هیچیتر نییە، بەڵام کە دەڕوانمە ئیسلام سەرەڕای لایە پۆزەتیڤەکانی، بەڵام لێوان لێوە لە دەقگەلێکی کە هانی ڕق و تووڕەیی و ناڕازیبوون لە هەموو جیهان دەدات، و هانی خۆ بە گەورەتر دیتن لە هەموو خەڵک، و بە سووک سەیرکردنی هەموو مرۆڤێکی ناموسڵمان دەدات... ئینجا لەوەش کارەساتبارتر ئەوەیە سەدان دەقی تەرخان کراوە بۆ شەڕ و جیهاد و قتال و بەزۆر سەپاندنی دین بەسەر هەموو مرۆڤایەتی، و بە زۆر ڕزگارکردنیان لە شیرک و کوفر و بیدعە و مسقۆفی!

هەتا ئەو دەقانەی کە هانی ئەو شتگەلە نێگەتیڤانە دەدەن لە کار نەخرێن، و لە مەنهەجی قوتابخانەکان قەدەغە نەکرێن، و لە میدیاکان ڕێگایان لی نەگیریت، لە مینبەرەکان یاساغ نەکرێن، سنووری پشێوی و توندوتیژی قەت بچووکتر نابێتەوە لە ئێستای جیهانی ئیسلامی!

دەبێت ئەو دیاردەیەی پەلکێشکردنی ئەو گەنجانەی لەناو ناز ونیعمەتی ئەوروپا گەورەبووانە، بۆ ناو داعش زیاتر توێژینەوەی لەسەر بکرێت، لە ئەوروپا دەیکەن خەمی ئەوانم نییە، بەڵام دەبێت لای خۆشمان و لە وڵاتانی ئیسلامیش بکرێت، تا هیچیتر نەهێڵین گەنجانمان ببنە سووتەمەنی فاشسترین فۆرمی دینی ئیسلامی.[60]

٢٠١٨/٥/٢١

[60] ئەوە لینکی باسەکەیە:

http://news.sky.com/story/1690219/is-files-the-families-uk-jihadis-left-behind

## هاریکاری وڵاتە بەناو عەلمانیەکان بۆ گەشەی توندڕەوی!

وڵاتانی بەناو مەدەنی وعەلمانی گەورەترین پاڵپشت بوون بۆ توندڕەوی دینی لەوەتی هەن. ئەوەندەی ئەوان یارمەتی توندڕەویان داوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن، کە لە زۆر وڵاتی عەرەبی وئیسلامی جیاوازی نیە لەگەڵ پڕۆگرامی داعش، بەڵکو داعش کتێبە مەنهەجیەکانی وڵاتێکی وەک سعودیەی چاپ کردۆتەوە! یان بە میدیا سەدان بەرنامەی دینی کە تەنها ڕوحیەتی پڕ خورافات و ناواقیعی وتوندڕەوی زیاد دەکات. یانیش بە چاوپۆشی لە کار وکردەوەی توندڕەوان!

لە میسر کاتێ عمر عبدالرحمن موفتی سەلەفیەتی جیهادی مرد، دەسەڵاتداری میسر ڕێگای بە هێنانەوەی تەرمەکەی کرد، بە شێوەیەک گەورەترین نمایشی تیرۆرستان وتووندڕەوان بوو لە میسرا! کەچی ئیسلام بحێری بەند دەکات لەسەر ڕەتکردنەوەی چەند حەدیسێکی بوخاری! ئەوە یارمەتی تووندڕەوی نییە؟! دەیان کەسایەتی مەدەنی وشارستانی لە غوربەتدا سەردەنێتەوە، دوو مەتر گۆڕی نێشتمانیشی پێ ڕەوا نابینن، ناهێڵن بگەڕێتەوە، کەچی تەرمی گەورە تیرۆرستێکی وەک عمر عبدالرحمن گەورەترین پێشوازی لێ دەکرێت!

نموونەیەکی تر تووندڕەوێکی وەک عصام طاهر البرقاوي ناسراو بە شێخ ابو محمد المقدسي مامۆستا وشێخی زەرقاوی گۆڕبەگۆڕ[٩] نۆۆ منداڵی هەیە یەکێکیانی نەناردوە بۆ قوتابخانە گوایە کوفر وحەڕامە، دەوڵەتی دیموکراتی ئوردنیش نەبای دیوە و نە بۆران! باشە خۆی ملی دەشکێنێ یاخوا ئینتیحاریش دەکات کێشە نییە، بەڵام چۆن دەکرێت وڵات بێ هەڵوێست بێت بەرامبەر چارەنووسی ٩ منداڵ؟! لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا منداڵت نەچێتە قوتابخانە ناڵێم، چونکە ئەوە کوفرە نابێت ڕوو بدات، بەڵکو چەند ڕۆژێک بێ عوزر نەچێتە قوتابخانە سزای دادگا و سزای پارەش دەدرێی و موسیر بووی زیندانیش دەکرێی! چۆن دەکرێ لە کۆی ٩ منداڵ نەهێڵی یەکیان وەک منداڵی ئاسایی بچنە قوتابخانە! ئەوانە نەخۆشن دەبێت خەڵک و منداڵ وژنیان لێیان ڕزگار کەیت دەنا ژیانی ئەوانیش لەناو دەبەن! چۆن دەوڵەت وا بێ بەها دەبێت بەرامبەر هاوڵاتی خۆی؟!

ئەو کەرایەتیەی لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا ڕوویدابایە هەموو منداڵەکانیان لێدەساند ودەیانخستنە ژێر چاودێری دەزگاکانی دەوڵەت، تا عومری ماوە نەدەدەبا بشیان بینێتەوە!

وەک گووتم ئەگەر ئەو وڵاتە سەخیفە بەناو عەلمانیانە وا دۆخێن شل نەبان بۆ تونذڕەوی ئیسلامی تیرۆرستی ژیان بەو دۆزەخە نەدەگەیشت کە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە تیایدا دەتلێنەوە

**٢٠١٧/٤/١٢**

## نەوال سەعداوی و هەڵوێستی لە ڕژێمی صدام و کورد!

ئەوانەی نەوال سەعداوی یان داوەت کردوە بە تایبەتی ئەوەی خەرجیەکەی هەڵگرتووە، هێندە نە خوێندەوارانە کارەکەیان کردوە، هیچ حیسابێکیان بۆ هەڵوێستی ئەو ژنە نەکردوە بەرامبەر ڕژێمی صدام و ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتووە.

ئەو ژنە لە سەدان چاوپێکەوتن و وتار و کتێب دیومە چۆن بە بیانووی دژایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، ئەوپەڕی بەرگری دەکات لە ڕژێمی عێراقی صدام، و بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕژێمە تەنها قسەیەکیشی بۆ ئەو هەموو ژن وکچانەی کورد وعەرەب نەکرد، کە ببوونە قوربانی دەستی ئەو ڕژێمە، لە ڕێگای کوشتنی مێردەکانیان و بەکوشت دانیان وهەروەها لە ڕێگای ئەنفال کردنیان، کەچی هەر ڕژێی صدام گۆڕ بە گۆڕ بوو، یەکسەر زۆری نەبرد لە ڕۆژنامەی الحیاة لە 2003/6/19 وتارێکی نووسی بە ناونیشانی "نساء العراق بین ارهابین امیرکي ودیني" کە تێیدا داوای هاوسۆزی دەکات لەگەڵ ئافرەتانی عێراق لەژێر داگیرکەری ئەمریکی وئیسرائیلی، ودەڵێت کە هەست بە شەرمەزاری دەکات بەرامبەر لاوازی عەرەب بەرامبەر داگیرکەران..

سەیر لەوەدایە لە زۆر شوێنی تر ئەو بەرگریە هرمە لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام دەکات وبە وشەیەکیش خراپ باسی ئەو ڕژێمە ناکات کە بەوپەڕی بەدەویەتی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتانی عێراق و کوردستان دەکرد! باشە ئەوانەی صدام مێرد و کوڕ و برایانی بە کوشت دەدان ئافرەت نەبوون؟! ئەی ئەو هەموو ژنە زیندەبەچاڵ کراوانەی ئەنفال ئافرەت نەبوون؟!

لە بیرمە لە پێشەکی کتێبێکی وابزانم [المرأة و معرکة التقالید] ە هەرچەندە لە کتێبخانەکەم بۆی گەرام نەمدۆزیەوە، مێردی نوال السعداوي، دکتۆر شریف حتاتة، کە پزیشک و ڕۆمان نووس و نووسەرێکی مارکسی یە، کە ئێستا لیک جیابوونەتەوە، نووسیویەتی بەرگریەکی زۆر سەرسەختانە لە ڕژێمی صدام دەکات! ئینشاڵلا کە دەقی نوسینەکەم دۆزیەوە بۆتانی وەردەگێڕم!

یانی نەوال سەعداوی هیچی نەزانیوە لەسەر ئەو هەموو تاوانانەی ڕژێمی صدام، وئەو هەموو ستەمەی لە کورد کراوە تا ئەو دواییە نەبێت؟! دەبێت تەنها داوەت بکرێت تا ڕاستیەکان بزانێت! بۆچی ئاگاداری هەموو کون وقوژبنی دنیایە بەڵام ئاگاداری ئەوە نیە لە سایەی ڕژێمێکی عەرەبی کە لە دەیەها وتاری بەرگری لێدەکات، ژان لە کۆیلایەتیەکی رووتدا دەژیان؟!

وەک گووتم ئەوانەی نەوال سەعداوی یان داوەت کردوە بە تایبەتی ئەوەی خەرجیەکەی هەڵگرتووە، هێندە نە خوێندەوارانە کارەکەیان کردوە، هیچ حیسابێکیان بۆ هەڵوێستی ئەو ژنە نەکردوە بەرامبەر کورد و ئافرەتانی کورد، بەڵام ئەوانەی ناویان تێوەگلا بێت لە بازرگانی کردن لەگەڵ داعش بە چەک پیدانیان، چ حیسابێکیان بۆ شعوری کورد کردوە تا ئێستا بیکەن؟!

٢٠١٤/١١/٢٥

# سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا: کێ لە کێ باشترە؟!

لە سەروبەندی هەوڵەکانی نوخبەی سیکیولاریست بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی داد وگەشەپێدان، لە ڕێگای کودەتایەکی یاسایی، جۆرێک لە دڵەڕاوکێ کەوتۆتە هەندێ نێوەندی کوردیش سەبارەت بە ئامەکانی ئەو هەوڵانە وبە بیانووی ئەوەی ئیسلامیەکانی تورک بۆ کورد چاکترن! شتێکی چاکە کورد ورۆشنبیری کورد جیاوازی وبەراورد بکات لە نێوان چاک وخراپ، ودوری ونزیکی هێز ولایەنە دەرەکیەکان دەرهەق بەکورد وکێشەکەی.

بەڵام پێویستە ئەو کارە دوور لە کاریگەری ئایدیۆلۆژی بێت، نابێت ئیسلامیەکانی کورد حزبی داد وگەشەپێدان پەسند بکەن تەنها لەبەر ئەوەی ئیسلامیە هەرچەندە خودی حزبەکەی ئەردوگان حەز بەو نازناوە ئیسلامیە ناکەن! بە هەمان شێوەش نابێت سیکیولاریستی کورد بە هەمان پێوەر پەسندی سیکیولاریستی تورکی بکات بەسەر ئیسلامیەکانی هەر لەبەر هۆی ئایدیۆلۆژی. یان ستایشی ئەردۆگان ودیموکراتیەکەی بکات لەبەر تەمەلوقی سیاسی!

با بەراوردێک بکەین بە کورتی لە نێوان سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا بۆ ئەوەی بزانین کآ لە کآ باشترە؟!

١- سیکیولاریستەکانی تورک لەوەتی هەن هەوڵس سڕینەوەی کورد وکێشەکەی دەدەن لە ژێر کاریگەری پرنسیپەکانی کەمالیزم وتوراسی تۆرانیەت، وپێیان وایە تورکیا وڵاتی یەک نەتەوەیە کە تورکە، ئەوەشی دەڵێت تورک نین ئەوە یان دەبێ بارکەن یان وەک خزمەتکار وخوڵامی تورک بن. ئیسلامیەکانی تورک هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە سەبارەت بە کێشەی ناسنامەی تورکیا وتورک چیەتی، بەڵام لە جیاتی سیاسەتی ئیلغاکردن وسڕینەوەی کورد، سیاسەتی تواندنەوە وئاوێتە بوون لەناو نەتەوەی تورک بەکار دەهێنن، بە بیانووی برایەتی ئیسلامی. ئیسلامیەکانی تورک تەنها لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن باسی کورد بەڵام لە بەرلەمان وئاستی سەرۆکایەتی بێ دەنگی دەنوێنن، وکێشەی کورد لای ئەوان کێشەی باشوری رۆژهەڵاتە وبە پلە یەک کێشەیەکی ئابووریە.

٢- سیکیولاریستەکانی تورک بە سیاسەتی توند وتیژ وفاشیستانەیان لە دژی بچوکترین ماف وخەونەکانی کورد، یارمەتی یەک ریزی کوردیان دەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. کەچی ئیسلامیەکانی تورک لە سۆنگەی خیتابی ئیسلامی عاتیفی وبەڵێنە پڕ لە درۆکانی هەڵبژاردن وسروشتی دەروێشانە وئایین پەروەرانەی زۆربەی کورد، وسەرەڕای بە شینەوەی خێروخێرات لە ڕێگای ڕێکخراوە ئیسلامیە نیمچە تەریقەتیەکان

توانیانە درزێکی زۆر گەورە بخەنە ڕیزەکانی کورد وبەشی شێر لە دەنگەکانی کوردیان بەرکەوێت لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا.

٣- سیکیولاریستەکانی تورک بە بێ سڵەمینەوە هەموو جۆرە توند وتیژیەکیان بەکار هێنا لە دژی کورد، ئیسلامیەکانی تورک لەبەر ناواخنی زهنیەتی کەمالیزم وفاشییەتی پەنهانیان وسەرەڕای سڵەمینەوەیان لە نوخبەی سیکیولاریست ودەزگای سوپا هەمان توند وتیژی بەکار دەهێنن لە دژی کورد.

٤- سیکیولاریستەکانی تورک دامەزرێنەری سیاسەتی برەودانن بە جاشێتی کورد لە ناوەوەی تورکیا، وجاشێکی زۆریان دروست کرد بە خۆشی وبە ترشی بەناوی (قورەچی) پاسەوانانی گوندەکان. ئیسلامیەکانی تورک بەردەوامن لەو مەسەلەکە وبە برەودان بە دیاردەی جاشێتی بە فریودان بە زارزمانی ئیسلامی لە ناوچە دواکەوتوەکان، وبۆ ئەوەی یەکسان بن لەگەڵ سیکیولاریستەکان لەو بوارە لەناوەوە دەیانەوێت نوسخەیەکی کوردی لە حزبی داد وگەشەپێدان دروست بکەن، هەروەها لە هەوڵی دامەزراندنی دیاردەی جاشێتی کوردن لە دەرەوەی تورکیا، لە ڕێگای بایەخ دان بە چەند سەرۆک جاشێکی عەریقی کوردی سەردەمی سەددام وەک ئەرشەد زێباری وجەعفەر هەرکی وسورچی ودۆسکی ودروست کردنی (حزبی حوریە وعەدالەی کوردستانی عێراقی – باوکەڕۆ –). ئەوەش بە یارمەتی نێوەندە عەرەبیە سونیەکانی عێراق لە کۆنە بەعسیەکان وهەیئەی عومەلائی موسلمینی حارس زاری کە داوای لە هەموو کوردە بە شەرەفەکان (!) کرد بچنە ڕیزی حزبۆکەکەی ئەرشەد زێباری، لەوانەیە زێباری وەعدی تەتبیق کردنی شەریعەی ئیسلامی پێدا بێت!!

٥- سیکیولاریستەکان دژی هەر دان وستانێکن لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کورد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، وهەردەم داوای یارمەتی دەرەوە دەکەن بۆ لێدانی کورد وجموجۆڵەکانی وەک بەگژخستنی ئەمریکا وئەوروپا لە دژی (پ.ک.ک) ووەرگرتنی تازەترین چەکی ئەمریکی وئەڵمانی بۆ لێدانی کورد. ئیسلامیەکانی تورک هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکەن لە هاوکاری کردن لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، ودەست خستنە ناو کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق، وحەج کردنی ئەردۆگان وگوڵ بۆ بەیتی ئەبیەز لە پێناو وەگیرخستنی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ لێدانی کورد و(پ.ک.ک) وسنوربەزاندن بۆ ناو کوردستانی عێراق بۆ لە نێو بردنی ئەزموونی کوردی یان هەرنەبێ تەمێ کردن ومل پێ کەچ کردن ومالّی کردنیان.

٦- کێشەی کورد لای سیکیولاریستەکانی تورک هیچ بایەخ وگرنگیەکی نیە، بەڵکو تەنها پلانێکە لە دژی نیشتیمانی تورک دەکرێت. کێشەی چەند سەد هەزار تورکی یۆنان وبەلگاریا وبۆسنە وشیشان کە ئەو

دوانەی دوایی تورکیش نین، یان کێشەی قوبرس وچەندین کێشەی لاوەکی تر زۆر گرنگترن. لای ئیسلامیەکانی تورکیش کێشەی حیجاب وفەلەستین وخەمی چونە ناو یەکێتی ئەوروپا وخەمی جالیەی تورکی لە ئەڵمانیا زۆر گرنگترە لە کێشەی کورد.

٧- ڕژێمە سیکیولاریستەکانی تورک هەردەم کوردستانی تورکیایان پشت گوێ خستوە وهیچ پرۆژەیەکی ئابووری هەقیقی لێ ئەنجام نا درێت بۆ وێران کردن وچۆڵ کردنی ناوچەکە وتێکدانی باری دیموگرافی، ڕژێمی ئیسلامیەکانی تورک هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات هەرچەندە تەشخیسی ئەوان بۆ کێشەی کورد لە ئەدەبیاتەکانیاندا بە پلە یەک ئابوورییە!! نەک هێندە بەڵکو دژایەتیەکی زۆری ئەو شارەوانیانە دەکات کە دەنگیان بە کەسایەتی کورد داوە وەک سزادانێک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، لە ڕێگای نەگەیاندنی بودجەی تەرخان کراو ویان زۆر دواخستنیان، وگرتنی زیاتر لە 9 سەرۆک شارەوانی بە بیانوی هیچ وپوچ، یان هەتا ڕەت کردنەوەی ئەو یارمەتیانەی کە بۆ ناوچە کوردیەکان دێت، وەک سەرۆک شارەوانی دیاربەکر ئاماژەی پێکرد نزیکەی 10 پرۆژەی گەورەی یەکێتی ئەوروپایان ڕەت کردەوە چونکە پێشکەشی شاری دیاربەکر کرابوو کە پایتەختی کوردستانە وسەرۆک شارەوانیەکەشی کوردە!

٨- لە نێو سیکیولاریستەکانی تورک کەسانێکی وەک ئیسماعیل بێشکچی وچەندین کەسایەتی ڕۆشنبیری تری وەک محمد علی پیراند هەڵکەوتوە، کەچی تا ئێستا ناوێکمان نەبیست لە نێو ڕۆشنبیرە ئیسلامیەکانی تورک لە ناوەوە ودەرەوەی دەسەڵات ئەتروحەیەکی ئینسانی وسیاسی هەبێت بۆ کێشەی کورد، من خۆم لە کۆنگرەیەکی ئیسلامیەکانی تورک لە ئەستەنبوڵ بەشداریم کرد کە لەسەر بەدیع الزمان شێخ سەعیدی نەورسی بوو، خۆ ئەو کۆنگرەیە دەستی پێکرد وتەواو بوو کەس لەوانەی وتەیان پێشکەش کرد لە تورک وعەرەب وعەجەم وهەتا کوردێکیش (شێخ محمد سعید رمضان البوطی) نەیان گوت کوردە، هەتا بەندە ڕەخنەیەکی ڕوبەڕوی ئاڕاستەی شێخ بوتی کرد، کە وەڵامی نەبوو تەنها توڕەبوون نەبێت!! پاش ئەو هەموو بەراوردکردنە من خۆم نازانم کامەیان لەویتر چاکترە، بەڵام دەزانم کێهانیان لە کێ خراپترە! وابزانم پاش خوێندنەوەی ئەو نوسینە ئێوەش دەزانن!

٢٠٠٨/٤/١

# چۆن شەڕی فیکر بە فیکر دەکەیت؟!

لەوەتی هەواڵی قەدەغەکردنی دانراوی چەند زانایەکی سەلەفی بڵاوبۆتەوە، خەڵکێکی زۆر وروژاوە، هەتا کەسانێک کە هیچ پەیوەندیەکیانیش بە فیکری سەلەفی نییە، بونەتە مامەخەمەی فیکر. من لەوەتی هەم دژی قەدەغەکردنی فیکر و کتێبم، لەبەر باوەڕم بە ئازادی دەربڕینی بیروڕا، نەک لەبەرئەوەی باوەڕم بەوەیە کە شەڕی فیکر تەنها بە فیکر دەکرێت! من لەو باوەڕەدا نیم هەموو شەڕێکی فیکری بە تەنها بە فیکر بکرێت، لەبەر چەندین هۆ:

- زۆرجار ئەوەی بەرامبەرت تەنها بیرێکی سەتحی و شەعبیە ختووکەی عەقڵی ساویلکە و نەزانان دەدات، ئەو خەڵکە ئامادەگی بۆ وەرگرتنی فیکری توندڕەو و ناعەقڵانی زیاترە لەوەرگرتنی فیکری میانڕەو و شارستانی، بە تایبەتی ئەگەر فیکرە توندرەوەکە تێکەڵ بە موقەدەسات کرابێت.
- لە زۆر سەردەم و کات و شوێندا هەلی یەکسان لەبەردەم فیکرەکان وەک یەک نین تا بتوانن شەڕی فیکر بە فیکر بکەن. ئەوەی پارە ودەسەڵات ومیدیای بەدەستە جیایە لەوەی لەو ئامرازانە بێ بەشە.
- چونکە جاروبار ئەو فیکرە لە سنووری فیکر راناوەستێت تا تۆ بتوانی هەلی شەڕکردنیت هەبێت، هێندەی پێ ناچێت ئەو کراوەتە مەخلوقێکی توندڕەوی بێ فیکر، کە مامۆستایانی شورەیەکی قایمیان لە دەوری عەقڵیدا هەلبەستوە، نا هێڵن کاریگەری هیچ فیکرێکی تری بکەوێتە سەر.
- کاتێ سەلەفیەت کەسێک پەروەردە دەکات لەسەر گوێ نەدانە کەس لە خۆیان زیاتر، وبە گومڕا زانینی هەموو خەڵکیکی دینداری نا سەلەفی، بەڵکو بە کافر زانینیان، شەڕی فیکر بە فیکری چی دەکەیت؟! مەگەر شەڕی کلاشینکۆڤ و ئاربیجی لەگەڵدا بکەیت.
- کە سەلەفیەتی توندڕەو دەوڵەمەندترین دەوڵەتی کەنداو و گەورەترین دەوڵەمەندانی عەرەبی لە دوا بێت، کتێب بە لێشاو چاپ بکەن بە خۆرایی، سەدەها کەناڵی ئاسمانی بێ کەڵک ژینگەی ئاسمانی پێ پیس بکەن، پارەیەکی زۆر لە خزمەت بانگەواز و بانگخوازانی بێت، شەڕی فیکر بە چ دەکەیت کە تۆ نەتوانیت دوو کتێبیش چاپ بکەیت، و کەناڵێکی ئاسمانیت هەبێت و ڕادیۆیەکت هەبێت؟!
- کە دەسەڵاتی سیاسی لە پشت فیکری توندڕەو بوو لەبەر خێڵەکی بوونی خۆی و لاسایی کردنەوەی خێڵە عەرەبیەکانی کەنداو، سەدەها و هەزارەها مزگەوتی خستە خزمەتی فکری توندرەو، خەڵکی ئاسایی سەرچاوەی فیکری وفەرهەنگی خۆی لەو مینبەرە توندڕەوانە وەرگرت لەبەر هەژاری فەرهەنگی، پێم ناڵێی

چۆن شەڕی فیکر بە فیکر دەکەیت؟! چۆن دەنگت دەگاتە ئەو خەڵکە ساویلکە وسەتحیە؟! کە قسەی مەلایەکی توندڕەو بە هەموو موفەکیر ومیانڕەوانی جیهان ناگۆڕێتەوە؟!

- چۆن بواری فیکری بۆ فیکرێکی سروشت فاشست ونازی خۆش دەکەیت، کە فیکر وعەقڵ بۆ جارێک بەکار دەهێنێت تا سەردەکەوێت، کاتێ سەرکەوت، هێندە دڕندانە لەگەڵت دەجەنگێت نەک بواری فیکریت پێ دەدات بەڵکو خۆت وفیکریشت سەرکوت دەکات؟!

- لە هەر دەوڵەتێک کە سەلەفیەت تیایدا دەستبالا بێت، هەموو جۆرە کتێبێکی نەگونجاو لەگەل فیکری تووندڕەوی خۆیان قەدەغە کراوە، نەک ئەوە ببینە پاش کودەتاکەی المتوکل ٢٣٢ هـ بەسەر موعتەزیلە، قەسابخانەیەکیان بۆ کتێبەکانی موعتەزیلە و کەسانیتر کرد بە جۆرێک لە ١% بەرهەمی ناوازەیی وعەقڵی موعتەزیلەکان لە نێوبردران، و ئەوەندەشی ماوەتەوە لە شوێنە دووردەستەکان پارێزران، وبەردەستیان نە کەوتن دەنا ئێستا شتێکمان نەدەزانی دەربارەیان .ئێستاش لە سعودیە بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری سعودی عبدالعزیز العقیل لە پێشانگای کتێبی ریاز پار لە ئازاری ٢٠١٤ گووتی: "هەر کتێبێک پێچەوانەی سەوابتی دینی و سیاسی مەملکەتی عەرەبی سعودی بکات، قەدەغەیە هی هەر دەوڵەتێک و حزبێک بێت" کەتیایدا هەموو کتێبەکانی ئیخوانیش قەدەغە کران!

- ئەمڕۆ جیهان گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە دیوە، تەنها ڕاستی ودروستی فیکرێک، ئەو فیکرەیە سەرکەوتوو ناکات، ئەگەر بێتوو پاڵپشتێکی مادی ومەعنەوی گەورەی نەبێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە، ئەمڕۆ فیکرێکی تەپیوی وەک سەلەفیەت کە لە سەرچاوەکەشی لە سعودیە خەلک لە دەستی بێزارە، ئەوەی ئاگاداری باسوخوازی سعودیە بێت دەزانیت، لە ڕێگای پاڵپشتی مادی کەنداو و پاڵپشتی سیاسی دەسەلات خەریکە سروشتی دینداری میانڕەوی هەزاران ساڵەی کوردستان دەگۆڕێت، ئەو فیکرەیە نا مرۆییە لە ڕێگای کەناڵی میدیاکانی و مینبەر و کتێب ونامیلکەکانی دەچیتە هەموو شار و گوند و ماڵێکی کوردی بێ سەروبەر و ناکوتراو لە دژی تووندڕەوی ئایینی، خەڵکێکی زۆریان هەتا لە گوندەکان و شارۆچکەکان فریوداوە، هەتا توانیتی سنوری ناوچە داخراوەکانیش ببڕێت وەک دەڤەری بارزان، کە بەپێی زانیاری من خەڵکێکی زۆریشی لەوێ خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی، دەتانەوێت چەندیتر چاوەڕێ بین تا بەتەواوی سەلەفیەتی تووندڕەو دەست بەسەر کوردستان دادەگرێت و خەڵک دە سەدە بۆ دواوە بگێڕێتەوە؟! ئەو هەنگاوانەی دەسەلات بە ئاگا هاتنێکی درەنگیش بێت باشترە پشتگیری بکرێت، نەک خەمی شەڕی فیکری تیرۆریستیمان بێت.

باسی شەڕی فیکریم بۆ دەکەن، شەڕی فیکری بەچی دەکەیت، کە ئێمەی نووسەرانی میانڕەو لەسەر حیسابی کات و ژیان و خێزانی خۆمان شەو ورۆژ دەخوێنینەوە و بەدواداچوون دەکەین، بە خۆڕایی بۆشتان دەنووسین، کەچی خاوەن پارە وپولە ملەستورە دەبەنگەکان دڵیان نایەت ئەوەی دەشینوسین بۆمان چاپ بکەن لە دژی فیکری شەڕانگیژ و توندڕەو؟! دەڵێ شەڕی فیکر بە فیکر دەکەین، خەریکە دەخورێیت هەی بەستەزمان! هەتا لە ئەوروپا یاسایەکی زۆروزەبەند هەیە لە دژی سەربەرزکردنەوەی فیکری فاشیستی و نازیزم، سەرەڕای پێشکەوتنی سیستمی پەروەردەوفێرکردنیان هێشتا هێندە بە متمانەوە ناڵێن شەڕی فیکر تەنها بە فیکر دەکەین[61]!

[61] 2015-05-11خەندان

# گرەوکردن لەسەر مەرگ لە جیاتی ژیان!

کاتێ گەنجێکی تازە پێگەیشتوو دەبینیت، بەو هەموو حەمەساتەوە گرەو دەکات بۆ ئەوەی بەرەو مەرگ بچێت و مەرگ بچێنێت، لە کاتێکدا گەنجانی جیهانی پێشکەوتوو خەریکی خوێندن و فێربوون و وەرزش و گەشت و گوزار و خۆشەویستی و ژیانن بە گشتی، یەخەی کێ بگرین لەو جیاوازییە؟؟!

بەڕای من یەکەم کەس یەخەی بگیرێت لەسەر ئەو بڵاوکردنەوەی ئەو نوسخەیە دینیە تێکدەرە دەوڵەتی سعودیەیە، پاش ئەو هاوپەیمانەی نێوان وەهابیەت و ئالی سعود کە دروستبوونی دەوڵەتی سعودیەی لێ کەوتەوە. ئەو دەولەتە لە پاش دۆزینەوەی ئەو هەموو نەوتە، پارەیەکی زۆری خستە خزمەت بڵاوکردنەوەی سەلەفیەتی وەهابی، و سەدان زانای دینی وەهابی توندڕەوی تەوەزەلی دوروستکردوە، شەو وڕۆژ کاریان بەس بڵاوکردنەوەی کەڕاهیەت و توندوتیژییە، ئەو ڕۆژەی سعودیە وەک حوکمەتی کوردستان موفلیس دەبێت و پورەی نامێنێت، باوەڕتان بێت دنیای ئیسلام و نا ئیسلامیش یەکەم هەنگاوی بەرەو حەسانەوە دەنێت.

هەرچەندە ئەو بیروباوەڕە توندڕەوە وەهابیە سەلەفیە تازە پەڕیوەتەوە بۆ زۆر لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، بەڵام هێشتا هەر کەمایەتین لەناو کۆمەڵگاکانی دەرەوەی کەنداو، ئەگەر یارمەتی و پارەیان لێ ببڕێت، دەپوکێنەوە. چونکە خەڵکێکی زۆر بازرگانی دەکات بەو سەلەفیەتە، لەدەرەوەی بڵاوکردنەوەی ئەو توندوتیژییە نازانێت هیچ کارێکی تر بکات!

دووەم لایەن کە بەرپرس بن لە بڵاوبوونەوەی ئەو توندوتیژیە، ئەو دەسەڵاتە بۆگەن وگەندەڵانەن، کە لە پێناو پشتگیریەکی ڕووکەشی وەلی ئەمر، وەک دەبەنگێک سەرخۆش دەبێت بەو هەڵوێستە رووکەشانە و هەموو دەرگایەکی بنکۆڵکردنی گەنجانی کۆمەڵگا بۆ ئەو مەلا و بانگخوازە سەلەفیانە دەخاتە سەر پشت بۆ دامەزراندنی ژێرخانی داعشیەت لەناو کۆمەڵگاکان..

ئەو ڕۆژەی ئەو وتارە توندوتیژانەی سەلەفیەت قەدەغە دەکرێت لە جیهانی ئیسلامدا، و لە بەرامبەر هەڕەشەکردنیان لە خەڵک هەڕەشەیان لێدەکرێتەوە بە سزادانیان، دووەم هەنگاوی حەسانەوەی وڵاتانی ئیسلام دەست پێدەکات.

بەرپرسی سێیەمیش وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانن، کە دەتوانن کۆنترۆڵی سەتەلایت و ئینتەرنێت و هەموو هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی فیکری سەلەفیەت و هەر فیکرێکیتری توندڕەو بکەن، بەڵام بە مەبەست ڕێگایان بۆ خۆش وئاسان کردوون، ئەو ئامرازانە تا دوا هێزیان بۆخۆیان بەکاری دەهێنن، ملیۆنەها دەرس و

موحازەراتی دینی و ڤیدیۆی داعشی هاندەر بۆ توندوتیژی لەناو فەزای ئینتەرنێتدا دەخولێتەوە بێ ئەوەی قەدەغەیان بکەن! ئەو ڕۆژەی کە دەگەنە قەناعەت یاریکردن لەو بوارە جەندە ترسناکە بۆ خۆشیان، و ڕێکاری توندوتۆڵ وەردەگرن لە تەسکردنەوەی وەبەرهێنانیان بۆ ئەو ئامرازە نوێیانە بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژی، ئەو ڕۆژە هەنگاوی سێیەم بۆ حەسانەوەی وڵاتانی جیهانی ئیسلام دەهاوێژرێت! ڕەنگ بێ پاش ئەو هەنگاوانە، دەبێت وەک مێژووەکی ڕەش بڕوانینە ئەو ڕۆژگارەی توندوتیژی دینیەی کە لەوانەیە تا چەندین نەوە هەر خەڵک زۆربەی ئیمانیشی بە خودی دین نەمێنێت!

ئەو کاتە خەڵک گاڵتەی بەو دەبەنگە دێ، کە لە پێناو مەرگدا گرەو دەکات!

٢٠١٦/١٠/٢١

## هەر لە بەرەبەیاندا ریزیان بەستوە بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ!

ئەو خەڵکەی فەرەنسا ببینە چۆن لەو بەرەبەیانە لەو کاتە بۆ نوێژی کەنیسەش دەرناکەون، بەڵام بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ دەرکەوتوون و زۆریان لەوەو پێش هەرگیز ئەو گۆڤارەیان نەکڕیوە، هەندێکیانیش هەر ناویان نەبیستوە!

خەڵکەکە تەنها لە ترسی لە دەستدانی بەهای یازادی ڕادەربڕین دەرکەوتوون، هەرچەندە لەوانەیە کەسانێک لە ژێر کاریگەری هەستی دینی بڵێت ئەوانە لە دژی ئیسلام دەرکەوتوون! نەخێر ئەوان لە گۆشەیەکیتر دەروانننە بابەتەکە.

من ناڵێم ئەوان واتە گۆڤاری چارلی ئیبدۆ ڕاست بوو، بەڵکو دەبوایە کەمیک هەستیاررانەتر مامەڵەی لەگەل بابەتەکە کردبا، لە وجودی چوار پینج ملیۆن موسڵمان لە فەرەنسا، چونکە بتەویَ نەتەویَ جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان فەرەنسی و کۆمەڵگا موسڵمانەکان لە خۆرهەڵات و هەتا لە کۆمەڵگا موسڵمانەکانی خۆرئاواش، کە زۆربەیان هەمان بەها و داب ونەریت لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ئەویَ، لەبەر نەزانینی زمان و تێکەڵ نەبوون و بێکاری و خۆ دوورگرتنی خەڵکی ڕەسەنی وڵاتە خانەخوێکان لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکە کۆچبەرەکان، سەرەڕای جیاوازی ئاستی ژیاری، هەمووی وایکردوە ئەو گاپ و بۆشاییە بەرچاوە هەبێت لە نێوان ئەو دوو لایەنە.

دەتوانین بڵێین هەردوو لا هەڵەن، نە ئەوان ڕێگایان پێدراوە شتێک بکەن هەستی ملیۆنەها بوروژێنن، سەرەڕای عەقلانیەت ونا عەقلانیەتی ئەو وروژاندنە، نەکەسیش ڕێگای پێدراوە خەڵکانێک بکوژێت بە بەناوی کۆی موسڵمانان، دەبێت بەر لە هەر موسڵمانێک بیروڕای موسڵمانی فەرەنسا و ئەوروپای زانیبا، ناکرێت فەرمان لە خەلیفە دەعسیەکەی داعش، یان شێتەکەی بۆکۆحەڕام یان تەرەسە منداڵ کوژەکەی تالیبانی پاکستان وەربگریت، کە مردن ومەرگ وەە هەناسەیە بۆیان!

هەرچۆنێکی بێت دوا بابەتی کاریکاتیری گۆڤاری چارلی ئیبدۆ، جۆرێکە لە بەرگری لە پێغەمبەر من وای دەبینم، چونکە وێنەیان کردوە بە خەم وپەژارەیەوە دەڵێت: من چارلیم ("I am Charlie") "Je suis Charlie".

من وا هەست دەکەم ئەو کاریکاتێرە بە ناڕاستەوخۆ بە ئەو موسڵمانانەی ڕازی بوون بەو تاوانە تیرۆریستیە دەڵێت: هەتا پێغەمبەریش رازی نیە لەو کارەی ئێوە، ئەگەر لێرەبا هاودەردی و سۆلیداریتی بۆ چارلی دەردەبری ودەیگووت: من چارلیم!

## بۆچی زنجیرەی غرابیب سود ڕاگیرا؟!

ئەمڕۆ 16-06-2017 هەواڵێک بڵاوبوەوە کە زنجیرەی غرابیب سود ی ئێم بی سی لە ئەڵقەی 20 دا ڕادەگیرێت! هەواڵەکە زۆر لە ناکاو بڵاوبوەوە بۆ زۆرینەی خەڵک ناخۆش بوو کە دەیانەویست لە داعش بگەن لەناوەوە، بەڵام بێگومان هەواڵێکی خۆش بوو بۆ کۆمەڵێ میدیا و گروپی دینی وتیرۆرستی و دەوڵەت وخەڵکانێک لەبەر هاوبەشی زۆریان لەگەڵ داعش، ئەانە ئەو ڕاگرتنە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی خۆیان دەبینن. لە یەک کاتدا ئیخوانەکان و میدیاکانیان و زانا وەهابیە توندڕەوەکان و مینبەر ومیدیاکانیان و سیاسیە ئیسلامیەکانی قەتەر و لە جەماعەی ئیسلامی و باقی گروپە جیهادییە سەلەفیەکان هەڵمەتی دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند دژی زنجیرەی غرابیب سود، لە ژێر بروبیانووی جۆراوجۆر وەک مەسەلەی شەڕەف و وروژاندنی هەستی سوناتی و شیعاتی وشتیتریش! بێگومان الجزیرة مایسترۆی ئەو هەڵمەتانە بوو!

وەک هەمیشە کەناڵی الجزیرة سەرپەرشتی هەڵمەتی دژایەتی ئەو زنجیرەیەی کرد، تا ئێستا چەندین بەرنامەی بۆ تەرخان کردوە کە هەمووی لە دژی ئەو زنجیرەیە، وەک پیشەی هەمیشەیی الجزیرة لە بەرگری کردنی لە تیرۆریزمی ئیسلامی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەرگری لە داعش دەکات، بە بیانووی تر وەک:

ناوی زنجیرەکە [غرابیب سود] هەڵەیە چونکە بە مانای ترێی ڕەش دێت یان چیای سەرکەش! بێگومان ناوەکەی لە سورەتی فاطر ئایەتی 27 وەرگیراوە کە دەڵێت] :﴿وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾ ڕاستە بە ترێی ڕەش دەگوترێت بەڵام نەمزانیوە بە چیای سەرکەش بگوترێت، بەڵکو لێرە وەسفە بۆ ڕەنگی چیا، کە چیای سپی و سوور و ڕەشی قەترانیش هەیە، عەرەب بە پیاوی زۆر ڕەش دەڵێن: هو أسود غربيب، إذا وصفوه بشدة السواد! کەوابوو ناوەکەی تەواوە!

ئینجا جەزیرە تۆمەتباری زنجیرەی غرابیب سود دەکات کە گوایە بەرهەمێکی شیعییە، چونکە مودیری ئێم بی سی علی جابر شیعییە! ئەو پیاوە لە بەرنامەی حەرەب گۆت تالێنت دادوەرە کەسێکی هەتا بلێی ڕۆشنبیر و دوور لە تائفیەت دیارە، زۆر ناخۆشە تۆ تەنها لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی شیعی لە دایک بووبیت، هەتا ئەتێیستیش بیت بە شیعەیەکی تائیفیت بزانن! ئەگەر شیعەیەکی وا تائیفییە چی دەکات لە کەناڵێکی سعودی؟ هەمان شت بۆ چەند ئەکتەرێک کە شیعەن، ناکرێ هەر لەبەر ئەوە شەڕی تائیفی دژی زنجیرەکە بەرپا کەین. یان نووسەرێکی کوێتیان هێناوە دەڵێت ئەوانە حەیای ژنی خەلیجیان بردوە، چونکە دوو ژنی کوێتی دەچنە ناو داعش لە پێناو دۆزینەوەی مێرد! دەڵێن ئەو شیعانە لە ڕێگای درۆیەکی ساختەی وەک [جهاد النكاح] ناوی ئافرەتی خەلیجی پیس دەکەن چونکە قەت ئافرەتی خەلیجی شتی واناکەن!

ڕاستە وشەی جهاد النكاح دروستکراوێکی میدیای شیعییە کاتی خۆشی لەسەرم نووسیوە، بەڵام ئەگەر فەتوایەکیش نەبێت بەو زاراوەیە، گومانی تێدا نییە سەدەها کچ و ئافرەتی موسڵمان لە جیهانی عەرەب و

ئیسلام و هەتا ئەورووپاش بە پاڵنەری دینی و سۆزیاری چوونەتە ناو داعش بەدوای پیاوێک! کورد هەیە بە ژنەوە چۆتە ناو داعش، لەوێ ژنەکەیان لێی گۆڕیوە ئێستا ڕۆژانە ژنی سعودیەک و کوێتیەک و شیشانیەکە! جهاد النکاح بە زاراوە و فەتواش نەبێت بەڵام بە کرداری هەیە لە هەردوو لای پیاوەکان و ژنەکانی داعش. ئەی ئەو هەموو گەنجەی وڵاتە چەپێنراوەکانی عەرەب وئیسلام بۆ دەچن بۆناو داعش؟! مەگەر یەکێ لە سەرەکیترین ئامانج دەسکەوتنی سێکسێکی هەرزان و ئاسان نییە چ لە ڕێگای دەسکەوتنی ئافرەتێکی داعش یان کەنیزەیەکی ئێزدی و دیانەتی تر؟!

دەڵێن ئەو زنجیرەی غرابیب سودە تانە لە ئەڵقەکانی فێرکردنی منداڵان بۆ خوێندن و لەبەرکردنی قورئان دەدات، چونکە لە دیمەنێکیدا دەڵێن دەبێت ئاگادار بیت منداڵت دەخەیتە بەردەستی کێ چونکە دوور نییە لەو ئەڵقەیە فێری داعشیەتی بکەن! بێگومان ئەوەش ڕاستە ئەو ئەڵقە و دەرسانەی مزگەوت هێندە ترسناک بووە منداڵت لە دەست دەدەیت ئەگەر ئاگادار نەبیت، بۆ دەبێ لەسەر ئەو قسەیە ڕەخنە لەو زنجیرەیە بگیرێت؟!

یان دەڵێن ئەو زنجیرەیە تەنها تیرۆریزمی و خراپیەکانی جەماعاتی سوونی [داعش [نیشان دەدات، بۆ باسی تیرۆری شیعە و حەشدی شیعی ناکەن؟! تۆ ببینە الجزیرة چەندە مەخلوقێکی سەیرە شەڕی سعودیە دەکات کە شوانی وەهابیزمە، پشتگیری و بەرگری لە قاعیدە و داعش و تیرۆریزمی ئیسلامی دەکات لەوەتی هەیە، دژایەتی شیعەگەری دەکات، کەچی لە هەمان کاتدا لەو قەیرانە سیاسیەی دژی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین، ئێرانی شیعە و دامەزرێنەری حشد الشیعي پاڵپشتی لە قەتەری جەزیرە دەکات؟!

ئەو ڕایەی من دەسەلمێنێت کە زۆرجار گوزارشم لێکردوە، کە دەڵێم تیرۆریزمی سوونی و تیرۆریزمی شیعی وەک وێنەیەکی پەزڵن لە دوو پارچە پێک هاتوون، بێ یەکتر هەڵناکەن و بەردەوامیشیان نابێت. دەنا لە چ فەرهەنگێکی سیاسی بووە ئێرانێکی تائیفی سەفەوی شیعی بەرگری لە قەتەری الجزیرە پاڵپشتیکەری تیرۆریزمی قاعیدە و داعشی سوونی بکات؟!

وادیارە ئەو زنجیرەی غرابیب سودەش بووە قوربانی ئەو شەڕ و حەساسیەتە تائیفیەی شیعە وسونە، و توانییان لە ڕێگای مەلا و بانگخوازە توندڕەوەکان خەڵکی سادە و ئاسایش تاڕادەیەک بکەنە گژ ئەو زنجیرەیە، دیارە سعودیەش تا تۆمەتبار نەکرێت بە دژی سووناتی وەک الجزیرە ئاماژەی پێدەکرد لە بەرنامەکانی، بڕیاری ڕاگرتنی ئەو زنجیرەیان دا کە لەو ڕەمەزانە عەرەب لەوە بەسوودتریان بەرهەم نەهێناوە بۆ هاندانی خەڵک لە دوورکەوتنەوە لە داعش و تیرۆریزمی دینی بە گشتی.

٢٠١٧/٦/١٦

## ئەفسانەی تۆڵەی خۆرئاوای مەسیحی

## لە کورد لەبەر سەڵاحەدینی ئەیوبی؟!

لەناو نێوەندی ئیسلامی کوردی و نەتەوەیی پەڕگیر و تا ڕادەیەکیش ڕۆشنبیری وسیاسی کوردی بیرۆکەیەکی زۆر بێ ڕەگ و بێ بنەما و سەتحیانە بڵاوە، کە دەڵێن گوایە خۆرئاوا بۆیە کوردستانیان دابەش کرد وپشتیان لێکرد لە سایکس – بیکۆ، چونکە تۆڵەی سەڵاحەدینی ئەیووبی لە کورد دەکەنەوە!

کوردێکی زۆریان بەو قسە بازاڕیە فریوداوە، زۆر بێ عەقڵانە و بێ شەرمانە جنێو بە سەڵاحەدین دەدات، و بە زمانێکی لاوازانەی بێ عەقڵانە لە خۆرئاوا دەپاڕێتەوە، ودەڵێت بەخوا ئێمە دژی سەڵاحەدینی ئەیوبین، و هەر بە کوردیشی نازانین، ئەو بەکرێگیراوی عەرەب و ئیسلام بوو، بۆیە تکایە سزامان مەدەن لەبەر ئەو پیاوە خراپە!

سەیر لەوەدایە هەندێ نووسەری شۆیەکانیش هەمان ئەو قسە و وەهمە دووبارە دەکەنەوە، هەندێکیان گووتیان دەبێت نەک بۆ مەسیحیەکان تەنها، بەڵکو بۆ جووەکانیش پۆزش بهێنینەوە، کە لە وتارێکی سەربەخۆ وەڵامم دایەوە!

من زۆر بیرم لەو بیرۆکەیە کردۆتەوە، بە حوکمی ژیانیشم لە خۆرئاوا گەیشتوومە قەناعەتی تەواو، کە ئەو بیرە لەوپەڕی بێ بنەماییە، و هیچ پاکانەیەکی لۆژیکی و واقیعی نییە، تەنها کەسانێکی ناحەز بە دین و قەومەچی ساویلکە دەیانەوێت برەو بەو مەقولەیە بدەن لەناو کوردا، لەپێناو دەسکەوتێکی ئایدیۆلۆژی وهیچی تر! بەداخەوە ئەو برەوپێدانەش ڕێژەیەکی زۆری کوردی ساویلکە ونەخوێندەوار و نیمچە خوێندەواریشی فریوداوە، وبێ بیرکردنەوە دووبارەی دەکەنەوە!

ئەو بیرۆکەیە هەندێ جار منیش کە لەگەڵ عەرەبێکی ئیسلامی، یا پاکستانیەک یا سۆمالیەک یان هەر نەزانێکی تر، بە ناچاری دەریدەبڕم، کە دەبینم تورک وعەرەب بە پڕوپاگەندەی خراپیان، کوردیان وەک دوژمنی ئیسلام لێکردوە، وتۆ ناتوانی قەناعەتی پێ بهێنی مەگەر باسی سەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ بکەیت، وبڵێیت کورد لەسەر موسڵمانیەتی وای لێدەکرێ لەلایەن خۆرئاوای مەسیحی و بەکرێگیراوانیان لە عەرەب وتورک وفارس! بەڕای من ئەوەش کاریگەری باشی دەبێت لەسەریان بۆ بەرپەچ دانەوەی پڕوپاگەندەی دوژمنانی کوردا!

بەڵام بۆ ناوخۆمان ئەو تریاقە دەبێتە ژەهر، ونابێت خۆمان بەو بیرۆکەیە باوەڕ بکەین، کە ئێمەی کورد لەبەر هۆکاری سەڵاحەدین ئەیووبی، ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی و پاپا و مەسیحیەکان وایان بەسەردا هێناین!

ئەو وتارە زۆر ساویلکانە یە، کە دەیەوێت صلاح الدین ئەیوبی بکاتە هۆکاری هەڵوێستەکەی پاپا لە پێشوازی ئەردۆگان لە ٢٠١٨/٢/٥ یان سایکس- بیکۆ! ئەوە تەنها بەرژەوەندی سیاسی ئەو هێزانە بوو وای بەسەر کورد هێنا، چونکە ئەگەر خۆرئاوا و پاپا تۆڵە لە کورد بکەنەوە لەسەر بەرگری سەڵاحەدین لە جیهانی ئیسلامی، ئەی دەبێت تۆڵە لە تورک و عەرەب و مەغریبی سەد قات بکەنەوە!

با لە عەرەب دەست پێبکەین، بۆ تۆڵە لە عەرەب نەکەنەوە لەسەر ئەوەی لەناو ئەوان ئیسلام دەرکەوت و بڵاوبوەوە، و بوە هۆی لە ژێر دەست دەرهێنانی ئوردن و فەلەستین و سوریا و لوبنان و میسر و لیبیا و تونس و مەغریب و ئیمپراتۆریەتی موقەدەسی بێزەنتییە مەسیحیەکە و سەدان شوێنی تر؟!

ئەی بۆ تۆڵە لە عەرەب نەکەنەوە کە یەکەم دەوڵەتی ئیسلامیان لەسەر خاکی نیمچە دوورگەی ئیبریا، ئیسپانیا و پورتوغال لەناو جەرگەی ئەوروپا دامەرزراند و داگیر کرد؟!

ئەی بۆ پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بیریان لە باوباپیرانی خەڵکی مەغریب نەدەکردوە، کە دەوڵەتی موحیدین و مورابتین سەرتاسەری ئیسپانیا و پورتوغال تا نزیک لە پاریسیشیان داگیر کردبوو؟!

ئەی بۆ پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا کاتێ ئەردۆگانی پێشوازی کرد بە میدالیای ئاشتی، لە جیاتی بەیرهاتنەوەی باپیرانی کورد سەڵاحەدین، بۆ باپیرانی تورکی بیرنەکەوتەوە، وەک محمد فاتیح کە شاری ئەستانە یا بێزەنتە یان قوسەتەنتینیەی پایەختی سێ ئیمپڕاتۆریەتی مەسیحی ڕۆمانی و بێزەنتی و لاتینی داگیرکرد لە ١٤٥٣ و ناوی لێنا شاری ئیسلام: ئیسلامپۆل، ئیستانبۆل؟!

بۆ باوباپیری ئەردۆگانی بیرنەکەوتەوە کە دەیان وڵاتی مەسیحیان داگیرکرد لە یۆنانەوە تا بەڵقان، هەتا کار بەوە گەیشت پایەختی نەمسا، ڤییەنایان گەمارۆدا؟!

بۆ پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا ئەو هەموو دڕندایەتییەی باوباپیرانی تورکە شۆڤێنیەکان و ئەردۆگانیان دژی مەسیحیەکان بە کوشتن وکۆیلەکردنیان بیرنەکەوتەوە، کاتێ دەوڵەتی عوسمانی پیاوە نەخۆشەکەیان لەناوبرد، و لەجیاتی بێ هێزتری کەن و کورد بکەنە دەوڵەتێکی هاوشانیان، وا کوردیان خستە ژێر دەستەی ئەو دڕندانە کە تاو ئەوکاتە خوێنی مەسیحیەکانی ئەرمەن و یۆنانیەکان و بەڵقان وشکی نەکردبوو؟!

بۆچی پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بیر لە سەرکردەیەک وەک سەلاحەدین و دەولەتێکی کۆنی ئەیووبی دەکەنەوە [لە ١١٧٤ دامەزرا]، کە ئەوپەڕی تۆلەرانس و سوارچاکی و بەخشندەیی و مرۆدۆستی نیشانی مەسیحیەکان دا، سەرەڕای دەیان قەسابخانەی بەربەریانەی مەسیحیەکان لە دژی موسلمانان، تۆلەرانس و تەساموحێک هەندێ گەمژەی هانداوە بڵێت: سەلاحەدین پیاوی مەسیحیە خاچپەروەرەکان بوو! بەلام بیریان بۆ دەولەتی عوسمانی نەچوو کە تا ١٩٢٢ دەوامی کرد؟!

بۆ پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا ئەو ڕقە قووڵە لە سەلاحەدینی ئەیوبی هەڵدەگرن، کە تەنها بەرگری دەکرد لە جیهانی ئیسلامی ئەو کاتە، هەرگیز نە پەڕیەوە بۆ جیهانی مەسیحیەت لە ئەورووپا، بەڵکو زۆر لە سەرۆکەکانی عەرەب و موسلمانانی ئەو ڕۆژگارەمان واقیعیتر بوو، باوەڕی بە هاوژیانی ئیسلام ومەسیحیەت و جوو بوو، چەندین ڕێکەوتنامەی لەگەڵ قەوارە مەسیحیەکانی ولاتی شام مۆر کرد، کە هەمووشیان لە ئەورووپاوە وەک داگیرکەر هاتبوون! کەچی پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بیر لە باوپیرانی ئەردۆگان لە سولتانە دڵڕەش و درندە تورکەکان ناکەنەوە، کە بە قولاتیی ئەورووپا ڕەوتی داگیرکاریان بەرەو پێشەوە دەچوو، ببوونە مایەی گەورەترین هەڕەشە و سەریەشەیی بۆ جیهانی مەسیحیەت؟!

یانی پاپا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا تەنها سەلاحەدین وگەلی کوردیان لە بیر بوو بۆ تۆڵە، بەلام ئەو هەموو تاوانانە و شەڕ و دڕندایەتی باوباپیرانی عەرەب و تورک ومەغریبیەکانیان لە بیر نەبوو؟!

لەوانەیە ساویلکەیی وناتەبایی و هەڕەمەکی و دەروون نزمی خۆمان سەرچاوەی هەموو بەدبەختیەکانمان بێت، چونکە لاوازەکان لە حەجیش ئیمانداران ڕەحمیان پێ ناکەن ودەکەونە ژێر پێ و دەمرن!

٢٠١٨/٢/٦

# تێڕوانینێکی سەتحی بۆ قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی!

## -١-

لەو ڕۆژگارە زۆر هەرزەکار و نەزان و ئاستنزم دەبینم ڕاست و چۆپ بەرگری لە جوولەکایەتی قودس دەکات، و بێ ئەوەی هیچ لە مێژوو و دین و سروشتی سیاسی کێشمەکێشی جوو و عەرەب و ئیسلام بزانێت! من هێندە کێشەم نیە قودس هی عەرەب و موسڵمان بێت، یان هی جوو و ئیسرائیل بێت، بەڵام مخابن بەو بۆنەوە سەدان هەرزەعەقڵی دزێوی لە شێوازی ئەبو چیچۆ جوێن بە سەڵاحەدینی ئەیوبیش دەدەن، بێ ئەوەی سەڵاحەدین لە مێژوودا شەڕی دژی جوو کردبێت! هەروا خۆبەخشانە و وەک کاری هەمیشەیی کوردی ساویلکە، خزمەت بە ویست و خواستی زایۆنیزم و ئیسرائیل دەکەن بێ بەرامبەر، تەنها وەک کاردانەوەیەک لە دژی عەرەب و موسڵمانان!

ئەگەر ئەبو چیچۆ و هاوئاستەکانی لێیان نەگیرێت و چاوپۆشییان لێبکەین لەبەر دەبەنگی و هەرزەعەقڵی و شۆڤێنیەتێکی سەرەتایی و کاردانەوەیەکی نا عەقڵانی، بەڵام بۆ کەسێکی وەک یونس ڕاوی زۆر نەنگییە لەسەر هەمان ستایلی ئەبو چیچۆ و هاوئاستەکانی لە فەیسبوک قسە بکات لەسەر قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی!

یونس ڕاوی دەیان هەڵە دەکات لە پۆستێکی بچووکدا بەناونیشانی: "بڕیارەکەی ترامپ دەربارەی قودس بڕیارێکی قورئانیە" وەک بڵێی ترامپی بەراز بەدوای بەڵگەی قورئانی دەگەڕێت تا ئەو کارە بکات! سەرەتا دەڵێت:

(قودس) ئۆرشەلیم لە زوو خاکی جووەکان بووە، هیچ پەیوەندی بە عەرەب و ئیسلام نیە، بۆ یەکەمجار عەرەب و ئیسلام هاتنە نێو ئەم شارە لەساڵی (638ز) بەسەرکردایەتی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب)."

سەیر لەوەدایە ئەو برادەرە دەڵێت لە قودس هەر خاکی جووەکان بووە و بەرلەوان عەرەب پەیوەندیان بە قودس یا ئۆرشەلیم نەبووە! لەکاتێکدا بەپێی تەورات ئیبراهیم غەریب بوو لە خاکی پیرۆز! و بەر لە ئیبراهام یەبوسی و کەنعانیەکان خاوەنی قودس بوون، بەر لە سێ هەزار ساڵ پێش زاین دەڵێن لە دوورگەی عەرەبیەوە کۆچیان کردوە بۆ فەلەستین! و هەر ئەوان ناویان لە قودس نابوو یەبووس و و هەتا شالیم یش ناوێکی کەنعانی بوو، کە دوایی بووە ئۆرشالیم!

ئینجا زۆربەی مێژوونووسان پێیانوایە کە یەبووسی و کەنعانیەکان لە ڕەچەڵەکی عەرەب بوون! بێگومان ڕایتریش هەیە، کەوابوو ئەگەر ئیسلام وەک دین تا 638 ز پەیوەندی بە قودس نەبووبێت، ئەوە عەرەب بەپێی ڕایەکی بەهێزی مێژوویی پەیوەندی لە جووش کۆنترە بەو خاکە! ئینجا دووبارەی قسە سواوەکانی ڕاقیسەیەکی میسری بەناو نووسەر یوسف زێدانی دووبارە دەکاتەوە کەوا:

"لەهەمووی خۆشتر ئەم ئایەتەی باسی ئیسرای پەیامبەر (د.خ) دەکات مەبەستی کەعەبەکەی تائیفە نەک (قودس)، ئاخر عەرەب بە کەعبەی مەککەیان دەوت: (مسجد الحرام)، بە کەعبەی تائیفیان دەوت: (مسجد الاقصى)"

ئەوەش درۆیەکی ڕووتە ماقوڵ نییە هەموو مێژوو و تەفسیر و حەدیسی ئیسلام بڵێت: المسجد الاقصى واتە بيت المقدس و قودس و شام و ايلياية ، تۆ لەبەر قسەی ڕاقیسەیەکی میسری وەک زێدان بڵێیت: نەخێر مەبەستی کەعەبەکەی تائیفە نەک (قودس)!

ماقوڵ نییە دەیەها مێژوونووس و موفەسیری گەورەی ئیسلام وەک ابن كثير و الطبري و الرازي و القرطبي بڵێن مەبەستی قودسە لە مسجد الاقصى، تۆ هەر سوور بیت نەخێر مەبەستی ئەویٚ نەبووە!

ابن كثير دەڵێت : "قوله عزَّّ وجلَّّ { إلى المسجد الأقصى} : يعني بيت المقدس، وهو إيليا، ومعنى إيليا – بيت اللّه " [مەبەست لە { إلى المسجد الأقصى}واتە بيت المقدسە، واتە ئیلیایە، ئیلیاش بە مانای ماڵی خوا دێت]

ئینجا کاک یونس دەڵێت: جا موسڵمانی عەقڵانی پێویستە دان بەم ڕاستیە بنێت کە قودس ئەو خاکە پیرۆزەیە خودا بەڵێنی دابوو بیگەڕێنێتەوە باوەشی جووەکان، قورئان لەسەرزاری پەیامبەر موسا دەڵیٚ: "یاقوم ادخلوا الارض المقدسة التي كتب الله لكم " (المائدة:21)، واتە: "ئەی خەڵکی من بچۆنە نێو ئەم خاکە پیرۆزەی خودا بۆ ئێوەی نوسیوە."

ئەو بەشە ئایەتە ( كتب الله لكم ) بە چەندین شێوە تەفسیر کراوە، ئەوەی کە دەڵێت: ""ئەم خاکە پیرۆزەی خودا بۆ ئێوەی نوسیوە." یەکێکیانە، بۆ نمونە السدي دەڵێت: امركم الله بدخولها [خودا فەرمانی پێکردوون یان لەسەری نووسیون بچنە ناوی] قتادة ش دەڵێت: فەرمانیان پێکرا وەک فەرمانی نوێژ کردن، واتە لەسەرتان فەرز کراوە.

-٢-

ئینجا هەتا ئەو تەفسیرەی ڕاوی هەڵیبژاردوە ڕاستیش بێت، ئەوە تەواوکەری ئایەتەکان، پەیمانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و ماناکە پێچەوانە دەکەنەوە! ئەوە تەواوکەری ئایەتی ٢١ و ئایەتی ٢٢ سورەتی المائدە یە:
( یا قوم ادخلوا الأرض المقدسة التي كتب الله لكم ولا ترتدوا على أدباركم فتنقلبوا خاسرين ( 21 )قالوا يا موسى إن فيها قوما جبارين وإنا لن ندخلها حتى يخرجوا منها فإن يخرجوا منها فإنا داخلون) ( 22)
واتە: [ئەی خەڵکینە نەک بڕۆنە نێو ئەم خاکە پیرۆزەی کە خودا فەرمانی پێکردوون بچنە ناوی یان ئەوەی بۆ ئێوەی نوسیوە، نەگەڕێنەوە بە خەسارەتمەندی]
موفەسیران دەڵێن نەچوونە ناو خاکی پیرۆز و شکاندنی ئەمری خوا بۆتە هۆی زیانمەندی و دۆڕانیان، هەتا ئایەتەکە وەعدیشی پێدابن کە ئەو خاکەی بۆ نووسیون، بەڵام کە فەرمانی (ادخلوا) یان ڕەتکردەوە (انقلبوا خاسرين) واتە لە براوەوە بوونە دۆڕاو چونکە هەڵگەڕانەوە ویاخی بوون لە فەرمانی خوا! هەر قورئان بە حەزرەتی ئیبراهیم کە داوا دەکات وەچەکانیشی ببنە ئیمام و پێشەوای خەڵک دەڵێت: [لا ينال عهدي الظالمين] البقرة:124. واتە ستەمکار و سەرپێچیکاران پەیمانی منیان بەر ناکەوێت!
**هەر لە ئایەتێکی تر دەڵێت:** [ إن الأرض لله يورثها من يشاء من عباده والعاقبة للمتقين ]
زەوی موڵکی خودایە بە میرات دەیداتە ئەوەی بیەوێ لە بەندەکانی و ئاکامی باشیش بۆ پرهێزکارانە!
چونکە ئەگەر ئەو زەوییەی بۆ ئەوان بەخشیبێ، بۆ زەرەرمەند دەبن ئەگەر نەچنە ناوی؟! چونکە پەیمانەکە [ئەگەر بڵێین پەیمانەکە ڕاست بێت] بەستراوەیە بە چوونە ناو خاکی پیرۆزەوە، ئینجا دەشڵێت نەکەن بگەڕێنەوە پشتی لێبکەن تا خەسارەتمەند نەبن، لە ئایەتی دوای ئەو ٢٢ دەڵێت کە بە موسا پێغەمبەریان گووت: ئەی موسا میللەتێکی بەهێز و زەبەلاحی لێیە، ئێمە ناچینە ناوی تا لێی دەرنەچن، کە دەرچوون ئەو کاتە دەچینە ناوی!] یانی نەچوونە ناوی و ویستیانە میللەتێکی بەهێز و گەورە بۆ ئەوانی ترسنۆک جێی بهێڵێ!
قالوا يا موسى إن فيها قوما جبارين وإنا لن ندخلها حتى يخرجوا منها فإن يخرجوا منها فإنا داخلون) ( 22)
ئینجا ئەو تێگەیشتنە زۆر سەتحییە بۆ مانا وتێگەیشتنی قورئان، چونکە قورئان هەموو پێغەمبەران وەک موسڵمان چاولێدەکات هەتا ئیبراهیمی باوکە گەورەی جووەکان بە موسڵمان ناو دەهێنێت:
**مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (67) آل عمران**
**یانی هەتا ئەگەر وەعدی بە قەومی موساش دابیت، ئەوە ئەو یەهود و جووانە ناگرێتەوە کە ئێستا بەپێی قورئان فریان بەسەر موساوە نییە، هەتا لە ڕووی ڕەچەڵەکیەوە جووەکانی ئێستای ئیسرائیل ٨٠٪ جووی ڕوسیا و خەزەرن ناچنەوە سەر بەنی ئیسرائیل، بەڵکو تەنها جوون لە ڕووی دینییەوە!**
من ناچار بووم بە لۆژیکی قورئانی وەڵامی کاک یونس بدەمەوە، چونکە ئەو پڕۆژە زایۆنیزمەکەی ترامپ بە هەقیقەتێکی قورئانی وەسف دەکات! بەڕای من هەر لە بنچینەدا هەڵەیە بانگەشەی دینی بەکار بهێنیت لە پێناو

داگیرکاری، و من پێموایە جووش وەک هەر نەتەوەیەکی تر هەقیان هەیە لە فەڵەستین، بەڵام خاوەن هەقی ڕەها نین!

**ئەوەی زیاتر جێگای ئەسەفە، یونس ڕاوی، بە هەمان شێوازی هەرزەکارەکانی فەیسبوک بە گاڵتە و تەوسەوە باسی مەزنترین کەسایەتی مێژووی کورد بکات کە سەلاحەدینی ئەیوبییە! نازانم لەوەدا دەمارە ڕاوییە عەرەبیەکەی زاڵ بووە، یان لەبەر هۆکاریتر نرخی ئەو کەسایەتیە مەزنە نازانێت، کە  ئەگەر ئەو لە مێژووی کورد داماڵین، هیچی وای لێ نامێنێتەوە!**

**دەبێت جووەکان پەیکەرێک بۆ سەلاحەدین بکەن نەک چاوەڕێ داوای لێبوردن بکەن لێی!**

**ڕاوی دەڵێت:**

"بۆیە کورد لەبڕی ئەوەی شانازی بە کاک سەلاحەددین ئەیوبی بکات کە قودسی داگیرکردووە لە (1187ز) پێویستە داوای لێبوردن لە ئیسرائیل بکات چونکە ئەم پیاوە بەناوی ئیسلام ئەو وڵاتەی داگیر کرد بۆ بەرژەوەندی عەرەب."

بەخوا هەتا ئەبو چیچۆش هێندە ناحاڵی نییە بڵێ: دەبێت سەلاحەدین داوای لێبوردن لە ئیسرائیل بکات! ئەخر سەلاحەدین ئەگەر خوانەخواستە هەڵەشی کردبێت، ئەوە هەڵەی دژی خاچپەرستە مەسیحیەکان کردوە، کە بە دەیان شەپۆلی داگیرکاریەوە بەرەو فەڵەستین دەهاتن بۆ داگیرکردنی شوێنەزای مەسیح!

ئەخر منداڵێکی سەرەتاییش لە مێژوو دەزانێت کە جوو ئەو کاتە وەک نەبوو وابوون لە فەلەستین، کەمینەیەکی ناکاریگەر بوون، بەڵکو لە ترسی کوشتارکردنیان جووەکان هەر شوێنێک خاچپەرستەکانی پێ گەیشتبا، ڕایان دەکردە شارە موسڵمان نشینەکان!

یوشەع پراوەر  **Prawer**، کە زایۆنیزمێکی ئیسرائیلی ناسراوە و خاوەنی کتێبی عالم الصليبيين دەڵێت لەگەڵ گەیشتنی یەکەم هەڵمەتی خاچپەرستان چەوساندنەوەی جووەکان دەستی پێکرد بە دەستی خاچپەرستان! کاتێ خاچپەرستەکان گەیشتنە کەناری لوبنانی جووەکانی قودس و یافا و رامەڵلا و شوێنی تریش زۆربەی هەرە زۆری جووەکان ڕایان کردە شارەکانی موسڵمانان! بەڵکو یوشەع پراوەر دەڵێت: جووەکان لە زۆر شوێندا لە تەک موسڵماناندا شەڕی خاچپەرستانیان دەکرد[62]

هەندێ سەرچاوەی لاتینی کۆن باسی بەژداری جوو لە بەرگری لە ئابڵۆقەدانی حەیفا دەکەن لە ٤٩٣ هـ – ١١٠٠ ز، لە ترسی ئەوەی بەسەر جووەکانی قودس داهات![63]

---

[62] - عالم الصليبيين، تأليف: يوشع براور
ترجمة وتعليق وتقديم: الدكتور قاسم عبده قاسم - الدكتور محمد خليفة حسن
الناشر: عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية
الطبعة: الاولى 1999 عن هذه الاضطهادات انظر : براور ، الاستيطان ، ص 283 . سميث ، الحملة الصليبية ، ص 198 . قاسم ، الاضطهادات ، ص 137 – 166 . عوض ، الاضطهادات الصليبية ، ص 30-31 .

[62]- براور ، الاستيطان ، ص 284 .

[63] Albert d, Aix , Historia . pp. 522-523 . Transitio Sanctic Nicolia , pp . 276-278. Grousset, Histoira P. 200

-٣-

## دەبێت جووەکان پەیکەرێک بۆ سەلاحەدین بکەن نەک چاوەڕێ داوای لێبوردن بکەن لێی!

هەر پراوەر دەڵێت:" لە کاتی هەڵمەتیان بۆ سەر وڵاتی شام، خاچپەرستەکان دزێوترین تاوان و چەوسانەوەیان ئەنجام داوە دژی جووەکان، کوشتار و قەسابخانەی وا ترسناکیان دەرهەق کردوون، کە مێژووی ئەورووپاش بەخۆیەوەی نەدیبوون، و ئێستاش هاوتای نییە وەک هۆلۆکۆستە.[64]

بەڵکو چەندین سەرچاوە دەڵێن: کە زۆر لە پیاوانی جوو ژن وکچ ومناڵانی خۆیان دەکوشت، تا نەکەونە دەستی خاچپەرستان.

هەتا مەسیحیە ڕەسەنەکانی ناوچەکە زۆرترین ئازاریان چێشت بە دەستی خاچپەرستان، کاتێ ئەنتاکیایان داگیر کرد، مەسیحیە لۆکاڵەکانیان لە کەنیسە گەورەکانیان دەرکردن، خۆیان بەتریارک و ئەسقوفەکانیان دامەزراند، هەموو دێرەکانی ئەرمەن و ڕۆم و سوریانیان داگیر کرد، و زۆر بە توندوتیژی مامەڵەی ئەرتۆدۆکسەکانیان کرد، کەنیسەکانیان لێ زەوت کردن و کردیانن بە کەنیسەی لاتینی خۆیان، هەرچەندە ئەرمەن و سریانەکان و مارۆنیەکان هاوکاری خاچپەرستانیان کردبوو![65]

کاتێک خاچپەرستان قودسیان داگیرکرد، نەیانهێشت مەسیحیە قیبتیەکان حەج بکەن بۆ شوێنەزای مەسیح بە بیانووی ئەوەی ئەوان کافرن! هەتا مێژوو نوسیکی قیبتی دەڵێت: خەمی مەسیحیە یاقوبیەکان کەمتر نەبوو لە خەمی موسڵمان، بە چ حەقێک مەسیحیە قیبتیەکان ڕێگای حەجکردنیان لێ دەگیرێت بۆ قودس و یان هەتا نزیکی قودس، خاچپەسرستان ڕقیان لێمانە، وەک بڵێی ئێمە گومڕا بین لە باوەڕی ڕاست![66]

کە قودس لەسەردەستی سەلاحەدین ئەیوبی ئازاد کرا، یەکسەر ڕێگای بە هەموو مەسیحیەکانی ناوچەکە دا بەوپەڕی ئازادیەوە حەج و پەرستشکاری خۆیان بکەنەوە، نەک هێندە چونکە مەسیحیە قیبتیەکان یارمەتی سەلاحەدینیان دابوو بۆ ڕزگارکردنی قودس، چەندین قیبتی وەک نووسەر و ڕاوێژکار و وەزیر هەڵبژاردبوو. ئەگەر ئەوە ڕەفتاری سەلاحەدین بێت لەگەڵ مەسیحیەکانی ناوچەکە، کە زۆریشیان هاریکاری خاچپەرستانیان کردبوو، دەبێت هەڵسوکەوتی چۆن بوو بێت لەگەڵ کەمایەتیەکی جووی قودس، کە تەنها کۆلانیکی مام ناوەندی قودسیان پێک دەهێنا؟!

---

[64] -and other Source Materials , Philadelphia 1971 . **15- Prawer ( R )** , The Latin Kingdom of Jerusalem , European Colonialism in The Middle Ages, London 1973

[65]- قاسم عبده قاسم (1990م). ماهية الحروب الصليبية (الطبعة الأولى). مدينة الكويت - الكويت. عالم المعرفة صفحة 174

[66]- جاك تاجر (2012م). أقباط ومسلمون منذ الفتح العربي حتى عم 1922م (الطبعة الأولى). القاهرة - مصر. مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة صفحة 138

هەتا سەرکردەیەکی زایۆنیزمی ناوداری وەک دەیڤید بن گۆرین دەڵێت: سەلاحەدینی ئەیوبی پاش ڕزگارکردنی قودس بانگەوازێکی ئاڕاستەی جووەکان کرد تا بگەڕێنەوە قودس یان ئۆرشەلیم، کە بوە هۆی گەڕانەوەی زۆر لە جووەکان، بوژانەوەی کار و بازرگان و شوێنی پەرستنیان لە قودس!

سەلاحەدین چەندین ڕاوێژکار و پزیشکی تایبەتی جووی هەبوو وەک يوسف بن أبي سعيد بن خلف السامري، ناسراو بە [شمس الحكماء]. [67]

ئەوە بە کورتی باسی جووەکانی سەردەمی سەلاحەدین بوو، کە دەبێت ئیسرائیل و جووەکان پەیکەرێک بۆ سەلاحەدین دروست بکەن، کە ڕزگاری کردن لە چەوساندنەوەی خاچپەرستە بەربەریەکان، نەک وەک یونس ڕاوی بە پێخواسی بەناو بکەوی و بڵێت دەبێت کورد لە جیاتی سەلاحەدین ئەیوبی داوای لێبوردن لە ئیسرائیل بکات لەبەر داگیرکردنی قودس!

٢٠١٧/١٢/١٣

67- ابن ابي اصيبعة ، عيون الابناء في طبقات الاطباء ، ص 721

# بۆ هونەرمەندان بە ئاسانی بەرەو دینداریەکی توند دەگەڕێنەوە؟!

پێت ئاسایی بێت کامەران عومەر پۆستەکانی لە پەیجی ئەحمەد کاکە مەحمود بێتامتر و منداڵبازاڕتر بێت، نوکتەیەک هەیە دەڵێن میللەتێک تەحەمولی پۆستەکانی کامەران عومەر بکات، ئاساییە تەحەمولی بێ کارەبایی و ڕوبعە مووچەش بکات!

ئاسایی بێت لات ئەگەر زانیت زەکەریا عبدالله لە مزگەوتێک پێشنوێژی دەکات وەک لە فەیسبووک بەرچاوم کەوتوە نازانم تا چ ڕادەیەک ڕاستە! پێت عادی بێت نیزام شوکر مەولود دەخوێنێتەوە، هەڵکەوت زاهیر و لۆکە زاهیر پشتێنی بۆمبڕێژکراو ببەستن، ناسلی بە لۆری بەسەر خەڵکدا بڕوات و هەردی سەلاح دڵی بۆ شەهادەت لێ بدات و هتد .

ئەوە باسی عەرەب هەر مەکە فەزڵ شاکرتان دیت لە لوتکەی ڕۆمانسیەتەوە گۆڕا بۆ لوتکەی توندوتیژی! دەیان ئەکتەری ژن وپیاوی عەرەب و میسری وازیان لە هونەر هێنا و بەرەو دینداریەکی توند گەڕانەوە هەتا ناو و دەنگ و ڕەنگیشیان بزربووە.

هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هونەرمەندانە خەڵکانێکی نا ڕۆشنبیر و ڕەهەندێکی قووڵیان نییە لە خوێندنەوەی دینی و تێگەیشتنی بۆیە زۆر بە ئاسایی و سانایی تووشیان بێ بە تووشی هەر بازرگانێکی دینی قەناعەتیان پێ دەهێنن کە هونەر حەرامە، گۆرانی حەرامە، کۆمێدیا حەرامە، تێکەڵبوون حەرامە، دەنگی ژن حەرامە، دەست بەریەککەوتن حەرامە و دیموکراتیەت کوفر و حەرامە، و تا دەگاتە حەرامکردنی هەموو ژیان!

ڕاستیەکەی هەتا دیاردەی تەنکاوی لە مەعریفەتی دینی لای زۆر نووسەرە بەناو سێکیولارەکانیش بەدی دەکرێت، جا هونەرمەند چی بکات؟!

بۆیە لە ئێستا و ئایندەدا خوێندنەوەی ڕەخنەیی دینی زۆر گرنگە بۆ هونەرمەندان و هەموو خەڵکێک، بەڵکو بۆ منالی سەرەتاییش پێویستە نەک هەر بۆ گەورەکان! دەبێت پرنسیپی سەرەکی تەفکیرێکی مەدەنی و زانستی فێربکرێن لە ئاستی تەمەنی خۆی تا هیچ بازرگانێکی دین خۆیی و عەقڵی هاک نەکات!

٢٠١٧/٦/٢٣

## بەشی یازدەم: ئیسلامی سیاسی و دیمانەکان

دیمانەیەک لەگەڵ ستاندارد ........................................................ 433

- دەوترێ تۆ جاروبار شعوری خەڵکی دیندار بریندار دەکەی، قسەت چیە لەوبارەیەوە؟
- دەڵێن تۆ هێرشت کردۆتە سەر ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیبن التیمیە!
- کەسانێک دەڵێن تۆ کەوتویەتە ژێر کاریگەری شیعە؟
- خوێندنەوەی تۆی بۆ سەرکردە ئیسلامیەکانی کوردستان چیە؟
- چی وای کرد قسە لەسەر (طب النبوی) بکەی؟
- ئەو خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەو بابەتە نوێ بوو؟
- پێت وایە طب النبوی زیان بە ئایینی ئیسلام و پێغەمبەر دەگەیەنێت؟
- چۆن دەڕوانیتە دەزگای ستاندەر؟

دیمانەیەک لەگەڵ

(ئیسلام پەیک)دەربارەی رابردوو و ئێستای سەلەفیەت ........................................ 446

- سەلەفییەت چییە،و قورئان و سونەت چۆن باسی دەکەن،و سەرەتای سەلەفییەت بۆ کەی دەگەرێتەوە؟خورافە و دەق پەرستی لای سەلەفییەکان چۆنە؟
- خەسڵەتە دیارەکانی تەوژمی سەلەفییەت چین؟بۆچی توندن لەگەڵ فرقە و مەزهەبە ئیسلامییەکانی غەیری خۆیان؟
- بۆچی هەموو شتێکی باش لە خەڵک و ئیسلامیەکان حەرام دەکەن ؟
- بۆ خۆپیشاندان بە حەرام دەزانن بەرامبەر بە حاکمی وڵات ئەگەر زاڵمیش بێت؟
- بۆ لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە بونەتە هۆی ئاڵۆزی و تێکدانی شیرازەی خێزان؟
- بۆچی مەولود بە خورافیات دەزانن،بەڵام ئامادە نین راستەوخۆ باس لە ناشەرعی بونی یادی مەسیح و نەورۆز.؟
- چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی نفوزی سەلەفییەت؟

دیمانەیەک لەگەل ڕۆژنامەی باس ........................................................................................ 463

- تاچەند حزبی ئیسلامی بۆ دۆخی کۆمەلآیەتی و سیاسی کوردستان گونجاوە؟
- تاچەند حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان هۆکاربوون بۆ بلآوکردنەوەی بیری توندڕەوی؟
- تاچەند قسەو بۆچوونەکانی د.عەبدولواحید مەترسییە لەسەر کۆمەلگەی کوردستانی؟
- ئیخوانەکان دەلێن سەلەفییەکان قۆناخێکی پێش داعشن، ئێوەش وای دەبینن؟
- ئەی بەهەمان شێوەش ئیخوانەکانیش قۆناخەکانی پێش داعشبوونن؟
- – کەوابێت لەگەل ئەوەدان بەپڕۆژە یاسایەک حزبی ئیسلامی لە کوردستان قەدەغە بکرێت؟

دۆسیە| ریفۆرمی ئایینی چییە و کەی و چۆن ئەنجام دەدرێت؟ .......................................................... 468

- ریفۆرمی ئایینی چییەو کەیو چۆن ئەنجام دەدرێت؟
- ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕوودات؟
- دەبێت کێ بە ریفۆرمی ئاینی هەستێت؟
- حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێت لە کوێی ریفۆرمی ئاینیدابن؟
- ئایا کۆمەلگەی کوردیدا قودرەتی ئەنجامدانی ریفۆرمی ئایینی هەیە؟
- بەبڕوای ئێوە لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی ئایینی کامانەن؟
- پێتوایە ئیسلامی سیاسی وەک حزبە ئاینییەکانی ئەوروپا (حزبی مەسیحیی دیموکرات) لەئەلمانیا دەتوانن ببنە حزبی ئیسلامیی دیموکرات ؟
- پێتوایە ئەم هێزانە لەگەل دیموکراسی هەلدەکەن؟

بەشی دووەم


دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان واریسی شەرعییەتی تەنها زیندانە ............................... 473

- ئیسلامی سیاسی تا چەند دژی پرۆسەی فکرو مۆدێرنەیە؟
- بۆ هێزە ئیسلامگەراکانی کوردستان نەیانتوانیوە هیچ جیهانبینێکی نوێ داهێنن؟
- ئەی بە نیسبەت نووسەرە ئیسلامیە سەربەخۆکان؟
- خودی فیکری ئیسلامی سیاسی، فیکری ئەزمە وتەنگژەیە
- ژیان لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین لەکوێ دایە؟
- ئەنجام و کاردانەوەی نەبوونی هەولی جیدی ریفۆرمخوازی لە ئیسلامدا چۆن دەبینیت؟
-

چاوپێکەوتن لەگەڵ هەفتەنامەی ئاژانس .......................................................................................... 483

- ئەم شەپۆلەنوێیەی تیرۆروتوندوتیژی لە ئەوروپا رەوشی ئاییی ئیسلام چۆن دەبینن؟
- بۆچی بەشێک لەوانەی تیرۆر ئەنجامدەدەن لە ئەوروپا لە منالآنی ئەوروپی بەرەچەڵەک رۆژهەلاتین؟
- ئایا جیاکاری دژی موسوڵمان یەکێک لە پاڵنەرەکانی تیرۆروتوندوتیژیە بەرامبەر ئەوروپا؟
- پرۆسەی بانگەواز (دعوە) تا چەند کاریگەری هەیە لە دروستبونی توندڕەوی تیرۆر لە ئەوروپادا؟
- جگە لە پاڵنەری ئایدۆلۆژی هیچ پاڵنەرێکی دیکە هەیە لە پشت تیرۆری داعشیەوە لە ئەوروپا؟
- ئیسلامی میانەڕەو ناتوندو تیژ لە ئەوروپا توانیویەتی رویەکی پۆزەتیڤ لە ئیسلام پیشانی ئەوروپا بدات؟
- چۆن دەتوانرێت بەر بەم تیرۆرە بگیرێت کە لە ئەوروپا بەناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرێت؟

# محەمەد هەریری لەبارەی چەند زانایەکی جیهانی ئیسلامی و سەکردە ئیسلامیەکانی کوردستان و طب النبوی و چەند بابەتێکی تری ئایینی دەدوێت

**سازدانی: ستاندەر**

محەمەد هەریری یەکێکە لە ڕەخنەگرە جدیەکانی نێو فەزای رۆشنبیری کوردی، زیاتر لە بیست ساڵە لەبواری توێژینەوە و نوسین لەسەر پرسە جیاجیاکان کاردەکات، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو نوسەرە قسەکردنیەتی لەسەر پرسە ئایینیەکان  بە دیدگایەکی تایبەت بەخۆی و خوێندنەوەی نوێی هەیە بۆ زۆر پرس و بابەتی ئایینی، لەو دیمانەیە هەریری وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار لەبارەی (طب النبوی، شیعە و سوننە، چەند زانایەکی دنیای ئیسلام، سەرکردە ئیسلامیەکانی کوردستان) دەداتەوە، کەبەشێکیان وەک تۆمەت ئاراستەی کراون و، بەشێکیش لەلایەن خوێنەرانی خۆی جێگای پرسیار بووە.

***دەوترێ تۆ لەنوسینەکانت لەسەر بابەتە ئاینیەکان جاروبار شعوری خەڵکی دیندار بریندار دەکەی، قسەت چیە لەوبارەیەوە؟**

من خۆم لەو نێوەندە گۆش کراوم وهاتومەتە دەر، چۆن بە ئەنقەست هەستی خەلکی زامدار دەکەم، من ڕێگە بە خۆم نادەم هەستی ئایینی کریستیانێک یان جولەکەیەک یان هەتا بودیەک ووەسەنیەکیش بڕوشێنم چۆن هەستی موسڵمانێک دەڕوشێنم لە کاتی قسەکردنم لەسەر هەر بابەتێکی ئایینی. ئینجا ئەوەی هەستی زامدار دەبێت خەڵکەکە نیە بەڵکو ئیسلامیە سەختگیرەکان وپیاوانی ئایینی کلاسیکین، ئەوان ئاڕاستەی خەڵکەکە دەکەن دژی هەر وتە وکەسێک بە دڵیان نەبێت.

کێشەکە لەوەدایە عەقڵیەتی ڕەخنەیی غایبە لە نێو ئیسلامیەکان وپیاوانی ئایینی تەقلیدی پێیان وایە هەردەبێت لەو چوارچێوە دیاریکراوەی بەراییان قسە بکەیت وهیچی تر. من کە زیاتر لە ٢٠ سالە لە ئایین وبواری تری فەرهەنگی دەخوێنمەوە وسەرەڕای ئەزموونی کەسی خۆم کە بۆم نەبێت قسە بکەم لەسەر هەر لایەنێک ودیاردەیەکی نێگەتیڤی ئایینی، ئەی کێ هەقی هەیە قسە بکات؟! تەنها ئەوانەی کە بە هەڵپەن بۆ لەبەرکردنی مێژەر وجوبە وپاش خوێندنی چەند کتێبێک وە ک مەحفوزات تەنها ئەوانە هەقی قسەکردنیان هەیە لەسەر ئایین؟! ئەوانە خەڵک زیاتر ڕیز لە پایە کۆمەلایەتی وئایینی ومێزەر وجوبەیان دەگرن نیو ئەوەندە ڕیز لە خودی عەقڵ وبیریان ناگرن. چونکە لە وتاریان وردبوەوە دەزانیت دەفرەکە چەندی تێدایە، لەبەرکردنی مێزەر وجوبە حەسانە بە کەس نادات، گرنگ ئەو عەقڵەیە کە لە ناو مێزەر وجوبەکە دایە.

ئەوانەی بە وتاری ئایینی من هەراسان دەبن کەسانێکن زۆربەی لە بازنە سەلەفیە سەختگیرەکە نزیکن، دەیانەوێت وەک چۆن کاتی خۆی شیوعیەکان دەیان ویست ئەزموونی سۆڤیەت دەقاودەق بگوێزنەوە بۆ کوردستان، ئەوانەش دەیانەوێت هەمان ئەزموونی کۆمەڵگا بەدەوی وخێڵەکیەکەی سعودیە بگوێزنەوە بۆ ئێمە بە جەختکردن لەسەر بوارە هەرە نێگەتیڤەکانی وەک فشار خستنە سەر ئافرەت وخەتەنەکردن وبە عەورەت کردنی سەرتاپای ئەو مرۆڤە وسوک سەیرکردنیان، وقبوڵ نەکردنی موخالیف لە خۆیان وتەکفیر کردن وتەفسیق کردن وتەبدیع کردنی خەڵک وچەندین شتی تری کە دەمێکە سەردەم تێیپەڕاندوە. بەڵکو یەکێکیان بەو دوایە بە هەمان لۆژیکی شێخە سعودیەکان دەیگوت حەرامە ژن سەیارە لێ خوڕێت!!! لە کاتێکدا لە هەموو دنیا ئەو کارەی سعودیەکان ڕیسوا دەکرێت، کاکی سەلەفی کورد دەیەوێت ئەو بلیمەتیە بێنێتە کوردستان!

دەیانەوێت هەر خەریکی تەبدیع کردن وتەفسیق کردن وتەکفیر کردنی ئەم وئەو بین، ئەو جۆرە وتارە چۆن ڕەخنەی لێ نەگیرێ، دوایی سەیر لەوەدایە ئەوانە لە هەموو خەڵک زیاتر هێرش دەکەنە سەر مەزهەبەکان وزانایانی تری دەرەوەی بازنەکەی خۆیان، لە مێژووش دیارە کەسانی بەرزی وەک ئەبو حەنیفە وئیمامی موفەسیران تەبەری و ابو حامیدی غەزالی ودەیانی تر، لە دەست وزمانیان ڕزگاریان نەبوە، کەچی ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێت بەوان بێت خوێنی بخەنە پیاڵەوە، هەزار تۆمەتی درۆ وناهەقی دەدەنە پاڵ.!!

***دەڵێن تۆ هێرشت کردۆتە سەر ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیبن التیمیە، تا چەند ڕاستە؟**

من هێرشم نەکردۆتە سەر ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیبن التیمیە ئەوە کەسانێکی دەق پەرست وشەخس پەرستی بەناو سەلەفین، وکەسانێکی حزبییش لەبەرمەرامی حزبی لەکاتی دەسەوسانیان، لەجیاتی گفتوگۆ دەچنە سەر ڕیز کردنی ئەو تۆمەتانە، و بەوپەڕی بێ ویژدانیەوە تۆمەتم بۆ دروست. من قسەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلم هێناوەتەوە کە زیاتر لە ١٠٠ شوێن ابو حەنیفەی نوعمان کافر دەکات، هەروەها، تەکفیر کردنەکانی خۆیم هێناوەتەوە بۆ موسڵمانان بەگشتی، وزانایانی سەردەمی خۆی بە تایبەتی!

من دەڵێم ئەگەر ئەو قسە وتەکفیرکردنانە ڕاست بێت ئەوە ئەو پیاوە زۆر هەڵە بوە وستەمێکی گەورە لەو ئیمامە مەزنە و ئەو خەڵکانە دەکات، ئەو هەڵوێستە توندانە بوون کە شوێن کەوتوانی تا ئەمڕۆش هەموو ئەمن وئاسایشی کۆمەڵگای ئیسلامیان هەراسان کردوە، هەر ئەوان بوون کە ئیمامی تەبەری کاتێ ئیمام ئەحمەدی بە فەقیهـ حسێب نەکرد لە پۆلێن کردنیدا، دەمارگیرە حەنبەلیەکان ماڵەکەیان لێواو لێو کرد لەبەرد

وبەو شێوەیە فەزیعە ئابلۆقەیان دا تا کوچی دوایی کرد، وله ترسی هەرای توندڕەوان ئەو ئیمامە مەزنە بە شەو نێژرا وەک یاقوتی حەمەوی لە موعجەمەکەیدا دەڵێت: أنه " دفن ليلا خوفً ا من العامة"!!

ئەو ڕیوایەتانەی کە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وە دەگێڕدرێتەوە لە کتێبە عەقایدەیەکانی سەلەفیەکان یان حەنبەلیەکان دەربارەی تەکفیر کردنی موسڵمانانی تر هێندە زۆرە دەگاتە ئاستی متواتر – واتە زۆر ڕاستە وئەستەمە گومانیان لێبکرێت، خۆ هەر نەبێت ئێمە خوانەخواستە تەکفیری ناکەین، بەڵکو دەڵێین ئەگەر ئەو قسانەی درکاندبێت وئەو فەتوایە تەکفیریانەی دابێت ئیمام ئەحمەد هەڵە بووە، هەموو کەسێکیش قابیلی هەڵە کردنە، نەمانزانیوە کە مەعسوم بو بێت!

ئەوانەش کەمێکن لەو ڕیوایەتانە، بۆ نمونە: لە کتێبی طبقات الحنابلە لابن ابی یعلی لەدەمی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەگێڕنەوە: (من زعم ان القرآن مخلوق فهو جهمی كافر ومن زعم ان القرآن كلام الله ووقف ولم يقل ليس بمخلوق فهو اخبث من قول الاول ومن زعم ان الفاظنا به وتلاوتنا له مخلوقه والقرآن كلام الله فهو جهمی ومن لم يكفر هؤلاء القوم كلهم فهو مثلهم)!! طبقات الحنابله لابن ابی يعلى 29

(ئەوەی گوتی قورئان مەخلوقە ئەوە کافرێکی جەهمییە، ئەوەی تەنها گووتی قورئان کەلامی خوایە ووەستا ونەیوت مەخلوق نییە ئەوە قسەکەی لە قسەی یەکەم پیسترە، ئەوەشی گووتی لەفز وخوێندنەوەمان بۆ قورئان مەخلوقە وقورئانیش کەلامی خوایە: ئەوە جەهمییە، وئەوەشی ئەوانە بەکافر نەکات (تەکفیر نەکات) ئەوە وەک ئەوان کافرە!!)

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە هیچ دەستەیەک خۆش نابێت: ئەوەی دەڵێ قورئان مەخلوقە کافرە! ئەوەی تەنها گووتی قورئان کەلامی خوایە وهیچی تر، ئەوە لەیەکەم کافرترە!! ئەوەشی گووتی لەفز وخوێندنەوەمان بۆ قورئان مەخلوقە وقورئانیش کەلامی خوایە: ئەوە کافرێکی جەهمییە، وئەوەشی ئەوانە تەکفیر نەکات ئەوە وەک ئەوان کافرە!! بێنە بەرچاوت دنیا وا دابەش کەیت وهەموو کەس تەکفیر بکەیت هەتا لەو فەقیرەش خۆش نەبیت کە توانای عەقلی وئاستی زانستی نییە لە بڕیاردانی کافریەتی ئەو دەستانە! هەر بەو هۆیەشەوە کەسانێکی بازاڕی وعەوامی ناو سەلەفیەکان وحەنبەلیەکان هێندە جورئەت پەیدا دەکەن ئەکبەر واحید لەناو زانایان تەکفیر دەکات بێ ئەوەی چاوی بتروکێنێ!!

لە وتەیەکی تر بەوەندەش ناوەستێت بەرامبەر بێ لایەنەکان بەڵکو دەڵێت: ئەوەی تەکفیریان نەکات (واتە ئەوانەی دەڵێن قورئان مەخلوقە) گوێی لێناگیرێت وسەلامی لێناکرێت هەتا کەس وکاری نزیکیش بێت، وبەشداری لە جەنازە ناشتنی ناکرێت، ولەکاتی نەخۆش بوونیان بەسەر ناکرێنەوە!!!

**(وأنه لا يُسمع مِمَّن لم يكفرهم ولا يسلم عليه ولو كان من الأقارب ولا تشهد لهم جنائز ولايعادون في مرضهم!! )**

**ئەوجە وەرە نەزان بیت ولە ئیمامێکی واگەورە گوێت لەو هەڕەشانە بێت وهەموو خەڵکی خوا تەکفیر نەکەیت!**

وەرە کەسێکی ئاسایی وشوێن کەوتە بیت وگوێت لێ بێت بە ئیمامێکی مەزن وبیرمەندێکی گەورەی وەک ئەبو حەنیفە لەسەر زمانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێی بگوترێت کافر وجەهمی تۆش شوێنی نەکەویت! لە کتێبی (السنه) عەبدوڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل یەک بابی تایبەتی تەرخان کردوە بە بەناوی ( ما حفظت عن ابي ومشايخي في ابي حنيفة) [واتە ئەوەی لە باوکم وشێخەکانم لەبەرم کردوە] کە سەرتاسەری تانە وجوێن وتەکفیر کردنە بۆ ئەبو حەنیفە وهاوەڵانی...

بە نسبەت ابن التيمية ش، بێگومان زانایەکی گەورەیە وعەقڵیەتێکی مەوسوعی گەورەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە غەڵەت ناکات ووەک ئیمامەکانی شیعە مەعسومی بکەین، من نامەوێ هەموو قسەکانی کە لەسەریم کردوە دووبارەی کەمەوە، بەڵام ڕەخنەم لە ئیبن تەیمیە هەیە کە دەست خۆشی لەسەر بڕینیجەعدی کوڕی درهەم دەکات لەسەر دەستی والی ئومەویی خالیدی کوڕی عەبدوڵڵای قەسری کە بە دڕەندەترین شێوە سەری بڕی لە ڕۆژی جەژن ولەژێر مینبەری مزگەوتدا!!

هەموو زانا ونەزانە سەلەفیەکان بەو پەڕی شانازییەوە باسی ئەو سەربڕینەی جەعد دەکەن، کە مامۆستای خەلیفە مەروانی کوری محەمەد بوو، و محەمەدی کوڕی عەبدەلوەهابیش، ئیمامی سەلەفیەکانی ئەو سەردەمە، وەسفی دەکات بە:

**"انه كان من أشهر الناس بالعلم والعبادة"** دەکەن بەبێ هیچ حورمەت دانانێک بۆ خوێنی موسڵمان لەناو مزگەوتیش ولەرۆژی جەژنیش!!

هەر ئیبن تەیمیە لە منهاج السنه زیاتر لە سێزدە جار باسی ئەو پاڵەوانیەتە دەکات، کەچی بکوژەکە خۆی خالید القسری هێندە دڕندە وخوانەناس بوو نەدەگەیشتە کەوشەکانی زانایەکی وەک جەعدی کوڕی درهەم! کەسانێک لەسەر فیکری ئیبن تەیمیە پەروەردە بوون وپێی سەرسامن، سەیر نییە کە هێزیان لەدەست بوو لە هەر شوێنێک بە هەمان شێوە نەیارەکانی فیکری خۆیان لەناو موسڵمانانیش بەو شێوەیە سەردەبڕن بەبێ خەم وبێ تەرەدود، سەدان وهەزارانیان سەربڕیوە بە جۆرێک پیاو قێزی لە ئادەمیەتی خۆی دەبێتەوە. ئەو هەموو سەربڕینەی عێراق وئەفغانستان وجەزائیر وسۆمال وکێ وکێ لە ئەنجامی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو پیاهەڵدانەی ئیبن وتەیمیە وزانایانی تریانە بە خوێن ڕشتنی نەیارەکانیان وئەو هەموو سەربڕینە لە بۆشاییدا نەهاتوە!

ڕەخنەم لە ئیبن تەیمیە لەسەر بنچینەی ئەوەیە کە خۆی یەکێکە لە تیۆریست ومونەزیرەکانی عەقیدەی سەلەفی کەچی خۆی بە ڕونترین شێوە پێشێلی بنەماکانی سەلەفیەت دەکات، بۆ نمونە: کە سەحابە خەتی سورە لە لایان نابێت کەس ڕەخنەیان لێ بگرێت، هەر خۆی لەسەر حەزرەتی عەلی قسەی وا دەکات کە وەک دەڵێن [مالیک دەربارەی ئەرەق نەیوتوە] ئەو سەلەفیانەی کە گوێیان لێ نیە دەریایەک خوێن بڕێژن بۆ ئەوەی قسەیەک بە معاویە یان یەزیدی قاتیل وفاسیق بگوترێ کەچی ئەو ابن تیمیەی شێخی ئیسلام وناسیری سونە وخاوەن چەند لەقەبی تر، دەیان قسەی خراپ دەرهەق بە حەزرەتی عەلی دەڵێت بێ ئەوەی بوێرن بڵێن ئەو کارە هەڵەیە وچەندین تۆمەتی دەخاتە پاڵ، کە واچاکترە ئەوەی دەیەوێت بیزانێت بگەڕێتەوە بۆ زنجیرە وتارەکانمان دەربارەی سەلەفیەت.

ڕەخنەم لە ئیبن تەیمیە لەسەر بنچینەی ئەوەیە کە خۆی یەکێکە لە شارەزا هەرە گەورەکانی فەرمودە ناسی کەچی هەموو ئەو فەرمودە هەڵبەستراوانەی کە باسی گەورەیی عەرەب وعروبە دەکات بە پێچەوانەی قورئان، کە فەقێیەکی موسڵمانیش دەزانێ ئەو فەرمودانەی هەڵبەستراو ومەوزوعن ئەو ڕاستیان دەکاتەوە وبە ڕاست ودروست لە قەڵەمیان دەدات لەژێر کاریگەری نەزعە ئومەویەکەیدا.

***کەسانێک دەڵێن تۆ کەوتویەتە ژێر کاریگەری شیعە؟**

هەموو سەلەفیەک کە ڕەخنەی لێگیرا لەلایەن کەسێ بێ یەک ودوو بە شیعایەتی تاوانباری دەکەن، کەسانێک هەن بە نوسین ئەو تۆمەتەیان بۆ هەڵبەستوم، بەڵام گاڵتەم پێ دێت، چونکە ئەگەر توندرەوی سەلەفیزمم جارێک ڕەفز بێت، ئەوە شیعەگەریتی وەک مەزهەب نەک تەنها توندرەوەکانم قبوڵ نییە، بەڵکو بە گشتی قبوڵم نییە. لەبەر ئەو هەموو کەم وکوریە وخورافاتانەی کە تێیدایە. دوایی نوسینەکانم لە ڕەخنەی تەشەیوعی دینی وسیاسی شایەدن لەسەر ئەوە بۆ نمونە:

"ئیشکالیەتی شیعە و سونە:هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە دژایەتی نێوان شیعە و سونەدا،لە کێشەی نێوان شیعە وسونەدا،یەکێتی وشینی حەزرەتی حوسێن،نەهزە و غەنوشی لە سێ ڕیاندا،لە پێناوشۆڕشی نەبەردانی سو ریا: نەفرەت لە ڕوسیای ڕوو سیا وهتد..." بەڵام ئەو برادەرە سەلەفیانە وەک پارتی ویەکێتی کاتی خۆیان لێهاتوە، کاتێ ڕەخنەیەکت لە یەکێتی گرتبا دەیانگوت پارتی وبە پێچەوانەوەش. ئێمەش کە حەزرەتی عەلیمان هێنایەوە بە نموونە، لە باسەکەی ئیبن تەیمیە، وکە بەرگریش لە حەزرەتی عەلی دەکەین لە گۆشەی شیعەکانەوە ناڕوانینە کێشەکان، کە حەزرەتی عەلی بەقەد نیمچە خوایەک تەقدیس دەکەن، بەڵام ناکرێت لە فەزڵ وپایەی دینی ومرۆیی یەکێکی وەک عەلی کەمبکرێتەوە لەسەر حیسابی ڕوو سپیکردنەوەی کەسانێکی

وەک معاویە ویەزید وخەلیفەکانی بەنی ئومەیە و عەباس کە گوناهە بە بیریشت تێپەڕێت بەراوردیان بە عەلی پێ بکەیت! هەرچەندە زۆر لە قسەکانی ئیبن تەیمیە وهەڵسەنگاندنەکانی ڕاستن، وحەزرەتی عەلی لە سەرووی ڕەخنە نییە، بەڵام من پێم وایە نەزعە ئومەویەکەیە ئیبن تەیمیە دەجولێنێ، وئینجا بەپێی پێوەرەکانی تیۆری عەدالەتی سەحابە، سەحابە هێڵی سورن، عەلی یش یەکێکە لە هەرە سەحابە گەورەکان! ئینجا خودی ئیمامی تەبەری [ئیمامی موفەسیران] یش کاتی خۆی کە حەنبەلیەکان بەدلیان نەبوو بە شیعایەتی تاوانباریان کرد وەک لە موعجەمی یاقوتی حەمەوی دا هاتوە": دفن ليلا خوفاً من العامة لأنه كان يتهم بالتشيع"!! لەترسی خەڵکی بازاڕی کە لەژێر کۆنترۆڵی حەنبەلیەکان بوون بەشەو نێژرا چونکە تاوانبار دەکرا بە شیعایەتی!!!

***خوێندنەوەی تۆی بۆ سەرکردە ئیسلامیەکانی کوردستان چیە؟ بەتایبەت کە دەڵێن تۆ کێشەت لەگەڵ ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی هەیە؟**

هێشتا سەرکردەی ئیسلامی لە کوردستان دروست نەبوە لە قاوغە حزبی وفیئەویەکەی دەرچو بێت وببێتە سەرکردەیەکی جەماوەری وەک ئۆردوغان لە تورکیا، کە ملیۆنەها علمانی وخەڵکی بێلایەن وگشتی پێش ئیسلامیەکان دەنگی پێ دەدەن، هەرچەندە یەکگرتوو هەنگاوێکی چاکی نا بۆ دەستاودەست کردن وگۆڕینی سەرۆکی حزب، ئەگەر بهاتایە ریفۆرمخوازێکی هەقیقی وەک مامۆستا هادی عەلی دەرچوبایە وپیلانی شەوانەیان بۆی دانەڕشتبا.

بە گوێرەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی یش، من هیچ کێشەیەکی تایبەتیم لەگەڵیدا نییە، چونکە نە حزبیم ونە لە گروپێکی مونافیسی ئەوم، تەنها لە پرۆژەی نوسین ورەخنەگرتنماندا لە هەموو دیاردە نێگەتیڤەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بە ئیسلامی وعەلمانیەوە، جاروبار ڕەخنە ئاڕاستەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیش کراوە وەک چۆن ڕەخنەمان ئاڕاستەی ئەمینداری یەکگرتوو وسەرۆکی هەرێم وسەرۆک وەزیران وسەرۆکی عێراق وچەندین کەسایەتی سیاسی گەورە کردوە، بەڵام کەسیان بەو شێوەیەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ولایەنگرانی قەڵس بوونی خۆیان لە ڕەخنە نیشان نەداوە وزۆر بازاڕیانە وەڵام دەدەنەوە، بە تۆزقاڵێکیش سود لە ڕەخنەی ڕەخنەگران وەرناگرن. ئەوەی پێم سەیرە لە جیاتی رەخنەکانم بخوێننەوە وئەگەر کرا سودی لێ وەرگرن، باسی ئەوە دەکەن کەوا قسەکانی من لە گرێی دەروونیەوە دەردەچێت لە دژی ئەمیری کۆمەڵ، وەک مەعاش خۆرێکی باش چاوەشی، هەر رۆژەی لەوەڕ لە دۆلێکیش بەو دواییە وادەڵێت وادەڵێت!!!

گرێی دەروونی لە پایەی چی، نە حەزم لە زەعامەتە، ونە خۆم تەقدیس کردوە، من منالە ١٠ سالەکەشم فێری ئەوە کردوە ئەگەر هەڵەیەکم کرد قسە بکات، ودژی گوێڕایەڵی ڕووتم تەنها بۆ خوا نەبێت، نەک وەک ئەمیری

کۆمەڵ وابزانم خوا بۆ ئەوەی دروست کردوم تا سەرۆک بم [من المهد الى اللحد] وکەس بۆی نەبێ لە حزوری شەریفیان دەنگی کەوچکی تێکدانی چایەکەی بەردەمیشی بێت، وەک بازنە تەسکەکەی دەوروبەری ئەمیر دەگێڕنەوە.

ئەو عەقڵیەتە بوو ئەمیری کۆمەڵ کاتی خۆی سەرکۆنەی دەکرد وکردیە بیانوو بۆ جیابوونەوەی لە بزوتنەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم شێخ عوسمان ومەلا عەلی برای [ڕەحمەتی خوایان لێ بێت] بە مێشکیان گوزەری کردبێت کە پێغەمبەریش ئەمری کردبێت بە گوێڕایەلی بزوتنەوە بۆیان، یان خۆیان پێ هێندە گەورە وبەرز بوبێت وداوایان لە **ئەندامانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی کردبێت بەرز بنەوە بۆ ئاستی ئەوان!!**

**گرێی دەروونی ئەگەر هەبێت لای من نییە، بەڵکو لای ئەو دەرونەیە هێشتا سەرۆکی حزبێکی پلە پێنجەمە لەسەر ئاستی کوردستان کەچی وەک دیکتاتۆرێکی گشتگیری وڵات خۆی دێتە بەرچاو، ئەی بەیانی خوانەخواستە بوە ئەمیری حزبی یەکەمی حاکم دەبێت چی بکات؟! بۆ دەبی چاوەڕێ کەین تا ئەو ڕۆژە ئەگەر خۆی هەزاران بەڵگە لەسەر تاکڕەوی وزەعامەتی ئەوحەدی خۆی دەدات بە دەستەوە؟!**

***جەنابت لەپێشتر بەزنجیرە بابەتێک قسەت لەسەر (طب النبوی) کرد، چی وای کرد قسەلەسەر ئەو بابەتە بکەی، ئەو خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەو بابەتە نوێ بوو، یان پێشتر خەڵکی تر قسەیان لەسەر کردووە، دوای بڵاوکردنەوەی ئەو زنجیرە بابەتەت لەسەرطب النبوی نارەزایی بەشێک لەخەڵکی دینداری لێکەوتەوە بەو پێیەی پێیان وایە تۆ گومانت بۆ لەسەر فەرمودەکانی پێغەمبەر (د خ) دروستکردووە؟**

ئەوەی وای لێکردم کە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم، ئەوە بوو لە کوردستان بەگشتی وهەولێر بە تایبەتی بازاڕی کەسانێکی نەزان ونەفام بە ناوی (طب النبوی) زۆر گەرم ببو وتا ئەمڕۆش گەرمە لەسەر حیسابی خەڵکی هەژار وئیمانداری کورد کە ئامادەن لەبەر پاکی ئیمانیان وسادەیی وخۆشەویستیان بۆ ئیسلام وپێغەمبەری ئیسلام ژەهریش بخۆنەوە، ئەگەر گوتیان پێغەمبەر فەرمانی پێداوە. ئەو بازرگانانەی ئایین بەوەش نەوەستان کە مونافەسەی دکتۆرە ڕەسمیەکان بکەن، بەڵکو خەلکیشیان هان دەدا نەچن بۆلای دکتۆر، لە ڤیدیۆ ریکلامەکانی وچەندین کەسم گوێ لێبوە کە مەلا عەلی کەرەکێ بە نەخۆشەکانی دەڵێ بەو مەرجەی عیلاجت دەکەم نەچیتە لای دکتۆر وهەموو دەرمانەکانی ئەو فرێ دەیت!!

ئەو بابەتە کەسانی تریش لەسەریان نوسیوە ودەینوسن، ئێمە نوسەرێکی زۆرمان هەیە کە دەزانن ئەو دیاردەیە شتێکی خراپە خەڵک فریودانە بە ناوی دین، بەڵام زۆربەی نوسەرانمان ناوێرن نزیک بنەوە لە لێواری هەر باسێک مۆرکی ئاینی پێ وەبێت، ئینجا با خورافاتێکی ڕووتیش بێت، چونکە تاقەتی سەرئێشەیان

نییە. ئەوەی تاقەتی سەر ئێشەی نەبێت ناتوانێت هیچی پێویست ونوێ پێشکەش بکات ودەست لەسەر زامە هەقیقیەکان دابنێت.

نارەزایی چەند کەسانێک لەسەر ئەو بابەتانە، زۆربەی لەو بازنەیە بوون کە سودمەند بوون لەو بازرگانیە نا شەرعیەی بە ناوی (طب النبوی) [پزیشکایەتی پێغەمبەر] با دکتۆرێکی دیندار وزانا بە زانستە ئیسلامیەکان بێت وپەردە لەسەر ئەو بازرگانانەی خوێن وژیانی خەڵک هەڵداتەوە، ئەو کاتە دەزانی خەڵک چۆن بەگشتی لە دژی ئەو دەجەل ودرۆیە دەوەستن. جەماوەر کێ ئاراستەی بکات وا رەنگ دەداتەوە، جاهیل ئاراستەی بکات جاهیلتر دەبێت، زانا وداناش ئاراستەی بکات زانا ودانا ووریا دەبێت.

بە نسبەت گومان خستنە سەر فەرمودەکانی پێغەمبەر، من هەرگیز گومانم نەخستۆتە سەر ئەو فەرمودانە، بەڵکو دەڵێم گیان وژیانی خەڵک زۆر لەوە گەورەترە لای خوا موغامەرەی پێ بکەین بە حەدیسێک جا ڕاست بێت یان لاواز بێت، چونکە مەسەلەکە لەڕاستی ولاوازی حەدیسەکە نییە، بەڵکو زیاتر لەوەیە ئایە ئەو چارەسەرە پزیشکیانەی باسکراوە لە فەرمودەکان لە خواوەیە یان لە خودی پێغەمبەر وئەزمونی کەسێتی خۆیی وژینگەکەیەتی؟ ئایە هیچ پەیوەندی بە وەحیەوە هەیە؟

ئەو فەرمودانە ڕاستە صحيح و ضعيف وموضوع یشی تێدایە، من پێموایە جارێ ئەو فەرمودانەی زەعیف ومەوزوعن لادە ئەو لاوە، ئەوەشی دروست وسەحیحە، ڕاستە لەوانەیە لەڕوی سەنەد ومەتنەوە سەحیحن، بەڵام لەڕووی زانستیەوە مەرج نیە هەموویان دروست بن، چونکە پێغەمبەر [د.خ] وەک حەزرەتی عائیشە باسی دەکات پرسیاری چارەسەرەکانی لە وەفد ونێردە عەرەبەکان دەکرد کە دەهاتنە خزمەتی.

ئیبن الجوزی لە **[صفوة الصفوة] لە هیشامی کوری عەروە دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: عەروە بە عائیشەی دەگوت: دایکە سەرسام نیم بە فیقهت، دەڵێم هاوسەری پێغەمبەر وکچی ئەبوبەکرە، سەرسامیم بە شارەزاییت لە شیعر ومێژووش نایەت، دەڵێم کچی ئەبوبەکرە کە زاناترینی خەڵک بوو، بەڵام سەیرم بە شارەزاییت دێت لە پزیشکایەتی، لەوەڵامدا گوتی: ئەی عەروە، پێغەمبەر لەدوا دواییەکانی تەمەنی [د.خ] بوو، کە وەفدەکانی عەرەب دەهاتن بۆلای چەندین وەسفی چارەسەریان بۆی دەکرد منیش بەکارم دەهینا بۆی"**

**ذكر ابن الجوزي رحمه الله تعالى في صفوة الصفوة عن هشام بن عروة قال :كان عروة يقول لعائشة رضي الله عنها يا أماه لا أعجب من فقهك، أقول زوجة رسول الله صلى الله عليه وسلم وابنة أبي بكر، ولا أعجب من علمك بالشعر وأيام الناس أقول ابنة أبي بكر وكان من أعلم الناس ولكني أعجب من علمك بالطب. فضربت**

**على منكبه وقالت: أي عروة! إن رسول الله صلى الله عليه وسلم كان في آخر عمره فكانت تقدم عليه وفود العرب من كل وجه فتنعت له الأنعات فكنت أعالجه من ثمّ.**

**هەر پێغەمبەریش خەڵکی نەخۆشی دەناردە لای حارسی کوڕی کیلدە بۆ چارەسەر وەرگرتن، ونەیدەگوت وەرە من بە (طب النبوی) بۆت چارەسەر دەکەم وەک ئەبو داود دەیگێڕیتەوە: "وروى أبو داود رحمه الله تعالى عن سعيد قال: مرضت مرضا فأتاني رسول الله صلى الله عليه وسلم يعودني فوضع يده بين ثديي حتى وجدت بردها على فؤادي فقال إنک مفؤود، ائت الحارث بن كلدة أخا ثقيف فإنه يتطبب."**

ئەو [ الحارث بن كلدة] یەش پزیشکێک بوو هێشتا موسڵمانیش نەبوو، فێری پزیشکیش ببوو لە وڵاتی فارس، ئەگەر پێغەمبەر ئەو هەموو چارەسەرەی لا بایە کە لە کتێبەکانی (طب النبوی) باسی لێوە دەکرێت پێویستی نەدەکرد بینێرێتە لای کەسێکی تر کە موسڵمانیش نەبوە!! ابن عبد البر القرطبي لە کۆمێنێکدا دەربارەی ئەو ڕوداوە دەڵێت: (فدل ذلک على أنه جائز أن يشاور أهل الكفر في الطب). [دەردەکەوێت کەوا جایزە ڕاوێژ بە کافران بکرێت لە پزیشکایەتی]

هەر جارێکیان خودی پێغەمبەر لە چارەسەرکردنی سەحابەیەک بە داغ کردن لە ژێر دەستی مرد و زۆریشی پێ ناخۆش بوو، گوتی ئێستا جولەکە دەیکەنە هەرا ودەڵێن نەیتوانی هاوەڵی خۆی ڕزگار بکات، من هیچم نە بۆ خۆم ونە بۆ ئەو پێناکرێ! ئەوە پێغەمبەرە وادەڵێ، مەلایەکانی بازرگان بە (طب النبوی) وا قسە دەکەن هەزار دکتۆری خاوەن شەهادە وعیلم بە سەپانی خۆیان نازانن، جاروبار ئیدیعای واگەورەش دەکەن کە هێشتا کەس نەیگەیشتۆتێ وەک ئیدیعای عبالمجیدی زیندانی یەمەنی بە چارەسەرکردنی ئایدز!!! کە دوایێ درۆیەکی ڕووت دەرچوو!! ئەوە تەواوی ڕوداوەکەیە:

وعن محمد بن عبد الرحمن بن أسعد بن زرارة قال: حدثني عمي أن أبا أمامة أصابه وجع يسميه أهل المدينة: الذبح،فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

"لأبلين – أو لأبلغن – في أبي أمامة عذراً". قال: فكواه بيده فمات، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: "ميتة سوء لليهود تقول: ألا دفع عن صاحبه ولا أملک له ولا لنفسي من الله شيئاً". رواه الطبراني ورجاله ثقات.

بۆیە دەڵێم ئەو چارەسەرانە لە وەحی نییە، لەوە دەچێت ئەو ڕوداوە کاریگەری خۆی لەسەر خودی پێغەمبەر[د.خ] بەجێ هێشتبێت، بۆیە لە چەندین ڕیوایەتی تر نەهی دەکات لە بەکارهێنانی کەوی یان داغ کردن یان خەڵکەکە سەرپشک دەکات لە کردن ونەکردنی.

"....أو كية تصيب ألماً،وأنا أكره الكي لا أحبه". رواه أحمد وأبو يعلى والطبراني في الكبير والأوسط.

"إن شئتم فاكووه وإن شئتم فارضفوه (كمّدوه بالحجارة المحماة)". رواه الطبراني

*** پێت وایە قسەکردن لەسەر طب البنوی چەندە لەخزمەت ئیسلامە یان بەپێچەوانەوە بەبڕوای تۆ لەکوێ زیان بە ئایینی ئیسلام و پێغەمبەر دەگەیەنێت؟**

بەرای من قسەکردن لەسەر ئەو بوارە وئاگادارکردنەوەی خەڵک سودی زیاتر هەیە بۆ ئیسلام لە جیاتی ئەوەی گومان بخرێتە خودی پێغەمبەر وپەیامەکەی، چاکترە بڵێین پێغەمبەر [د.خ] دکتۆری باوەڕ ودڵەکان بوە، نەک مونافەسەی زانستی پزیشکی پێ بکەین وهەر ڕەشکە وهەنگوێن بۆ چارەسەری سیل وسەرەتان وئایدز وکێشەی دەروونی وهەموو شتی تر تەوسیف کەین! ئەوە کاری میللەتە دواکەوتوەکانە لە جیاتی ماندوو بوون وسەبری ئەزموون وتاقیگە وتوێژینەوەی نیشانەکان وجارەسەر دەستنیشان کردن، ئەو هەموو نەخۆشیانە وچارەسەرەکەی کورت دەکاتەوە لە ڕەشکە وهەنگوێن وداغ کردن وحیجامە وهتد... چونکە بۆی هەیە ئەگەر ئیدیعایەکان ڕاست دەرنەچونن کاردانەوەی خراپیان لێ بکەوێتەوە دەرهەق ئیسلام وخودی پێغەمبەر!!

زەهەبی لە (سير أعلام النبلاء) لە فەرمودەناسێکی گەورە قسەیەک دەگێڕێتەوەبە ناوی [صالح بن محمد بن أبي الأ شرس، أحد مشاهير المحدِّثين] کە نەخۆش کەوتوە و هەوڵی داوەخۆی چارەسەر بکات بە ڕەشکە وهەنگوین کە لە فەرمودەکان هاتوە وستایشی لەرادەبەدەر کراوە، کەچیدەرد وتای خراپتر بووە، هاوەڵەکانی چونە لای لەبە ر تا وگەرم بوونی جەستەی دەلەرزی ودەیگوت:" باوکم

بەقوربانت بێ پێغەمبەر، چەندە نەشارەزا بوویت لە پزیشکی!!!" "بأبي أنت يا رسول الله، ما كان أقلّ بصرك بالطب". زەهەبی دەڵێت:

"ئەو جۆرە گاڵتەیە شیاو نییە لەگەڵ سەرداری خەڵک، بەڵکو پێغەمبەر[د.خ] زاناترین کەس

بوو لە پزیشکایەتی پێغەمبەری"

"هذا مزاح لا يجوز مع سيد الخلق، بل كان رسولالله (ص) أعلم الناس بالطب النبوي" بەڕای ئێمە ئەوە گاڵتە نەبوە، بەڵکو شۆک وسەدمەی واقیعی ئەوموحەدیسە گەورەیە بوە، کە چۆن بە یەقینیەتێکی قوڵەوە باسی ڕەشکە وهەنگوینی گوێ لێبوە وبۆ هەزاران کەسیشی باس کردوە، کەچی لە واقیع وڕاستیدا بۆی دەرکەوتوە وانیە، ئەگەر چارەسەریش بێت چارەسەری هەموو دەردێک نییە بە ڕەهایی. ڕاستە هەنگوین لە قورئاندا هاتوە [يخرج من بطونها شرابٌمختلفٌ ألوانه فيه شفاء للناس] دکتۆرێکی موسڵمان وەک الرازي دەڵێ ت: "خوای گەورە نەیوتوە شیفایەبۆ هەموو خەڵک وبۆ هەموو دەردێک لە هەموو حاڵەتێکدا"

ئەوە کەسێکی موحەدیس ودیندار وزانا وابلێت لە کاردانەوەی بەرامبەر کاریگەری چارەسەرێک بە ناوپێغەمبەر بۆی وەسف کراوە، ئەی خەڵکێکی " نازانا بە دین ونەشارەزا یان[عەوام] چیدەڵێت کاتێ چارەسەرێکی بۆ دەکرێت بە ناوی پزیشکایەتی پێغەمبەری وسەرکەوتوو نابێت؟!! کەوابوو چاکترە وەک بڵێین ئەو چارەسەرانە لە وەحیەوە نیە، وئەگەریش مومارەسە بکرێت کەسانێک مومارەسەی بکەن بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندنیان تەواو کردبێت، نەک هەر نەزانێکی فاشیل لە بێکاریدا ببێتە ابن سینا بەسەر خەڵک.

لێرەدا پرسیارێک سەر بەرز دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە: ئایە هەر فەرمودەیەک (هەتا ڕاستیش بێت) لە کاروباری گشتی دونیادا، وپزیشکی بە شێوەیەکی تایبەتیدا دەبێتە حوجەت وپێویستە وەک وەحی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت؟ موفتی ود. محمد سليمان الاشقر کە زانایەکی سەلەفی ویەکێکە لە سەخت گیرەکان لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناوی (الاحتجاج بالاحاديث النبويه فى المسائل الطبيه) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە قسە وکردەوەی دونیایی پێغەمبەر تەشریع نیە، ئەو ڕەوانە کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری شەرع بکات نەک پزیشکی وکاری تری دونیایی، وبۆی هەیە لەو کاروبارانە نەیپێکێت وەک هەر مرۆڤێکی تر، ئەوەش لە پایەی ئەو کەمناکاتەوە، وبۆیە گوتە وکردارەکانی دەربارەی شتی پزیشکی ڕووت بە حوجەت نایەتە حسێب کردن، ونابێتە واجیب لە پەیڕەوکردنیدا، چونکە لەسەر ئەزموونی شەخسی بنیات نراوە نەک وەحی.

وەک مەسەلەی تەئبیری (موتوربە کردنی) دارخورما کە پێغەمبەر فەرمانی پێکردن بیکەن کاتێ کردیان خورماکە پوچ دەرچوو، بۆیە کە گەڕانەوە لای پێغەمبەر پێیانی وت: منیش مرۆڤم، ئەگەر فەرمانێکم پێکردن لە کاروباری دینتانەوە وەریگرن، چونکە ئەوەی لە خواوە بێت وپێتانی بڵێم ئەوە هەقە، ئەوەشی لە خۆمەوە بێت ئەوە منیش مرۆڤم ڕاست دەکەم وهەڵەش دەکەم) یان وەک لە ڕیوایەتێکی تر هاتوە (ئێوە بە کاروباری دونیای خۆتان زاناترن) انتم اعلم بشؤون دنياكم!

ئەوەش دەقی ئەو حەدیسەیە کە لە سەحیحیموسلم دا هاتوە: "قدم النبي صلى الله عليه وسلم المدينة، فإذا هم يأبر ون النخل يلقحون النخل

قال: ما تصنعون؟ قالوا: كنا نصنعه. قال لعلكم لو لم تفعلوا كان خيرا. فتركوه،فنفضت، فذكروا ذلك له، فقال: إنما أنا بشر، إذا أمرتكم بشيء من دينكم فخذوا به، وإذاأمرتكم بشيء من رأي فإنما أنا بشر". وشبيه به قول رسول الله صلى الله عليه وسلم:

"إنماأنا بشر، فما حدثتكم عن الله فهو حق، وما قلت فيه من قبل نفسي فإنما أنا بشر أخطئوأصيب."

کەوابوو دەبێت ئەو تیۆرەی سەلەفیەت کە هەموو حەرفێکی پێغەمبەر بە وەحی دادەنێن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، ئەوەتا زانای گەورەی ئیسلام لە سەلەفی وغەیرە سەلەفی دانیان بەو ڕاستیە داهێناوە، چاکترە وابڵێین نەک پێغەمبەر تاوانبار بکرێت بە گوتنی چارەسەری پزیشکی کە ئەزموون وزانست ناکاریگەریەتی بسەلمێنن، دوایی پێغەمبەر خۆی دەفەرموێت: (منیش مرۆڤم ڕاست دەکەم وهەڵەش دەکەم)!!

*** چۆن دەڕوانیتە دەزگای ستاندەر؟ لایەنە باش ونێگەتیڤەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

من لە یەکەم ڕۆژەکانی ستادەردەوە بابەتم بۆ ستاندەر نوسیوە وکاتێ ڕۆژنامەکەش دەردەچوو گۆشەی هەفتانەم هەبوو بە ناوی [ورشەی بیر] کە بەپێی زانیاریەکانی خۆم وکەسانی ناو ستاندەر کاریگەریەکی باشی هەبوو بۆ جوڵانی گۆمی بیرکردنەوەی خەڵک. دەتوانین بڵێین ئەگەر ستاندەر دەنگی ئازادی سەرەکی شاری هەولێرە، لە ڕاستیشدا لە ڕێگای بەدواداچوونی ڕۆژانەم بۆ میدیای کوردی بە گشتی ومیدیای هەولێر بە تایبەتی، دەنگی ئازاد ومینبەری ئازاد کەم دەبینم. زۆربەی زۆری میدیای هەولێر یان سەر بە دەسەڵاتن یانیش میدیای سێبەرن. ئەو جۆرە میدیایە ڕوبەرێکی تەسکیان بۆ دیاری کراوە بۆ بزاوتن لەوە زیاتر ناتوانن بڕ بکەن بۆ دەرەوەی ئەو سنوورە.

**بە نسبەت لایەنی نیگەتیف وپۆزەتیڤیش بەڕاستی زۆرن.**

پۆزەتیڤ ترین خاڵی ستاندەرد ئەوەیە سەلماندی بۆ هەموو لایەک کە دەنگی ئۆپۆزسیۆنی عەقڵانی لە هەولێریش هەیە، لەگەڵ ئەو هەموو فشار ورەفتارە زبرەی حزب ودەسەڵاتی هەولێر، ستاندەرد هەر بەردەوامی بە کارەکانی داوە، وبەشێوەیەکی هاوسەنگانە خزمەتی خۆی پێشکەشی خەڵکی هەولێر وکوردستان کردوە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە. ئەگەر دەسەڵاتی هەولێر کەمێک توانای عەقڵیان بەکار هێنا با دەبوایە زۆر سوپاسی دەزگای ستاندارد بکەن کە هەردەم ئاگاداریان دەکاتەوە لە کەم وکورتیەکان ، بەڵکو هەندێک جار ڕیگا چارەش نیشانی دەسەڵات دەدا بە خۆڕایی!

بەنسبەت لایەنی نیگەتیڤیش بەڕاستی لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکان ومیدیای کوردستان خاڵی سلبی ونێگەتیڤ هەن ستاندەردیش ڕیزپەڕ نییە لەو بارەوە.

بۆ نمونە زۆرجار هەواڵ بڵاودەکەنەوە بێ ئەوەی دلنیابن لەسەرچاوەی هەواڵەکە، هەندێک جار هەواڵەکە جۆرێک کۆمێدیا ئامێزە بەبێ ڕیزگرتنی عەقڵی خوێنەر، بۆ نمونە هەواڵی ئەو نەخۆشخانەیەی کە قەول بوو بەریتانیا بۆ مەلا عەلی کەرەکێ بیکاتەوە!!!! چی لێهات؟ بۆ نەکرایەوە؟ یان هەواڵی تری سیاسیش جاروبار سەرجاوەکان لێڵن یان گومان لێکراون وەک سایتەکانی کە لە خولگەی بەعسیەکان ونەتەوەپەرستەکانی عەرەب دەخولێنەوە، ناکرێت ئەگەر هەر شتێکیان گوت بیگوازینەوە.

خاڵێکی تر کە زۆر سەیرە لەلام ئەوەیە وەک نوسەرێک باسی ئەزموونی خۆم دەکەم، ستاندەرد هەرچەندە دەڵێت کە هەموو کۆمێنتەکانی خوێنەران دەخوێنێتەوە وئینجا بڵاوی دەکاتەوە تا دڵنیا بێت کە جوێن وتەشهیر وقسەی پوچی تێدا نییە، کەچی من دڵنیام کە ئەو کارە یان هەر نایکەن یان زۆر بە ئیهمالەوە دەیکەن ونا مەسولانە جوێن وتەشهیر وسوکایەتی وبەڵکو هەڕەشەش بڵاودەکەنەوە!!

کەسانێکی دەروون نزم ئینجا لەوانەیە بتناسن یان نەتناسن لەبەر غەرەزێکی کەسی لە جیاتی گفتوگۆ ورەخنەگرتن لە بیروراکانت کە ئەوە هەقی هەموو کەسێکە، دێن تا ماندوو دەبن جوێنت پێ دەدەن وقسەی ناشیرین دەکەن وبوختانت بۆ هەڵدەبەستن!!! وەڵاهی قسەی وا نوسراوە بەدەستی خەڵکێکی بێ سەواد وقین لە دڵ لەژێر نوسینەکانم من شەرم دەکەم ئەو قسانە بە دوژمنیشم بڵێم، چ جای نوسەرێک کە بەو پەڕی بێ باکیەوە ڕەخنە لە دەسەڵات وجاروبار ئۆپۆزسیۆنیش دەگرێت دەیان سەریەشە بۆ خۆی دروست دەکات بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا یەک دینار وەرگرێت!!

دەروون نزمێک کە لەقەبی ئیسلامی بەخۆی وەناوە وسەرەڕای ئەو لەقەبە زلەی، لەژێر وتارێکم ئەوەی جوێنە وبوختانە بۆمی هەڵدەبەستێت...

هەر لەو وتارەی ئەو دواییە لەسەر عەلی باپیر، کابرایەکی تری درۆزن دەڵێ گوایە من ریزی باوکم وبرای گەورەم لانەبوە تا باوکم وەفاتی کردوە قسەم لەگەڵی نەکردوە، یان دەڵێن بۆتە مەسیحی وچەندین قسەی بێ سەروبەری تر!! دەوەڵڵاهی شورەییە گوتن وبلاوکردنەوەی ئەو قسانە. من دەزانم ئەوانەی درۆ وبوختان هەلدەبەستن کەمینەیەکی کەمن، بەداخەوە دۆستانمان بەس بە تەلەفۆن وئیمێڵ دەست خۆشیمان لێدەکەن، وەک ئەو نەفس نزمانە و وبێ بەهایانە تاقەتیان نیە دانیشن جوێن ڕیزکەن! بەڵام نابێت ستاندەر وکاک سەلمان کۆچەری، کە گەنجێکی وریا وجێی ئومێدە ، شتگەلێکی وا بڵاوکەنەوە کە جوێن وسوکایەتی تێدا بوو بە شێوەیەکی شەخسی. ئەگەر وابزانن ئەوەش لە ئازادی دەربڕینە ئەوە زۆر بەهەڵەدا چوون! من لە سیاسەت دەنوسم ئەو باسی باوکم وبرام دەکات.. یان بۆ جوێن وهەڕەشەی کۆیلەکانی دەزگا موخابەراتیەکانم بۆ بلاو دەکەیتەوە؟! کاک سەلمان کۆچەری ئەگەر خۆی شتێک بنوسێت ڕێگا دەدات ئەو هەموو سوکایەتیە شەخسیەی بۆ بنوسرێت؟!! بەڕاستی سایتی ستاندەرد کە سایتێکی ڕیزدارە دەبێت ڕێگا نەدات بەو گاڵتە جارییە لە کاری پرۆفێشناڵی میدیایی ناوەشێتەوە.[68]

27/9/2012 سایتی ستاندار

---

[68] 27/9/2012 سایتی ستاندار

## محەمەد هەریری لەدیمانەیەک لەگەڵ(ئیسلام پەیک)

## دەربارەی رابردوو و ئێستای سەلەفیەت دەدوێت

سازدانی دیمانە:دڵشاد هەرتەلی

**محەمەد هەریری نوسەر و رۆشنبیر لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت دا لەگەڵ سایتی(ئیسلام پەیک)دەربارەی رابردوو و ئێستای سەلەفیەت دەدوێت و رایدەگەیێنێت سەلەفیەت زیاتر چەمکێکی زەمەنی و دەروونیە، بەرلەوەی شەرعی بێت و زاراوەی [السلف] وەک ناو لە هیچ ئایەتێکی قورئان نەهاتوە بەو چەمکەی کە سەلەفیەت تێیدەگەن.**

ئاماژە بەوەش دەکات زۆربەی زۆری کوشتارە خوێن ساردەکانی توندرەوە سەلەفیەکان لە تەقاندنەوە و سەربڕین و بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ توراس و کەلەپوری وەهابیەت و دامەزرێنەرەکەی،ئەو رۆشنبیرە لەبەشێکی تری دیمانەکە ئەوە روون دەکاتەوە هۆکاری تەشەنەکردنی سەلەفیەتی وەهابی هەر خودی دەسەڵاتی سیاسی سەقەتی کوردستانە،بۆ ئەوەی بتوانیت وتارێکی هاوتای وتاری دینی سیاسی دروست کات و پێکەوەیان خەریک کات، هاتوە زۆر بە ئاشکرا پشتگیری لە رەوتی مەدخەلیەتی سەلەفیەتی وەهابی دەکات، هەروەها بۆ ئەوەی شەرعیەتی دینیش بەدەست بێنێت، تا سەر ئیسقان سوود لە لێدوانەکانی سەلەفیەتی مەدخەلی وەردەگریت، کە پیشەیان خەساندنی سیاسی وعەقڵی مرۆڤەکانە.

ناوبراو ئەوەش دەخاتەڕوو لە کورستانی عێراقیش ئەمرۆ ئەو پەتایە مەدخەلیانە دەرکەوتوون وەک مامۆستا سعودیەکانیان هەمان پۆخڵەواتی ئەوان و خۆفرۆشی ئەوان و دەبەنگی ئەوان دوبارە دەکەنەوە، وەک کۆیلەی بێ بەها و بێ ساحێب دابەش بوونە بەسەر دوو حزبی دەسەڵاتدار و بانگەشەیان بۆ دەکەن وخەڵک سارد دەکەنەوە لە هەوڵی گۆڕینی وەزعەکە و دەسەڵات.

راشیدەگەیێنێت مەدخەلیەکان وەک خەواریجن لە دژی دیندار و ئازادیخوازان و ئەوانەی هەوڵی گۆڕینی سیستمی دیکتاتۆریەت و شمولیەت دەکەن، و بەتوندترین شێوە هێرشیان دەکەنە سەر و دەسەڵات هاندەدەن لە دژیان، و هەتا ئەگەر دیندارەکان لە دەسەڵاتیش بوون ئەوان بە ئیعازی موخابەراتی سعودی لە دژیان دەوەستنەوە وەک چۆن لە دژی مورسی وەستانەوە و ئەوان لە ریزی پێشەوەی کودەتاچیەکان بوون لە دژی وەلی ئەمریان، چونکە ئەوەی ئەوان دەجولێنێت دین و حەدیس و سونە نییە، بەڵکو فەرمانەکانی موخابەراتی سعودیە! ئێستا داویانەتە پاڵ کودەتاچیەکان و سیسی بە وەلی ئەمر دەناسێن، و بەوپەڕی بێویژدانیەوە هانی دەدەن بۆ کوشتنی خەڵکی دژ بە کودەتا!

هەریری باس لەوەشدەکات ئەمڕۆ دیکتاتۆر و سەرۆک حزبەکان لە هەر شوێنێک بن ئەو مەدخەلیانەیان تەبەنا کردوە و پیسترین کاریان پێدەکەن لە ڕاپۆرت نوسین و بەگرتدانی خەڵکدا، تەنانەت بە کەمالی دەبەنگی و چڵکاوخۆریەوە وردترین ڕاپۆرت پێشکەشی کۆنفراسی وەزیرانی ناوخۆی وڵاتانی عەرەب دەکەن کە تەنها دەزگای موخابەراتین!

**ئیسلام پەیک: سەلەفییەت چییە،و قورئان و سونەت چۆن باسی دەکەن،و سەرەتای سەلەفییەت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟خورافە و دەق پەرستی لای سەلەفییەکان چۆنە؟**

محەمەد هەریری: کێشەی سەلەفیەت ئەوەیە دەیەوێت خۆی چ پێناسەیەکی داناوە بۆ خۆی خەڵکیش بە هەمان پێوەر بۆی بپیوێت، ئەوەش ئەگەر وابێت هیچ گروپ و هیچ حزب و کۆمەڵێک ناتوانیت رەخنە لە بیروڕایان بگریت، بۆ نموونە وەرە پیناسەی حزبی بەعس بخوێنەوە بۆ خۆیان، وەرە گوێبگرە لە فەلسەفەی بەعس، یان پێناسەی کاتۆلیکیەت بخوێنەوە یان نازیزم و هەتا فاشیزم، بزانە خۆیان چۆن ستایشی ڕۆڵی گرنگی خۆیان دەکەن و زەرورەتی بیرۆکەکانیان بۆ مرۆڤایەتی و جیهان،کەچی خەڵک کە کردەوەکانیان دەبینن دەزانن، ئەوانە ڕاست ناکەن لەگەڵ خودی پێناسەکانیان و سەرەڕای بوونی تێڕوانینی پڕ لە کەموکوڕی لەناو پێناسەکان و جیهان بینیان.

ئەگەر بێینە سەر پێناسەی سەلەفیەت، کە دەڵێن: سەلەفیەت مەنهەجی ڕۆیشتنە لەسەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام، کاتێک تێگەیشتنەکان جیاواز دەبن بۆ تەفسیر و ئەحکام ئیسلام و دیاریکردنی مەنهەجیەتی ڕاست، لەو کاتەدا سەلەفیەت دێت بە پشتبەستن بە مەنهەجی سەلەف و سەحابە و شوێنکەوتەکان و شوێنکەوتەی شوێنکەوتەکان،کە چاکترینی ئەو ئومەتەن، و پایەدارترین پایەن و زاناترین و قوڵترین تێگەیشتنیان هەیە بۆ ئیسلام، و زاناترین کەسن بە کار و کردوەکانی پێغەمبەر [د.خ] ڕێگامان نیشان دەدەن!!

ئەوەی شوێنی ئەوانە کەوت سەلەفیە لەهەر شوێنێک و گروپێک بێت. بێگومان کە دێن بەو شێوەیە وەسفی خۆیان دەکەن خەڵکێکی زۆر لەوانەی بێ ئاگان لە مێژوو و لە زانستەکانی ئیسلامدا، بە پاڵنەرێکی عاتیفی و دینی پێیان باوەڕ دەکەن، بێ ئەوەی هیچ کەموکورتیەک هەتا لە خودی پێناسەکە ببینێت. بەڵام کە سەلەفیەت لەلایەن خەڵکانی دیندار و موسڵمانانی تری دەرەوەی ئەو بازنەیە دەڕوانێتە کار و کردەوە و تێگەیشتنی سەلەفیەکان پێناسەی تریان بۆ دەکەن کە بگونجێت لەگەڵ واقیعی حاڵیان،نەک ئەوەی بەخۆیان دەڵێن دەربارەی خۆیان،چونکە وەک کورد دەڵێت کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە!

سەلەفیەت زیاتر چەمکیکی زەمەنی و دەروونیە، بەرلەوەی شەرعی بێت. لە ڕووی زەمەنی و کاتەوە هەر نەوەیەک بە دوای نەوەیەکی ترهات، ئەوە بە شێوەیەکی حەتمی ئەوانەی پێشوو دەبنە سەلەف و بەراییەکانی ئەوانی دواتر بەپێی ڕەوتی زەمەنی، ئەوەش هیچ هونەرێکی بۆ کەس تێدا نیە، بەڵکو یاسای بەڕێوەبردنی بونەوەرە. لە ڕووی دەروونیەوەش هەموو توێژینەوە ئەنترۆپۆلیژەکان دەیسەلمێنن کە هەستێکی زۆر بە هێز هەیە لای مرۆڤە سەرەتاییەکان وتاڕادەیەک مرۆڤ بە گشتی بۆ بە پیرۆز زانیین و گەورەکردن و بەڵکو پەرستنی سەلەف و بەراییەکانی خۆی.

و ئایینەکانی بەراییپەرستی [عبادة الاسلاف] یان پەرستنی پێشینان لە جیهاندا زۆر بەربڵاوە و تا ئێستاش بەردەوامە. بێگومان لە سایەی شۆڕشی مەعریفی و پیشکەوتنی تەکنۆلۆژی لەوانەیە ئەو هەستە بەرەو پوکانەوە و چونەوە قەبارەی سروشتی خۆی بچێت، بەڵام لە ناو مەدرەسەی سەلەفیەتی نصوصي، دەقگەراکان ئەو ئاڕاستەیە تا دێت بەهێزتر دەبێت لەبەر مەنهەجیەتی رەفتارکردنیان لەگەڵ دەق دا.

زاراوەی [السلف] وەک ناو لە هیچ ئایەتێکی قورئان نەهاتوە بەو چەمکەی کە سەلەفیەت تێیدەگەن، بەڵکو جاریک [سلفا ] هاتوە ئەویش لە سیاقی سەرکۆنەکردن نەک ستایش کردن کە لە سورەی الزخرف دەفەرموێت: " **فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفاً وَمَثَلاً لِلْآخِرِينَ** [الزخرف : 56]" لە پێنج ئایەتی تر فعل و کردەی [سلف] هاتوە، کە ئەویش لە سیاقی ستایشکردنەوە نەهاتوە، بەڵکو لە سیاقی لیخۆشبوون لە گوناهی بەرایی دا هاتوە، ئەگەر واز لە کردەوە خراپەکە بهێنێت وەک: "**وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ** ﴿النساء : 22﴾" یان وەک لە سورەتی البقرة دا هاتوە: "**... وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىَ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ ...** **﴿البقرة : 275﴾**"

لە سونەتیشدا تەنها یەک دوو ڕیوایەت هەیە کە ئەویش ئاماژە بەو چەمکە ناکات، لە بوخاری و مسلم هاتوە کاتی پێغەمبەر [دخ] بە فاتیمەی کچی دەڵێت: لە لەفزی موسلیم دا: "**وَلَا أُرَانِي إِلَّا قَدْ حَضَرَ أَجَلِي وَإِنَّكِ أَوَّلُ أَهْلِي لُحُوقًا بِي وَنِعْمَ السَّلَفُ أَنَا لَكِ**" واتە وابزانم ئەجەلم نزیک بوە، وتۆ یەکەم کەسی لە کەسوکارم دەگەیتە لای من ومن چاکترین بەراییم بۆ تۆ!

ئەو فەرمودەیەش باس لە حالەتێکی شەخسی دەکات و دڵنەوایی باوکێکە بۆ کچەکەی کە خەم نەخوات لە مردنی باوکی چونکە ڕاستە من پێشی تۆ لەو کاسە دەنۆشم، بەڵام تۆ یەکەم کەسی بەدوامەوە دێیت لەکەس و کارانم و من چاکترین نمونە و بەراییم بۆ تۆ.

لە حەدیسێکی تری مسندی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ترمذی و سەرچاوەی تریشدا، هەرچەندە بەناوی ئیبراهم و زینب و رقیەی منداڵانی پیغەمبەر هاتوە، دیاری دەدات کە مەبەست لە سەلفی ساڵح هەرکەسێکی باشە کە پێش کەسێکی تر بمرێت، ئەگەرنا چۆن دەبێت سەحابیەک ببێتە سەلەفی ساڵحی خودی پێغەمبەر [د.خ] ئەگەر سەلەفی ساڵح پایەکی مەعنەوی وا گەورە بێت، ئەوە دەبێت پێغەمبەر سەلەفی ساڵحی سەحابە و هەموو موسڵمانانی تربێت، نەک بە پێچەوانەوە سەحابیەک ببێتە سەلەفی ساڵحی پیغەمبەر!! کاتێک یەکێک لە منالەکانی وەفات دەکات [جا ئیبراهم و زینب و رقیە هەرکامەیان بێت] هەرچەندە پێغەمبەر لە ئافرەتێک تورە دەبێت کە دەڵێت: پیرۆزت بێت بە هەشت ئەی عثمان بن مظعون، و دەڵێت: تۆ چوزانی؟! وەڵلاهی من پێغەمبەری خوام نازانم چێم لێدەکرێت،خەڵک بەزەییان بە عثمان دا هاتەوە،بۆیە کاتێک زەینەبی کچی پێغەمبەر وەفات دەکات، پێغەمبەر دەفەرموێت: برۆ بگە بە سەلەفی ساڵح و خێرخوازمان عثمان بن مظعون..!

" لما مات عثمان بن مظعون قالت امرأة : هنيئا لک الجنة عثمان بن مظعون فنظر رسول الله صلى الله عليه وسلم إليها نظر غضبان فقال : وما يدريک قالت : يا رسول الله فارسک وصاحبک فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : والله إني رسول الله وما أدري ما يفعل بي فأشفق الناس على عثمان فلما ماتت زينب ابنة رسول الله صلى الله عليه وسلم قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : الحقي بسلفنا الصالح الخير عثمان بن مظعون الراوي: عبدالله بن عباس المحدث: أحمد شاکر - المصدر: مسند أحمد -خلاصة حکم المحدث: إسناده صحيح"

کەوابوو عثمان یش سەلەفی ساڵحی پێغەمبەر بوو!

ئەوەی تر لە ڕیوایەتەکانی دوایی سێ نەوەکەی یەکەم کە دەڵێن ، کان السلف کذا وکذا، هەمووی لەسەر زمانی خلف هاتوە تەنها ریوایەتێکی ابن عباسی لێدەرچێت کە شوێەواری وضع و هەڵبەستنی پێوە دیارە. ئەو هەستە بە گەورەیی سەلەف وپیرۆزی لە سەردەمی خودی سەلەفەکان یان بەراییەکان وا تۆخ نەبوو، هەتا ئەگەر گوزارشیشی لێکرابێت وا بەو تێڕوانینە پاوانخوازیەی سەلەفیەتی سەردەم نەبووە، لە دیاریکردنی ڕێوشوێنیکی زۆر وتەسک بین بۆ هەرکەسێک بیەوێت بیربکاتەوە، دەبێت بەپێی پێوەری ئەوان بیربکاتەوە.

ئینجا بە نسبەت ئەوەی کە سەحابە وتابعی وتابعی تابیعیەکان چاکترینی ئەو ئومەتن، لەوانەیە بۆمان هەرس بکرێت، بەڵام زیرەکترین و قوڵترین تێگەیشتن لە دەقەکانی ئیسلام لەلایەن ئەوانەوە بێت، ئەوە نە مێژوو و نەواقیع ئەو قسەیە دەسەلمێنێت زۆرجار هەبوە تابیعی زۆر لە صەحابە زاناتر بوە و فەتوای بۆ داوە، هەبوە لە زانایان زۆر لە تابیعی و تابیعی تابیعیەکانیش زیرەکتر بوون، سەحابی هەبوە سورەتە کورتەکانیشی بەڕەوانی لەبەر نەبوە، ناکرێت ئەو قورئانە هەمووی ببەسترێتەوە بە فەهمی سێ جیل و نەوە،وتا رۆژی

قیامەت کەس نەتوانێت تێگەیشتنێکی تری لی هەڵەنجێت، ئایە ئەوە ئەو قورئانەیە کە وەسف دەکرێت لە حەدیسدا [لا تنقضي عجائبه] شتە سەیروسەرسوڕهێنەرەکانی بە کۆتا نایەن!

یەکەم دەرکەوتنی ڕەسمی سەلەفیەت لە سەردەمی عەباسیەکان بوو، وەک کاردانەوەیەکی ڕەشۆکی وعەوامیانە لە دژی مەنهەجی ئەوانەی ڕێزیان بۆ عەقڵ دانا بەرامبەر چیایەک لە نەقل زۆروبۆر، چونکە لەسایەی هەڵئاوسانی نەقڵ و زەبەلاح بوونی بە درۆ وهەڵبەستن بە دەمی پێغەمبەر، ئەشعەری و ماتوریدیەکان ویستیان تا بکرێت پشت بە بەڵغەی موتەواتر وقورئان وعەقڵ ببەستن، نەک هەر دەقێکی ئاحاد بکەنە حەکەم لە خوێن و حەلاڵ وحەرامدا.

دەتوانین بڵێین دامەزرێنەری یەکەمی سەلەفیەت ئەحمەدی کوڕی حەنبەل [١٦٤ –٢٤١ هیجری] کە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر کرانەوەی جیهانی ئیسلامدا بەسەر جیهان و زانستی خەڵکانی تر و بزوتنەوەی وەرگێڕان، ترسێک لەناو خەڵکی عەوام نیشت لەبەر نەتوانینی تێگەیشتن و ئیستیعاب کردنی ئەوەی دەگوزەرێت، بۆیە ئەهلی حەدیس کەوتنە خۆ بۆ کۆکردنەوەی ڕیوایات و حەدیسەکان بەڕاست و هەڵبەستراوەوە، و هەر لەسەرەتادا زیاتر گوزارشیان لە ترس و نیگەرانی و ڕوحی خەڵکی ڕەشۆکی دەکرد، ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا پێیان دەڵێن عەوام.

تا ئەمڕۆش بەڕای من سەلەفیەت لە هەموو مەدارسەکانی تری ئیسلامی موخاتەبەی عەقڵی عەوام دەکات و توانای وروژاندنیانی هەیە بەو وتارە عاتیفی وویژدانیەی کە هەیەتی. ئەوانە لە سەرەتادا ناونران بە قوتابخانەی [ئەهلی حەدیس] کە ئەو ناوە ڕاسترە لە ناوی سەلەفیەت یان اهل السنه والجماعه، ئەوانە ئەو قوتابخانەیە دەقگەرا [نصوصیه] بوون کە دژی بەکارهێنانی ڕاو و عەقڵ وقیاس وتەئویل بوون بۆ تێگەیشتنی دەقەکان، بەڵکو لەبەرامبەر دەقەکانیش تا پێیان کرابێت لە ڕوکەشی دەقەکانەوە وەستاون و عەقڵیان بەکار نەهێناوە، هەتا لە کاتی بوونی دوو حەدیسی جیاواز نەهاتوە بە عەقڵ ترجیحی یان پەسندی یەکێکیان بدا بەسەر ئەوەی تر، بەڵکو هەردوو ڕایەکەی تەبەنا کردوە!

بەڵکو لە حاڵەتی وجودی حەدیسێکی زەعیف و مورسەلیشدا هەر نە قیاس و نە عەقڵی وەرنەگرتوە، یانی حەدیسکی زەعیف کە لەوانەیە هەڵبەستراوی قسەی کەسێکی زەعیف بێت هێشتا باشترە لە بەکارهێنانی عەقڵ وقیاس!! هەتا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە چەند دێرە شیعرێکدا مەنهەجی سەلەفیەتی نصوصی کۆدەکاتەوە کە دەڵێت:

دين النبي محمد آثار نعم المطية للفتى الاخبار

لا تخدعن عن الحديث واهله فالرأي ليل والحديث نهار!!!

دینی پێغەمبەر محەمەد ئاسەوارەکانیەتی [ائەوەی لێی بە جێماوە] ، چاکترین پشت بۆ کاسێک ئەخبارە، فریوتنەدەن لە حەدیس وهەڵگرانی، چونکە [ڕا] شەوە و حەدیس ڕۆژە!!!

قۆناغی دووەمی دامەزراندنی سەلەفیەت لەسەر دەستی ئیبن تەیمیە [ - ٧٢٨] بوو، کە لە کۆتایی خەلافەتی عەباسی دەرکەوت پاش ڕوخانە بەناوبانگەکەی بەغدا لە ٦٥٦ هیجری، کە جیهانی ئیسلامی سەرتاسەر توشی ڕاچڵەکاندنێکی سەرسام کرد و خەڵک بە دوای هۆیەکان دەگەڕان، لە گەرمەی ئەو ساتە مێژویانەدا ئیبن تەیمیە دەرکەوت وزۆر بە گەرمی کەوتە دەستنیشانکردنی ئەوانەی –بەرای ئەو– ببونە هۆی ڕوخانی بەغدا وخەلافەتی ئیسلامی عەباسی، ئیبن تەیمیە ئەهلی بیدعە بە سۆفی وجەهمیە وموعتەزیلە وقەدەری وباتینیەکان وفەیلەسوفەکانیش بە هۆی سەرەکی ئەو ڕوخانە دەستنیشان کرد، وتوانی بەو خیتابە حەماسی وعاتیفیەی کاربکاتە سەر بیرکردنەوەی خەڵکێکی زۆر وبیانکاتە دوژمنی هەموو ئەوانی ئەو ناوی نابوون بە ئەهلی بیدعە!

سەلەفیەت لەسەر دەستی ئیبن تەیمیە گەیشتە لوتکەی تەواوبوونی وەک مەزهەبێک، هەرچەندە ئیبن تەیمیە بنچینەی دژایەتی نێوان خۆیان وەک سەلەفیەت و ئەوانی تر توندتوڵتر کرد، بەڵام لەژیانی خۆیدا هێز و توانایەکی وای پەیدا نەکرد وەک ئەحمەدی کوڕی حەنبەل یان وەک محمدی کوڕی عبد الوهاب تا بتوانێت زۆر لە بیروڕاکانی بخاتە بواری جێبەجێ کردن کە گرنگترینیان چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ غەیری سەلەفیەکان. چونکە زۆربەی ڕا توندەکانی ئەمڕۆ بۆتە دەستوری حەرەکاتی سەلەفی جیهادی کە ئەو هەموو کارەساتە ونامرۆییە بەرهەم دەهێنێت کە دەیبیین وچۆن بۆتە هۆی دزێوکردنی خودی ئیسلام.

دوایی لە قۆناغی سێیەمدا محمدی کوڕی عبد الوهاب وەک دامەزرێنەری سێیەمی سەلەفیەت دێتە ژماردن بەڵام وەک پێشتر باسم کردوە، ئەو کەسە نە لە ئاستی نیازپاکی و تەقوا و حەز بە نەرشتنی خوێنی خەڵکی، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو، نە لە ئاستی زانستی ئیبن تەیمیە بوو، نە وەک ئەوان نزیک بوو لە مەڵبەندێکی شارستانی گەورەوە وەک بەغداد و دیمەشق، بەڵام هەل و مەرجەکە بۆی لەبار بوو کاتێ هاوپەیمانیەکی بەست لەگەڵ خانەوادەیەکی بەدەوی کەس نەناسی وەڵ ئالی سعود، و توانی لەڕێگای پەلکیشکردنی عەشیرەتە بەدەویەکانی تری نەجد خەڵکێکی زۆر بە پاڵنەری تالان و برۆ کۆبکاتەوە، و بە دڵەقترین شێوە

تیۆرەکانی خۆی جێبەجێ بکات بەسەر موسڵمانانی غەیرە وەهابی، بە تەکفیرکردنی سەرتاسەر و داواکردن لێیان بە بونەوە موسڵمان و لە کۆتاییشدا بە کوشتنیان.

بەڕای من زۆربەی زۆری کوشتارە خوین ساردەکانی توندرەوە سەلەفیەکان لە تەقاندنەوە و سەربڕین و بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ توراس و کەلەپوری وەهابیەت و دامەزرێنەرەکەی، ئەوەی مێژووی ابن غنام بخوێنێتەوە سەری سپی دەبێت، لە وەسفکردنی خەڵکی گوند و شارۆچکەکان بە [مشركين] و لە بەتاڵان بردن و کوشتنیان و دەست بەسەر ژن و منداڵەکانیان داگرتنیان، وەک بڵێی شەڕی پێغەمبەر و کوفاری قورەیشە!

**ئیسلام پەیک: خەسڵەتە دیارەکانی تەوژمی سەلەفییەت چین؟بۆچی توندن لەگەڵ فرقە و مەزهەبە ئیسلامییەکانی غەیری خۆیان؟**

محەمەد هەریری: وەک گوتمان خۆیان بە جۆرێک باسی خۆیان دەکەن، کە واقیع شتی تر دەڵێت، ئەوان خەسڵەتە دیارەکانیان دەبینن لە:

١- تەوحیدی الربوبیە والوهیە واسماء وصفات.٢- پێشخستنی نەقڵ بەسەر عەقڵ. ٣- شوێن کەوتنی سەلەفی سالح ٤- تەزکیەکردنی ڕۆح [التزكية]. ٥- جەنگ دژی بیدعە وهتد...

بەڵام لە واقیعدا دەبێت بەرلەوەی وەسفی خەسڵەتە سەرەکیەکانیان بکەین دەبێت بزانین باسی کام سەلەفیەت دەکەین، کە خۆیان لە دوو تەوژمی سەرەکی دەدۆزنەوە، کە سەلەفیەتی دەعەوی و سەلەفیەتی جیهادیە.

کەسانێک دەڵێن هەرچۆنێکی بێت سەلەفیەتی دەعەوی چاکترە لە سەلەفیەتی جیهادی خوێنڕێژ و سەربڕ و تەکفیرکەر. لەوانەیە لە ڕوێکدا وابێت، بەڵام لە ڕووی تردا هەردوکیان زیانی زۆر گەورە بە تاک و کۆمەڵ و بواری فیکری وسیاسی و زانستی مرۆڤەکان دەگەینن. ڕاستە تەوژمی جیهادی سەلەفی زۆربەی تیۆرە سەلەفیەکان وەگەڕ دەخات و دەیخاتە بواری جێبەجێ کردن بۆ نمونە فەتوای [التترس] ی بەناوبانگی ئیبن تەیمیە کە لە پەنایدا سەدان و هەزاران موسڵمان دەکوژن، کە ڕێگا دەدات بە کوشتنی موسڵمانان ئەگەر دوژمن کردنی بە قەڵغان، بەڵام ئەمڕۆ سەلەفیەی جیهادی هەموو جیهانی لیبوە بە دوژمن بە موسڵمانانەوەش تەنها ئەگەر لە دەرەوەی بازنەی ئەواندابن، بۆیەش هەرگوێشی پێنادەن چەند کەس دەکوژرێن ناکوژرێن گەورەترین قەسابخانە ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی دڵیشیان خورپە بکات، ئەگەر بتەوێ ڕادەی ئیستهتاریان بەخوێنی موسڵمانان بزانیت، ئەوە باسی خوێنی ئەوانیتر هەرناکەین کە ئەوانیش حورمەتی خۆیان هەیە، بەس

بڕوانە ئەو فیلمەی کە لەسەر نەخوشخانەکەی یەمەن ئاشکرابوو، بڕوانە چەند بێباکانە دکتۆری ژن و پیاو و نەخۆشی پیر و منداڵ و جاحێڵ دەکوژن.

کاتێ دیینە سەر سەلەفیەتی دەعەوی و دەعوەت، ئەوە بە پێچەوانەی ئەوانە، ئەو جیهادیانەیان پێ تەکفیریە و بەڵام چۆن ئەوان حوکامەکان بە کافر و زەندیق دەزانن، ئەوە سەلەفیەتی دەعەوی بە پێچەوانەی ئەوان بە وەلی ئەمر وواجیبی تاعەتیان دەزانن و دەرچوون لە دژیان بە حەرام دەزانن وهەتا ستەمییان لێکردی و مالیشیان لێ زەوتکردی و زانایەکیان بەو دواییە وتی هەتا هەتکی ناموسیشی کردی!!!

لە کۆنەوەش خاوەنێ طبقات الحنابلي القاضي ابو يعلي دەڵێت: حەنبەلیەکان سێ جۆرن:

جۆرێکیان زاهیدن خەریکی نوێژ و ڕۆژوون، جۆرێکی تر خەریکی نوسین و فیقهن، جۆری سێیەمیان شەق دەوەشێنە هەموو کەسێکی جیا لە خۆیان!! طبقات الحنابلة ٧٦/٣.

بۆچی توندن بەرامبەر کەسان و مەزهەبەکانی تر؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەر فیکرەیەک کە خۆی بە هەقی سەرتاسەر زانی و خەڵکی تری سەرتاسەر پێ هەڵە بوو، ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە. کاتێک ئەلبانی پێی وابێت خوا دامەزرینەری سەلەفیەتە، و کاتی سەلەفیەت بەپیی بڕوای نەبزواوی تەنها خۆیان [فرقەی ناجیە] ن لە نێوان ئەو ٧٣ تیرەیەی کە لە ئیسلامدا دەیتەوە بەپیی حەدیسێک، کەوابوو بەشێوەیەکی تۆماتیکی ئەوانی تر هەموو دەچنە خانەی گومراییەوە. کەوابوو توندوتیژیەکە لە ئالیەت و میکانیزمی بیرکردنەوەی سەلەفیەت سەرچاوە دەگرێت، بۆیە من پێموایە کێشە نیە سەلەفی جیهادی بیت یان مەدخەلی و دەعەوی چونکە هەردوکیان یەک میکانیزمی عەقلی و ئیمانی دەیانبات بەرێوە. یەکیان خوێنی مرۆڤ بە هەدەر دەدات، ئەوەی تر مرۆڤایەتی مرۆڤ بە هەدەر دەدات بە ڕوتکردنەوەی لە عەقڵ و پەکخستنی ئەو نیعمەتە گەورەیەی خوا، و بە ملکەچ پێکردنی بۆ هەر ملهوڕێک و تاغیە و دیکتاتۆرێک.

توندی نواندن لە لەبزەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە کوشتن و خوێن هەدەر کردن، هەرچەندە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل زۆر هەڵوێستی باشی لێدەگێڕنەوە لەمەر تەبایی و هاوژیانی لەگەڵ کەسانی تر هەتا لەگەڵ شیعە بەرایەکانیش کە لەسەر دەستی هەندێکیان هەتا خوێندویەتی لەوانەش تليد بن سليمان المحاربي، ابو عبدالرحمن الكوفي، کە ئەحمەد دەربارەی دەڵێت: ان مذهبه التشيع ولم ارى به بأسا!!

باسی کەسێکی شیعی بەناوی عبدالرحمن بن صالح دەکەن کە سەردانی ئیمام ئەحمەدی دەکرد، و ئەویش نزیکی دەکردەوە، پێیان گوت: ئەی باوکی عبدالله ئەوە رافزییە، لەوەڵامدا گوتی: سبحان الله، کەسێک

کەسانێکی خۆش دەوێت لە خانەوادەی پێغەمبەر [ص] پێیان بڵێین خۆشیانت مەوێ؟ ئەو سیقەیە. تاریخ بغداد ٢٦١/١٠

بەڵام هەر سەلەفیەکانیش دەیان وسەدان ڕیوایاتی وا لە ئیمام ئەحمەدەوە دەگوێژنەوە کە جەخت دەکات لەسەر تەکفیر و تفسیق وتبدیع زانایانی گەورەی ئیسلام چ جای خەڵکی ئاسایی!

ئیسلام پەیک: ڕۆڵ و نفوزی سەلەفییەتی نوێ(وەهابییەت)لە عالەمی ئیسلامی دا چۆنە؟

محەمەد هەریری: محمدی کوری عبدالوهاب [١٧٠٢-١٧٩١ م] بۆ ماوەی دوو سەدە ئەو دەعوەتە سەلەفیە وەهابیەی دەست پێکردبوو، بەڵام کاریگەریەکەی هەر لە جوغزێکی جوگرافی بچوک بوو، ئەوە سەرەڕای کاردانەوەیەکی گەورەی لە دژدا هاتە ئاراوە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامدا، و کتیبێکی زۆر نوسرا لە ڕەتدانەوەی بیروڕاکانی وەهابیەت و پوچەڵکردنەوەی بیروبۆچونیان، هەڵوێستی جیهانی ئیسلام لە وەهابیەتی بەر دۆزینەوەی نەوت زۆر جیایە لە وەهابیتی پاش دۆزینەوەی نەوت. ئەگەر وەهابیەتی بەر دۆزینەوەی نەوت هاوشانی خەواریج و فیرقەیەکی ماریق لە ئیسلامدا دەناسرا لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامدا، بەڵام وەهابیتی پاش دۆزینەوەی نەوت چیرۆکێکی ترە، پاش دەستکەوتنی داهاتی نەوت، دام و دەزگای دەوڵەتی سعودی و دەزگا ئایینیەکان لە هەوڵێکی چڕ و پڕدان بۆ گەیاندنی دزێوترین و بۆگەنترین نوسخەی سەلەفیەت بۆ هەموو جیهانی ئیسلام، بەڵکو دەرەوەی ئەو جیهانەش لە ئەوروپا و ئەمریکا.

لە غیابی عەقڵ و ئازادیدا، ئێستا وەهابیەتی سەلەفی توانیەتی دەسەڵات و نفوزی بەرچاو بە دەست بهێنێت لە زۆر لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامدا وەک میسر و جەزائیر و لیبیا و سوریا و ئەفغانستان و پاکستان و چەندین وڵاتانی تر.

ئەگەر میسر بە نمونە وەرگرین، کە مەڵبەندی ئەهلی سونە و جەماعەیە لە ڕێگای ئەزهەرەوە وەک دەزگایەکی ئیسلامی میانڕەو، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت، چۆن لە نێوان چەند ساڵێکدا دەتوانرێت ئەو هەموو خەڵکە لە دەور بیرۆکەیەکی وا نامۆ وتوندڕەو بە مێژوو و بە ڕوحی تەساموحی میسری ئەزهەری کۆبکرێتەوە. وەک چەندین نوسەری میسری ناوداریش ئاماژەیان پێکردوە، ئەوەی خەرج دەکرێت لەو هەڵمەتە سەلەفیەدا لە سەرووی بۆچوونی عەقڵدایە، سەرەڕای بوونی هەژاریەکی بەرفراوان لە میسر، و هەژاری و برسێتیش وەک دەڵێن کافرە.

هەروەها سەرەڕای هاریکاری حکومیش، چونکە زۆر لە حکومەتەکان وادەزانن لەبەرئەوەی ئەوانە دژی ئیسلامیەکان و ئیخوانن بە تایبەتی، و لەبەر ئەوەی دەزانن ڕێشمەی ئەو سەلەفیەتە دەعەوییە لە دەستی

حکومەتی سعودیەیە کە هەڵگر و پارێزگاری دەعوەی وەهابیەتی سەلەفییە، بۆیە ئاسانە کۆنترۆڵکرنی، هەرئەوەش بوو کە موبارەکی هاندەدا چاوپۆشی لە هەموو چالاکیەکانی سەلەفیەکان دەکرد و چەندین دەزگای میدیایی و کەناڵی ئاسمانییان هەبوو شەو و ڕۆژ خەریکی بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی سەلەفیەت بوون، بەڵام ئەوەی ئەو سیاسیە نەزانانە نایزانن ئەوەیە کاتێک ئەو سەلەفیەتە بانگخوازییە، کە باوەشێکی سروشتییە بۆ سەلەفیەتی جیهادی، و دەگۆڕێت بۆ تەقاندنەوە و کوشتن و بڕین و سەربڕین و خۆتەقاندنەوە، ئەوکاتە کۆمەڵگا و ئەو حزبە سیاسیە دووڕووانە یەکەم زیانمەند دەبن.

**ئیسلام پەیک: سەلەفییەت لە کوردستان چۆنە؟**

محەمەد هەریری: بێگومان لە کوردستانیشدا سەرەڕای نامۆیی ئەو کلتورە وەهابیەتە بە کۆمەڵگا و هەستی ئایینی جوان و میانڕەوانەی زۆربەی خەڵک بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەلەفیەتی وەهابی توانیویەتی تا رادەیەک شوێن پێی خۆی بکاتەوە بە چەندین شێوە ورێگادا:

یەکەم ئەگەرچی کوردستان بەراورد ناکرێت لەڕووی ئابووریەوە بە میسر و ولاتانی تری هەژار، بەڵام ساڵانی قات و قڕی وئابڵۆقەی ئابووری ڕۆڵێکی کاتی گێڕا لەو بوارەوە، ئینجا نەبوونی مەناعەتی دینی دەزگای دینی کە بە هیچ جۆرێک بەرگری لە قەناعەتی ئایینی خەڵک ناکات لە خەوی غەفڵەت دەژی.

ئینجا لاوازی هەڵوێستی بزوتنەوە ئیسلامیەکان دەربارەی تەشەنەکردنی سەلەفیەتی وەهابیەتیش، بەڵک بوونیان بە زەمینەیەکی لەبار بۆ تەشەنەکردنی ئەو بیرە، هۆیەکی سەرەکی بڵاوبونەوەی سەلەفیەت بوو، لە کوردستان بۆ نمونە باسی کۆمەڵ و بزوتنەوەی کۆن هەرناکەم، بەڵکو بابێین باسی ئیخوانەکان بکەین، کە بە حیساب تەبەنای فیکری میانڕەوی ئیسلامی دەکەن، کەچی لەبەر شەرمۆکی و سیاسەتبازی و خاوەخاوی خۆیان تا ئێستا نەمان دیت تەنها نامیلکەیەکیش لە بەرپەچدانەوەی فیکری توندڕەویدا بنوسن.

مەلاکانیشمان لەبەر بی توانایی فیکری و دارایی و نەبوونی هوشیاری ئایینی بێ خەم لێی دانیشتوون، ئەوە باسی هەڵویستی کۆمەڵ و جوڵانەوەکانی تر هەرناکەین کە بە کەماڵی ڕاحەت دەرگایان خستۆتە سەرپشت بۆ توندترین فۆرمی سەلەفیەتی وەهابی و دەیان موفتی سەلەفیەتی لەناودا دروست بوە، خودی کۆمەڵ لەکاتی بۆنەکاندا وەک کۆنگرە و هەڵبژاردن هێندەی خەریکی موغازەلەی سەلەفیەکانە نیو هێندە خەریکی جەماوەری گشتی نییە، دواییش دەڵێت بۆ هیچ ناجێتە پێشەوە و لەبەرچی توشی حاڵەتی چەق بەستن بوە؟!!

پێویستە ئەو جوڵانەوەیەی کە کاردەکات لە چوارچێوەی هەر جوگرافیایەکی تایبەت،ڕەچاوی تایبەتمەندی ئایینی و مەزهەبی و کلتوری ئەو شوێنە بکات، نەک بە فیکر و مەزهەب و جیهانبینیەکی نامۆ مامەڵەی خەڵک

بکەیت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی کاردانەوەی توند و خراپ لەلایەن خەڵکەوە، و ئینجا دروستبونی رق و قینەیەکی زۆر بەرامبەرت لەلایەن خەڵکەوە.

هۆکاری تری تەشەنەکردنی سەلەفیەتی وەهابی هەر خودی دەسەڵاتی سیاسی سەقەتی کوردستانە، کە ئەمڕۆ بۆ ئەوەی بتوانیت وتارێکی هاوتای وتاری دینی سیاسی دروست کات و پێکەوەیان خەریک کات، هاتوە زۆر بە ئاشکرا پشتگیری لە رەوتی مەدخەلیەتی سەلەفیەتی وەهابی دەکات، هەروەها بۆ ئەوەی شەرعیەتی دینیس بەدەست بێنێت، تا سەر ئیسقان سوود لە لێدوانەکانی سەلەفیەتی مەدخەلی وەردەگریت، کە پیشەیان خەساندنی سیاسی وعەقڵی مرۆڤەکانە.

**ئیسلام پەیک: هۆکاری کاسەلێسی و دەرباری زانایانی سەلەفی بۆ دەسەلاتە نا دیموکرات و زاڵمەکان چیە؟بۆچی هەموو شتێکی باش لە خەڵک و ئیسلامیەکان حەرام دەکەن،بەڵام هیچ کاتێک ئامادەنین لەسەر کارێکی ناشەرعی بەرامبەر بە دەسەڵاتە ستەمکارەکان قسە بکەن،هۆکاری ئەمە چیە؟**

محەمەد هەریری: چەندین هۆکاری هەن، هەندێکیان خودین و هەندێکیان بابەتی، هوکارە خودیەکان بریتیین لە تێڕوانین و هەڵوێسی سەلەفیەت بە گشتی لە دەسەڵاتداران، کە بە هەموو شێوەیەک دژی هەر دەرچون و خروجێکن لە دژی دەسەڵاتدار، جا با ئەو دەسەڵاتە چیت پێدەکات بیکات، با بتگریَ، با ئەشکەنجەت بدات، با بە قامچی پشتت دارزێنێت، با ماڵ وموڵکت داگیر بکات، با بتکوژی، با هەتکی ناموست بکات، هەر بۆت نیە بڵێی لەل، هەتا بۆت نیە رەخنەی لی بگریت بە ئاشکرا، بەڵکو دەبێت لە دانیشتنی تایبەتدا بێت، و بۆشت نیە خۆپیشاندان بکەیت چونکە حەڕامە و سەلەفی ساڵح نەیانکردوە، ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤانە هەمووی ڕەوایە سەرەرای هاڤدژبوونی لەگەڵ بچوکترین مافی مرۆڤدا و چونکە سەلەفی ساڵح یان مەدرەسەی سەلەفیەت لەسەردەستی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دا ئەو هەڵوێستانەی بە شەرعی ناساندوە.

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام دووچاری دەرهاوێشتەیەکی سەقەتی تری فیکری سەلەفی هاتووە بە دەستی مەدخەلیەکان یان جامیەکان. فیکری ناهەوسەنگ بەوە دەناسرێتەوە کە هەردەم پەرگیرە یان لەو پەڕی توندی دایە یانیش لەوپەڕی نەرمکێشی تا ڕادەی خۆ بەدەستەوەدان. ئەگەر لەو هاوکێشەیە قاعیدە وهاوشێوەکانی ئەوسەری توندرەوی بگرن بەکارە توندوتیژەکانیان، ئەوە مەدخەلیەکان لاکەی تری هاوکێشەکە دەگرن بە خۆ خستنە بەر خزمەتی دیکتاتۆر وفیرعەونەکان بە کەمالی ئاسودەیی ویژدانەوە.!

ئەو فیکرەیە دەڵین دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩١ لە کاتی روداوەکانی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراق، بەڵام من پێموایە مێژووی ئەو ئاڕاستەیە هەلپەرست و خۆفرۆشە زۆر لەوە کۆنترە دەتوانرێت لە

ڕەفتاری چەندین کەسایەتی مێژوویی بفامرێتەوە، دەڵێن کاتێ سعودیەش هەستی بە هەڕەشەی سوپای عێراق کرد، لە مەتبەخی موخابەراتی سعودی ئەو جەماعەتە دروستکرا لەسەر دەستی کابرایەکی ئەسیوبی [حەبشی] بە ناوی محمد امان الجامي کە بە دان پیهینانی لایەنگر و خودی مەدخەلیەکان هەر خەریکی ڕاپۆرت نوسین بوە لە دژی شێخەکانی تری هێڵی چاکسازی لەوانەی ڕەخنەیان هەبوو لە دەوڵەت و هەوڵی چاکسازیان دەدا، بۆیەش کاتێک پرسیار دەکەن لە عبدالعزیز العسکری مەدخەلی لە کاستێکی تۆمارکراودا دەربارەی حوکمی کارکردن لەگەڵ موخابەراتدا، لە وەڵامدا دەڵێت:

جا زیانی چیە ئەگەر لە موخابەرات کارت کرد و دەوڵەتت پاراست لە تێکدەران و خاریجیەکان [مەبەستی ئەوانەی باوەریان بە خروج دەرکەوتن هەیە لە دژی دەوڵەت]!! خۆزگە موخابەرات و دەزگا جاسوسیەکانی خۆرهەڵات لە پیناو بەرژەوەندی خاک و نیشتیمان و هاوڵاتی دەبوون، ئەو کاتە دەکرا لەو حەماسەتە تێبگەین بۆ کارکردن وەک جاسوس و ڕاپۆرت نووس، بەڵام کەس نیە نەزانێت بە مەدخەلیەکانیەوە کە ئەو دەزگایانە کاریان تەنها پاراستنی حاکم و دەسەڵاتدار و سەرکوتکردنی میللەتە.

**لیرەدا پرسیارێک بەرۆکی سەلەفیەت و مەدخەلیەت دەگرێت: ئەگەر دەرچوون حەرام بێت لە دژی فەرمانرەوا هەرچیشی کرد، کەوابوو دەبێت ئەو مەدخەلیانە یەکەم جار سەرکۆنە و ئیدانەی دەرچوونی ئیمام احمدی کوڕی حەنبەل لە دژی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی دا، کە سەرەڕای بوونی هۆکارێکی زۆر بۆ دەرچوون لە دژی جەوروستەمی عەباسیەکان، کەچی ابن حنبل لە پێناو کێشەیەکی لەفزی و تەرەفی وەک کیشەی [خلق القرآن] دەرچوو، ئایە ئەوە عصیان و دەرچون نەبوو؟!**

**ئیسلام پەیک: خۆپیشاندان بە حەرام دەزانن بەرامبەر بە حاکمی وڵات ئەگەر زاڵمیش بێت،بەڵام ئامادەن پشتگیری حاکمی زاڵم بکەن بۆ لادانی سەرۆکیکی شەرعی هەڵبژێراو بەتایبەتی لە میسر،رای تۆچە لەم بارەوە؟**

محەمەد هەریری: مەدخەلیکان ئەمرۆ بە ساویلکەیەکی لە ڕادەبەدەر هاتونەتە ناو گۆرەپانی ڕوداوەکان ناشیرینترین ڕۆڵ دەبینن لەو کێشمەکێشەی لە نێوان گەلان و دیموکراتخوازان لەدژی گەندەڵکاران و ستەمکاران دەبینن. مەدخەلیەکان وەک خەواریجن لە دژی دیندار و ئازادیخوازان و ئەوانەی هەوڵی گۆڕینی سیستمی دیکتاتۆریەت و شمولیەت دەکەن، و بەتوندترین شێوە هێرشیان دەکەنە سەر و دەسەڵات هاندەدەن لە دژیان، و هەتا ئەگەر دیندارەکان لە دەسەڵاتیش بوون ئەوان بە ئیعازی موخابەراتی سعودی لە دژیان دەوەستنەوە وەک چۆن لە دژی مورسی وەستانەوە لەناو ئەو هەموو وەلی ئەمرە فەرمەسۆنانە بەس

مورسی یان بە وەلی ئەمر نەزانی، بە پێچەوانەی تەحریمکردنیان بۆ دەرچوون لە دژی وەلی ئەمر، ئەوان لە ریزی پێشەوەی کودەتاچیەکان بوون لە دژی وەلی ئەمریان، چونکە ئەوەی ئەوان دەجولێنێت دین و حەدیس و سونە نییە، بەڵکو فەرمانەکانی موخابەراتی سعودیە! ئێستا داویانەتە پاڵ کودەتاچیەکان وسیسی بە وەلی ئەمر دەناسێنن، وبەوپەڕی بێویژدانیەوە هانی دەدەن بۆ کوشتنی خەڵکی دژ بە کودەتا!

**ئیسلام پەیک: بڕوایان بەپێکهێنانی حیزب و بەشداریی سیاسی نییە و زیاتر جەخت لەسەر کاری بانگەواز دەکەنەوە، بۆ نموونە لە کوردستان و وڵاتانی تر کە حاکمەکەی عەلمانی بێت،سەلەفیەکان حیزبایەتی بە ناشەرعی دەزانن،بەڵام لەو وڵاتانەی کە ئیسلامیەکان تیایدا زۆرینەن،حیزب دروست دەکەن بۆ دژایەتی ئیسلامیەکان بۆ نمونە لە میسر و تونس و یەمەن کە حیزبی سەلەفیان دروست کردووە،چ نهێنییەک لەم دوو فاقیەیان هەیە.؟**

محەمەد هەریری: ئەوانە وەک گوتمان لەڕووی دینیەوە بیروبۆچونیان ژەهراوی بوە بە تیۆرە سەقەتە سیاسیەکانی سەلەفیەت، کە هەتا پاکانەی بۆ ناکریت بۆ سەردەمی خۆشی، ئەوانە وەک جارێک ئاماژەم پێکرد مورجیئەن بۆ دەسەڵاتداران لە نەرم و نیانی و هینانەوەی هەموو عوزرێک بۆیان، با هەر تاوانیکیش ئەنجام بدەن دژی مرۆڤایەتی و دینیش، کەچی لای ئەوان هەر وەلی ئەمر و تاعەتی واجیبە و حوکمی سەرکەوتوو بە هێز واجیبە و رەوایە. هەر بۆیەش ئەمڕۆ دیکتاتۆر و سەرۆک حزبەکان لە هەر شوێنێک بن ئەو مەدخەلیانەیان تەبەنا کردوە و پیسترین کاریان پێدەکەن لە ڕاپۆرت نوسین و بەگرتدانی خەڵکدا، تەنانەت بە کەمالی دەبەنگی و چڵکاوخۆریەوە وردترین ڕاپۆرت پێشکەشی کۆنفراسی وەزیرانی ناوخۆی وڵاتانی عەرەب دەکەن کە تەنها دەزگای موخابەراتین!

شوهرەتی خەدەماتی خۆفرۆشیان هێندە ناوبانگی داوەتەوە سەنتەری قەڵاچۆکردنی تیرۆریزم Combating Terrorism Center ڕاسپاردە دەکات بۆ حکومەتی ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردنی مەدخەلیەکان و بەکارهێنانیان لە شەڕی دژی تیرۆریزم!![69]

لە کورستانی عێراقیس ئەمرۆ ئەو پەتایە مەدخەلیانە دەرکەوتوون وەک مامۆستا سعودیەکانیان هەمان پۆخڵەواتی ئەوان و خۆفرۆشی ئەوان و دەبەنگی ئەوان دوبارە دەکەنەوە، وەک کۆیلەی بێ بەها و بێ ساحێب دابەش بوونە بەسەر دوو حزبی دەسەڵاتدار و بانگەشەیان بۆ دەکەن وخەڵک سارد دەکەنەوە لە هەوڵی گۆڕینی وەزعەکە و دەسەڵات زیاتر هان دەدەن بە قسە سواوەکانیان کە پڕاوپڕن لە زەلیلی و

[69] http://www.ctc.usma.edu/

خۆبەدەستەوەدان و هەقی موتڵەق پێدانیان، ئەگەر بە دەست ئەوان بێت جەوێکی سوڵتانی دەخوڵقێنن کە تیایدا هەموو شتێک تەحریم و حەرام دەکەن: حزبایەتی و هەڵبژاردن و سنوردارکردنی سەرۆکایەتی و رەخنەگرتن بە ئاشکرا و هەتا دوایی. ئەگەر مەدخەلیەت لەناو عەرەبدا دژی هەقیقەتی دین بن، ئەوا لەناو کوردا دژی ئەخلاق ورەوشتی کوردیشن کە دژە بە سەرشۆڕی و جاسوسیەت و ماستاو کردن بۆ دەسەلاتداران.

جا هەر لە سۆنگەی ئەوەی سەر بە دەزگای زەبەلاحی موخابەراتی سعودیەن، چۆنیان بویَ وا دەیانجوڵێنن، لەکاتی شۆڕشی میسر حزبی نور فەرمانی بۆ هات بە بەژداری نەکردن لە خۆپیشاندانەکان، ئەوانیش نەیانکرد، دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەر حازری، فەرمانیان بۆ هات بە بەژداری کردن لە هەڵبژاردنەکان بۆ دزێوکردنی ئەزموونی سیاسی دەسەلاتی نوێی بەهاری عەرەبی کە ئامانجێکی گەورەی سعودیەیە، ئەوەبوو بەژداریان کرد وتا توانیان ڕووی ئەو دەسەلاتەیان دژێو کرد بە رەفتار و کارە قەبیحەکانی دەرەوەی مێژوویان، دوایی کە هەوڵی کودەتا درا، دیسان فەرمانیان بۆ هات بۆ بەژداری کردن لە کودەتاکە، دەنا من لەو باوەرەم کە بنکەی جەماوەرییان زۆربەی دژی ئەو خۆفرۆشیە بوون، بەلام کە فەرمان هات لە سعودیە ئیتر تەواو دەبێت بیکەن. دەبوایە ئیخوان لە میسر و نەهزەش لە تونس زۆربەتوندی بوەستبانەوە بەرامبەر هەوڵەکانی سەلەفیەت بۆ تەشویهکردنی شۆرشەکانیان، بەلام لە میسر بەداخەوە تا ئاخیر نەفەس کاری خۆیان کرد، لە تونسیش کەمێک هوشیاری زیاترە و نەرمە بەرگریەک هەیە لە دژیان کە بۆ وریایی غەنوشی و ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی تونس دەگەڕێتەوە.

**ئیسلام پەیک: لەرووی کۆمەلایەتیشەوە بونەتە هۆی ئاڵۆزی و تێکدانی شیرازەی خێزان،ئەوەی لەبازنەی فکیری خۆیان نەبێت لەگەڵی هەڵ ناکەن و تا ئاستێک بە حەرامیشی دەزانن سلاوی لێبکەن، چونکە لەسەر رێبازی ئەوان نییە؟**

محەمەد هەریری: ئەو ئاڕاستە زۆرەی لە قسە و فەرمانی باوکانی سەلەفیەت لە دورکەوتنەوە لە ئەهلی بیدەع و بەژداری نەکردنی لە هیچ خۆشی وناخۆشیەک، و دابرانی و تێکەڵ نەبوون لە ڕووی کۆمەلایەتی لەگەڵی بە ژن و ژنخوازی حەتمەن ئەوە ئەنجامی دەبێت: سەدان و هەزاران دەقی سەلەفیمان لەبەردەستدایە کە داوا لە شوێنکەوتانی دەکات هەتا بەڕووی کەسانی جیاواز لە خۆیان پێنەکەنن و بەوپەڕی زبریەوە مامەڵەیان بکەن تۆ بڕوانە بۆ تەکفیر و قسەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەرهەق بەزانایەکی وەک ئەبو حەنیفە کە لە دەیان سەرچاوەی سەلەفیەتەوە باس دەکرێت، تۆ بڕوانە بۆ هجرکردن و پەیوەندی پچڕانی ئەحمەدی کوڕی

حەنبەل بکە لە پاش بەربوونی لە زیندان لەگەڵ کەڵەزانایانی حەدیسی وەکو علی بن المدینی و یحی بن المعین، هەر لەبەر ئەوەی وەک التقیە دانیان بە مەسەلەی خەڵقی قورئاندا هێنا!

وەک لە سەرچاوەیەک خوێندمەوە کاتی خۆی لە بەغداد ئەگەر لەسەر تەفسیری ئایەتێک سەدان کەسی لەسەر بێتە کوشتن دەبێت وەزعی ئەو کۆمەڵگایە چی بێت کە کەسانێکی وا بەڕێوەی ببەن؟!

لە کتێبی (مسائل الامام احمد بن حنبل واسحاق بن راهوية) شتێک دەگێڕنەوە لە الاعمش کە زانایەکی گەورەی سەلەفیەت و ئەهلی حەدیسە واتە لە باوکانی دامەزرێنەری سەلەفیەتە، ئەو ڕوداوە گوزارش دەکات لە ڕادەی ڕق و قینیان بەرامبەر خەڵکی موسڵمانانی تر با لە ئاستی زانایەکی گەورەی وەک ئەبو حەنیفەش بێت: دەڵێن ئەبو حەنیفە کە دەزانێت (ئەعمەش) نەخۆش کەوتوە سەردانی دەکات و بەو پەڕی ڕەوشتی بەرزیەوە پێی دەڵێت:

ئەگەر بارگرانیت بۆ دروست نەکەم هەموو ڕۆژێک دەهاتمە سەردانت، ئەعەمەش لە جیاتی ئەو ڕەوشتە بەرز و شارستانییەی ئەبو حەنیفە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: بەخوا تۆ بارگرانی بەسەر من هەتا کاتێک لە ماڵەکەی خۆت دانیشتویت!! ئەی چۆن دەبێت ئەگەر سەردانم بکەیت؟!!! [والله انک لتثقل علي وانت في منزلک فكيف اذا عدتني] کە سەلەفیەکی ئاسایی فەقیر شتگەلی وەها دەخوێنێتەوە و یان بۆی باس دەکەن چۆن سەلامیش لە برای خۆشی نابڕێت بە پێوەری عەقیدەی وەلا و بەڕا والحب في الله والبغض في الله؟!!

کەواتە غەڵەتەکە لە خودی سەرچاوەکانی سەلەفیەتە بە گشتی و سەلەفیەتی وەهابی بە تایبەتی کە ئەو شتە نێگەتیڤانە تادێت زەقتریان دەکاتەوە.

**ئیسلام پەیک: بۆچی مەولود بە خورافیات دەزانن،بەڵام ئامادە نین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕاستەوخۆ باس لە ناشەرعی بونی یادی مەسیح و نەورۆز و مەراسیمی سەری ساڵ بکەن.؟**

محەمەد هەریری: ئەو گروپە توندڕەوانە چونکە کیشە و مەسائیلی گەورە خەریکیان ناکات ناچار هەر پەنا دەبەنە بەر ئەو بابەتە بچوک و ئاساییانە، لە تاريخ بغداد [١٢١/٥] دا هاتوە کە لە ساڵی ٣١٧ هیجری فیتنەیەکی زۆر گەورە لە بەغداد ڕووی دا لە نێوان لایەنگرانی ابوبكر المروزی الحنبلي و خەڵک بە گشتی کە سەدان کەسی تیایدا کوژرا بەس لەسەر تەفسیری ئەو ئایەتەی کە دەڵێت:[عسى ان يبعثك ربك مقاما محمودا] جەمەعاتی کابرای حەنبەلی دەیانگوت واتە خوا پێغەمبەر [د.خ] لەگەڵ خۆی لەسەر عەرش دادەنێت، کەچی خەڵک بە گشتی دەیانوت ئەوە مەبەستی شەفاعەت پێدانە!!! توخوا لەسەر قسەگەلێکی وا ئەوەندە دەهێنێت سەدان کەس خوێنی تێدا برژێت؟! ئێستاش عەقڵیەتی سەلەف کە لە ڕابردوو دەژیت دەیەوێت هەمان شەڕ و

کێشە بێ مەعنا و بچوکەکانی زیندوو بکاتەوە، جیهان خەریکی پێشکەوتنی زانستی بن ئێمەش لەسەر تەفسیری ئایەتێک یان حەدیسێکی ئاحاد دوژمنایەتی یەکتر بکەین و خوێنی یەکتر بڕژینین.

ئیسلام گەورەترین هێرش و هەڵمەتی میدیایی گەورەی لەسەرە لەبەر رقی ناحەزەکانی و لەبەر کردەوە قێزەونە نامرۆڤییەکانی کەسانێک لە ئەتباعەکانی، یادکردنەوەی سەرتاسەری رۆژی لە دایک بوونی پێغەمبەر بە سرود و شیرینی بەخشینەوە ئاوڕدانەوەیەکی شارستانیانەیە لە پێغەمبەری ئیسلام کە شەو و ڕۆژ دوژمنانی و دۆستە نەزانەکانی ناوی دەزڕێنن، ئەگەر ئەو یادەش نەکرێتەوە کێ مەودای خۆشەویستی خەڵک دەزانیت بۆ ئیسلام و پێغەمبەرەکەی، یان دەیانەوێت بەس لە بۆنەی تەشهیرکردن پێیدا بێینە وەڵام و هاتوهاوار و نیشاندانی توندوتیژی و سوتاندنی دامودەزگاکان؟! بەڕای من شانازیەکی زۆر گەورەیە بۆ هەولێر کە ئەو یادەی دامەزراند و پێویستە ببێتە ڤیستیڤاڵێکی ئایینی ئیسلامی هەموو وڵاتانی ئیسلام بەژداری تێدا بکەن، و دەبێتە سەروەریەکیش بۆ کوردستان و شاری هەولێر.

ئینجا بۆ سەلەفیەکان ئامادە نین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕاستەوخۆ باس لە ناشەرعی بونی یادی مەسیح و نەورۆز و مەراسیمی سەری ساڵ بکەن؟ ئەوە سەلەفیەت سەرتاسەر ئەو بۆنانە بە ناشەرعی دەزانن، هەندێکیان کە خۆیان کردۆتە موفتی لەناو حزبە ئیسلامیەکانەوە جاڕی حەڕامبونی مەولود و نەورۆز دەدەن، هەندێکی تر وەک سەربەخۆش هەرواى دەبینێت، بەڵام سەلەفیەتی مەدخەلی سوڵتەوی، لەبەر دڵی دەسەڵات ناوێرێت باسی هەموو بۆنەیەک بکات، چونکە دەزانێت دەسەڵات نەورۆز بە ڕۆژێکی گرنگ دەزانێت، ئیتر ئەویش ناوێرێت ڕقی دەسەڵات ببزوێنێت و بیدەنگی لێدەکات، هەمان شت بە گوێرەی بۆنەکانی تر. مەبەستم نیە لەو باسە کە نەورۆز بە ناشەرعی بزانم، چونکە لە چەندین وتار باسی ڕەوایەتی نەورۆزم کردوە کە هیچ ناشەرعیەکی تێدا نیە و هەموو زانایان و شاعیرە موسڵمانەکای کورد شیعر و قسەی خێریان دەربارەی گوتوە.

**ئیسلام پەیک: چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی نفوزی سەلەفییەت؟**

محەمەد هەریری: کەمکردنەوەی نفوزی سەلەفیەت بە واتایەکی تر یانی کەمکردنەوەی بارگرژی دەروونی و جەستەیی لەسەر کۆی جەستەی کۆمەڵگادا، ئەگەر هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنیەکان سەلەفیەت بناسن وەک خۆی ووەک سەرچاوەیەک بۆ نانەوەی پشێوی و گۆبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی، وەک هۆکارێک بۆ دواخستنی کۆمەڵگا و گەڕانەوە بۆ شەڕە بەسەر چوەکان و زیندوکردنەوەی کلتوری شەڕەکانی سەردەمی کەرخ و رەسافەی بەغدای عەباسی، هەرگیز بەرامبەر کەس پشتگیری لەو حاڵەتە ترسناکە ناکەن

بەسەر کۆی ئاشتی مەدەنی کۆمەڵگا. چاکترین ڕێوشوێنیش وەرگرتن بۆ کەمکردنەوەی نفوز و هەژموونی سەلەفیەت ئەوەیە:

دەبێت دەزگاکانی خوێندنی ئایینی تەرکیز بکاتە سەر بنچینە فکرییەکانیان و ئارگیومەنتی لە تەکدا بکات و پوچەڵی کاتەوە لە مەنهەجەکانی خوێندن. دەبێت قوتابی پەروەردە بکرێت بە عەقڵیەتێکی رەخنەگر و دوور لە تابۆکاری و دانانی هەزاران سنوری دەستکرد. پێویستە دەزگا میدیاکای ئیسلامی و ئەگەر تواندرا دەزگاکانی تریش تەرخان بکرێت بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسی توندڕەوی ئەوەی ناویان ناوە سەلەفیەت، و سەلماندنی کە ئەو مەنهەجەی ئەوان ناویان ناوە بە سەلەفیەت، مەنهەجێکی گوڵبژێرییە و سەدان و هەزاران دەق هەیە کە زۆربەی مەقولاتەکانیان لە بنەڕەتەوە ڕیشەکێش دەکەن.

پێویستە ئەو دەزگا و حزبە دینیانە بڵاوکراوە بەرهەم بێنن لە هەموو ئاستەکان بۆ پوچەڵ کردنەوەی بیروبۆچوونە توندڕەوەکان و ئەوانەی دەبنە مایەی کێشەنانەوە و خوێن ڕشتن و پشێوی لەناو وڵاتدا. هەروەها دەبێت کەسانی میانڕەو بکەنە کەسایەتی پرس پێکراو و موفتی و بڕیاردەر لەناو حزبەکان، نەک پەنجا موفتی سەلەفی دروست بکەیت لەناو حزبێکی بچوکدا، دواییش بانگەشەی میانڕەوی بکەیت، کاری وا بکەن کە لە هەموو پێوەرێکی عەقڵی وئایینی دور بێت.

پێویستە مامۆستا ئایینیە میانڕەوەکانیش هەڵسن بە ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بۆ ڕونکردنەوە مەترسیەکانی ئەو بیرە بە شێوەیەکی زانستی ورێک وپیک نەک بە شێوەیەکی عاتیفی ونا زانستیانە. گرنگی دان بەو نوسینانەی کە لە ڕەخنەی سەلەفیەتی وەهابی دا نوسراوە وهەوڵدانی وەرگێرانی کتێب وتوێژینەوەی پەیوەست بەو باسە، بۆ زیاتر سود وەرگرتن لێیان.

# دیمانەیەک لەگەل ڕۆژنامەی باس[70]

## محەمەد هەریری چاودێری ئیسلامی سیاسی بۆ باسنیوز دەدوێت

**سەرەتا دەمانەوێ ئەوەمان بۆ روونبکەیتەوە تاچەند حزبی ئیسلامی بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان گونجاوە؟**

محەمەد هەریری : حزبی ئیسلامی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر قازانجی بۆ گروپێکیش بێ، بێگومان زیانی هەیە بۆ زۆربە، چونکە کاردەکات لەسەر پۆلێن کردنی خەڵک بۆ ئیسلامی و نا ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی فۆرم و دیدو نۆرمی دینی بە سیاسیکراو، هەتا لە زۆر لەو نێوەندانەی حزبە ئیسلامییەکان کار بەوە گەیشتوە پەیوەندیان زۆر سارد و سڕ دەکەن لەگەڵ خەڵکانی نا ئیسلامی و بەڵکو هەتا ژنە ژن خوازیش تەنها لە ناو بازنەکەی خۆیان دەکەن، زۆرجار بازنەی ئیخوانی کچێکی بە ڕوا نابینێت بۆ کوڕێکی کۆمەڵ، یان سەلەفییەک کچێکی ناداتە ئیخوانییەک کەلای ئەو عەقیدەی تەواو نیە !

لە ڕووی سیاسیشەوە بەرای من بە سیاسیکردنی دین لایەنی نیگەتیڤی زۆر زۆرترە لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی، یەکەم هوشیاری مەدەنی ودیموکراسی زۆر دوا دەخات، گەنجان لە جیاتی خەریکی خەباتکردن بن بۆ داواکاریە سەرەکیەکانی نەتەوەکەیان ومافی مرۆڤ و چەمکە دیموکراتییەکان، زیاتر خەریکی زیندووکردنەوەی چەمکە دینیەکان و پۆلێن کردنی خەڵک بۆ کافر و موئمین و فاسیق و بیدعەچی و شتی ترن.

**ئەی بە بڕوای ئێوە تاچەند حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان هۆکاربوون بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی؟**

محەمەد هەریری : بێگومان ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان پێش و پاشی دروست بوونی ئەو حزبە ئیسلامیانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە ڕوونی هەست بە بوونی توندڕەویەکی زۆر دەکەیت لە دوای دروست بوونیان .لەبەرئەوە بەڕای من ئەگەر ئەو حزبە ئیسلامیانە زیاتر وەکو پرۆژەیەکی خێرخوازی و هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریان کردبا بۆ بڵاوکردنەوەی بەها باڵاکانی دین وەکو خۆشەویستی نیشتیمان، دژایەتی گەندەڵی و دزی و تاڵان، نەخواردنی حەڕام و چاکبوون لەگەڵ کەس وکار و هاوسێکانت، وەکو گروپێکی فشاری مەدەنی وکۆمەڵایەتی کاریان کردبا باشتر ئەنجامی پۆزەتیڤیان دەبوو

70 ٢٠١٥/٤/٤

ئەی ئێستا ژمارەیەک بانگخواز پەیدابوون بەردەوام قسەکانیان وادەخوێندرێتەوە کە ژەهر دەرژێننە کۆمەڵگە و خەڵک بۆ توندوتیژی هان دەدەن، بۆچوونی ئێوەچۆنە

محەمەد هەریری :بەداخەوە مەلا و بانگخوازە توندڕەو و شەڕانگێژەکان، توانیویانە نەوەیەکی عاتیفی بێ مستەوا و دەمشڕ و هەڕەشەکەری وا دروست بکەن، هەر یەکێکیان بۆ خۆی مەشروعی داعشێکە، ئەگەر لەو ڕێگایە بەردەوام بن، کە ئەو تەرزە مەلا و بانگخوازە شەڕانگێژانە پێیان گرتوون !

ڕۆژانە گرتە ڤیدیۆکانیان لە سایتەکان و لە تۆڕی فەیسبوک و تویتەر دەبینین کە ژەهر دەرژێننە ناو کایەکانی کۆمەڵگاوە، بێگومان ئەو جۆرە وتارانە توندوتیژی دەچێنێتەوە، کە تۆ گووتت ئافرەتی بێ سەرپۆش کافرە، ئارەق خۆر کافرە، نوێژنەکەر کافرە، ئەشعەری کافرە، شافیعی کافرە، شیعە کافرە، ئێزیدی کافرە، مەسیحی کافرە، هتد... چۆن خەڵک دووچاری توندوتیژی نابێتەوە؟! ئەو حاڵەتە دەبێت بە یاسایەکی توند و لە ژێر چاودێری کەسانێکی دڵسۆز وپسپۆر لە وتاری دینی کۆنترۆڵ بکرێت، نەک ئەوقافێکی وا سارد وسڕ، کە کەس نازانێت کاری چیە؟، دەبێت سزای زۆر توند دەرکەن بۆ داخستنی دەمی وتاربێژە توندڕەوەکان

**لەو چوارچێوەیەدا تاچەند قسەو بۆچوونەکانی د.عەبدولواحید مەترسییە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی؟**

محەمەد هەریری : بەڵێ وتارەکانیان مەترسیەکی گەورە دروست دەکەن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای کوردستان. ئەو وتارانە لە هەر وڵاتێکی تریش بێت هەمان مەترسی دروست دەکەن، بەڵام لە کوردستان مەترسی زیاترە لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی و بە دوژمن تەنراوی چواردەورەمان، بۆیە هەر لاوازکردنێکی ڕیزی نیشتیمانی، نانەوەی هەر پشێویەک لە نێو کۆمەڵگا بە زیانی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە، بڵاوکردنەوەی هەر بیروفیکرەیەکی توندڕەو نامۆ بە پرنسیپەکانی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ زیانێکی گەورە بە کوردستان دەگەیەنێت .کاتێ عەبدەلواحید ئەو ڕوئیا توندوتیژانەی دەخاتە ڕوو لە دژی خەڵکانێکی عەلمانی و ئێزیدی ومەسیحیەکانی و غەیری ئەوانیش بە ئاشکرا بێگومان زیان لە ڕیزی کورد دەدات بەرامبەر دوژمن! دەسەڵاتی کوردی تەنها شانازیەکی هەبێت لە جیهاندا ئەو لێبوردەییە بەرامبەر فرە نەتەوەو فرە ئاینەکان، عبدالواحید دەیەوێت وەکو وڵاتانیتر بێت دژی غەیرە موسڵمان بێت بە ڕیوایەتگەلێک، کە داعشیش پشت بەو ڕیوایەتانە دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی.بێگومان هەر عەبدلواحید نییە لەو مەیدانە، لەویش ترسناکتر هەیە، مەترسیەکەش هێندە لە قسەکان نییە، ئەوەندەی لە ساویلکەیی دینی خەڵکی کوردستانە کە زۆر کوێرانە بە گوێی قسەی مەلا و بانگخوازەکان دەکەن.

**ئەی ئیخوانەکان دەڵێن سەلەفییەکان قۆناخێکی پێش داعشن، واهەست دەکەین ئێوەش وای دەبینن؟**

محەمەد هەریری : لە واقیعدا سەلەفیەت لە دوو تەوژمی سەرەکی پێک دێن، کە سەلەفیەتی دەعەوی و سەلەفیەتی جیهادیە. سەلەفیەتی جیهادی بە چەک داعشێکن بۆ خۆیان، سەلەفیەتی بانگخوازی و بێ چەکیش پرۆژەی داعشێکی داهاتوون. کەسانێک دەڵێن هەرچۆنێکی بێت سەلەفیەتی دەعەوی چاکترە لە سەلەفیەتی جیهادی خوێنرێژ و سەربڕ و تەکفیرکەر .لەوانەیە لە ڕوێکدا وابێت، بەڵام لە ڕوێکی تردا، سەلەفیەتی دەعەوی هەموو ژێرخانێکی داعشبوونی تێدایە، هەمان ڕوئیەی دینی و هەمان تەفسیر وهەمان زانا و هەمان سەرچاوە و دەق پیرۆز دەکەن .هەردوکیان زیانی زۆر گەورە بە تاک و کۆمەڵ و بواری فیکری وسیاسی و زانستی مرۆڤەکان دەگەینن .

**(باس)- ئەی بەهەمان شێوەش ئیخوانەکانیش قۆناخەکانی پێش داعشبوونن؟**

محەمەد هەریری : من ئیخوان بە داعش نازانم، بەڵام بە لاوازیان دەزانم بەرامبەر وتاری دینی داعش، ئیخوان لە 1928 وە تا ئێستا نەیتوانی خوێندنەوەیەکی مەرجەعی وفیقهی و عەقیدی میانڕەوانەی تایبەت بە خۆی بکات و بڵاویکاتەوە لە نێوان ئەندامان و کۆمەڵیشدا .بۆیە لە زۆر وڵاتانی خەلیجی وعەرەبیدا، هەتا لە کوردستانیش، ئیخوانەکان دەکەونە ژێر ئیسلامبینی سەلەفیەتی توندڕەو زۆرجار بەرگەی مانەوەشی لەناو ئیخوان نامێنێت، چونکە سەلەفیەت ئیخوان بە لادەر لە عەقیدە و ئاسانگیر دەزانێت!

بۆ نمونە ئیخوان تێگەیشتنی تایبەتیان نییە بۆ سونە، بۆ سەحابە، بۆ تەفسیر، بۆ دابەزاندنی دەق لەسەر واقیع. لە زۆر لەو چەمکانە لە ترسی سەلەفیەت تەبەنای هەمان ڕوئیە دەکەن. کە سەلەفیەکی کۆمەڵ لیدوانیدا دژی بوونی ئافرەت لەسەر تەلەفزیۆنی کۆمەڵ، هێندەی نەبرد ئیخوانەکانی یەکگرتووش شکستی هەڵبژاردنیان خستە ئەستۆی دەرکەوتنی ئافرەتانی سەر سکرینی تیڤیەکانیان وچەند دانەیەکیان لێ دەرکردن! وەعزبێژی سەلەفی پڕی میدیاکانی ئیخوانن بە کوردستانیشەوە

**بەڵام ئەی بوونی پاشگری ئیسلامی بە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە، بە ئەوانەی ئیخوانیشەوە تاچەند فێڵکردنە لە خەڵک و کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بەمەرام و بەرژەوەندی سیاسە؟**

محەمەد هەریری : من لە بنەڕەتدا لەگەڵ بوونی هیچ حزبێکی دینی نیم، وا هەست دەکەم دین بچوک کردنەوەیە دامەزراندنی حزبێک بە ناوی دینەوە، بێگومان بوونی ئەو پاشگرانەی ئیسلامیش بۆ ختووکەدانی هەستی جەماوەرە، چونکە بەکارهێنانی ئیسلام وەک مارکەی تۆمار کراو بۆ هەر گروپێک، وەک ئەوەیە تۆ لۆگۆی کۆمپانیایەکی زۆر گەورە وناودار بۆ کارێکی بچووکی خۆت قۆرخ بکەیت، بەبێ داواکردنی مۆڵەت لەو

کۆمپانیا ناوداره، که لێرەدا مەبەستم هەموو خەڵکە. خەڵک هەمووی خۆی به ئیسلام دەزانێت به گشتی، بۆیه پێویست ناکات تۆ حزبێک دابنێیت ئەو ناوه گشتیەی لێ بنێیت.

**(باس)- کەوابێت لەگەڵ ئەوەدان بەپرۆژە یاسایەک حزبی ئیسلامی له کوردستان قەدەخه بکرێت؟**

محەمەد هەریری : به ڕەچاوکردنی ئەو هەموو ئەزموونه نوشست هاتووانەی حزبه ئیسلامیەکان له سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، باشترین چارەسەر ئەوەیه که به یاسا دامەزراندنی هەر حزبێکی دینی قەدەغه بکرێت، لەوانەیه بڵێن ئەی بۆ ئاک پارتی و نەهزەی تونسی سەرکەوتوو بوون؟! ڕاستیەکەی ئەو دوو حزبه به تایبەتی ئاک پارتی ئەردۆگان تەنها باگراوندێکی ئیسلامی هەیه و به ئاشکرا دەڵێن ئیمه ئیسلامی نین، نەهزەش لەو ڕێگایه زۆر نزیک بۆتەوه له قاوغی حزبیکی ئیسلامی دەرچێت، لەبەرئەوه بەڕای من له قۆناغی پاش داعش و هێوربوونەوەی جیهانی ئیسلامی، زۆربەی وڵاته ئیسلامیەکان بیر له دەرکردنی یاسایەک دەکەنەوه بۆ قەدەغەکردنی حزبی ئیسلامی و دینی به گشتی، بۆیه چاکتره خۆیان هەوڵی گۆڕانی خۆیان بدەن به هەنگاونان بەرەو حزبی سیاسی ومەدەنی بێ ئایدیۆلۆژیەتی دینی.

٢٠١٥/٤/٤

# دۆسیە| ریفۆرمی ئایینی چییە و کەی و چۆن ئەنجام دەدرێت؟

محەمەد هەریری، توێژەر لە فکری ئیسلامی

میللەت

## بەشی یەکەم

توێژەرێی لە فکری ئیسلامی دەڵێت، "ماقوڵ نییە بە درێژایی هەزار وچوارسەد ساڵ هەموو ئەحکامەکان وەک خۆی بمێنێتەوە"!، هەروەها دەپرسێت، ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات؟

محمەد هەریری توێژەر لە فکری ئیسلامی لە جاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ میللەت ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە "ئەو دەقانەی بەر لە هەزار وچوارسەد ساڵ ژیان و موعامەلات و عیباداتی خەڵکی دامەزراندوە، دەبێت لەگەل تێپەڕبوونی کاتدا وگۆڕینی سەردەمدا چۆنیەتی بەرخورد کردن لەگەڵ ئەو دەقانەدا بگۆڕێت".

ناوبراو پێیوایە لایەنی عیباداتیش پێویستی بە ریفۆرم هەیە و دەڵێت:"ڕیفۆرمی ئایینی دەبێت زیاتر کاری دەستەجەمعی و کەسانی سەربەخۆ و زۆر شارەزا لە فەرهەنگی دینی و دنیایی بیکەن. دەبێت ئەو کارە لە دەستی دەزگا کلاسیکیە دینیەکان دەربکرێت

بە بڕوای محەمەد هەریری کورد زەخیرەیەکی مێژوویی باشی هەیە لە بواری ڕیفۆرمخوازی ئایینی لە مەولانا خالید و مەلای گەورەی کۆیە و نورسی و زەڵمی، دەکرێت لەسەر بیروڕاکانی ئەوانەوە بنیات بنرێت و ڕیفۆرمێکی چاک بکرێت بە سود وەرگرتن لە هەموو هەوڵە ڕیفۆرمخوازەکانی جیهانی ئیسلام. ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە دەقی چاوپێکەوتنی تایبەتی "میللەت"ە لەگەڵ محمەد هەریری:

**میللەت: سەرەتا بابپرسین ریفۆرمی ئایینی چییەو کەیو چۆن ئەنجام دەدرێت؟**

محەمەد هەریری: ڕیفۆرمی دینی کارێکە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات و گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆڤایەتی و زانستی دێتە کایەوە. بۆ نمونە بارودۆخی کۆمەڵایەتی زۆر لە داب ونەریتە دینیەکان یان دەخاتە ژێر فشار بۆ گۆڕین، یانیش هەر تێی دەپەڕێنێت. وەک دەزانین قورئان لە ٢٣ ساڵدا دابەزیوە، ١٣ ساڵی لە مەککە، و ١٠ ساڵی مەدینە، لەو دەساڵەی مەدینەدا کە ئایەتەکانی ئەحکام و معامەلات دابەزیوە، چەندین ئایەت بە ڕای زۆربەی زانایانی ئیسلام نەسخ کراوەتەوە لە پێناو گۆڕانی واقیعدا و هێنانەدی بەرژەوەندی موسڵمانان، ماقوڵ نییە بە درێژایی هەزار وچوارسەد ساڵ هەموو ئەحکامەکان وەک خۆی بمێنێتەوە !

**ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات؟**

ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئایەتانەی کە باس لە نەسخبوونی دەکرێت، دەقێکی ڕوون وئاشکرای لەسەردا نەهاتووە کە لە زەمەنی پێغەمبەر [د.خ] نەسخ کراوەتەوە، زیاتر ڕای ئەسحابە و ئیمام و فەقیهە گەورەکانی پاش وەفاتی پیغەمبەرە؟! کە نەسخ پاش وەفاتی پێغەمبەر [د.خ] بڕیاری لەسەر دراوە، ئەی بۆ تەنها کە نۆرەی سەردەمی ئێمە هات وتیان نابیت دەست بۆ نەسخ ببرێت؟ !

بەڕای من نەسخ زۆرجار وەک کردەیەکی ڕیفۆرمی کراوە، وەک نەسخی دەستبڕین لە کاتی قات وقڕییدا، یان پارەدان بە سەرۆک هۆزانێک بە ناوی مؤلفة قلوبهم، یان قەدەغەکردنی دابەشکردنی زەویەکانی فەتح کراودا بەدەستی عومەری کوڕی خەتاب. ئەوانە هەمووی نەسخ وڕیفۆرمن لە هەمان کاتدا. هەندێ نموونەی تر وەک بوونی کۆیلایەتی کە نە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نە مرۆڤایەتی و نە کلتوری یونیڤێرساڵی قابیلی قبوڵ نییە، بۆیە پێویستە ڕیفۆرمی ئایینی لەو بوارە بکرێت!

یان بە بەرد ڕەجمکردن، یان دەستی تاوانبار بە دزی بڕین، ئەمڕۆ کارێکی قبوڵکراو نییە، ئەوەی دەشیکات وەک سعودیە و تاڵیبان و داعش دووچاری ڕەخنەیەکی زۆروزەبەند دەبێتەوە! ڕیفۆرمی ئایینی زۆربەی دینە بەناوبانگ و سەرەکیەکان تەمەنیان لە دوو هەزار ساڵ کەمتر نییە، ئیسلامیش هەزارو چوارسەد ساڵە تەمەنی، ئەو دەقانەی کە بەر لە هەزار وچوارسەد ساڵ ژیان و موعامەلات و عیباداتی خەڵکی دامەزراندوە، دەبێت لەگەل تێپەڕبوونی کاتدا وگۆڕینی سەردەمدا چۆنیەتی بەرخورد کردن لەگەڵ ئەو دەقانەدا بگۆرێت.

جارێ موعامەلات لە ڕێگای فیقهێکی واقیعیانە و سەردەمیانە دەبێت زۆر چاوی پیدا بخشێندرێتەوە، کەس کێشەی نییە لەو بارەیەوە، بەڵام کیشەکە لەوەیە ئایە لایەنی عیباداتیش پێویستی بە ریفۆرم هەیە؟! بەڕای من بەڵێ. بۆ نمونە لە عیبادەتی ڕۆژوو گرتن، کاتێ یەک مانگی ڕەمەزانی تەواو دەکەوێتە ناو گەرما وتینی هاوین، ماوەی ڕۆژوو گرتنەکە دەگاتە ٢١ سەعات لە هەندێک شوێن و وڵات، باشە کەس دەتوانێت نکوڵی کاریگەری تەندروستی بکات لەسەر تەندروستی ڕۆژووگران؟ !

نەک هەر تەندروستی، کاریگەری ئیمانیشی هەیە، مرۆڤ بە ٢١ سەعات ڕۆژوەوە تووشی بیزاری و وشک بوون و مەلولی دێت، هەرچەندە لە شەرمی خەڵک دەریشی نەخست. کەوابوو دەبێت ڕۆژووگرتن لەو مانگە ریفۆرمی تێدا بکرێت ئەگەر ڕێکەوتی هاوینی کرد.

**هیچ ئاماژەیەک لەو ئایاتانە نییە داوا لە موسڵمانان بکات لە یەک ڕۆژدا خوێنی ملیۆنەها ئاژەڵ بڕژێنن وبیکاتە یەکێک لە شەعائیرەکانی ئیسلام!**

عیبادەتێکی تری وەکو قوربانی، باشە زانیمان چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیل [د.خ] لە قورئان هاتوە، پاش ئەوەی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم کردوە ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێ، کە لێی خۆش بووە بەرانێکی کردۆتە قوربانی وەک چیرۆکە کە هاتووە لە سورەتی الصافات لە ئایەتی ٨٣ بۆ ١١٣.

**وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ* قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ* إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ* وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ* وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ *سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ* كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ* إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ** {الصافات:104 :111} وەک دەبینین هیچ ئاماژەیەک لەو ئایاتانە نییە داوا لە موسڵمانان بکات لە یەک ڕۆژدا خوێنی ملیۆنەها ئاژەڵ بڕژێنن وبیکاتە یەکێک لە شەعائیرەکانی ئیسلام !

بیهێنە بەر چاوت، ئەگەر ئەو ملیۆنەها ئاژەڵە سەرنەبڕان لە یەک ڕۆژدا، و بەخێوکران و خزمەتکران بەپێی پێویست سوودیان لێ وەرگیرا باشتر نییە، هەتا نابێتە هۆی دابەزینی نرخی گۆشتیش کە لە وڵاتانی ئیسلامی هەردەم لەسەرەوەیە؟ !دەکرێت وەک پێغەمبەر یەک قوربانی دەکرد و دەیگووت ئەوە لە بۆ هەموو ئومەتی ئیسلام، کە دەڵێن شای مەغریب یش داوای لە خەڵکەکە کردوە ئەو ملیۆنەها ئاژەڵە سەرنەبڕن، زیان لە سامانی ئاژەڵی نەدەن، و خۆی قوربانیەکی سەربڕیوە لە جیاتی هەموو میللەتی مەغریب.ئەو حەدیسانەی لەو بارەیەوەش هاتوون زۆر پێچەوانەی یەکترن و پڕن لە هاڤدژی .

ئینجا لە بیرمان نەچێت سەربڕینی ئەو هەموو ملیۆن ئاژەڵە لە ناو شارەکان و کوچە وکۆڵانەکان، وفڕێدانی پاشماوەی لاشەکانیان بەو شیوە پیس و ناشارستانیە دەبێت بیرێکی نوێی لێبکرێتەوە. باشە گوتمان سەربڕینی قوربانی لەسەر حاجی لە حەج واجیبە، ئەو هەموو ملیۆن موسلمانە بۆ لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و خەریکی قوربانی کردنن؟!

جگە لەوەش وێنەی موسڵمانان زۆر دزێو دەبێت کاتێ لە یەک ڕۆژدا خەریکی سەربڕین و خوێن ڕشتنی ملیۆنەها ئاژەڵ دەبن، چونکە ئەو جۆرە قوربانیکردنە وخوێن ڕشتنە بە ڕووبار لە شەعائیری دیاناتی وەسەنی نزیکە، پێویستە ڕیفۆرمی تێدا بکرێت. هەروەها کاریگەری خوێنڕشتن و سەربڕینی ئەو ئاژەڵانە لە کوچە وکۆڵانان کاریگەری زۆر نێگەتیڤی دەبێت لەسەر منداڵان و لاوان، ڕایان دەهێنێت بە دیمەنی خوێن ڕشتن، لە ئەنجامدا نابنە خاوەن سایکۆلۆژیەتێکی تەندروست.

**ڕیفۆرم دەبێت کەسانی بوێر بیکەن، نەک هێندە ترسنۆک بێت نەوێرێت قال و قیلەیەکیش ڕەتبکاتەوە!**

**میللەت: دەبێت کێ بە ریفۆرمی ئاینی هەستێت و لەم پرسەدا، کێ یان کام گرووپ و توێژ، ئەرکی گرنگیان وە ئەستۆ دەکەوێت، حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێت لە کوێی ریفۆرمی ئاینیدابن؟**

محەمەد هەریری: ڕیفۆرمی ئایینی دەبێت زیاتر کاری دەستەجەمعی و کەسانی سەربەخۆ و زۆر شارەزا لە فەرهەنگی دینی و دنیایی بیکەن. دەبێت ئەو کارە لە دەستی دەزگا کلاسیکیە دینیەکان دەربکرێت، چونکە ترسنۆک و بێ جورئەتن لەبەردەم دەقدا، مانگێک بیر لە حەدیسێکی زەعیف دەکاتەوە نازانێت چی لێبکات !

ڕیفۆرم دەبێت کەسانی بوێر بیکەن، نەک هێندە ترسنۆک بێت نەوێرێت قال و قیلەیەکیش ڕەتبکاتەوە! ڕیفۆرمی دینی دەکرێت کەسانێک وەک تاکیش ئەنجامی بدەن، بەڵام پێویستە هاندەرێکی پاک و بێ خەوش لە پشت ئەو هەوڵە بێت، و لە پێناو باشکردن و خۆشکردنی ژیانی مرۆڤەکان بێت، نەک زیاتر قورسکردنی ژیانیان . بە نسبەت حزبە ئیسلامیەکان، دەبوایە ڕیفۆرمی ئایینی کاری یەکەمی حزبە ئیسلامیەکان با، بەڵام لەبەر تێوەگلان لە سیاسەت و ڕاگرتنی دڵی خەڵک نە لە بواری سیاسی بەرهەمدار و کارامەن و نە لە بواری ڕیفۆرمی ئایینیش کاریگەر و کاران!

ڕیفۆرمی ئایینی دەبێت کەسانیک بیکەن هیچ بەرژەوەندیەکی مادی ومەعنەویان لای خەڵک نەبێت، نەک بە تەمای دەنگی هەڵبژاردن و باربووی خەڵک بیت، لە ترسی ئەو بەرژەوەندییە هەموو پرنسیپەکانی بخاتە ژێر پێیەوە. بۆ نمونە ئیخوانەکانی کوێت لە ساڵی ١٩٥٢ وەوە هەن هەر دژی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی ئافرەت بوون لەبەر خاتری تێڕوانینێکی دینی کلاسیکی عەشایەری کوێت، نەیانتوانی بیرێکی ڕیفۆرمخوازانە لەو بوارە بڵاوکەنەوە تا لە ٢٠٠٥ بەپێی فەرمانیکی ئەمیری ئەو مافانە درایە ئافرەت!

لە یەمەنیش ئیخوان هەمان چیرۆکی فەشەلی دووبارە کردەوە. یانی حزبە ئیسلامیەکان موسایەرەی داب ونەرێتی دواکەوتوو دەکەن شتێک ناکەن بۆ ئینسان زیاتر خەریکی سەندنی مافی خوان لە ئینساندا!

**میللەت: لەکۆمەڵگەی کوردیدا قودرەتی ئەنجامدانی ریفۆرمی ئایینی هەیە، یاخود ڕەگەزەکانی بەرجەستەبوونی ریفۆرمی ئایینی خەمڵیوون؟**

کورد بە سروشتی خۆی ئامادەیی ڕیفۆرمی دینی زۆر تێدایە، یەکەم لەبەر سروشتی دەروونی کە کەسایەتیەکی نزیکە لە خۆشی و کەیف و ژیان دۆستی، هەرچەندە لەبەر بەرەڵلایی و دەست والاکردنی هێزە توندڕەوە سەلەفیەکان خەریکە ئەو سروشتە میانرەوەی بەشێکی زۆری کورد دەگۆڕن بە توندوتیژی و

ڕەشبینی و بیری کارەسات وفیتنەی ئاخیری زەمان! بەڵام هێشتا زۆربەی خەڵک نزیکترن بۆ ڕیفۆرمخوازی ئایینی تا داخراو.

کێشەکە ئەوەیە مەلایە تەقلیدیەکان لە ئاستی ئەو ئەرکە نین، نوێیە سەلەفیەکانیش هەر لە سەرچاوەوە دارماون تا تێکدان هەبێت بیر لە ڕیفۆرم ناکەنەوە، ئەگەر پێشیان کوفر نەبێت. بەڵام کورد زەخیرەیەکی مێژوویی باشی هەیە لە بواری ڕیفۆرمخوازی ئایینی لە مەولانا خالید و مەلای گەورەی کۆیە و نورسی و زەڵمی، دەکرێت لەسەر بیروڕاکانی ئەوانەوە بنیات بنرێت و ڕیفۆرمێکی چاک بکرێت بە سود وەرگرتن لە هەموو هەوڵە ڕیفۆرمخوازەکانی جیهانی ئیسلام.

**میللەت: بەبڕوای ئێوە لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی ئایینی کامانەن؟**

محەمەد هەریری: لەمپەر زۆرن گرنگترینیان نەبوونی ئیرادەی ئەنجامدانی ڕیفۆڕمی ئایینیە لای پیاوانی دینی و لای دەسەڵاتدار... نەبوونی جەماوەرێکی تێنوو بە دیتنی ئەو ڕیفۆرمانە، و پشتگیری کردنیان لە پیاوە دینیە تەقلیدیەکان، و پەسەندانی توندوتیژەکان بەسەر میانڕەوەکان.

ترسی دەسەڵات لە توڕەکردنی مەلاکان و پیاوانی دینی وای لێدەکات مەسەلەی ڕیفۆڕمی ئایینی بخاتە کلکی لیستی بایەخدانی. نەبوونی دەزگا و ئینستیتیوت و زانکۆی بەرهەمهێنەر بۆ فیکری ڕیفۆرمخواز، زۆربەی دەزگاکان یان بیری تووندڕەوی سەلەفی یان تەقلیدی مەزهەبی یان ئیخوانی ئیسلامی سیاسی بەرهەم دەهێنێت، هیچ یەکێک لەو لایەنانە نەک ڕیفۆرمی ئایینییان پێ ناکرێت، بەڵکو دەبنە لەمپەریش لەبەردەمیدا.

**میللەت: پێتوایە ئیسلامی سیاسی وەک حزبە ئاینییەکانی ئەوروپا (حزبی مەسیحیی دیموکرات) لەئەڵمانیا دەتوانن ببنە حزبی ئیسلامیی دیموکرات، یان ئەمە دروشمی سەردەمە بۆ هێنانە دی ئامانجەکانیان؟**

من جارێکیتریش باسی ئەوەم کردوە چارەنووسی حزب و گروهەکانی ئیسلامی سیاسی لە سێ خاڵ دەرناچن:

١-یان بەرەو توندڕەوی و ئینتیحاری فیکری و جەستەیی دەچن.

٢-یان خۆیان حەل دەکەن و هەست دەکەن هیچ شەرعیەتێکی واقیعیان نەماوە.

٣-یانیش ڕیفۆرمێکی ڕەگ وریشەیی دەکەن لە بواری فیکر و فیقه و شەریعەتدا، دوور دەکەونەوە لە هەموو ئەو ئەحکامانەی کە ناگونجێن لەگەڵ سەردەمدا، و هێدی هێدی وەک حزبە مەسیحیە موحافیزکارەکانیان لێ دێت، کە تەنها بەرگری لە بەها بەرزە دینیەکان دەکەن وەک باوەڕ بەخوا و چاکەکاری و هەژاردۆستی و خێزان پارێزی و خۆپاراستن لە گەندەڵی ڕەوشتی یان ئەو چواردە موحەرەماتەی کە شحروریش ئاماژەی پیدەکات و دەڵێت هەر ئەوەندە داواکراوە لە موسڵمانەکان کە بریتین لە: حەڕامکردنی شیرک و خراپبوون لەگەل دایک وباوک و نەکوشتنی منداڵ لە هەژاریدا و نەکوشتنی مرۆڤ و دوورکەوتنەوە لە فاحیشە و

خواردنی ماڵی هێتیمان، خەوشی نەکردن لە تەرازوو، و ڕاستی گووتن، وپاراستتنی پەیمان، حەڕامکردنی مەحرەمەکان لەسەر مرۆڤ وەک دایک و خوشک و کچ و پوور وهتد .حەرامکردنی خواردنی خوێن و بەراز، و سووخواردن ، و ستەمکردن بەناهەق، و گوتن بەناوی خواوە بەبێ زانین..

ئەوانەش دەبێت خۆبەخشانە بێت نەک بە سیستمێکی پۆلیسی بسەپێندرێتە سەر خەڵک، وەک دەبینیت زۆربەی ئەو موحەرەماتانە مەقبولن لە کۆمەڵگاکانی ئێمە و شتی باشن، بەڵام وەک وتمان، شتەکان هەندێکیان بە یاساش قەدەغەکراون وەک کوشتنی منداڵ یان خەڵکیتر و حەڕامکردنی موحەرەماتەکانی خێزان، بەڵام خاڵێکی وەک شیرک ناکرێت ببێتە یاسا وخەڵکی پێ سزا بدرێت، چونکە ئیمانی ساختە و نیفاق و دوو ڕوویی دروست دەکات، ئەگەر ویستت بە زەبری یاسا باوەڕێکی دڵی بسەپێنیت. بۆ نمونە مرۆڤێک یەکتاپەرستی نەکرد دەبێت ئازاد بێت، یان لەگەڵ باوک ودایکی باش نەبوو، کەس ناتوانێت سزای بدات، تەنها ئەگەر گەیشتە دەستدرێژی، ئەو تاوانانە کۆمەڵ خۆی خاوەنەکانی سزا دەدات کاتێ لێ ئینکار دەکەن و بەسووک لێی دەڕوانن .

**میللەت: پێتوایە ئەم هێزانە لەگەڵ دیموکراسی هەڵدەکەن و دەتوانن قبوڵی بکەن؟ یان تەنها ئەوە بە چارەسەر دەزانن بۆ گەیشتن بەدەسەلآت؟**

محەمەد هەریری: مرۆڤ ناهەق نییە ئەگەر گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ هێزێکی ئیسلامی ناکرێت متمانەی سەد دەر سەدی پێ بکرێت لە قبوڵکردنی دیموکراتیەت و ئەنجامەکانی...

ئەگەر هێزێکی بێلایەنی دەزگایی وەک سوپا هەبێت دەکرێت تاڕادەیەک هەست بە متمانە بکەیت، وەک ئەوەی لە تونس ڕوویدا، کە حزبی نەهزە دەسەڵاتی ڕادەستی سەرکەوتوو کرد. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوەی هاتە دەسەڵات دەست وەرداتە ناو دەزگای سوپا ئەوە دەتوانیت چی بوێت بیکات وەک ئەردۆگان .

متمانەت کاتێک دەبێتە سفر کە دەبینی حزبێکی دروستکراو لە کۆمەڵێ ئیسلامی کۆنی وەک ئاک پارتی هێدی هێدی دەستی بەسەر دەوڵەت داگرت ئێستاش ئامادەیە هەموو خراپەکاریەک بکات بۆ پاراستنی دەسەڵاتی، یارمەتی تیرۆرستانی دا و کوشتاری نوێکردەوە لەگەڵ کورد و دەیان ڕۆژنامەنوس و خاوەن ڕەئی خستە زیندان، خەریکە بە عەقڵیەتیێکی ئیسلامی توندڕەو پێناسنامەی هەقیقی خۆی ئاشکرا دەکاتەوە. بۆیە هەست ناکەیت باوەڕی ئەو حزبە ئیسلامیانە بە دیموکراتی هەقیقی بن[71].

71 سازدانی: میللەت: ئارام مەحمود ئەحمەد لە ٢٠١٥/١١/٢٣

# بەشی دووەم

## دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان

## واریسی شەرعییەتی تەنها زیندانە

میللەت: ئارام مەحمود ئەحمەد[72]

توێژەرێک لە فکری ئیسلامی پێیوایە، ئیسلامی سیاسی زادەی خەونێک و ئەوهامێکی کۆنی بەسەرچووە، کاتێک لە مێژوودا ئیمپراتۆریەتێکی پێکەوە ناوە لە هەل ومەرجێکی جیاواز و سەردەمێکی جیاواز، پاشان چەند سەد ساڵێک لێی خەوتووە یان بێ ئاگا بوو لە دنیا، وەک ئەسحابی کەهف.

محەمەد هەریری لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی **میللەت**-دا ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە "ئیخوانەکانی کوردستان و ئیسلامی سیاسی بە گشتی خاوەن هیچ پڕۆژەیەکی فیکری ئیسلاٚحی نوێ نین".

ناوبراو باس لەوە دەکات، کە "ئیخوانەکان نەک ناتوانن کارێکی گەورەی ریفۆرمخوازی ئەنجام بدەن، بەڵکو نەخۆشیەکی کوشندەی ئیخوانیە خەلیجیەکان و تاڕەدەیەک میسریەکانیان گرتوە کە لە جیاتی گۆڕەپانی ئیسلامی بەرەو ڕیفۆرم بەرێت، خۆی دووچاری [تسلف الاخوان] بە سەلەفی بوونی ئیخوان کردوە".

محەمەد هەریری لەم جاوپێکەوتنەدا دەڵێت:"سەلەفی وئیسلامی سیاسی حزبی وداوەتیش، هەر خەریکی مل پی شۆڕکردنی خەڵکن بۆ سەرۆک و وەلی ئەمر بە زاراوەی سەلەفیەت بە ئیلهام لە فیکری سەلەفی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە، هێندە تەقدیسی حاکم و وەلی ئەمر دەکەن، وەک خوایەکی بچوکی لێدەکەن."

ئەم توێژەرە پێیوایە، "دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان واریسی شەرعیتی تەنها زیندانێکە بۆ ئیماندار و خۆشەویستی دنیا سەری هەموو گوناە وتاوانێکە"!

ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە دەقی چاوپێکەوتنی تایبەتی **میللەت**-ە لەگەڵ محەمەد هەریری توێژەر لە فکری ئیسلامی:

**میللەت: ئیسلامی سیاسی تا چەند دژی پرۆسەی فکرو مۆدێرنەیە؟**

محەمەد هەریری: ئیسلامی سیاسی زادەی خەونێک و ئەوهامێکی کۆنی بەسەرچووە، کاتێک لە مێژوودا ئیمپراتۆریەتێکی پێکەوە ناوە لە هەل ومەرجێکی جیاواز و سەردەمێکی جیاواز، پاشان چەند سەد ساڵێک لێی

[72] سازدانی: میللەت: ئارام مەحمود ئەحمەد لە ٢٠١٥/١١/٢٣

خەوتووە یان بێ ئاگا بوو لە دنیا، وەک ئەسحابی کەهف یان کەسێک پارەیەکی زۆری کۆکردبێتەوە بێ ئاگا لەوەی ئەو دراوە گۆڕاوە لە بازاڕ، دوایێ کە دەچێتە بازاڕی ژیان و واقیع تووشی چورتم و ڕاتەکان دێت، کاتێ دەبینێت ئەو هەموو پارەیەی کە کەڵەگەی کردوە لەبازاڕ بەسەرچووە و نرخی خۆیان لە دەست داوە و ڕەسیدەی وەک وەحدەکانی تەلەفۆن سفر کراوەتەوە، بێ گیان و بێ سوود بوون.

**سەلەفیەت بە ئیلهام لە فیکری سەلەفی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە، هێندە تەقدیسی حاکم و وەلی ئەمر دەکەن، وەک خوایەکی بچوکی لێدەکەن**

ئەمڕۆ فکری دەوڵەت داری و بەرهەمی مۆدیرنیتە بە شێوەیەکی ڕەگ و ڕیشەیی گۆراوە، ئەو نموزەجە مێژوویە خەلافەتەی لە مێشکی ئیسلامی سیاسی دایە وەک دراوە گۆراوەکەیە لەبەر خەوی غەفڵەت بێ ئاگان لە رەسیدی هەقیقی پارەکە. دەنا ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بە یەک عەقیدە وبیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا حوکم دەکرێن لە هەرە فاشیلترین ڕژێمەکانی دنیان. کاتی خۆی عەلی باپیر وتەیەکی خۆشی هەبوو کە لە وەڵامی ڕەخنەیەک کە ئاڕاستەی نا دیموکراتیەتی ئەو کرابوو، گووتی: دیموکراتیەت ڕێگام دەدات نا دیموکراتی بم!

ئەوە ڕاستە دەیسەلمێنێت کە دیموکراتیەت تۆلەرانترین و لێبوردەترین سیستمی حوکمە لە مێژووی جیهاندا، تۆی قبوڵە بە هەر عەقیدە وبیروباوەڕێک و شکل وجل وبەرگێکەوە، بە مەرجێک بە کرداری دژی ئاسایشی کۆمەڵ و دەوڵەت نەوەستی، بەڵام ئەگەر بە دەمیش دژی دیموکراسیەت بیت جاوپۆشیت لیدەکات، هەرچەندە هەق نییە قبوڵی دژایەتی دیموکراتی بکات، یان هەر بیر و کارێک بەهای نادیموکراتی بڵاوبکاتەوە.

بۆ نموونە لە شارێکی وەک هەولێر حەوت هەشت تەلەفزیۆنی دینی توندڕەوی تێدا بێت، ئەو پێرە مەلایەی کە لەگەڵ سێبەری خۆشیان ناکۆکن، بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی وتاری پڕ لە کەراهیەت و ڕق و قین بن، بێ ئەوەی کەس موحاسەبە بکرێت، بێ ئەوەی دەمیان دابخرێت، تا سەدان هەزار کەس نەبنە قوربانی ئەو وتارە ساویلکە وشەڕانگێژەی لە ڕوخاندن و تێکدان هیچیتری لێ ناچنرێتەوە، لەوەش خراپتر لە بەرامبەر ئەو هەموو دەزگا و کەناڵەی کەراهیەت بڵاودەکاتەوە تەنها تەلەفزیۆنێکی لی نییە بیرێکی میانرەوی دیموکراتی و مەدەنی بڵاوبکاتەوە. ئەوە هاندانی دوژمنانی دیموکراتیە کە تا سەر ئێسقان دژی لایەنی فیکری وسلوکی مۆدرینەتە و دیموکراتیەتن. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامیەکان دژی گەشەسەندنی ژینگەی فیکرین کە لە ئەنجامدا دژی مۆدرینەتەی لێ دەکەوێتەوە. چونکە لە هەر پرۆژەیەکی کرانەوەی فیکریدا ئایدیۆلۆژیا تاک ڕەهەندیەکان زەرەرمەند دەبن.

**میللەت: ئیسلامیەکانی کوردستان و بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەیانەوێت سەرکردایەتی گۆڕانکاری بکەن لەکوردستان و کۆپی ئیخوانەکان بن، پێتوایە بۆیان دەکرێت، یان کۆمەڵگەی کوردستان زۆر جیاوازترە لە میسر و تونس و دیموکراسی وجودی هەیە لێرە؟**

محەمەد هەریری: ئەگەر بە خەونی کۆپی کردنی ئیخوانی میسر بن ئەوە ئەزموونی میسر هێندە نمونەیی نییە کە پاش ۹۰ ساڵ لە قوربانیدان بۆ دەسەڵات وەرگرتن، بەشە وڕۆژێک بە زەبری هێز لێیان سەنرایەوە، سەرەڕای بوونی شەرعیەتی هەڵبژاردن و سیاسەت لە دەستیان. ئەدای ئیخوان زۆر خراپ بوو لە دەسەڵات تا ڕۆیشتیش هەر وەک حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی چەوساوە مامەڵەی دەکرد لەبەر ناشیبوون لە سیاسەتدا. ئینجا ئیخوانەکانی کوردستان و ئیسلامی سیاسی بە گشتی خاوەن هیچ پڕۆژەیەکی فیکری ئیسلاحی نوێ نین، خۆزگە لەو بوارەدا کەمێک وەک نەهزەی غەنووشی تونس یش بان زۆر باش دەبوو، بەڵام نە فیکر و نە ئیبداع وداهێنانی عەقڵیەتی غەنووشیان پێیە، نە خۆیان متمانەیان تا ئەوەندە بە خۆیانە کارێکی وا ئەنجام بدەن.

**دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان واریسی شەرعیتی تەنها زیندانێکە بۆ ئیماندار و خۆشەویستی دنیا سەری هەموو گوناه وتاوانێکە!**

ئیخوانەکان نەک ناتوانن کارێکی گەورەی ریفۆرمخوازی ئەنجام بدەن، بەڵکو نەخۆشیەکی کوشندەی ئیخوانیە خەلیجیەکان و تاڕەدەیەک میسریەکانیان گرتوە کە لە جیاتی گۆڕەپانی ئیسلامی بەرەو ڕیفۆرم بەرێت، خۆی دووچاری [تسلف الاخوان] بە سەلەفی بوونی ئیخوان کردوە. ئەو کێشە بچوکانەی وەک دەنگی ئافرەت و بیژەری کچ لە میدیاکانیان و ترسان لە رەخنەکانی سەلەفیەت و خۆگونجاندن لەگەڵ ئاڕاستە سەلەفیەکان هەمووی ئاماژە بە پاشەکشەیەکی ترسناک دەکەن لە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی ئیخوانی، زیاتر خەریک بوون بە کێشە تویکڵیەکان.

**میللەت: هێزە ئیسلامگەراکانی کوردستان لەوەرگرتنی ئایندا نەیانتوانیوە هیچ ئاراو جیهانبینێکی نوێ و تازە بخەنە سەر دین. واتە دەکرێت بڵێین نەیانتوانیوە جەدەلێک دروستبکەن تا نەکەونە بەر رەخنەگرتن. کەواتە ئەم هێزانە چۆن دەتوانن قسە لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەک بکەن لەداهاتودا کەهیچ جیهانبینی و نوێگەریەکیان پێ نییە لەبارەی دینەوە؟**

محەمەد هەریری: وەک گووتم خۆیان تووشی بیابان بوونی فیکر بوون [تصحر الفكري] لەناو بۆتەی مەقولاتی هەرزە فیکری سەلەفیدا، نە توانای داهینانی سیاسییان هەیە و نە جورئەتی پێداچوونەوەی

شەرعیان هەیە، زۆربەی جار لە کێشەکان بێ دەنگی دەنوێنن، ڕۆژانە دەیان کارەساتی دینی ڕوو دەدەن هەر دەڵێی مێشێکیشیان مێوان نییە لە ئەرێنای سیاسیشدا زۆر نزیکن لە تەرحی ئیسلامیە عروبەییەکان و هەتا تورکەکانیش تا موسڵمانی کورد. لە چاکترین حاڵەتدا لاساییکەرەوەی حزبە نەتەوەییە کوردیەکانن، هیچ شتێک پێش ئەوان تەرح ناکەن، ئەگەر هەر شتێکیش تەرح کەن زۆر لە بازنەیەکی تەسک بڵاوی دەکەنەوە تەنها بۆ مێژوو و گلەیی برین!

کە دەڵێیت بۆ هەڵوێستتان نەبوو لەسەر ئەو پرسەی کورد؟! دەڵێن بەڵێ هەڵوێستمان هەبوو لە فلانە ڕۆژنامەی بەیانمان بڵاوکردەوە! وەک بڵێی قونسڵیەی قوبرس بن لە کوردستان وادەزانن بە تەنها بەیانێکی شەرمنانەی خەڵکی هەمووی لێ بێ ئاگا کاریان تەواو دەبێت! کاکە تۆ دەبێت بچیتە سەرشەقام، چۆن دەتوانی بۆ مورسی و ئەردۆگان بچیتە سەرشەقام، دەبێت بۆ مووچەی مامۆستایان و کەمئەندامان و پێشمەرگە و کارمەندانیتر بێیتە سەرشەقام، دەبێت بۆ ڕێگرتن لە دزینی نەوت وغاز بێیتە سەر شەقام، لە دژی خیانەتەکان بێیتە سەر شەقام کە لە میللەت دەکرێت، و سەرکرادایەتی نارەزاییەکان بکەیت! دەبێت شەق وپێلاقە بخۆیت تا متمانەی خەڵک وەگیر بهێنیت، نەک هەر سەرکز کەیت چاوەڕوانی ئەوە بیت خوا بیگۆڕێت، قورئان دەڵێت [لایغیر الله ما بقوم حتی یغیروا بانفسهم] سیاسەت کردن یانی ئەوە نییە تەنها بەشی خۆت لە کورسی و پارە وەرگریت!

**ئیخوانەکانی کوردستان و ئیسلامی سیاسی بە گشتی خاوەن هیچ پرۆژەیەکی فیکری ئیسلاحی نوێ نین.**

لە بواری جەدەلدا هێندە بی وەیین بەوان بێت ڕەخنە و زەمی خودی شەیتانیش نەکەن نەوەک لێیان زویر بێت!

سەدان ئەحکامی ئیسلامی پێویستیان بە پێداچوونەوە و ڕەخنە وراستکردنەوە هەیە، لە ترسی دیندارە توندڕەوەکان ناوێرن خۆیان لە قەرەی بدەن!

سەدان داب ونەریتی کوردی دزێو و ئابرووبەر هەیە بێ ئەوەی بویرن لەبەر هێزە کۆمەڵایەتیە موحافیزکارەکان خۆیان لە قەرەی باسکردنی بدەن! هەزاران ستەم لە ئافرەت ومنداڵ و منداڵی باوک نادیار و نێرەموک و کەمئەندامان دەکرێت بێ ئەوەی یەک تۆزقاڵ ویژدانیان بجوڵێت!

ئافرەتی ئێمە ئەگەر تووشی یاخیبوون بوو و لە ماڵەوە ڕایکرد، هیچ شوێنێکی موحتەرەم و ئەمین نادۆزێتەوە ژیانی تیایدا دابین بکرێت! یان دەبێت لەو خانانە بن چاوەڕێی مەرگ ولادانی رەوشتی بکەن، یانیش دەبێت بچنە سەر شەقام بۆ ئەوەی ببنە سۆزانی ولەش فرۆش. هێزێکی ڕەوشتفرۆشی وەک ئیخوان و باقی

ئیسلامیەکان قەت بۆ رۆژێک و ساتێکیش بیریان لەو سیناریۆیە نا مرۆییە نەکردۆتەوە، چونکە ئەوان خزمەتی تەنها مونتەمی وئەندامەکانیان دەکەن نەک، ئافرەتێکی بەستەزمانی یاخی وستەملێکراو! یانی لە بواری کۆمەڵایەتیش جگە لە تەزویجی ئیخوانی بە ئیخوانیە و ڕێکخستنی سەفرەی خێزانی وشانەی خێزانی زیاتر خێری کۆمەڵی نییە.

**میللەت: ئەی بە نیسبەت نووسەرە ئیسلامیە سەربەخۆکان؟**

محەمەد هەریری: ترسنۆکی ئەوان هەر لە هێزە حزبیەکان کۆ نابێتەوە، بەڵکو لە ئیسلامیە سەربەخۆکانیش، بۆ نمونە نوسەرێکی ئیسلامی هەولێر میوانی بەردەوامی تەلەفزیۆنەکانە، لەبەر خاتری چەند مەلایەکی برادەری قسەی وا دەکات جاروبار توندڕەوەکانی سعودیەش قسەی وا ناکەن. ئەو برادەرە لە ڕووی زانستی دینییەوە زۆر نەدار وهەژارە، چونکە بە قەیرەیی بۆتە ئیسلامی، هێندە خۆی لێ گۆراوە باسی کەون و کائینات دەکات، باشە ئەگەر شارەزای لە سیاسەت یان مێژوو گوتمان قەیناکا لەو بوارە بدوێیت، بەڵام باسی تیۆرەکانی ئەتۆم و دروستبوونی بوونەوەر و ڕەخنە لە کتێبی دیزاینی مەزنی ستیڤن هاوکینگ دەگرێت، بێ ئەوەی ڕۆژێک فیزیای خوێندبێت، مەگەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا !

ئەو برادەرە هەموو نەهامەتیەکانی کورد دەگێڕێتەوە بۆ عەلمانیەت! لای ئەو نمونەی عەلمانیەت تورکیا وسەدام وشایە! ئەو برادەرە هێندە سەلەفیزمانە بیردەکاتەوە وتارێکی دوور ودرێژی سعودیانەی نووسیوە دەڵێت ئاهەنگ کردن و پیرۆزبایی سەری ساڵ لە یەکترکردن و لە مەسیحیەکان حەرامە، هەر بۆیەش سەلەفیەکان زۆر لێی ڕازین! باسی هەموو وردەکاری ڕیفۆڕمی ئیسلامی دەکات و دەڵێت نەسخ نابیت بەبێ وجودی پێغەمبەر! لە کاتێکدا هیچ نەسخێک بە دەقێکدا نەکراوە و زۆربەی پاش وەفاتی پێغەمبەر گوتویانە ئەوە نەسخە بەوە!

قسەیەکی تر دەکات لە بن باز و عسیمێنیش توندتر، کاتێک دەڵێت هەموو ئەحکامەکانی ئیسلام سەوابت و جێگیرن وەک یاسای سروشتین، و چۆن یاسای سروشت نابێت بگۆڕێت چونکە کارەساتی لێدەکەوێتەوە، بە هەمان شێوە هەر یاسایەکی شەریعەت ڕابگیرێت کارەسات دروست دەبێت! یانی بۆ نموونە ئەگەر یەکیک دزی کرد دەستی نەبڕین بۆ نمونە کارەسات ڕوودەدات یان دووکەس لەکاتی زینادا گیران ڕەجم نەکرێن یان یەکی سەد جەڵدەی لێ نەدریت، کارەساتی سروشتی ڕوودەدات! ئەگەر کۆیلەمان زیندوو نەکردەوە بەپێی دەقەکانی قورئان کە لای ئەو وەک یاسای سروشتین! ئەوە کارەسات ڕوودەدات!

حەزرەتی عومەر وەک سێیەم فیگەری ئیسلام ئایەتی مؤلفة قلوبهم ڕاگرت، یانی ئایەتیکی ڕاگرت لە کار هەی هەژار، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کارەساتێک رووی نەدا! جاریٚ برۆ کەمێک بۆشایی فەرهەنگی ئیسلامی خۆت پڕکەرەوە ئینجا وەرە باسی ڕیفۆرمخوازی بکە لە ئیسلامدا! ئەوە چ عەقڵیەتێکی کورتبینی دواکەوتووە ئەو بەراوردە ناقیسە بکەیت لە نێوان ئەو تەشریعانە و یاسا سروشتیەکان؟ !ئەو بیرکردنەوەیە سەرەڕای ئەوەی زادەی جەهلێکی سەتحیانەیە، لە هەمان کاتدا موغازەلەی شەقامی بیٚ مەنتیقی ئیسلامیە، لە جیاتی ڕێگەیان پیٚ نیشان دەیت زیاتر سەریان لیٚ دەشێوێنێت، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا پیاوی ڕیفۆرمخوازی نییە، ئەگەر ڕۆژی سەد تەلەفزیۆن و بەرنامەی بەتاڵ بانگیشی کەن بۆ هەڵڕشتنی دوڕ وجەوهەرەکانی. ڕیفۆرم چۆن بەو حزب و تاکە بیٚ جورئەت و ترسنۆک وجاهیلانە دەکرێت؟!

یەکێکیتر بەس خەریکی ختوکەدانی هەستی دیندارە تەقلیدیەکانە، دەیان کتێبی بیٚ ناوەرۆکی نووسیوە بەس بۆ ستایشی ئەو جەماوەرە بیٚ ئاگایە، هەتا ئێستا دەستی لەسەر برینێک دانەناوە، نازانم ئەو هەموو کتێبەی باسی چی دەکات، کە تۆ لە ترسی قیامەت و مەرگ نەوێریت قسەیەک بکەیت؟!

**میللەت: ئەو بارودۆخە پڕ قەیران و مەترسییەی، کە ئێستا لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییەکان هاتوەتە کایەوە، کە دیارە ئایندەکەشی مەترسیدارە؟ ئایا ئەمە سەلماندنی ئەو قسەیە نییە، کە پێیوایە قسەنەکردن لە ئیسلام و نەخستنەڕووی کێشەکانی ئەمە و خراپتریش دەرئەنجامەکەیەتی؟**

محەمەد هەریری: بەڵیٚ ڕاستە ئەو بارودۆخە قەیراناویەی سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی هەرچەندە هەمووی تاوانی ئیسلامیەکان نییە، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە ئاوسانی قەیرانەکە و بەردەوامبوونی. ڕۆڵی سەرەکی ڕاستەوخۆیان ئەوەیە ئەو بەدیلە ئاینییە سیاسیەی پێشکەشی جەماوەری دەکەن، تەنها پرۆژەیەکی خەیاڵی وعاتیفی و ناواقیعیە وهیچی تر، چونکە خودی فیکری ئیسلامی سیاسی، فیکری ئەزمە وتەنگژەیە، بۆیە هەتا ئەگەر وڵاتێکیشیان گرتە دەست ناتوانن بە شێوەیەکی سەردەمیانە بەڕێوەی ببەن، لە حاڵەتی ئاشتبوونەوە دابن لەگەڵ دەوروبەر وجیهاندا! بەڵکو خەڵک بەرەو وەهمێکی ئایدیۆلۆژی هەرماجیدۆنی دەبەن، و دنیا وا تەسویر دەکەن بۆ خەلک کە لە شەڕێکی بی بڕانەوە داین لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام، و کەون وکائینات هەمووی لە موئامەرە وپیلان دایە لە دژی موسڵماناندا! بۆیە لەو دنیایە دەبێت ئێمە لە شەڕێکی بیٚ پچڕانەوە دابین تا دەجال دەردەکەوێت، ومەهدی لەلایەک دێت، و لەولاوەش مەسیح دادەبەزێت، تا گۆی زەوی پاک بکەنەوە لە هەموو کافران و تەنها موسڵمان بمێنێتەوە و بە ئاسوودەیی بژێت! ببینە چونکە گروپە دینیە ئیسلامیە سیاسیەکان لوتیان خستۆتە ناو دۆزی فەلەستین و پڕیان کردوە لە شەحنی دینی، ئەو

کێشەیە گومانم هەیە بە هیچ هیزێکی ئەرزی چارەسەر بکرێت، تەنها خوا پێی چارەسەر دەکرێت وبەس! خواش بۆ فەلەستین بێگومان دانابەزێتە سەر ئەرز!

ئالۆزیەکەش لەوەدایە، جوو لە مەنزوری دینییدا نە مرۆڤن نە موستەهەقی ئەوەن وەک مرۆڤ مامەڵەیان بکرێت، هەتا دار وبەردی بێ ڕوحیش لە شەڕی نزیکی ئاخیری زەمان کە لە ئەدەبیاتی مەسیحی و یەهودی پیی دەڵێن هەرماجیدۆن، دژایەتیان دەکەن ودەڵێن: کاکی موسڵمان وەرە ئەوە جولەکەیەکی قورمساغ لە پشت من خۆی شاردیتەوە و لەبنا گوێی دە، یان لە گەردەنی دە! حەدیسە ئەفسانەییەکە دەڵێت: تەنها دارێک خیانەت لە خوا و موسڵمانان دەکات و دووزمانی لە جوولەکە ناکات، کە ئەویش داری الغرقده!! ئەو دارە مەلعونە جولەکەکانیش پێیان زانیوە، هەتا محمد قطب یش باوەڕی پێکردوە و دەڵێت: ئێستا جولەکەکان بستە عەردەک نەمایە ئەو دارەی لێ نەنێژن! لە بیریان کردوە ئەو سیناریۆیە بۆ شەڕی شمشێرە، ئێستا دوژمن دەیان کیلۆمەتر و سەدان لێک دوورن، و تەرسانەی ئیسرائیلی جووەکان توانای لەناوبردنی جیهانی ئیسلامی هەیە بە چەندین بار، کاکیشم باسی داری غەرقەدم لۆ دەکا!

- **خودی فیکری ئیسلامی سیاسی، فیکری ئەزمە وتەنگژەیە**

کارەساتێکیتر کە ئیسلامی سیاسی بۆ جیهانی ئیسلامی دروستی کردوە، ئەوەیە کە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی نەماوە پڕی نەکەن لە پشێوی ودڵەڕاوکێ و سستی وسەرشۆڕی. ئەوانەی سەلەفی جیهادین خەریکی کوشتن وبرینی هێندە بەربەری بێ وێنەن کە گومان دەبەم بە زیهنی ئەهریمەنیش تێپەڕ بوبێت! سەلەفی وئیسلامی سیاسی حزبی وداوەتیش، هەر خەریکی مل پی شۆڕکردنی خەڵکن بۆ سەرۆک و وەلی ئەمر بە زاراوەی سەلەفیەت، بە ئیلهام لە فیکری سەلەفی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە، هێندە تەقدیسی حاکم و وەلی ئەمر دەکەن، وەک خوایەکی بچوکی لێدەکەن [لا يسأل عما يفعل]!

خۆپیشاندان و ناڕەزایی و قسەپیگوتن هەتا لای ژن یان مێردی خۆشت حەرامە !هەندەکیان دەڵێن لیشی دای و ناموسی بردی وپارەی بردی و تەعەدای لە عەرزیشت کرد !ئەو فیقهی سەرشۆڕیە وەختە بڵێم لە سەلەفیەتی جیهادی داعشی ترسناکترە، جونکە دەسەڵاتدارانی بەناو سێکیولار پێیان خۆشە ئەو جۆرە سەلەفیەتە وەلی ئەمرییە هەموو وڵات داگیر بکات، وخەڵک لە رووی ژیاری و کلتوری سیاسیەوە بگەڕێنەوە سەردەمی المتوكل و کوڕی حەنبەل!

**میللەت: لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین وا پێناسەی خۆیان کردوە (ئیسلام، پەیام و حکومڕانییە، شمشێرو قورئانە، ئاین و دەوڵەتە....) کەواتە ژیان لەکوێی ئەم مەملەکەتەدایە؟**

محەمەد هەریری: ئیخوان کوڕی ئەو فەرهەنگە دینییە کە هەزاران کتێب و دەستنووسی بۆ [ذم الدنیا] زەمکردنی دنیا تەرخان کردوە، دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان واریسی شەرعیتی تەنها زیندانێکە بۆ ئیماندار و خۆشەویستی دنیا سەری هەموو گوناه وتاوانێکە! بۆ ئەوە کراوە بلیتی ئاخرەتی تێدا مسۆگەر کەیت، باشترین ڕێگاش بۆ مسۆگەرکردنی بلیتی بەهەشت، کارکردنە بۆ [مەنهەجەکەی خوا] و عیبادەتی زۆر و بایەخ نەدانە بە دنیادا.

بۆیە ژیان تەنها بریتیە لە قورئانێک هیدایەت دەدات و شمشێرێک سەرت بخات! بۆیە ڕوبەری ژیان زۆر تەسک دەبێتەوە، هەتا لەو بوارەوە قورئانیش تەوزیف دەکەن بە ئایەتگەلێکی وەک :[اعلموا أنما الحياة الدنيا لعب ولهو وزينة] الحديد: 20. [ فأعرض عن من تولى عن ذكرنا ولم يرد إلا الحياة الدنيا ذلک مبلغهم من العلم] [النجم.[30-29 :

یان حەدیسی وەک: الدنيا سجن المؤمن وجنة الكافر» رواه مسلم. [دنیا زیندانی ئیمانداره و بەهەشتی کافره]. [لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة ما سقى منها كافراً شربة ماء] رواه الترمذي وصححه. [ئەگەر دنیا قیمەتی باڵە مێشولەیەکی هەبا، خودا یەک قومە ئاویشی تیایدا بە کافر نەدەدا] .[الدنيا ملعونة ملعون ما فيها إلا ما كان لله منها] [دنیا نەفرەتیە و ئەوەشی تێیدایە نەفرەتییە، تەنها ئەوەی بۆ خوا بێت] ئینجا سەلەف و زانایانی تریش لەسەر ئەو ئەساسە هاتوون هەزاران چیرۆک و قەولیان گوتوە لە دژی دنیا بێ ئەوەی هیچ هاوسەنگیەک بکەن لەگەڵ ئەو ئایەت وحەدیسانەی کە لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤەوە لە دنیادا دەڕوانن! [حب الدنيا رأس كل خطيئة] [خۆشەویستی دنیا سەری هەموو تاوانەکانە!]. [الناس نيام، فإذا ماتوا انتبهوا] .[.خەڵک نووستوون، کاتێ دەمرن بە ئاگا دێن!]

سەلەفێک دەیگووت:[رأيت الدنيا في النوم عجوزاً مشوهة الخلقة حدباء]. [دنیام دیت لە خەودا پیرەژنێکی قۆتری شێواوی پشت چەماوە بوو!!] ئیمامی عەلی دەڵێت: [إنما سميت الدنيا دنيا لأنها أدنى من كل شئ] [بۆیە ناو نرا دنیا چونکە نزمترین، ادنی لە هەموو شتێک!] هەروەها دەڵێت: أخرجوا من الدنيا قلوبكم قبل أن تخرج منها أبدانكم ، ففيها اختبرتم ولغيرها خلقتم ].دڵتان لە دنیا دەربکەن، پێش ئەوەی جەستەتان لێی دەرچێت، تیایدا تاقی دەکرێنەوە و بۆ غەیری ئەو دروست کراون [!هەروەها دەڵێت:الدنيا سوق الخسران] [دنیا بازاڕی دۆڕاوە] مرۆڤی موسڵمانی هاوچەرخ هەر لە منداڵیەوە زەمی دنیا و دزێوکردنی بۆ دەڕازێننەوە، بۆیە ئەگەر

لەبەر بژێوی نەبێت، هەر بەو بێت کاریش نەکات، تا لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی سیما قیامەتی دروست دەکەن، کەمترین بایەخ بە دنیا نەدات. ئەگەریش دای تەنها بۆ بەدەستهێنانی بلیتی ئاخیرەت بێت! ئەو ئاڕاستە کردنەش بێگومان بەهای نێگەتیڤی زۆر لە کۆمەڵگا دەچێنیت، هەموو کارێکی هونەری و زانستی ئەگەر ڕاستەوخۆ بەهایەکی دینی تیادا نەبینرێت سەرکۆنە دەکرێت، وەک بۆ نمونە نوسینی ڕۆمانێک، یان سەرکەوتن لە وەرزشێک، یان داهێنانی پارچە مۆسیقایەکی دەگمەن. بۆیەش دەبێتە هۆی سستی و خاوی سەرتاسەری.

**میللەت: ئەنجام و کاردانەوەی نەبوونی هەولی جیدی ریفۆرمخوازی لە ئیسلامدا چۆن دەبینیت؟**

ئەنجامەکانی زۆر گەورە و ڕاشکاون وەک دەبینین:

هەڵئاوسانی دین زیاد لە سنور و قەبارەی خۆی لەناو کۆمەڵگاکاندا! بڵاوکردنەوەی نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێ وبێ متمانەیی..

دواکەوتوویی لە بواری ژیاری وسیاسیدا... زۆرکردنی بازنەی دوژمن بە موسڵمانان بە کردەوە دوژمنکارەکانی ئیسلامی سیاسی...

ڕێگەدان بە زاڵبوونی وتاری کۆنی تەقلیدی توندڕەو، و دروست نەکردنی وتارێکی بەدیل لەلایەن شارەزایان. وئەنجامی زۆری تریش.

کاردانەوەشی زۆر زۆرە، بۆ نموونە ئێستا شەپۆلێکی ئەتێستی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی گرتیتەوە، لەو باوەڕەدام هەموو یەکێک نەترسابا وەک ئەوروپاییەک بە ئاسایی بڵێت: من باوەڕم بە خوا ودین نییە، یان بە دین ونبوەت ئەوە ژمارەیەکی زۆرمان دەدیت.

لە کاردانەوەکانی لە کۆمەڵگەی کوردی دەبینین چۆن خەڵکانێک بەدوای ئەلتەرناتیڤی دینی ئیسلام دەگەرێن، کە لەو ڕۆژگارە یان مولحید بوونە یانیش دۆزینەوەی دینیترە وەک مەسیحیەت وبەودوایەش زەردەشتیەت!

هەرچەندە من چارەسەر لە گۆڕینی دیندا نابینمەوە، چونکە جارەسەرێکی واقیعی نیە و سەر ناکەوێت، کێ دەتوانێ میللەتێکی کە خۆشی دنیای گوێدانە وتاری مەلایانە لە میدیای بینراو و بیسراو، بگۆڕیت بۆ دینێکی تر؟! ئەوە سەرەڕای ڕەگ وریشەیی مێژوویی ئیسلام وەک دین لەناو کۆمەڵگادا.

ئینجا تەنگژەی کورد بە زەردەشتیەت چارەسەر نابێت، چونکە ئەویش ئەو سێ وشەیە نییە: بیری چاک و وتەی چاک و کرداری چاک، کەوابزانم زۆربەی ئەوانەی پێی سەرسامن وادەزانن هەر هێندەیە !

جاریّ زەردەشتیەت دیانەتێکی سەردەمی منداڵکاری مرۆڤە وەک وەرگێڕی ئاڤێستا بۆ عەرەبی دەڵێت: ئاڤێستا منداڵی گەلانی ئاری: کوردی و ئەرمەنی و فارسی و تاجیکی و ئەفغانییە.. ئینجا دیانەتێکە لە زۆر ڕوەوە لێکچوونیکی ترسناکی هەیە بە ئیسلام، وەک پێنج نوێژ کردن و دەستنوێژ شوستن و پردی سیڕات و ئیسرا ومیعراجی زەردەشت وفەرزکردنی عیبادەتەکان لە ئاسماندا! و هەروەها بڵاوبوونەوەی بە زەبری شمشێر، ئینجا بوونی هەندێک شتی ناماقوڵ ونەخوازراو، وەک نەناشتنی مردوو، و بەکارهینانی میزی گا و گۆلک بۆ پاککردنەوەی زۆر شت! یان وەک سزا، ئینجا بوون قەسوەتیکی زۆر لە هەندێک لە دەقەکانی ئاڤێستا کە دەگاتە رادەی کەولکردنی مرۆڤ بە زیندوویی لەبەر ئەنجامدانی کارێکی زۆر سادە وبێ ئەرزش! من گەڕانەوە بۆ زەردەشتیەت وەک کاردانەوەیەک دەبینم لەسەر ئەو شەپۆلە گەورەیەی توندوتیژی ئیسلامی سیاسی جیهادی بە دونیادا، بەڕای من زەردەشتیەتیش نەبێت، لەوانەیە خەڵکێکی زۆری کورد بە دوای بەدیلی تر بگەڕێن، لەبەر زامداربوونیان بەدەست دڕندایەتی ئیسلامی سیاسی جیهادی و زەرەرمەندبوونی کورد بە ڕادەیەکی زۆر، هەروەها لەبەر نەبوونی ڕیفۆرمێکی جیدی نە لە جیهانی ئیسلامیدا و نە لە کوردستاندا.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ هەفتەنامەی ئاژانس

**١- لەپاش پەیدابونی داعش و ئەم شەپۆلەنوێیەی تیرۆروتوندوتیژی لە ئەوروپا رەوشی ئاییی ئیسلام چۆن دەبینن؟ ئایا بوونی تیرۆرکاریگەری خراپی بۆسەر ناوبانگی ئیسلام وەک ئایینێک دروستکردووە؟**

محەمەد هەریری: من لە بیرمە لە ساڵانی ٩٦ وە تا ٢٠٠١ خەڵکی ئەوروپا لە هەر ئاستێکدا هیچ هێندە کێشەی بەدبینی نەبوو بەرامبەر ئیسلام، چونکە هێشتا کردە تیرۆرستەکانی گروپە ئیسلامیەکان تا ئەو ڕادەیەی قاعیدە وداعش، لە سەربڕین و کوشتنی بە کۆمەڵ و باقی فەزاعەتەکان بڵاونەبوەوە. گروپە بانگخوازەکان بەوپەڕی ئازادیەوە بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بۆ ئیسلام لە سەر شەقامەکان و هایدپارک و شوێنی تریش. بەڵام وێنەکە ئێستا تا ڕادەیەک گۆڕاوە، خەڵکێکی زۆر بەچاوی گومان وترسەوە دەڕواننە ئیسلام و موسڵمانان، بەڵام هێشتا سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژیەش کە کەوتە نێو ئەوروپا بە دەستی ئەو تیرۆرستە ئیسلامیانە، هێشتا لەسەر ئاستی حکومی و یاسایی تۆلەرانسێکی زۆر هەیە بەرامبەر جموجۆڵی بانگەوازی ئیسلامی سەلەفی، کە لە شکل و ناوەرۆک هەمان دەرەنجامی ئەو داعشەیە کە لە موسڵ و ڕەقەیە بەڵام بێ چەکە!

خەڵکەکە ئێستا بە گشتی کاردانەوەیان هەیە دژی نەرمونیانی حوکمەتەکان بەرامبەر ئەو دیاردانە، دەتوانیت ئەو کاردانەوە توندانە ببینیت لە پەیج و تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە چۆن خەڵکی ئاسایی دژی موسڵمانان بە گشتی، نەک هەر ئیسلامییە توندڕەوەکان قسە دەکە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئاستی جەماوەری ڕاستڕە و ڕەیسستەکان تادێ بەرزدەبێتەوە، من بەدووری نازانم ئەگەر هاتوو کەمێک گۆڕانکاری لە وتاری ڕاستڕەوەکان بکرێت هەموو ئەوروپا و خۆرئاوا حوکم بکەن.

بێگومان ئەوەش لەبەرئەوەی بەو کردەوە نا مرۆیی و نا جوامێریانەی تیرۆری ئیسلامی، کە دەچێت لەناو خەڵکی مەدەنی خۆی دەتەقێنێتەوە ،یان بە چەقۆ دەکەوێتە گیانی خەڵک، یان بە لۆری پێ لەو خەڵکە دەنێت، ئەو کارە پڕ لە دڕندانە وێنەی ئیسلامی زۆر ناشیرین کردوە، هەرچەندە موسڵمانانی ئاسایی زۆریش هەوڵ دەدەن بەبێ هودە ئەو وێنەیە ڕاست کەنەوە. بەڵام بنیاتنەر زۆر سەختە بگاتە ئاستی خێرایی ڕوخێنەر!

**٢- بۆچی بەشێک لەوانەی تیرۆر ئەنجامدەدەن لە ئەوروپا لە منالانی ئەوروپی بەرەچەڵەک ڕۆژهەڵاین ئایا ئەمە پەیوەندی بە "پرۆسەی تێکەڵاو نەبوونەوە" (ئینديماج) هەیە؟**

محەمەد هەریری: ئەوانە ڕاستە مندالی خۆرئاوان وەک شوێنی لەدایک بوون، بەڵام کە لەماڵەوە ژینگەیەکی موتەزمیتی دینی تەسک بین و پڕ لە ڕق و قینت بۆ دروست کرد، بێگومان ئەو منداڵە بەربەستێکی دەروونی

ئاگاییانەی بۆ دروست دەبێت بەرامبەر هەموو شارستانی خۆرئاوا، ڕەتی هەموو شتە باشە زۆر و زەوەندەکانیش دەکاتەوە، لەبەر چەند شتێکی کە پێی خراپن بە تایبەت مەسەلەی ئازادی پەیوەندییە سێکسییەکان. موسڵمانی ئیسلامی وەک فرۆید هەموو شارستانیەکە لە چاویلکەی سێکسی دەبێنیت، نە ئەو دیموکراتیە هەقیقییە دەبینێت، نە ئەو ڕیزگرتنە قوڵەی مافی مرۆڤ و نە ئەو یەکسانییەی هەموو مرۆڤەکان، و نە ئەو هەموو زانست و هونەرانە!

تەنها لەبەرئەوەی کەس ناکوژرێت لەسەر پەیوەندی سێکسی ئازادانەی دوو کەس، یان ڕێگادان بە ئازادی مومارەسەی سێکسی، منداڵی ئیسلامی فێری ئەوە دەکرێن زۆر بە سووک وەک کافر بڕواننە خەڵکانی نا موسڵمان و هەتا موسڵمانی نا ئیسلامیش. من لە ڕێگای منداڵەکانم دەزانم کە ئەو منداڵانە فێرکراون هەتا لە قوتابخانە پاش کردە تیرۆرستەکانی مانچستەر و لەندەن دەقیقەیەکیش ڕانەوەستن بەبێ دەنگی بۆ ڕێزلێنان لە قوربانییەکان!

هەتا لەکاتی کردە تیرۆرستیەکەی ئەمریکا دژی هاوڕەگەزبازەکان زۆربەی منداڵە موسڵمانەکان دەستخۆشیان لە تیرۆرستەکە دەکرد و دەیانگووت موستەهەقن ئێمەش بۆمان بکرێت دەیانکوژین! ئەو ئاوێتە بوون و ئیندیماج و ئینتیگرەیشنە چۆن دروست دەبێت کە باوک ودایک و مزگەوت وا وێنەی کۆمەڵگایەکە بکەن بۆ منداڵانیان؟!

ئەو گەنجە لیبیەی مانگی ڕابردوو خۆی تەقاندەوە باوکی لە جیاتی گەشتوگوزار دەیانیبرد بۆ لیبیا بۆ ڕاهێنان کردن لەسەر چەک لەگەڵ داعشەکانی ئەوێ، دەتەوێ منالّی هەژار چی لێ دەربچێت؟!

**٣- موسوڵمانێک یان ڕۆژهەڵاتیەک هەستبەهیچ جۆرە جیاکارییە یان دژایەتیەک دەکات لە ئەورووپاتا ئەوە یەکێک لە پاڵنەرەکانی تیرۆروتوندوتیژی بێت بەرامبەر ئەورووپا حکومەتەکان؟**

محەمەد هەریری: نەخێر لەو بڕوایەدام کاتی خۆی ڕەیسیستی هێندە کەم بوو هەر تەسەوری ناکەیت، زیادبوونی ڕەیسستی ئەنجامە نەک هۆکار، تۆ چەندە کاری تیرۆرستی بکەیت بەناوی ئیسلام بێگومان کاردانەوەی خەڵکی ئەورووپا وخۆرئاوای لێدەکەوێتەوە. ئەو دەوڵەتانەی ئەورووپا ئەوپەڕی ڕێز لە باوەڕی ئیسلام دەگرێت، لە فرگە و نەخۆشخانە و زانکۆکان و قوتابخانەکان جێگای نوێژکردن تەرخان دەکەن، ڕەمەزانان هەتا موراعاتی ئەو منداڵانە دەکەن کە بەڕۆژوون و تاقیکردنەوەکانیان دوادەخەن یان کاتەکانیان دەگۆڕن. بەڵام تۆ بێیت ئەو هەموو تەسامحە بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی ڕاست و چۆپ وەڵامدەیتەوە، بێگومان کاردانەوەی لەناو موسڵمانە ئاساییەکانیش لێدەکەوێتەوە، ئێستا هەزاران کەس لە ئەورووپا ناوی

ئیسلامی خۆیان دەگۆڕن، هەندێکیان هەتا دینی خۆیان دەگۆڕن نایانەوێت هیچ شتێک بیانبەستێتەوە بە ئیسلام. ئێستا جیاکاری لەسەر ئاستی تاک زۆرتر بووە لە جاران، بۆ نمونە بچیتە ئینتەرڤیوی کارێک محمد و جۆن و پاتێڵ داوای ئیشەکەیان کردبێت جۆنی مەسیحی و پاتێڵی هیندۆسی چانسیان زیاترە بۆ وەرگرتنی کارەکە. هێشتا ئەوەش رەها نییە، بەڵام هەستی پێدەکرێت من خۆم تووشی ئەو جیاکارییە بووم!

**٤- پرۆسەی بانگەوازو شەپۆلی بە ئیسلامکردن (دعوە) تا چەند ئەگەری بەشدار بوونی هەیە لە دروستبونی توندڕەوی تیرۆر لە ئەوروپادا؟**

محەمەد هەریری: بێگومان کە تۆ هیچ چاکسازیەکی ڕەگ وڕیشەییت نەکردبێت بانگەوازی بۆ ئیسلامێکی لۆکاڵی ژینگەی عەرەبی خەلیجی بکەیت لە ئەوروپا بە هەموو کێشەکانیەوە، بێگومان ڕۆڵی زۆرە لە دروستکردنی ژینگەیەکی توندڕەو لەناو موسڵمانانی ئەوروپا. تۆ لە مزگەوتەکانەوە بڵێیت جائیز نییە بە هاوسێیەکی یان برادەرێکی ئینگلیزت بڵێیت [هاپی کریسمس] یان نابێت خۆشت بوێت لە دڵەوە هەتا خۆشیشی ویستی، چۆن ئەو چەمکانە بەژدارنابن لە دروستکردنی توندڕەوی؟!

**٥- هەندێک دەڵێن لە ئەوروپا توندوتیژی وتیرۆر زۆرە بەڵام میدیای ئەوروپی تەنها ئەو روداوانە زەقدەکاتەوە کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام رێگرتن لە بڵاو بونەوەی رای ئێوە چییە وەک چاودێرێک؟**

محەمەد هەریری: ئەوانە قسەی کەسانێکن دەیانەوێت پاکانە بدۆزنەوە بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی، چونکە ڕاستە لەوانەیە ژمارەی ئەوانەی بە تاوانی کوشتنی کۆمەڵایەتی یان بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن زیاتر بێت لەوانەی بە تیرۆری ئیسلامی دەمرن، بەڵام ماقوڵە کوشتن بە ڕووداوی ڕێگاوبان، یان بە کاری دزی و چەتەگەری یەکسان بکەین بە کوشتن لە پێناو خوا و دینێکدا؟؟!

بۆ هیچ ڕێکخراوێکی دینی جوواتی یان مەسیحی یان هیندۆسی یان بودایی نییە، خۆیان بتەقێننەوە لەناو ئاهەنگێکی کوڕ وکچانی هەرزەکار وتازە پێگەیشتوو، و یان بە چەقۆ بەناو خەڵک بکەون بیانکوژن، یان بچنە ناو کەنیسەیەک قەشەیەکی ناسراو بە دۆستی موسڵمانان و مرۆدۆستی ٩٠ ساڵە وەک مریشک سەرببڕن؟! کوشتنی یەک کەس بەناوی دین و خوا زۆر جێگای نیگەرانی و مەترسییە زیاتر لە کوژرانی ١٠٠ کەس لەکاتی دزی و ڕوتکردنەوەدا یان بە کاری خودا وەک کارەساتێکی سروشتی.

**٦- جگە لە پاڵنەری ئایدۆلۆژی یان تێگەیشنی خراپ لە ئایین هیچ پاڵنەرێکی دیکە هەیە لە پشت تیرۆری داعشیەوە لە ئەوروپا؟**

محەمەد هەریری: پاڵنەرێکیتر دەستێوەردانی وڵاتە ئیسلامیەکانە لە ناو مزگەوت و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانە، بۆ نمونە یەکێتی ئیسلامی تورکی [دیتیب] ٩٠٠ مزگەوت بە فەمانگەی کاروباری دینی [دیانات] تورکی لە ئەنقەرە دەبەستێتەوە، هەتا هەندێ چاودێرر ئەوروپی ناویان ناوە بە ڤاتیکانی ئیسلامی بچوک! دەوڵەتی تورکی ڕاستەوخۆ ئەو هەموو مزگەوتە بەڕێوە دەبەن، هەتا مووچەی مەلا و فەرمانبەرەکانی مزگەوتەکانیش دەدەن، سەرۆکی یەکێتیەکەش ڕاوێژکاری دینییە لە سەفارەتی تورکی لە ئەڵمانیا!

هەروەها سعودیە و میسریش تا ڕادەیەک. ناکرێت ئەو وڵاتانە خۆیان دەناڵێنن بە دەستی دەیەها دیاردەی دینی نێگەتیڤ کەچی دەست بخەنە ناو کاروباری ئەو وڵاتانەوەش. بە تایبەتی تورک ئێستا لە بەهاری توندڕەویدان و دەزگا دینییەکانیان پڕاوپڕن لە داعشبیران، هەروەها وەهابیەتی سعودیەش دەبێت چی پێ بێت بۆ موسڵمانی سەلەفی ئەوروپا؟! لەناوەخۆ خۆی کردۆتە ولی الامر و نوێژ دەکەن، ئەی چۆن دەتوانێ قەناعەت بەو سەلەفیە ئەوروپییە بهێنێت بە هەمان سیغەی چارەسەری ناوخۆیی؟!

میسریش کە ئەزهەر سەرپەرشتی کاروباری دینی دەکات، بەودواییانە بۆمان ڕونبووەوە کە لە توندڕەوی بیری دینیدا شتێکی وای کەمتر نییە لە سەلەفیەت، کەوابوو هیچ نمونەیەک لەو نمونانە بە کەڵکی ئەوە نایەن موسڵمانی ئەوروپا بەڕێوە ببات. پێویستمان بە دەزگایەکی ئەوروپی ڕەسمی هەیە بیر و فیقهی دینی تایبەت بەخۆی هەبێت پیاوانی دینیش پێویستە دەرچووی ئەو پەیمانگەیانە بن کە لە ئەوروپا دادەمەزرێن، نەک مەلایەکم بۆ بێنیت لە پاکستان و سعودیە و تورکیا و میسر و هتد..

تەنها وتاری دینی ئیسلامی کێشە لە ئەوروپا دروست دەکات ئەگەر بەراوردی ژیانی منداڵێکی خێزانێکی ئیسلامی و خێزانێکی هیندی و بودایی بکەیت دەزانیت تێکڕای ئەو وتارە ئیسلامییە فیقهی و سیاسیە یە وا لەو منداڵە ئیسلامییە دەکات ڕقی لە کۆمەڵگایە ئەوروپییەکان بێت وەک بەراز وەسفیان کات، بە دوژمنێکی مێژوویيان ببینێت لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستانەوە، و دڵخۆش بێت بەکارەساتەکانیان، هەست بە نامۆیی بکات لەناویان، سەرەنجام ئامادە دەبێت لە ڕێگای ڕێکخراوێکی داعشی یان تاکڕەوانە کردەیەکی داعشی بکات.

**٧- ئیسلامی میانەڕەو ناتوندو تیژ ڕۆڵی چییە لە ئەوروپا ئایا توانیویەتی رویەکی ڕاستەقینە لە ئیسلام پیشانی ئەوروپا بدات؟**

محەمەد هەریری: ئیسلامی میانڕەو ڕۆڵی زۆر لاوازە لەبەر چەندین هۆکار. یەکەم ئەوانەی خۆیان بە میانڕەو دەزانن خاوەن مەرجەعیەتێکی جیاواز نین لە مەرجەعیەتی توندڕەوان، هەمان سەرچاوەی دەقە پیرۆزەکان تەبەنا دەکەن، بۆیە توندڕەوان بە ئاسانترین شێوە بە دەقە دامەزرێنەرەکان بۆ توندرەوی بیروڕایان پوچەڵ دەکەنەوە! خەڵکیش هۆکارێکە چونکە هێندەی حەزیان لە مەلایەکی ڕیشدرێژ و هاوارکەرە، هێندەی دڵیان ئاو ناخواتەوە بە کەسێکی بێ ڕیش و دەنگ نەرم بە چاکەت وپانتۆڵێکەوە. ئەو موسڵمانە میانڕەوانە دەنگیان زۆر نزمە لەناو جالیەی ئیسلامی، تەنها لە بۆنە کارەساتەکان دەردەکەون و دەڵێن ئیسلام لەگەڵ تیرۆر نییە و دینی ئاشتییە، بەوەش خزمەتێک بە توندڕەوان دەکەن، چونکە بەرەنگاری توندڕەوییەکە ناکەن لە ڕەگەوە، زیاتر دژی ئەنجامەکانی قسە دەکەن.

**٨- پێشبینیت چیە بۆ دوارۆژی تیرۆر لە ئەوروپا ئایا تیرۆرێک بە ناوی "تیرۆری ئیسلامی" دەمێنێت یان کۆتایی پێبدێت؟**

محەمەد هەریری: ئاییندەی ئەو تیرۆرە ئیسلامییە بەستراوەتەوە بە ئاییندەی ئەو شەپۆڵە توندڕەوە ئیسلامییەی کە جیهانی ئیسلامی تەنیوە. ئێستا لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامی شەپۆڵێکی پێچەوانە بە شەپۆڵی سەحوەی سیاسی ئیسلامی توندڕەو پەیدابووە، کە لە چەندین فۆرمدا خۆی دەنوێنێت:

وەک دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە دینداریەکی سیاسی، دوورکەوتنەوە لە دین بە ڕەهایی، لە ڕەخنەیەکی زۆری بیروباوەڕە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە میدیا و تۆرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و یوتیوب، هەتا دەرکەوتنی قورئانییەکانیش کاردانەوەیەکە بۆ ئەو ئیسلامە حەدیسییە توراسییەی کە تەنها کارەساتی لی دەچنرێتەوە، ئەگەر یاری موخابەراتی هەرێمی ونێودەوڵەتی لێبگەڕێ، و ئەگەر نوخبەیەکی دەست وبیر پاکی سێکیولار دەرکەون، ئەوە گومانم نییە خەڵکێکی زۆر پاش ماندووبوونیان و تۆقانیان بە دەستی کارەساتەکانی ئیسلامی سیاسی، ڕوودەکەنە دیموکراتیەت و تەنها دەنگ دەدەن بە سێکیولاریستەکان.. کە ئەو دیاردەیە لە جیهانی ئیسلامدا کز بوو، لە ئەوروپا و جیهانیش کز دەبێت، ئینجا ئەوروپا و خۆرئاوا ڕۆژانە کاریشی لەسەر دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر.

**٩- چۆن دەتوانرێت بەر بەم تیرۆرە بگیرێت کە لە ئەوروپا بەناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرێت؟**

بەڕای من دەبێت لەسەرەتاوە خەڵک هانبدرێت ئەو تیرۆرستانە بناسن لەسەر هەقیقەتیان، نەهێڵن منداڵەکانیان بە بیانووی فێربوونی دین و قورئان خوێندن بێ چاودێری بنێرنە لای هەرکەسێک. دوەم خێزانە موسڵمانەکان دەبێت ئاگادار بکرێنەوە لە دەرەنجامی تێکەڵبوونی منداڵەکانیان لەگەڵ ژینگە وکەسە توندڕەوەکان، دەبێت بەشێک لە سزاکان دایک و باوک هەڵیگرێت کە دەبینن منداڵە هەرزەکارەکەی لە قوتابخانە بە هاوپۆڵەکانی دەڵێت کافر و بە منداڵە موسڵمانەکانی نوێژ ناکەن دەڵێت مورتەد! من کوڕەکەم بەڕۆژوو نابێت لەو ڕەمەزانە چونکە تاقیکردنەوەی GCSE ی هەیە هەندێ لە هاوپۆڵە موسڵمانەکانی پێیان گوتوە تۆ کافریت چونکە بەڕۆژوو نابیت!

بۆ دایک و باوک شەقێک لە منداڵیان بدەن حوکمەت تەدەخول دەکات گوایە زیانی جەستەیی ودەروونی بەر منداڵەکە کەوتووە، دایک وباوکەکە دەنێرنە کۆرسێک بۆ چۆنیەتی ڕێزگرتنی جەستە و دەروونی منداڵەکانیان! ئەی چۆن ئەو ژەهرە توندڕەوییە بخەنە مێشکی منداڵەکانیان حکومەت لێیان بێ دەنگ دەبێت؟! پێویستە لەو حالەتەش منداڵەکانیان لێ بستێننەوە سەرلەنوێ پەروەردە بکرێنەوە و دایک و باوکیشیان دووسێ کۆرسیان بۆ بکەن تا فێری بەهای دیموکراتی و یەکسانی وڕیزی مافی مرۆڤ دەبن، و هەڕەشەی لێوەرگرتنەوەی پاسپۆرتیان لێبکەن ئەگەر ناتوانن ڕیز لەو کۆمەڵگایە بگرن و منداڵەکانیشیان فێری ئەو ڕیزگرتنە بکەن، ئینجا منداڵەکانیان بدەنەوە.

هەروەها دەبێت چاودێریەکی چڕتر بخرێتە سەر مزگەوتەکان و وتارەکان و کەسایەتییە توندڕەوەکان، هەندێکیان لە وتاردان قەدەغەکەن ئەگەر هەڵەیان کرد. هەروەها چاودێریەکی زۆریش بخرێتە سەر ئینتەرنێت و تیرۆرستان بە ئاسانی نەتوانن پەیامی خۆیان بە زمانە ئەوروپیەکان بگەینن بە نەوەی لەدایکبووی ئەوروپا.[73]

---

[73] هەفتەنامەی ئاژانس ٢٠١٧/٦/١٧

## بەرهەمەکانی:

- خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی لە وتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان
- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت ومیللەتگەرایی مەزهەبی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان ... وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک لە کتێبی ئەو (حەسەن بەننا) یەی کە کەس نایناسێت.
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک

**بەشی یەکەم: ئیسلامی سیاسی  لە تیۆردا**


- **ئیسلامی سیاسی چییە؟ ........ 9**
- **جیاوازیی ئیسلامی سیاسیو ئیسڵاحی........ 13**
- **هەڵوێستی ڕابەرانی ئیسلامی سیاسی لەو ئیسلامە ناسیاسیە! ........ 15**
- **چۆن رزگارمان دەبێت لە توندڕەویی ئیسلامی سیاسیو سێکیولاری؟ ........17**
- **نموونەی حزبی دادو گەشەپێدان ........17**
- **هەولێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سێیەم ........ 21**
- **کەوابوو  دەرکەوت ئیسلامی سیاسی ئەمانی نییە ! ........ 22**
- بۆیە ئەردۆگان دوواهەمین سەرۆکی ئیسلامی دەبێت لە تورکیا! ........ 25
- **مێژووی جیاوازی موسڵمان و ئیسلامی! ........ 27**
- یاسای کاری ڕۆژنامەگەری وفۆبیای ڕەخنە ........ 29
- هاوکێشەی موسڵمانان و تاوانباران [ مسلمین و مجرمین ] ........ 31
- هاوکێشەی لاسەنگی میانڕەوان بەرامبەر توندڕەوان ........ 32
- **قیامەت دۆستی ودەرەنجامی نەبوونی ڕیفۆرمی هەقیقی ........ 33**


**بەشی دووەم**

**دەرهاوێشتە نێگەتیڤەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و جیهان دا**


- ئیسلامی سیاسی و دەرهاوێشتە نێگەتیڤەکانی ........ 39
- کێشەی بۆرکینی نییە، کێشەی ڕق وروژاندنە لە فەڕەنسا ........ 41
- فزوڵیەتی ئیسلامیەکان و هاوسێ سەرخۆشەکەی ئەبو حەنیفە ........ 44
- فزوڵیەتی ئیسلامی تا ڕادەی مەرگ! ........ 46
- بانگخوازی یان ژەهراویکردنی خەڵک؟! ........ 48
- دین بوون و شیزۆفرێنای دینی! ........ 51
- ترسناکترین ڕەخنە ڕەخنەی دینیە! ........ 53
- فرەژنی مۆدەی گەندەڵ و ئیسلامیەکان! ........ 55

- ئەو تیرۆرستانە بۆ راستڕەوە ڕەیسستەکان کار دەکەن! ........................................................ 57
- خەڵک هەقیانە لە شەریعەت بتۆقێن! ........................................................................................ 59
- ئۆپۆزسیۆنی مۆدرن و ئۆپۆزسیۆنی ئایینی ........................................................................ 61
- هەڵچوونی دووفاقی! .............................................................................................................. 65
- ئێران و دەستی تیرۆرستی ........................................................................................................ 67
- هاوپەیمانی دوو ئەهریمەن لە دژی کورد ................................................................................ 74
- کورد وەک میللەتێکی دوژمن دۆست! ........................................................................................ 79
- لە پێناو نەوەیەکی دینداری داعشی تورکی داروێنیشی سڕپەوە لە تورکیا! .............................. 82
- کاریکاتێرەکان خراپترن یان بڵێیت: پێغەمبەری ئیسلام ئوستادی هونەری تیرۆرە؟! ............ 84
- بکوژەکەی موسڵمانەکەی ئەمریکا لەوەدەچێت هاوڕەگەزبازێکی تۆبەکار بێت! ..................... 85
- بە سەرکەوتوویی توانیتان مسلمین بکەنە  مجرمین .............................................................. 87
- جیاوازی عەقیدی نێوان سوونە و شیعە! ...................................................................................... 88

**بەشی سێیەم : ئیسلامی سیاسی و ئیخوان**

- **ئایا ئیخوان دەزانێت میانڕەو بێت تا میانڕەوی دروست بکات؟!** ............................................ 92
- قەرەداغی: سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! .................................................. 94
- یەکێتی زانایانی قەڕزاوی ـ قەرەداغی یان بوکەڵەی قەتەر و ئەردۆگان؟! ................................ 97
- **بۆچی یەکگرتوو و ئیسلامیەکان بۆ عەبدللەتیفی دەپۆشن؟!** ................................................ 100
- **زاوا ڕاسپۆتینەکەی حەسەن بەنای ئیخوان عبدالحكيم عابدين** ............................................. 103
- **کەناڵی سپێدە وپەتای داعشیەت! دیاردەی بەسەلەفی بوونی ئیخوان** ................................... 105
- **هەڵوێستێکی میللەت پەروەرانەی وەک سەعدت نیشان دابا!** .................................................. 107
- **یەکگرتوو لە نێوان پیرۆزی مرۆڤ وپیرۆزییەکانی خەڵک** ....................................................... 109
- **یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئایینیەکان بەرگری نییە لە خوا، بەرگریە لە ئادەمیزاد!!** ............ 113
- **نەهزە و غەنوشی لە سێ ڕیاندا** ............................................................................................ 115
- **مورسی وشەهوەتی دیکتاتۆریەت** .......................................................................................... 119

- خەریکە خۆپەرستی ئیخوان شۆڕشی میسر دەفەوتێنێ ........................ 121
- ئیخوانی میسر بەرەو کوێ؟! لەخۆگۆڕان پاش سەرکەوتنی یەکەم ........................ 124
- ئەردۆگان لە ئەفریقیا یاری دەکات! ........................ 128


**بەشی چوارەم: ئیسلامی سیاسی و ئیحراجیەکانی**


- ئەگەر دینی خوایە بۆچی ئیحراج دەبن؟! ........................ 131
- بۆ بانگەوازە دینیەکانی پێش ئیسلام بە جیهاد نەگەیشتن؟! ........................ 135
- هەر لە بەرەبەیاندا ریزیان بەستوە بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ! ........................ 138
- ترس لە دەستبڕین هەر لای دز نییە! ........................ 139
- ڕاکردنی زانایانی ئەزهەر لە وەڵامی ما ملکت ایمانکم!! ........................ 141
- ئایە جنۆکە بەس دەچێتە لەشی فەقیرحاڵ و موغەفەلەکان ........................ 144
- ورچەکەی سودان وبە غەوغاکردنی سیاسی ........................ 148
- خودا وڵات بە شیرک و کوفر کاوڵ ناکات گەر خەڵکەکەی چاکەکار بن! ........................ 150


**بەشی پێنجەم: ئیسلامی سیاسی عروبی و کێشەی فەڵەستین**


- چۆن کورد ڕزگاری دەبێت لە ژێر کاریگەری فۆرمی عەرەبی بۆ ئیسلام؟ ........................ 154
- کورد و شەڕی سایکۆلۆژی ئیسلامیەکان ........................ 159
- بەردەوام نابم لە وڵاتێک سەرکوتم کات بەناوی ئیسلام و عروبەت!! ........................ 162
- دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو لەسەر فەلەستین! ........................ 164
- ئیسرائیل پشتگیری لە کورد دەکات یان کورد بەکار دەهێنێ؟! ........................ 171
- کوردستان وفەڵەستین: دوو دۆزی قابیلی بەراورد کردن نین! ........................ 173
- پیلانی سێنتراڵیزمکردنی کێشەی فەلەستین هەڵوێستی پڕ میهرەبانانەی تورک ........................ 176
- غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان ........................ 177
- ئیخوانیەت و هەڵوێستی هەقیقی فەلەستینیەکان و عەرەب لە کێشەی کورد ........................ 181
- سەربەخۆیی کوردستان لە ڕوانگەی ئێران وحەماس وئیسرائیل ........................ 185

- تورکیا وئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەک! .................... 188
- کەناڵی جەزیرە و هاندانی تیرۆر .................... 191
- مەسیحیەک بە زمانی عروبە و ئیسلامی سیاسی دەدوێت! .................... 192
- نەفرەت لە دۆزی فەڵەستین و حەماس و قودسیشت! .................... 194


**بەشی شەشەم: ڕۆشنبیرانی ئیسلامی سیاسی کورد و بێگانە**


- دۆخی ڕۆشنبیران لە سەردەمە ئیسلامیەکاندا (میحنەی ئیبن ڕاوەندی لەگەڵ موعتەزیلە)... 197
- چەند وشەیەک لەسەر ڕوونکردنەوەکەی کاک فاروق ڕەفیق .................... 205
- وەڵامی فاروق ڕەفیق بە جرتی ئیسلامی نادرێتەوە!! .................... 207
- بەچی مەسیحیەت سەرکەوت؟! .................... 208
- هەیە ڤایرۆسی ئیسلامی سیاسی بە دکتۆرای فەلسەفەوەش بەری نادا! .................... 209
- عادل باخەوان وەک خۆرئاواییەکی بێ ئاگا بە سروشتی توندڕەوی دەدوێت! .................... 211
- خۆفرۆشی لە چڵەپۆپەدا .................... 213
- دووانەی خیانەت قەرەداغی و گەرمیانی! .................... 215
- نووسەرە ماستاوچی و ترسنۆک و جەماوەرچیەکان .................... 219
- عەلی باپیر وهەڵاوسانی منی باڵای! .................... 221
- داعش لای ئەبوبەکر عەلی یش موسڵمانن! .................... 225
- داعشیەکان سکاڵا لە دوژمنانی داعش دەکەن! .................... 227
- مەهدیەکەی کوردستان و بیرەوەریەک! .................... 228
- هەولێر ئەو جۆرە ڕۆشبیرەی تێدایە بۆیە بوویتە قومی موقەدەسە! .................... 231
- فەرهاد پیرباڵ و مەلا عەلی بۆ؟! .................... 233
- فەرهاد پیرباڵ دینی عەلی کەڵەکی لە جیاتی دینی عەلی شەریعەتی! .................... 234
- مەلا عەلی و فەرهاد پیرباڵ: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت! .................... 235
- بە مزگەوتکردنی هەولێر لە دیدی مەرایی ڕۆشنبیران! .................... 236
- سەردەمی فریودانی دینی بەسەرچوو! .................... 241

- پاپای مەسیحیش وەک ئیسلامی سیاسی کورد ناناسێت! ................................................ 243
- زاکیر نایک بە تەمای هیدایەتدانی ژاپۆنیشە! ........................................................................ 243
- ئەبو قەتادە و نمونەی تۆتالیریزمی حوکمی ئیسلامی نوسخەی جیهادی سەلەفی! ......... 245
- قورئانیش بەکار دێت بۆ شێواندنی وێنەی کورد لە توراسی ئیسلامیدا! ......................... 246

**بەشی حەوتەم: ئیسلامی سیاسی لە فۆرمە زبرەکەی!**

- دە ساڵی قوربانیانی هێرشی ئیسلامییە تیرۆریستەکان ٢٠٠٧ – ٢٠١٧ ......................... 252
- میکانیزمی بیرکردنەوەی کەسێکی داعشی! ........................................................................ 257
- ئیسلام و سەرچاوەکانی جوێن و توندوتیژی لەبزی! ....................................................... 259
- گەنجێکی یەمەنی دەکوژن لەبەر ڕەخنەی دژی بازرگانانی ئایین! ................................. 263
- چۆن لە ڕەخنە تێدەگەن ئەگەر عەقڵ مورادیفی شەیتان بێت؟! ..................................... 264
- داعش پەروەردەی باوکانی سەلەفیەتن نەک سەید قوتب ............................................. 267
- شەڕی میدیایی شیعی دژی داعش! ............................................................................................ 273
- سوتاندنی قورئان ومزگەوتی گراوند زیرۆ ........................................................................... 274
- هەرای توندڕەوان تاکەی؟! ............................................................................................................ 277
- ئەو کۆمەڵگایەی تاڵیبان وهاوەمەشرەبەکانیان موژدەی پێ لێدەدەن!! ............................ 279
- فیلمی فیتنە بە بەژداری فیتنە چییەکانی خۆمان بەرهەم هاتووە! ................................ 281
- وانەیەک لە موسڵمانانی هیندستانەوە هەڵوێست لە توندڕەوەکان ................................ 283
- کوشتنی بن لادن زیندوو کردنەوەی قاعیدەیە ................................................................. 286
- برێڤیک و قاعیدە هەمان ڕێباز و هەمان میکانیزم! ........................................................ 288
- تیرۆریستی چاو سەوز و قژ زەرد ........................................................................................... 290
- دەستی تیرۆرستی دەبەنگ نەگرین بە دەردی مەملەکەتی خوارەزم دەچین! .............. 291

**بەشی هەشتەم: ئیسلامی سیاسی و دیموکراسیەت**


- حوکمی دینی و دیموکراسیەت قەت کۆ نابنەوە! ........ 296
- بەڵام هەموو دیموکراسیەتێک عەلمانیە و هەموو تیۆکراتیەک نا دیموکراسیە ........ 298
- **جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!** ........ 301
- **شەرعیەتی حزبی ئیسلامی!** ........ 319
- موعجیزەی مانەوەی ئیسلام! ........ 320
- موسڵمان ودیموکراتیەت لە ڕوانگەی مصطفی محمود ........ 322
- **کۆیلایەتی لە ئیسلام نکوڵی لێ دەکرێت؟!** ........ 323
- **ئێوە هێندە دژی گەندەڵی نین هێندەی دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین!** ........ 325
- **بکوژە نەخۆشەکەی پەرلەمانتارە بەریتانیەکە و نەخۆشەکانی ئیسلامیستان!** ........ 328
- **سیستمی سێکیولاری دیموکرات دینیشت دەپارێزێت!** ........ 330
- هەڵبژێرە لەنێوان سێکیولارێکی گەندەڵ یان داعشێکی دەست پاک ........ 332


**بەشی نۆیەمم: ئیسلامی سیاسی و حزب و دەسەڵاتی کوردی**


- حزبە ئیسلامیەکان کەی لە مفعول بە دەبنە فاعل؟! ........ 335
- نەوشێروان و دەوڵەتی ئیسلامی عەلی باپیر! ........ 336
- ئەفسانەی ئیسلامیەکانی ناو گۆڕان! ........ 338
- وەڵڵا بابە لەو موعارەزەیە بێ زیانتر نادۆزیتەوە! ........ 345
- دوو خاڵ لەسەر دیبەیەتەکەی عەلی باپیر و مەلا بەختیار! ........ 347
- عەلی باپیر و ئاوەژووکردنەوەی للذکر مثل حظ الانثیین! ........ 349
- گفتوگۆیەکی دۆستانە لەگەڵ برادەرێکی ئیسلامیم ........ 350
- کوردستان لە سایەی گەندەڵان شۆڕشێکی سەلەفی داعشی بە مێژوو قەرزارە! ........ 351

**بەشی دەیەم: جەدلیەتی جیاوازی وهاریکاری ئیسلامی سیاسی و سێکیولاریزم**


- سێکیولاریزمی شێواو خەڵکی تاوگیر کرد بە ئیسلامی سیاسی ........................................ 353
- دیبەیت یان دەمەزەردکردنەوەی لەتیفی سەلەفی!؟ ................................................... 356
- داعش وەحشێکە لە تۆ وەپاش کەوتووە! نامە کراوەکەی عەبدولنور بێدار ........................ 357
- ئالان تۆرین ی بێ ئاگا لە کوردستانم ڕۆ! ....................................................... 366
- نەداری لە فەرهەنگی ئیسلامیدا، کامیار وەک نموونە .............................................. 367
- بۆچی ڕقیان لێمانە؟! ............................................................................ 369
- مەخلوقی دینی و مرۆڤی مەدەنی .................................................................. 372
- غەزالی و فەرەج فۆدە ڕەشکوژی میانڕەوی ........................................................ 375
- تەنها زانیاری و هوشیاری مرۆڤ هاوسەنگ دەکات! گفتوگۆیەکی فیکری گەرم ................. 385
- مونازەرەیەکی سەر شەقام لەگەڵ سەلەفیەکان ..................................................... 391
- ئەوە چ گەلێکە زانا و نەزانی داوای لە سێدارەدانی نووسەرێک دەکات؟! ..................... 396
- هاوپەیمانی دەسەڵاتە گەندەڵەکان و سەلەفیەکان ناهز حەتەری کوشت! ........................ 400
- خۆزگە دەمانزانی داعشیەت بۆ گەنجانێکی ئەوروپا کێش دەکات؟! ............................... 404
- هاریکاری وڵاتە بەناو عەلمانیەکان بۆ گەشەی توندڕەوی! ...................................... 406
- نەوال سەعداوی و هەڵوێستی لە ڕژێمی صدام و کورد! ............................................ 407
- سیکیولاریستەکان وئیسلامیەکانی تورکیا: کێ لە کێ باشترە؟! .................................... 409
- چۆن شەڕی فیکر بە فیکر دەکەیت؟! ............................................................. 412
- گرەوکردن لەسەر مەرگ لە جیاتی ژیان! ......................................................... 415
- هەر لە بەرەبەیاندا ریزیان بەستوە بۆ کڕینی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ! ........................... 417
- بۆچی زنجیرەی غرابیب سود ڕاگیرا؟! ............................................................ 418
- ئایە لەبەر سەلاحەدین خۆرئاوا و مەسیحیەت تۆڵە لە کورد دەکەنەوە؟! ....................... 420
- تێروانینێکی سەتحی بۆ قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی! .......................................... 423
- بۆ هونەرمەندان بە ئاسانی بەرەو دینداریەکی توند دەگەڕێنەوە؟! ............................. 429

بەشی یازدەم: ئیسلامی سیاسی و دیمانەکان

دیمانەیەک لەگەڵ ستاندارد ........................................ 433

– دەوترێ تۆ جاروبار شعوری خەڵکی دیندار بریندار دەکەی، قسەت چیە لەوبارەیەوە؟

– دەڵێن تۆ هێرشت کردۆتە سەر ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیبن التیمیە!

– کەسانێک دەڵێن تۆ کەوتویەتە ژێر کاریگەری شیعە؟

– خوێندنەوەی تۆی بۆ سەرکردە ئیسلامیەکانی کوردستان چیە؟

– چی وای کرد قسە لەسەر (طب النبوی) بکەی؟

– ئەو خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەو بابەتە نوێ بوو؟

– پێت وایە طب النبوی زیان بە ئایینی ئیسلام و پێغەمبەر دەگەیەنێت؟

– چۆن دەڕوانیتە دەزگای ستاندەر؟

دیمانەیەک لەگەڵ

(ئیسلام پەیک)دەربارەی رابردوو و ئێستای سەلەفیەت ........................................ 446

- سەلەفییەت چییە،و قورئان و سونەت چۆن باسی دەکەن،و سەرەتای سەلەفییەت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟خورافە و دەق پەرستی لای سەلەفییەکان چۆنە؟

- خەسڵەتە دیارەکانی تەوژمی سەلەفییەت چین؟بۆچی توندن لەگەڵ فرقە و مەزهەبە ئیسلامییەکانی غەیری خۆیان؟

- بۆچی هەموو شتێکی باش لە خەڵک و ئیسلامیەکان حەرام دەکەن ؟

- بۆ خۆپیشاندان بە حەرام دەزانن بەرامبەر بە حاکمی وڵات ئەگەر زاڵمیش بێت؟

- بۆ لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە بونەتە هۆی ئاڵۆزی و تێکدانی شیرازەی خێزان؟

- بۆچی مەولود بە خورافیات دەزانن،بەڵام ئامادە نین ڕاستەوخۆ باس لە ناشەرعی بونی یادی مەسیح و نەورۆز.؟

- چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی نفوزی سەلەفییەت؟

دیمانەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەی باس ........................................................................................ 463

- تاچەند حزبی ئیسلامی بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان گونجاوە؟
- تاچەند حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان هۆکاربوون بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی؟
- تاچەند قسەو بۆچوونەکانی د.عەبدولواحید مەترسییە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی؟
- ئیخوانەکان دەڵێن سەلەفییەکان قۆناخێکی پێش داعشن، ئێوەش وای دەبینن؟
- ئەی بەهەمان شێوەش ئیخوانەکانیش قۆناخەکانی پێش داعشبوونن؟
- – کەوابێت لەگەڵ ئەوەدان بەپڕۆژە یاسایەک حزبی ئیسلامی لە کوردستان قەدەغە بکرێت؟

دۆسیە| ریفۆرمی ئایینی چییە و کەی و چۆن ئەنجام دەدرێت؟ ........................................................ 468

- ریفۆرمی ئایینی چییەو کەیو چۆن ئەنجام دەدرێت؟
- ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات؟
- دەبێت کێ بە ریفۆرمی ئاینی هەستێت؟
- حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێت لە کوێی ریفۆرمی ئاینیدابن؟
- ئایا کۆمەڵگەی کوردیدا قودرەتی ئەنجامدانی ریفۆرمی ئایینی هەیە؟
- بەبڕوای ئێوە لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی ئایینی کامانەن؟
- پێتوایە ئیسلامی سیاسی وەک حزبە ئاینییەکانی ئەوروپا (حزبی مەسیحیی دیموکرات) لەئەڵمانیا دەتوانن ببنە حزبی ئیسلامیی دیموکرات ؟
- پێتوایە ئەم هێزانە لەگەڵ دیموکراسی هەڵدەکەن؟

بەشی دووەم

دنیا لە ڕوانگەی ئیسلامی مێژوویی کە ئیخوان واریسی شەرعییەتی تەنها زیندانە .............................. 473

- ئیسلامی سیاسی تا چەند دژی پرۆسەی فکرو مۆدێرنەیە؟
- بۆ هێزە ئیسلامگەراکانی کوردستان نەیانتوانیوە هیچ جیهانبینێکی نوێ داهێنن؟
- ئەی بە نیسبەت نووسەرە ئیسلامیە سەربەخۆکان؟
- خودی فیکری ئیسلامی سیاسی، فیکری ئەزمە وتەنگژەیە
- ژیان لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین لەکوێ دایە؟
- ئەنجام و کاردانەوەی نەبوونی هەولی جیدی ریفۆرمخوازی لە ئیسلامدا چۆن دەبینیت؟
-

چاوپێکەوتن لەگەڵ هەفتەنامەی ئاژانس ........................................................................................................ 483

- ئەم شەپۆلەنوێیەی تیرۆروتوندوتیژی لە ئەوروپا رەوشی ئاییی ئیسلام چۆن دەبینن؟
- بۆچی بەشێک لەوانەی تیرۆر ئەنجامدەدەن لە ئەوروپا لە منالآنی ئەوروپی بەرەچەڵەک رۆژهەلآتین؟
- ئایا جیاکاری دژی موسوڵمان یەکێک لە پاڵنەرەکانی تیرۆروتوندوتیژیەبەرامبەر ئەوروپا؟
- پرۆسەی بانگەواز (دعوە) تا چەند کاریگەری هەیە لە دروستبونی توندرەوی تیرۆر لە ئەوروپادا؟
- جگە لە پاڵنەری ئایدۆلۆژی هیچ پاڵنەرێکی دیکە هەیە لە پشت تیرۆری داعشیەوە لە ئەوروپا؟
- ئیسلامی میانەرەو ناتوندو تیژ لە ئەوروپا توانیویەتی رویەکی پۆزەتیڤ لە ئیسلام پیشانی ئەوروپا بدات؟
- چۆن دەتوانرێت بەر بەم تیرۆرە بگیرێت کە لە ئەوروپا بەناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرێت؟

# لیستی کتێبەکان

ڕابوونی مەرگ : خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و جیهان دا [ئەو کتێبەی بەردەستتە

داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت

باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی

پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت ومیللەتگەرایی مەزهەبی

مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان

نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت

ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان ... وەرگێران.

خوێندنەوەیەک لە کتێبی ئەو (حەسەن بەننا) یەی کە کەس نایناسێت.

ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.

ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا

ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان

کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە

دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک

# The Revival of Death

## A Critical Reading of Political Islam in Kurdistan and the World

**Written by: Mohammed Hariri**

**Reasearcher in Islamic Thoughts & Studies**

### ڕابوونی مەرگ یانی چی؟

ئەو ڕابوونەی کە ناویان ناوە بە ڕابوونی ئیسلامی، لە 1928 وە مێژووی سەرهەڵدانی ئیخوان و دامەزراندنی لەسەر دەستی حەسەن بەنا، لە کاتێکدا هات کە تازە خەریک بوو ئوممەتی ئیسلام لە تونێلی ئەزموونێکی مێژوویی شکستخواردووی دوور و درێژ دەردەچوو، هێشتا برینەکانی باش تیمار نەکردبوو، کە زوو بە زوو، کەسانێک پەیدا بوون بۆ زیندووکردنەوەی میراتی دینی بەناوی سەحوە یان ڕابوون، هەرچەندە ئەو زاراوەیە لە بنەڕەتدا نوێیە، ولە هیچ سەردەمێکی حوکمی ئیسلامدا گەڕانەوە بۆ بەها دینییەکان ناوی سەحوەی لێ نەنراوە! سەحوە لە عەرەبی بۆ هوشیار بوونەوەیە لە سەرخۆشی یان خەوتن، لە هەردوو ماناکەیدا پێیوایە ئەو خەڵکە خەوتوو وسەرخۆشن ئاگایان لە ئیسلام نەماوە و دەبێت هوشیار بکرێنەوە، ئەو سەرخۆشیە بەریان بدا!

بەڵام چونکە سروشتی دینەکە جەنگاوەرانە هەڵکەوتوە، و لە سەردەمی داگیرکردنی کۆلۆنیالی دروست بوو، ئەو ڕابوونە هەمیشە وەک جەنەڕاڵێکی گۆڕەپانی شەڕ بیری دەکردەوە! بۆیە زۆری نەبرد خزایە ناو شەڕ و توندوتیژی. چونکە سەحوە دژی ڕۆژئاوای بەڕەڵڵا و مولحید و بێ ڕەوشت وەک کاردانەوەیەک هاتە بوون، بەرامبەر خۆرهەڵاتی بە ڕەوشت ودین و بەها، ڕابوون هەموو میراتی سێکسی مێژوو و دەق و فیقهی بەلادا، ویستی ئسلامێکی ئەخلاقی توند دروست کات، هێندە توندگیر لە بواری سێکسییەوە کە هیچ سەردەمێکی ئیسلامی بەخۆیەوە نەیدیتبێت!

چاکترین بواری ڕەوشتیش لای ئەو ئیسلامە ڕەوشتی سێکسیە کە بە پلە یەک ئافرەت دەگرێتەوە، بۆیە ئافرەتان یەکەم قوربانی دەستی ئەو سەحوەیەن، ئینجا گەنجان بە گشتی.

دەرهاوێشتە نێگەتیڤەکانی ڕابوونی ئیسلامی لە زۆر لاوە خۆی بەیان دەکات، لە خوێن ڕشتن و هەرزانکردنی خوێنی مرۆڤ، دزێوکردن و شێواندنی سەرتاپای موسڵمانان بە هۆی کارە بەدەکانیان، دوژمن زۆرکردن بۆ موسڵمانان، کوشتنی داهێنان و تۆقاندنی ئازادبیران و گەلێ شتیتر! بۆیە ناوم لەو سەحوەیە نا بە ڕابوونی مەرگ، چونکە زیاتر لە حاڵەتی ئەو کەسانە دەچێ کە لەسەرە مەرگن، بۆ ماوەی چەند سەعاتێ زۆر وریا و ساغ دەردەکەون، خەڵکی دەوروبەری وادەزانن چاک بوەتەوە، بەڵام حالەتێکی کاتییە، زانایانی ئیسلامی دەڵێن ئەو ڕابوونە ڕەحمی خوایە بۆ ئەوەیە بەرلەوەی مرۆڤەکە بمرێ، وەسیەت بکات. یانی ڕابوونی مەرگە، و ناکرێ ئەو هەموو میللەتانەی ئیسلام مەحکومی گەڕانەوەی ڕابردوێکی شکستخواردوو بکەین کە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بەزۆر زیندووی کاتەوە.

**First Electronic edition: 2018**

**لە بڵاوکراوەکانی**

**دەزگای توێژینەوەی بوێری بیر**

Design hadi hunar



## محمد هەریری

لە دایکبووی ساڵی **1966** ی هەولێرە. کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردوە و دوایی لە بەریتانیا ماستەری زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی وێستمنستەر بەدەست هێناوە لە وەرگێران ساڵی **2006**

لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەڵایەتی. سەرنوسەری ڕوژنامەیەکی کوردی و گوڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی وعەرەبی وجاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت، بە بەردەوامی دەنوسێت لە ڕۆژنامە و سایتە کوردی و عەرەبیەکان وەک نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ.

سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی توندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. بوارێکی تری نووسینە لەسەر دۆزی ئافرەت و فێمێنیزم بە گشتی، داکۆکی دەکات لە مافەکانی ئافرەت لە دژی داب ونەرێت و چەمکە دینیە توندئاژۆکان، هەروەها دژی ئەو بیرە نامۆیانەی کە فێمنستی ڕادیکالی دۆزی ئافرەتانی پێ نامۆ و دزێو دەکەن. هەروەها ڕەخنەی سیاسی دەنووسێت لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی و خەبات دەکات لە پێناو بەرقەرابوونی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی باشووردا.